# بنياتی وێنەی
# هونەری
# لە شیعری شێرکۆ
# بێکەس دا

ناوی کتێب: بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا
نووسینی: هاوژین سلیوە عیسی
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیارئەوڕەحمان
هەڵەچن: سازان قادر
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: (١٤٢٧)ی ٢٠٠٩
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

# بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا

نووسینی

هاوژین سلیوە عیسی

سلێمانی -٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ
و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە [٤٨٨]

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١٣ |
| بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی وێنەی هونەری | ١٧ |
| بەهای وێنەی هونەری لەڕەخنەی ئەدەبیدا | ٢٧ |
| پێکهاتەکانی وێنەی هونەری (Tne origions of image) | ٣٨ |
| ١- زمان (Language) | ٣٩ |
| ٢- بیر (Idea) | ٤٨ |
| ٣- ئەندێشە (Imagination) | ٥٢ |
| ٤- واقیع (Real) | ٥٩ |
| ٥- سۆز(Emotion) | ٦٦ |
| ٦- نەست (لاشعور) unconsiousness | ٧١ |
| بەشی دووەم: جۆرەکانی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا | ٧٧ |
| جۆرەکانی وێنە لە ڕووی بنیاتەوە: | ٧٩ |
| ١- وێنەی تاك (singular image) | ٨٠ |
| ١- شێوازی هەست گۆڕکێ (تراسل الحواس) (correspondance) | ٨١ |
| ٢- شێوازی ئاڵو گۆڕ کردنی درك پێکراو (Tne reciprocate style) | ٨٥ |
| ا- بەرجەستەکردن (Anthro pomorphism) | ٨٥ |
| ب- بەتەن کردن (التجسیم) (Embodiment) | ٨٧ |
| ج- بەکەس کردن (تشخیص) (personification) | ٨٩ |

٣- شێوازی لێکچواندن(similer style) ٩٢

٤- شێوازی خواستنmetaphorical style ٩٤

٥- شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ (Directdescription) ٩٧

ب- وێنەی لێکدراو (compound image) ٩٩

١- کەڵەکەبوونی وێنەی تاك (accumulation of image) ١٠٠

٢- لێکچواندنی وێنەی لێکدراو(compound similie) ١٠٢

ج- وێنەی گشتی: (Holistice image) ١٠٦

١- بنیاتی واژۆیی (التوقیعیە) ١٠٦

٢- بنیاتی کۆپلەیی (stanza suructur) ١٠٩

٣- بنیاتی بازنەیی : (Ringed structur) ١٢١

١- بازنەی داخراو closed ring ١٢١

ب- بازنەی کراوە open ring ١٢٦

٤- بنیاتی پێچاو پێچ (spiral structure) ١٣٠

٥- بنیاتی دووبارەبوونەوەی هەرەمی ١٣٤

٦- بنیاتی شێوەکاری ١٤١

٧- بنیاتی کاریکاتێری ١٤٧

٨- بنیاتی درامی (dramatic stracure) ١٥١

٩- بنیاتی چیرۆکی(Narrative structure) ١٥٧

١٠- بنیاتی ڕۆمانە شیعر ١٦٠

و – وێنە لە ڕووی وەستاوی و جوڵاویدا: ١٧٧

١- وێنەی وەستاو(fixed image) ١٧٨

| | |
|---|---|
| ٢- وێنەی جوولاو (mobile image) | ١٧٩ |
| ه- وێنە لە ڕووی هەستی و ژیرییەوە: | ١٨١ |
| ا- وێنەی هەستی | ١٨١ |
| ١- وێنەی هەستی بینین | ١٨٤ |
| ٢- وێنەی هەستی بیستن | ١٨٤ |
| ٣- وێنەی هەستی بۆنکردن | ١٨٦ |
| ٤- وێنەی هەستی چەشتن | ١٨٧ |
| ٥- وێنەی هەستی دەست لێدان | ١٨٨ |
| ب- وێنەی واتایی (الصوره المعنویه) (Abstract image) | ١٩٠ |
| بەشی سێیەم: سەرچاوەی وێنە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا | ١٩٣ |
| ا- سەرچاوەی خودی | ١٩٧ |
| ب- سەرچاوەی بابەتی | ٢٠٠ |
| ١- سەرچاوەی خۆماڵی: | ٢٠٠ |
| ا- سەرچاوەی ئەدەبی پێشین | ٢٠٠ |
| ب- سەرچاوەی کەلەپووری میللی | ٢٥٣ |
| ١- شیعری فۆلکلۆری کوردی | ٢٥٥ |
| ٢- بەیت | ٢٥٨ |
| ٣- داستان | ٢٦٣ |
| ٤- حیکایەتی فۆلکلۆری | ٢٦٥ |
| ٥- پەندی پێشینان | ٢٦٦ |
| ٦- داب و نەریت | ٢٧٦ |
| ج- سروشت | ٢٨٠ |
| د- واقیع(کەتوار) | ٢٨٤ |

سەرچاوەی مرۆڤایەتی: ٢٩٠
ا- سەرچاوەی مێژوویی ٢٩١
ب- سەرچاوەی ئاینی ٢٩٦
١- ئاینی زەردەشت ٢٩٧
٢- ئاینی یارسان ٢٩٨
٣- ئاینی ئێزدی ٢٩٩
٤- ئاینی یەهودی ٣٠١
٥- ئاینی مەسیحی ٣٠٢
٦- ئاینی ئیسلام ٣٠٥
ه- سەرچاوەی دەوروبەر(ناوچەیی) ٣٠٨
١- ئەدەبی عەرەبی ٣٠٩
٢- ئەدەبی فارسی ٣١٢
و- سەرچاوەی جیهانی ٣١٥
١- شیعر ٣١٦
٢- ڕۆمان ٣١٧
٣- ئەفسانە ٣١٧
ز- سەرچاوەی وتار و وتە ٣٢٣
ئەنجام ٣٢٦
سەرچاوەکان ٣٢٩
کورتەی باس بەزمانی عەرەبی ٣٤٣
کورتەی باس بەزمانی ئینگلیزی ٣٤٤
کورتەی باس بەزمانی سریانی ٣٤٦
پەراوێز ٣٤٧

ئەم کتێبە لەبنەچەدا نامەیەکی (ماجستێرە) لـــــــە(٢٠٠٨/٨/٢٨) گـفـتـوگـۆکـراوە و بەپلەی((نایاب))پەسند کراوە.

لـێـژنـەی گفتوگۆکردنیش لـەم بـەڕێـزانـە پێکهاتبوون.

١-پڕۆفیسۆری یاریدەدەر د. عەزیز عەبدوڵڵا گەردی (سەرۆکی لێژنە).

٢- پڕۆفیسۆری یاریدەدەر د. عادل مەجید گەرمیانی (ئەندام).

٣- د. ئازاد عبدالواحید کەریم (ئەندام).

٤- پڕۆفیسۆری یاریدەدەر د.سەردار ئەحمەد گەردی (ئەندام و سەپەرشتیار) .

پێشکەشە بە:

*دایك و باوکم.
*خوشك و براکەم.
*بە وانەی لە پێناو خزمەت کردن و جوانکردنی کۆمەلگای مرۆڤایەتی تێدەکۆشن.

# پێشەکی

وێنەی هونەری ئەو ڕەگەزە هونەرییە بنەڕەتییەی کە لە باوەشی گشت شیعرێکدا ئامادەیە و زادەی گشت سەردەمێکە. شعریش ئەو کەف و کوڵە پەنگ خواردووەی دەروونی شاعیرە، کە بەهیچ شتێك بەربەست ناکرێت هەر چۆنێك بێت دێتە دەرەوە و لەدوو توێی وێنەی جۆرا و جۆردا خۆی دەنەخشێنێت، هەر شیعرێك بگری خۆی لەخۆیدا وێنەیەکە و لە کۆمەڵێك وێنەی ئاوێتەی یەك بوونیات نراوە. وێنە زیندوترین و چالاکترین ڕەگەزی شیعرە، گەلێ ڕۆڵی جیاجیا لە بنیاتی گشتی شیعریدا دەبینێت. سەرەڕای لایەنی ئێستاتیکی لەیەکگرێدانی پارچەکانی شیعر و گوزارشت کردن و هێما دەبەخشێت. ئەو ڕەگەزە زیندووەیە کە گەشەکردنی بەردەوام بە شیعر دەبەخشێت، تیشکەکانی سنوور دەبەزێنێت و تێکەڵی خەیاڵ دەبن و شۆڕ دەبنەوە بۆ ناخی ڕۆح و لە گەڵیا ئاوێتە دەبن، بۆیە وێنەی چالاك و زیندو و لە هەموو کات و ساتێکدا هەر چالاکە و کاریگەری خۆی دەکات، ئەگەر ئەمە چەمك و ئەرکی وێنەی هونەری بێت. دەبێت ئەم ڕەگەزە هونەرییە چۆن لە ناخی شێرکۆ بێکەس دا بکوڵێت و بڵق بدات، ئەگەر شیعر سارێژی خەمەکان بێت و وێنەش هەتوانی برین ئەوا (شێرکۆ بێکەس)ێك کە ئێسقانەکانی بەخەم ئاودراون و لە باوەشی خەمدا چرۆی کردبێت و خەم دەرمانی سێ ژەمەی پێش نان و دوای نانی بێت. دەبێت چ شیعرێك لەم دەروونەدا کڵپە بکات و بە چ وێنەیەك باڵا گەردان کرابێت. شێرکۆ وەك شێرێکی جەستە بێژینگی زام هەر نەڕەی دێت و خوێنی خۆی دەخواتەوە، هەورێکی ڕەشی پڕ لە ژانی باران و تەرزە و وەیشومەیە بەسەر ئێسك و پروسکی ئەنفالکراوەکاندا دادەبارێت. پەپوولەیەکی باڵ سووتاوی دوای کیمیا بارانە و لە ژانی باڵە هەڵکروزراوەکانی بە دەوری خۆیدا خول دەخواتەوە، بولبولێکی جێماوی ناو قەفەسە هەر جریکەی دێت، ڕەشەبای دۆڵ و خەرەندی گۆیژەیە لەشەوی تاریکی زستاندا

هەڵدەکات و باوەش بە قامیشەڵانی تانجەرۆ دەکات و شمشاڵی غوربەت دەژەنێت، ئەو شاعیرەی لەبەرامبەر باڵای شیعرەکانیدا چاو ئەبڵەق دەمێنێت و زمان لەگۆ دەکەوێت. ئەو شاعیرەی کە هیچ جۆرە بنیاتێك نەماوە فڵچەی خۆی تیا بەکار نەهێنا بێت و باڵای قەشەنگی وێنەی بەچەند وشەیەك نە نەخشاندبێت.

وێنەکانی ئەستێرەی پرشنگدارن لە باوەشی ئاسماندا دەجریوێنن، هەناسەیەکی ئارام بەخوێنەر دەبەخشن و بەرەو سنوورێکی نادیار راپێچی دەکەن.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەرێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە خۆی، راستە وتار و لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کراوە، بەڵام کەس خۆی لەقەرەی ئەم لایەنە هونەرییە گرنگە نەداوە. جگە لەوە خۆم یەکێکم لە شەیدایانی شیعرەکانی لە ئاست باڵای سەر و ئاسای شیعرەکانیدا هەمیشە سەرسام دەبووم، هەڵوێستەیەکم دەکرد و لە نهێنی جوانی وێنەکانی رادەمام و بیرم دەکردەوە، ئاواتە خواز بووم هەلێکم بۆ برەخسێت بەناو باخی پر لە وێنەی رەنگاو رەنگی شیعرەکانیدا گەشتێك بکەم و چەند دانەیەك بچنم و لێکۆڵینەوەکەمیان پێ برازێنمەوە، سوپاس بۆ یەزدان ئاواتەکەم هاتەدی.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە ماوەیەکی دوور و درێژە ساڵانێکی پر لە ئێش و ژانی شاعیرە، هەر لەو رۆژەی کە زمانی شیعری پژاوە، دیارە ئەمەش گەلێك زۆرە بۆ شاعیرێکی ئاوا کە خۆی لە سەرووی سی دیوانە شیعری دەدات. گەران لە ناو ئەم هەموو دیوانانەدا شتێکی ئاسان نییە، بەڵام بەپێی توانا هەوڵمدا تەخسیری نەکەم. ئەوەندەی پێمکراوە دیوانەکانم گوڵ بژێر کردووە و وێنەی جوان و رازاوە و ئیلهام بەخشم لێ هەڵبژاردوون.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەتا خستنە رووی چەمك و زاراوەی وێنەی هونەرییە، ئینجا روونکردنەوەی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، جۆرەکانیان و چۆنیەتی بنیاتنانیان و شێوازی دروست کردنیان، سەرچاوە کانی کە ئەم وێنانە رووخساری خۆیان تیا

شۆردووه. ڕەگ و ڕیشەیان بۆ کوێ دەگەڕێتەوە. ئەو مەغزاو ئیحایانەی کە دەیانبەخشن. خستنە رووی ئەو بنیاتانەی وێنە، کە تازەن و لە شیعری کوردیدا تەنیا لەلای شاعیر هەن، لەگەڵ چۆنیەتی یەکگرتن و دروستبوونی وێنەی گشتی کە خۆی لەتەواوی شیعرەکەدا دەبینێتەوە.

## گیرو گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

دیارە وەکو هەموو لێکۆڵینەوەیەك ئەم لێکۆڵینەوەیەش گرفتی خۆی هەبووە. بەتایبەتیش ئەو ماوە زۆرەی سنووری لێکۆڵینەوەکە، وا بەئاسانی کۆنترۆڵ نەدەکرا، بەهەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر توانیم کۆنترۆڵی بکەم.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لە توێژینەوەکەماندا میتۆدی وەسفی شیکاریمان گرتۆتەبەر، سەرەتا میتۆدی وەسفیمان گرتەبەر بۆ ئەوەی لایەنە تیۆریەکەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستیانە بخەینە ڕوو، بۆ لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان و پراکتیزەکردنی جۆری بنیات و سەرچاوە و بەرامبەرکردنی وێنەکان هانامان بردۆتەبەر میتۆدی شیکاری، لە زۆر شوێندا هەردوو میتۆدەکە تێکەڵ دەبن، دەبن بە تەواوکەری یەکتر. بەم جۆرەش ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەوێتە سنووری ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە.

## ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و کورتە باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و سریانی پێك هاتووە. لە پێشەکیدا کورتەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو، لەگەڵ هۆی هەڵبژاردن و سنوور و ئامانجی بابەتەکە و ئەو میتۆدەی کە تیایا پەیڕەو کراوە، لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆ سێ بەش دابەش کراوە.

بەشی یەکەم: کە لەژێر ناوی وێنەی هونەریدایە. لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی

یەکەم لە زاراوە و چەمکی وێنەی هونەری دەدوێت، تەوەرەی دووەم لەبەهای وێنەی هونەری لەرەخنەی ئەدەبیدا دەدوێت، تەوەرەی سێیەم لە پێکهاتەکانی وێنەی هونەری دەدوێت کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: زمان، بیر، ئەندێشە، واقیع، سۆز، نەست.

بەشی دووەم: لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە تەوەرەی یەکەم لەوێنەی تاك و پێکهاتەکانی وێنەی تاك دواوین تەوەرەی دووەم لە وێنەی لێکدرا و پێکهاتەکانی دواوین، تەوەرەی سێیەم لەوێنەی گشتی و پێکهاتەکانی دواوین، تەوەرەی چوارەم لە وێنە لەرووی وەستایی و جوڵاوی دواوین، تەوەرەی پێنجەم لە وێنەی بەپێی هەستی و ژێرییەوە.

بەشی سێیەم: لە هەشت تەوەرە پێك هاتووە تەوەرەی یەکەم سەرچاوەی وێنەی خودی دەگرێتەوە. تەوەرەی دووەم سەرچاوەی بابەتی دەگرێتەوە ئەویش چەند لق و پۆپێك لەخۆی دەگرێت، لەوانە سەرچاوەی نەتەوەیی کە ئەدەبی پێشین و کەلەپووری میللی دەگرێتەوە، کەلەپووری (میللی)ش شیعری فۆلکلۆری کوردی و حیکایەتی فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و داب و نەریت دەگرێتەوە. تەوەرەی سێیەم سروشت دەگرێتەوە، تەوەرەی چوارەم واقیع دەگرێتەوە، تەوەرەی پێنجەم سەرچاوە مرۆڤایەتیەکان دەگرێتەوە ئەوانیش دەبن بە دوو بەش یەکەم سەرچاوەی مێژوویی دووەم سەرچاوەی ئاینی کە چەند ئاینێك دەگرێتەوە لەوانە ئاینی زەردەشت، ئاینی یارسان، ئاینی ئێزیدی، ئاینی یەهودی، ئاینی مەسیحی، ئاینی ئیسلام. تەوەرەی شەشەم سەرچاوەی ناوچەیی کە شیعری عەرەبی و شیعری فارسی لەخۆدەگرێت.

تەوەرەی حەوتەم سەرچاوەی جیهانی ئەفسانە و ڕۆمانی لەخۆ دەگرێت.

تەوەرەی هەشتەم لە گوتاری نووسەران دەگرێتەوە، لەکۆتایدا گرنگترین ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش بە چەند خاڵێك خراوەنە ڕوو. لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا شەونخونییەکی زۆرم، لەگەڵ کێشاوە تاوەکو ئەم بەرهەمەی لێرسکا، هیوادارم توانیبێتم بەردێك بخەمە سەر کۆشکی ئەدەبیاتی کوردی و کەلێنێکم پڕ کرد بێتەوە، توانیبێتم لەم دەریا سازگارە هەندێك کۆسکە و چەرکەی ئاوی سازگارم هێنابێتەوە و تینوێتی خۆم و خوێنەرانم پێ شکاندبێت.

# بەشی یەکەم

# زاراوە و چەمکی وێنەی هونەری

شیعر کۆمەڵە ڕەگەزێك دەگرێتە خۆ، ڕەگەزەکان بەجۆرێك چوونەتە ناو یەك ئاوێتەی یەکتر بووین. ئەم ئاوێتە بوونەش بۆتە مایەی دروست بوونی شیعر. دیارە وێنەش یەکێکە لە ڕەگەزەکانی شیعر کە دەبنە مایەی ڕازاندنەوەو بەپێزی و یەکگرتنی ڕەگەزەکانی تری شیعر.

((وێنە لە ڕەخنەی ئەوروپیدا (image)ی پێ دەوترێت کە وشەیەکی ئینگلیزییە))(١). دیارە کە ((ئاشکراشە وشەی ئینگلیزی imagination )لە وشەی (imaginoto)ی لاتینی وەرگیراوە و بەرامبەری لە یۆنانیدا pnantasiaیەو ڕاستەوخۆ وشەی ئینگلیزی fancy لێ وەرگیراوە))(٢)کەواتە وشەیimagination)) (٣)بە واتای خەیاڵ دێت، لە یۆنانیش (pnantasia) بە واتای خەیاڵ دێت، چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی مەزنی شیعرەو لە دروست کردنی وێنەی هونەری بەشدارییەکی فراوان دەکات، بۆیە دەبینین لە (فارسی)شدا زاراوەی (صوری خیال) واتا (وێنەی خەیاڵ) بەکار دەهێنرێت. ((ئەم ڕۆڵە گرنگەی ئەندێشەش لە پێکهێنانی وێنەی شیعریدا سەرنجی شاعیرێکی وەك (گۆران)ی ڕاکێشاوە بۆیە زیرەکانە (نیگارخانەی خەیاڵ)ی بۆ بەکار دێنێت)) (٤) لە ئەدەبیاتی (عەرەبی)شدا زاراوەی (صورە شعریە) (وێنەی شیعری) یان (صورە فنیە) (وێنەی هونەری) بەکار دەهێنرێت، یا خود (الصورە الادبیە) کە وێنەکانی شیعر و پەخشان دەگرێتەوە. لە ئەدەبی (کوردی)شدا زاراوەی (وێنەی ئەدەبی)و (وێنەی شیعری)و (وێنەی هونەری) بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی زاراوەی (وێنەی شیعری)و (وێنەی هونەری)زیاتر و فراوانتر بەرچاو دەکەون. زاراوەی (وێنەی ئەدەبی) واتایەکی بەرفراوان تری هەیە، لە وێنەی شیعری چونکە زیاتر ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە لە ناو جۆرە ئەدەبییەکاندا دروست دەبن ماوەتەوە زاراوەی (وێنەی شیعری)و (وێنەی هونەری)، ئێمە زاراوەی (وێنەی هونەری)مان لا پەسەندترە، چونکە پێکهاتەی هەر وێنەیەك لە شیعر

وەربگرین، دەبینین جۆرە هونەرێکی تیا بەکار هاتووە تا ئەم وێنەیە دروست بووە.

بۆ نموونە ئەو بابەتەی ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر ئەنجامداوە، لەژێر ناوی (بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا) جوانتر و مانا بەخشترە لەوەی بڵێین (وێنەی شیعری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا) ، چونکە لە بابەتی یەکەم بەتەنها نەمان وتووە وێنەی هونەری تا نەزانین چ هونەرێك دەگرێتەوە، بەڵکو ڕوونمان کردۆتەوە کە ئەم وێنە هونەرییە لە شیعردایە، کە واتە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات بڵێین (وێنەی شیعری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا). لە هەمان کاتیشدا هونەرێك بەکار هاتووە، بۆ دروست کردنی ئەم وێنە شیعرییانە بۆیە وا چاکترە وشەی (هونەر)ی لەگەڵدا بەکار بهێنین. شیعر دەربری هەموو ئەو هەستو نەستو سۆز و خەیاڵانەیە، لەناخی شاعیرێکدا پەنگی خواردۆتەوەو بە ئیلهامێکی سیحراوی و لە جەستەی دەقێکی شیعریدا بەرجەستە دەبێت، زۆر جار ئەو دەقە شیعرەش یەکپارچە وێنەیە، چونکە کاتێ کە پارچە شیعرێك دەخوێنینەوە ئەم شیعرە گوزارشت، لە دیمەنێك یا بەسەر هاتێك دەکات، وێنەکان دێنە ناو مێشك و هەستی خوێنەر، هەر ئەو خوێنەرەش بەپێی بینینی پێشینەیی وێنەکانی ئەو دیمەن و بەسەر هاتانە دێتە بەرچاو و مەزەندەی خۆی بۆ دەکات. چونکە شیعر ئەو تیشکە سیحراوییەیە دەچێتە ناو هەموو کونج و کەلەبەرێك و هەموو بوارەکانی ژیان و دەتوانێت وێنەیان بکێشێت و لایەنی باش و خراپ و جوانیو ناشیرینی... هتد بەدەر بخات. ئێمە کاتێك دەدوێین و قسە دەکەین پەیڤەکانمان وێنەی ئەو هەموو شتە مادی و مەعنەویانە دەکێشن.((گومان لەوەدا نیە هەموو شیعرێك خۆی لە خۆیەوە وێنەیەکە یان چەند وێنەیەکی تێکەڵاو بەیەکن، ئەوەشیان دوای ئەوەی کە لە ستۆدیۆی دڵی شاعیر شۆراوەتەوەو پەڕیوەتەوە سەر کاغەز، ئینجا گۆڕانکارییەکانی تری هونەری و جوانکاری بەسەردا تێپەڕیوە))(٥) و لە قاڵب و شێوازێك خۆی نواندووەو لە دەقێکی شیعریدا خۆی نمایش کردووە، وەك تابلۆیەکی جوان دیمەنە شاراوەو ئاشکراکان دەخاتە ڕوو، خوێنەریش بەپێی هەست و تێڕوانینی خۆی چێژ لەم دەقە وەردەگرێت،((لەگەڵ ئەوەشدا، لە وشەی وێنەدا، بیر لە وێنەکێش ئەکەینەوە، کە چۆن فڵچەو بۆیەو ڕەنگ و هێڵ بەکار دێنێت، ئارەزوو و ئەندێشەی خۆی تێکەڵ بە وێنەکە ئەکاتو سۆزی هەستی ناخی دەروونی بەرجەستە ئەکات و گیانێکی زیندووی هونەری بە تابلۆکەی ئەبەخشێت)(٦). بەم شێوەیەش (شاعیر)ێكو (وێنەکێش)ێك هاوبەشن لە بیر و خەیاڵ و واقیع و سۆز و هەست و نەست ئەمانە هەوێنی دروست کردنی تابلۆیەك و شیعرێکن، بەڵام کە هاتە سەر پرۆسێسی ئەنجامدانی کارەکە شاعیر بە کەرەستەکەی خۆی کە بیرو خەیاڵ و واقیع و سۆز و هەست و

نەستە. لە دەقێکی شیعریدا بەرجەستەیان دەکات، کە کەرەستەکەی زمانە، بەڵام وێنەکێش لە تابلۆیەکی جوان و قەشەنگ بەرجەستەی دەکات کەرەستەکانی فڵچەو بۆیەو ڕەنگن. هەرچەندە لە چەند لایەنێکەوە لەیەك دەکەن، بەڵام جیاوازی زۆریان لە نێواندا هەیە، ئەوەش زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئەوەی شاعیر بەهۆی وشەکانییەوە گیانی دێتەبەر بە هەمان شێوە بۆ وێنەکێش نارەخسێت.

((وێنەی شیعری ئەو مانایە دەدات کاتێك کۆپلە شیعرێکی شاعیرێك دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت، وێنەیەکی زۆر جوان و بەپێزت بەرامبەر کێشراوە))(٧)، بەڵام ئەو وێنەیەی کە شاعیر دەیکێشێت زیندووتر و چالاك ترەو خۆی لەناو بازنەیەکی دیاریکراودا نابەستێتەوە، بەڵکو تیشکەکانی هەموو سنوورێك دەبڕن و بە بەردەوامی تیشك دەدەنەوە.((وێنەی شیعری لە سادەترین مانایدا وێنە کێشانە بە وشە))(٨). لەرێی وشەوە وێنەکان بەرجەستە دەبن و گیانیان بە بەردا دەکرێت کەواتە ((وێنە ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونی دیاریکراوە، شاعیر دەوروژێنێت بەرامبەر هەڵوێستێکی دیاری کراو لە ژیانیدا))(٩)ئەم بارە دەروونیەش یان لە کاتی ئارامیو دڵخۆشی شاگەشکەبیدایە یان لەکاتی هەڵچوونو دڵتەنگیدایە، شاعیر هەستە پەنگخواردووەکانی هەڵدەرێژێتە سەر پەڕاو و لەم هەست هەڵڕشتنەش وێنەی هونەری دروست دەبێت.((ئەبێ ئەوەش بزانین کە وێنەی شیعری وەك ئامرازی ڕەخنەییو پێوەرێکی گرنگ بەکار دێت، کە رێگا بە ڕەخنەگر ئەدات، بەناخی دەقدا تێپەڕ بکات و نهێنیەکانی جیهانی دەق بەدی بکات))(١٠)، چونکە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر وێنەیە کەواتە ڕەخنەگریش دەبێت لەم ڕەگەزە گرنگە بکۆڵێتەوەو لایەنی جوانیو ناسکی و خراپیو کرچ و کاڵی شیعر لە وێنەکان بدۆزێتەوە.

وێنەی شیعری بە گرینگترین لایەنەکانی پێکهاتەی شیعری دەژمێردرێت و، بە بەشێکی هونەری بەرزیش دادەنرێت لە شیعردا و نابێت جیاش بکرێتەوە لە پێکهاتەکانی تری شیعر (١١).

وێنە یەکێکە لە ڕەگەزە چالاکەکانی شیعر بەتایبەتیش لە شیعری نوێدا کە بە گەلێك شێوە دروست دەبێت، گەلێك ئەرکی جیاواز دەبینێت، یەکێك لەوانە لەدوای نەمانی سەروا وێنە ڕۆڵی لەیەك گرێدانی پارچەکانی شیعر دەگرێتە خۆ. لە شیعری کلاسیکدا کە ئەم ئەرکە نابینێت، بەڵام ئەرکی گوزارشت کردن و ڕازاندنەوەو ئیحا دەبینێت بۆیە، لە شیعری کلاسیکیشدا ڕۆڵی کەم نیەو زیاتر لە وێنەی ڕوونبێژیدا خۆی دەبینێتەوە کە بە هونەرەکانی لێکچواندن و خواستو درکەو جۆرەکانی تری خوازە دروست دەکرێن.

لە شیعری (ئازاد)یشدا ئەمانە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، لە دروست کردنی وێنەی هونەری، لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر هەر بەمانەش ناوەستێت، بەڵکو بەزۆر شێواز و جۆری تر وێنەی هونەری بەرهەم دەهێنێت.((وێنەی شیعری، یەکێکە لە گرینگترین بنەماکانی دەقی شیعری، لە مێژووی گەشەکردنی شیعری هەر زەمانێکدا سەرەتا هەست بە گۆڕانی ئەم دەکرێت، پاشان لە پێناوی دەربڕینی ئەم وێنە نوێیانەدا، گۆڕان بەسەر مۆسیقای شیعر و زمانی شیعریشدا دێت))(١٢)، بۆیە دەبینین شیعری هاوچەرخ زیاتر هەوڵ دەدات، خۆی لەوێنەدا ببینێتەوە. ((شیعری ئازاد ئەو شیعرەیە کە دەیەوێت شیعرییەت ـ لەجیاتی ئەوەی بە قافیە دروست بکات ـ بە شیعرییەت دروستی دەکات. لەجیاتی ئەوەی بە مۆسیقای عەرووزی شیعری دروست بکات، بە مۆسیقای ناوەکی دروستی دەکات یان هەروەها بە وێنەی نوێ و فۆرمی تازە))(١٣)هەر ئەم تایبەتمەندییانەشن کە شیعر لە پەخشان جیا دەکاتەوەو، لەرووی مۆسیقاو پێکهاتەی فۆرمەوە تایبەتمەندی خۆی دەپارێزێت. ئەگەرچی زۆرجار ئاوێتەی پەخشان دەبێت و بە پەخشانە شیعر ناو دەبرێت، بەتایبەتی لە دەقێکی فراوان و دوورو درێژ هەمەرەنگی و لێکجیا بوونەوە و ئاوێتەبوونی شیعر و پەخشان بەدی دەکرێت.((وێنەی هونەری لە زۆربەی کاتەکاندا بەوە دەناسرێت کە وشەکانی کەم و دیاری کراون))(١٤)و جۆرە چڕوپڕیەك بە خۆیەوە دەگرێت، چونکە وێنە بە وشەی کەم گوزارشت لە زۆر شت دەکات، ئەم وشەکەمانەش قورساییەکی زۆریان دەکەوێــتە سەر بۆ ئەوەی بابەتێکی فراوان لە شیعرێك چڕ بکرێتەوە، چونکە شیعر وەك چیرۆك نیە زمانەکەی سادە بێت و وردەکارییەکی زۆرت بداتێ، بەڵکو و دەبێ خۆت لەناو ئەو پەیڤانەدا زۆر شت بخوێنیتەوەو هەر ئەمەشە دەقی شیعری زیاتر لە لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت. لەبەر کورتیو چڕو پڕی کە زۆر وێنە، لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و بارگاوییە بە زۆر شت و زمانی (مەجاز)یش بەسەریدا زاڵەو لە دەرگای هەموو باسەکان دەدات، بۆیە زۆرجار دەبینین، لە شیکردنەوەی دەقێکی شیعریدا چوار هێندەی خۆی، بەڵکو زیاتریش شتی لەسەر دەنووسرێت و، بۆ ئەوەی بەشێك و هەندێك لەو دەقە چڕ و پڕ و تێکچڕژاوە ئاشکرا بکرێت و نهێنیەکانی دەربهێنرێت.

وێنەی هونەری سەرتاپای پرۆژەی شیعری دەگرێتەوە. شاعیر لە ڕێگای دروست کردنی وێنەی هونەری بەرزەوە دەتوانێت بگاتە ترۆپکی باسەکان و ئەفراندن(١٥)، بۆیە شاعیر هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی وا دروستیان بکات کە گوزارشت و ئیحایەکی گەورە ببەخشێت، چونکە ((وێنەی شیعری لە خەونە قووڵەکانی شاعیرەوە لەدایك دەبێت و لە ڕێگای وشە و ڕیتمەوە دەبێتە نووسین، وێنەی شیعری نەك تەنیا ناوکی شیعرە، بەڵکوو شیعرەکە خۆیەتی))(١٦)،

بۆیە ئەگەر وێنە لە شیعر بستێنینەوە شیعرەکە نامێنێت و دەتوێتەوە، بۆیە شیعر وێنەیە هەر شاعیرە بە کامێرای چاو و خەیاڵ و هەستەکانی وێنەکان دەگرێت، جا شاعیری وا هەیە زومی کامێراکەی زۆر حوکم ناکات و سەرپێیی وێنەکان دەگرێت. شاعیری واش هەیە زۆر وردبینەو دەتوانێت بگاتە ئەو دیوی سنوورەکانی خەیاڵ و وێنەی وردوو ناسك بگرێت کە ببێتە مایەی سەرسوورمانی خوێنەرەکانی لە ئاست ئەم وێنە جوانانە، رامان و سەرسوورمان دروست بکات. چونکە ((وێنەی هونەری بریتییە لەو جوانکارییەی کە بەهۆی هۆشمەندی و زیرەکی و خەیاڵ فراوانی شاعیرەوە دروست دەبێت و شوێنی خۆی لە هزردا دەگرێت))(١٧).

وێنەی شیعری ڕێگایەکی جەوهەرییە بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکانی هونەری لە ژیانی شاعیردا، چونکە شاعیر ڕێگای تری نییە بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکانی وەك چۆن مۆسیقارێك لەڕێی تەلی کەمانەوە، یا ئەو جۆرە ئامێرە مۆسیقایەی بەکاری دەهێنێت ئەزموونەکانی خۆی تاقی دەکاتەوەو نۆتە دادەنێت و مۆسیقا دەژەنێت و گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات، ئەوا شاعیریش لەڕێی وێنەی هونەرییەوە گوزارشتەکانی خۆی دەردەبڕێت. کەواتە ((وێنە ڕێگایەکە شاعیر دەیگرێتە بەر... بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو وەسفانەی دەیەوێت))(١٨). هەر لەبەر گرنگی ڕۆڵی وێنەیە لە شیعردا کە درایدن (Drayden) بەم شێوەیە گرنگی وێنەمان نیشان دەدات و دەڵێت: ((وێنە خۆی لە خۆیدا شکۆمەندی و ژیانی قەسیدەیە)) (١٩) (شێرکۆ بێکەس)(٢٠) دەڵێت: ((هونەری نیگارکێشان بە پلەی یەکەم هونەری (بینینە)، هەموو حاسەکانی تر خۆیان ئەکەن بە (چاو)، لەوێدا کۆ دەبنەوە، بەڵام لە شیعردا، گوێ و بیستن بەلای منەوە لە پلەی یەکەم دان ئەویش وامان لێ ئەکات کە بە هیچ جۆرێك شیعر و خوێندنەوەی شیعری، مۆسیقای شیعری، ئاهەنگی وشەو ڕستە و زمان خۆی جیا نەکەینەوە))(٢١)

ڕاستە هونەری نیگارکێشان هونەری بینینەو بەچاو سەیری دەکەین و، هەست بە جوانیو ناشیرینی تابلۆکە دەکەین، بەڵام شیعریش هونەری چاو و گوێچکەیە، چونکە زۆر جار شیعر و نووسینی تریش تەنها بەچاو دەخوێندرێنەوە بە بێ ئەوەی خوێنەر دەنگ هەڵبڕێت، چێژیشی لێوەردەگرێت، بەڵام لە کۆڕێکی شیعریدا گوێچکە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتنی پەیامی شاعیر لەلای بیسەرانەوە.

کەواتە ((ئەگەر شیعرەکە شەقامێك بێت، خوێنەریش ڕێبوار بەسەریا گوزەر دەکات، ناوە ناوە لە چەقی ئەو شەقامەدا کۆپلەیەك وێنەیەك ڕستەیەکی سەرنجراکێش یا وشەیەکی

سیحراوی رایدەگرێت، ڕاگرتنێك چەشنی داگیرسانی گڵۆپە سوورەکەی ترافیك لایت، بە ئەلوەستەپێکردنی ڕێبوارەکە لەو دیٖرە یان لەو وێنەیە))(٢٢). چونکە خوێندنەوەی شیعر تێرامانی دەوێت لەپشت وشەکان وێنە هەیە، بەڵام وێنەی جوانو بەرز و گەرم و گوڕ زیاتر سەرنج ڕاکێشترەو خورپە بەخشتر و تێرامانی وردتری دەوێت، هیچ ((وشەیەك نیە هەڵگری وێنەیەك نەبێت))(٢٣) هەموو وشەیەك بۆ ئەوە دانراوە کە وێنەی شتەکانمان نیشان بدات، بۆ نموونە کە دەڵێین: ئاو یان ئاگر، یەکسەر شێوەی ئاو یان ئاگر دێتە بەرچاو، ئەرکی شاعیریش لەو وشانە دروست کردنی وێنەیە، وێنەیەك باس لە هەموو ئەو شتانە بکات کە شاعیر دەیەوێت ، باسکردنی هەموو ئەو شتانەش بە خەیاڵ دەبێت، چونکە هەر شیعرێك خەیاڵی کەم تێدا بێت لە قسەی ئاسایی نزیك دەبێتەوەو لەرووی هونەری و جەوهەری شیعرییەوە لاواز دەبێت، خوێنەریش چێژێکی زۆری لێوەر ناگرێت.

شاعیریش ((تەنها لە وێنەدا دەتوانێت گوزارشت لە هەموو بەسەرهات و دیاردەیەك بکات))(٢٤)و بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت باس لە خەیاڵ و خەون و خولیاکانی بکات، هەڵبەتە شیعر جیا لە هەموو زانستێك، هیچ بەربەستێك نیە بۆ کۆت و بەندکردنی خەیاڵەکانی شاعیر، چەند خەیاڵی فراوان بێت ئەوەندە وێنەی شیعری پێشوازی لەم خەیاڵە دەکات و خوێنەرانی شیعریش چێژی زیاتر لێوەردەگرن. لە شیعردا تەنیا جوانییەکەی بەس نیە، بەڵکو و دەبێ ئەو گوزارشت و ئیحیایەی کە وێنەکە دەیبەخشێت گوێگر یان خوێنەریش بۆ خۆی ڕاکێش بکات.((تەنها جوانی قەسیدە بەس نیە، بەڵکو دەبێ سیحرێکی هەبێت کە هەر کاتێك ویستی گوێگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت))(٢٥). ئەم سیحرەش لە پێکهاتەی وێنەکەدایە، ئایا تا چەند ئەم وێنەیە سۆز و هەست و نەست دەجوولێنێت و چەند وشەکان مۆسیقین و دەچنە ناخی گوێگرانەوە، چونکە ئەگەر شیعر سحراوی و هەژێنەر نەبێت نەمریش نابێت. شێرکۆ بێکەس دەڵێت: ((ئەو وێنانەی لەرێی زمانەوە دەیخوڵقێنم، ئەو وەختەی ئەو کەسەی شیعرەکانم دەخوێنێتەوە هەست بکات وێنەکە دەبینێت))(٢٦)بە بینینی ئەم وێنانەش لەلایەن خوێنەر جارێکی تر وێنەو بەسەرهاتەکان بە مێشکی خوێنەردا دێتو وا هەست دەکات لەناو وێنەو ڕووداوەکاندایە، یاخود وەك شاشەیەکی تەلەفزیۆنی وێنەکان دێنە بەرچاو، زۆر زیندو و گەرم و گوڕ و هەژێنەر، ناخ و ویژدانی خوێنەر ڕۆدەچێتە ناو وێنەکان و خورپەو هەژاندن بە خوێنەر دەبەخشن.

((ئەمرۆ لە جیهاندا هیچ شتێکی ناشیعریی نیەو، دەتوانرێت وێنەی شیعری لە هەموو شتێك گەر شاعیری بەهرەدار بیەوێت، بخوڵقێنێت، بە مەرجێك بەهرەی شاعیری و ئەندێشەی

قوڵی لەدواوە بێت))(٢٧)تا شیعر بمێنێت وێنەی شیعری نوێش لەدایك دەبێت. لەو شتانەی دەوروبەر کە هەر شتێك بگرێت بە سەدان و هەزاران وێنەی تێدایەو، هەر شاعیرەو شێواز و کامێرای تایبەتی خۆی هەیە بۆ وێنەگرتنی شتەکان، شتێك بە هەزارەها جار وێنەی گیرا بێت شاعیری داهێنەر دەتوانێت بە شێوەیەکی وا وێنەی بگرێت و وێنەی هونەری لێ دروست بکات، کە تاکو ئێستا کامێرای هیچ شاعیرێك وەهای نەگرتبێت و ئەو مەبەست و دەلالەتانەی پێ‌نەدابێت، زۆربەی شاعیرەکان باسی ئاسمان و مانگ و ئەستێرەیان کردووە، ئەگەرچی هەندێك لە وێنەکان دووبارەن، بەڵام شاعیری داهێنەر دەتوانێت هەتا ماوە بە سەدان وێنەی نوێ و داهێنەر تەنها لە ئەستێرەیەك، تنۆکە فرمێسکێك، تەلە شقارتەیەك، دەنکە زیخێك دروست بکات و بە خەیاڵی بەربڵاو بەرزەفڕی جۆرەها دەلالەتیان پێبەخشێت‌و وەزیفەی نوێی بۆ بدۆزێتەوەو، ئەو شتەی عەقڵ پەی پێنابات بەرامبەر بە تەلە شقارتەیەك شاعیر پەی پێببات، لەگەڵ جۆرەها بابەت بەکاری بهێنێت‌و هەر جارەو لە بەرگێکی نوێ و درەوشاوە کە جیاواز بێت لە بەرگی پێشوو، چونکە شاعیری داهێنەر هەمیشە لە هەوڵی دروست کردنی وێنەی نوێیە هەڵبەتە ((شیعر زمانی دەروونی شاعیرەو هەموو وێنە ریالیستیەکانی دەرەوەی خود بە کامێرای زمانی خۆی دەگرێت‌و، لە پێشەنگایەکی سەرنجراکێشدا وێنە شیعریەکان، وێنە دەروونیەکانی شاعیر نمایش دەکەن))(٢٨)، بەڵام شاعیر هەیە، وێنەکان بە رەش‌و سپی‌و تەڵخ نمایش دەکات، شاعیری واش هەیە وێنەکانی رەنگا و رەنگن و بە شاشەی سینەمایی وێنەکان پەخش دەکات، بە ئارەزووی خۆی شتەکانی سروشت بۆیە دەکات و بۆیەیەکی وایان دەکات، کە زۆر لە بۆیە سروشتییەکەی جوانتر بێت و وێنەی هەموو ئەو وێنانەش دەگرێت، کە تەنها بە هەست درکیان پێدەکرێت.((مرۆڤـ هەمیشە لەناو ژینگەو سروشتێکدا ژیاوەو دەژی پڕە لە شتومەکی بێ‌گیانی هەمە چەشن و گیانداری هەمە جۆر و رەگەز، هەر یەکێکیان وێنەی تایبەتی خۆی هەیەو، مرۆڤـ لەرێی یەکێك لە ئەندامە هەستیەکانیەوە دەرکی پێدەکات و، بە هەر یەکێکیان کەم و زۆر وێنەیەکی چەسپی و رەمزێکی (symbol) هێمادار واتادار لە مێشکی هەڵدەگرێت))(٢٩)ئەرکی شاعیریش ئەوەیە لە و شتوومەکە بێ‌گیان و گیاندارانە شیعر دروست بکات، چونکە کەرەستەکان هەمووی ئامادەن، بەڵام بەهرەو رۆشنبیری گشتی دەوێت بۆ لێکدانی ئەم کەرەستانەو خەڵقکردنی وێنەی هونەری شاعیر دەتوانێت لە هەموو شت و مەکەکان وێنە بەرهەم بهێنێت، جگە لەو شتومەکانە شاعیر لە ژیانی واقیعی خۆی دەتوانێت وێنەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ... هتد بکێشێت. جۆرەها بابەت لێکبداتەوەو وێنەی هونەری پێ دروست بکات.

له ((بنیاتی دەق بەتایبەتی دەقی داهێنەر یان تازە بەهاکەی لەوەدایە، کە هەمیشە لە جوڵەو گۆڕاندایە، واتای نەگۆڕی نیە))(30)ئەو وێنەیەی شاعیر دەیکێشێت، ئەگەر وێنەیەکی زیندو بزواو بێت ئەوا تیشکەکان بە بەردەوامی خۆیان تازە دەکەنەوەو ئەو ئیحایەی کە دەیبەخشن لەلای هەر خوێنەرێك وێنەکە بە شێوەیەك دروست دەبێتەوە واتە خەیاڵی خوێنەر، لەگەڵ خەیاڵی شاعیردا تێکەڵ دەبێتو، بەپێی ئاست و جۆراوجۆری خەیاڵی خوێنەران وێنە شیعرییەکە بە گەلێ شێوە لەلایان ڕەنگ دەداتەوە، بەڵکو و لێکدانەوەو خوێندنەوەی هەمەجۆر هەڵدەگرێتو دەتواندرێت لە زۆر ڕووەوە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت و وێنەیەکی زۆر چڕ و پڕو داهێنەری لەخۆ گرتبێ وێنەی وا کە بۆ یەکەم جار کەوتبێتە بەر دیدی خوێنەر، وێنەی سیحراوی و خودی و داهێنەر بێت.((خوێنەری داهێنەر ئەو کەسەیە کە زۆرترین ماناو چڕترین مەبەست لەو نومایشە هونەریەدا دەدۆزێتەوە کە پێشانگای شیعرێك دەیخاتە ڕوو، تا لە ڕێگەیانەوە زۆرترین وێنەی پەنگخواردووی ناوەوەی خۆی ڕەها بکات))(31)بە دۆزینەوەی ئەو هەموو مانا زۆرانەش بەهێزیو دەوڵەمەندی هەمەلایەنی وێنەی هونەری بەدەر دەخات، ڕەخنەگریش دەتوانێت بە قووڵی ڕاڤەی ئەو دەقانە بکاتو نهێنیەکانی دەربهێنێت.

کەواتە ((وەك لە شیعری نوێ دەبینرێت هەندێك لە شاعیرە بەرزەکان کە باس لە شیعر دەکەن، وەك ئەوە وایە تەنها لە وێنە بدوێن))(32)، چونکە ئەوەی لە ناخیان پەنگی خواردۆتەوە لە وێنەدا بەرجەستە دەبێت. واتە وێنە ئەو شیعریە کە زمان لاڵەو ناتوانێت لە چوارچێوەکەی خۆی زیاتر گوزارشت بکات، بەڵام شیعر ئەو وێنەیەیە کە تیشك لەدوای تیشکی لێ بەرز دەبێتەوەو ئیحا دەبەخشێت. ((وێنە شیعرێکی بێدەنگەو شیعریش وێنەیەکی دەنگدارە))(33) کولریدج دەڵێت: ((شیعری بێخوازە پارچەیەکی بێگیانە))(34)، چونکە هەتا لەپشت وشەکان خوازەو شتی شاراوە هەبێت ئەوا زیاتر شیعر قووڵ دەبێتەوە لە سادەییو سەرپێیی دەردەچێت و گەرم و گوڕ و خەیاڵاوی تر خۆی دەنوێنێت. چونکە هەموو خوازەیەك خۆی لە خۆیدا وێنەیە، بۆیە ڕۆبەرت فرۆست دەڵێت: ((لە پێناسەی شیعردا زۆر شت هەیە لەوانەیە بووترێت، بەڵام شتە سەرەکیەکە تێیدا خوازەیە))(35)(ڕۆبەرت ئەندۆز)یش دەڵێت: ((ڕاست نیە کە وێنە کۆڵەکەیەکی شیعرە، بەڵکو و جەوهەر و گیان و لاشەی شیعرە))(36)کەواتە شیعر وێنەیە، وێنەش گوزارشتە ئیحایە، جووڵەیە، تیشکە بەردەوام دەبێتو سنوورەکان دەبەزێنێتو نەمری بە شیعر دەبەخشێت، هەرکامەمان کاتێك گوێ لە پارچە شیعرێك دەگرین لە ڕێگەی زمانەوە وێنە دەبینین و، تێکەڵ بە ناخی دەبین

و لەڕێی وێنەکانەوە تێگەیشتن‌و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنمان بۆ شیعرەکە دەبێت، چونکە شیعر وێنەیەو وێنەش شیعرە. شاعیر بەچاوی بە گوێی بە گشت هەستەکانی بە دڵی وێنەکانی سروشت دەبینێت‌و تێکەڵ بە ڕۆحی دەبن و لەگەڵیا ئاوێتە دەبن. جارێکی تر شاعیر لە خانەی خەیاڵییەوە بە شێوەیەکی تر وێنەیان دەکێشێتەوە، وێنەیەك کە لە وێنەکانی پێشوو ناچن، بەڵکو و تەنیا ئیحای وێنەکان دەبەخشن. ئەو ئیحایانەش لەلای هەر خوێنەرێك بە جۆرێك وێنەکە دەکێشێتەوە. چێژ و خۆشیەکی تایبەتی پێدەبەخشێت. دەیخاتە سەر شەوق و زەوقێکەوە کە هی شاعیرە، بەڵام بە شێوەیەکی تر.

# بەهای وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا

وێنەی شیعری ڕەگەزێکە لە پێکهاتەی شیعردا شتێکی تازە نیە، بەڵکو و لە شیعری کۆنیشدا هەیەو زیاتر خۆی لە وێنەی ڕوونبێژیدا دەبینێتەوە، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم ڕەگەزە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا نرخێکی وای بۆ دانەنراوەو بە ڕەگەزێکی بێ‌بەها سەیر کراوەو وەك ڕەگەزێکی ڕازێنەرەوە تێیان ڕوانیوە. ((لە پێوەری هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانی کۆندا وێنە بەهایەکی بنیاتییان ئۆرگانی نەدراوەتێ، بەڵکو و لەلای وان ڕێگەیەکی تایبەتی گوزارشت کردن، بووە گرنگییەکەی لەو کاریگەرییە دەور دەدرا کە لە مانایەك لە ماناکاندا دروستی دەکرد لە تایبەتییەتی‌و کاریگەر، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە یا کاریگەرییە هەرچییەك بێت ئەوا سروشتی مانا لە خۆیدا ناگۆڕێت، بەڵکو و لە ڕێگەی خستنەڕوو چونیەتی پێشکەش کردنی ... وێنە ناتوانێت واتایەك دروست بکات. بۆیە دەتوانرێت لا ببرێت بە بێئەوەی کار بکاتە سەر پەیکەری زەینی موجەرەدی واتا. ئەو واتایەی کە دەیرازێنێتەوە. لەو گۆشەیەوەو هیچی تر نا. ڕەوانبێژ و ڕەخنەگران لەسەر گرنگی خوازەو ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەو ڕازاندنەوەی بیرۆکەی ڕووتی بە واتا گوزارشت لێکراو ڕێکەوتن))(37) ئەم بۆچوونەی ڕەخنەگر و ڕەوانبێژان زۆر لە بەهای وێنەی شیعری کەم دەکاتەوەو ئەو ڕۆڵە چالاکەی پێ‌نابەخشێت کە وێنە لەناو شیعردا دەیگێڕێت، بەڵام ڕەخنەگرانی نوێ بە تێڕوانینێکی تازە سەیری وێنەیان کرد بەوەی پێکهاتەیەکی هونەری دەروونییە. لە پێویستی یەکی داهێنانەوە هاتۆتە ئاراوە پێویستییەکی ویژدانییە. شاعیر وەك ئامرازێکی گوزارشت کردنی ویژدانی یا دەروونی بەکاری دێنێت، یا خود وەك بوارێك بەکاری دێنێت لە دارشتنێکی داهێنراودا یان زیاد کردنی واتایەکی تازە بۆ شیعر کە لە پێشدا نەیبوو. واتە وێنە ئەوسا دەبێتە بیرۆکەو دارشتن

لە هەمان کاتدا ((پاش ئەوەی کە ڕەخنەی تازە ئەو تێگەیشتنە تەقلیدییەی وێنەی تێپەڕاند کە لە ڕەخنەی کۆندا هەبوو. هەوڵیدا هەندێ پێوەری ڕەخنەیی تازە بوروژێنێت کە پەیوەستە بە چەمکی تازەی وێنە))(38). لە و ڕۆڵەی کە وێنە لە شیعردا دەیگێڕێت وەك هۆکار یان وەك جەوهەر لەناو شیعرەکەدا ڕۆڵێکی زۆر بەرزەو بەهایەکی تایبەتی هەیە. دیارە ئەمەش پاش ئەوە هات کە ((توێژینەوە ڕەخنەییە تازەکان بەهای وێنەیان ئاشکرا کرد... دەردەکەوت کە وێنە شوێنێکی گرنگی هەیە لە ڕێبازە جیاوازەکانی ڕەخنەداو ڕەخنەگران لە پێشەوەی هۆکار و ئامرازەکانی خۆیانیان دانا بۆ توێژینەوەی شیعر و ئەو کاریگەریانەی کە پێیەوە پەیوەستە))(39). لێکۆڵینەوە لە وێنەی شیعری دا لە زۆر ڕووەوە، نزیك دەبووەو، لە توێژینەوەی شیعر و تایبەتمەندییەکانی سەردەمی خۆی بەهایەکی هونەری پێدەبەخشێ و هاوسەنگییەکی دروست دەکرد، لەنێوان ئەو چێژەی دەیبەخشێتو ئەو کاریگەرییەی دەیوروژێنێت... هەر ڕێبازێکی ڕەخنەیی کە لە وێنەی کۆڵیوەتەوە بە تێروانینی خۆی بۆی چووەو بەهایەکی تایبەتی پێبەخشیوە. ((هەر ڕێبازێکی ڕەخنەیی کە لە وێنەی کۆڵیوەتەوەو لە لێکدانەوە قووڵەکانی خۆیدا پشتی پێبەستووە، ئەوا شتێکی تازەی بۆ چەمکی وێنە زیاد کردووەو ڕەهەندێکی ڕەخنەیی تازەی پێبەخشیوە ئەوسا وێنە سیماو چەمکی تایبەتی ئەو ڕێبازەی هەڵگرتووەو بۆیە سیمای دیاریکراوی هەیە، زیاتر لە بوارێك لە بوارەکانی مەعریفی مرۆڤایەتی دا لە توێژینەوە زمانەوانیو فەلسەفیو دەروونی و ڕەمزی و ڕەوانبێژی یان هونەرییەکاندا کە لەلایەن ڕۆژئاواییەکاندا لە پێنج واتادا خۆی دەبینێتەوە. ئەوانەش دەلالەتی زمانیو زەینی دەروونیو ڕەمزی و ڕەوانبێژی یان هونەرییە))(40).

زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر ئەوە کۆکن لە سەدەی بیستەم هەر لە سەرەتادا، گرنگییەکی زۆر بە توێژینەوەی شیعر دراوە و لە ڕووی بنیات و لایەنە هونەرییەکانیەوە، کە خۆی لە وێنەدا دەبینیەوەو هەوڵیاندا لەم پێکهاتە هونەرییەوە بڕوات، بەرەو سیماکانی داهێنان و ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە وێنە لە واتا و شیعردا دەیگرێت. توێژینەوەکان ئەوەندە زۆرن ئەگەر هەریەك سیمایەك یا بەهایەکی ڕەخنەی وێنە دەربخات ئەوا گەلێ زۆرە. بەڵام زۆرجار هەندێکیان دووبارە دەبنەوە، وێنە بەهایەکی ڕەخنەیی هەیەو ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە داهێنانی شیعردا. ئەوەی پلەو پایەی وێنە لە شیعری نوێدا زیاتر بەرز دەکاتەوە. ئەو ((چالاکییەیە کە هەیەتی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکهاتنێکی ئۆرگانی هەیەو کۆمەڵە ڕەگەزێکی بێگیانی کەڵەکەکراو نییە... وای لێهات کە شاعیر بە تەواوەتی بە وێنە گوزارشتی لە واتا دەکردو وەك ئەوەی لە پێشدا بە وشە گوزارشتی لە واتا دەکرد و هەر وەك

وشە ئامرازی گوزارشتکردن بوو. وێنە بوو بە هەمان ئامرازی گوزارشتکردن))(41). بەم جۆرە وێنە بوو بە ئامرازی گوزارشتکردن و شاعیران گوزارشتیان لە بیر و بۆچوونی خۆیان دەکرد، بەهۆی ئەم پێکهاتە هونەرییەوە. هەر بەمەش نەوەستا ((هەردەم وێنە پەیوەست بوو بە هەڵوێست لە ژیان و کارامەیی‌و لێهاتوویی شاعیری دەگەیاند...و پاش ئەمە بینرا کە وێنە وەك لە شیعری نوێدا هەبووە رۆئیایەك بوو.

شیعری توانایەکی زۆری هەیە بۆ گرتنەخۆی جووڵەو دەنگ و رەنگ و لە رێگەی ئەوەوە کارایی‌و چالاکی خۆی بەدەست دێنێت لەناو قەسیدەدا. لە دوایشدا ئەم چالاکییە لەسەر کەش‌و هەوای قەسیدەکەدا رەنگ دەداتەوەو ئەگەر شاعیران لەدەست کۆت و بەندی کێش‌و سەروادا رزگار بوون ئەوا پێویستە لەسەریان بە گەلێك هۆکاری تر تۆڵەی ئەوە بکەنەوەو لەنێوان ئەو هۆکارانەش جەخت کردنە لەسەر وێنەی شیعری))(42).هەڵبەتە (( ئیقاع کۆمەڵە دەنگێکی پێکچووە لەناو شیعر دەبینرێت))(43) شیعری ئازادیش بێبەش نییە لەترپەو مۆسیقا، ئەو چالاکی و رۆڵە گرنگەی کە وێنەی هونەری دەیگرێت تەنیا جۆرە وێنەیەك ناگرێتەوە، بەڵکو و گشت جۆرەکان لە خۆ دەگرێت. د. جلال الخیاگ(( رەخنەگران ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە مەزەندە نەکەن کە دەلالەتی وێنەی هونەری تەنیا لە وێنەی خوازەییدایە بە تەنیا. چونکە وێنەی هونەری لەوانەیە خوازەیی بێت و لەوانەشە واقیعی بێت))(44). وێنەی شیعری هەر جۆرێك بێت هەوڵ دەدات زمان ببەزێنێت و لادانێك بەرپا بکات بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەو لادانەوە ئیحا ببەخشێت. ((وێنەی شیعری زێر و زەبەندێکی قەڵب و ساختە نییە، بەڵکو و کرۆکی هونەری شیعرە... شاعیر هەوڵ نادات وێنە بکێشێت‌و شیعریش رەسم کردن نییەو بەیتیش ئاوازی مۆسیقا نییە، بەڵام تەوەری خواستن‌و وێنە لە شیعردا لادانە لە زمانی دەلالی بۆ زمانی ئیحایی))(45).

باشترین وێنە ئەوەیە کە هەموو مەیل‌و ئارەزووی لە بەزاندنی یاساکانی زمانی ئاساییدا دەبینرێتەوە. ((وێنە لە وێناکردنی تازەدا رۆڵی خەیاڵی نایابی شیعرییە کە لەلای شاعیرانەوە پێکدێت، لە هێزی ناوخۆی کە رەگەزەکان گشتی پەرش‌و بڵاو دەکاتەوەو، جارێکی تر پێکهاتەکەی دووبارە دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە قاڵبێکی نوێدا دایبرێژێتەوە))(46). ئەوسا شتێکی هونەری تازە خەڵق دەکات کە جیاوازە لە شێوەکەی پێشووە. لە رێگەی ئەو وێنە شیعرییە خەیاڵییەدا لەناو قەسیدە، هەست‌و سۆزی شاعیر یا نووسەر دەگاتە خوێنەر. چونکە ((وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی زمانییە بۆ وێنەکێشانی واتای ژیری و سۆزی و خەیاڵاوی بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان دوو شتدا کە دەتوانرێت بە گەلێ شێواز وێنەی بکێشرێت یا

لە ڕێگەی لێکچواندن یان بەرجەستەکردن یان بە کەس کردن یاخود تاقەوە بوون یان هەست گۆڕکێ))(47).

زۆرجار وێنەی تازە لە خوازەدا بە شێوەیەکی داخراو هەوڵ دەدات بیروبۆچوونی نووسەر بخاتە ڕوو.((بەکارهێنانی نوێی خوازە زۆرجار پەڵپ کردنێکی ئاشکرا دێنێتەوە، بۆ ئەوەی ببێت بە ڕەمزێك لە دوایشدا وێنەی شیعری وای لێ دێت خەریکە دابخرێت لە زۆر باردا. واتە بەرهەمێکی تایبەتی زەینیە شاعیر لە ڕێگەیەوە هەوڵ دەدات بیروبۆچوونی دیاریکراو بخاتە ڕوو))(48). واتە وێنە لە پێکهاتەیەکی خوازەیی تازەدا دەبێتە هۆکارێك بۆ دەربڕینی ئەو بیروبۆچوونانەی کە لە شێوەی ڕەمزدا دەخرێنە ڕوو. ((ڕەصافی وای بۆچووە کە خەیاڵ گرنگییەکی زۆری هەیە لە جوانی وێنەی ڕوونبێژیداو بە گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنی دادەنێت لە ئەدەبدا. ئەو واتایانەی کە بە عەقڵدا دێن ئەوا بە جوانترین وێنە دەیانخاتە ڕوو))(49)

وێنەی شیعری لە شیعری تازەدا ئەوەندە بەرز دەبێتەوە زۆر جار لەلای ڕەخنەگراندا دەبێتە بنەمایەك بۆ ڕەخنەگرتن. د. زکی مبارك وێنەی شیعری بە بنچینەیەك دادەنێت لە ڕەخنەی شیعریدا لە بەرامبەریەتی لەنێوان شاعیراندا بۆیە دەڵێت: ((وێنەی شیعری ئەو کارە داخراوەی شاعیرە کە بە جۆرێك وەسفی شتە بینراوەکان دەکات، کە خوێنەر نازانێت قەسیدەیەك دەخوێنێتەوە یا خود لە بەرامبەر یەکێك لە دیمەنەکانی بووندا وەستاوە. ئەوەی کە وەسفی لایەنی ویژدانی دەکات، بە شێوەیەك کە خوێنەر وا خەیاڵ دەکات کە قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، نەك شیعر دەیخوێنێتەوە))(50) بەلای (د. گەھ حسین)یشەوە ئەو وەسفەی کە شاعیران زێدەڕۆیی تیادەکەن ((هۆکارێکە بۆ ئامادەکردنی وێنە سروشتییە جۆراوجۆرەکان. ئەگەر ڕەخنەگر بیەوێت بابەتیانە مامەڵەی، لەگەڵدا بکات پێویستە بڕوانێتە ئاستی سەرکەوتنی دەقەکە لە بەرهەمهێنانیو بەکارهێنانی وێنەدا))(51)((وەسف هاوتای وێنەو وێنە کێشانە. ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دەقانەی وەسفیان تیا نیە وێنەشیان تیا نیە، چونکە هیچ شیعرێك نیە وێنە کێشانی تیا نەبێت))(52). بێگومان هەندێ جار وێنەی شیعری لەئەنجامی وەسف کردنەوە بەرجەستە دەبێت وێنە لە ناو شیعردا وەك ئاماژەمان پێ کرد تەنیا بۆ ڕازاندنەوە نیە، بەڵکو و ئەرکی خۆی هەیە وەك ڕەگەزێکی چالاك کار دەکات. ((لە ناو ئەزموونی شیعریدا هەر وێنەیەك لە بنیاتە هونەرییەکەوە دەبێتە ئەندامێکی زیندوو. هەر ئەوەشە ناو دەنرێت بە (ئۆرگانییەتی وێنەی شیعری)و لە سەردەمی ڕۆمانسیەکانەوە بڕیار دراوە کە تەواومەندێتی شیعر لە زمانە وێنەگرییەکەیەتی نەك لە

ڕاپۆرتیە عەقڵانییەکەی... ڕۆمانسیەکان خودین لە خودی خۆیانەوە لە وێنەیەکدا وەسفی سروشت و شتەکان دەکەن. خودی خۆی ئاوێنەیەکە بۆ ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریدان. بەم جۆرەش مەشاعیریان تێکەڵ بە دیمەنەکانی سروشت دەکەن))(53). دروست کردنی وێنەو دەربرینی ئەو شتەی کە شاعیر دەیەوێت وا ئاسان نیە. ((پێویستە شاعیر زاڵ بێت بەسەر باری هونەریو ملکەچی بکات بۆ کاری هونەری بە جۆرێك کە لەپاڵ هەست و چێژی هونەریدا ئارامی لەسەر سەرف کردنی توانای هونەری و ڕاستی هەڵوێست و توانا لەسەر ماڵی کردنی ماناو دارشتنی وێنەکان برەخسێت. ئەم هەست و سۆزانەش ڕێگەیەکن بۆ پەخش کردنی بیر کە دەتوانێت بەهۆی وێنەی شیعری و مۆسیقای شیعری هەناسەیەك بدات. وێنەکان ئیحای بیر و هەستو سۆزەکان ببەخشن... هێزی شیعر لە ئیحای ئەو بیرانەدایە کە لە ڕێگەی وێنەوە دەخرێتە ڕوو))(54). گرنگی وێنە لەوەدایە کە تەنیا بیروبۆچوونی شاعیر ناخاتە ڕوو، بەڵکو و سیمای سەردەمەکەش دەخاتەڕوو. ((وێنە ئەو ئاوێنەیەیە کە تەنیا تایبەتمەندی و ڕووی داهێنانی شاعیری تیا ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکو و سیمای ئەو سەردەمە شیعرییە هەڵدەگرێت کە شاعیریش بەشێکە لێی. لێرەوە ئەو توێژینەوە ئەدەبیانەی کە گرنگی بە ئەدەبی سەردەم دەدەن لە وێنەدا ئەوە دێننەوە))(55). پاش ئەوەی گرنگی وێنەمان بۆ دەردەکەوێ و شوێن و پلەو پایەو داهێنان و پەیوەست بوونی بە چەمکی شیعر، چونکە هەڵگری سیمای شیعرو هەست و سۆزی شاعیر و سیمای سەردەمە ئەمانە هەمووی وا دەکەن وێنە ببێتە ئامرازێك بۆ توێژینەوەو داهێنان، بەڵام ئەو توێژەرەی پشت بە وێنە دەبەستێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شیعری، دەبێت بەرنامەکەی ملکەچ بێت بۆ چەند ڕاستی یەك کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەوانیش ئەوەن ((هەموو قەسیدەیەك وا بە ئاسانی لێمان قبووڵ ناکات، کە لە ڕێگەی وێنەوە کۆمەڵێك حوکمی بەسەرا بدەین. دووەم ئەوەیە کە وێنەیەك یا کۆمەڵە وێنەیەك بە تەنیا کاری هونەری پێك ناهێنن، چونکە پاژەیە کە لە هەر هاماوێكو پێویستە بە بەشەکانی تر ببەسترێتەوە، یا خود لەژێر تیشکی ئەوا لێی بکۆڵێتەوە. سێهەم ئەو وێنەی لێی دەکۆڵرێتەوە دەبێت نوێنەر و شاعیر و ڕێباز و سەردەمەکەی بێت. واتە دەبێ بە ڕێگەیەکی نموونەیی هەڵبژێردرێت جا ئەو وێنەیە باش بێت یان خراپ بۆ ئەوەی ببێت بە بەڵگەی ڕاستی لەسەر جۆری هونەر و پەرەسەندنەکەی))(56).

کەواتە بەکارهێنانی وێنە وەك پێوەرێکی ڕەخنەیی کارێکی وا ئاسان نیە، بەڵکو پێویستە ڕەچاوی گەلێك لایەن بکرێت، ئینجا لە ڕێگەی ئەم پێوەرەوە دەقە شیعرییەکان هەڵسەنگێنرێن لە ڕێگەیەوە لایەنە جوانەکان و داهێنراوەکانی دەقەکە بخرێتەڕوو.(شێرکۆ

بێکەس)یش لەبارەی پەیوەندی ڕەخنەگر بە وێنەی شیعر ییەوە لە بواری لێکۆڵینەوەدا دەڵێت: ((من پێم وایە ڕەخنەگر بەپێی یەکەم دەتوانێت لە ڕێی وێنەوە شیعر بناسێت، چونکە وێنە بەرجەستەکردنی زمانە، وێنەی شیعری ئەو کارەیە ئەو وشەو ڕستە لەلای خوێنەر تەجسید دەکات، بە واتایەکی تر زەینی خوێنەر نایەڵا پەرت بێ، لە بوئرەیەکداو لە شوێنێکدا کۆی دەکاتەوە، وێنە هۆیەکە لە کۆکردنەوەی شتە جوانەکان. ئەگەر وێنە نەبێ ئێمە شتێکی سەتحی دەبینین و زوو لە بەرچاو نامێنێ، وێنە دەمارێکی گەورەیە خوێنی شیعر لە جەستەی قەسیدە ئەهێنێتو ئەیبا))(57)هەر لە کۆنەوە کاتێك شیعر لە کۆڕ و کۆبوونەوەو دیوەخانەکان و... هتد خوێندراوەتەوە خەڵك گوێیان لێگرتووە، ئەو شیعرەی وێنەی بەرز و داهێنەر و تێکەڵ بە سۆزێکی وروژێنەری تێدا بووبێت، زیاتر کاریگەری بەسەر خەڵکەوە هەبووە، کەسانی شارەزاو نیمچە شارەزاو ناشارەزاش لە ئەدەب، هەڵوێستی خۆیان هەبووە لەسەر ئەم شیعرانە. هەرچەند لە کۆندا ئەو ناوەی پێ نەوتراوە، بەڵام لەژێر ناوی ترا بوو کە هەمان مەبەست دەگرێتەوە وەك ئیستعارەیەکی جوان تەشبیهێکی بەهێز... ناویان بردووە.

گوێگر ئەو کاتە دەوروژێ کە گوێی لە وێنەی بەرز و جوان دەبێت گوێ بیستی وێنەیەك دەبێت کە بیر و خەیاڵ و سۆز و هەستو نەستێکی بەهێزی تێدا بێت، ئەمانەش کۆڵەگەو بنیاتی وێنەی هونەرین. گوێگر و خوێنەرێکی ئاسایی تا ئەندازەی خۆی شیعری باش و خراپ دەناسێتەوە، لەڕێی ئەو وێنانەی کە لە شیعرەکەدا بەدی دەکرێت، «ڕەخنەگر»یش زیاتر بە قووڵی گرنگی بە وێنە دەدات و، هەڵسەنگاندنی شیعرێك تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەستە بە وێنەکانیەوە، تا چەند شاعیر وێنەی نوێو داهێنەری دروست کردووە؟ چۆنی دروست کردووە؟ گوزارشت لە چی دەکات؟ تا چەند تێپەڕاندن و ئەفراندنی نواندووە؟ ئەی تا چەند وێنەکان چەند بارەو هەزار بارەی وێنە باوەکانی شیعرن؟ ئەو وێنانەی بە دەیان ساڵ دووبارە کراونەتەوەو سوواون، یان تا چەند شاعیر دەستی هەبووە لە دروست کردنی وێنەی نوێ؟ تا چەند وێنەکانی لە شیعری ترەوە وەرگرتووە؟ ئەم وێنانە تا چ ئەندازەیەك مۆسیقاو بیر و زمان و هەست و نەستی تێدایە؟ چۆن شاعیر تەعبیرەکانی دارشتوون؟ تا چەند وێنەکانی بە واقعی کۆمەڵگاوە بەستۆتەوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر لای ڕەخنەگر دروست دەبن و زۆر بە وردی لێکدانەوە بۆ دەقەکان دەکات و، لایەنی باش و جوان و ئەفراندنی شیعرەکە دیاری دەکات، لە هەمان کاتیش لایەنی خراپ و ناتەواویەکانیش دەست نیشان دەکات، بۆ ئەوەی شاعیر بخاتە سەر ڕێگایەکی ڕەوان و بەرهەمی لەمەودوای باشتر بێتو هەمیشە لە هەوڵی

بەهێزکردنی وێنە شیعرییەکانی بێت، ڕەخنەگرێك کە حوکم لەسەر دەقێکی شیعری دەدات دەڵێت باشە یان خراپە، یەکێ لەلایەنەکان لەڕێی وێنەکانەوە ئەو حوکمە دەدات، کەواتە وێنەی هونەری ئەرکێکی گەورە بە ڕەخنەگر دەبەخشێت. ڕەخنەگر بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکانی خۆی لەسەر شیعر پراکتیزە بکات. دیارە یەکێ لە ڕەگەزە چالاکەکان وێنەیە کە ڕەخنەگر هەڵوەستەی لەسەر دەکات و بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.((کاری شاعیر وەك کاری هەر هونەرمەندێکە، لە ئەزموونێك دەژیت لەنێو دەروونیدا بیرۆکەو سۆز لەدایك دەبێت پێویستی بە هۆکارێکە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم هۆکارەش وێنەیە))(58).

بەرجەستەکردنی ئەم سۆز و خەیاڵەش لە وێنەیەکی هونەریدا جەوهەری شیعرەکە بەدەر دەخات، (ڕەخنەگر)یش لەوە دەکۆڵێتەوە تا چەند ئەم شیعرە تەز و بەخش و گەرم و گوڕەو تا چەند خەیاڵی جوان و داهێنەر و بەرزەفرە، لە هەوڵی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ئەو وێنانە دەبێت ڕووی گەش و جوان، لە هەمان کاتیش ڕووی تەڵخو ناشیرینیش دەخاتەڕوو تا ئەندازەیەکی زۆر لەسەر بنەمای وێنەکان شیعرەکە هەڵدەسەنگێنێت. چونکە((وێنەی شیعری هەر لە سەرەتاوە سەرنجی ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو بۆتە بنەمایەکی سەرەکیو گرنگ لە لێکۆڵینەوەکانیاندا))(59)ئەم سەرنجدانەش هەر بەردەوام دەبێت. (ڕەخنەگر)یش ناتوانێت وێنەی شیعری پشت گوێ بخات، چونکە ((وێنە بنیاتی زیندووی شیعرە))(60)پشت کردن لەو بنیاتە زیندووەش مەحاڵەو بە خەونیش ڕەخنەگر ناتوانێت دەست بەرداری بێت، چونکە ((جگە لەوە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی کە پرۆسەی داهێنانی شیعرییان پێ کامڵ دەبێت وێنەی هونەرییە. ئەم ڕۆڵە بەرچاوە وای کردووە کە ڕەخنەگرەکان گرینگییەکی زۆر بەو بنەما هونەرییە بدەن و لە سەرووی بنەماکانی ترییەوە دایبنێن))(61)،کە شاعیر شیعری خۆی پی بنیات ناوەو، چونکە وێنە ڕۆڵی ئیستاتیکیو جوانی دەق دەبەخشێت، دەقی جوان و سەرنج ڕاکێش ئەو دەقەیە کە وێنەی قەشەنگ و دڵگیری تێدا بێت، چونکە وێنە ڕۆحی شیعرەو ڕۆحیش لەهەر شتێك بسێنیتەوە لە جوڵەو جوانیو نایابی دەکەوێتو دەمرێت.

وێنەی هونەری پەیام گەێنەر و بڵندگۆیەکە، شاعیر لەڕێی ئەو بڵندگۆیەوە دەتوانێت پەیامی خۆی بڵاو بکاتەوە. هەموو جۆرە پەیامێك و هەموو جۆرە پەنهانییەکی دەروونی خۆی لە وێنەی هونەری خاڵی بکاتەوە، چونکە وێنە هۆیەکە بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوە تەنها بۆ ڕازاندنەوەو لایەنی جوانی شیعری دروست نەبووە، بەڵکو و لە پاڵ ئەمانەش هۆی دەربڕینی زاخاو و زووخاو و ئازار و خۆشیەکانی شاعیرە لەڕێی ئەندێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار بە چاوی نزم سەیر کراوە.((لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕۆڵە گرینگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە نەك هەر لە ئەدەبی کوردیماندا، بەڵکو و لە زمان و ئەدەبێکی بەرفراوانی وەك ئەدەبی ئینگلیزیشدا، زۆر جار وەك بابەتێکی ڕازێنەرەوەی رووت و بێبایەخ لەو هونەرانەی ڕەوانبێژی ڕوانراوە))(62). بەڵام وێنەی شیعر تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی شیعر بەکارنایەت، بەڵکو و گەلێك ئەرکی تر دەگرێتە خۆ.((لەلای ئەوروپییەکانیش تاکو سەرهەڵدانی ڕۆمانسیەت وێنە وەك ئامرازێکی جوانکاری سەیر دەکرا، بەڵام پێشکەوتنی واتای چەمکی وێنەی هونەری دەری خست کە وێنەی هونەری زۆر لەوە بەرزترە کە تەنیا وەك ئامرازێکی جوانکاری لە قەڵەم بدرێ، چونکە وێنەی شیعریش نیشانەی بوونی ئەزموونی شیعرییە))(63)و ((وێنەی شیعری ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی هەیە هەندێجار سەرتاپای شیعر دەگرێتەوەو دەبێتە تاکە ڕێگەی ئەفراندن لە شیعردا، هەر بۆیە ڕەخنەگرانی نوێ بە بنەمایەکی سەرەکی شیعری دایدەنێن))(64).

ئەگەر وێنەی هونەری تەنها لایەنی ئیستاتیکای شیعر بێت ئەوا بەرتەسك کردنەوەی مانای شیعر دەگەیێنێت، چونکە ((وێنە پەیوەندیەکی پتەو و ڕاستەوخۆی لەگەڵ شیعردا هەیە، هەر ئەم پەیوەندیە پتەوەشە وای کردووە هەندێك نووسەر و شاعیر چەمکی شیعر لە وێنەدا کورت بکەنەوە))(65). دیارە شیعر و ڕەخنە پێوەندییەکی بەهێزیان هەیە. وێنەش ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە.((ڕەنگبێ ئەو ڕاستییە لەلایەن زۆرمان گەڵاڵە بووبێ، کە ڕەخنەی ئەدەبی پێوەندییەکی توندو بەهێزی، لەگەڵ سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هەیە، ئەم پێوەندییە وەك پێوەندی درەخت بە دارستان، شەپۆل بە دەریا، بەردی شاخ بە یەکدییەوە خۆی دەنوێنێت))(66)و پێوەندییەکی توندو تۆڵیش لەنێوان ئەدەب و ڕەخنەدا هەیە پێوەندییەکی دۆستانە لەسەر بنەمای گەشەکردنی ئەدەب، چونکە ڕەخنەگر ئەو پزیشکەیە نەخۆشیەکانی دەق دەدۆزێتەوەو ڕێگای چارەسەرکردنی بۆ دادەنێن. بەڵام ڕەخنەگری رووخێنەر ئەوەندەی تر دەق دەمرێنێت، لە جووڵەو توانای دەخات کە ئەمەش پەیامی ڕەخنەگری ڕاستەقینە نیە، ئەگەر شیعر درەختێك بێت ئەرکی (ڕەخنەگر)یش وەك ئەندازیار و پزیشکێکی کشت و کاڵی ئەوەیە لە ڕەگ و ڕیشەوە تا دوا لق و پۆپی ئەم درەختە بپشکنێت و جوانییەکی تیا بدۆزێتەوەو بیخاتە روو، لە هەمان کاتیش هۆی زەرد و سیس بوونی لق و پۆپەکانی و کەمی بەر و باڵا کورتی ئەم درەختە بخاتە روو. ڕێگا بۆ باخەوانی ئەم درەختە کە شاعیرە دابنێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم نەخۆشی و کەم و کووریانە بکات بتوانێت لە داهاتوودا درەختی باشتر بچێنێت. خۆراك و ئاوی باشتری پێبدات و زۆرتر خۆی بە پەروەردەکردنی خەریك بکات، لق و پۆپەکانی موتوربە بکات و گەڵا و پرژاڵ و پۆپەکانی چڕتر بکات، تا وەکو درەختێکی

بەرز و شەنگ و چڕ و پڕو پڕ لە بەر و گەلاَی لیّ دروست بیّتو بولبولو باڵندەی جوان و دەنگ خۆش هیّلانەی لەسەر بکەن، ڕیّبوارانی خویّنەریش بتوانیّت بۆ تاویّك لەبن سیّبەری ئەم درەختە بحەسیّنەوەو بۆ تاویّك گویّ لە ئاوازی بولبولی سەر چڵەکان بگرن و بەری شیرینی ئەم درەختەش تام بکەن، لە جوانیو ناسکیو سیحر بەخشی و تەڕ و پاراوی گەلاَو پۆپەکانی تیّر نەبیّت، بە شنەبای مۆسیقا و سۆزی نیّو گەلاَیان شاگەشکە بیّت، ئەو حەزەی لەلا دروست ببیّت بۆ دەیان جاری تر سەر لەم درەختە بداتەوەو لەبن سیّبەری بحەسیّتەوە.
باخەوان هەیە، سەرەتایەو زۆر خۆی بە پەروەردەکردنی گوڵ و درەختەکان خەریك نەکردووە، لیّرە ڕەخنەگر دەبیّت حسابی ئەم لایەنەش بکات و زانیاری زیاتر بدات بەم باخەوانە.((باخە وان))یّکیش سالاَنیّکی زۆر خۆی بە پەروەردەکردنی گوڵ خەریك کرد بیّت گوڵی باش و خراپ دەناسیّتەوە، دەزانیّ چۆن پەروەردەی بکات و بە گەش و پاراوی بیهیّلیّتەوە، بەلاَم ئەمەش ئەوە ناگەیەنیّت ئەم باخەوانە لەخۆبایی بیّتو، گویّ بۆ ڕەخنەگری ڕاستەقینە شل نەکات، چونکە ڕەخنەگری ڕاستەقینە هەمیشە هەوڵ دەدات تۆی ئەو گولاَنە بدات بە شاعیر کە تاکو و ئیّستا نەیچاندوونو پەروەردەی نەکردوون، ڕەخنەگری ڕاستەقینە دەتوانیّت ڕیّنمایی وا بدات بە شاعیر و کیّلگەی شیعرەکانی پڕ بکات لە گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ و هەمە جۆر ئەوسا هەنگ و پەپوولە ویّلەکان بەلیّشاو ڕوو دەکەنە ئەم باخچەیە کە پڕ لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و هەمەجۆر و هەمە بۆنە هەمیشە لە نویّ بوونەوەدایەو شیلەی لیّ هەڵدەمژن و لە بۆن و بەرامەی تیّر نابن و سەرمەستو حەیران دەبن و هەزار دەست خۆشیو ڕەحمەت بۆ شاعیر و «ڕەخنەگر»یش دەنیّرن، ئەگەر شاعیر وەستایەکی دروست کردنی کۆشك و تەلار بیّت ئەوا ڕەخنەگر ئەندازیارە و هەرچەندە ئەو ئەندازیارە کۆشك وتەلاری بەدەستی خۆی دروست نەکردبیّت، بەلاَم ڕیّنماییەکانی دەبیّتەهۆی جوانکردنی کۆشك وتەلارەکە، چونکە ئەو لەبنەما و باش و خراپی کەرەستەی ئەم کۆشکە و هەموو دیکۆرات و جوانکارییەکان دەزانیّت.
"نزار قەبانی"ش لەبارەی ڕەخنەو شاعیرانەوە دەڵیّت: ((ڕەخنە قوتابخانەیەو شاعیریش بە قوتابیەتی ئەمیّنیّتەوەو هیّشتا دەرنەچووەو هەمیشە پیّویستی بە زانینی زیاتر هەیەو بەدەست هیّنانی زیاتر... کاتیّك شاعیر چووە ئەو بڕوایەوە کە بووە بە ئینسکلۆپیدیای شیعر و هۆمیرۆسی سەردەمی خۆی، ئەوا فاتیحا بۆ خۆی و شیعرەکانی بخویّنە))(67) "نزار قەبانی" ئەم هەڵویّستە جوانەی هەیە بەرامبەر بە ڕەخنە، شاعیر وەکو و قوتابیو ڕەخنەش وەك قوتابخانە دادەنیّتو شاعیریش نابیّت لەخۆبایی بیّتو وا هەست بکات هەرچی دەیلیّتو

دەینووسێت جێی ڕەخنە نیە، چونكە ئەگەر ڕەخنە نەبێت ئەدەبیش پێش ناكەوێت، هەموو جیهانیش بە ڕەخنەگرتن و چاككردنی هەڵەكان پێشكەوتووە و پێش دەكەوێت، بەرهەمی شاعیریش بە ڕەخنەو سەرنجی وردی ڕەخنەگر پێشدەكەوێت و لە ئەنجامی تیشك خستنەسەر كەموكوورییەكان. ولف جانگ ئایزەر دەڵێت: ((ئەگەر ئەدەب هۆكارێك بێت بۆ تێگەیشتن لە هەقیقەتمان، ئەوا ڕەخنەش تێگەیشتنێكی ترە لە هەقیقەت، بەڵام ئەمجارەیان دەرخستنی نادیارەكانی ئەو هەقیقەتەیە، كە تێكست ڕاستەوخۆ هەموویمان پێشكەش ناكات))(68).

دەرخستنی ئەو هەقیقەتانەش لەبەر ئامێزی دەقێكی شیعردا ڕەخنەگر سوود بە خوێنەر و خودی نووسەری دەقیش دەبەخشێت، چونكە دەلالەت و مانای تازەو بەپێز بۆ دەقەكە دەدۆزێتەوەو ئاوێزانی درەوشانەوەو ڕووناكییەكی وای دەكات كە ئەم تێكستە لای خوێنەر و نووسەری دەقەكەش شیرین تر دەكات.

د. كەمال مەعرووف دەڵێت: ((مامەڵەكردن لەگەڵ ڕەخنەو ئەدەبدا دوو ڕووی دراوێكن، بە بێ بوونی ڕەخنە نرخی ئەدەب نازانرێت، كەواتە ڕەخنە شتێكی پێویستە بۆ ئەدەب، ئەدەبیش زەروورییە بۆ ڕەخنە))(69)و ئاوێتەییەكتر بووین و لێك جوودا نابنەوەو، وەك دراوێك لایەكی وێنەو ڕەمزی لەسەر بێت و لایەكی تری هیچی لەسەر نەبێت ئەوا بەكار نایەت و بە بێ بەها دەمێنێتەوە، ئەدەب و ڕەخنەش دووڕووی ئەو دراوەن كە یەكتر تەواو دەكەن و بەها بە یەكتر دەبەخشن."قیسدڤا شیمبۆرسكا" دەڵێت: ((كە شیعرێك دەنووسم لێی دەگەڕێم لە چاوی مێزەكەمدا بنوێت، دوای ماوەیەك بە ئاگای دێنمەوەو سەرلەنوێ بە وردی دەیخوێنمەوە، ئەگەر لاواز و ساكار هاتە بەرچاوم دەستبەجێ كۆتایی بە ژیانی دەهێنم))(70).

كەواتە وەك دەڵێن شاعیر یەكەم ڕەخنەگری خۆیەتی كاتێك كە دەقێك دەنووسێت چەند جارێك دەیخوێنێتەوە، پێی ڕازی نابێتو مشتوماڵی دەكاتو وشەی لێ كەم دەكاتەوەو وشەی بۆ زیاد دەكات، وێنەی نوێی تێدەئاخنێتو خۆی لەگەڵ خەریك دەكات و زۆر جاریش هەیە دەقەكە بەلاوازی لەدایك دەبێت و شاعیر هەوڵ دەدات خۆراكی باشی بداتێو وێنەو پەیڤی جوانی بۆ زیاد بكات، بەڵام كەزانێ ئەو دەقە هەردەمرێت و گەشەكردنێكی وا بەخۆی نابینێت ئەوا ئەو دەقە دەدڕێنێت، چونكە دەگاتە ئەو ڕاستیەی كە دەقەكەی لە ئاستی وێنەی هونەری و سۆز و گەرم و گوڕییەوە ناتەواوە.((پێویستە شیكردنەوەی وێنەی شیعری لەسەر بنەمای هونەری بێت))(71)واتا پێویستە لێكۆڵەر وێنەكان دەربهێنێت و لەسەر بنەمای هونەری هەر وێنەیەك شی بكاتەوەو چۆنیەتی دروست بوون و دەلالەت و مەبەستەكان ڕاڤە

بکات. کامەران موکری دەڵێت: ((رەخنە ئەو زانستەیە کە رابەری خوێندەواران ئەکات لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبیداو دەستنیشان کردنی ئاستی ئەو بەرهەمە لە رووی شێوە و ناوەرۆکەوە))(72)یە.((باشترین وێنەی شیعری ئەو وێنەیەیە کە هەست و سۆز و خورپە لە دڵی خوێنەردا دروست دەکات و خوێنەر دەخاتە نێو جیهانی ئەندێشەو کەڵکەڵەی جوان ناسی لە مێشکیدا دەورووژێنێت))(73)، چونکە دەقێك خورپە لە دڵی خوێنەر دروست نەکات و جوانیەك بە خوێنەر نەبەخشێت کەواتە ئەم دەقە بە ناتەواوی و بە ئیفلیجی لەدایك بووەو ناتوانێت گەشە بکات و، لە ئاوزنگی ئەسپی سۆز بدات و خۆی بگەێنێتە دڵی خوێنەر.((کامڵ بوون لە دروست کردنی وێنەی شیعری مانای هەر ئەوە نیە بە رووتی وردەکارییەکانییەك لەدوای یەك ریز بکرێن، بەڵکو و پێویستە لە قاوغی هونەری ئەو وردەکارییانە کەوا مرۆڤی ئاسایی گرنگی پێنادات دابنرێت، وێنەگری شارەزا دەتوانێت ئەو وردەکارییانە کۆبکاتەوە و لە قاڵبێکی رێك و دروستدا دایان برێژێت))(74)،چونکە زۆرجار دەبینین شیعرێك بیرێکی جوانی تێدایە، بەڵام ئەم بیرە لە پێکهاتەکانی وێنەی شیعردا بە تەواوی نەخەملاوەو زمان و هەست و نەست و سۆز بەشدارییەکی زۆریان نەکردووە بۆ گەڵاڵەکردنی شیعرێکی جوان، چونکە بە تەنها بیر ناتوانێت تەزوو بەخشو سەرنج راکێش بێت، ئەگەر وابێت ئەو شیعرە وەك دارێکی وشکی بێگەڵاو بەری لێدێت کە نە سێبەری دەبێت نە بەریشی دەبێت، باڵندەی سۆزی خوێنەریش چەند ساتێك لەسەر ئەم درەختە وشکە دەنیشێتو لە شەقەی باڵ دەدات و بەجێی دەهێڵێت، چونکە ((وێنەی شیعری لەپاڵ زمان و ریتم و بابەت دا بونیاتی هونەری شیعر پێکدەهێنێت، ئەم بابەتە بایەخی رەخنەیی خۆی هەیەو هەمووکات زیندوویەتی خۆی پاراستووە))(75).

چۆنیەتی گرێدانی کەرەستەکان و بەکارهێنانی وردەکاری و هونەرێکی زۆر لە شیعر ئەوا زیاتر ئەو شیعرە بەرز و جوانتر دەبێت، "رەخنەگر"یش بەدوای ئەو وردەکاریانەی بونیاتی هونەری شیعردا دەگەرێت. ((وێنەی هونەری لە توانای دایە کە جووڵەو دەنگ و رەنگ بگرێتە خۆی و لەنێو ئەو چالاکیی خۆی لەناو قەسیدەدا بەدەست دێنێت و بەسەر گشت لایەنەکانی قەسیدەکەیدا پەخشی دەکات))(76). بۆیە دەبینین ((س.دی.لویس ئەم رۆڵ و گرنگی پێدانەی زۆر باش هەڵسەنگاندووەو وێنەی بە بنکەی شیکردنەوەی هەڵبەست داناوە))(77).کەواتە رەخنە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ئەدەبەوە هەیە، شیعریش وەکو ژانرێکی سەرەکی ئەدەب لەم پەیوەندییە بێبەش نیە.جەوهەری شیعر وێنەیە رەخنەگریش ناتوانێت خۆی لەم جەوهەرە لابدات و گرنگی پێنەدات، چونکە ئەگەر خۆی لێ لادا واتا

نابێ لە بواری ڕەخنەکانیەوە باس لە شیعر بکات، چونکە وەك زۆر لە کەسانی تریش وتوویانە لەوەدا چڕیان کردۆتەوە کە شیعر وێنەیە.

## پێکهاتەکانی وێنەی هونەری

وێنەی هونەری لە کۆمەڵە ڕەگەزێك پێکدێت بە یەکگرتن و ئاوێتەبوونی ئەم کۆمەڵە پێکهاتەیە وێنەی هونەری دروست دەبێت، هەموو پێکهاتەکان گرینگن و بەشداری دەکەن لە دروست بوونی وێنەیەکی هونەریدا، وەك چۆن کەرەستەی خانوویەك لە دەرگاو پەنجەرەو... هتد پێکدێت بە یەکگرتنی هەموو پێکهاتەکان گرینگن و بەشداری دەکەن لە دروست بوونی وێنەیەکی هونەریدا، بەیەکگرتنی ئەو هەموو کەرەستانە دەڵێن خانوو، یەك لەو کەرەستانە ناشیرین ناشیاو نەگونجاو بێت سیمای خانووەکە تا ئەندازەیەك ناشیرین دەکات، بەو ئەندازەیەش یەك لە پێکهاتەکانی وێنەی هونەری لاواز بێت لاوازییە کە بەسەر دەقە شیعرییە کە دەشکێتەوەو تیایدا ڕەنگ دەداتەوە.((لە هەر زەمینەیەکدا بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە پلەی وەستایەتی ناسینی ئامرازی کار مەرجی بنەڕەتییە، بەننا ئەگەر ماڵەو چەمچەو شاقوڵ و تەرازوو ... و ئەم جۆرە شتانە باش نەناسێت و نەتوانێت بە لێزانی بەکاریان بهێنێت، بێگومان بەننا نیە. هونەری شیعریش لەم قاعیدە ئاوارتە نیە شاعیری بەتوانا کەسێکە کە ڕستەی هونەری شیعری چاك بناسێتو وەستایانە کەڵکی لێ وەرگرێت))(78). ئەو وەستایەش ئەگەر نەزان بێت کەرەستەکانی بە هەڵە بەکار بهێنێت ئەوە دەست دەکات بە دروست کردنی دیوار و دیوارێکی خوار و خێچ دروست دەکات و لە کارەکەی سەرکەوتوو نابێت.

شاعیریش ئەگەر ئەو کەرەستە شیعریانە باش نەناسێت و زۆر هەوڵی، لەگەڵ نەدابێت و تیایدا قاڵ نەبووبێتەوەو نەزانێت بەکاریان بهێنێت شیعرەکەی ناتەواو و ناکامڵ دەردەچێت.((هەموو هۆنراوەیەکی باش و سەرکەوتوو پێویستە، خاوەنی بیرێکی بەرز و قووڵ، شێوەیەکی جوان و ڕازاوە، ئەندێشەیەکی بەپیتو داهێنەرانە، هەستێکی ناسك و سۆزێکی گەرم و گوڕ، شێوازێکی بەهێز، زمانێکی ڕەوان، مۆزیکێکی بەسۆز، وێنەی هونەریی جوان و هەمە ڕەنگ بێت))(79). لێرەدا باسی زۆربەی پێکهاتەکانی وێنەی شیعری کردووەو وەسفی کردوون، هەموو پێکهاتەکانیش ڕۆڵی خۆیان دەبینن، یەکێك یا چەند لەم پێکهاتانە لاواز بوو دەبێتە لەکە و پەڵەیەك بەڕووی هەموو دەقەکە. وێنە لە شیعردا ڕووخساری

هونەری بە وشەو مانا دەبەخشێت پاش ڕێکخستنی شاعیر بە دارشتنێکی هونەری بەرز، وێنە هەموو پێکهاتەکانی لە خۆ کۆدەکاتەوە لە وشەو مۆسیقاو واقیع و هەست و سۆز و خەیاڵ و نەست، خوازەو دژیەك و...هتد بۆ ئەوەی گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانی بکات لە قاڵبی شیعردا (80).((شیعری ئازاد: بریتییە لە چەند پارچە بەیتێکی وەزنداری نایەکسان، لەم شیعرەدا یەکیەتیی قاڵبو فۆرم نیە، یەکیەتیی شیعر، بەو یەکێتی فکر و خەیاڵ و وێنانە دیاری دەکرێت کە لە شیعرەکەدا هەن))(81). بە لاواز بوونی ئەم فکر و خەیاڵ و وێنە شیعر لە وتەی ئاسایی نزیك دەبێتەوەو لە گەرم و گوڕیو تەڕ و پاراوی و تەز و بەخشی و سیحری جوانی دەکەوێت، وێنەی هونەری بەرز و بەپێز دروست نابێت.((شیعر هەمیشە جوڵەو بزاوتی خۆی هەیە، وێنە خۆی بە دێر دەسپێرێت و خەیاڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و ئاوێتەی خەون دەبێتو تان و پۆی ئەو ئەزموونە زمانەوانییە پێکدێنێت کە مرۆڤ جەرباندوویەتیو تیایدا ژیاوە))(82). بۆیە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: ((فەرهەنگی وشە بۆ شاعیر + دۆزینەوەی دەلالەتە نوێیەکان + بەهرە + خەیاڵ + ئەزمونی شاعیر + ڕووناکبیری و ڕەنگە ئەو سەرچاوانە بن کە شاعیریەتی لێوە هەڵئەقوڵێ))(83).دەبینین شێرکۆ بێکەس هەموو ئەو لایەنەنانەی باس کردووە کە ڕۆڵی باڵا و بەرز دەبینن، لە دروست کردنی وێنەی هونەری و نواندنی ئەفراندن، چونکە ئەو هەموو سیفاتەی شێرکۆ بێکەس باسی کردوون، لە هەر شاعیرێك کۆببنەوە بێگومان وێنەی بەرز و بەتوانا خەڵق دەبێت.

((ئەندێشەو بیر لە سۆز جیا دەبنەوە، بەڵام دوای دروست بوونی شیعر لە یەکتر جیا نابنەوە))(84). هەڵبەتە نەك تەنها ئەندێشەو سۆز، بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی وێنەی شیعری دەتوانرێت لە یەکتر جودا بکرێنەوە بۆ نموونە ئەندێشەو واقیع زۆر لێك دوورن، بەڵام کە لە جەستەی دەقێکی هونەری بەرز خۆیان نواند ئیتر هەموو پێکهاتەکان لێك نزیك دەبنەوەو، بەڵکو و ئاوێتەی یەکتریش دەبن و بە هەماهەنگی هەموویان هونەرێك پێشکەش دەکەن ئەویش شیعرە. پێکهاتەکانی وێنەی هونەری ئەمانەن:

## 1- **زمان** (language) (**اللغە**)

زمان کەرەستەی سەرەکی شیعرەو یەکێکە لە پێکهاتەکان و ڕەگەزەکانی وێنەی هونەری. هەموو شیعرێك لە کۆمەڵە پەیڤێك پێکهاتووە، ئەم پەیڤانەش بە کۆمەڵێك ئامرازەوە پێکەوە بەستراون، بە واتایەکی تر هەر شیعرێك لە باریەك هەڵوەشێنینەوە دەبینین، لە

کۆمەڵە وشەیەك پێکهاتووە.

وشە هەڵگری هەموو لێکدانەوەکانی ژیانە بۆ شیعر هەموو لایەنەکان لە بیر و بابەت و ئەندێشەو واقع و سۆز و هەست و نەست...هتد دەچنە ناو وشە، واتا وشە بارگاوییە بە جۆرەها بیر و ئەندێشەو سۆز و هەست و نەست، هەموو مەبەستەکانی شیعری لە ناو هەناوی وشە چڕ دەبنەوە، وەك چۆن نیگارکێش کەرەستەی فڵچەو ڕەنگە کەرەستەی شاعیریش وشەیەو لەدەمی قەڵەمەوە دادەڕژێت، ئەم وشانەش بە شێوەیەکی هونەری و بە تێکئاخنینی خەیاڵ ڕیز دەکرێن. چۆنیەتی ڕیزکردن و پێك گرێدانو دارشتنی وشەکانیش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، هەر شاعیرەو شێوازی خۆی هەیە لە تێك ئاخنینی پەیڤەکان و پێی دەناسرێتەوە بە لێکدانی وشەکان بە شێوەیەکی هونەرییو بە هەستێکی خەیاڵاوی و بەرز و سۆزێکی گەرم وێنەی هونەری دروست دەبێت. کەرەستەی شیعری سەرکەوتوو بیرو بابەت و زمانەو ئینجا خەیاڵ و سۆز و نەست و واقیع و فەنتازیا هەموو ئەمانە لە جەستەی دەقێکی شیعری کۆببنەوە شیعرێکی جوان و بەپێز دروست دەبێت. کەواتە بە هێزی فەرهەنگی شیعری لای هەر شاعیرێك دا لەکاتی شیعر نووسین دانامێنێت لە یاری کردن بە وشەو لە مشتوماڵکردن و جوانکاری لە جەوهەری شیعردا، زۆرجار هەیە تاکە وشەیەك وێنەیەکی جوان دروست دەکات، تاکە وشەیەك ئیحا بەخشە بۆ بەستنەوەی چەند وێنەیەك بە یەکەوە، چونکە شیعر کەرەستەی وشەیە چەند شاعیر فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەندتر بێت ئەوەندە توانای دارشتنی شیعری زۆرتر دەبێت، چەند وشەکانی ڕەنگا و ڕەنگ بن ئەوەندە جوانتر تابلۆی شیعرەکەی دەنەخشێنێت.

وەك چۆن وێنەکێشێك جۆرەها ڕەنگی لە بەردەم بێت بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت بە نووکی فڵچەکەی لە هەموو ڕەنگەکان وەربگرێتو، هەر ڕەنگەو بۆ شوێنی خۆی بەکار بهێنێت، ئەوسا تابلۆیەکی هەمەڕەنگ و جوانی لێدروست دەبێت، زمانی شیعریش تا چەند دەوڵەمەند بێت شاعیر دەتوانێت شیعری بەپێز و جوان دابرێژێت.

جگە لەوەی شاعیر کە دەبێت فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەند بێت، دەبێ موورادیفاتی "وشە"کانیش بزانێت بۆ هەر وشەیەك وشەیەکی تر و یا زیاتر، چونکە بەکارهێنانی موورادیفی ئەو وشانەی زۆر بەکار هاتوون ئەوا نوێبوونەوەو جوانیەك بە شیعرەکە دەدات، شێوازی نووسینەوەش جوانتر دەبێت و ڕەنگاو ڕەنگ تر و قەشەنگتر دێتە بەرچاو، جوانی "شیعر"یش لەوە دەردەکەوێت بە وشەی کەم مانای زۆر و فراوان دەرببڕێت، چونکە شیعر

وەك چیرۆك نییەو زۆر وردەکاریت ناداتێ، بەڵکو و دەبێت خۆت وردەکاری و مەفهوومەکان لە پشت وشە تەلیسماوییەکان بدۆزیتەوە. لە هەر دەقێکی شیعری چەند وشەیەکی نوێ بێتە کایەوە ئەوا جوانیو فرە ڕەهەندی بە شیعرەکە ببەخشێت، بەڵام نابێت شاعیریش بە ئەنقەست زۆر پەنا بەرێتە بەر وشەی نوێ و سەر لە خوێنەر بشێوێنێت.

شاعیر کاتێك فەرهەنگی وشەکانی بەهێز بێت هەوڵ دەدات بە ڕەونەق دارترین و سەرنج ڕاکێشترین شێوە شیعرەکەی دابڕێژێت. مەبەست لە وشەی (نوێ)ش مانای ئەوە نیە کە شاعیر لەخۆیەوە وشە دابتاشێت و دروستیان بکات و مانایان بۆ دابنێت نەخێر دەبێت ئەو وشانە لە دوو توێی فەرهەنگدا هەبن یان لەناو خەڵکدا هەبن. شاعیر لە ئەنجامی خوێندنەوە و گەڕان و سووڕانی زۆر و گرنگی دانی بە زمانی شیعری بەرجەستەی کرد بن، چونکە شاعیر فەرهەنگی وشەکانی کەم بن وەك ئەوە وایە وەستایەك کاتێك بینایەك دروست دەکات، چەند بەردێکی لەبەر دەست بێت و جۆرەها بەردی درشتو ورد و مامناوەندی لە بەردەست نەبێت بە ناچاری بەردەکان دادەنێت، بێگومان ئەم بەردانەش دیوارەکە خوار و خێچ دەکەن و سیماو جوانی دیوارەکە تێکدەدەن. "شاعیر"یش کاتێك کە ئیلهامێکی بۆ هات دەیەوێت هەستەکانی دەربڕێت، ئەگەر فەرهەنگی وشەکانی بەهێز نەبێت ئەوا شیعرەکەی زۆر ڕاستو ڕەوان و جوان و ناسك و ڕازاوە نابێت، هەمیشە لە دەوری چەند وشەیەك کۆدەبێتەوە لە زۆربەی شیعرەکانی دووبارەو دەبارەو سەدبارە دەبنەوەو بێزارییەك بە خوێنەر دەدات، بەڵام شاعیر ئەگەر فەرهەنگی وشەکانی بەهێز بێت ئەوا بە ئارەزووی خۆی وشە هەڵدەبژێرێت و یاری پێدەکات و، جێگۆرکێی پێدەکاتو لە هەموو دەقێکی شیعریش هەست بە تام و چێژێك و ڕەنگ و بۆنێکی خۆش و نیشان دانی وێنەی نوێ و شیعری نوێ و مەفهووم و مانای نوێ دەکرێت. بە هێزی فەرهەنگی وشە لای شاعیر و زانینی موورادیفاتێکی زۆری وشەکان ڕۆڵێکی زۆر دەبینێت لە پێکهێنان و جوانکردنی مۆسیقای شیعری بۆ نموونە کاتێك لە شیعرێ وشەی "ئاسك و ناسك" دەکەونە تەنیشت یەك زۆر جوانترو مۆسیقی ترە لەوەی بڵێی "مامز و ناسك". بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە شاعیر ئەگەر زمانی بەهێز بوو وشەی چەندان فەرهەنگی لەبەر کرد بوو بەسەر پرۆسەی شیعر نووسین زاڵ دەبێت، چونکە ئەگەر تەنها (شاعیر) پشت بە زمان ببەستێت لە نووسینی شیعر پشت لە لایەنەکانی تر و پێکهاتەکانی وێنەی هونەری بکات وەك ئەوە وایە شاعیر بە وشکە کەڵەك دیوارێکی ڕێك و جوان دروست بکاتو بە بێئەوەی پێکهاتەکانی تر و کەرەستەکانی تری دیوار دروست کردن بەشداری بکەن، ئەوسا پاش ماوەیەکی کەم دیوارەکە دەڕوخێت و لەناو دەچێت بۆیە دەبێت شاعیر

گرنگی بە هەموو پێکهاتەکانی وێنەی هونەری بدات و بە خوێندنەوەی کتێبان خەیاڵی قووڵ بکات، تاوەکو و بتوانێت وێنەی هونەری جوان و بەرز و ناسك و داهێنەر دروست بکات. بێگومان ((ئەدەب هەڵگری وشەیە، وشەی شیرین و پڕ مانای داهێنەر لە شێوازێکی بەرزو ئەندێشەیەکی فراوان)) (85) واتا ئەگەر ئەم پەیڤانە لە شێوازێکی بەرز و ئەندێشەیەکی فراوان خۆیان نمایش نەکەن، ئەوا زمان بە تەنها وێنەی هونەری پێدروست ناکرێت.((زمانی ئەدەبی هەرچۆنێك بێت هەر لە زمانی قسەکردنی ئاسایی ڕەوانتر و ناسکتر و جوانترە ئەمەش بەشێکی بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە))(86). بەشەکەی تریشی بەهۆی پێکهاتەکانی وێنەی هونەرییە، کە گەرمو گوڕی و جوانی بە زمان دەبەخشێت بەهۆی ئەو هەموو سۆز و خەیاڵ و هەست و نەستەی کە ئاوێزانی زمان دەبن. ((زمان بەم شێوەیە دەبێتە جل وبەرگ و قاوغێك بۆ بیری نێو پەیامی هۆنراوەکە))(87). چونکە زمانی شیعر ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە شیعرەوە واتا دەنگ و وشەو ڕستەکان بەپێی یاساو دەستوور دادەڕێژرێن، واتایەك بۆ شیعرەکە دەستەبەر دەبێت بابەت و ناوەڕۆك دەبێت لە ئارادا بێ دەنا زمانی شیعر دروست نابێت، واتا دەبێ بابەتێك هەبێتو شاعیر بە زمان لەم بابەتە بدوێت سۆز و هەستو نەست و خەیاڵ بەشداری تێدا بکات، ئینجا زمانی شیعری دەرسکێت(88).هەڵبەتە ((لای شاعیر زمان جگە لەوەی هۆکاری گەیاندن و پەیوەندیکردن بە جەماوەر بێت، لەولاوە تایبەت مەندێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە، دەبێت زمان ڕەوان و پڕ واتا و چەشە بەخش و ناسك و تەڕ و جوان و سەرنجراکێش بێت، کە ئەمە وادەکات شاعیر لەنێو هەموو وشەکانی زمانەکەدا هەندێکیان هەڵبژێرێت بۆ داڕێشتنی شیعرەکانی نەك هەر وشەیەك بەسەر زاری دا هات واتای پێدروست بکات.))(89)واتا شاعیر کە فەرهەنگێکی بەهێزی هەبێت، لەناو ئەو هەموو وشە ڕەنگاڵەیە جۆرە یارییەك و بینەو بەردەیەك دەکات، لەپێناوی جوانکردن و ڕێکخستن و ناسك کردن و تەز و بەخشکردنی شیعرەکەیدا. هەڵبەتە ((کە شیعریش هونەرێکی قسەیی بێت، دیارە، بە پلەیەك پێویستی بە زمان دەبێت بۆ بەرجەستەکردنی واتاکانی بیری شاعیر))(90). چونکە ((زمان پرۆسەیەکی بێکۆتاییە))(91)و هیچ شاعیرێك بە درێژایی تەمەنی ناگاتە ئەوەی کە فەرهەنگی وشەکانی زمانی خۆی هەموو بزانێت لەبەر دەوڵەمەندی و جەنجاڵی زمان، شاعیر بەو مەبەستە ناگات، هەتا ماوە دەبێت لەم پرۆسەیە کار بکات، هەتا ماوەش ناگاتە دوا وێنەو دوا شیعر.((ئاشکراو بەدیهییە ئەو زمانەی لەکاری ئەدەبیدا بەکار دەهێنرێت، جیاوازە لەو زمانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکار دێت، زمانی ئەدەب فرە ڕەهەند و مانای دوور و قوڵە لێوان ڕێژە لە تێڕوانین و جیهانبینی، ئالێرەدا

زمانی ئەدەب و زمانی ژیان لێکدەترازێن))(92). بەڵام لە هەمان کاتیش دا ((شیعر ـ زمانێکی خوداییە ـ لە منداڵدانی زمانە ئاساییەکەی میللەت لەدایك دەبێتو سەرتووی هەموو باس و ماناکانە))(93). واتا شیعر ئەو زمانە ئاساییەی میللەتە، بەڵام سەر لە نوێ لە دایك دەبێتەوە و بەنێو فلتەرەکانی خەیاڵ و سۆز و هەست و نەستدا دەڕوات و خۆی لە بەرگێکی جوانتر و تایبەتمەندتر نیشان دەدات کە جیاوازە لە بەرگ و ڕەنگی پێشوو. شێخ نووری شێخ ساڵح دەڵێت: ((ئەساسی ئەدەبیات جوانییە، یەعنی لیباسێکی جوان بدرێت بە مەعنایەك ...))(94)، ئەگەر ئەو لیباسو بەرگە جوانە بە شیعر نەدرێت ئەوا شیعر لە و جوانیو ناسکییە دوور دەکەوێتەوە. چونکە ((زمانی شیعر وەك زمانی قسەکردن نیەو تەنها ئامرازێك بێت بۆ لە یەکتر گەیشتن، بەڵکو بەکار هێنانە کە لە بەرکار هێنانە گشتییەکەیەوە دەردەچێت بۆ بەکارهێنانێکی تایبەتی... پەیدا کردنی کۆمەڵە خاسیەتێکی نوێی جوانکاری بە جۆرێك وەك زمانێکی جیاواز خۆی بنوێنێت))(95).

بێگومان ئەگەر زمانی شیعر ئەو کۆمەڵە خاسیەتەی لەخۆ نەگرتبایە، زمانەکەشی جیاواز نەبوایە، ئەوا هەموو کەسێکی قسەکەر دەبووە شاعیر تاقەکەسێك لەسەر ڕووی زەمین نەدەما نەبێت بەشاعیر، بەڵام هەموو کەسێك لە سیحری گۆڕین و ڕێکخستن و بارگاوی کردنی بەسۆز و هەست و نەست و خەیاڵ نازانێت، تەنها شاعیرەکان نەبێت دەتوانن مانای نوێ بە زمان ببەخشن و لەپشت هەر وشەیەك چەین ماناو مەفهووم و مەبەست چڕ بکەنەوە. چونکە((زمان تەنها هۆکارێك نییە بۆ گەیاندنی دالەکان، بەڵکو و لەسەر مەدلوولەکانیش کار دەکات و دەیەوێت لەناو سیاقی پێکهاتەی دەقدا جێگەی بکاتەوە، کە قەسیدە لەسەر ئەم بنەمایە لە ئەفسانەوە نزیکە، ئەفسانە وەك پێکهاتەیەکی بیری بەرایی کار لەسەر گەڕان بەدوای مانادا دەکات، نەك ئەوەی سەرقاڵی دۆزینەوەی مانا بێت))(96). جگە لەوەش ((زمانی ئەدەبی، زمانێکی تایبەتییە هەر لەبەر ئەمەشە هونەری بەکارهێنانی تەنها لەدەست ئەو کەسانە دێت کە بەهرەی نووسین و شاعیرەتیان تێدایە))(97). وەك چۆن هەموو دونیا پڕە لە بەرد و کەرەستەی دروست کردن، بەڵام تەنها وەستاکان دەزانن بەکاریان بهێنن و، کۆشك و تەلاری جوانی پێدروست بکەن. ((زمان سیستمێکە لە نیشانە (sign)کان پێکهاتووە. هەرکام لە ئێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە، واتە لە گوتاردا، کۆمەڵە نیشانەیەك هەڵدەبژێرین و، لە بەشێك لە تواناکانی زمان کەڵك وەردەگرین و شێوەیەك وتەی تاکەکەس یا شێوەی دەربرینی تایبەت بە خۆمان دەخوڵقێنین)) (98). هەر ئەو هەڵبژاردنی وتانەو چۆنیەتی لێکدانیان شێواز دەخوڵقێنێت. هەر شاعیرێك شێوازی

خۆی هەیە، لە لێکدانی وشەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکان و ئەو فەرهەنگە وشەیەك کە هەیەتی، بۆیە زمان لەپاڵ دەربرینی هەستی ناوەوەی شاعیر و دروست کردنی وێنەی هونەری شێوازێکیش و بە نووسینەکان دەدات.((بەرای کەسانێکی رەخنەگری وەك سارتەر شیعر هەر ئەو زمانەیە کە خۆی لە بازنەی خۆیدایەو لە ئاکامی تێکشکانی زمانی باودا لەدایك بووە))(99). مەبەست لە تێکشکاندنی زمانی باویش واتا گۆرینی ئەو زمانەیە، چونکە کە کەوتە قاڵبی شیعر بارگاوی دەبێت بە سۆز و خەیاڵ و فەنتازیاو بەرگی هونەری دەپۆشێت.((هەموو شتێك لە رێگەی زمانەوە دەناسین، بەڵام زمانیش بە بێزمان ناناسرێتەوە تەنها شتێك کە لەم جیهانەدا دەتوانین زمانی پێبچوێنین تیشك (نوور)ە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە هەموو شتێك بەهۆی تیشکەوە دەبینین، بەڵام بە تیشکیش نەبێت تیشك نابینرێت))(100). چونکە تیشك ئەگەر خۆی نەبێت چۆنی دەبینین، تیشك خۆیەتی شتی ترمان پێدەناسێنێت، خۆشی خۆی دەناسێنێت، زمانیش دەتوانێت باسی هەموو شتێکت بۆ بکا، بەڵام جیا لەخۆی هیچ شتێك ناتوانێ لەسەر زمان بۆت بدوێت، واتا زمان زمان روون دەکاتەوە بەوەشەو رستە لەسەر زمان دەدوێت، وشەو رستەش بۆ خۆیان زمانن.((شاعیری باش لە دروست کردنی وێنەی شیعری پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی وزەکانی زمان بە شێوەیەکی باش، لە دروست کردنی وێنەی شیعری و پەیوەندی نوێ دەدۆزێتەوە لەنێوان وشەو رستەکان وزەی هونەری خۆی بەکار دەهێنێت، بنەمای پێکهێنانی لەسەر ئەم پەیوەندیانە دەبێت)). (101)تا شاعیر پەیوەندیی نوێ بدۆزێتەوە لەنێوان وشە و رستەکاندا مانای ئەوەیە وێنەی نوێی دۆزیوەتەوەو هەنگاوی گەورەی ناوە، چونکە زمان بۆ شیعر دەبێ ببێت بە مەدلول و مانایەکی فراوان بدۆزێتەوە، ئەگەر مانای نوێ نەدۆزێتەوەو چەق ببەستێت ئەوا ناتوانێت وێنەی نوێ بەرهەم بهێنێت.((چەند شاعیر بەسەر نهێنییەکانی زماندا زاڵ بێتو سروشتو پێك هاتنی وشەو واژەو زاراوەکان ئاگادار بێت شارەزایانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات، ئەوەندە لە بەردەم خوڵقاندنی حاڵەتە شیعریەکەدا سەرکەوتوو دەبێت ئەو خەون و خولیایەی لە دەروونیا پەنگی خواردۆتەوە ئاسانتر و سفت تر و جوانتر دەردەبرێت))(102). ئەو کاتەش بەسەر نهێنییەکانی زمان زاڵ دەبێت کە بە قوڵی بچێتە ناوی و لە هەوڵی دۆزینەوەی نهێنییەکان و دروست کردنی وێنەی هونەری نوێ و رازاوە بێت.((زمانی شیعری لەنێوان رەگەزەکانی تری بنیاتی شیعردا جۆرە سیمایەکی تایبەتی ئەداتە دەق و شیعر پێکدێنێت و بەسەر زمانی ئاساییدا تێدەپەرێت و لە ئەنجامی گونجاندنی وشەو دەنگەکان ئاوازێکی تایبەتی ئەداتە دەقی شیعری))(103). چۆنیەتی لێکدانی ئەو دەنگ و وشانەش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی

تر دەگۆڕێت، هەر ئەم جۆرە لێکدانەیە جۆرە شێوازێکی تایبەت بە شاعیر دەبەخشێن کە جیاوازە لە شێوازی قسەی خەڵك و لە شێوازی شاعیرانی تریش. لەتیف هەڵمەت لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەموو کەسێك دەتوانێت بڵی باران دەبارێت، ئەمە ئاخاوتنێکی ئاساییە، بەڵام کە دەڵێین: هەورەکان دایانە تریقەی پێکەنین، و بەرپێی خۆیان گوڵڕێژ کرد ئەمە دەربڕینێکی شاعیرانەیەو وشە ئاوسکردنە بە ئەفسانەو ئێستا تیکاو وێنەو کودەتا کردنێکە بەسەر واتای باو و بەکارهێنانی باوی وشەدا))(104). "شێرکۆ بێکەس"یش لەو بارەیەوە دەڵێت ((زمان لە ڕێگەی هەست و نەست و خەیاڵ و خەونەوە دەتوانێت دونیای تر بخوڵقێنێت))(105). واتا زمان گەشتی خۆی بەنێو ئەم خەیاڵ و هەست و نەستە و خەونانە دەکات، ئینجا دەتوانێت دونیایەکی تر بخوڵقێنێت کە جیاواز بێت لە دونیای ئاسایی، بە خەڵق کردنی ئەم دونیا نوێیەش شیعر دروست دەبێت. ڕۆمان جاکۆبسن لەبارەی زمانی شیعرەوە دەڵێت ((زمانی شیعری نوێ کودەتایەکە لەسەر کێش و سەروا رووبەری شیعرو دنیای شیعر فراوان دەکات))(106)و زۆر سەربەست تر جڵەوی ئەسپی خەیاڵی ڕەها دەکات، تا وەکو و بەنێو نهێنیی هەموو ئیلهامەکانی شۆڕ بێتەوەو بەربەستی کێشو سەروا نەبێت و بیوەستێنێتو خاوی بکاتەوە. "دوورنما" دەڵێت: ((شیعر زەوت کردنی گێتییە بە وشە))(107) هەر ئەمەشە وای کردووە لەبەر گرنگی زمان بۆ ئەدەب یەکێکی وەك ڕۆڵان بارت بڵێت:((ئەدەب جگە لە زمان شتێکی دیکە نییە))(108).هەر لە گرنگی زمان بۆ شیعر "نزار قەبانی" دەڵێت: ((زمان منی داگیر کردووە، داگیرکردنێکی سەرتاپایی تەواو لە هەموو لایەکەوە دەوری داوم... گوڵ زمانە، ئەستێرە زمانە، درەخت زمانە، دەمو چاوی ئافرەت و لەش و لاری زمانن پێکەنین زمانە...))(109). واتا کاتێك شاعیر دەوروژێت و دەیەوێت گوزارشت لەو وروژانە بکات، هیچی تر شك نابات تا ڕازی دڵی خۆی پێ هەڵبڕێژێت تەنها زمان نەبێت. ئازاد عەبدولواحید دەڵێت: ((لای خۆشمان یەکێك لە داهێنان و بەخششە شیعرییەکانیان ئەو شۆڕشە بووە کە لە بواری زماندا کردوویانەو لە گۆشە نیگایەکی زیندووە سەیریان کردووەو وەستایەتیان تیا نواندووە))(110). کە باس لە شاعیرێکی مەزنی وەك نالی دەکەین و لە ئاست شیعرە بەرزەکانی دادەمێنین، دەبینین زمانێکی پاراو بەرزی پڕ لە مەجاز و ڕەوانبێژی یەکی بەرز و قوڵی پێ خەڵق کردووە.((هەموو ئەو شاعیرانەی زوو دەکەون و بیر دەچنەوە، ئەو شاعیرانەن کە نەیانتوانیوە بە چاوێکی نوێوە سەیری زمان بکەن))(111). کە بە چاوێکی "نوێ"سەیری زمان نەکرێت وێنەی نوێ و جوانیش دروست نابێت، چونکە ((زمانی هەژاریش بەڵگەی بیرێکی هەژارە))(112).((بێگومان شاعیران وێنەی شیعری و ڕەوانبێژی

بۆ بەرزڕاگرتن و تێگەیشتنی ماناو ڕوونکردنەوەو نزیك خستنەوەیە بۆ گوێگر، جەخت کردنە لەسەر دووبارەبوونەوەی مانای بیر، سەرباری ئەمانە جوانکردنی وشە لەلایەن شاعیرەوە کارێکی هونەرییە))(113). چونکە دەوڵەمەندی زمان و چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەکان لە شێوازێکی جوان، ڕازاندنەوەو جوانی بەبیری شیعرەکە دەبەخشێت."شێرکۆ بێکەس"یش دەڵێت: ((ئەو کاتەی زمان لە حاڵەتی ـ هەڵکورمانەوە ـ بەرەو ـ هەڵفڕین ـ دەچێت، ئیتر فەزاکانی تەفسیرو لێکدانەوەو دەلالەتەکان گەورەو بەرفراوان و فرەلایەن تر دەبن))(114)، وەك چۆن کۆترێك لە حاڵەتی هەڵکوڵمان تەنها بە یەك ڕوو جوانی خۆی دەنوێنێت، بەڵام کە لە شەقەی باڵیدا ئەوا لە ئاسمانی شینی بێکۆتایی جۆرەها هونەر و جوانکاری دەنوێنێت، زمانیش کە چووە ناو دەقی شیعرییەوە ڕەنگ و ڕووی دەگۆڕێت، چالاکتر و فرە ڕەهەندتر دەبێت و لێکدانەوەو تەفسیری نوێ هەڵدەگرێت.

کەواتە ((دەق بەردەوام لەنێو زماندا لە کەشفکردنی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە لەوێوە دەشێت هەموو ئەو ماناو دەلالەتانەی لەخۆ حەشاردا بێت...))(115) و هەر کەسەش بە بۆچوونی خۆی ئەو ماناو دەلالەتانە لێکدەداتەوە تا ماناو دەلالەتەکان زیاتر بن دەقیش زیاتر خۆی خەست دەکاتەوە، لە دەریایەکی قەتیس بووی پڕ نهێنیی خۆی دەنوێنێت و هەر کەسەش بە ماندووبوون و گەرانی خۆی دەتوانێت دوورو بەردی بەقیمەتی تێدا بدۆزێتەوە. "شاعیر"یش ((لە ڕێگەی توانای شرۆڤە و دارشتن و هزری شیعری خۆیەوە زمانی تایبەتی خۆی بەرهەم دەهێنێت))(116). لە ڕێگەی ئەو زمانەوە ئەو ((وشانەی لای شاعیر وەکو و زەخیرەیەکی ئەدەبی هەیە))(117)و لەکاتی هاتنی ئیلهامێکی شیعریدا ئەم وشانە بەپێی بیری شیعرەکە هەڵدەرژێنە سەر پەڕاوی نووسین و شیعرێك دێتە بوون ئەم شیعرەش هەڵگری وێنەیە.((شیعر... چڕکردنەوەی دەریایە مانایە لە کانیاوە ڕستەیەکدا))(118) تا چڕکردنەوەکانیش زۆرتر بن ئەو شیعرە تەم و مژاوی تر دەبێت و زوو خۆی بەدەستەوە نادات و ماناو تەفسیراتی زۆرتر هەڵدەگرێت(( کاتێك کە وشە واتای نوێ بەدەست دێنێت، گەر بە بەسەرچوونی کات، واتا کۆنەکەی (واتای فەرهەنگی) لەدەست نەدا، ئەوا بە کۆن و نوێیەکە فرەواتایی دروست دەکەن، فرە واتاییش لە داماڵینێکی سیاقی ئاخاوتندا، تەم و مژی واتایی دروست دەکات))(119). چونکە ئەم وشانە زیاتر لە واتایەك دەبەخشن و دەقەکەش لێکدانەوەو تێگەیشتنی زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرێت و چڕبوونەوەو خەست بوونەوەی زیاتر پێوە دیار دەبێت، وێنەکانیش جوانتر و فرە ڕەهەندتر دەبن. زانای ڕووسی "باختین" دەڵێت: ((وشەکانی زمان بارکراون بەکۆمەڵێك زانیاری شاراوە))(120). شێرکۆ

بێکەس دەڵێت: ((فەرهەنگی وشە لە گەنجینەکانی یادەوەریدا کۆ ئەبنەوە لە ئەنجامی ئەزموون و خوێندنەوەو تێکەڵاوبوون و شێوە جیاجیاکانەوە زەخیرەی خۆی دەخات. ئێمە ناچین وشە ریز کەین لەبەر دەممانداو ئینجا بنووسین. کە نووسیمان ئیتر وشەکان خۆیان هەڵدەقوڵێن))(121)و جارێکی تر بە خۆیان و بە وێنەی هونەرییەوە لەدایك دەبن و بە بەرگێکی نویێ، بەرگێك کە وێنەی جوانی لەخۆی گرتووە، وشەکان بە ئاوی مەعدەنی سۆز و خەیاڵ و نەست شوراونەتەوەو درەوشانەوەو گەرموگوری دەدەن بە خوێنەر. لەتیف هەڵمەت دەڵێت: ((لەراستیدا وشە خۆی دەفرێکی بەتاڵەو دەبێت شاعیر پری بکات..))(122). ئەو دەفرە بەتاڵەش شاعیر بە زیرەکیو زەین رەوونی خۆی دەتوانێت بە یاقوت و زمروت و دوور و مەرجان و لوئلوئو بەردی بەقیمەت پری بکاتەوە، کە بە ماناش پڕ کرایەوە ئەو دەفرە بەهای دەبێت و لە شوێنی بەرز و نایاب هەڵدەگیرێت، چونکە زمان ئەو دەفرە کراوەیە شاعیر دەبێت لێوان لێو پری بکات لە بیر و هەست و نەست و مۆسیقاو سۆز و خەیاڵ و واقیع، ئەگەر نەتوانێت لە مانە پریان بکات ئەوا هەرچەندە فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەند بێت شیعرەکەی گەرموگوڕو بە بەهاو بەپێز دەرناچێت. شێرکۆ بێکەس لەم بارەیەوە دەڵێت: ((وشە تەنها خۆی دوور لە رستەو دارشتنو وێنەو خەیاڵو ماناو ئاهەنگی سێبەرو هەتاوی، لەو خشتانە ئەچن نەکراون بە هیچ))(123)و هەموو کەسێك بەکاریان دەهێنن ، بەڵام تەنها شاعیرە بەرزەکان دەزانن کۆشك و باڵەخانەی بەرز و جوانیان لێدروست بکەن، شاعیرێك بە بەهرەو توانایەکی بچووکەوە تەلاری بێبناغەو بچووکی پێ دروست دەکات، شاعیری بەهرەدار بە سۆزێکی گەرم و ئەزموونێکی زۆر و ئەندێشەیەکی فراوان تەلاری بەرز و باڵەخانەی هەزار نهۆمی لەسەر بناغەیەکی تۆکمەو قایم دروست دەکات، سەری دەگەیێنێت بەنێو هەور و هێر و ئاسمانی بێکۆتایی. ستیڤن مالار مییە دەڵێت: ((شیعر لە وشە دروست دەکرێت نەك لەبیر))(124).راستە کاتێك دەقێکی شیعری بخوێنیتەوە لە وشەو زمان پێکهاتووە، بەڵام ئەم وشەو زمانەش دەرهاویشتەی یەکەم تروسکەی بیرە دواتر لایەنەکانی تر بەشداری دەکەن و هەموویان لە جەستەی دەقێکی شیعریدا کۆ دەبنەوە. هەموو زمانێك کۆمەڵە پیتێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام بە گرێدانی ئەم پیتانە بە هەزاران وشەوە وشەی لێ دروست دەبێت شاعیر دەتوانێت لەرێی ئەو هەزارەها وشانە ژمارەیەکی بێکۆتایی وێنەی هونەری دروست بکات، هەتا دونیا و شیعر بمێنێت "شاعیرانیش" دەتوانن وێنەی هونەری نوێی بێکۆتایی دروست بکەن. راستە زمان بربڕەی پشتی شیعرە، بەڵام هیچ شتێکیش تەنها بە پشت تەواو نابێت، بەڵکو دەبێ ئەندامەکانی تری لەش لەگەڵیدا بلکێن، تاوەکو و

مرۆڤێك یان بوونەوەرێكی كامڵ و پڕ چالاكی و دروستی لێ پێكبێت.

زمانی "شیعری"ش لەسەر دەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە لە شیعری كلاسیكی كوردی وا باو بووە كە وشەی كوردی و عەرەبی و فارسی و تەنانەت "توركی"ش تێكەڵ بكرێت بۆ دارشتنی شیعر. تا چارەكی یەكەمی سەدەی بیستەم ئەمە درێژەی كێشا، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات شاعیرانی وەك: پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران... هتد هەوڵیاندا ئەو زمانە پاك بكەنەوەو هەنگاوەكە بەردەوام بوو، هەڵبەتە ((تا پێش گۆران وازان ئەكرا كە ووشەی پەتیو ساكاری كوردی شیعری بەرز ناووترێت. بەڵام بەهۆی ئسلوبێكی كە دایهێنا لە (فەن)ی شیعرا، گۆران، ئەم باوەڕەی گۆڕی))(125). ئەو هەنگاوە مەزنە نراو شاعیرانی كوردیش لە دەریای فراوان و بەرینی وشەی كوردی پەتی قوڵبوونەوەو كە ئێستا گەیشتۆتە بەرزترین ترۆپك و دوند.

## 2 - بیر (Idea)

بیر تیشكێكە بە ئەقڵی شاعیر دادێت، ئەگەر نەخشەی بۆ دانەرێژرێت و بەرز نەبێتەوە بەرە و خەیاڵ و پێكهاتەكانی تری وێنەی هونەری بەشداری تێدا نەكەن ئەوا وەك هەموو ئەو بیرانەی لێدێت كە رۆژانە بەنێو مێشكی كەسانی ئاسایی دادێت و نابن بەشیعر.

بیر وەك چرۆی درەختێكی تازە پشكتووە و خەندەی ئایندەیەك و داهاتوویەكی پڕ گەڵای سەوز و بەری جوانی پێوەیە، بەڵام ئەگەر ئەم چرۆیە پەروەردە نەكرێت ئەوا هەر زوو دەچێتەوە ناو قاوغی خۆی و زەرد هەڵدەگەرێت و وشك دەبێتەوە، بۆیە ئەم چرۆیە پێویستی بە ئاو و خۆراكی ئامادەكراو هەیە، ئەم ئاو وخۆراكەش سۆز و ئەندێشە و پێكهاتەكانی تری وێنەی هونەرییە، كەوا جەوهەر و بەها بە بەرهەمە ئەدەبییەكە دەبەخشن، هەموو شیعرێك لە پێكهاتەیدا بیری تێدایە كە چوارچێوەی شیعرەكە پیشان دەدات و دەبێتە بابەتی شیعرەكە.

بیر و هەموو لایەنەكانی سۆز و هەست و نەست و خەیاڵ وێنەیەكی هونەری جوان بەشیعرەكە دەدەن. بیر هەوێنی هەموو ژانرێكی (ئەدەب) ییە، چونكە ئەو بیرە كە دروست دەبێت چیرۆك نووسێك دەتوانێت بیكات بەچیرۆك هەمان (بیر) یش شاعیرێك دەتوانێت بیكات بە شیعر (وێنەكێش)ێك دەتوانێت بیكات بەتابلۆیەك واتا هەوێن و خەملاندن و گۆڕین و دارشتن و خەیاڵاویكردنی ئەم (بیرە)ەش لە ئەستۆی نووسەرە بتوانێت بەچ قاڵبێك دایبڕێژێت و بكەوێتە كام خانەی ئەدەبەوە زۆرجار بیرێكی بەرز دەكەوێتە قاڵبی شیعرێكی

سادە، چونکە پێکهاتەکانی تری وێنەی هونەری بەشدارییەکی زۆر چالاك و باشیان نەکردووە لە دارشتن و خستنە رووی ئەم بیرە. بیر بەشێوەیەکی هونەری بەتەنها گەشە ناکات، بەڵکو دەبێت هەموو پێکهاتەکانی تریش بەشدارییەکی بەرز بکەن، ئینجا بەهەموو پێکهاتەکانی ئاوێتەی یەکتر دەبن و لە جەستەی دەقێکی شیعری خۆیان نمایش دەکەن ((بیر پێکهاتەیەکی سەرەکی وێنەیە))(126) ، چونکە بیر ئەو بڵێسە ئاگرە سەرەتاییە کە بەردەبێتە خەیاڵ و سۆزی شاعیر و وردە وردە پەرەدەسەنێت، تا دەبێتە ژانێك و هەژانێك، ئەم هەژانەش هەڵچوونێك دروست دەکات و لەگەڵ سۆز و خەیاڵدا تێکەڵ دەبێت و لە شێوەی دەقێکی هونەرییەوە دەردەبرێت، چونکە بیر یەکەم تروسکەی ئیلهامە کە بابەتە شیعرییەکە بەخەیاڵ و سۆز دەناسێنێت و دەیداتە دەستیان ئیتر ئەوان بەدوای بابەتەکە دا دەرۆن و تاوتوێ و مشت ماڵ و جوانکاری تیادەکەن، (زمان)یش رۆڵێکی باش دەبینێت لەجوانکردن و فرەماناکردن و بەشیعرکردنی ئەم بیرە. روبیرت فروست دەڵێت((شیعر بیرۆکەیەکە لەئەنجامی کردارێکەوە خۆی دەنوێنێت و دەردەکەوێت))(127) بێگومان هەموو شیعرێك سەرەتا بیرۆکەیەك بووە و بەمێشکی شاعیردا هاتووە و دواتر نووسراوە و فراوانکراوە و قاڵبی شیعری وەرگرتووە، چونکە هەر شیعرێك بخوێنینەوە بیری تێدایە و شتێك دەگەیێنێت، وێنەی هونەریش هەڵگری بیرە بۆیە ئێمە چێژی لێ وەردەگرین. (( بیر بزوێنەری رووداوەکانە، لەناو هەناوی رووداوەکان لەدایك دەبێت، ئەنجامێکی حەتمی لۆژیکییە تێکەڵ بەژیان ململانێکان دەبێت، زۆر بەسەر لیشێواوی لەدایك دەبێت، مێشکی خوێنەر دەوروژێنێت، خوێنەر بۆخۆی رادەکێشێت و ئاوێتەی دەبێت ))(128). هەر خوێنەرەش بەپێی چێژی خۆی جۆری دەقەکان هەڵدەبژێرێت، ئەو دەقانەی پێخۆشە کە ، لەگەڵ هەست و سۆزی سەودا دەکەن و لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی دەگونجێن و زیاتر بەدوای ئەو دەقانەدا وێڵە کە، لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی ئەودا دەگونجێت. ((بیر ئەو بیر و باوەڕەیە کە نووسەر ئەیەوێت بیگەیێنێتە خوێنەر ئەمەشیان یەکەم بنەڕەتی هونەری ڕازی کردنە))(129). ئەم بیرانەش دەبێت بەشێوەیەکی جوان و ڕازاوە بخرێنە روو بۆئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆخۆی رابکێشێ و وای لێ بکات بەپەرۆشەوە بەدوای نهێنییەکانیدا بگەڕێت، هەموو شیعرێکیش هەڵگری بیرۆکەیەکە کەخۆی لەدوو توێی وێنەیەکدا دەنوێنێت. هەندێ جار بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەندێ جاریش بەشێوەی ناراستەوخۆ واتە حەشاردراو ئەوسا خوێنەر دەبێت خۆی لەگەڵدا ماندوو بکات و هەوڵ بدات بیرۆکەکە لەنێو پەسارگەکانی وێنەکەدا بدۆزێتەوە، دیارە ئەم کارەش لەلای خوێنەرێکی ڕاهاتوو خاوەن زەمینەیەکی ڕوشنبیری زۆر گران نییە، بەڵام بۆ خوێنەرێ کەلە خوار ئەوەوە بێت

گەر ئاستەمیش نەبێت ئەوا ماندوو بوونێکی زۆری دەوێت. هەموو ((نووسینێك لە هەر جۆرە بابەتێك بێت پێویستی بەهەندێ بیر هەیە، مەحاڵە بتوانین سادەترین ڕستە بەبێ بیربنووسین))(130). بێگومان دارشتنی سادەترین ڕستە بیرکردنەوەیەکی دەوێت، با ئەو بیرە سادە و ساکاریش بێت و ڕستەکە بیرێك لە خۆی دەگرێت ئەگەر ڕستە (سادە)ش بێت بیرێك لەخۆی نەگرێت ئەوا ڕستە نیە، چونکە لێکدانی کۆمەڵە وشەیەك لەسەر بنەمای ڕێزمانی شتێك دەگەیێنێت کەواتە سادەترین پێناسەی ڕستەش ئەوەیە (ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە بەسەریەکەوە مانایەکی تەواو دەبەخشێت) ، کەواتە هەموو نووسینێکی ئەدەبی و نا ئەدەبی لەسەر بنەمای بیر دەنووسرێت، دیارە ((وشە مانای شتێك دەگەیێنێت، بەڵام مەرج نیە لەزمانی شیعریدا ئەم مانایە ببەخشێت، بەڵکو ئامانجی شیعر دەربرینی وێنەیەکی شیعری یە)) (131). چونکە شیعر زمانی مەجازە بۆیە وشەکانیش واتای تر دەبەخشن وشەکانیش هەر واتایەك ببەخشن و هەر جۆرە لێکدانەوەیەك هەڵبگرن چوارچێوەی بیری شیعرەکە دەردەخەن. کەواتە ((ئەو بیرۆکەیەی کە شاعیر لەلای دروست دەبێت و دەیەوێت لەرێی چەند وشەیەکەوە بیگەیێنێتە خوێنەر )) (132)، ئەم چەند وشەیەش دەبێت خۆیان لەرەنگەکانی سۆز و هەست و نەست وخەیاڵ.... هتد هەڵکێشن و بەرەنگی جوان و بریقەدار خۆیان پیشان بدەن، تاوەکو ئەم بیرە لە دەربرینێکی ئەدەبیدا خۆی ببینێتەوەو سەرنج ڕاکێش بێت، چونکە بیری بەرز و سیحراوی و بیری نوێ و داهێنەرانە ناوەرۆکێکی نوێیە بۆ هۆنراوە و شاعیریش دەبێت هەمیشە بەدوای بیری نوێدا بگەرێت یان بیرە کۆنەکان بەبەرگێکی سەردەمیانە پیشان بدات، چونکە شیعر هەرچەندە بەهێز بێت، بەڵام بیرەکەی بیرێکی کۆنەپەرستی و تێکدەر بێت ئەوا ئەم بیرە ناتوانێت سنوورەکان بەزێنێت و خۆی بگەینێتە دڵی زۆرێك لەخەڵك، چونکە بیر ئەو بۆیە و رەنگەیە کەسەر تاپای شیعرەکە پیشان دەدات و لێی جودا نابێتەوە ئەگەر بمانەوێ بیری شیعرێك بگۆرین ئەوا دەبێت تەواوی شیعرەکە وەلا بنێین، چونکە بیر بناغەی شیعرە و هەموو پێکهاتەکانی تری لەسەر ڕاوەستاوە بەکێشانەوەی بیر لە هۆنراوە پێکهاتەکانی تریش دەروخێن .((ڕاستە هۆنراوە فەلسەفە نیە تا بەڵگەی لۆجیکی بۆ خستنەرووی مەبەستەکانی بەکاربهێنێت، بەڵام هەموو هۆنراوەیەك بەلامانەوە دەبێت خاوەن بیرێك بێت لەرێی وێنەکانیەوە بیخاتەروو)) (133)، چونکە وێنەی هونەری هەڵگری بیرە ئێمە لەرێی وێنەکانەوە بیری هۆنراوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت چێژیش لەم بیرانە وەردەگرین هەموو پێکهاتەکانی شیعریش لەخزمەتی بیردایە شاعیر دەیەوێت بەجوانترین شێوە ئەم بیرانە بخاتە ڕوو بیگەیێنێتە دڵی خوێنەرانەوە. ڕۆسو دەڵێت:((ئەگەر خەونەکانم ببێتە

شتێکی ڕاستەقینە و هەمووشی لە واقیعدا بێتەدی ئەوا هێشتا دابین نابم پێی، بەڵکو لەمە زیاتر بیر دەکەمەوە خەودەبینم، چونکە ئارەزەوو ڕەغبەتم سنووری بۆ نییە، لەدەروونمدا هەست بەبۆشاییەك دەکەم هەرچەند دەکەم بەهیچ شتێك بۆم پڕنابێتەوە )) ((134)).

بێگومان شاعیریش هەمیشە لەبیرکردنەوە دایە بۆئەوەی بیرێکی جوانی لا گەلاڵە بێت و بەشیعر دەریببڕێت، بەڵام کە ئەم بیرەی بەشیعرێکی زۆر جوان و ڕازاوە دەربڕی ئیتر لەوێوە کۆتایی نایێت، بەڵکو هەمیشە بەدوای بیری نوێ و ئیلهامی نوێ دەگەڕێت بەم شێوەیە شیعر دەبێت بە ئاو و خۆراك و پیشەیەك شاعیر دەست بەرداری نابێت و پرۆسەی بیرکردنەوەش لای شاعیر هەر بەردەوام دەبێت.

أنیس المقدسی دەڵێت:((بیر هەست کردنە بەکارتێکراوەکان، یان زانینی دەوروبەرمانە لەجیهانی هەست و گیاندا و تێرامانە تیایدا )) (135))، چونکە شاعیر بەر لەوەی دەست بداتە قەڵەم و شیعرێك بنووسێت پێشتر چوارچێوەی نووسینەکەی دەزانێت و نەخشەیەکی سەرەتایی بۆ کێشاوە، ئینجا دەست دەکات بە دەربڕین ((دیارە واتاش گرنگیەکی گەورەی هەیە لەناو دەقدا، هەرچەندە واتاکەی لاواز بێت ئاستی دەقەکەش لەگەڵیا نزم دەبێتەوە))(136)، چونکە بیر و واتای شیعرە و جەوهەری سەرەکییە، هەڵبەتە شاعیری سەرکەوتوو ئەو شاعیرەیە لە وەتەری ئەو بابەتانە دەدات کە کۆمەڵگە تێیدا دواکەوتووەو ڕێگای چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە و تیشك دەخاتە سەر جوانییەکانی ژیان بیری نوێ و داهێنەر لەمێشکی خوێنەران دەچێنێت بەبیری بەرز و جوان وێنەی بەرز و قەشەنگ دەهۆنێتەوە .احمد الشایب دەڵێت:(( پێوەری وێنەی ئەدەبی هێزی گواستنەوەی بیر و ئەندێشە و سۆزە بەئەمانەت و وردبینییەوە ئەوەش پێوەری ڕاستەقینەیە )) (137). احمد محمد الصوفی لەو بارەیەوە دەڵێت:((وێنە لەشیعردا ئەو شێوەیەیە کە سۆزی شاعیر تێیدا دەتوێتەوە و بەرجەستەی بیر و ڕاکانی دەکات و دەست نیشانی ئەو شتەش دەکات کە دەیەوێت بیگەیەنێت، ئەو دەربڕینە کە هەست و بیری شاعیر دەگوازێتەوە)) (138)، چونکە شیعر پێکهاتەی بیر و خەیاڵ و هەست و سۆزی شاعیرە، شاعیر دەیەوێت لەڕێی شیعرەوە چ بیرێکی بەمێشکی دادێت دایڕێژێت، بیرەکان و ئایدۆلۆجی خۆشی بەخوێنەری شیعرەکانی بناسێنێت، جا ئەو بیرە لە ناو وێنەیەکی جوان و قەشەنگدا دەخاتە ڕوو زۆر جار جوانی و دڵرفێنی وێنە خوێنەر زیاتر بەرە و بیرەکە ڕادەکێشێت وا دەکات زیاتر بە دوایدا بگەڕێت تا بگاتە مەبەست.

## 3 - ئەندێشە "imagination "

ئەندێشە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە، هەر شیعرێك ئەندێشەی تیا نەبێت لەقسەی ڕۆژانە نزیك دەبێتەوەو لە شیعریش دووردەکەوێتەوە، چونکە ئەندێشە لەپێکهێنانی شیعردا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. ((خەیاڵ گەوهەری سەرەکی و توخمی نەگۆری شیعرە شتێکە کە لە وزەی خەیاڵ کردنەوە بەرهەم دێت)) (139). شیللی گرنگییەکی زۆری بەخەیاڵ دەدات لە ئاستێکی بەرز دەیبینێت و خەیاڵی بەخودا لەقەڵەم دەدات کە پێغەمبەرەکەشی هەر خۆیەتی (140)، هەر ئەندێشەیە دەتوانێت بابەتەکانە ڕەنگاو ڕەنگ بکات و ڕەنگ و سیمای جوانیان پێببەخشێت و لە جێی خۆیان بەرزیان بکاتەوە و باڵیان بۆ برسکێنێت و بیگەێنێتە حەفت تەبەقەی ئاسمان شتی مردوو زیندو و بکاتەوەو روحێکی ئەفسووناوی یان پێببەخشێت و بیفرێنێت بۆ ئەو دیوی ئەقڵ و سەرسامی و چێژ و گەرم وگوری بەخۆێنەری دەق بدات، خەیاڵ ئەو بەرگە روون و تەنك و ناسکانە بۆپەری شیعر دەدورویت، هەر خەیاڵە ئەو هەموو جوانکاری و بەرزە فرییە بەپەری شیعر دەبەخشێت. خەیاڵ هەموو سنوورەکان دەبڕێت بە ئارەزووی خۆی بابەتەکان دەرازێنێتەوە و دەیان خەملێنێت.((خەیاڵ تەنیا ڕۆڵی جوانکاری نابینێت لەشیعردا، بەڵکو شیعر زیاتر پڕ ماناو فراوانتر دەکات )) (141). خەیاڵ لەشیعردا لێکدانەوەیەکی مەزن و فرە لایەن بەخۆیەوە دەگرێت شیعرێك خەیاڵی زۆری تیدابێت ئەوا جوانتر دێتەبەرچاو و خۆی بەئاسانی بەردەست نادات و تێرامان و وردبوونەوەی دەوێت لەهەمان کاتیش لێکدانەوەو مانای زۆر لەخۆ دەگرێت، وەك چۆن باڵندەیەکی بەرزەفڕ بەنێو ئاسمان و پەڵە هەورەکاندا لە شەقەی باڵ دەدات و بینەریش دەخاتە کەڵکەڵەی سەیرکردن و تێرامان، لەهەمان کاتیش شیعرێك خەیاڵی کەم تێدابێت وەك مەلێکی باڵ شکاوە و تەنها لەسنوورێکی دیاریکراو دەسورێتەوە و ناتوانێت کوێستان و گەرمیان بکات و ڕەنگ و ڕووی بگۆرێت و نەغمە و چریکەی بەگەردوون و مانگ و ئەستێرەکان بسپێرێت جا ئەو خەیاڵە مەزنە دروست کەری وێنەی شیعرییە ((وێنە لەدایك بووی خەیاڵە و خەیاڵیش دانەری بنەمای وێنەی ئەدەبییە )) (142) کاتێك شاعیر دەست دەکات بەشیعر نووسین لەم جیهانە بەرز دەبێتەوەو بەرەو جیهانی خەیالات دەفرێت و لە وێوە وێنەکان وەدەست دێنێت، چونکە ئەگەر ئەو بیرەی کە بۆ شاعیر هاتووە، لەگەڵ خەیاڵدا جوان نەشێلدرێت و ئاوێتەی یەکتر نەبن وەك ماری عاشق و ماشق ئاوێزانی یەکتر نەبن ئەوا بیرەکەی بەکاڵی و سادەیی دەمێنێتەوەو لەپەلو پۆ دەکەوێت، هەر لەم بارەیەشەوە کۆلیریدج دەڵێت ((بەخەیاڵ بابەتێکی تێر و تەسەل

و کامل و ئاڵۆز دەنووسرێت)) (143). خەیاڵ بابەتەکە مشت ومال دەکات و لەهەمان کاتیشدا جوانی و قەشەنگی وێنەی شیعری دەپارێزێت بەردەوامی پێدەبەخشێت ((خەیاڵ تەری و تازەیی وێنە دەپارێزێت و گەشکە و لەزەت بەرۆح دەبەخشێت )) (144). شیعری کەم خەیاڵ وەك تەنکە هەوری پەرش و بلاو جێ بەجێیە ناتوانێت بارانی سۆز بە سەر دڵ و دەروون دابارێنێت و کانیاوی هەستەکان پاراو بکات و دڵ بخاتە فوارەی هەڵقوڵین، هەڵبەتە شیعر تاچەند خەیالاوی بێت ئەوەندە زیاتر دەرژێتە سۆزی خوێنەر و خۆشی پێدەبەخشێت.

کەواتە ((ئەگەر خەیاڵ نەمێنێت، هیچ جۆرە پێشبینیەکیش نامێنێت کەرەنگە بەهەوێن و ماکی بەردەوامبوون بژمێردرێت، چونکە هەر خەیاڵە بەبێ وچان لەرێگەی وێنەی تازەوە خۆی بەرهەم دێنێت و خۆی دەوڵەمەند دەکات بۆیە نابێت بەزێدەرۆی گەر بگوترێت هەموو دەستکەوتە ژیانیی وژیارییەکان بەوێنەی شیعریشەوە، زادەی خەیاڵن )) (145)، چونکە مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بیری لەگۆران کاری و پێشکەوتن کردۆتەوە و نەخشەی ژیان و داهاتووی خۆی دارشتووە و بەخەیاڵیش لێکدانەوەی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان کردووە، بەتێپەربوونی کاتیش زۆر لەخەیاڵەکان بووین بە واقیع. وێنەی هونەریش لە هەموو رەگەزەکانی شیعری خۆراك وەردەگرێت تاوەکو گەشە بکات، بەلام لەنێو منداڵدانی خەیاڵ لەدایك دەبێت. ((وێنەی شیعری کەلە دەریای خەیاڵەوە بناوان هەڵدەگرێت، ئەبێ دووربێت لە رووخسار و شێوازی راپۆرتی راستەوخۆ)) (146) زمان بەهۆی ئەو هەموو خەیالانەوە بەرەو زمانی مەجاز دەروات و لەزمانی ئاسایی خەڵك بەرز دەبێتەوە بۆ زمانی ئەدەب، هەموو ژانرەکانی ئەدەبیش بەرهەمی خەیاڵن. خەیاڵ هەوێنی هەمووکارێکی ئەدەبییە، لەوەسفە ئەدەبیەکاندا رۆڵی بالای هەیە، رۆڵی جوانکردن و بەهێزکردنی دەقە ئەدەبیەکان دەبینێت(147). ((ئەگەر زمان بۆ بنیادی کردەکانی خۆی پێویستی بەجۆرێك لە تێپەراندن هەبێت، ئەوا فەنتازیا باشترین دەستەواژەیە لەبەردەم زماندا بۆ تێپەراندن)) (148)، چونکە فەنتازیا دەتوانێت هەناسە بەزمان بدات و لەهەناسە تەنگی و کورت بینی رزگاری بکات و وای لێبکات دونیایەکی فراوانتر و چڕ و پڕتر نیشان بدات. (نیچە) لەو باوەرەدایە:((گەر خەون بینین نەبووایە هیچ هۆکارێکی تر نەدەبووە هۆی دابەش کردنی دونیا بەسەر دوو دونیادا)) (149). کولیدریج دەڵێت: ((خەیاڵ بەرهەم هێنە و شتی تایبەت بەخۆی بەرهەم دێنێت لەو کاتەی کەوا یاساکانیشی زۆر بەهێزن لەگەشەکردن و بەرهەم هێناندا)) (150). بەزاندنی ئەو یاسایانەیە کە مرۆڤ بە خەیاڵ بەرەو جیهانێکی تر دەرواو مەبەستەکانی تیا بنیات دەنێت بۆیە ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەکەوێتە خەیاڵ کردنەوە لەو دونیایە دادەبڕێت و بەرە و

دونیایەکی تر دەروات لەو دونیایەش بەئارەوزووەکانی دەگات و نەخشە بۆ ژیان دەکێشێت و هەست بەوە ناکات ئێستا لەکوێیە  و لەکێ وەستاوە کاتێك بەهۆش خۆی هاتەوە ئیتر خەیاڵەکەش دەپچڕێت. ئەو شتەی لە واقیعدا نەکرێت و بوونیشی نەبێت مرۆڤ بەخەیاڵ پێی دەکات، کەواتە مرۆڤ لەبوونی خۆی حەز بە خەیاڵ کردن دەکات ((لەکاری هۆنراوەدا، ئەندێشە ڕۆڵێکی گەلێك گرنگ دەبینێت، هەر بەهۆی ئەندێشەوە، گەلێ بەرهەمی ناسك ونایاب، لەلای هۆنەران لەدایك دەبن))(151). خوێنەرانیش چێژ لەو ئەندێشەیە وەردەگرن و ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوان دەکات بەرەو خەیاڵاتیان دەبات، چونکە مرۆڤ ئارەزوو لەخەیاڵ کردن دەکات، شیعری خەیاڵاویش هۆکارێکە بۆ تێرکردنی ئەم ئارەزووە. جگە لەوە ((پێناسەی ئەدەب پشت دەبەستێت بە جۆر و تایبەت مەندێتی ئەندێشەی ئەدەبییان قوتابخانەی ڕەخنەیی  کەوا خوێنەر یاخود ڕەخنەگر بەدەستی دەهێنێت))(152). شاعیری باش بەخەیاڵی تازە و زیندوو شیعرەکانی زۆر دەوڵەمەند و بەپێزتر دەکات، وێنەی سەرکەوتو دروست دەکات و مەبەستەکانی خۆی دەردەبرێت، و لەگەڵ هەست و نەستی خوێنەرانیش دەیگونجێنێت(153). کۆلریدج (1834-1773) بەم شێوەیە پێناسەی خەیاڵ دەکات ((خەیاڵ ئەو هێزەیە دەتوانێت گونجاندنێك لەنێوان ماکە ناتەباکان دروست بکات)) (154)و ڕێکیان بخات و بەشێوەیەکی بەرز و سیحراوی پیشانیان بدات. لەبەر گرنگی ڕۆلی ئەندێشە وتراوە((ئەگەر ئەندێشە نەبێت بەیان و ئەدەب ئەوەستێ، چونکە گەر ئەندێشەکە نەچێت پەیکەری بۆ دروست بکات پاشان وشەکان دەری ببرن، وشە بەتەنها ناتوانێت  بچێت ئەو گوزارانە بێنێت و بەشێوەیەکی کاریگەر بیانخاتە ڕوو)) (155)، چونکە شاعیر کە کەوتە دونیای خەیالات و تێرامان وێنەی شیعری بۆ هات ئەوسا بەزمان ئەم وێنە و خەیالاتانە دادەڕێژێت و زمان دەبێتە ناوەندێك و بنکەیەك بۆ لەئامێزگرتنی ئەو وێنە و خەیالاتانە.((بۆئەوەی دەق خۆی لەیەك ڕاڤە کردن بپارێزێت، پێویستە حاڵەتە مەئلوفەکانی ژیان بەشێوەیەکی نامەئلوف نیشان بدات، واتە لەسەر وەتەری خەیاڵ وتێکشکاندنی ڕیتمی زمانەوانی و گەران بەدوای فۆرمێکدا کاربکات کە جێگەی ئاماژە و دەلالەتەکانی شاعیری تێدا ببێتەوە))(156).ڕازە دەروونیەکانی شاعیر لە دەقێکدا خاڵی ببنەوە، بەڵکو بۆ کاری ئەدەبی خەیاڵ ڕۆڵ دەبینێت لە فراوان کردنی بابەتەکان و جوان کردن و گێڕانەوەی واقعیەتی ژیان.

ئەدۆنیس دەڵێت: ((هەوڵێکی زۆرم داوە لەبنیات نانی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان وشە و شتەکاندا، لەنێوان مرۆڤ وگەردووندا، یاخی بوون لەئەدەبدا ڕەت کردنەوەی هەموو

دەسەڵاتێکە، شاعیر ناتوانێت رازی بێت بەو شتانەی وەکو خۆی بوونی هەیە، بەڵکو دەبێت تێپەڕاندنی شتەکان بکات))(157). چونکە ئەگەر شاعیر رازی بێت تەنها بە و شتانەی کە هەن و تێپەڕاندنی شتەکان نەکات ئەوا ناتوانێت داهێنان ئەنجام بدات و وێنەی نوێش بەرهەم بهێنێت، یاخی بوونیش بۆ شاعیر دۆزینەوەی پەیوەندی نوێیە لەنێوان وشە و شتەکان. ((ئەندێشە رۆڵی گرنگی لەچنینی دەقی شیعریدا هەیە و هێزی دەروونی شاعیرە))(158). شاعیر تا چەند ئەندێشەی بەر بلاو فراوان بێت ئەوەندە دەتوانێت شیعرەکانی بەهێز نیشان بدات و تێپەڕاندن و ئەفراندن بکات، چونکە ((خەیاڵ رۆڵی بەرهەم هێنانی ئەدەبێکی بەهێز دەگەینێت)) (159). بێ گومان ((وێنە خەیاڵیەکان بەردەوام یەکێك بوون لەبنەماترین رەگەزەکانی شیعر)) (160). بۆیە دەبینین شیعری بەرز و جوان ئەو شیعرانەن کە خەیاڵی فراوان و داهێنەریان تێدایە، چونکە تا شاعیر خەیاڵی فراوانتر بێت دەتوانێت وێنەی نوێ بهێنێتە دونیای بوونەوە، خەیاڵیش هیچ بەربەست و سنوورێکی نییە خەیاڵی شاعیری بەهرەمەند وەك ئەو مەلەیە دەتوانێت زۆر بەرەو بەرزی بفرێت، چونکە ئاسمان بێ کۆتاییە مەلی خەیاڵیش ئازادە بەگوێرەی تواناکانی خۆی باڵەکانی لێکبدات و بەنێو ئاسمانی خەیاڵدا بەرز بێتەوە هەر کەسە بەجۆرە باڵندەیەکی دابنێت و دووربینی خۆی بخاتە کار و لێکدانەوە لەسەر هونەری ئەم فرینە دوور و نزیکی لەرووی زەوییەوە... هتد دیاری بکات، بەمەش دەق فرە رەهەند و چێژ بەخش تر دەبێت.

نوڤالیس دەڵێت: ((شیعر ئەو زامانە سارێژ دەکات کە ئەقڵ بەجێیان دەهێڵێت)) (161). کەواتە شتێك ئەقل بەجێی بهێڵێت دەبێت بدرێتە دەست خەیاڵ خەیاڵیش لەسنووری لۆژیك دەردەچێت و بەئارەزووی خۆی نەخشەی بۆ دەکێشێت و چارەسەری زامەکان دەدۆزێتەوە. لەم بارەشەوە شیلەر دەڵێت:((زمان بەپێوەری عەقڵ هەموو شتێك دەردەبرێت، بەلام پێویستە شاعیر بەپێوەری خەیاڵ شتەکان دەربرێت)) (162)، چونکە زمانی شیعر زمانێکی خەیالاوییە و زمانێکی رەها و موجەرەد نییە، بەڵکو زۆربەی وشەکان خوازەن بۆ شتی تر. کامل بەسیر دەڵێت:((ئەندێشە رەگەزێکی یەکجار گرنگە لەرەگەزەکانی وێژە، چونکە بەهۆیەوە ئەم چالاکیە ئادەمیزادانەیە، لەزانست جیا دەکرێتەوە، هەروەها شوێنەوارەکانی کەسایەتیی و ژینگەی وێژەر دەردەبرن و رێگەیەکە بۆ هەست و نەستی خوێنەران)) (163). لەتیۆری توانا و هێزە عەقلیەکان واهاتووە ((عەقڵ لەچەند هێز و رووبەروو ناوەندێکی تایبەت و جیا لەیەکتر پێکهاتووە کە گرنگترینیان یادگار و هزر و ئەندێشە و سەرنجدانە و هەریەکەیان خۆراکی رۆشنبیری تایبەت بەخۆی هەیە خۆراکی هزر مادەی ماتماتیکە و،

خۆراکی یادگار مادەی مێژووە و، خۆراکی ئەندێشە مادەی ئەدەبە و بەتایبەتیش شیعر)) (164)، چونکە ئەندێشە لەژانرەکانی ئەدەب بەگشتی لەشیعریش بەتایبەتی دەتوانێت تێر خۆراك بێت و گەشە بکات هەڵبەتە لەزانست و بوارەکانی تری نووسین ئەندێشە ناتوانێت وا بەئاسانی قۆڵی لێهەڵمالێت و بەئارەزووی خۆی تەخشان و پەخشان بکات، بەڵکو سنووری زۆر بەر تەسکە تەنها لەبواری ئەدەبیات و شیعر نەبێت کە دەتوانێت سەرکێشییەکی زۆر بکات و شیعریش بگەیێنێتە دوا مەنزڵ و ترۆپکی ئەفراندن. خەیاڵ رۆڵێکی زۆر دەبینێت لەنووسینی شیعر و لەپێشخستنی وێنەی هونەریدا، هەموو بیرەکان لەرێی خەیاڵەوە بەجوانی نیشان دەدرێت(165). هەڵبەتە ((وێنە وابەستەی ئەندێشەیە پەیوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵدا هەیە، یەکەم پێگە و بنەمای دروست کردنی تایبەتمەندی کاری داهێنانە، هەموو رەخنەگرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەندێشە سەرچاوەی وێنەیە لەئەدەب)) (166). بێ گومان وێنەی لاوازیش ئەو وێنەیەیە کە هاکەزایی و سەرپێیی وتراوەو بەئاوی سۆز نەشۆراوەتەوە بەناو جیهانی ئەندێشە زۆر شۆرنەبۆتەوە. هەڵبەتە کامیرای خەیاڵ وەك کامیرای ئاسایی و جامی جەم نیە هەر تەنها شتی بینراو نیشان بدات، بەڵکو شتی وانیشان دەدات کە بۆ یەکەم جار کەوتۆتە بەرچاو و خەملاندن و وێنەش بۆ شتە نەبینراوەکانیش دەکێشێت.((زۆر جیاوازی نییە لەنێوان ئەدەبی بەرز و ئەدەبی ئاسایی تەنها لەرووی هێزی داهێنانی ئەندێشەیی نەبێت)) (167)، چونکە ئەندێشە خۆراك و هێز بەپێکهاتەکانی تری شیعری دەدات شیعرێك ئەندێشەیەکی بەربڵاو فراوانی تێدابێت بێگومان لەرێگای مەجاز و زمانەوە ئەم ئەندێشە بەربڵاوە پەیدابووە، شیعری پر ئەندێشە بەزمانێکی بەرز خۆی دەنوێنێت شیعرێك ئەندێشە و خەیاڵاتی زۆری تێدابێت گەرم و گوری بەدەق دەدات و شیعر بەشکڵ و بیچمێکی جوان نیشان دەدات.((ناکرێت لەباسی وێنەی شیعریدا باسی خەیاڵ نەکرێت، چونکە خەیاڵ وەکو رەگەزێکی گرنگی شیعر رۆڵێکی بنەرەتی دەبینێت لەچەندین دارشتنی وێنەی شیعریدا)) (168). ئەو رۆڵە بنەرەتەش نەك لەچەندین دارشتنی وێنەی شیعریدا، بەڵکو لەهەموو دارشتنێکی وێنەی شیعریدا رۆڵ دەبینێت، بەڵام ئەوەندە هەیە، لەهەندێك شیعردا خەیاڵ کەمە و لەهەندێکی تر زۆرتر لەهەندێك دەقی تریش دەگاتە لوتکەی داهێنانی بەرز و شیعر لەباڵە فرکێ دەردەچێت و بەنێو رەهەندی خەیاڵ دا لەشەقەی باڵ دەدات.((ئەندێشە سەرچاوەی وێنەی شیعرییە، شیعری پێ دروست دەبێت و سەرلەنوێ ژیان بەشێوازێکی تر دەردەبرێت، ئەوەی کە شاعیر دەیەوێت لەنێو شیعرەکەیدا بینووسێت و لەدەقێکدا خەیاڵ رێکی دەخات)) (169).ئەگەر خەیاڵیش ئەرکی تەخشان و پەخشان و رێکخستنی شیعر

نەگرێتە ئەستۆی خۆی ئەوا شیعر زۆر کلۆڵ و زەلیل دەبێت و برستی لێدەبرێت.((وێنە رووخساری هونەرییە کەوا لە وشە و رستەکانی دەقێکی شیعردا خۆی دەبینێتەوە، لە هەمان کاتدا بەتاقی کردنەوەی ژیانی رۆژانەی شاعیر وێنەی شیعری دەردەبرێت، ئامانجی پێکهێنانی بەهایەکە شاعیر ئاواتە خوازە ئەم ئومێدەی هەیەتی لەخەونێکەوە ببێتە واقیع)) (170). هەڵبەتە هەموو پرۆژەیەك سەرەتا خەیاڵ و خەونە دواتر دێتەدی شاعیریش خەیاڵ و خەونی زۆرە دەیەوێت لەشیعردا دەری ببرێت و تەمەنا دەکات، ئەم ئاوات و خەونەی ببێتە واقیع و ئەو شتەی لەواقیع پێی نەگەیشتبێت بەخەیاڵ خۆی بگەیێنێتێ و لەرووی دەروونیەوەش هەست بەخۆشی دەکات، وەك ئەوە وایە تۆ دڵت پر بێت لەخەم و خەفەت دەتەوێت بۆ کەسێکی بگێریتەوە رەنگە ئەو کەسە دەردە دڵی تۆی بۆ چارەسەر نەکرێت، بەڵام هەر هەست بەخۆشی دەکەیت کە بۆ کەسێکی بگێریتەوە، شاعیریش خەیاڵ ئەدوێنێت و شتە پەنهانیەکانی ناوەوەی خۆی بەشیعر دەسپێرێت و خۆی خاڵی دەکاتەوە لەو هەموو ئارەزووە کەڵەکەبووانە.((زانای بیریار لەسروشتی خۆی ناواقیعییە هەوڵ دەدات ببێتە واقعی بەئاوێتە بوون، لەگەڵ زۆر شت لەماوەی ژیانیدا)) (171). چونکە پێشبینی هەیە بۆ رابردوو ئەم پێشبینیانەش خەیاڵ مەزەندەیان دەکات، لەداهاتووش زۆر لەم خەیاڵ و پێشبینیانە رەنگە ببێتە واقیع، چونکە خەیاڵ پێش هەموو رووداو و دروست کردن و داهێنانەکان دەکەوێت هەموو پرۆژەیەك نەخشەیەکی خەیاڵی دەوێت دواتر هەنگاو نانی دەوێت بۆ بە واقیعی کردنی ئەم خەیاڵانە. شێرکۆ بێکەس لەبارەی گرنگی خەیاڵ بۆ شیعر دەڵێت:(( شاعیری بێ خەیاڵ لەدنیای بێ ئاسمان ئەچێت خەیاڵ گەورەترین هێزە لەشیعر)) (172). کەواتە دونیایەك کەئاسمانی نەبێت و تیشکی خۆریش نابێت و ژیانیش نابێت، شیعریش بێ خەیاڵ نابێت. شۆبنهاوەر دەڵێت: ((خەیاڵ یەکێکە لەو کەرستانەی کە هەرگیز هونەرمەند لێی تێر نابێت، چونکە ئەگەر بەیارمەتی خەیاڵ نەبێت هونەرمەند ناتوانێت تێروانینی خۆی بۆ شت و رووداوەکان لەوێنەی بەهێز و زیندوودا گەڵاڵە بکات)) (173).(سەلامە موسا)ش رای خۆی بەرامبەر بەخەیاڵ دەردەبرێت و دەڵێت:((لەژیانی رۆژانەدا ئەگەر (خۆشەویستی ژیانی ژیان بێت) ئەوا دەشێت بڵێین لەدنیای ئەدەبدا (خەیاڵ رۆحی رۆحە))) (174). کەواتە ئەوە روون و ئاشکرایە کەخەیاڵ هێزێکی گەورەیە لەناو شیعر و شیعری باشیش بەهێزی خەیاڵ و قووەتی دروست بوونی دەناسرێتەوە، چونکە((خەیاڵ پێکهاتەی سەرەکی وێنەی شیعرییە ناتوانین وێنە بەبێ ئەندێشە بکێشین هەرچەندە کارەکە بەپلەی سروشتی بەرزیش بێت دروست کردنی وێنەی شیعری و ئەمە موڵکێکی سروشتییە دەتوانین تاقی کردنەوەکان بگەرێنیتەوە دروستیان

بکات و لەوێنەیەکی شیعری زیندودا دایان بڕێژێتەوە)) (175).واقیع بەوەهم ڕازی نابێت، بەڵام واقع بەئەندێشە ڕازی دەبێت زۆر نووسەر هەیە وەهم و ئەندێشە تێکەڵ دەکەن هونەری ڕاستەقینەی پێ سەر دەشێوێنن(176). دیارە خەیاڵ جیاوازی، لەگەڵ ورێنەدا هەیە (وردس ورپ) جیاوازی لەنێوان ورێنە و خەیاڵدا دەکات بەرزی دووەم و ترسناکییە کەم دەخاتە ڕوو (177). هەڵبەتە((شێواز لەوێنەدا ئەنجامی تێکەڵ بوونی گشت بەشەکانە. مادە لەگەڵ بیر تێکەڵ دەبێت، بیر لەگەڵ سۆز، سۆز لەگەڵ نەست (لاشعور) لەڕێگەی خەیاڵەوە هەموو بەشەکان یەکدەخرێنەوەو دەیان تاوێنێتەوە لەیەك بۆتەی وێنەییدا)) (178). واتە ئێمە کەشیعر دەخوێنینەوە پارچە پارچە نیە بڵێین سەرەتا خەیاڵەکەی دەخوێنینەوە ئینجا سۆز ئینجا نەست...هتد، بەڵکو هەموو ئەوانە ئاوێتەی دەقێك دەبن کە دەقەکەش خوێدرایەوە هەموو پێکەوە جوانی بەدەقەکە دەدەن و دەبنە تەواوکەری یەکتر. ڕەخنەگرانیش دوو جۆر لەئەندێشە دەست نیشان دەکەن، جۆری یەکەم:-

## ئەندێشەی داهێنەر (خولقێنەر) :

ئەم جۆرە ئەندێشەیە هێزێکی قوڵ وتەم ومژە لەنەستەوە سەرچاوە دەگرێت وێنەی هونەری وا ساز دەکات کە وەکو خۆی بەرچاوی خوێنەران نەکەوتبێت و لەهەمان کاتیش، لەگەڵ ڕاستیەکانی ژیان گونجابن(179).

جۆری دووەم:- ئەو ئەندێشەیە رووکەشانە وێنەی هەست و پێکراوەکانی ڕۆژانە دووبارە دەکاتەوە، شاعیری خاوەن ئەم ئەندێشەیە هیچ بەرهەمێکی داهێنەر و تازە پێشکەش ناکات، بەڵکو لەسەرچاوە بەربڵاوەکانەوە، وەکو لێکچواندن و خوازە خواستن و درکە وێنەکان دروست دەکات((180)).

کۆلریدج(cloridge) ئەندێشە دابەش دەکات بەدووبەش:

## 1 - ئەندێشەی سەرەکی "fancy":

((ئەم ئەندێشەیە هەموو مرۆڤێك تێیدا هاوبەشە، ئەم ئەندێشەیە زۆر باڵادەستە لەسەر شیعری هەموو شاعیرە داهێنەرەکان، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەیەکی ئازادانەیە دوور لە کات وشوێن، پشت بەستە بەدەستوری (تەداعی)) (181).ئەم ئەندێشەیە هەستییەو لەڕووی درك

پێکراوەکانەوە زانیارییەکان کۆدەبنەوە لەهەمان کاتیش نائیرادییەو لەرێی هەستەکانەوە زانیاری یەکان کۆدەبنەوە(182).

## 2 - ئەندێشەی لاوەکی "imagitation" :

(تایبەتە بەشاعیرە هەڵکەوتووەکان،... لەبەرئەوەی هێزی دروست کردنی شیعری تێدا بەدیار دەکەوێت) (183).(ئەم جۆرە لەلای کانت بەخەیاڵی ئیستایکی ناودەبرێت، ئەندامەکانی هەستی مرۆڤ رۆڵی راستەوخۆ نابینن... لەکاتی خەو بینین لەدایك دەبن ... لێهاتویی و داهێنەری شاعیرەکە دەخاتە روو) (184).کۆلریدج جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت شیعر بەرهەمی ئەندێشەی نا سەرەکییە . بەم جۆرە دەردەکەوێت کە خەیاڵ رەگەزێکی سەرەکی شیعرە و یەکێك لەنهێنیەکانی شیعریش وێنەی شیعرییە کە لە سەر بنچینەی خەیاڵ بنیات دەنرێت.

## 3- واقیع (کەتوار) Real

مرۆڤ لە هەر شوێنێك بژیت و تیایدا گەورە بێت هەڵبەتە لەنێو رووداوی تاڵ وشیرین دا گەورە دەبێت، هیچ مرۆڤێکیش نیە لەسەر رووی زەمین لەسەرەتای ژیانیەوە تا کۆتایی ژیانی هەمووی هەر خۆشی و شادی بێت، یان لە سەرەتای ژیانیەوە تا کۆتایی ژیانی هەمووی ئازار و مەینەتی بێت، بەڵکو خۆشی دێت و ناخۆشی دەسرێتەوە و ناخۆشی دێت خۆشی دەسرێتەوە ئەم خۆشی و ناخۆشیانە گەر بارێکی تایبەت بن بە نووسەر یان شتی گشتی بن هەموو میللەت بگرێتەوە لەنێو شیعرەکانی رەنگ دەداتەوە، چونکە وەك دەڵێن ئەدەب ئاوێنەی ژیانە هەندێکی تر دەڵێن ئەدەب مێژووە دیارە بەدەیان پێناسە بۆ ئەدەب کراوە، بەلاَم هەر کەسە و لایەنێکی باس کردووە و زۆربەی پێناسەکانیش راستن، چونکە ئەدەب شتێکی هەمە لایەنەیە و زمان حاڵی مرۆڤە و رۆچۆتە نێو هەموو باسەکان و رەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، چونکە ئەدەب ئەو رووداوە واقیعیانە لە ئامێز دەگرێت، بۆنموونە ئەنفال تراژیدیایەکی جەرگ بڕ بوو بەسەر میللەتی کورد داهات، دەبینین ئەم هۆڵۆکۆستە لەناو هەموو ژانرەکانی ئەدەبدا رەنگی داوەتەوە، واقیع وخەیاڵ لەرووی ماناوە دوو شتی

دژ بەیەکن، بەڵام لەرووی کاری ئەدەبی تەبان و هەمیشە شان بەشانی یەکتر دەڕۆن، چونکە ناکرێت شاعیر باس لەبەسەر هاتێکی واقیعی بکات بەبێ ئەوەی خەیاڵی تیادا بەکاربهێنێت، چونکە پێکهاتەکانی وێنەی شیعری یەکتر تەواو دەکەن، شیعر گێرانەوەی مێژوو نییە تاوەکو وەکوخۆی بگێردرێتەوە شیعر دەبێت بە بەرگێکی خەیاڵاوی داپۆشرێت و واقیع پەردە پۆش بکات بە ئەندێشە و خەیاڵ و سۆز، چونکە شیعر بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی ئەندێشە و مۆسیقا ئەو تایبەتمەندیانەی هەیەتی لەبابەتەکانی تر خۆی جیادەکاتەوە ((واقیع دەتوانرێت وا پێناسە بکرێت کە خستنە رووی ژیانی رۆژانەیە لەئەدەبدا ))(185). کە دەڵێن واقیع ژیانی رۆژانەیە شاعیر بەم شێوەیە نایخاتە روو، بەڵکو ئەو وێنەیە لە واقیعدا وەردەگرێت و هەڵی دەوەشێنێتەوە. ئنجا خەیاڵی خۆی لەگەڵ تێکەڵ دەکات و لەقاڵبێکی هونەری رازاوەدا دای دەرێژێتەوە بەجۆرێك کە لە وێنەکەی پێشوو ناچێت، بەڵام ئیحا دەبەخشێت بۆ ئەو بابەتەی کە لێ یەوە وەرگیراوە. شاعیری باش هەموو کات وامان لێدەکات کەوا هەست بەهێزی بیرەکانی بکەین لەو بابەتانەی کە پەیوەستە بەبارودۆخ و واقیعی کۆمەڵگاوە، هەمیشە نووسینەکانی لەواقیعی کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێن (186) ، چونکە شاعیر کە بەشێوەیەکی توندو تۆڵ خۆی بە کۆمەڵگا ببەستێتەوە و بچێتە ناخی ئازار و بەسەر هات و مەینەتیەکانی ئەو وێنانەی دروستی کردوون و هەمیشە زیندوون لەگەڵ هەست و سۆزی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدا تێکەڵ دەبن ودەبن بەپارچەیەك لە رۆحیان. هەڵبەتە(( ئەدەب و سەرجەم ژیانی رۆشنیری هەر نەتەوە و میللەتێك رەنگدانەوەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی سیاسی یەو ئەمانەش هەمیشە هەر لە پێشکەوتن وگۆران دان)) (187). باری ئابووری و کۆمەلایەتی وسیاسی سێ کۆڵەکەی گرنگن بۆ هەموو سەردەمێك، چونکە کۆمەڵگا بەمانە بنەما دادەنێت تێکچونی هەریەك لەمانەش رەنگدانەوەی دەبێت لەناو کۆمەڵگادا، مەرجیش نییە هەمیشە لە پێشکەوتن و گۆران دابن، بەڵکو لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر لەباردۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر دەگۆرێن و بەجێگری نامێننەوە.

ئەدەب ئاوێنەی ژیانە و رەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، چونکە پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و باری کۆمەلایەتی دا گۆران بەخۆیەوەدەبینێت. بۆیە لە هەر سەردەمێکدا کۆمەڵگا خاسیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ سەردەمێکی تردا جیاوازە. شاعیریش ناتوانێت خۆی لەواقع بدزێتەوە، چونکە خۆشی وەك تاکێك بەشێکە لەگشت. راستە شاعیر لەهەستی خۆی دەدوێت، بەڵام مە شاعیرەکانیشی لەواقعی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن . هەر کەسێ گەشت بەناو ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی ئەورووپی و ئینگلیزی

یان ئەدەبیاتی هەرنەتەوەیەك دابكات، تەنانەت بگەڕێتەوە بۆلای كۆنترین شاعیریش ئەوە دەبینێ كەكۆنترین شاعیریش هەرچەندە شیعرەكانی خەیاڵاوی بن ئەوە ناچار بووە گەڕاوەتەوە سەر واقیع، نەیتوانیوە دەست بەرداری واقیع بێت. ((سەبارەت بەئەركی شیعر ئەلیوت لەو بڕوایەدایە، كەدیارترین ئەركەكانی شیعر وروژاندنی چێژە و دەبێت سەرباری ئەو چێژەش شاعیر ئامانجێكی تری هەبێت. ئەو ئامانجەش تایبەت نەبێت بەخودی خۆی، بەڵكو بۆ كۆمەڵ و خواستەكانی كۆمەڵ بێت)) (188)، بەڵام ئەگەر تایبەتیش بێت بەخۆی ئەوا خۆشی تاكێكی ناو كۆمەڵگایە و وەك لقە رووبارێك دەرژێتە ناو دەریاچەی كۆمەڵگاوە، چونكە واقعی ژیانی تاكەكەسێك لە هەمان كاتیش واقعی ژیانی دەیان تاكەكەسی ترە، چونكە مرۆڤەكان لەشتە واقیعیەكان و مەشاعیر و كێشەكان هاوبەشن.

((ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتون بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەگەر ئەفلاتون بەدووهەنگاو هونەری لەژیان وكۆمەڵ دوور خستبێتەوە. ئەرستۆ بەدووهەنگاوی تر ئەدەب بە هەموو گۆرانكارییەكانی كۆمەڵەوە بەستووتەوە)) (189)، چونكە ئەرستۆ گەیشتوتە ئەو ڕاستیەی كە ئەدەب لە مرۆڤ و كۆمەڵگا خۆی جیاناكاتەوە، ئەدەب دەربڕی هەست و نەستی مرۆڤە و لەناخی دڵ و گیانی شاعیرانەوە هەڵدەقوڵێت و دەگوازرێتەوە بۆ ناخی دڵ و گیانی بیسەران و خوێنەرانەوە، چونكە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانیانە و بۆیە مرۆڤ چێژ لەئەدەب وەردەگرێت.((ئەدەب دەربڕی ئەو كردەو پێوەرانەیە، كە ئەدیب لەكۆمەڵدا هەستی پێدەكات)) (190). و ئاوێتەی دەقێكی شیعری دەكات .(ڕیالیزم وێنەگرتنی واقیعە و، ئاشكراكردنی نهێنیەكانی و دەرخستنی شاراوەكانی و ڕاڤەكردنیانە)) (191). هەرچەندە دەق بەپێی قوتابخانە ئەدەبیەكانیش لێكدانەوەی بۆ بكرێت وەك ئەوەی دەڵێن ئەو دەقە ڕیالیزمییە ئەمەیان ڕۆمانسییە ....هتد بەڵام مانای ئەوە نییە ئەو دەقانەی ڕۆمانسین شۆڕاونەتەوە لەواقیع و فڕیان بەسەر واقیعەوە نەبێت، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو دەقەی كەپێی دەڵێن ڕیالیزم هەتا سەر ئێسقان ڕیالیزمییە، بەڵام دەقی تریش هەیە كەمتر واقعیەتی تێدایە.((لەڕیالیزمی سیحریدا لایەنی بەكارهێنانی خەیاڵ، لەگەڵ بەكارهێنانی ئەفسانە تێكەڵ دەكرێت و لەگەڵ ڕووداوی واقیعی موتوربە دەكرێت و كاتی ئێستا دەكرێتە زەمینەی ئاوردانەوە لەڕووداوە ڕابردووەكان)) (192). واقیعێك نیشان دەدات هەرچەندە خەیاڵاوی و ئەفسانەییش بێت كاتێك شاعیر بیەوێ شیعرێكی چیرۆك ئامێز بنووسێتەوە ئەوا قارەمانی شیعرە چیرۆك ئامێزەكە لەنێو خەڵكەوە هەڵدەبژێرێت و لە هەر ژینگەیەك كەخۆی بیەوێت ئەم تاكە هەم نوێنەری هاوجۆرەكانی خۆیەتی هەم وابەستەی ئەو كۆمەڵگایەیە كەتیایدا دەژی

و لەرێی ئەو تاکەوە موعاناتی ئەم چینە دەخرێتە ڕوو (193)، کەواتە واقیع و باری ژیانی شاعیر بنەماو هەوێنی دروست کردنی شیعرە لەم بارەیەوە (joy) جۆی وتوویەتی (( لێگەرێن باواقیع دەنگی ڕاستی بێت )) (194).جان بول سارتەریش دەڵێت: ((ئەدەب تەعبیر لەژیان دەکات و دەربری تێگەیشتنی ئەدەبیە لەکۆمەڵگاکەی و تێگەیشتنی ئێمەش بۆ ژیان چرتر دەکاتەوە )) (195).چونکە زۆر جار هەیە دیاردەیەکی خراپی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە، یان زۆر شت هەیە دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵگا، دەبینین شاعیران هەست بەو دیاردەیە دەکەن و لەنێو شیعرەکانیان ڕەنگ دەداتەوە و ئێمەی خوێنەریش لەرێی ئەم دەقانەوە قوڵ بوونەوەو چربوونەوەمان بۆ ئەو دیاردانە زیاتر دەبێت، بۆ نموونە شیعرەکانی حاجی قادر تاکو ئێستاش کاریگەریان بەسەر کۆمەڵگادا هەیە، ئەم شیعرانە لە واقیعێکەوە نووسراون، بەڵام زۆربەی خەڵك وەها لەم واقیعە نەگەیشتبوون. ئەگەر (( چاوێك بەبیروڕای فەیلەسوفەکاندا بگێرین دەبینین بەزۆری دووجۆر باوەڕ خۆیان دەردەخەن یەکەم:- مەزەبی لاسابیکردنەوە:- واتا دانانی هونەر بە لاسابیکردنەوە وکۆپی کردنی سروشت یان واقیع.

دووەم:- مەزەبی سروش، یان زەین ڕوونی:- واتە گێرانەوەی سەرچاوەی هونەر بۆ هێزەکانی سەرووی واقیع و نکۆڵی کردن، لەدەوری واقیع لەکاری هونەرییدا)) (196)، بەڵام ئەگەر هونەرو ئەدەبی لاسابیکردنەوەش بن یان لەسەرووی واقیعەوەش بن، تەنانەت ئەگەر ئەو وێنەی کە شاعیر یان هونەرمەند دروستی دەکات لەبێ ئاگاییەوەش بێت ئەوا ڕەگ و ریشەی واقیعی تیایە، چونکە هەر ئەو وێنەی واقیعیەیە کە تیایا دەژی لەدەروونیدا هەڵیگرتووە و جا ماوەی چەندە هەڵگیراوە ئەمە گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە لەبێ ئاگاییەوە دەری دەبرێت و وێنەیەکی تازە دێتە ئاراوە، بەڵام لێی ووردبەرەوە ڕەگ و ریشەیەکی لەواقیعدایە. حسێن عارف دەڵێت :((هەر ئەدیبێك بەرهەمەکانی تارادەیەك ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی)) (197). بێ گومان ئەدیب لەبواری نووسین ئەو ئیلهامەی یان ئەو بیرەی بۆی دێت پەنگخواردووی ناخی دەروونی خۆیەتی دەیخاتە سەر کاغەز ئێمەش دەیخوێنینەوە واهەست دەکەین بۆ ئێمە نووسراوە، چونکە مرۆڤەکان لەزۆر کێشەو هەست و سۆزەکان یەکدەگرنەوە، جگە لەوەش ئەدیب تەنها لەناخی خۆیی و ژیانی خۆشی ورد نابێتەوە، بەڵکو بیر لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاکەشی دەکاتەوەو لەنێو بەرهەمە ئەدەبیەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. ((تاقە سیحر موعجیزەی شاعیر زمانی نووسینەکەیەتی، چەند پراو پڕبێت لەحەقیقەت، فەزیلەت، واتای فەلسەفیانە قەدرو بەهای زیاتر دەبێت، شاعیر دەبێت زانا بێ ئەگینا ناتوانێت مەعریفەی نوێ ببەخشێت)) (198)و شیعرەکانی هەمەرنگ بکات بەبیری نوێ وێنەی نوێ، شاعیر دەبێت لەناخی

کۆمەڵگادا بژیت و ئاگای لەهەموو پێشهات و و بەسەرهاتە واقیعییەکاندا بێت، چونکە ((شیعر هەرخۆی بەشێك لەسەرچاوەو جووڵەکانی لەگەردوونی خەوندایە و بەشێکیشی لەناوئەزموونی ژیاندایە)) (199). ڕەنگدانەوەی واقیعە، خەون ئەو وێنەیە کە واقیعی ڕۆژانە و ڕابردووی دوور نیشان دەداتەوە و هەندێ جار ئاوێنەکە ڕوونە و هەندێ جاریش تەڵخ و پڕنهێنییە و بە باشی نابینرێت، کەواتە ئەگەر خەون ڕەنگدانەوەی واقیع بێت ئەوا واقیع واقیع خۆیەتی، لەکاری ئەدەبیشدا خەون و واقیع ڕۆڵ دەبینن لەدروست کردنی دەقی ئەدەبی، شیعریش تارادەیەکی زۆر بەرهەمی خەیاڵ و خەونە واتە هەموو شیعرێك کەم تا زۆر خەیاڵی تێدایە بەشێکێشی دێتەوە ناو ئەزموونی ژیان واتە واقیعی ئەو کەسە و کۆمەڵگایەی تیایا دەژێت، بەڵام ((ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەر دەبێت شتە واقیعیەکانی ڕۆژانە بەرووت و قووتی دابنرێتەوە و ناو بنرێت ئەدەب، بەڵکو ئەبێت جوانتر بکرێت و گەورەتر بکرێت و لەشێوەیەکی ئەدەبی و رادەیەکی هونەری پێشکەش کرێت)) (200) جوانکردن و گەورەکردنی واقیعیەت پشت بەخەیاڵ دەبەستێت خەیاڵ ڕۆڵی جوانکردنی شتە واقیعیە کان دەبینێت، ئەتوانێت بەرگێکی زیوی درەوشاوە و جوان بە واقیع بدات و لەبەرگێکی بەرزی هونەری دابپڕێژێت هەر ئەو بەرگە خەیاڵاویەشە دەتوانێت شیعریەت دروست بکات و ڕووداوەکان بخاتە بۆتەی شیعرەوە، هەر ئەو خەیاڵاتانەشن وادەکەن ڕووداوەکان گەورەتر و زەقتر و جوانتر و چێژ بەخش تر بێنە بەرچاو.((شاعیری نوێ کوری سەردەمی خۆیەتی و کوری واقیعی نوێیە کوری ژیانی ئێستایە هەروەها کوری ڕابردووشە، بەتایبەتی ڕابردووی شیعری کەوا ناتوانین جیای بکەینەوە لەژیانی شاعیر لەئەندێشە و ڕۆشنبیری شاعیر بەشێوەیەکی گشتی)) (201)، چونکە شاعیریش کەسێکە لەناو کۆمەڵگا لەدایك بووە و بە قۆناغەکانی منداڵی و لاوی و...هتد دادەڕوات و تاڵی و شیرینیەکانی ژیان دەچێژێت، بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت خۆی لەم واقیعیەتە دوور بخاتەوە، لەهەمان کاتیش شاعیر وابەستەی ڕابردووشە لەرووداو بەسەرهاتەکان و گرنگی بە ڕابردووی شیعری دەدات لەچۆنیەتی پێشکەون و گەشەکردن و خۆی بەخوێندنەوەی بەرهەمی پێشین خەریك دەکات سوودیش لەواقیعیە ڕابردووەکان وەردەگرێت.

(عبدالعلی دستغیب) یەکێك لەڕەخنەگرە ناودارەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران لەپێوەندی، لەگەڵ پەیوەست بوون (ئیلتیزام)ی کۆمەڵایەتی لەئەدەبیاتدا دەڵێت: ((وای دانێین لەکۆمەڵگایەکدا مەسەلەی هەژاری لەگۆڕێدایە و ژیانی خەڵکەکەی، لەگەڵ کوێرەوەری و نەداری بەرەو ڕوویە بەبیانوی ئەوەی کە من ڕەسەنایەتیم هەیە و دەمەێت ئەزموونی خۆم

بخەمە ڕوو بەو بیانووە ناکرێت خۆ لەبەرپرسیاریتی و(پابەند بوون) (ئیلتیزام) بدزیەوە. شاعیر بۆی نییە بڵێ ئەزموونی من ئەوەیە بۆ وێنە گوڵ جوانە، کەواتە بەس دەبێ باسی گوڵ بکرێت ئەو نابێت ڕەوتی قوڵی کۆمەڵایەتی و مرۆڤە هەژارەکانی دەوروبەری خۆی لەبیربچێتەوە ئەگەر ئەو لەو بارەیەوە بێدەنگ بێ نەك شاعیرێکی باش نییە، بەڵکو مرۆڤێکی باشیش نیە)) (202). شاعیر خاوەن نیگایەکی تیژرە و مووئەنگێوە هەموو گۆرانکارییە ورد و درشتەکانی نێو کۆمەڵگا دەپێکێت و کەمەر بەستیان دەکات و وێنەی جوانیان لێ دروست دەکات و لە واقیعەوە شیعر دەنووسێت، بەلاّم هەندێك شاعیر تەواو لە واقیعی کۆمەڵایەتی قووڵ دەبنەوە هەندێکێش کەمتر، چونکە شیعر لەوەتەی هەیە، ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتییە بە هەموو لایەنەکانییەوە ئەدەب چ شیعر بێت یاخود پەخشان، لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر کردنی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیدایە، کەواتە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە(203).((لەموتالاو و خوێندنەوەی نێو کتێبان گرنگتر موتالاکردنە لە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە، ناکرێت لەماڵێ دانیشی و لە بابەت شت بنووسێ، دەبێت لەگەڵ چین وتوێژی جۆراوجۆر بژیت، لە نزیکەوە لەگەڵ شادییەکانیان، خامەکانیان خواست و ویستەکانیان ئاشنایەتی پەیا بکەین)) (204).

ڕاستە خوێندنەوەی کتێب ئاسۆی بیرکردنەوەی شاعیر فراوان دەکات بەتایبەتی کتێبی شیعری، چونکە لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی زۆر زمانی شیعری بەهێز دەبێت و لە و هەموو وێنە شیعریانە ئیلهام و ئیجا وەردەگرێت و وێنەی تری بۆ دێت لەبەر ئامێزی شیعرە خوێندنەوەکانەوە شیعری تر لەدایك دەبێت وەك چۆن وەرزشە وانێك لەسەر کاری وەرزشی خۆی بەردەوام بێت و خۆی زیاتر ماندوو بکات ماسولکەکانی بەهێز دەبێت و دەتوانێت بەشداری پێشبرکێ بکات، لەوەش گرنگتر گەڕان و سووڕان بۆ شاعیر و وردبوونەوە لەژیان و بەسەرهاتی خەڵك جۆرێکیتر لە وەرگرتنی زانیاری و ئاسۆ فراوانی بە شاعیر دەبەخشێت، شاعیر دەبێت خۆی لەکۆمەڵگا جیانەکاتەوەو هەمیشە لەگەڵ ئازار و مەینەتی وخۆشی و ناخۆشی کۆمەڵگاکەی بێت و ئاگای لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی هەبێت و شیعر بۆ جوانکردنی مرۆڤایەتی بنووسێت جا لە هەر کونجێکی جیهان بێت. بۆ ئەوە شیعرەکانی لەسنوور و چەمبەری کۆمەڵگایەك دەربچێت و لەخزمەتی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بێت.((وێنەی هونەری پێکهاتەیەکی ویژدانییەو لە ناوەرۆکدا دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ویژدانی زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بەجیهانی واقیعی)) (205)، بەلاّم جیهانی ویژدانیش لەتێڕوانینی واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت ویژدان پێوانەکردنی واقیعی پێدەکرێت لەلایەن شاعیرەوەو شاعیر

ویژدانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ خستنە رووی ئەو واقیعەی هەیە لەقاڵبی شیعریدا، شاعیریش وەك مرۆڤێك کاتێك رووداوێك و بەسەرهاتێکی واقیعی ببینێت ئەوا بەپێی ویژدان و هەست و سۆز و تێگەیشتنی خۆی مامەڵە، لەگەڵ ئەم واقیعە دەکات.((ئەو شتانەی کە نووسەریش دەریان دەبڕێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرچاوەکەی کۆمەڵ و موعاناتی خۆیەتی)) (206). واتا شاعیر کاتێك باس لەواقیعێك دەکات زۆر جار موعاناتی خۆیەتی، بەڵام چەندان کەسی تریش لەم جۆرە موعاناتانە هاوبەشن، جاری وەهاش هەیە موعاناتی کۆمەڵە خەڵکێکە شاعیر باسی لێوە دەکات.((پەنابردنە بەر خەیاڵ لایەنێکی تری کارە ئەدەبیەکانە کە هەموو ئەدیب و شاعیرێك چ زۆر و چ کەم ئەبێت بەکاری بهێنێت، بەتایبەتی لە بەرهەمە شیعریەکاندا خەیاڵ پێویستە و هۆیەکە لەو هۆیانەی کە جوانی ئەدا بەشیعر، بەڵام خەیاڵ نابێت بەری بۆ بەرەڵڵا بکرێت و لە ئاسمانا بسورێتەوە و پێی لەزەوی واقیع هەڵگیرابێت)) (207). بەڵکو خەیاڵ دەبێت لەخزمەتی واقیعدابێت وجوان و ڕازاوەی بکات دیاردە واقیعیەکان بخاتە روو نەك خەیاڵێك بەرەو وەهم بروات و هیچ بەرهەمێکی نەبێت .((خەیاڵ (عنصر)ێکی یەکگرتووە، خەیاڵ واقیع پێکەوە گرێنەدا، ئەو خەیاڵە هیچ پەیوەندییەکی بەواقیعەوە نەمێنێت و ئەبێتە ئەفسانە)) (208).((پەیوەندی لەنێوان واقیع و وێنەدا پەیوەندییەکی جمکانەیە)) (209)، چونکە خەیاڵ شیعر دروست دەکات شیعریش لە واقیع دەدوێت، بەڵام لەبەرگێکی خەیالاوی، شیعری بێ خەیاڵ وکەم خەیاڵ لاواز و کەم توانا دەبێت .((ئەندێشە دەبێتە کەرەسەی ڕازاندنەوەی واقیع و خستنەرووی بەشێوەیەکی هونەری کاریگەر)) (210). کاری گەری واقیعی زەمانە لەسەر وێنەی هونەری بەدەر دەکەوێت دەزانین بۆ چ کاتێك دەگەڕێتەوە، ئەم نیشانانە لە هەموو سەردەمێکی مرۆڤایەتی‌دا هەن، بەتایبەتی شیعر کە لە واقیع دوابێت ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە دەبێت باسی رووداو کارەسات و بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش دەکات دەبێتە کەرەسەیەکیش بۆ لێکۆلینەوە ونیشاندانی مێژووی سەردەمێك یان واقیعی ئەو سەردەمەی نووسەر تیایدا ژیاوە(211). ((هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری، کۆن و هاوچەرخ، کەم و زۆر ڕەگی(واقع-real)ی تێدا بەدی دەکرێت، بێ ئەوەی جۆری بیری دەقەکەو بیرکردنەوەی خاوەنەکەی بتوانێت پەرژینێکی وەها دروست بکات لایەنی واقیع فەرامۆش بکات)) (212).چونکە شیعر دەربڕینی ئەو هەموو سۆز و هەست و نەستانەیە کە شاعیر دەوروژێنن، ئەو شتانەی کە شاعیریش دەورژێنن دیاردەی واقیعین کاتێك شاعیر بەهیواکانی نەگات یان میللەتەکەی لەزۆر شت بێ بەش بێت، یان دیاردەیەك دەبینێت لەم ڕوانگانەوە شیعر دەبێتە دەربڕی واقیعیەت.

پاپلو نیرۆدا دەڵێت: ((ئەو شاعیرەی ریالیست نیە دەمرێت، بەڵام ئەو شاعیرەش کە تەنها ریالیستە دەمرێت)) (213). واتا شاعیر دەبێت هەڵقولاوی کۆمەڵگاکەی خۆی بێت هەموو بارە واقیعیەکان ببینێت شیعریان بۆ بنووسێت، بەڵام ناتوانێت تاسەر ئێسقان واقیعی بێت بەو واتایەی هەموو بابەتە واقیعیەکان دەبێت خەیاڵ ببێتە هەوێنیان. بۆ دروست کردنی شیعردەنا ناکەونە قاڵبی شیعر واتە هەرچەندە شاعیر واقیعی بێت دەبێت بەخەیاڵێکی بەرز ئەم واقیعە دەربڕێت، چونکە خەیاڵ یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی شیعر و چێژ بەخوێنەران دەبەخشێت، شیعریش هەرچەندە واقیعی بێت و لە رووداو بابەتەکانی ژیانیش بدوێت دەبێت جارێکی تر بەنێو خەیاڵ و پێکهاتەکانی تری وێنەی شیعریدا بڕوات، ئینجا دەبێت بەشیعر. هونەری دروست بوونی هەریەك لە وێنەکێشان و پەیکەر تاشی و شیعر وگۆرانی و شانۆ و چیرۆك و رۆمان جیاوازە، بەڵام هەمووشیان لەوە بەشدارن کە رەنگدانەوەی واقیعی ژیانی رۆژانەی هونەرمەندی تیا رەنگ دەداتەوە(214)، کەواتە شیعر پەیوەندییەکی تووند و تۆڵی بەواقیعەوە هەیە شاعیر بەرلەوەی شیعر بنووسێت هەست دەکات، گرێیەکی دەروونی لا دروست بووە ئەم گرێیەش لە دیاردەیەکی واقیعییەوە دروست بووە، هەست وسۆزی خۆی دەردەبڕێت و شتەناوەکیەکان دەخاتە ڕوو گرێی دەروونی دەکاتەوە و خۆی بەشیعر دەسپێرێت.

## 4 - **سۆز** (Emotion) **العاطفة**:

سۆز تەزوێکی گەرمە بە نێو دەمارەکانی لەش دادێت، جۆش دەدات و جەرگ و دڵ دەهەژێنێت، کڵپەی ئاگرێکە دڵ جۆش دەدات هێزێکە کار لە دڵ دەکات و تووشی هەڵچوون و و داچوونێکی دەکات و، ئەم هەڵچوون و داچوونە سەر دەکات و لە ڕووخسارێکی زەرد و ژاکا و فرمێسکی ڕوون و گەرم خۆی نمایش دەکات.

سۆز بارانێکە بەسەر دڵ رۆحدا دەبارێت و سەرچاوەکان دەژێنێتەوە شنە بایەکە پەنگرە دامرکاوەکانی دڵ دەگەشێنێتەوە، هێڵێکی ئەلیکترۆنیە لە نێوان دەق و خوێنەر، دەق تا چەند سۆزێکی گەرم و گوڕی تێدا بێت ئەوەندە بەنەمری دەمێنێتەوە کڵپە و بڵێسەیەك لە نێو دڵ و دەروونی خوێنەر دەهێڵێتەوە. شیعر تا چەند سۆزدار بێت ئەوەندە زیاتر خۆی لە دیواری دڵ

دەسوێت و دەچێتە ناوەوەی، ئەو شیعرەی سۆزێکی بەرزی تێدابێت ئەوەیە، لەگەڵ موعانات و کێشەی کەسەکان دەدوێت و، ئەو کەسەی شیعرەکە دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات ئەم شیعرە بۆ ئەو نووسراوە و خۆی داوای لە شاعیر کردووە شتێکی وای بۆ بنووسێت و وەك کامیرایەك وێنەی ژیانی کەسەکان دەگرێت، چونکە مرۆڤ لە زۆربەی هەست و سۆزەکان یەکدەگرنەوە زۆربەی کێشەکانیش گشتین و لەتاکێتی دەردەچن هەمان کێشە لای کەسانی تر دەبینرێت. کاتێك کە شاعیر ئیلهامێکی بۆ دێت دەست دەداتە نووسین و پێویستی بەخەیاڵ کردن هەیە، لە و کاتەش هەست بەهەڵچوون و داچوون و قورساییەك دەکات، لەسەر دڵی ئەمەش سۆزە و بارگە ئەلیکترۆنیەکانی خۆی بۆ خەیاڵ دەنێرێت حاڵەتێکی دەروونی بەنووسەر دەبەخشێت، دوای نووسینی بابەتەکە ئیتر شاعیر لەدونیای خەیاڵ دێتەوە واقیع و دەریای سۆزی هێور دەبێتەوە و لە شەپۆل و هەڵکشان و داکشاندا لافاوەکانی کپ دەبنەوە دێتەوە باری ئارامی جاران.

چەند حاڵەتێکی هاوبەش هەیە، لەنێوان خوێنەری دەق و نووسەری دەق، چونکە خوێنەری دەقیش کاتێك کە دەقێکی شیعری دەخوێنێتەوە بەرەو دونیای خەیاڵدا دەروات و بەرەو هەڵچوون و موچرکەی گەرم وگوڕ دەچێت.((مەبەست لە سۆز ئەو هەڵچوون و حاڵەتە حەماسییەیە کە شاعیر بەهۆی ڕووداوێکەوە لەخۆیدا هەستی پێدەکات و دەیەوێت، لە و هەست و ئیحساسەی خۆیدا خوێنەر یان بیسەر، لەگەڵ خۆی هاودەم و هاوبەش بکات))(215). ئەگەر شاعیر نەیتوانی لەبەرهەمەکانی سۆزێکی بەرزی تیا بەکار بهێنێت و کار لەخوێنەریش نەکات ئەوا شیعرەکانی لەجموجۆڵ و بزاوتن دەکەون و بەهاو جوانیشیان کەم دەبێتەوە. چونکە ((وێنە بەبێ سۆزی گەرم ناتوانێت کاریگەری لەنێو دەروونی خوێنەر بەجێبهێڵێت)) (216)ئەو دەقەی کە سۆزی کەمی تێدابێت خوێنەر هەریەك جار دەیخوێنێتەوە بۆ جارێکی تر ئارەزوو ناکات چاو بەو دەقەدا بخشێنێتەوە، چونکە هیچ تامو چێژێکی پێنەبەخشیوە و گەرای لەنێو دڵ و دەروونی هەڵنەڕشتووە و تێنوێتی پێنەشکاوە تا کەرەتێکی تر تینو بێتەوە و حەز بکات بەرەو کانیاوی سۆزی ئەم دەقە هەنگاو بنێت. جگە لەوە ((سۆز هەستێکی مرۆڤایەتییە ئەو هەستە نیە پێوەندی بەجەستەی مرۆڤەوە هەبێ، بەڵام هەست کردنێکی دوورو درێژە، لەگەڵ ئەقڵ و سۆزی مرۆڤدا شوێنی خۆی کردۆتەوە)) (217). وەك کانیاوێك لەناخی دڵ و دەروونەوە هەڵ دەقولێت، زۆر جار وێنەی کرچ وکاڵ و بێ هێزو بێ برست لەئەنجامی ئەوە دروست دەبێت کەسێك داوای لێکردووە لەبەرهەم هێنانی ئەم جۆرە نووسینە، ئەم وێنەیەی ئارەزوو خولیا و ئیلهام و سۆز دروستی نەکرد بێت، لەناخەوە بەسۆزێکی بەکوڵ لەدایك نەبووبێت

ئەوا بەناتەواوی لەدایك دەبێت(218). دیارە هەموو مرۆڤێك سۆزی هەیە و بەبینینی دیمەنەکان دەوروژێت و سۆزی دەبزوێت، بەڵام سۆز هەموویەك شێوە نییە، بەڵکو جیاوازی هەیە، لەنێوان سۆزی مرۆڤێکی ئاسایی و شاعیرێکدا تەنانەت جیاوازی هەیە، لەنێوان سۆزی شاعیرێك و شاعیرێکیتردا ((سۆزی ویژەیی کاریگەرترە لەسۆزی ئاسایی، چونکە سۆزی ویژەیی کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر هەیە))(219) ڕۆدەچێتە نێو ماسولکە و دەمارەکانی دڵ و گرژ و خاویان دەکاتەوە، و تاسەو مەیل و گەرم وگری ڕاچەنین و خەموو شادی بەخوێنەر دەبەخشێت.(سۆز- العاگفە) کڵپەو گرێکە ئەکەوێتە دڵ و ڕایئەچلەکێنێت، یاخوود سەرچاوەیەکی ڕوونە لەناخی دڵەوە هەڵدەقوڵێت))(220). بێ گومان (( جیاوازی زۆرە لە نێوان کە سێك خەم و خەفەتەکەی بەفرمێسك دەربڕیوە کەسێکی تر دانیشێت گۆرانیەك بنووسێت یان پارچە سیمفۆنیەك دابنێت، بۆ ئەوەی ئەم خەم وخەفەتە دەربڕێت حاڵەتی یەکەمیان دەربڕینی سروشتیە، بەڵام هی دووەمیان دەربڕینی دەروونییە. کەتێیدا سۆز وێنەیەکی هونەری بۆ بەرجەستەکردنی خۆی بەدەست هێناوە)) (221) دیارە هەموو کەسێك هەست و سۆزی هەیە، لەکاتی خۆشی و ناخۆشی دەوروژێت لەکاتی ناخۆشی فرمێسك دەرێژێت، بەڵام کەسی هونەرمەند لەپاڵ فرمێسك ڕێژتنیش زۆر جار سۆزەکەی سەردەکات و دەگاتە ڕادەی وروژاندن و دارشتنی شیعر واتا سۆزی کەسانی هونەرمەند ڕەنگدانەوەی کارەکەیانە، سۆزیش بنەمایەکی گرنگی هەموو کارێکی هونەرییە هەموو کارێکی هونەری ئەگەر خەڵك نەبزوێنێت وەك شتێکی مردوو دێتە بەر چاو، بەڵام ئەگەر سۆزەکەی بەهێز بێت ئەوا کاریگەرییەکەی بەهێزتر دەبێت و وروژاندن زیاتر دروست دەکات .((لەبەر ئەوەی حەقیقەت خۆی لەنێو سۆز شاردۆتەوە)) (222). سۆزیش لەشیعر بکەیتەوە لە مردن نزیك دەبێتەوە وردە وردە دەپوکێتەوە و لەقاوغی خۆی نایەتە دەرێت و باڵا ناکات و بەنێو گیانی خوێنەران و بیسەراندا گوزەر ناکات ((شاعیر لەکاتی وێنە گرتندا شتەکان تێك هەڵکێش دەکات سۆزی خۆی دەخاتە سەریان)) (223). خەیاڵ و سۆزی بزوێنەر تێکەڵ دەکات، بۆ ئەوەی وێنەی سەرنج ڕاکێش و جوان پێشکەش بکات.((ئەگەر ئەندێشە هەموو پارچەکانی وێنەش پێکبهێنێت. بەڵام سۆزی ڕاستەقینە وێنەیەکمان پێ دەبەخشێت، وێنەیەکی بەرز و هەژێنەر و کە لەپارچە پارچە بوون و وشك هەڵاتن دەیپارێزێت)) (224). هەر سۆزە کەوا نەمری بەوێنە دەبەخشێت و هەرچەندە کۆن بێت و کاتی بەسەردا تێپەڕێت ئەوا لەگوڕ و تینی خۆی ناکەوێت . و بەبەردەوامی تیشك دەبەخشێت و خۆی تازە دەکاتەوە.((سۆز تەنها کەرەسەیەکی وێنە نیە، بەڵکو یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکیەکانی وێنەی شیعری لەتەك واقیع

و بیر و نەست و ئەندێشە)) (225)، بەڵام ئەگەر شیعر گوڵێك بێت ئەوا سۆز بەتەنها بۆنی ئەو گوڵەیە و لەپەڕەی دڵ دەدات و ڕۆدەچێتە ڕۆحی خوێنەرانەوە.

گەر هۆنراوەیەك هەستێکی گەرم و سۆزێکی نەرمی تێدانەبوو، کاری لەهەست و ویژدانی خوێنەر نەکردووە و ناخی دەروونی نەوروژاند و نەیخستە هەڵقوڵینێکی بەجۆش و موچرکێکی تەزوو بەخشی بەنێو دڵ و هەست و سۆز و دەمارەکانی دانەهێنا، و یادگاریەکی لەناو دڵ و دەروونی دروست نەکرد ئەوا ئەم هۆنراوەیە، وەك گوڵێکی نایلۆنی لێدێت و هیچ بۆن و بەرامەی نابێت بەنەمری نامێنێتەوە هیچ تەڕی و ناسکی و پاراوی گەشی تێدانەبێت، ناتوانێت پردێك لەنێوان شیعر و خوێنەری دروست بکات، پاش ماوەیەك بۆ نووسەری شیعرەکەش دەردەکەوێت، کە ئەم هۆنراوەیە بەناتەواوی لەدایك بووە، لەسەرە مەرگ و مردندایە (226).(( ئەگەر گوڵ بەبێ ئاو توانی گەشاوەو جوان بێ ئەو کاتیش وێنەی شیعری دەکرێت پشت لە سۆز بکات و فەرامۆشی بکات)) (227). وێنە دەبێت هەڵگری سۆز بێت، چونکە سۆز چێژ بەخوێنەر دەبەخشێت دەیخاتە سەر گروتینێك کەگروتینی نووسەرە. ((خەیاڵیش ڕەنگدانەوەی هێزی ڕاستەقینەی سۆزە)) (228). شیعریش هەتا لایەنی خەیاڵاتی زۆرتر تێدابێت، زیاتر بیری خوێنەر بەرە و دونیای سۆز دەفڕێنێت، سۆز و خەیاڵ پاڵپشت و تەواوکەری یەکترین.(( زۆر ئەستەمە سۆز لەخەیاڵ جیا بکەینەوە زەحمەتە بیریش لەسۆز جیا بکرێتەوە ... سۆز ڕەنگدانەوەی کارتێکراوەکانی گیانییە خەیاڵ ئەو وێنەیەیە کە بەهۆیەوە کاریگەری و سۆزەکان بەرجەستە دەبن)) (229). بێ گومان هەموو ڕەگەزەکانی شیعر تێکهەڵکێشن و پێکەوە دەتوێنەوە بەهەموویان لەقاڵبێك ئاوێتە دەبن و شیعر دروست دەکەن، بەڵام (( وێنەخەیاڵیەکان وێڕای ئەوە کە بە نۆرەی خۆیان زمانی شیعر لە زمانی پەخشان جیا دەکەنەوە، وەکو مۆسیقای شیعر توانای زمان بۆ وروژاندنی سۆز زیاد دەکەن)) (230). ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەش کە لەنێوان خەیاڵ و سۆزدا هەیە، لە شیعری باش و سەرکەوتوو شان بەشانی یەکتر گەشە دەکەن، چونکە شیعریەت بەخەیاڵی بەرز و سۆزی کاریگەر دەخولقێت.

((هەڵچوونەکانی دەروونی لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شوێن و دەوروپشت و ڕۆشنبیری و زەوق)) (231). سۆز بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بێ گومان هیچ مرۆڤێك لەسەر ڕووی زەمین نییە لەهەڵس وکەوت و هەست و سۆز لەکەسێکی تر بچێت، بەڵام شیعری سۆزدار کاریگەری بەسەر هەموو کەسێك دەبێت بەتایبەتی ئەو کەسانەی کەبابەتی شیعرەکە، لەگەڵ ژیان

و بەسەر هاتیان بگونجێت کەوا بەلایانەوە سۆز بەخش تر دەبێت و زیاتر کاریگەری یان تێدەکات و دەیان وروژێنێت.((پێوەندی نێوان وێنە و سۆز پێوەندییەکی بەهێزە، سۆزی شاعیر لەنێو وێنەی شیعرەکەیدا تەواو دەبێت، بەلاّم وێنە بەهەموو شێوەکانیەوە هۆکارێکە شاعیر پشتی پێدەبەستێت بۆ بەرجەستەکردنی هەستەکانی)) (232)، چونکە کە شاعیر وروژا ئیتر هونەری خۆی دەنوێنێت، و شیعر دەنووسێت هەموو هەست و سۆز و زوخاوی دڵ و دەروونی هەیە دەیرژێنێتە ناو شیعرێکەوە، دەبێت ئیلهام و هەڵچوون و سۆزێکی تر هەبێت بۆ نووسینی شیعرێکی تر کەواتە ئەو پەیوەندیە توند و تۆڵەی نێوان سۆز و وێنە هەر بەردەوام دەبێت، چونکە شیعر زادەی لافاوی هەڵچووی سۆزە و لە دڵ و دەروونەوە هەڵدەقوڵێت و کاریش لەدڵ دەروون دەکات. (( لەلایەنە گرنگەکانی شیعر ئەمانەن سۆزی کارتێکەر ئەندێشەی خوڵقێنەر یان هێزی دارشتن، هەریەك لەمانە جۆرێك لەبەرزبوونەوەو دوورکەوتنەوە لەواقیع فەرز دەکەن)) (233)، بەلاّم ئەم دوورکەوتنەوە، لە واقیع مانای ئەوە نییە وێنە بەتەواوەتی لە واقیع دابراوە، چونکە خەیاڵ و سۆز گیان بە وێنەکان دەبەخشن و لە بەرگێکی جوان رووداوەکان دەرازێننەوە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیش خەیاڵ و سۆزی کەم تێدابێت بەو ئەندازەیەش لەبەهاو بەهێزی وێنەکە کەم دەبێتەوە، کەواتە ((ئەگەر خەیاڵ بناغەی سەرەکی وێنەی شیعری بێت ئەوا سۆز بناغەی بەهێزکردنی وێنەی شیعرییە، وا لەخەیاڵ دەکات زیاتر هێزی ئاشکراکردن بەگیانی شتەکان و حەقیقەتەکانی و چوونە ناو قوڵاییەکانی نیشان بدات)) (234).

شێرکۆ بێکەس لەبارەی سۆزەوە دەڵێت: ((لە شیعردا عاتیفە و سۆز دەبنە بەشێکی هەرە گرنگی ئەفراندن، پلەی گەرمی لە شیعردا بەپلەی عاتیفە و سۆز دەپێورێت، شیعر ئەم پلەیەی تێدا نەبێت لەگەڵی رووەوە جوانە، بەلاّم ناتوانێت بگاتە شیعرێك کە عاتیفی تێدابێت)) (235). کۆلیریدج (Goleridge 1772-1834) شاعیرو رەخنەگری ئینگلیزی دەڵێت ((وێنەی شیعری هەرچەندە جوان بێ، شاعیری سەرکەوتوو دەست نیشان ناکات تەنها، لەو کاتە دانەبێت کە بە سۆزی ناسك و ئەندێشەی خوڵقێنەر رازابێتەوە تابتوانێت هەست و سۆزی گوێگر یا خوێنەر رابچڵەکێنێت)) (236).کەواتە وێنەی جوان و رازاوە و بەپێز و کاریگەر ئەو وێنەیەیە کە لە هەست و سۆزێکی گەرمەوە هاتۆتە ئاراوە و لەنێو وێنەکانی تری دەقەکەدا شوێنی خۆی کردۆتەوە بەجۆرێك کەکاریگەریەکی تەواو لەسەر خوێنەر بکات هەڵیکێشی بۆ ناخی دڵ و دەروون و رایان چڵەکێنێت و لەگەڵ گیانیادا ئاوێتە بێت و هەمان هەست و سۆز لای خۆێنەر بەرپا بکات کە لەلای شاعیردا هەیە.

## 5 - نەست (لاشعور)

نەست کۆگا و ئەلبومێکە ژیان و بەسەرهاتی هەر تاکێکی تیا کۆ دەبێتەوە، بۆ شاعیریش خەزێنەیەکی بە بەهاو بەنرخە، کەجار جارە پەڕاوێك لەو ئەلبومە بەنێو دیدەی شاعیر دەکرێتەوە، یان لەکاتی خەون بینین یەکێك لەم تابلۆیانە دێتەوە یا دوو لە ناو خەونەکەش خەیاڵ ڕۆڵ دەبینێت لەگۆڕین و ڕەنگا و ڕەنگ کردنی بابەتەکان. چاوی شاعیر بەپلەیەك وەك کامیرایەك وێنەکان و دیمەنەکانی ڕۆژانە دەگوێزێتەوە ئەرشیفی نەست و دادەگیرسێتەوە. لەدوای چاویش گوێچکە ئینجا هەستی بۆن وچێژ و هەستی بەرکەوتن هەریەکەیان وێنەکانی خۆیان بۆ ئەرشیفی نەست دەنێرن. کاتێك شاعیر دەکەوێتە گێژاوی نەستەوە لەجیهانی دەوروبەری خۆی دادەبڕێت، ڕۆ دەچێتە تونێلێکی لەبن نەهاتووی نەست لەوێوە وێنەکان بەرجەستە دەبن و جارێکی تر دێنەوە مەیدان، ئەو شتە چەپێندراوانەی شاعیر لە ژیانی کەتواری خۆی نەیتوانیوە پێیان بگات ئەوە لەڕێی نەستەوە دێتەوە پێشی ئەم جارەیان شاعیر لەڕێی شیعرەوە چارەسەری کێشەکان دەکات و بەخەیاڵ ئارەزووەکانی دەهێنێتە دی بەئاکام و ئەنجامێك دەگات، یان لەڕێی خەونەوە ئەم گرێ دەروونیانەی کە بۆ شاعیر دروست بووبن دەکرێتەوە و بەئاوات دەگات، نەست لەژێر ویستی شاعیر نییە زۆرجار هەیە، بابەتێك دێتەوە پێش و کە ساڵانێك بەر لە ئێستا ڕوویداوە دێتەوە پێش و داوای چارەسەریت لێدەکات نەست هەموو ئەو بەسەرهات و تەمەنە ڕۆیشتوانەیە کە لە نەست کۆبونەتەوە لەپرۆسەی شیعر نووسین جارجار دێنەوە یاد و خۆیان بەوێنەی هونەری دەسپێرن.((مەبەست لەنەست ئەو کۆگا ڕۆشنبیری و دەروونیە کەڵەکەبووەیە لەناخی هونەرمەند)) (237). ڕۆڵێکی زۆر دەبینێت لەدروست کردنی هونەرەکان شیعریش وێنەی خۆی لێهەڵدەهێنجێ، چونکە ((ژیانی شاعیر پڕیەتی لەکارەسات و ئەشکەنجە و گریان و پێکەنین، شاعیر ڕێبوارێکە لەتوورەکەی دڵ و دەروونیدا بەسەدان وێنەی جۆراو جۆر و یادگاری بەجێماو داخون کراوە، تا نۆتە و دڵەکوتەی مابێت ئەم وێنانە بەدامێنی پێنووسەکەی دێتە خوارەوە)) (238).خەیاڵیش ڕێگەیەکی بێکۆتاییە ڕۆدەچێتە نێو دونیای نەستەوە، لەڕێگای خەیاڵ کردنەوە شاعیر دەتوانێت تووشی تێرامان ببێت لەئەنجامی ئەم تێرامانە هەندێك لەوێنەکانی کۆگای نەست دێنەوە پێش و ئەندێشەش لەجوان کردنی ئەم وێنە نەستیانە ڕۆڵ دەبینێت. گۆرانی شاعیر لە بارەی شیعری گەشت لە هەورامان دا دەڵێت: ((ئەم گەشتنامەیە ... لەهەڵەبجەوە دەست پێدەکا. مایەی ئینتباعاتی تاقە گەشتێك نییە، بەڵکو هەست و بینینی چەند گەشتێکی کات و وەرزی

جیاجیای پێشوو لەبیرەوەریما پەنگیان خواردۆتەوە)) (239). کەواتە ئەو شیعرە جوانەی گۆران له نەستەوە وێنە خەزن کراوەکانی هەڵێنجاوە ئینجا نووسیویەتی. هەرجارەی چەند دەنکە مروارییەك سەردەکەون و شاعیریش وێنەی جوانیان لێ دروست دەکات و دەیانخاتە ناو دەقی شیعرییەوە.

دیارە وێنە ناهەستیەکانی ((ناوەوەی شاعیر دەیانبەخشن بە وێنەیەکی شیعری، ئەوانەن کە هەستی خوێنەری شیعر دەبزوێنێت و لەرێگەی ئەو بزاوندنەوە برێك لە وێنە حەشاردراوەکانی نەست و هۆشی ناوەوەی خوێنەریش فوارە دەکات و ئازاد دەبێت)) (240)، چونکە خوێنەریش لەرێی خوێندنەوەی ئەم دەقە شیعرانەی هەست و نەستە حەشاردراوەکانی بەم دێرە شیعرانە دەسپێرێت و بەخەیاڵ خۆی ئازاد دەکات، لە هەموو شتە چەپێندراوەکان، مرۆڤ (( هەڵگری ئەو بەشە مت و چەپێندراوانە بێت هەر لەقۆناغی منداڵیەوە سەرکوتکراون بەئاسانی ئەو حەز و ئارەزووانەی تێر نەکراون هەوڵی خۆدەرخستن دەدەن لەرێگای زیندانە خۆیان، لە و خەونە رزگار دەکەن دوور لە چاودێر و سانسۆر)) (241). مرۆڤیش تەنها لەنێو خەوندا بەتەواوەتی ئازادە و لەژێر کونترۆلی خۆی دەردەچێت و هەموو ئەو شتە چەپێندراوانەی کەسالانێکە گرێی دەروونین، لەخەوندا خاڵی دەبنەوە زۆر جاریش شاعیر خەونی خۆیدا دەرێژێتەوەو دەیکات بەشیعر، یان ئەو بابەتەی لەرێی خەونەوە دێتەوە یادی خۆیان بەچەند وێنە شیعرێك دەسپێرن. بێ گومان خەون ئاوێتەی واقیع و رووداوەکانی مرۆڤ و ئەو دیمەنانەیە کە لە منالییەوە تا ئەو کاتەی تیای دەژیت دەبینێت، خەون مرۆڤ لەشێت بوون رزگار دەکات، ئەو هەموو فشارە زۆرەی کەکەوتۆتە سەر مێشك، ئەو هەموو شتە چەپێندراوانەی کە لەرێگای خەون ئارەزووەکانی دێتە دی، بەشێك لە هیوا و ئارەزووەکانی مرۆڤ چارەسەر دەکات، بەهۆی خەونەوە و بەشێکیش لەشتە کەڵەکەبووەکانی نەست بەتاڵ دەبنەوە.

فرۆید دەڵێت: ((خەون جۆرە دەربرینێکە لەو ئارەزووانەی بەهۆی کۆمەڵگا یان داب و نەریت چەپێنراون)) (242). مرۆڤیش لەدونیای واقیع بەم ئارەزووانە ناگات، بەلام خەون مرۆڤ بەم ئارەزووانە دەگەینێت، ئەوەی لەچوارچێوەی کۆمەڵگا قەدەغەیە لەخەوندا خۆی نمایش دەکات. دیسانەوە فرۆید لەم بارەیەوە دەڵێت: ((راڤەکردنی خەونەکان سەرەکیترین رێگایە دەمانباتە سەر رەگەزە نەستیەکان لەژیانی دەروونماندا))(243). چونکە خەون وێنەکان لە ئەرشیف و کۆگای نەستەوە هەڵدەگرێت و پەخشیان دەکاتەوە، ئەگەر نەست نەبێت خەونیش نابێت. ((ئەو کەڵەکە بووە لەلای دەروونناسەکان کە ویست و ئارەزوو سێکسیانەیە کە قەدەغە کراوە لەژێر هەر بارێك بێت، بەلام نەتوانراوە لەناو ببرێت)) (244). لەژیانی

مرۆڤدا بەهەزارەها وێنە، لەبێ ئاگاییەوە هەڵگیراون و شاعیر خۆشی نازانێت لەوانەیە زۆربەشیان لەیاد کرد بێت، کەچی لەکاتی هەژان و هەڵچووندا هەندێك لەوێنە خەزنکراوەکان سەر هەڵدەدەنەوە دێنە دەرەوە خۆیان دەخزێنە ناو دەقی شیعرییەوە. ئەو بارە دەروونییە ئەو وێنە کەڵەکە بووانەی نەست لە وێنەی شیعری بەدەر دەکەون، چونکە شیعر دواندنی دەروون و نەستە بەهۆی هەژاندنێکەوە دەروون و نەست دێتە گۆ راز و نهێنی خۆیان بەئەقڵ دەبەخشن ئەقڵیش دەیداتە دەست خەیاڵ و ئیتر بەهەموو پێکهاتەکانی وێنەی شیعری وێنەی هونەری دەرسکێت.((دوێنێ یان رابردووی شاعیر قۆناغەکانی ژیانی دەتوانرێت لەتێکستەکانیدا بخوێندرێتەوە، لەرێگەی ئەو وێنە وردەکاریە نەستیانەی کەلەشیعرەکەدا ئامادەیە، لەرێگەی ئەو وێنانەوە وەبیرو هەستە چەپاوانەی کەلەقۆناغەکانی تەمەندا چەپێنراون و ناو دیوی هۆشی ناوەکی کراونەتەوە)) (245). دیوانی هەر شاعیرێك وەرگرین و بیخوێنینەوە بەشێکی زۆری شیعرەکان گەرانەوەیە بۆ رابردوو بۆ رۆژگارە تاڵ وشیرینەکان، گەرانەوەیە بۆیادی منداڵی و باس کردنی دونیای بێگەردی منالّی ئەو بارە دەروونیەی کە شاعیر لەمنالّییەوە تیایدا ژیاوە لەرێی نەستەوە وێنەی منالّی دێنێتەوە یاد و خەون بەرۆژگاری منالّی دەبینێت، چونکە ژیانی منداڵی رابردوویێکە لەبیرناکرێت، هەموو بەسەرهات و رابردووەکانیش لەرێی نەستەوە یادیان دەکرێتەوە. مرۆڤ ((لەنەستیدا (هۆشی نائاگایی) ویست و ئارەزووەکەی دەبێتە کردەوە )) (246). لەوکاتەی کە خەو دەبینێت((باشترین رێگەش بۆ دۆزینەوەی واقیعی پشتەوەی واقیع و ئەو راستییەی کەلەسەرووی راستییەوەیە، پەنابردنە بەر خەون و خەیاڵ و دروستکردنی دۆخی بێ ئاگایی مێشك)) (247). ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئینجا هونەری بەرز بەرهەم دەهێنن، واتا نەست بەتەنها هونەر دروست ناکات، ئەگەر خەیاڵ و سۆز رەنگاو رەنگی نەکەن.(( شعر... بەشێکی زمانی زیندە خەونە یارییەکە لەنێوان خەون و بێداری، دۆنا دۆنێکە لەنێوان ئاگایی و نائاگایی )) (248). وروژاندنێکە هەڵقوڵاوی دەروون و نەستی شاعیرە و تێکەڵ بەبیرەوەری و یادگاری و کاتە بەسەر چووەکانی تەمەنی دەبێت ئاوێنەیەکی دوور رەهەندە وێنەجێماو و دوورەکان پیشان دەدات. هەڵبەتە(( مرۆڤ لەسەرووی عەقڵی بەئاگاوە ئارەزووەکانی تیا بەرز دەبنەوە)) (249). شاعیریش لەرێگای زمانەوە ئەم نەستانە دەردەبرێت زۆر جار هەیە وێنەی چەند رووداوێك، لە نەست ئازاد دەبن و بە هەموویان شیعرێك پێکدەهێنن و تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن. بەڵام مانای ئەوەنییە مرۆڤی ئاسایی ئەو وێنانەی لە دەوروبەری خۆی دەیان بینێت یان ئەو خۆشی و کارەساتانەی لەبیر دەچێتەوە لەنەستدا کاڵ دەبنەوە و تەنها لەلای شاعیران دەمێنن بۆیە شاعیران دەتوانن

بیکەن بەشیعر نەخێر، چونکە بۆ نموونە ئەنفال کاریگەری بەسەر هەموو میللەتی کورد هەبوو، بەڵام هەموو میللەتی کورد ناتوانن ئەنفال بکەن بەشیعر و ڕۆمان و چیرۆك ...هتد خەڵکی ئاسایی بەهرەی شیعریان نییە تاکو نەستەکان بکەن بەشیعر، بەڵام بەگریان و هاوار کردن و خەم و خەفەت دەریدەبڕن شاعیرانیش لەپاڵ ئەم شتانەش دەتوانن هونەرمەندانە بیانکەن بەبەرهەمی ئەدەبی، هەموو مرۆڤێك بەشاعیر و ناشاعیرەوە خەون دەبینن، لەکۆگای نەستەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێکی تێپەڕبووی ژیان یان دیاردەیەك یان ڕووداوێك، ئارەزووە چەپێندراوەکانی مرۆڤ بەشێکن لەپێکهاتەی خەونی هەموو مرۆڤێك. ((گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو یادەوەرییەکانی هەست یان نەست)) (250). هەڵبەتە (( خەون یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی سوریالیزم، چونکە (خەون)  پەیوەندی بەسەرووی واقیع و هەستی نائاگاوە هەیە، کە وا لە ئادەمیزاد دەکات، ئەو شتانەی هەیە بەشێوەیەکی سروشتی نەبێت، بەڵکو ڕووبکەنە خانەی هونەرمەندان )) (251). سووریالیزمەکان هەمیشە هەوڵی ئەوەیاندەدا بەرەو جیهانی ناواقعی بڕۆن و وێنەی سەیر و سەمەرە دروست بکەن، نەست(لاشعور) یان کردبووە ڕێگایەکی باش بۆگەیشتن بەئاواتەکانیان و دروست کردنی وێنەی شیعری، لەبواری وێنەکێشانیش هەمیشە بیریان لەوە دەکردەوە وێنەی وا دروست بکەن لەسەرووی واقعەوە بێت. فرۆید لەڕێگای نواندنی موگناتیسیدا دەستی کرد بەنواندنی نەخۆشەکان بۆئەوەی بەسەربەستی و ئازادی قسەبکەن دوور لەهەموو ترس و دڵە ڕاوکێ وسانسۆرێك، خەونی شیکردەوە و بەخاڵی ناوەندی لێکۆڵینەوەی دانا، بەمەبەستی گەیشتن بەنهێنیەکانی نەستی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ لەو کاتانەدا نهێنیەکانی نەست دەدرکێنێت(252). فرۆید لە و باوەڕە دایە کە مرۆڤ ئەو ئارەزووانەی ناتوانێت، لەواقیع بیان هێنێتە دی وچەپێنراون لەنەست دەمێننەوە جارێکی تر لەڕێی خەونەوە بەئارەزووەکانی دەگات.

ئەندریە بریتۆن دەڵێت((خەون ڕێگا بەبنیادەم دەدات کە بچێتە ناو خۆیەوە و مەعریفەی باڵا بەدەست بێنێت)) (253). بۆ شاعیریش خەون وێنەی جوان بەدەست دێنێت، شیعریش لەنێوان خەون و خەیاڵ و سۆز و هەست و نەست لە دایك دەبێت. (نزار قبانی)یش دەڵێت:- ((شیعر سەما کردنە ...، سەماکردنە بەوشە، جارێکی تریش ئەوا دووبارەی ئەکەمەوە سەمایە بە هەموو پارچەیەکی دەروون، بەهەموو هەست و نەستێکی ویست و نەویست بەوەی دیارە و ئەوانەش کەشاراونەتەوە)) (254). دەبینین نزار قبانی بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان گوزارشتی لە شیعر کردووە. ئەندێرا گاندی دەڵێت: ((شاعیران و نووسەران، بەدووربینی و دوور ڕوانین و قووڵی و ناسکی هەست و نەستیان، لەمرۆڤانی تر جیا دەکرێنەوە)) (255).(چارلز

برێسلێر)یش دەڵێت: ((لەگەڵ خەونێك چۆن ڕووبەڕوو دەبینەوە، هەر بەهەمان شێوەش لەگەڵ بەرهەمێكی ئەدەبی ڕوو بەڕوو بینەوە بۆ دۆزینەوەی ویست و مەبەست و مەیلە دانەمركاوەكانی داهێنەر تەكنیكە دەروونشیكاریەكان لەسەر دەق دابەزێنیت)) (256).

ئەگەر سەرنج بدەین هەموو ئەو كەسانەی وتەیەكیان لەبارەی شیعر وتبێت باسی خەون و هەست و نەستیان كردووە، چونكە شیعر بەشێكی دانەبڕاوە لەجیهانی خەیاڵ و خەون و نەست و سۆز. شێركۆ بێكەس لەبارەی (نەستەوە) دەڵێت: ((نەست دەوری گەورەی هەیە دەتوانین بڵێین وەك عەمبارێك وایە هەست و بیركردنەوە و هۆشی تیا كۆدەبێتەوە تەنها لەكاتی نووسین و سەراو دەكەونەوە، نەست كۆبوونەوەی هەموو ئەو شتانەیە كە پەیوەندیان بەزاتی شاعیرەوە هەیە، ئەگەر نەست نەبێت بیر زۆر كاڵ دەبێتەوە، بەرنامەیەك نیە بڵێین ئەو نەستانە دادەنێت، خەون و خەیاڵ و نەست و پرسیار ئەمانە شاعیر دروست دەكەن)) (257). ئەمە ڕوون كردنەوەیەكی جوانە لەسەرنەست (شێركۆ بێكەس)یش وەك شاعیرێكی سەركەوتوو پڕ ئەزموون لەپرۆسەی شیعر نووسین بەم شێوەیە لەنەست دەدوێت كەواتە نەست هەوێن و سەرچاوەیەكی گرینگی وێنەی شیعرییە لای هەموو شاعیرێك. خەون بەلای (فرۆید)ەوە دەرگایەكی كراوەیە لەبەردەم ئەو هەموو شتە مت بووانەی كەلەنەست گیرساونەتەوە. نەست بوارێك بۆ(id) ئەو دەرەخسێنێت بۆئەوەی بەشێك لەو گرژی و ئاڵۆزیانەی سەرنەست هەن كەمیان بكاتەوە و هەندێكیان بەتاڵ بكاتەوە مرۆڤیش لەڕێی خەونەوە بگات بەئارەزووەكانی خۆی، پرۆسەی بەتاڵكردنەوەی نەستە پەنگ خواردووەكان لەكاتی خەوتندا جێ بەجێ دەكرێن، چونكە ناتوانین لەباری ئاسایی و بەئاگابووندا لەژێر ململانێ وكاریگەری (ego) من خۆی دەربخات دەبێتە هۆی دەرچوونی لەواقیعیەتی كەمنی باڵا((superego)) نوێنەرایەتی دەكات(258). یۆنگ بەپێی دابەش كردنەكانی خۆی ئەقڵ بۆ سێ بەش دابەش دەكات ((هەست و نەستی تاك و نەست كۆ)) یۆنگ وەك فرۆید جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە نەست گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، نەستی كۆ بەلای یونگەوە سەرچاوەی داهێنانی كاری ئەدەبییە. نەستی تاكیش بەشە چەپێنراوەكان دەگرێتەوە، كە لەقۆناغەكانی ژیاندا سەركوت كراون ئەو سۆز داریانە كە چەپێنراون لەكەسێكەوە بۆ یەكێكی تر جیاوازن، بیر و بۆچوونی یۆنگ لەوە لە فرۆید جیا دەبێتەوەو هاوڕانین، بۆ كاری داهێنان خۆبەدوورگرتنی یۆنگ لەچەپاندنی حەز و ئارەزووە سێكسیەكانی سەردەمی منداڵی كە هۆكاری داهێنانن لای فرۆید(259)یۆنگ دەڵێت (( نەستی كۆش لای هەموو خەڵك بوونی هەیە، بەڵام جیاكردنەوەی هونەرمەند و ئەدیبان لەكەسانی ئاسایی لەپێشاندان و خستنە ڕووی نەستی كۆ جیاوازە، چونكە شاعیر دەتوانێت

لەکاتی بەئاگاییدا ئەو دیمەن و پێك هاتانەی نەستی کۆ لە شێوەی هێمادا پیشان بدات لەڕێگای زەین ڕوونیەوە، بەلای کەسانی ئاسایی لەکاتی خەودا دەبینرێت)) (260). یۆنگ و فرۆید لەوەیەك دەگرنەوە کە هەردوو کیان جیهانی نائاگایی (نەست) بەچاوگەی داهێنان دادەنێن، چونکە نەست کانگەیەکی دەوڵەمەندە و لێوان لێوە لەڕووداو وێنەی کەڵەکە بوو، هەرچەندە شاعیر وێنەی لێ هەڵبهێنجێ هەر تەواو نابێت، چونکە خەونەکانی مرۆڤ قەت دوایی نایێت لەکاتی شیعر نووسیندا نەست ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، زۆرجار دەبینین بەدەم خەوەوە مرۆڤ قسە دەکات یاخوود نەستەپەنگخواردووەکانی دەردەبڕێت بەبێ ئەوەی ئاگاشی لێبێت، یاخوت زۆرجار لەکاتی نەشتەر گەری کردندا بەرلەوەی مرۆڤەکە تەواو خەبەری بێتەوە هاواردەکات و نەستەپەنگخواردووەکانی خۆی دەردەبڕێت، کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو پێکهاتەکانی وێنەی شیعری گرنگن دەقێکی شیعریش پێك هاتەی ئەم پێك هاتانەیە، وەك تیپێکی مۆسیقا هەر ئامێرەی ئاوازی خۆی دەژەنێت و ستاتیکای خۆی هەیە، بەلام بەیەك گرتنی هەموو ئامێرەکان و بە شێوەیەکی هونەری ئاوازەکانیان تێکەڵ بکرێت ئەوسا سەمفۆنیایەکی جوانی لێ پێك دێت بە و ئەندازەیەش کاتێك زمان و بیر وئەندێشە و واقیع و سۆز و نەست لەئاستێکی بەرز یەك دەگرن وێنەی شیعری جوان و ئەفرێنەری لێ دروست دەبێت، کەواتە هەموو پێکهاتەکانی وێنەی هونەری گرینگن و بەشداری لەدروست کردنی شیعر دەکەن.

# بەشی دووەم

# جۆرەکانی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا

## دەروازەیەك:

شیعر مێژوویەکی کۆنی هەیە، کۆنیەکەی بەقەد کۆنیو دێرینی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، چونکە شیعر دەربری هەست و سۆز و جیهانی ناوەوەی شاعیرە، وەك بابەت و زانستەکانی تر نییە کە بەپێی پێویستی زەمانەو پێشکەوتنی کۆمەڵگا هاتبێتە کایەوە، بەڵکو، لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چەکەرەی کردووە و هەڵی داوەو نەشونمای کردووەو بەپێی قۆناغەکانی ژیان گەشەی کردووە.

شیعر مێژوویی سەرهەڵدانەکەی ئەوەندە کۆنە دیارە زۆر پێش خوێندن و خوێندەواری کەوتووە. بۆیە خۆی خزاندۆتەوە ناو بەرگی ئاوازەوە و زۆر جار بە گۆرانی وتراوە. تەنانەت ئەوانەی کە گۆرانی و ئاوازەکان لەناویان تواونەتەوە تاکو بۆ لەبەرکردن ئاسان بن، چونکە کە خوێندن و نووسین نەبووبێت. دیارە شیعر دەماو دەم گواستراوەتەوە. بۆیە شیعر لەبەر دەکرا. دیارە ئاوازیش ئەم کارە ئاسانتر دەکات. دوای ئەوەی خوێنەدەواریش زیاتر بڵاوبۆوەو نووسین پەرەی سەندووە دەست کراوە بە لێکۆڵینەوەکردن لەبارەی شیعر و چۆنیەتیی دروست بوون و ڕەگەزەکانی شیعر و بابەتەکانی ڕەوانبێژی و دواتریش وێنەی هونەری و وردەکاری و دابەشکردنیان بۆ کردووە. دیارە لێکۆڵینەوە لەسەر دەقی شیعر و دابەشکردن و پۆلێنکردنیان و دەرخستنی ڕەگەزەکانی بە وردی و دەست نیشانکردنی ئەرکەکانیان مایەی پێشکەوتنی شیعرە.

کەواتە لێکۆڵەر کە کار لەسەر وێنەی هونەری دەکات، لە شیعردا دەبێت زۆر بە وردی و

بەنێو ناخی شیعردا بچێتە خوارەوەو قووڵ ببێتەوە. تاکو لە چۆنیەتی دروست بوونی وێنەکان و پێکهاتەکەیان و یەکگرتنیان بکۆڵێتەوە. ئینجا دوای ئەوەی ئەمانەی دەستنیشان کرد پۆلێنیان بکات و ئەرکی ئەو وێنانە دەست نیشان بکات. ئێمەش لە توێژینەوەکەماندا گەشتێك بەنێو شیعری شێرکۆ بێکەسدا دەکەین و لەنێو گوڵزاری شیعرەکانیدا چ وێنەی جوانو قەشەنگە وەریان دەگرین و زۆر بە وردی پۆلێنیان دەکەین. بەپێی جۆری وێنەکان لە هەموو رووەکانەوە، ئینجا لە پێکهاتەی وێنەکان دەکۆڵینەوەو بۆ هەر جۆرێك، لە وێنە هەوڵ دەدەین بەپێی توانا چەند نموونەیەکی جوانی بۆ بێنینەوە.

جۆرەکانی وێنە لە رووی بنیاتەوە:

وێنەی هونەری چەند دابەشکردنێك هەڵدەگرێت، بەپێی قاڵب و شێوازی دروست بوونی لەرووی بنیاتەوە واتا لە رووی چۆنیەتی دروست بوونی. ((شاعیری ئێستا بۆی ئەلوێ بە رەنگی نەخشەو پلانی وێنە شیعرییەکان دەستنیشان بکات، کە بە تەواوی هەست و هۆشی مرۆڤـ کێش بکات بۆ کەناری ویست و ئارەزووی هۆشیارکردنەوەیەکی بێ‌پایان. ئەمرۆ شێوەی دارشتن و وردەکاری لە شیعردا جێگای دەنگ و ئاوازەی قافیە ئەگرێتەوە))(261)کەواتە وێنەی هونەری هەرچەندە لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام ئێستا رۆڵێکی تر دەبینێت ئەویش ئەوەیە لەدوای نەمانی قافیە کە سەرتاپاری شیعرەکەی بە یەکەوە دەبەستایەوە ئێستا وێنەی شیعری ئەم ئەرکە بە خۆیەوە دەبینێتو شیعرەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەویش بەوەی کە وێنە تاك و لێکدراوەکان لەنێو خۆیاندا یەك دەگرن و بە هەموویان وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن. بەو هونەرانەی کە لە خوارەوە باسیان دەکەین شیعر دروست دەبێت و شیعریەت دەخولقێت، بەڵام لە هەمان کاتیش شیعر بێ بەش نیە لە ترپەو مۆسیقا، چونکی شیعر بە بێ ئاواز نابێت ئەگەر قافیەشی لێ دابماڵرێت کە جۆرە ئاوازێك بە شیعر دەبەخشێن ئەوا ئاوازی ناوەوەی شیعرەکە خۆی، لە (ریتم)دا دەبینێتەوە دەبێ زیاتر گرنگی پێ بدرێت بۆ ئەوەی کەلێنێك لە مۆسیقای شیعر دروست نەبێت.

وێنەی شیعری لەرووی بنیاتەوە بەپێی چۆنیەتی دروست بوونی دابەش دەبێت بۆ سێ بەش، ئەوانیش بریتین لە:

## وێنەی تاك Singularly Image

وێنەی تاك بچووکترین وێنەیە کە خۆی لە تاکە وێنەیەکدا دەبینێتەوە کە بە شێوازێك لە شێوازەکان یەکەیەکەی گەورەتر دروست دەبێتو بەگرێدان و پێکبەستنی وێنە تاکەکانیش واتا هەریەك لە وێنەی لێکداوەو وێنە گشتییەکان لە چەند وێنەی تاك پێکهاتوونو بەڵام

ڕووخسار و ڕووی خۆیان بە شێوازێکی تر دەگۆڕنو تایبەتمەندی خۆیان دەبێت.

وێنەی تاك ((ساکارترین شێوەی وێنەی هوونەرییە لە ڕووی پێکهاتنەوە. بەوەی کە بریتییە لە وێنەیەکی پاژەیی دیاریکراو))(262).چونکە بچووکترین وێنەیە بەلام، لەگەڵ ئەوەشدا کە تاکە وێنەیەکی بچووکە لەوانەیە بە شێوەیەکی سادەش دروست بووبێت، بەلام لەنێو دەقی شیعریدا ڕۆلی خۆی هەیە، چونکە هەر ئەو تاکە وێنانەی کە دەچنە پاڵ یەك و ئاوێتەی یەکتردەبن وێنەیەکی لێکدراو یان وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن. یاخود لەگەڵ وێنە لێکدراوەکاندا یەك دەگرن و وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن. خۆ هەندێ جار وێنە تاکەکان لەسەر یەك کەڵەکە دەبن و وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن.((وێنەی تاك لەڕووی پێکهاتنەوە وێنەیەکی چالاکە، لە ڕێگای شیکردنەوەی وێنە تاکەکانەوە مەبەستی وێنە ئاڵۆزەکان ڕوون دەبنەوە))(263). کەواتە وێنەی تاك، لەگەڵ ئەو بچووکیەی خۆیدا وێنەیەکە چالاکەو کاریگەری خۆی هەیە لە بنیاتی شیعردا. دەقی شیعریش شتێکی چنراوەو دەتوانرێت هەڵوەشێنرێتەوەو تاوتوێ بکرێن هەروەك جاجمێکی ڕەنگاو ڕەنگ کە دەتوانین هەڵیوەشێنینەوەو سەرەداوەکەی بدۆزینەوەو چۆنیەتی دروست بوونی لەم هەموو بەنە ڕەنگاو ڕەنگە بخەینە ڕوو. ئاوا دەتوانین شیعریش هەڵوەشێنینەوە، وێنە تاکو لێکدراوەکان دەست نیشان بکەین. ئەو وێنە تاكو لێکدراوانەی کە دەچنە پاڵ یەك و وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن. دیارە وێنەی تاك بە گەلێ شێواز دروست دەبێت و چۆنیەتی بنیاتەکەش وا دەکات کەوا چەند جۆرێکی هەبێت.

# ا- بنیاتی وێنەی تاك

هەروەك لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد وێنەی تاك، لەگەڵ ئەوەشدا کە بچووکە بە چەند شێوازێك دروست دەبێت. دیارە شێوازەکان زۆرن، هەوڵ دەدەین کە دیارترینیان بخەینەڕوو بە نموونەی شیعری چۆنیەتی بنیاتەکە ڕوون بکەینەوە.

## 1 - شێوازی هەستگۆڕکێ Corres Pondance (تراس الحواس)

یەکێکە لە و شێوازانەی کە وێنەی تاکی پێدروست دەکرێت، بریتییە لە گۆڕینەوەی ڕۆڵ و ئەرکی هەستێك بە هەستێکی تر، بۆ نموونە گۆڕینەوەی هەستی بینین بە بیستن، واتا

شتێك بەچاو دەبینرێت تۆ ڕۆڵەکەی دەدەی بە گوێچکە، بەم شێوەیە ئەم ئاڵو گۆڕە دەگرێت لەنێوان هەر پێنج هەستەکانی مرۆڤـ لەوانە (بینین (چاو)، بیستن، بۆن کردن، چەشتن، دەست لێدان)، ئەنجام دەدرێت.((بەم شێوەیە شاعیر هەڵدەستێت بە داماڵینی سیفەتی یەك لە هەستەکانیو گۆڕینەوەی بە هەستێکی تر، قوتابخانەی ڕەمزی و سریالیەکان گرنگیەکی زۆریان بەم شێوازە داوە))(264). زۆرجار شاعیر ئەو وێنەی دەیەوێت دروستی بکات، یا ئەو شتەی دەیەوێت دەری ببڕێت بەو هەستەی خۆی لەوانەیە تینوێتی شاعیر ناشکێنێت بۆیە شاعیر پەنا بۆ هەستێکی تر دەبات و وێنەیەکی لەسەر بنیات دەنێت. ئەو وێنەیەی لە ڕێگەی شێوازی هەستگۆڕکێوە دروست دەکرێت، دەبێتە ڕێگایەك بۆ دەربڕینی هەستەکان لەلای شاعیرانەوە، چونکە کاتێك شاعیر ئاڵ و گۆڕی بە هەستەکان دەکات وێنەکان دەردەبڕێت، ئەم وێنانە بەرگێکی ئەدەبیو خەیاڵاوی دەپۆشن و لە ئاستێکی بەرزەوە دروست دەبن، بەلای پەیام وەرگر و خوێنەریشەوە دەبنە سەرچاوەیەکی چێژ و سوود بەخشین و تێرامان و تەز و بەخشین هەست بە جوانی و ناسکی دەقەکە دەکەن. دیارە ئەمەش یەکێکە لەو لادانانەی کە شاعیر لە زمانی شیعریدا بەرپای دەکات. چونکە هەستگۆڕکێ خۆی لە خۆیدا لادانە لە زمانی باو. دوور کەوتنە لە قسەی ڕۆژانە؛ ئەم دوورکەوتنەوەیش دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەست بەمە بکەین کە بە شێوازێکی تر مامەڵە، لەگەڵ شتەکانی دەورووبەرماندا کراوەو بۆیە لە ئاستی وێنەکاندا هەڵوەستەیەك دەکەینو وردتر دەڕوانینە وێنەکان بۆ ئەوەی لە دوو توێی وێنەکاندا جوانکارییەکان بەدی بکەین. ((مێژووی بەکارهێنانی شێوازی هەستگۆڕکێ لە بنیاتی وێنەی هۆنراوەییدا زۆر کۆن نییە، بۆ ناوەندی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوەو، شارل بۆدلێر (1821 ـ 1867)ی هۆنیاری فەرەنسەیی بەرابەری جاردانی بەکارهێنانی هەستگۆڕکێ لە هۆنراوەی نوێدا دادەنرێتو بە پێشەنگێکی هۆنراوەی ڕەمزی لە ئەدەبی ئەوروپایی دادەنرێت))(265). لەنێو شیعری کوردیشدا ئەم شێوازە پەرەی سەندووەو شاعیران هەوڵیان داوە کە لەسەر ئەم بنەمایە وێنەکانیان بکێشن و بیخەنە پاڵ جۆرەکانی تری بنیاتنانی وێنەی تاك. (شێرکۆ بێکەس)یش بە لێهاتوویيو دەست ڕۆیی خۆی هەوڵی داوە هەر جۆرە بنیاتێك هەیە. وێنەکانی خۆی لەسەر بنیات بنێتو ئەم شێوازەش یەکێکە لەو شێوازانەی بنیاتی وێنەی تاك کە خەرمانێك وێنەی تاکی لەسەر بنیات ناوە.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

قامیش بۆ خۆی

ڕەنگی باڵای هەر یەك ڕەنگە، زەردێکی کاڵ

کەچی وەختێ عەشق ئەژەنێ
لە کونەکانی برینو لە زاریەوەو لە چاویەوە
بە سەدان بەژنی ڕەنگاوڕەنگ
ئەبن بە کۆلکە ڕەنگینەو
دێنە دەرێ (266)

شاعیر وەسفی قامیش دەکات کە ڕەنگێکی زەردی کاڵی هەیە،و لەکاتی ژەنینیشدا دەڵێت: (بە سەدان بەژنی ڕەنگاو ڕەنگ ئەبن بە کۆڵکە ڕەنگینە). دیارە لەکاتی ژەنینی قامیش جا ئەم قامیشە چ کرابێت بە (نەی) یان (شمشاڵ) یان (بلوێر) ئاوازی لێدەردەچێت و بەر هەستی بیستن دەکەوێت، بەڵام شاعیر بەهۆی ئەم دەربڕینەوە هەستی بیستنەکە دەگۆڕێت بە هەستی بینین. لە گوتەی(وەختێ عەشق ئەژەنێ) وێنەیەکی زۆر جوانە. شاعیر (عەشق) کە شتێکی واتاییە گۆڕیویەتی بۆ هەستیو وای کردووە کە ببیسترێن. وێنەکە وێنەیەکی زۆر بەهێزە، لەسەر بنەمای بەتەن کردن دروست کراوە. شاعیر جەستەیەکی بۆ عەشق دروست کردووە. ئەویش کردوویەتی بە چەند شەپۆلێك کە لە نێو قامیشدا دێتە دەرەوە. دیارە شەپۆلەکانی دەنگ قەبارەی هەیە هەرچەند نابینرێن.

لە نموونەیەکیتردا شاعیر دەڵێت:
ئەو تابلۆیانەی
کە تاوس ئەیانکێشێ
هەر هەموویان نەغمە نەغمەی ڕەنگاڵەیین
نەورەس هەمیشە هەر ڕەنگی
ئاوی بەکار دێنێت
تووتی لاسایی
وێنە کێشە سوریالیەکان ئەکاتەوە...(267)

شاعیر باس لە تابلۆ دەکات. دیارە تابلۆ بەچاو دەبینرێت، بەڵام کە دەڵێت "نەغمە نەغمەی ڕەنگاڵەیین"، دیارە نەغمەش بە گوێچکە دەبیسترێتو شاعیر شێوازی هەست گورکێی بەکار هێناوە. هەستی بینینی گۆڕیوە بە بیستن. وێنەیەکی هەست گۆڕکێیە لەسەر بنەمای وەسف کردن بنیات نراوە. وێنەی دووهەم لەسەر بنەمای بەکەسکردن دروست کراوە

دیارە نەورەس وەکو و هونەرمەندێك لە وێنەکێشاندا ڕەنگی ئاوی بەکار دێنێت. وێنەی سێهەم، دیسان لەسەر بنەمای بەکەس کردن دروست کراوە. لاساییکردنەوە خاسیەتێکی تایبەتی مرۆڤە (هەر چەند هەندێك گیانلەبەریش لاسایی دەکەنەوە، بەڵام بەو جۆرە نیە)، ئەو خاسیەتەی داوە بە تووتی.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

من بۆنت ئەدەم بە خۆمداو من وێنەی بۆنت ئەکێشم و
قوم قوم بۆنت ئەخۆمەوە بۆنت کاسێتی شەوانمەو
گوێی لێ ئەگرم! (268)

لەمەیاندا وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێشی دروست کردووە. هەست گورکێیەکە بە چوار شێوە دەگۆڕێت، کاتێك ئەڵێت:"من بۆنت ئەدەم بە خۆمدا"دیارە بۆن بە هەستی بۆن کردن هەستی پێدەکرێت، بەڵام کاتێك دەڵێت:"من وێنەی بۆنت دەکێشم"

ئەوا هەستەکە دەگوازێتەوە بۆ چاو، چونکە وێنەکێشان بەچاو دەبینرێت. کاتێکیش دەڵێت:"قوم قوم بۆنت ئەخۆمەوە"

هەست گورکێکە لەنێوان هەستی بۆنکردن و هەستی چەشتن دایە، چونکە خواردنەوەی "قوم قوم" بەر هەستی چەشتن دەکەوێت.

کاتێکیش دەڵێت:"بۆنت کاسێتی شەوانمەو گوێی لێ دەگرم"

ئەو کات هەستەکە لە بۆن کردنەوە دەگۆڕێت بۆ بیستن. بەم شێوە شاعیر چەندان وێنەی جوان و قەشەنگ بەهۆی شێوازی هەست گۆڕکێ دروست دەکات . شاعیر توانیویەتی لەسەر بنەمای هەست گۆڕکێ چوار وێنە بکێشێت. ئەویش بە گۆڕینی هەستی بۆنکردن بۆ دەست لێدان، بینین، چەشتن، بیستن، بەم جۆرە بە هەستی سەرەکی خۆی هەر پێنج هەستەکە دەگرێتەوە.

## 2 - شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو
## (The ̌reciprocate style)

### ا ـ بەرجەستە کردن (التجسید)
### (Antnro pomorpnism)

ئەم شێوازە هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە شاعیر بەهۆی خەیاڵ و زەین و ڕوونییەوە دروستی دەکات و جەستەو خوێن و ڕۆح دەدات بە هەموو ئەو شتە مادی و مەعنەویانە وەکو و گیانلەبەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و وایان لێدەکات بجووڵێن و ببینرێن و بڕۆن و بفڕن و جۆرە سیفەتێك بە خۆیانەوە بگرن. کە دەڵێن بەرجەستەکردن مەبەست لەوەیە کە جەستە بۆ شتە ژیرییەکان دروست بکەیت. ((مەبەست لە بەرجەستەکردن بەخشینی خاسییەتی هەستی بەرجەستەکراوە بە شتە واتاییەکان))(269)، بەڵام چۆن بەرجەستەکردنێك، بەرجەستەکردنێك کە زیاتر جووڵەو ژیانی تێدا بێت. واتە ئەو جەستانەی کە توانای جووڵەو گەشە کردنیان هەیە. هەندێ زانایان زیاتر دەیخەنە پاڵ ئەو جەستانەی کە خوێنیان تیا دەسووڕێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بەرجەستەکردن لە سادەترین ماناکانیدا بینینی ئەو شتەی کە مەبەستە بە چاو، ((سادەترین واتا بۆ وشەی وێنەو نزیکترینیان لە زەینی مرۆڤ، بەخشینی جەستەیەکە بە شتەکان بە شێوەیەکە بەرهەستی بینین بکەون))(270). بەم شێوازە وێنەی جوان دروست دەبێت، لەم وێنەیەشدا دەڵێت:

ئەوەی قومێك ئاو بکاتە
دەمی مێژووی بریندارم
هەتا مردن
من خۆم ئەکەم
بە مەتارەو بە زەمزەمەی(271)

شاعیر مێژووی میللەتەکەی وەك مرۆڤێکی بریندار داناوە، کاتێك مرۆڤ دەپێکرێت و بریندار دەبێت و خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕوات دەمی وشك دەبێت پێویستی بە ئاو هەیە، ئەم ئاو پێدانەش مانایەکی فراوانتری هەیە، واتای چاودێری کردن و بە تەنگەوە هاتن دەگەیەنێت، ئەم بەتەنگەوە هاتنەش مایەی سوپاس و لەبیرنەچوونەوەو پاداش بەخشینەوەیە.

مێژوو شتێك نیە جەستەی هەبێت، بەڵام شاعیر وەك گیانلەبەرێكی خاوەن ڕۆح و جەستە مامەڵەی، لەگەڵ كردووە لە دەربڕینی وتەی "دەمی مێژووی بریندارم" بەدەر دەكەوێت. تەنانەت لێرەدا شاعیر جەستەیەكی بە مێژوو بەخشیوە كە بریندارە و خوێن لە زامەكانیدا دەچۆڕێت.

شاعیر لە وێنەیەكی تردا دەڵێت:

بەیانییەك سەعات لەناو كاتژمێرما
دڵی وەستا دارستانەكان پاڵكەوتن
ڕووبار لەجێی خۆیدا نووست و
زەوی ترسا (272)

لێرەدا شاعیر چەند وێنەیەكی هێناوەتەوە كە بە هەموویان وەستانێكمان پیشان دەدەن. (كاتژمێرێك دڵی وەستا) كاتژمێر ئەو ئامێرە بێگیانە لێرەدا شاعیر دڵی بۆ دروست كردووەو، وەكو هەموو گیانلەبەرێكی تر گیانو جووڵەی پێبەخشیوە... بەڵام ئەم دڵە لە و بەیانییە ڕاوەستا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا وەستانی زەمەنە... (دارستانەكان پاڵكەوتن) دیارە پاڵ كەوتن بۆ مرۆڤـ و گیانلەبەران بەكار دێت. لێرەدا شاعیر بە دارستانی بەخشیوە. دیارە لێرەشدا نەمانی جووڵەیە، چونكە گیانلەبەران لەدوای جووڵەیەكی زۆر پێویستیان بە پشوودانە بۆ ئەم مەبەستەش پاڵ دەكەون. (ڕووبار لەجێی خۆیدا نووست)، خەوتن تایبەتە بە گیانلەبەران شاعیر بە ڕووباری بەخشیوە. دیارە ئەمەش نەمانی ڕۆیشتن و بەردەوامی ڕووبارە. (زەوی ترسا)، ترس خاسیەتێكە تایبەت بە گیانلەبەران، شاعیر بە زەوی بەخشیوە. زەوی ترساو حەپەسا لە شوێن خۆیدا. دیارە ئەمەش مانای وەستانە. شاعیر بەم هەموو وێنە تاكانە وێنەیەكی لێكدراوی دروست كردووە لە ڕێگەی كەڵەكە كردنی وێنەدا كە وەستان دەگەیەنێت.

لە وێنەیەكی تردا شاعیر دەڵێت:

كە نانیان كوشت ئەبوایە هۆزی گڕ بچن
بەپیر داسی بێدەستەوە(273)

شاعیر نانی لەوەدا بەرجەستە كردووە كە گیانی پێ بەخشیوەو، وەكو و هەر گیانلەبەرێكی تر خستوویەتیە خانەی كوشتنەوە. واتە كوشتن بریتییە لە سەندنەوەی گیان لە گیانلەبەران. ئەوسا جەستەیەكی بێگیان دەمێنێتو لە جووڵە دەكەوێت. جا لێرەدا گیانی بەنان بەخشیوە، واتە جووڵەیەكی تێخستووە. دیارە بەرجەستەكردنیش زیاتر بەخشینی جووڵەیە بە تەنەكان.

## ب- بەتەن کردن (التجسیم) Embodiment

بەتەنکردن واتا پێدانی قەبارەو بارستاییە بە شتە واتاییەکان.((ئاشکرایە کە گشت شتە هەستیەکان، گیانلەبەر بێ یان بێگیان زیندووبێت یان مردوو، عاقڵ بێت یاخود بێعەقڵ، تەنێکیان هەیە))(274). بەڵام شتە واتایی یەکان هیچ تەنێك و بارستەیەکیان نیە. شاعیر دێت بارستەو قەبارە بە شتە واتاییەکان دەبەخشێت و وێنەی هونەری لەسەر ئەم بنەمایە دروست دەکات.((هەندێك وەسفی مادی پێ دەڵێن، چونکە مەعنەوی بە ماددی دەچوێنن))(275). شاعیر بە ئارەزووی خۆی شتە واتاییەکان دەگۆڕێت بۆ شێوەی ماددی و قەبارەیان دەداتێ. بەتەنکردن ((بریتییە لەوە کە کراسی هەستی بکەیتە بەر شتە واتاییەکان لە بیرە گشتییەکان و هەست و سۆز و هەڵچوونەکان. لە خەیاڵی وەرگردا بیانخەیتەڕوو. بەتەنکردن جیاوازە لە بەرجەستەکردن، چونکە تەن زاراوەیەکە بەسەر گشت شتە هەستیەکاندا پراکتیزە دەبێت لەسەر گیانداران و مرۆڤـ و ڕووەك))(276). کەواتە بەتەن کردن واتا پێدانی قەبارە بە هەموو ئەو شتانەی ژیرین و تەنێکیان نیە، شاعیر قەبارە و تەنێکیان بۆ دروست دەکات تاکو لەزەینی مرۆڤ دا جێگر بن، شاعیر لەو وێنەیەدا دەڵێت:

ئەو زەریا گەورەیە ناتوانێت...
پووشێکی بێزاریم ڕابداو...
ئەو زەریا گەورەیە ناتوانێت...
تەنیا یەك ڕۆژم بخاتە سەر پشتیو
ناتوانێت یەك دڵۆپ فرمێسکم
لەخۆیدا بزرکا(277)

ئەم کۆپلەیە لە سێ وێنە پێك هاتووە، بێگومان زۆر جار مرۆڤـ تووشی بێزاری و سەرگەردانیەك دەبێت، ڕوو دەکاتە سروشت بۆ ئەوەی ئارام بێتەوە، چونکە خودای گەورە ئەم سروشتەی بە شێوەیەکی میهرەبان دروست کردووە. ئاسمانی شین دڵکەرەوەیە. شاخو کێوو ئەستێرەو گوڵ و گوڵزار و دەر و دەشت خەفەتی مرۆڤـ دەرەوێننەوە، شەپۆلی زەریاش زەردەخەنەیەکی هێمنەو ئارامی بە دڵ و دەروون دەدات، کەچی دەبینین ئەو زەریا گەورەیە

نەیتوانیوە بێزاری شاعیر بڕەوێنێتەوە. شاعیر بە شێوەی بەتەن کردن وێنەکان دەخاتە ڕوو، لە وتەی (پووشێکی بێزاریم)، بێزاری شتێکی مەعنەوییەو هیچ بارستاییەکی نیە. شاعیر بە تەنی کردووەو قەبارەی بۆ دروست کردووە. لە وتەی (ئەو زەریا گەورەیە ناتوانێت... تەنیا یەك ڕۆژم بخاتە سەر پشتی)، دیارە ڕۆژەکانی حەوتوو بارستایەکیان نیە، بەڵام بەم دەربڕینە شاعیر بارستەو قەبارەیەکی دەداتێو وێنەیەکیان بۆ دروست دەکات، تاکو لە زەینی خوێنەر قەبارەیەکی بۆ درووست بکات. لە وێنەیەکی تردا شاعیر پەنا دەباتە بەر تەنیاییو تەنێکیشی بۆ دروست دەکاتو دەڵێت:

ژوورێکم هەیە تەنیایی بەشی ناکات
تەنیاییم جمەی دێت لە دەنگ
لە ڕەنگ و بۆن و تامی کۆست(278)

تەنیایی شتێکی مەعنەوییەو هیچ بارستەیەکی نیە، بەڵام شاعیر بە شێوازی بەتەنکردن بارستەیەك ئەدات بە تەنیایی کە بەشی ژوورێك ناکا کە ژوورێك هەرچەندە لێوان لێوە و جمەی دێت لە دەنگو لە ڕەنگ و بۆن و تامی کۆست، تەنیایی شتێکی ژیرییە، بەڵام شاعیر وێنەیەکی هەستی لێدروست کردووەو، دەیداتە دەست چوار هەستی مرۆڤ ئەوانیش "بیستن، بینین، بۆنکردنو چەشتن"ن. واتە تەنیایی دەنگی دێتو ڕەنگی هەیەو بۆنی هەیەو تامی کۆستی لێدێت. شاعیر بەوەندە واز لە تەنیایی ناهێنێت، بەڵکوو تەنی بۆ دروست دەکات لە شیعری "مووتووربە"دا دەڵێت:

پاییزێکی درەنگ وەخت
لە کاغەزێکی بەردەمما
شەتڵی تەنیایی خۆمم ڕووان
دواتر کاغەز وەنەوشەی گرت (279)

شاعیر پارچە کاغەزی بەردەممی بە ئینجانەیەك یان پارچە زەوییەکی چواندووە. لەم پارچە زەوییەش شەتڵی تەنیایی چاندووەو دواتر تەنیاییەکە بووە بە وەنەوشە، دیارە تەنیایی شتێکی ژیرییەو هیچ بارستەیەکی نیە، بەڵام شاعیر بە شێوازی بەتەنکردن قەبارەیەکی بۆ دروست کردووە.

له دەربڕینی (شەتڵی تەنیایی)، تەنیایی لە وێنەی شەتڵێکدا دەبینێت کە کاغەزی وەنەوشەیی دەگرێت بەم جۆرە شاعیر شتە واتاییەکان لەنێو بارستایەکدا دەبینێتو، بە شێوازی جۆراوجۆر تەنیان بۆ دروست دەکات.

لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

مەنفا ئەڵێ:
پەنا ئەبەیتە بەر ڕووبار و
کەفی بیرە ئەکەی بە کڵاوی خەیاڵ (280)

بە شێوازی بە تەن کردن کردن ئەم وێنەیە دروست کراوە، لە دەربڕینی (کەفی بیرە ئەکەی بە کڵاوی خەیاڵ). دیارە کەفی بیرە ئەگەر ببێت بە کڵاوی خەیاڵ واتە، خەیاڵ دەبێت سەری هەبێت، چونکە کڵاو دەکرێتە سەرەوە، خەیاڵ شتێك نیە بەچاو ببینرێت، بەڵام شاعیر وێنەیەکی جوانی بۆ دروست کردووەو، بۆ ئەوەی خەیاڵت وا نیشان بداتو کەفی بیرەش دەکات بە کڵاوی خۆی واتە خەیاڵێکی قووڵ و دوور ڕەهەندمان نیشان دەدات.

## ج- بەکەس کردن (تشخيص)
## Personification

بەکەس کردن بریتیە لە پێدانی خاسیەت و سیفات و هەست و سۆز و جمووجۆڵی مرۆڤ بە پێکهاتەکانی سروشت. هەر لایەنێك لە سروشت وەك مرۆڤێك مامەڵەی، لەگەڵ دەکرێت. شاعیر دەتوانێت لە دەیان وێنەی شیعری بە دەیان خاسیەتی مرۆڤ بە بەردێك ببەخشێت یان بە هەر شتێکی تر. بەکەس کردنیش ((شتێکی نوێ نیە ڕەگو ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، لەلای ڕەخنەگران و لێکۆڵەرە ڕەوانبێژەکان))(281). چونکە جگە لە شیعر لە چیرۆك و بابەتە ئەفسانەویەکانی دێرین زۆر بە بەربڵاوی سیفاتەکانی مرۆڤییان بە سروشت بەخشیوە.((خوازەش لە بەکەس کردندا هێزێکی چڕ و پڕ و کورتوپڕمانایە))(282) چونکە سیفاتەکانی مرۆڤ بۆ سروشت و ئاژەڵان دەگوازرێتەوە شاعیر لەپاڵ ئەم گواستەنەوەیەدا هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێت. ((شتێکی بێگیان وەکو مرۆڤێك مامەڵەی، لەگەڵ دەکرێت))(283). هەرچی سیفاتی مرۆڤ هەیە، لە پێکەنین و گریان و قسەکردن و

خەوبینین...هتد بەو شتە بێگیانە دەدرێت.

دیارە ئەرکی شاعیر ئاشکرا کردنی ئەو ژیانە شاراوەیەیە کە لە شتەکانی دەوروبەرماندا حەشار دراون. شاعیر بەهۆی ئەو ڕێگا سەرەتاییەی تێڕوانینێك لە ڕەگەزەکانی سروشت ئەو ژیانەمان بۆ ئاشکرا دەکات. ((شاعیری ڕاستەقینەش ئەوەیەکە توانای ئەو ئاشکراکردنە لەلایدا بگاتە ئەوپەڕی))(284). دیارە ئەو بەکەس کردنە زۆر کۆنەو مرۆڤ سەرەتا کە سەیری سروشتی کردووە، وای زانیوە گشتیان گیانیان لەبەرە بۆیە زۆرجار لە هەموو شتەکان ترساوەو بە هێزێکی گەورەی داناون. تەنانەت مرۆڤ لەو سەردەمەدا لە و باوەڕەدا بوو کە سروشت زیندووەو قسە دەکات و کاری جۆراوجۆر ئەنجام دەدات. تەنانەت ئێستاش هەندێ لە هۆزە سەرەتاییەکانی ئەمریکای سەروو ((لەو باوەڕەدان کە ژیان لە ناو هەموو شتێکدایەو هەرچی لە بووندا هەیە، جەستەو گیانی هەیە. ئەم بۆچوونە کاتی خۆی لەلای گریکەکان و ڕۆژهەڵاتییەکانیشدا هەبووە))(285). دیارە ئەم جۆرە بۆچوونە لەلای مرۆڤ بەردەوام بوو، چونکە بەکەس کردن غەریزەیەکی ئادەمیزادە، وەکو و هەر غەریزەیەکی تر بۆیە مرۆڤ هەوڵی داوە خاسیەتەکانی مرۆڤ بەگیان و بێگیانەکان ببەخشێت. شاعیر کە لە هەموو خەڵك هەستو سۆزی ناسکتر و بەجۆشترە زیاتر ئەمەی لەلا زەق بۆتەوە. شێرکۆ بێکەسیش وەکو و شاعیرێکی بە ئەزموون لەم جۆرە بنیاتەی وێنەدا دەست ڕەنگینی خۆی سەلماندووەو لەم وێنەیەدا دەڵێت:

لێفەی شڕ ئەکۆکێ و ئەکۆکێو
دۆشەکی بێهەناو هەناسەی خەونێکی ئەتاسێ و
سەبەتەی نانەکەش لەولاوە کزۆڵە کزۆڵە چاو بۆ ئارد(286)

لێفەی شڕ مرۆڤێکی پیر و کەنفتەو هەناسەی بۆ نادرێت و سیەکانی تەنگ بوونەتەوەو دەکۆکێت... لە وێنەیەکیتردا دۆشەك مرۆڤێکی برسییەو هەناوی بەتاڵە بە شەو خەو دەیباتەوەو خەو دەبینێت. لەولاوە سەبەتەی نان کە بەتاڵ بووە وەك مرۆڤێك چاوەکانی لە ئاستی ئارددا کز بۆتەوەو سەیر دەکات. بە هەر سێ وێنەکان وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە کە وێنەی نەبوونیو نەداری و نەخۆشی مرۆڤێك یان چینێك دەردەخات لە هەمان کاتیشدا وێنەکان خوازەی درکاون.

لە وێنەیەکیتردا ستۆکهۆڵم لە وێنەی مرۆڤێکی سەرمابردوودا دەبینیو دەڵێت:

بەیانییەو (ستۆکهۆڵم) دەستەکانی لە گیرفانداو،
پەنجەکانی پێی تەزیوەو لەبەر (با)ی بەفرا کوور بووەو

ئەویش وەك من هەڵئەلەرزی(287)

بەهۆی شێوازی بەکەس کردن ئەم وێنەیە دروست بووەو مرۆڤێك دەستەکانی لە گیرفان ناوەو پەنجەکانی پێی تەزیوەو وەك مرۆڤێك کە سەرما زۆری بۆ هێنابێت و بەناو بەفرا کوور بوو بێتەوەو هەڵ بلەرزێت، لەسەر بنیاتی بەکەس کردن دروست بووە، لە هەمان کاتیش لەسەر ئاستی دەقەکە (لێکچواندن)یشە، چونکە وێنەی دووهەم (ئەویش وەك من هەڵئەلەرزێت) لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست کراوە. کاتێك شاعیر (ستۆکهۆڵم)ی بەخۆی چواندوەو هەردووکیان هەڵئەلەرزن، بە هەردوو وێنەکە وێنەیەکی لێکدراو دروست دەکەن کە ساردی و تووشی ئەم شارە پیشان دەدات.

لە وێنەیەکیتردا گیان بەبەر (بەلەم)ێك دەبەخشێت و دەڵێت:

چەند هەنگاوێك و ئەگەیتە بەلەمەکە
بەلەمەکە ئازاد ئەکەیت
بەلەمەکە پێ ئەکەنێت
بەرەولای خۆت ڕایئەکێشی...(288)

بە چەند سیفاتێك ئەم وێنەیە لەسەر شێوازی بەکەس کردن دروست کراوە لەوانە (ئازادکردنی بەلەمەکە)، (پێکەنینی بەلەمەکە) ئازاد کردن ئەو واتایە کە گشت مرۆڤێك بۆی هەوڵ دەدات. شاعیر بەم خاسیەتەی بە (بەلەم) بەخشیوە. ئینجا (پێکەنین) کە تایبەتە بە مرۆڤ، شاعیر دەیبەخشێتە بە(بەلەم)ەکە. بەم جۆرە شاعیر دوو وێنەی تاك لەسەر بنەمای بەکەس کردن دروست دەکات.

شاعیر لە وێنەیەکیتردا مردن لە جەستەی سەربازێکدا دەبینێت کە بە کۆڵانێکی پایتەختدا تێدەپەڕێتو دەڵێت:

مردن خۆی گۆڕیبوو، مردن
بە جلکی سەربازییەوە، پۆشتەو پەرداخ
بە هەموو نەجمەو نیشانەو نۆتەکانیەوە
بە کۆڵانێکی نەخۆشی پایتەختا ڕەت بوو (289)

لەم وێنەدا شاعیر جلو بەرگی سەربازێکی لەبەر مەرگ کردووەو هەرچی نەجمەو نیشانەی سەربازی پێی بەخشیوە. ئەمەش وێنەی سەربازێکی لێهاتووی دڕندەیە. چونکە

سەرباز ئەگەر وانەبێت بە پلەو پایە ناگات. بەتایبەتیش سەربازەکە خۆی مەرگ بێت. وێنەی دووهەم (بە کۆلآنێکی نەخۆشی پایتەختا ڕەت بوو). مەرگ کە بۆتە سەرباز بە کۆلآنێك ڕەت دەبێت کە نەخۆشە، دیارە لێرەدا خاسیەتێکی گیانلەبەرانی بە کۆلان بەخشیوە کە نەخۆشە، ئەمەش پێی دەوترێت بەرجەستەکردن. بە هەردوو وێنەکە وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە.

## 3 - شێوازی لێکچواندن:
## "Simile Style"

یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کە بەشێکە لە بەشەکانی ڕەوانبێژی، بە شێوەیەکی زۆر بەربلاو شاعیران لێکچواندن بەکار دەهێنن بۆ ڕوون کردنەوەو جوانتر خستنەڕووی وێنەکان. خستنەڕووی سیفەتی گەشی لێچوو بەهۆی سیفەتی زەقی لەو چووەوە.((لێکچواندن بە سادەترین جۆرەکانی وێنەی ڕەوانبێژی دادەنرێت، ئەمەش زۆری بەکارهێنانی دەگەیەنێت لە کۆنو نوێدا. ئەویش ئەو جۆرە وێنەکێشانەیە کە پشت بە دوو لایەن دەبەستێت، بەلآم ناتوانن بیانگەیەننە پلەی بەیەك بوون، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای جیاوازی تەنیایی هەر بە یەکێکیان بنیات دەنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا بێبەش نیە لە یەکگرتنو کارلەیەك کردن))(290). لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە نزیکییەك لەنێوانیاندا دروست دەبێت، ئەوە هەر دەمێنێت کە لەو چوو لە لێچوو ئاشکراتر و گەشاوەترە.کلیانپ بروکس دەڵێت: ((غایەی خوازەو لێکچواندن رامان دەهێنن، بڵێین یەکەمیان ڕوونکردنەوەیە، دووەمیان جوانکارییە))(291). بێگومان لێکچواندن ڕۆڵێکی بالآ دەبینێت. ئیستاتیکا بە دەقی شیعری دەبەخشێت. شێرکۆ بێکەس لە مەیدانی لێکچواندندا وێنەی شیعری یەکجار زۆرە:

شاعیر دەڵێت:

لە خوارەوە لە دامێنی ئاگرگرتووی بەردەلآندا ژنێکم دی
لە دووکەڵی ماڵەکەیدا وەك قۆریەکی تەنەکە ڕەش ئە چۆوە،
ئەکولآ و ئەکولآ، دەستێك نەبوو ئەو داگرێت ئەتووت
دەوەنی سووتاوە، دەوەن زمانی چیای خۆی بیر چوو بۆوە(292)

ئەم وێنەیە لەسەر شێوازی لێکچواندن دروست بووە. شاعیر ژنێکی بە قۆریەکی تەنەکەی

ڕەش چواندووە. ڕەنگی ڕەشیش هێمایە بۆ ڕەشپۆشی ژنەکەو عاجز و مات بوون. کوڵانی قۆریەکەش بە کوڵ گریانی ئەم ژنە نیشان دەدات، کە کەس نیە دڵنەوایی بداتەوە و فریادرەسی بێت و فەرامۆشی باتەوە. جارێکی تر ژنەی بە دەوەنی سووتاو چواندووە، دیارە دەوەنی سووتاویش ڕەنگی ڕەشە هێمایە بۆ ڕەش پۆشیو بەدبەختی ژنەکە.

ژن: لێچووە

وەك: ئەوزارە

قۆری تەنەکەی ڕەش: لەوچووە

ژن: لێچووە

دەتوت: ئەوزارە

دەوەنی سووتاو، لەو چووە

لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

باوکی تۆ هەر ئەڵێی ڕووباری ماندووە،

ئەوەندە شەپۆلی خنکاوی هێناوەو بردووە(293)

ئەم وێنەیە لەسەر شێوازی لێکچواندن دروست بووە

باوکی تۆ: لێچووە

ئەڵێی: ئەوزارە

ڕووبار: لەو چووە

لێکچواندنی بەرەڵایە، لێکچواندنی کەسێکە بە ڕووبارێکی ماندووی چواندووە، ڕووباری ماندووش واتا ڕووبارێکی بەهاژەو شڵەژاو کە ئەوەندە بە دار و بەرد و کەنارەکان کەوتووە کەف و قوراوی گرتووە. باوکی ئەویش وەك ئەم ڕووبارە شڵەژاوەو ماندوویەتیو هیلاکیو شپرزەیی لە ڕووخساریەوە دیارە.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

ئەی ئاوێنە باریکەکە!

ئەی کچەکە

هەموو جارێ کە لەتۆدا

تەماشای عومری خۆم ئەکەم

ئەبمە کانیو گەنج ئەبمەوە(294)

شاعیر کچێکی بە ئاوێنەی باریك چواندووە، دیارە ئاوێنەش ڕووخساری مرۆڤـ نیشان دەدات، هەر جارەش کە سەیری ئەم کچە دەکات دڵخۆش دەبێتو دەگەشێتەوە ڕووخساری ڕەنگو ڕوویێکی نوێ دێنێت گەنج دەبێتەوە، تا ئەم کچە ئاوێنەی بێت ئەم دڵخۆشەو گەنجەو وەك کانی لە جوانی هەڵدەقوڵێت.

کچ: لێچووە

ئاوێنە: لەوچووە

عومری خۆم: لێچووە

کانی: لەوچووە

هەردوو وێنەکەش لێکچواندنی ڕەوانن

## 4 - شێوازی خواستن:

بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ مانایەکی تر، ئەو وشەیەی کە لەبری شتێك بەکار دێت. لێکچواندنێك هەیە لەنێوان لێ خواستراو بۆ خواستراو. لە لێکچواندندا مەرجە هەردوو بنەڕەتەکە لێچووو لەوچوو هاتبن، بەڵام لە خواستن دا یەك لەم دوو بنەڕەتە هاتبن بەسە. لە خواستندا تەنیا یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان دەردەکەوێت ئەویش بە زۆری لێ خواستراوە. هەندێ جار بۆ خواستراو دەردەکەوێت ئەوسا لێ خواستراو دەرناکەوێت تەنیا پەیوەستێك لە لێ خواستراو وەردەگرێت. ئەو کاتە خواستنی درکاو دروست دەکات.

جاحز دەڵێت: ((خواستن ناونانی شتێکە بە شتێکیتر، ئەگەر شوێنی گرتەوە))(295). دەبێ لەنێوان واتای لێ خواستراو بۆ خواستراو لێکچواندن هەبێت. جا ئەو لێکچواندنە لە هەر لایەنێك بێت.((شاعیر کە پەنا دەباتە بەر خواستن هەر لەبەر ئەوەیە گەلێ شت هەیە، ناتوانێت بە ڕێگاکانی تر دەریان ببڕێت))(296).شاعیر کە ئیلهامێکی بۆ دێت خەیاڵەکانی چڕ دەکاتەوەو هەستو سۆزی دەردەبڕێت، جا کە هەستو سۆزی دەربڕی شیعر خۆی جۆرەها وێنە دەردەبڕێت لە خواستن و لێکچواندن و...هتد.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

بارەکەوێ لەناو سنگتا قاسپەیەتیو

ژانی کردووە بە شیعر و بۆت ئەخوێنێ(297)

لێخواستراو: بارەکەو
بۆخواستراو: دڵ
نیشانەی خواستن (لەناو سنگتا) دەرنەکەوتووە، خواستنی ئاشکرای ڕاستەقینەیە.
شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە بارەکەوی لەبری دڵ داناوەو بارەکەوێکی خواستووەو لەنێو سنگیدا دەخوێنێت.
لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:
نزیکی قەراغ شار چەند دیمەنێکی سامناک بوو،
لە چاڵێکدا لاشەی ملوانکەیەکی بێسەرم بینی(298)
باسی لە دیمەنی کوشتنی کچێك دەکات، لە قەراغ شار کە لە چاڵێکدا کوژراوەو خەڵتانی خوێن بووە.
ملوانکە: لێخواستراوە
کچ: بۆخواستراوە
نیشانەی خواستن، لاشەی بێسەر. خواستنی ئاشکرایە، چونکە شاعیر بە ئاشکرا ملوانەکەی خواستووەو لە جێی کچی داناوە. ڕاستەقینەیە، چونکە (کچ) کە بۆ خواستراوە شتێکی هەستی یە. پاشکۆییە، چونکە (ملوانکە) وشەیەکی داتاشراوە. کەواتە خواستنی ئاشکرای ڕاستەقینەی داتاشراوە.
لە شیعری (لە ڕاڕەوە نسرمەکانی لەشدا) لەسەر بنەمای خواستن وێنەیەکی ترمان بۆ دەکێشێ و دەڵێت:
لە ناکاوێ "با"یەك بە غار
هات و بەلامدا تێپەڕی و... لەناکاوێ
هەردوو زنەی خوار تەوێڵی
پڕ کرد لە گەردی تەپ و تۆز(299).

سەرەتا وێنەیەکمان لەسەر بنەمای بەکەس کردن بۆ بنیات دەنێت و سیفەتی غاردان کە تایبەتە بە مرۆڤـ داویەتی بە (با). ئینجا لە دوو زنەوە وێنەیەکیتر لەسەر بنەمای خواستن بنیات دەنێت و زنە دەخوازێت و لە شوێنی چاوی دادەنێت، وێنەکە خواستنی درکاوە.
لێخواستراو: دووزنە
بۆ خواستراو: چاو

نیشانەی خواستن: خوار تەوێڵی

خواستنی ئاشکرای ڕاستەقینەی نەژادییە، هەردوو وێنە تاکەکە یەکیان گرتووەو وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە. لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

ئەی زایەڵەی کەوە سوورەکەی ناو سنگم
تۆ کەی ئەوەندە چوار دەوری
جێژوانی ڕازەکانت چۆڵ و هۆڵ بوون؟(300)

کەوە سوور: لێخواستراوە

دڵ: بۆخواستراوە

نیشانەی خواستنیش جێژوانی ڕازەکان.

خواستنی ئاشکرای ڕاستەقینەی نەژادییە.

لە وێنەیەکیتردا کە بۆ هەردی شاعیری کێشاوە دەڵێت:

هەردی هەتا تەمەنێکی درێژ
هەر دەدوانزەکانی نووسی
بەڵام کانی،کانی
هەر دەدوانزە جار جریوەی دا لە قژی
بەڵام جریوە، جریوە! (301)

شاعیر وێنەی ئەوەمان بۆ دەکێشێت کە هەردی هەرچەندە شیعری کەم نووسیووە، بەڵام شیعرەکانی لێوان لێون لەجوانی و نایابی و تەڕ و ناسك و پاراون.

کانی: بۆ خواستراوە

نووسی: پەیوەستە لە مرۆڤ وەرگیراوە و دراوە بەکانی کەواتە خواستنی درکاوە.

(هەردی دوانزەجار جریوەی دا لە قژی)

وێنەیەکە لەسەر دوو بنەما دروست کراوە. یەکەم شیعر وەك کچێك سەیر دەکات کە قژی هەیە. واتە لەسەر بنەمایەکی بەکەس کردن دروست کراوە. ئینجا لەسەر بنەمای هەست گۆڕکێ وێنەکەی تەواو کردووە. "جریوە" کە بەر هەستی بیستن دەکەوێت، هەستی بیستنی پێ بەخشیوەو لە قژی شیعریداوە. واتە شیعر کچێکی شۆخ و شەنگەو جریوەی لە قژی خۆی داوە.

شاعیر لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

منالێنه!
له هەکارا
له هەکاری تار و مارا
گوڵەگەنمەکانی شۆڕش
له برساندا زۆریان مردن (302)
وێنەکان:
گوڵەگەنم: لێخواستراو
پێشمەرگە: بۆ خواستراو
نیشانەی خواستن: له برساندا زۆریان مردن
خواستنی ئاشکرایه ڕاستەقینەیه. شاعیر وێنەی پێشمەرگەی له گوڵه گەنمێکدا بۆ کێشاوین له برساندا زۆریان سەریان ناوەتەوە.

## 5 - شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ
## "Direct Description"

شاعیران به شێوەیەکی بەربڵاو پەنا بۆ شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ دەبەن، له شتەکانی سروشت و دەوروبەر به شێوەیەکی نایاب کامێرای خەیاڵیان بۆ دەخەنە گەڕ. کاتێ دەقە شیعرە وەسفییەکان دەخوێنیتەوە ڕۆدەچیه ناو دیمەنەکان و چێژێکی زۆر له دەقە وەسف کراوەکان دەبینین که جیاوازه له و دیمەنەی خۆت بینیوته، چونکه ((جیاوازی مرۆڤی شاعیر لەوانیتر لەوەدایه که شاعیر هەستێکی بەهێزتری هەیه. خاوەنی هۆشیاری و قوڵبوونەوەو فراوان و چوونی بۆ ناووکی شتەکانه بۆیه وتەکانی زیاتر کار له خەڵك دەکەن و خەڵکیش زیاتر گوێی بۆ شل دەکەن، بۆ وەرگرتنی هەموو ئەو شتانەی که شاعیر باسیان لێوه دەکات))(303)و دەکەونه خانەی شیعرەوەو به شێوەیەکی هونەری نایاب وێنەکان دەکەونه بەر دڵ و دیدەی خوێنەرانەوە، چونکه ((لەم شێوازەدا شاعیر وێنەکان وەکوو خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو و خەیاڵی خۆی دەخاتە سەر و وێنەیەکی جوان و قەشەنگ و دڵرفێنیان لێ دروست دەکات))(304)و وێنەی نوێ و سەرنج ڕاکێش و جوان بەهۆی خەیاڵەوە دروست دەکات.
شاعیر له شیعری (ئاوڕدانەوەیەك بەرەو منداڵی) شۆڕ دەبێتەوە بەنێو ناخ و یادی منداڵی

و چەند دیمەنێکی جوانمان لە ڕابردووی بێگەردی منداڵی خۆیمان لەسەر شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

لە کاتێکدا کە منداڵ بووم
دەستی چەپم حەزی ئەکرد
وەك دەستی منداڵی پۆشتەی
دراوسێمان
سەعاتێکی تیابێ و ئەویش
ورکم ئەگرت
دایکم ناچار گازی ئەگرت
لە مەچەکم
بە جێگەی دان
سەعاتێکی بۆ ئەکردم
ئای... کە دڵخۆشی ئەکردم(305)

شاعیر لەسەر شێوازی وەسف وێنەیەکی گشتی کێشاوە کە خۆی لە پێنج وێنەی تاکدا دەبینێتەوە، ئەوانیش هەر لەسەر بنەمای وەسف کێشراون بە هەر پێنج وێنە تاکەکە کە وێنەیەکی گشتی پێکدێنن. لایەنێکی منداڵی شاعیر پیشان دەدات ئەویش هەژاری و حەز و ئارەزووی شاعیرە، شاعیر درێژە دەدات بە خستنەڕووی وێنەکان و دەڵێت:

کە منداڵ بووم زۆر ئێوارە
ئەیان ناردم..
لە ماڵی پوورە مەنیجە
ترشیات بکڕم
کام تام لەو تامە خۆشتر بوو
لەدوای ئاور
لە پێچی تەنگی کۆڵانا
کاتێیەك دوو قوومی خێرام
ئەدا لە ترشیاتی ناوجام (306)

ئەمەش دیمەنێکی ترە لە یادی منداڵی کە هەموو خواردنێك و تامی تایبەتی هەبووە و لە کاتی گەورەبوون ئەو تامە و ئەم خۆشیانەی نابێت.

لە پارچە شیعرێکی تردا دەڵێت:

چیرۆکی پیاوێ
فەرش چنێ
هەتاکو و مرد
فەرشی چنی گوڵی چنی
بەڵام ئاکام
نەفەر شێکی هەبوو بۆ خۆی
نە کەسێکیش
گوڵێکی خستە سەر قەبری(307)

لەسەر شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ دروست بووە. ئەگەرچی فەرش چنین هێماو ڕەمزە بۆ پیاوی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر کە بارتەقای ماندووبوونەکەی بۆ کەس و گەل و نیشتمان ئاوری لێنەدراوەتەوە کە مردیش بووە بە سەربازێکی ون و نە کەس ناوی دەهێنێت نە کەسیش تاجەگوڵینە دەخاتە سەر گۆرەکەی.

وێنەیەکی گشتییە لە سێ وێنە پێکهاتووە. سێ وێنەی تاك کە بە هەرسێکیان وێنەی مرۆڤێکی ماندووی ڕەنج بە خەسارمان بۆ دەکێشێت.

## ب- وێنەی لێکدراو
"Compound image"

بریتییە لە دوو وێنەی تاك یان کۆمەڵە وێنەیەك بەسەریەکەوە تێکەڵ دەبن و یەکەیەکی گەورەتر پیشان دەدەن، وێنەکان بە شێوەیەکی وا تێکەڵ بە یەکدی دەبن و سایەو سێبەریان بەسەر یەکدا دێتەوەو چەند دیمەنێکمان نیشان دەدەن.((کۆمەڵە وێنەیەکی سادەیە کە یەکیان گرتووە، بۆ پێشکەش کردنی سۆزێك یان بیرۆکەیەك یان هەڵوێستێك کە ئاڵۆزترە لەوەی کە وێنەیەکی سادە بیانگرێتە خۆ. جا شاعیر پەنا بۆ ئەم جۆرە دەبات بۆ گوزارشت کردن لە و بیرۆکە یا ئەو سۆزە یا ئەو هەڵوێستە))(308). کەواتە وێنەی لێکدراو جۆرێکە لە جۆرەکانی بنیاتی وێنە کە شاعیر تیایا گوزارشت لە بۆچوونێکی ئاڵۆز دەکات. جا لەوانەیە دوو وێنە یەك بگرنو وێنەیەکی تازە دروست بکەن، بەڵام وێنەی سێهەم کە دروست دەبێت

شتێکی تازەیە. یان کۆمەڵە وێنەیەك لەسەر یەك کەڵەکە دەبن‌و وێنەیەکی لێکدراو بنیات دەنێت، لەسەر ئەو بنەمایە وێنەی لێکدراو دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

## 1 - کەڵەکەبوونی وێنەی تاك:

ئەم جۆرە وێنەیە بریتییە لە کۆبوونەوەی چەند وێنەیەکی تاك لە پاڵیەکدا بە شێوەیەك رستەکان ریتم و موسیقای بە یەك دەدەن و تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن و وێنەکانی رەنگا و رەنگ دەردەچن.((کەڵەکەبوونی وێنەش لە رەخنەی نوێدا پێی دەوترێت هێشووە وێنە، شاعیر لەم شێوەدا دوو وێنە یان زیاتر دێنێت و وێنەیەکی لێکدراویان لێ دروست دەکات))(309) کەڵەکە بوونی وێنەی تاك بەشدار دەبێت لە دروست بوونی قەسیدەی درێژ، چونکە وێنەکان یەك لەدواییەکدا دێن و شاعیریش بە هەرچی جۆرێك، لە وێنە بێت هەستەکانی دەردەبرێت‌و پەلکە زێرینەیەك دروست دەبێت لەم هەموو وێنە جۆراوجۆرانەدا.

شێرکۆ بێکەس لە شیعری (هەمیشە عەشق!)دا دەڵێت:

تۆ مەلێکی لە پەڕەی گوڵ
جوانی ئاسۆت و
فرینت پڕە لە عەترو
گەمەت پڕە لە شەونم(310)

ئەم دەقە لە سێ وێنەی تاك دروست بووە بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون. وێنەی یەکەم لەسەر بنچینە لێکچواندن دروست کراوە.(تۆ مەلێکی لە پەڕەی گوڵ)، ئەوی بە مەلێك چوواندووە کە لەجێی پەڕەکانی بە پەڕەی گوڵ داپۆشراوە.(جوانی ئاسۆت‌و فرینت پڕە لە عەتر) بەهۆی شێوازی هەست گورکی دروست بووە، فرین و جوانی بەچاو دەبینرێن. لە دەربرینی (پڕە لە عەتر) دەگوازرێتەوە بۆ هەستی بۆن کردن. لە وێنەی سێهەمیشدا (گمەت پڕە لە شەونم)، ئەمەشیان بەهۆی شێوازی هەست گۆرکێ دروست کراوە، چونکە (گمە) دەبیسترێت کە وتوویەتی (پڕە لە شەونم)، ئەوا رۆڵەکە دەدات بە چاو. هەرسێکیان یەکیان گرتووەو وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

ئێرە بۆنی خۆشترین گوڵی ناو دنیاو
بۆنی تلیاك، بۆنی سێکس و رووت بوونەوەو

بۆنی بەزم و بۆنی دادگاکەی لاهەیی و
بۆنی مۆسیقای لێوەدێ (311)

لەکۆمەڵە وێنەیەکی کەڵکە بوو پێکهاتووە لەدەربڕینی (ئێوە خۆشترین بۆنی گوڵی ناو دنیا و بۆنی تلیاك)دا وێنەکە لەسەر بنەمای وەسف کردن دروست بووە. لە گوتەی (بۆنی سێکس) سێکس بۆنی نییە، بەڵکو بە هۆی بەرکەوتن هەستی پێدەکرێت. ئەم وێنەشیان بەهۆی شێوازی هەست گۆرکێ دروست بووە.( بۆنی ڕووت بوونەوە)، ڕووت بوونەوە بەچاو دەبینرێت بەهۆی شێوازی هەست گورکێ. ئەم وێنەیە دروست بووە.

لە گوتەی (بۆنی مۆسیقا)شدا دیارە مۆسیقا دەبیسترێت، ئەم جۆرە دەربڕینەش بە شێوازی هەست گۆرکێ دروست بووە، بەم شێوەیە شاعیر چەند وێنەیەکی جوانی بەهۆی لێکچواندن و، شێوازی هەست گۆرکێ دروست کردووە. بە هەمووشیان وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە.

شاعیر لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

لە بێشەلانی تاریکیدا
ڕەنگی پاشەکشەو ڕەنگی هەڵاتنی تفەنگ
ڕەنگی ونبوونی ڕێگا لە ڕێبوار و،
لە ڕەنگی باڵی شکاوی هەڵۆیەك
لە بێدەنگبوونی ڕەشەباو لە زەریانێکی شەل ئەچوو(312)

شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە. ڕەنگی پاشەکشەو ڕەنگی هەڵاتنی تفەنگ و ڕەنگی ونبوونی ڕێگای ڕێبوارێك هەرسێکیان (لێچوون) ڕەنگی باڵی شکاوی هەڵۆیەك و بێدەنگ بوونی ڕەشەباو زریانی شەل ئەمەش (لەوچوون). لەسەر ئاستی شیعرەکەش ڕەنگی پاشەکشە شتێکی ژیرییە شاعیر ڕەنگی پێداوە، ڕەنگی هەڵاتنی تفەنگ ڕەنگی ونبوونی ڕێگاش ڕەنگی پێداون.(زریانی شەل) ئەم وێنەیە بە شێوازی بەکەس کردن دروست بووە.

لێچوو: ڕەنگی پاشەکشە ـ ڕەنگی هەڵاتنی تفەنگ ـ ونبوونی ڕێگا لە ڕێبوار
لەوچوو: ڕەنگی باڵی شکاوی هەڵۆیەك، ڕەنگی ونبوونی ڕەشەبا، زریانێکی شەل
ئەوزار: لە... ئەچوو، لە... ئەچوو، لە... ئەچوو.

سێ وێنەی تاك بە یەکتر چوێندراون کە هەموویان کەڵەکە دەبن، لەناو بێشەلانێکی تاریکداو وێنەیەکی لێکدراو لەسەر بنەمای کەڵەکەنەبوونی وێنەی تاك دروست بوین.

لێکچواندنەکان لێکچواندنی وێنەیین. هەروەها (پێچ وپەخش)یشە. چونکە سەرەتا ڕەنگی پاشەکشە و هەڵاتنی تفەنگ هاتووە، ئینجا بەسەر سێ شتی تر پەخش بووین پێی چوێندراون.

## 2 - لێکچواندنی وێنەی لێکدراو

لەم شێوە وێنەیەدا شتێك بە چەند شتێك دەچووێندرێت، واتا لێچوویەك شتە، بەڵام لەوچوو چەند شتێکە، بۆ ئەوەی شاعیر بە باشی مەبەستەکەی دەربڕێت  بە چەند شتێکی جۆراوجۆر لێچوومان بۆ ڕوون بکاتەوە بۆ جەخت کردن و جوانیشە لە هەمان کات دا.

لێکچواندنی لێکدراو یەکێکە لە شێوازەکانی بنیات نانی وێنەی لێکدراو. لەم جۆرەدا شاعیر شتێك بە شتێك ناچوێنێت، بەڵکو و بۆ زیاتر جەخت کردن و ڕوونکردنەوە شتێك بە دوو شت یان زیاتر دەچوێنێت. واتە لێ چوو تەنیا یەك شتە لەوچووش دوو شت یان زیاترە. ئەم شێوازەش دەبێتە مایەی دروست بوونی وێنەی لێکدراو.

شێرکۆ بێکەس لە شیعری (شەهید)دا دەڵێت:

شەهید، نەمرە وەکو و شاخ
وەکو و بەفر، وەکو و درەخت
وەکو و بەهار و گوڵەباخ(313)

شاعیر بە شێوەیەکی جوان وەسفی شەهید دەکات ، لە نەمریدا بە پێنج شتی دەچوێنێت، شەهید "لێچووە"، شاخ و بەفر و درەخت و بەهار و گوڵەباخ (لەوچوون).

| لێچوو | لەوچوو | ئەوزار | لێکچواندن |
|---|---|---|---|
| شەهید | شاخ | وەکو | نەمر |
| | بەفر | وەکو | – |
| | درەخت | وەکو | – |
| | بەهار | وەکو | – |
| | گوڵەباخ | وەکو | – |

چواندنی شەهید بەم هەموو شتە دەبێتە مایەی دروست بوونی وێنەیەکی لێکدراو. شاعیر

لەم هەموو لەوچووەدا تابلۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگ. تابلۆیەکی لێکدراو دروست دەکات.

شاعیر لە شیعری (سێ لە یەك چوون)دا دەڵێت:

تەنیاییم و ڕەگێکی قووڵ
تەنیایم وچاوی هەورێ
تەنیاییم و بنی زەریا، لەیەك ئەچن(314)

شاعیر تەنیایی خۆی بە سێ شت چواندووە.

لێ چوو: تەنیایی

لەچوو: ڕەگێکی قووڵ ـ چاوی هەورێ ـ بنی زەریا

نەوزار: لە ـــ ئەچن، لە ـــ ئەچن، لە ـــ ئەچن

لێکچواندن: ـــ ـــ ـــ ـــ

لێکچواندنێکی لێکدراوە. لێ چوو یەك شتەو لەوچوو سێ شتە. بە تاکە ئەوزارێك هەرسێ لێکچواندنی دروست کردووەو لێکچوون دەرنەکەوتووە. چواندنی یەك شت بە سێ شت خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی لێکدراو بنیات دەنێت.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

شیرینەکەم!
زستانی دڵ، وەك ژوورەرکەم
وەك پێخەفی ساردو سڕم
وەکو و کوورەی بێ ئاگرم
تەنیاو پەستە
دوور لە ساماڵو هەتاوی
بەهاری تۆی خۆشەویستە(315)

لێچوو: زستانی دڵ

لەوچوو: ژوورەکەم، پێخەفی سارد، کوورەی بێئاگر

تەوزار: وەك، وەك، وەکو

لێکچوون: تەنیا و پەستە

شاعیر یەك شتی بە سێ شت چواندووە. ئەمەش پێی دەوترێت لێکچوواندنی لێکدراو و کە شێوازەکە لەسەر بنەمای کەڵەکەبوونی وێنەی تاك بنیات دەنێت.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

دەدوازدەیەك لە دەروێشانی دارستان
برسیی برسیی ئەڵێی ڕیشۆڵەی بێدانن
دەدوانزەیەك لە یارانی بەفر و باران
تەزیو تەزیو ئەڵێی مامزی کەسیرەن(316)
وێنەی یەکەم:
دەروێشانی دارستان: لێخواستراو
پێشمەرگە: بۆخواستراو
ئینجا لەسەر بنەمای لێکچواندن وێنەکەی تەواو کردووە.
لێچوو: پێشمەرگە
لەوچوو: ڕیشۆڵەی بێدانن
ئەوزار: ئەڵێی
لێکچوون: برسیی برسیی
وێنەی دووهەم:
بارانو بەفر: لێخواستراو
پێشمەرگە: بۆخواستراو
ئینجا وێنەکە بە لێکچواندن دروست دەکات:
لێچوو: پێشمەرگە
لەوچوو: مامزی کەسیرە
ئەوزار: ئەڵێی
لێکچوون: تەزیو
ئینجا لێکچواندنێکی لێکدراوی دروست کردووە:
لێچوو: پێشمەرگە
لەوچوو: ڕیشۆڵەی بێدان، مامزی کەسیرە
ئەوزار: ئەڵێی، ئەڵێی
لێکچوون: تەزیو، تەزیو
ئەمەش وێنەیەکی لێکدراوی دروست کردووە، لەسەر بنەمای لێکچواندن لێکدراوە.
لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:
ئەم کەشکۆڵە

ساكارە وەك گوڵی كێوی
وەك كچی خانووە قوڕەكان
ڕوونە وەكو و چاوی قرژاڵ
جوانە وەكو و
ڕیشە سپییەكەی مەولەوی
بێگەردیش وەك
بەفری لووتكەی دڵی منداڵ(317)

شاعیر لە شیعری (كەشكۆڵی پێشمەرگە)دا بەهۆی شێوازی لێكچواندن كۆمەڵێك وێنەی جوانی خستۆتە پاڵ یەكترو كەڵەكەی كردوون. ئەم كەشكۆڵە بە گوڵی كێوی دەچووێنێ. گوڵی كێوی ئەو گوڵەیە كە بێ پەروەردەكردن و ناز و فیز خۆی دەڕوێ و سادەو جوان و بۆن خۆشە، جارێكی تر ئەم كەشكۆڵە بە كچی خانووە قوڕەكان دەچوێنێت، كە ئەو كچە جوانەی بێ خۆڕازاندنەوەو لە سادەیی خۆی جوانی دەنوێنێت.

لە ڕوونیش دا بە چاوی قرژاڵی دەچووێنێت، لە جوانیشدا بە ڕیشەسپییەكەی مەولەوی دەچوێنێت بێگەردیش لە بەفری لووتكەی دڵی خۆی. بەم شێوەیە لەسەر بنیاتی لێكچوواندن وێنەی تاكی بەدوای یەكدا ڕیز كردووە.

هەموو وێنەكانیش لێكچواندنی بەرەڵان.

| لێكچوون | ئەوزار | لەوچوو | لێچوو |
| --- | --- | --- | --- |
| ساكار | وەك | گوڵی كێوی | كەشكۆڵ |
| ساكار | وەك | كچی خانووە قوڕەكان | |
| ڕوونە | وەكوو | چاوی قرژاڵ | |
| جوانە | وەكوو | ڕیشە سپییەكەی مەولەوی | |
| بێگەرد | وەك | بەفری لووتكەی دڵی شاعیر | |

لێكچواندنێكی لێكدراوە. لەسەر ئەم بنەمایە وێنەیەكی لێكدراوی دروست كردووە.

## ج- وێنەی گشتی
(Holisticimage)

وێنەی گشتی ئەو وێنەیەیە کە لە چەندین وێنەی تاك و لێکدرا و پێکهاتووەو بەسەر یەکەوە یەکەیەکی گەورەتر و فراوانتر پیشان دەدات، شاعیر لە دروست کردنی وێنەی گشتیدا پێویستە نەفەسی درێژ بێت و خەیاڵی بەرزەفر بێ بۆ ئەوەی وێنەی جوان و تۆکمەو پڕ لە واتا بنیان بنێت. وێنەیەك کە بوونی خۆی بسەلمێنێت. لە شیعردا وێنەی پاژەیی (جزئی) هەیە کە پێوەندییان هەیە بە یەکەوە، وەك حەڵقەی زنجیر بە دوابیەکدا دێن و یەکتر تەواو دەکەن. بە هەموو وێنەکان وێنەی گشتی دروست دەکەن. پەیوەست بوونی وێنە پاژەیەکان بە یەکەوە زۆرجار وێنەی لێکدراو درووست دەکەن و بە یەك گرتنی وێنەی تاك و لێکدرا و وێنەی گشتی دێتە ئاراوە.((وێنەی شیعری کارێکی لێکدراوەو پەیوەستە بە کاری ئەدەبی لە یەکەیەکەی کامڵبوودا کۆی دەکاتەوە، لەو پاژانە وێنەی گشتی درووست دەبێت، ئەم وێنە شیعرییە گشتییە نوێیەو جیاوازە، لەگەڵ وێنەکانی تر))(318). وێنەی گشتی هەرچەندە لە وێنەی تاك و لێکدراو پێك دێت، بەڵام وەنەبێ وێنەکە سەرنجامی کۆی وێنە تاك و لێکدراوەکان بێت، بەڵکو وێنەیەکی تازەیە خاسیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە هەموو وێنە تاك و لێکدراوەکان. وێنەی گشتی کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی بە چەند شێوازێك دروست دەبێت دیارە هەر بەپێی ئەو بنیاتەش بۆ چەند جۆر دابەش دەبێت.

### 1 - بنیاتی واژۆیی (التوقیعیه)
Sone

یەکێکە لە جۆرەکانی وێنەی گشتی، بریتییە لە شیعرێکی کورت و چڕ و پڕ واتایەکی جوان و سەرنج ڕاکێشی لەخۆ گرتووە، زۆر بە کورتی بیر و مەبەستەکەت دەداتە دەست، لە شیعری کلاسیکی بە چوارین (الرباعیات) ناسراوە. لە شیعری نوێش بە شیعری واژۆییو پۆستەرە شیعر یش بەکار هاتووە. شێرکۆ بێکەس لە نامیلکەیەکی بەناوی (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك) کە حەفتا لەم کورتە شیعرانە لەخۆی دەگرێت، واتا وەك حەفتا پەنجەرەو هەرپەنجەرەش ڕوانینێك و مەبەستێك دەدات بە دەستەوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆش جۆرێکی تری شیعر هەیە بەناوی مۆبایلە شیعر، هەموو ئەو ناوانە واتای شیعری کورت دەگەیێنن. واتا ((جۆرە شیعرێك... لە چەند دێرێك پێکدێتو بیرێکی خەست قووڵ دەخاتە ڕوو، ئەم

جۆرە شیعرەش پێی دەوترێت شیعری وێنەیی))(319) ، چونکە وێنەیەك و دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێشمان پیشان دەدات.

(شێرکۆ بێکەس)یش لە ئەزموونی شیعرەکانی خۆیدا چەند ناوێکی بۆ بنیاتی واژۆیی داناوە. هەر جارە و لەژێر ناوێکەوە کۆمەڵە شیعرێکی واژۆیی بڵاوکردۆتەوە. ناوەکانیش لەگەڵ شیعری واژۆیی دەگونجێتو زۆریشیان وەك زاراوە چەسپاون و لە بری شیعری واژۆی بەکار هاتوون، لەوانەش (کازیوە)، (ئاوێنە بچکۆلەکان)، (باڵندە بچکۆلەکان)، (فلاشەکان)، (پۆستەرە شیعر)، (پەنجەرەی گەڕۆك)، (پۆرترێت)و (کورتەشیعر)( زنە). ئەم ناوانەش هەموو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە شیعری چڕ و پڕ و کورت و جوان نیشان دەدەن. شێرکۆ بێکەس لەم بارەیەوە دەڵێت:((شیعری بیرۆکەیی چڕوپڕ و وێنەی ناوازە، هەوێنی ئەم شیعرانە پێك ئەهێنن، بە ڕەنگ و ڕوو هەموو لەیەکتر ئەچن، بەڵام بە جەوهەر هەریەکە و بۆ خۆی دنیایەکی سەربەخۆیە))(320). کەواتە بنیاتی واژۆیی بریتییە لە بیرێکی قووڵ و بەپێز لەنێو چەند دێڕێکدا وێنەی کێشراوە. لە شیعرێکی واژۆییدا بە شێوەیەکی جوان ڕۆدەچێتە ناخی بیرەوەرییەکانی و لە چاوەڕوانی شەهید "عەبدولخالق مەعرووف"دا جوانترین وێنە دەکێشێت و دەڵێت:

هەتا ئێستەش
لە هەولێر بچمە هەر شوێنێ
کۆڕ، ئاهەنگ، پرسە، ماڵان
سەردوکان، چایخانەکان
هەر کورسییەکی خاڵیم لاوە بێ
جانتاکەمی ئەخەمە سەر و بۆی ئەگرم
عەبدولخالق لە دواوەیەو
تۆزێکی تر پەیدا ئەبێ(321)

شاعیر لەو وێنەیەدا لە هەر شوێنێکدا بێت بەدوای (عبدالخالق معروف)دا دەگەڕێت بۆیە لە هەر کوێدا بنیشێت لە هەولێر ئەوا کورسییە خاڵییەکەی تەکی خۆی بۆ ئەو هاوڕێیەی دەگرێت، چونکە لەلای ئەوەوە نەمردووەو ماوە تاوناتاوێکی تر پەیدا دەبێت.

لە وێنەیەکی تردا لە شاعیری (بارین ونەبارین)دا دەڵێت:

ئەو هەورانە و خەیاڵی من
لەیەك ئەچن..

جاری وا هەیە پێکەوە هەر هەموویان
پیاڵەیەك ئاو و وشەیان تێدانییە
بیکەن بەدەم ئەم دەفتەرەو
ئەم عەردەوە
جاری واش هەیە کە بارین
ئیتر هەر خۆشناکەنەوە!(322)

شاعیر وەسفی ئەو حاڵەتە دەکات، لەکاتی شیعر نووسین دا زۆر جار هەروەك چۆن ئاسمان پڕ لەپارچە هەور بێت و هەر دێو دەچێو دەگرمێنێت، بەڵام یەك پڕوشکیش نابارێنێت جاری وەهاش هەیە، دووسێ پەڵە هەور بەدیار دەبێ ئیتر لەناکاو دەست دەکا بەبارین و خۆش ناکاتەوە و دەر و دەشت پاراو دەکات، شاعیریش وایە جاری وا هەیە یەك وشە و یەك وێنەی بۆ ڕام نابێت دەریبڕێت و دەستەپاچە دەوەستێت، بەڵام جاری وا هەیە بارانەکە دادەبارێو شاعیر قەریحەی شیعری دەکرێتەوە و وەك فوارە لێی هەڵدەرژێت و بەدەیان وێنە و شیعری جوان دەنووسێت، شاعیر بەراوردێکی جوانی کردووە لەنێوان ئیلهامی شیعر و باران بارین، کە شیعر نووسین بە و حاڵەتە دادەنێت کە وەك هەور وایە جاری وەها هەیە نابارێت، یان کەمێك دەبارێت یان زۆر زۆر دەبارێت ، کەواتە شیعریش ساڵی هات و نەهاتی هەیە و ئەو ساڵەی ببارێت شاعیر بەروبوومی دەبێت ئەوساڵەش نەبارێت بێ بەروبووم و بێ شیعری نوێ دەمێنێتەوە

لە شیعرێکیتردا لەژێر ناوی "پەرۆشی" وێنەیەکی نایابمان بۆ دەکێشێتو دەڵێت:

بارانەو
چەترێكو
شەقامێ
ئارەزووی پشکۆیی هەردووکمان
لای ژوورێك
بارانەکە پڕی کردووین
لە تەزووی جۆش و خرۆش و
چەترەکە ئەمانئووسێنێت بە یەکەوەو
شەقامەکەش بەخێرایی
ئەمان باتەوە بۆ ماڵێ

بۆ لای ژوورێکی چاوەڕوان!(323)

لەم وێنەدا لەژێر چەترێکدا هەردوو بە یەکەوە لەو کاتەی بارانە حەز و ئارەزوو لەیەکیان نزیک دەکاتەوەو دەیاننووسێنێت بە یەکەوە، هەر ئەو حەز و ئارەزووانەشە بەرەو ماڵەوەیان دەباتەوە بۆ ژووره چاوەڕوان کراوە . لە پۆستەرە شیعری پەیکەردا وێنەیەکی قەشەنگمان بۆ دەکێشێت، ناوی (ئەدیسۆن) بەرز ڕادەگرێت ئەدیسۆنێك کە توانی ڕووناکی بەسەر هەموو جیهان دابەش بکات، کەچی پەیکەری ئەدیسۆنیشمان نەبینیوە.

"پەیکەر"

ئەو ڕۆژە دێت
هەرچی گڵۆپی دنیایە
مان بگرێتو دانەگیرسێت
لەبەر ئەوەی!
ئەوەتەی هەن
چاوی خۆیان لەسەر سەری
هەزاران پەیکەری دنیا..
هەڵکردووەو
کەچی تەنیا پەیکەرێکیان
بۆ "ئەدیسۆن" نەکردووە!(324)

لە گوتەی (مانگرتنی گڵۆپ)دا وێنەی بە کەس کردن هەیە، بەم شێوەیە شاعیر بە دەیان وێنەی جوان و ڕازاوەو بەپێزی لەسەر بنەمای واژۆیی بنیات ناوەو دیوانەکانی خۆی پێ ڕازاندۆتەوە.

## 2 - بنیاتی کۆپلەیی
(Stanza Structur)

یەکێکە لە پێکهاتەکانی وێنەی گشتی، شیعرەکە لەسەر بنەمای چەند کۆپلەیەك دروست دەبێت و یەك یەکی تەواو دەکات و ((بەهۆی پەیوەندییەکی بەهێز یەکتریان گرتووەو بەم یەکگرتنەش وێنەیەکی گشتی دێنێتە ئاراوە))(325).هەر یەك لەم کۆپلانەش بەجیا

مانایەکی جوان دەدەن بەدەستەوە بە هەموو کۆپلەکانیش ڕەنگا و ڕەنگییەك بە وێنەی هەمەجۆر دەبەخشن و وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن. ئەم جۆرە بنیات دەنرێن لەسەر ((بەکارهێنانی کۆپلە کە یەکەی جۆراوجۆر پێکدێنن کە کیانێکی سەربەخۆی هەیە بە شێوەیەك کە پەیوەست دەبن بە یەکتر. پەیوەستێکی توند لە یەکەیەکی تەواومەندی دەروونی یان لۆژیکی یان ئۆرگانی))(326). واتە ئەو کۆپلانەی کە شاعیر وێنەیان دەکێشێت لەسەر بنەمای دەروونی یان لۆژیکی یان ئۆرگانی بەیەکەوە پەیوەست دەکرێن. هەر پارچەیەك سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت لەوەی تر جیا دەکرێتەوە.

واتە هەر کۆپلەیەك بەتەنیا واتای خۆی هەیە، بەڵام بە یەك گرتنی لەگەڵ کۆپلەکانی تر تەواومەندیەکی تر و خاسیەتێکی تری پێ دەبەخشێت.((بە درێژایی دەقەکە بەشێك لەم بوونیاتە دووبارە ئەبێتەوەو ئەبێتە بنچینەی بنیاتی گشتی دەق، بەشەکانی تری برگەکان لەگەڵ بەشێك لەم بنیاتەو گەشە ئەکەن و یەککگرتوویی دەقیش دەپارێزن، بەهۆی دووبارە بوونەوەی بنیاتی ئەو برگەیە))(327).ئەم دووبارە بوونەوەی سەرەتای کۆپلەکان جۆرە مۆسیقایەکی خۆش بە دەقە شیعرییەکان دەدات و لێکیان نزیك دەکاتەوە، ئەگەرچی هەریەك لە کۆپلەکانیش سەربەخۆیی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم دووبارە بوونەوەیە کۆپلەکانیش بە یەکەوە پەیوەست دەکات.

شێوەی بنیاتی کۆپلەیی:

ا- ئەگەر دووبارە بوونەوەکە یان سەرەکۆپلەکان بکەوێتە سەرەتای شیعرەکەوە.

شێرکۆ بێکەس لە وەسفی حاجی قادری کۆییدا شیعرێك لەسەر بنیاتی کۆپلەییو بە سێ کۆپلە هەستو سۆزی دەردەبڕێتو هەر کۆپلەیەکیش بە جودا مانای خۆی هەیە. دووبارە بوونەوەی کۆپلەکانیش بەردەوامیو بەستەنەوەیەك بە کۆپلەکان دەدات، دووبارە بوونەوەکانیش دەکەونە سەرەتای کۆپلەکانەوە.

شاعیر لە شیعری ("کۆیە و حاجی")دا دەڵێت:

لەو شارەدا پیاوێك هەبوو
سەری بەقەد چرایەکی دیوار کۆبوو
کەچی شاخی هەیبەت سوڵتان
لەو سەرەدا جێی بووبۆوە(328)

سەری حاجی چواندووە بە چرایەکی دیوار لە بچووکیداو لە ڕووناکیدا، بەڵام ئەم سەرە ڕۆشنە، بیرێکی ئەوەندە ڕۆشن و فراوانی گرتبوو، خۆی تەنانەت شاخی هەیبەت سوڵتانیش

لەناو ئەم سەرەدا جێی دەبووەوە.

لە کۆپلەی دووهەمدا دەڵێت:

لەم شارەدا پیاوێك هەبوو

چاوی بەقەد بادەمێك بوو

کەچی دەریاچەی "زرێبار"

لەچاوی دا جێی بووبۆوە(329)

لەم کۆپلەدا چاوی حاجی بە بادەمێکی چواندووە، بەڵام ئەم بادەمە دەریاچەیەکی گەورەو فراوانی (زرێبار)ی لەناو جێ بۆتەوە. دەبینین لە کۆپلەی دووەمدا وردە وردە شیعرەکە فراوان دەبێتەوەو پێوەندی نێوان چاو و دەریاش فرمێسك و ئاو پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

لە کۆپلەی سێهەم دا دەڵێت:

لەم شارەدا پیاوێك هەبوو

دڵی هێندەی قۆخێك ئەبوو

کەچی نەخشەی گشت کوردستان

لەو دڵەدا جێی بووبۆوە

بەڵام ئەوەی هەرگیز هەرگیز

نە لەسەری ئەم پیاوەداو

نە لە چاویاو نە لە دڵیا

قەد جێگەیان نەئەبۆوە

زرەی ترس و گەردی ڕیاو

پەنجەمۆری تاریکی بوو!(330)

دەبینین لە کۆپلەی یەکەمدا شاخی هەیبەت سوڵتان لەناو سەریا جێی بۆتەوە. لە کۆپلەی دووهەمدا زیاتر هەڵدەکشێتو چاوە بادەمیەکانی زێی زرێباریان لەناودا جێبۆتەوە، بەڵام لە کۆپلەی سێهەمدا دەگاتە سەر دڵی حاجی کە تەواو تەواو فراوان دەبێتەوەو نەخشەی هەموو کوردستان لەناو ئەو دڵەی بەقەد قۆخێکە جێی دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی هەرگیز نە لە سەر و نە لە چاوی و نە لە دڵی جێی نابێتەوە ترس و گەردی ڕیاو تاریکی کۆنەپەرستی بوو. بەم شێوە کۆپلەیە گروتینی شێعرەکە پەرە دەستێنێو جوانتر و هەمەلایەنەتر خۆی نیشان دەدات. بڕوانە ئەم نەخشەی خوارەوە:

شێوە قاڵبی: آ-

(( (( کۆیە و حاجی ))

(( سەرە کۆپلە ))

لەو
شارەدا پیاوێك هەبوو

سەری بەقەد چرایەکی دیوار کۆ بوو
کەچی شاخی (( هیبەت سوڵتان ))
لەو سەرەدا جێی بوو بۆوە

(( سەرە کۆپلە ))

لەو
شارەدا پیاوێك هەبوو

چاوی بەقەد بادەمێك بوو
کەچی دەریاچەی (( زرێبار ))
لەو چاوەدا جێی بوو بۆوە

(( سەرە کۆپلە ))

لەو
شارەدا پیاوێك هەبوو

دڵی هێندەی قوخێك ئەبوو
کەچی نەخشەی گشت کوردستان
لەو دڵەدا جێی بوو بۆوە
بەڵام ئەوەی هەرگیز هەرگیز
نە لەسەری ئەو پیاوەداو
نە لەچاویا و نەلە دڵیا
قەت جێگای نەئەبۆوە،
زەڕڕەی ترس و گەردی ڕیا و
پەنجە مۆری تاریکی بوو.

ب ـ جۆرێکی تر لە وێنەی گشتی کە لەسەر بنیاتی کۆپلەیی دروست بووە هەڵوێست وگرێ پێکەوە بەستنەکە دەکەوێتە کۆتایی کۆپلەکان کە لەرووی شێوەو قاڵبەوە لەجۆری یەکەم جیا دەبێتەوە، بەڵام لە شێوەی ناوەرۆك هەڵکشانی باسەکان لەگەڵ نموونەکەی تر یەك دەگرێتەوە. (شێرکۆ بێکەس) لە شیعری (ساڵی تازە) لەسەر زمانی (هەورو)، (شەماڵ)، (گۆم)، (مەل)، (کیژۆڵەیەك)، (ئەسپێك)و (سینییەك)و لەدوای ئەویشدا (خۆی) کۆمەڵا وێنە دەردەبرێت کە وتەی هەر یەك لەمانە دەبێتە پێکهاتەی کۆپلەیەك.

"ساڵی تازە"

ئەو کێڵگەیەی، ماچ بارانی ساڵی پارم

سەوزی نە کرد، ئەمساڵ ئەیکەم

هەورێ وای وت(331)

هەور کێڵگەیەك ماچ باران دەکات لە ساڵی پارەوە، بەڵام سەوز نەبووە، ئەمساڵیش ماچ بارانی دەکاتەوە. بەریەك کەوتنی دڵۆپی باران بە زەوی بە ماچی چواندووە. وێنەکە لەسەر بنەمای بەکەس کردن بنیات نراوە. قسە کردنی لە مرۆڤ خواستووەو بە هەوری بەخشیوە. ماچ هیچ بارستەیەکی نیە کەچی شاعیر لە وتەی (ماچ باران) بە تەنی کردووەو بارستەیەکی بۆ ماچ داناوە. وێنەکەش بە هەستی بینین وەردەگیرێت. تەوەری بە یەك بەستنەوەی ئەم کۆپلانە لە و هیواو ئاواتانەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە رابردوودا بۆی نەهاتۆتە دی، ئەمساڵ جێبەجێی دەکات. دیارە هیوا و ئاواتەکانیش بەرەبەرە گەورەتر دەبن و دەڵێت:

ئەو گوڵە جوانەی پار نەمدا لە ئەگریجەم

ئەمساڵ ئەیدەم

باخێ وای وت (332)

وێنەکە لە سەر بنەمای بەکەس کردن دروست کراوە. باخ، وەك کچێکی شۆخ گوڵ لە ئەگریجەی دەدات. لێرەدا باخ بە کەس کراوە چونکە ئەگریجە ئاماژەیە بۆ کچ کە پار سەر لق و قەد و باڵای درەختەکان گوڵیان نەگرتووە ئەمساڵ ئەیگرن. ئومێد ئەداتە خۆی بۆ بەسەر پێخستنەوەو بووژانەوەی.

ئەو درەختە شۆخ و شەنگەی

پار لە تەکیا هەڵنەپەریم

ئەمساڵ بۆ خۆم دەستی ئەگرم

شەماڵ وای وت(333)

وێنەکە لەسەر بنەمای بەکەس کردن درووست کراوە. شایی و هەڵپەڕین کە هی مرۆڤە بە درەخت و شەماڵی بەخشیوە. دیارە شەماڵ لق وپۆپی دار و درەخت و گوڵان دەلەرێنێتەوە. دەست گرتن و هەڵپەڕینیش سیفاتی مرۆڤن. لێرە شەماڵ بەکەس کراوەو دەست دەگرێ و هەڵدەپەڕێتو قسەش دەکات.

ئەو تاجی گڕی نەورۆزی پار کردمە سەر
بچووکتر ئەبێ لە تاجیساڵی تازەم
لووتکە وای وت(334)

وێنەکە لە سەر بنەمای بەکەس کردن دروست کردووە. لووتکەی کردووە بە پادشاو تاجی گڕی لەسەر کردووە. تاجی ساڵی پاری بچووك بووە. تاجی گڕی ئەمساڵ کە لەسەری لووتکەی دەنێت گەورەتر دەبێت. لێرە لووتکە دەپەیڤێ، ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای بەکەس کردن درووست کراوە.

ئەو جۆگانەی پار چاوبرکێم لەگەڵ کردن
ئەمساڵ ئەچمە خوازبێنیان
گۆمێ وای وت(335)

(جۆگا) خواستنە لە بری کچێك بەکار هاتووە، (گۆم)یش خواستنەو لە بری کوڕێك بەکار هاتووە. وێنەکە لەسەر بنەمای بەکەس کردن دروست کراوە. چاوبرکێ تایبەتە بە کوڕان و کچان، شاعیر بە جۆگەو گۆمی بەخشیوە. ئینجا خوازبێنی کە لەلایەن کوڕەوە بۆ کچ دەکرێت گۆم دەچێتە خوازبێنی جۆگە.


ئەو ئاسۆیەی پار تیا نەفڕیم
ئەمساڵ ئەبێ بەجێی گەشتم
مەلێ وای وت(336)

وێنەکە لەسەر بنەمای وەسف کرد دروست کراوە، ئاواتی فڕینی لە ئاسۆدا کە پار نەهاتۆتە دی ئەمسال بەجێی دەگەیەنێ.

ئەو حەرفە چاوڕەشانەی پار نەم ئەناسین
ئەمساڵ وەکو وڕستە بازن

لێی: ب –

(( ساڵی تازە ))



شەماڵ وای وت

(گرێی پێکەوە بەستنەوە )

ئەو تاجی گوڵی نەورۆزی پار کردمە سەر
بچوکتر ئەبێ لە تاجی ساڵی تازەم

لووتکە وای وت

(گرێی پێکەوە بەستنەوە )

ئەو جەژنانەی پار چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن
ئەمساڵ ئەچمە خوازبێنیان

گۆمێ وای وت

(گرێی پێکەوە بەستنەوە )

ئەو ئاسۆیەی پار تیا ئەفڕیم
ئەمساڵ ئەبێ بەجێی گەشتم



مەلێ وای وت
(گرێی پێکەوە بەستنەوە )
ئەو حەرفە چاو ڕەشانەی پار ئەم ئەتاسین
ئەمساڵ وەکو ڕستە بازن
ئەیانکەمە هەردوو دەستم
کیژۆڵەیەکیش وای وت
(گرێی پێکەوە بەستنەوە )
ئەو دەنکە گەنمەی ساڵی پار ئەمگەیاندە
ناو شارەکەم
ئەبێ ئەمساڵ بیکە پێتم
مێروولەیەکیش وای ئەوت
(گرێی پێکەوە بەستنەوە )
ئەو گێژەنەی پار خۆم لێداو گەڕامەوە
لە ساڵی نوێدا ئەیبڕم

ئەسپێك وای وت

(گرێی پێکەوە بەستنەوە )

مۆمەکانی هەر دوانزە پەنجەی ئەمساڵم
شەوقی هیوایان گەشترە لە هی پارم

سینی سەر مێزەکەش وای وت

(گرێی پێکەوە بەستنەوە )

ئەو شیعرە سوکە کێویەی وەکو ئاسك
پار نەمتوانی دەستەمۆی کەم
پار نەمتوانی لەگەڵ چاوما ڕای بهێنم
ساڵی تازە ماڵی ئەکەم
ساڵی تازە ئەیخەمە ناو هەوردبانی
کەشکۆڵەوەو
لەباخەڵما ئەیخەوێنم.

دوای هەموویان منیش وام وت

(گرێی پێکەوە بەستنەوە )

ئەیانکەمە هەردوو دەستم

کیژۆڵەیەکیش وای ئەوت(337)

ئەم کۆپلەیان لەسەر شێوازی بەتەن کردن درووست کراوەو، چونکە پیت و وشە بارستایی یەکیان نیە، بەڵام شاعیر دەیانکاتە ڕستە بازن ئەیکاتە دەستی.

ئەو دەنکە گەنمەی ساڵی پار نەمگەیاندە
ناو شارەکەم
ئەبێ ئەمساڵ بیگەیێنم
مێروولەیەکیش وای ئەوت(338)

شاعیر زۆر لە شتەکان دەخاتە قسەکردن و هەر یەك لەوانیش هیوایان هەیە بۆ ساڵی نوێ، ئەو هیوایانەی کە ساڵی پار بۆیان نەکراوە دەخوازن ئەمساڵ بیکەن. هەر یەك لە شتەکانیش بە گوێرەی خۆی هیوای پێداوە. هیوای مێروولەیەکیش کێشانەوەی دەنکە گەنمە بۆ ناو شارەکەی.

ئەو گێژەنەی پار خۆم لێداو گەڕامەوە
لە ساڵی نوێدا ئەیبڕم
ئەسپێك وای وت(339)

هیوای ئەسپیش لە ئاوزەنگیدان و ڕکێف کوتانە بەهیوای ئەوەی ئەمساڵ بیکات، (ئەسپ) بەکەس کراوەو وتەی دەربڕیوەو ئەو ئاواتانەی پار نەیتوانی بەدی بێنێت ئەمساڵ هەوڵ دەدات بەجێی بێنێت.

مۆمەکانی هەر دوازدە پەنجەی ئەمساڵم
شەوقی هیوایان گەشترە لە هی پارم
سینی سەر مێزەکە وای وت(340)

شاعیر دوازدە مانگەکانی ساڵی بە دوازدە مۆم چواندووە کە لەسەر گەردوونێك داگیرساون، ئەم گەردوونەش سینییەکەیە. سینی سەر مێز بەکەس کراوە، قسە دەکات.

ئەو شیعرە سرکە کێوییەی وەکو و ئاسك
پار نەمتوانی دەستەمۆی کەم
پار نەمتوانی لەگەڵ چاوما ڕای بهێنم

ساڵی تازە ماڵی ئەکەم
ساڵی تازە ئەیخەمە ناو هەورەبانی
کەشکۆڵەوەو
لە باخەڵما ئەیخەوێنم
دواى هەموويان منيش وام وت(341)

وێنەی یەکەم لەسەر بنەمای بەرجەستەکردن بنیات نراوە. شیعر کرا بە ئاسك، کێوو... دەستەمۆ نەبووە شاعیر ئەمساڵ رایدەهێنێتو ماڵی دەکات. شاعیر بە شێوەیەکی جوان حەز و ئارەزووی زۆر شتی وتووە. حەز و ئارەزووی هەور و بارین سەوزکردنە. حەز و ئارەزووی شەماڵ لەرازاندنەوەی گوڵ و چڵی جوانە. حەز و ئارەزووی گۆمێك ئەوەیە جۆگایەك لەخۆی مارە بکات و فراوانتر بێت. حەز و ئارەزووی مەل فرینە بەناو ئاسۆو ساماڵی شین. بەم شێوەیە حەز و ئارەزووی زۆر شت دەڵێت. وردە وردە بابەتەکە هەڵدەکشێتو لە کۆپلەی کۆتایی شاعیر حەز و ئارەزووی خۆی دەردەبرێت. بەپێی ئیش کردنەکانی کە کاری شاعیر شیعر نووسینە، شاعیر هیوا دەخوازێت ئەو خەیاڵ و شیعرە سرکانەی خۆیان بەردەست نادەن لەم ساڵە نوێیەدا رام بن، تاکو و شیعری جوانتر بنووسێت. ئەو خەیاڵانەی وەك ئاسك خۆیان نادەن بەدەستەوە ئەمساڵ خۆیان بدەن بە دەستەوەو کانیاو و بەهرەی شیعری خۆی بتەقێنێتەوەو شتێك بنووسێت لە ئەفراندن کە ساڵی پار بۆی نەکراوە، بەم شێوەیە شاعیر شیعرێکی قەشەنگ و نایابمان بۆ دەخاتە بەرچاو لەسەر شێوازی کۆپلەیی "وای وت" لە کۆتایی هەموو کۆپلەکانیش دووبارە دەبێتەوە ئەمە جگە لەوەی کە هەریەك لە کۆپلەکان وەك شیعرێکی واژۆیی دێتە بەرچاو بەجیا مانایەکی جوانی هەیە. لە هەمان کاتیش وتەی (وای وت) دەبێتە مۆسیقایەکی بەردەوامی شیعرەکە جوانیەك بە شیعرەکە دەدات تا دەگاتە کۆتایی بە شێوەی کۆپلە کۆپلە وەك پێبڵقەو پەیژە پێدادێ و لە کۆتایی مەبەستەکەی خۆی دەڵێت، ئەم شیعرە بەوە لە شیعرەکانی تری کۆپلەیی جیا دەبێتەوە کە دووبارەبوونەوەکە، یاخود بڵێین ئەو سەرە داو و وتەی کە دەبێتە تەوەری کۆپلەکان وەك شیعرەکانی تری کۆپلەیی ناکەوێتە سەرەتای کۆپلەکان، بەڵکو و لە کۆتایی کۆپلەکان دەبینرێت. بڕوانە نەخشەی ئەم جۆرە بنیاتی کۆپلەیە:

## 3 - بنیاتی وێنەی بازنەیی
## Ringed Structure

ئەم جۆرە شیعرە بە وشەیەك یان هەڵوێستێك دەست پێدەكات و بە هەمان وشە یان هەڵوێست كۆتایی دێت وەك چۆن بازنە لە خاڵێكەوە دەست پێدەكات و دەبێ بگەڕێتەوە هەمان خاڵ ئینجا بازنەكە دروست دەبێت، ئەمیش دەبێ بە دوو جۆر، ئەم دوو جۆرە سیمای هۆنراوەی لە گوزارشتكردنیان لەخاسیەتە خودی و ویژدانییەكان بەگشتی سەرەرای وێنە گرتنیان بۆ تەلاری لیریكی هاوچەرخ كە لە بەتەن كردنی هەڵوێستێكی عاتفی تاك دێنە دی جوڵە دەكات و گەشە دەكات بەرە و ئاراستەیەكی دیاری كراوە. بە شێوەیەكی بارگەكراو بە گرژبوونێكی دەروونی بەرز بەرەو لووتكەی ڕوونیو ئاشكرای سۆز هەڵدەكشێت(342). ئەمیش دەبێت بەدوو بەش:

### ا- بازنەی داخراو

ئەم شێوەیان ((لە چەند وێنەیەك پێكهاتووەو جۆرە پێوەندییەكی هاوئاوازیان لەخۆ گرتووە بەدەوری یەك ناوەرۆكدا دەسووڕێتەوەو دەچنەوە یەكەم خاڵی دەست پێكردن و لە پێناوی وێنەی سەرەكیدا))(343)و هەمان وێنەی سەرەتا دێتەوە كۆتایی و شیعرەكە قوفڵ دەخوات و كامڵ و تەواو خۆی نیشان دەدات، ئەم دووبارە بوونەوەیەش جەخت لەسەر گرنگی بابەت و وێنەكە دەكات.((یەكێك لە تەكنیكەكانی شیعری نوێ دووبارە كردنەوەی سەرەتایە بە كۆتایی، یان لەرێی پاتەكردنەوە شاعیر دەیەوێت شیعرێك بنووسێت بازنەیی، كە وەك شەپۆل پەرە بستێنێت))(344)و هونەریەتی خۆی بنوێنێت و شیعرەكانی ڕەنگاو ڕەنگ بكات و بە جۆرەها قاڵب و شێواز دایانبڕێژ.

شێركۆ بێكەس شیعرێكی جوانمان لەسەر بنیاتی بازنەی داخراو بۆ كێشاوین، ئەم شیعرە لە وەسفی شەهید "جەمالی عەلی باپیر"ە.

بە وتەی "سێوەكەی دڵ" دەست پێدەكات و بە هەمان وتە كۆتایی پێ‌دێت:


سێوەکەی دڵ
ئەگەر لە چیاتان پرسی:
"جەمال" کێیە؟
لوتکە خۆیتان نیشان ئەدا!
ئەگەر لە رووبارتان پرسی:
"جەمال" کێیە؟
ئەڵا گوێ لە خورەو هاژەم بگرن
ئەگەر لە باختان پرسی "جەمال" کێیە؟
ئەڵێت: بۆنی
گوڵ باخی سەر،
چلانم کەن
ئەگەر لە، رووتەی هەژاری
ئەم کوردستانەش ئەپرسن
"جەمال" کێیە؟
هەموو تێکرا دەستی چەپیان
ئەخەنە سەر
سێوەکەی دڵ!(345)

لەم شیعرەدا شەهید جەمال بە چەند شتێك ئەچوێنێت. جارێك بە لووتکەی چیا، جارێکی تر بە خورەی رووبار، جارێك بە بۆنی گوڵ و لە کۆتاییش هەژارانی کوردستان دەست لەسەر سێوەکەی دڵیان دادەنێن و دەڵێن جەمال دڵە.

وێنەکان هەر هەموویان لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست کراون. هەست و سۆزی شاعیر کە دەست پێدەکات بەرەبەرە پەرە دەستێنێت و، تا لە کۆتاییدا دەگاتە لووتکەو لە دڵی هەموو هەژاراندا "جەمال"دەبینێتەوە . شاعیر بەو دەربڕینەی دەستی پێکردووە بە هەمان دەربڕین کۆتایی هێناوە و بازنەکەی داخستووە.

## بنیاتی بازنەی داخراو

سێوەکەی دڵ




لە شیعری "لە وڵاتی مندا" لەسەر بنیاتی بازنەی داخراو دروستی کردووە، بە هەڵوێستێك دەست پێدەکاتو بە هەمان هەڵوێست و وشە کۆتایی پێ هاتووە، لەسەر بنیاتی بەکەس کردن دروست بووە.

لە وڵاتی مندا
لە وڵاتی مندا
ڕۆژنامە بە لاڵی لەدایك ئەبێ
لە وڵاتی مندا
ڕادیۆ بە کەڕی لەدایك ئەبێ
لە وڵاتی مندا
تەلەفزیۆن بە کوێری لەدایك ئەبێ
ئەوانەی لە وڵاتی منیشدا بیانەوێ
ئەوانەی بە ساغی لەدایك بن:
لاڵیان ئەکەن و ئەیانکوژن
کەڕیان ئەکەن و ئەیانکوژن
کوێریان ئەکەن و ئەیانکوژن
لە وڵاتی مندا(346)

شاعیر سێ وێنەی یەکەمی لەسەر بنەمای بەکەس کردن دروست کردووە. ئینجا لە کۆتاییدا لەسەر بنەمای دەربڕینی ڕاستەوخۆ ئەو وێنە دەکێشێت کە هەرچی بیەوێ ببینێ و ببیسێ و قسە بکات، دەکوژرێن و لەناو دەبرێن.

**بنیاتی بازنەی داخراو**

لە وڵاتی مندا



## ب- بازنەی کراوە

ئەم جۆرە بازنەیە ((لە هەموو لایەنێکەوە لەگەڵ بازنەی داخراودا ڕێك دەکەوی تەنیا لەرووی کۆتایی هێنانەوە لێی جیاوازە))(347). چونکە بازنەی داخراو بە وشەیەك یا خود بە هەڵوێستێك دەست پێدەکات و بە هەمان وشە و هەڵوێست کۆتایی دێت، بێئەوەی گۆڕانکاری لە وشەو هەڵوێستەکە بکرێت، بەڵام لە بازنەی کراوەدا شیعرەکە بە هەمان وشەو هەڵوێست کۆتایی نایەت، بەڵکو و بە وشەو هەڵوێستێتر کۆتایی دێت کە تۆزێك لە وشەو هەڵوەستەکەی سەرەتا دەکات، بەڵام وێنەکە دەگۆڕێت و ناگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو خاڵەی کە دەستی پێکردووە، بەڵکو و لێی نزیك دەبێتەوەو کۆتاییەکەی بە کراوەیی بەجێ دەهێڵێت. هەرچەندە کۆتاییەکەی، لەگەڵ سەرەتای شیعرەکەدا لەرووی ئۆرگانییەوە بە یەکەوە پەیوەستن، بەڵام شاعیر کۆتاییەکەی بە کراوەیی بەجێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی گەلێ بۆچوون هەڵبگرێت جوانی ئەم جۆرە بنیاتە لەم بازنە کراوەیە هەست کردنی شاعیر بە بێ‌کۆتایی ئەزموونەکە. بنیات نانی بازنەی کراوە لە بنیات نانی بازنەی داخراو ئاسانترە. شاعیر هەستو سۆزی کڵپەسەندووی لەسەر هێڵێکدا بەرەبەرە گەشە دەکات و هەڵدەکشێن هەتا کۆتایی. شاعیر لەسەر بنیاتی بازنەی کراوە وەسفی زیندانیەکمان بۆ دەکات بە پەرەسیلکەیەکەی دەچوێنێت کە رووتو قووت هەڵیانواسیوە. جارێکی تر بە کەروێشکێکی لەڕ کە تازە لە قولاب دراوە وێنەکان هەستین و جوڵاون لە وەسفی دڵی ئەم زیندانیە هەڵواسراوە. جارێك دڵی ئەم کەسە هەڵواسراوە بە لۆکەیەك ئەچوێنێت کە ئازاری شین هەڵدەمژێت . ئازار شتێکی واتاییەو ڕەنگی نیە بۆ ئەوەی لە شێوەی وێنەیەك بکەوێتە بەر چاوی خوێنەر ڕەنگی شین دەدات بە ئازار ڕەنگیش بەر هەستی بیبین دەکەوێت.

شاعیر لە شیعری (پەرە سێلکەیەکدا) دەڵێت:

"پەرەسێلکە"
هەفتەیەکە
رووت و قووت هەڵیانواسیوە
چاوی ئاوساو، سەری کەوتۆتە سەر شانی
پێست توێخێکی داماڵراوە
کە ئەیبینی:
ئەڵێی کەروێشکێکی لەڕی،

تازه تازه له قولاپ دراوه
پەڵە خوێنی سەر کۆنکرێت
دڵۆپ.. دڵۆپ
له دیواریش هەڵبژاوه
هەفتەیەکە ئەو دڵە بچکۆلانەیە
کە هەر پڕ بە مشتێ ئەبێ
لۆکەیەکەو ئازاری مۆر
ئازاری شین هەڵدەمژێ (348)

وێنەکە لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست کراوه، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە شاعیر لە بەرجەستەکردنەوە بەرەو بەتەن کردن دەچێت دڵێك کە پڕە لە ژیان و گیان و لێدەدات و خوێن پاڵدەدات بەرە بەرە دەبێتە لۆکەیەکی بێگیان.
ئەو دڵە بچکۆلانەیە
سەعاتێکی جەرەس دارە
هەتاکو ژان قورمیش کات
ئەو زەنگێکی خەبەرداره(349)

دیسان لەسەر بنەمای لێکچواندن وێنەکە دروست کراوه. بە شێوەی وێنەکەی پێشوو لە دڵێکی پڕ لە گیان بەر و کاتژمێرێکی بێگیان دەڕوات ئەمەش بەئامێر بوونە.دڵی بە کاتژمێرێکی جەرەس دار دەچوێنێت کە ژان قورمیش دەکات. ژان شتێکی واتایی یەو نابیندرێت، بەڵام شاعیر بە تەنی کردووەو قورمیشی دەکات.
هەفتەیەکە
ڕووت و قووت هەڵیان واسیوه
ئەو نەهێنیانەی لەلای بوو
بەستیە باڵی پەرەسیلکەی دڵیو،
دڵیش بەرەو ئەو شاخانە هەڵفڕیوه(350)

ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست کراوه. ئەمجارەیان دڵی ئەم کەسە

ئازاردراوە بە پەرەسێلکە دەچوێنێت و نەهێنیی پێهەڵواسیوە. "نەهێنیی" شتێکی واتاییە، بەڵام شاعیر بە تەنی کردووە لە باڵی پەرەسیلکەی هەڵواسیوەو بەرەو شاخەکان هەڵفڕیووە.


ئەوا ئێستا
لەش ساردو سڕ
سارد و سڕ وەك
تاشێ بەفر

ئەم وێنەیە بە شێوازی لێکچواندن دروست بووە. لاشەی ئەم شەهیدە دوای ئەوەی پەرە سیلکەی دڵی هەڵفڕیوە سارد و سڕ بووە وەك تاشە بەفرێ.

ئەوا ئێستا
لەمابێنی مەرگ و ژیندا
لە پەنجەرە بچکۆلەکەی ئەوبەرەوە
چاوی لێڵ بووی سەرنج ئەدا
ئەوا ئێستا بەیانییە
خۆرێکی تازە هەڵهات و
ئەمیش هێواش
چاوی لێك نا !(351)

دەبینین وێنە دوای وێنە بازنەکە قەمبور دەبێتەوە و لە هەڵواسینی پەرەسێلکەوە کە لانەی شەهیدەکەیە دەست پێدەکات. لە کۆتایی دا ناگەرێتەوە سەر هەمان هەڵوێست، بەڵکو و لێی نزیك دەبێتەوە بەڵام بازنەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوەو داناخرێت.

## بنیاتی بازنەی كراوە



## 4 - بنیاتی پێچاوپێچ (الحلزونی) :
## (Spiral Structure)

یەکێك لە شێوازە باوەکانی بنیاتی هۆنراوەیی هاوچەرخ وێنەی گشتی لەسەر هەست و سۆزێکی یەکگرتوو دروست دەبێت ئەم بنیاتە لە کۆمەڵە وێنەیەك پێکدێت کە چوونەتە ناو یەك، بەڵام بە شێوەیەك کە هەر وێنەیەك لەسەر تەوەری سەرەکییەوە هەڵدەستێتو یەك پێچ دەسوورێتەوە بە بێئەوەی دابخرێت، ئینجا وێنەیەکی تر دەست پێدەکات.((ئەم شێوازە نزیك دەبێتەوە لە شێوازی بازنەی داخراو))(352). لەبەر ئەوەی وێنەکان لە شێوەی بازنەیی دروست دەبن، بەڵام ناهێڵن بازنەکە تەواو بێتو بازنەیەکی تر و پێچێکی تر دەخوات، لە بازنەی تەواو ئارام ناگرێت. یەك لە دوای یەك قەف دەخوات و خۆی بە لوول پێچی نیشان دەدات. هەر پێچەو بە هەمان هەڵوێست دەست پێدەکات و نزیك دەبێتەوە لە خاڵی دەست پێکردن، بەڵام دیسان پێچ دەخواتەوە بەم شێوەیە کۆمەڵە پێچێك دەخوات، لە هەموو پێچەکانیش مۆسیقای هەمان وشەی سەرەپێچەکان دووبارە دەبێتەوە.(هەموو پارچەکان پێکەوە گرێ دەدەنەوە لە وێنە و بیردا)(353)و شاعیر هەنگاو بە هەنگاو مەبەستەکانی دەردەبڕێت بەم شێوەیە کۆمەڵێك وێنەو بیری تێکهەڵکێشان پێشکەش دەکات و مەبەست و ئیلهامەکانی دەخاتە روو.

شاعیر لە شیعری (کەرکوکی جەستەم!) وێنەیەکی گشتی دروست دەکات، لەسەر بنەمای پێچاوپێچ و لە شێوەی هەرەمێك هەر کۆپلەیەکی دەبێتە قەفێك و پێچێك لە هەرەمەکە تا دەگاتە لووتکەی هەرەمەکە.

من ئەو پیاوەم، ڕازیبووم و
بە پەنجە گەورەی دەستی چەپ
مۆریشم کرد...
دایکم بخەمە پێشبڕکێی دەنگدانەوە
تا دەرکەوێ، دایکم دایکمە؟!(354)

لەسەر شێوازی وەسف باس لەوە دەکات کە چەند بە پەرۆشەوە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان چووە، کە پەنجە گەورەی دەستی چەپی لە مۆریش هەڵکێشاوەو واژۆی کردووەو دەنگیشی داوە جگە لەوەی دایکیشی بەرەو سندووقەکانی دەنگدانەوە بردووە دیارە لە کاتی

دەنگدانەکەشدا بە دەیان پیر و پەککەوتەمان بینی لەلایەن کەس‌و کارەکانیانەوە بەرەو سندووقی دەنگدان دەبران، لە کۆپلەی دووهەمیشدا دەڵێت:

من ئەو پیاوەم، قایلبووم‌و
"سەدو چل" جار واژۆیشم کرد
باوکم بخەمە سندووقی دەنگدانەوە
تا دەرکەوێ، باوکم باوکمە؟!(355)

دەبینین لوول پێچەکە خولێك دەدات و لە کۆپلەی دووهەمدا پێچی دوهەم دەدات، بەهەمان هەڵوێست دەست پێدەکات و پێچێك بەرز دەبێتەوە، ڕازیش بووە "سەدو چل" جار واژۆی کردووە. "سەدو چل" جار ڕەمزێکە بۆ یاسای (140) کێشەی کەرکووك بەدەر دەخات.

من ئەو پیاوەم، ڕازیبووم و قایلبووم‌و
ملیشمدا
سەر و، چاو و، دڵ و دەست و
پەنجەکانی "شێخ ڕەزا"یشم
تێکرا دەنگیان لەسەر بدرێ!!
لە دوایشدا سنووقەکان
پێمان بڵێن
ئایا ئەوانە ئەندامی لەشی ئەون؟!
ئەگەر سندووقیش وتی! نا(356)

لە پێچی سێهەمیش هەرەمەکە پێچێك بەرز دەبێتەوە. ئەوە چەند بارە دەکاتەوە کە بە سەر و ماڵ و دڵ و گیان دەنگماندا. (شێخ ڕەزا )ش هێمایە بۆ کەرکووك، چونکە خەڵکی ئەم شارە بووە. (سنووق) بەکەس کراوەو قسە دەکات.

من ئەو پیاوەم کە بەڵێنم
بە جبەو ڕیش و سمێڵی عێراقداوە
بڵێم وایە ئەوەتا دەنگدان وتوویەتی:
کە چاوو گوێ‌و قاچێکیان و
دەستێکیان هی "شێخ ڕەزا" ن و

ئەوانیدی
موڵکی کەسانێکی ترن!(357)
هەرەمەکە پێچێکی تر بەرز دەبێتەوەو بەرەو لووتکە هەڵدەکشێت. جبەو ریش‌و سمێڵ رەمزن بۆ کەسەکان بۆ شەرەفیان، بەڵام هێشتا کێشەی کەرکووك ماوەتەوەو مادەی (140)جێبەجێ نەکراوە.

من ئەو پیاوەم
لە سەرانسەری دنیادا
بێ نموونەم، تاقە کەسم
دەنگدان لەسەر جەستەو رۆح و
لەسەر دەست و پەنجەی خۆم و
دەنگدان لەسەر ماڵی خۆم و
ژوورەکەم و پێخەفەکەی خۆشم بکەم
تەماشامکەن(358)

دەنگدانەکان زۆر بوون، و بەڵام ئەنجامی نەبوو کێشەکانیش بەنیوە چڵی ماونەتەوە.
من ئەو پیاوە
بچکۆلەیەم!!(359)
ئەمەش دوا کۆپلەو پێچە دەبێتە دوندو ترۆپکی هەرەمەکە لە رووی رستەو وشەوە پەیڤەکان کورتن‌و دواپێچی هەرەمەکەش بچووکەو دەگاتە ترۆپك. لەم وێنە گشتییە لوولپێچییەدا تەوەری سەرەکی کەسایەتییەکەیە کە هەر جار بە شێوەیەك بە وێنەیەك دەست پێدەکات و بە خول دەسوورێت‌و کۆتایی دێت. ئینجا وێنەیەکی تر و بەرەبەرە سەر دەکەوێت تا لە کۆتاییدا وێنەی خۆی دەکێشێت کە پیاوێکی بچکۆلەیە لەسەر لووتکەی لوولپێچەکە وەستاوە، پیاوی بچکۆڵەش رەهەند و واتای فراوانتری هەیە.


من
ئەو پیاوە
بچکۆلانەیەم؟!!
من ئەو پیاوەم

# 5 -بنیاتی دووبارەبوونەوەی هەرەمی(قووچەکی) (360)

## (التكرار المتدرج - الهرمي) (361)


دووبارە بوونەوەی هەرەمی یەکێکە لە جۆرەکانی دووبارەبوونەوە توانایەکی شیعری دەوێت بۆ ڕێکخستنی ئەم جۆرە دووبارەبوونەوە، بە شێوەیەکی هەندەسیو هەرەمی دەنووسرێتەوە(362).

هەر وشەیەك خۆی دەدات بە دەست وشەیەکی تر و دووبارە دەبێتەوەو لەتەك وشەیەکی تر ئەمجارەیان وشەی دووەم دووبارە دەبێتەوە. بەم شێوەیە وشە خۆی بە وشەی تر دەسپێرێتو دووبارە دەبێتەوەو جۆرە مۆسیقاو تەکنیکێکی جوان نیشان دەدات و شیعرێکی نایاب و قەشەنگ و جوان دروست دەبێت.

جیاوازی نێوان شیعری لوولپێچیو دووبارە بوونەوەی هەرەمی لەوەدایە لە شیعری لوولپێچیدا وشەیەك یان گوتەیەك لە سەرە گرێی لوولپێچەکان دووبارە دەبێتەوە. لە هەر پێچ خواردنێك دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە شێوازی دووبارەبوونەوەی هەرەمیدا وشەیەك لەو دێردا هاتووەو لە دێری دوای وی دووبارە دەبێتەوە لەبەر ئامێزی ئەم وشە دووبارەبووە وشەیەکی تر لەدایك دەبێتو وشە لەدایك بووە کەش دووبارە دەبێتەوە دیسان لەبەر ئامێزی ئەمیش وشەی تر لەدایك دەبێتو وەك حەلقە و زنجیر وشەکان یەکتر دەبەستنەوەو تان و پۆی یەکتر دەبن.

لەشیعری فۆلکلۆری(سریانی) دا شیعرێکی دووبارەبوونەوەی هەرەمی هەیە، ئەم نموونەیەش لەبەسالاچووەکانم بیستووەو  مێژوویەکی کۆنی هەیە، بۆیە بەپێویستم زانی بیخەمەڕوو.

دەقی (سریانی) :



بۆیە بەپێویستم زانی کە لەزمانی (سریانی)  یەوە وەری بگێڕمە سەر زمانی(کوردی) هەرچەندە لەدەقە سەرەکییەکەدا جوانتر و مۆسیقادارتر کێش و سەرواکان یەکتر دەبەستنەوە هەوڵماندا‌وە لەوەرگێڕانەکەی بۆسەر زمانی(کوردی) کێش و سەروای پێببەخشین.

دەقە پاچەڤە کراوەکە بۆسەر زمانی (کوردی) ئەوەیە:

چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە
نیوەی غەم و کارسازییە
کارسازی ئاوی دەوێ
ئاو لەجۆگادایە
جۆگاکچانی دەوێ
کچان سۆلیان دەوێ
سۆڵیش لەلای وەستایە
وەستا هێلکەی دەوێ
هێلکەش لەلای مریشکە
مریشک دانی دەوێ

دان لە دۆڵەدانی ئاش دایە
ئاش چەکوشی دەوێ
چەکوش لەلای پیرێژنە
پیرێژن مێردی دەوێ
مێردیش وا لە لێواری قەبردایە.

لەم شیعرە فۆلکلۆرییە (سریانی) یەدا کە لە سەر بنەمای دووبارەبوونەوەی هەرەمی درووست بووە و وشە خۆی بە وشە دەسپێرێت، وەکو ئەڵقە و زنجیر بیر و واتاکاڵن بە یەکەوە پەیوەست دەبن، دەبینین کارسازی ئاوی دەوێت هەرچەندە نازانین ئەو کارسازییە چ کارێکە ئایە قورکارییە یاخشت برینە یاخوت گۆسکە دروست کردنە...هتد، بەڵام ئەم ئاوە لەجۆگادایە، پێویستی بەوەیە کچان بچن ئاو بۆ ئەم کارسازی یەبێنن، کچان سۆلیان دەوێت، سۆلیش لەلای وەستایە، وەستا هێلکەی دەوێت، هێلکە لەلای مریشکە و، مریشك دانی دەوێت دان لە دۆڵەدانی ئاشدایە، ئاشیش تێکچووە و چەکوشی دەوێت، چەکوشیش لەلای پیرێژنە، پیرێژنیش داواکاری خۆی هەیە و مێردی دەوێت، مێردیش لەلێواری مردن و قەبردایە، بەم شێوەیە هەریەکیان داواکاریی خۆیان هەبوو شیعرەکەش بەچەند شێوە و جۆر خۆی نواند.

(شێرکۆ بێکەس) لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی هەرەمی چەندان شیعری دروست کردووە، شاعیر ئەم وێنەیە دەکێشێت و دەڵێت:


من لەرێی کزەبایەکەوە
بۆ یەکەم جار خەزانم ناسی
من بەهۆی خەزانەوە
بۆ یەکەم جار تەنیاییم ناسی
لەرێی تەنیاییەوە غوربەت
لەرێی غوربەتەوە عەشق و
لەرێی عەشقیشەوە شیعر!(363)

دەبینین شێرکۆ بێکەس شیعرێکی جوانمان لەسەر بنیاتی دووبارەبوونەوەی هەرەمی بۆ دروست دەکات بۆ یەکەم جار لەرێی کزە بایەکەوە خەزان و هەڵوەرینی ناسیوە لەرێی خەزانیشەوە بۆ یەکەم جار تەنیاییو دابرانی ناسیوە لەرێی تەنیایی شەوە غوربەت و لەرێی

غوربەت عەشق و لەڕێی عەشقیش شیعر.

شاعیر بە شێوەیەکی هەرەمی هەر شتەی بە شتێك ناسیوە. دوا نیوە دێڕی کۆتایی جوانی و نایابی شیعرەکە بەدەر دەخات، چونکە ئەوانەی پێشتر بۆ سەلماندنی هەموو ناسینەکان بوو بۆ جەخت کردن و تەئکید کردنەوە بوو، دوا لووتکەی هەرەمەکەش لەڕێی عەشقیشەوە شیعر ناسین دەخاتەڕوو.

دێڕ بە دێڕ چڕتر دەبێتەوەو پێچی هەرەمەکە لە سەرەتادا گەورەیەو دواتر وردە وردە چڕتر دەبێتەوەو پێچەکانیش بچووك دەبنەوەو تاکو دەگاتە لووتکەو ترۆپك کە دوا مەبەستی شاعیرە کە لە ڕێی عەشقەوە شیعری ناسیووە، بەم شێوەیە بەهۆی دووبارەبوونەوەی هەرەمی لەسەر بنیاتی وێنەی گشتی ئەم شیعرە دروست بووە. بڕوانە هێڵکاری ئەم شیعرە:


دوبارەبوونەوەی هەردەمی
قاڵب ( أ )
ترۆپک
پێچی پێنجەم
لەڕێی عەشقیشەوە شیعر !
گرێ
عەشق
پێچی چوارەم
لەڕێی غوربەتەوە عەشق
گرێ
غوربەت
پێچی سێ یەم
لەڕێی تەنیاییەوە غوربەت
گرێ
تەنیایی
پێچی دووەم
من بەهۆی خەزانەوە
بۆیەکەم جار تەنیاییم ناسی
گرێ
خەزان
پێچی یەکەم
من لەڕێی گزەبایەکەوە
بۆیەکەم جار خەزانم ناسی
بنکەی هەردەم

ب ـ نموونەیەکی تر لە دووبارەبوونەوەی هەرەمی کەمێك لەوەی یەکەم جیاوازترە، چونکە جگە لەوەی کە وشەیەك دووبارە دەبێتەوەو لە دووبارەبوونەوەی وشەیەکی تر لەبەر ئامێزی دێتە دەرێ و ئەم وشە نوێیەش خۆی بە وشەیەکی تر دەسپێرێت، لەمەیاندا هەڵوێستێك و گوتەیەك لەگەڵ هەموو دێرەکان دووبارە دەبێتەوە جگە لە دووبارەبوونەوەی هەرەمی ئەمەش جۆرە مۆسیقا و ڕیتمێکی جوان دەدات بە شیعرەکە


لەم شیعرەدا شاعیر ئەم وێنەیە دەکێشێت و دەڵێت:

پرسم کرد بەکانیی
بەر لەوەی جۆگەلە بناسم
پرسم کرد بە جۆگە
بەر لەوەی کە ڕووبار بناسم
پرسم کرد بە ڕووبار
بەر لەوەی کە زەریا بناسم
پرسم کرد بە زەریا
بەر لەوەی کەشتیش دروست بکەم
پرسم کرد بە کەشتیش
بەر لەوەی دڵم بێ
سەرتخەم(364)

شاعیر کۆمەڵە وێنەیەك لەسەر بنەمای بەکەس کردن دروست دەکات و هەر وێنەیەك پەیوەست دەکات بەوی تر پایەیەك سەر دەکەوێت، ئینجا وێنەیەکی تر و بەم جۆرە تا دەگاتە لووتکەی هەرەمەکە. شیعرەکە لە بنکەیەکەوە دەست پێدەکات سەرەتا پرسی بە کانی کردووە بەرلەوەی جۆگا بناسێت، پرسی بە جۆگا کردووە بەر لەوەی ڕووبار بناسێت، پرسی بە ڕووباریش کردووە بەر لەوەی زەریا بناسێت، پرسی بە زەریاش کردووە بەر لەوەی کەشتییەکە بناسێت، پرسی بە کەشتیەکەش کردووە بەر لەوەی دڵی بێت خۆشەویستەکەی سەر بخات.

شاعیر لەسەر پرسەکانی دانەنیشتووە پرسی لە شتی بچووك کردووە، شتی گەورەتری ناسیوە پرسی پێکردووە، دواجار پرسی بە کەشتی کردووە، "پرسمکرد" لە هەموو دێرەکان دووبارە دەبێتەوە هەر ئەم دووبارەبوونەوەش قاڵبی خۆی هەیە و لە نموونەکەی پێشتر خۆی جیاوازتر پیشان دەدات.

بەم جۆرە زۆرجار شاعیر ئەو وێنە گشتییەی دەیەوێت بکێشێت سەروا لەسەر بنەمای چیرۆکی وێنەی دەکێشێت، بە گێڕانەوەی بەسەرهاتێك و خستنەڕووی چەند کەسایەتی یەك و گێرەو کێشەی


دووبارە بوونەوەی هەرەمی
قالبی (ب)
ترۆپکی هەرەمی
پرسم کرد بەکەشتیش بەرلەوەی دڵم بێ سەرتخەم
پێچی پێنجەم
گرێ
کەشتی
پرسم کرد
پرسم کرد بەزەریا بەرلەوەی کەشتیەکەم درووست کەم
پێچی چوارەم
گرێ
زەریا
پرسم کرد
پرسم کرد بە ڕووبار بەرلەوەی کە زەریا بناسم
پێچی سێیەم
گرێ
ڕووبار
پرسم کرد
پرسم کرد بە جۆگە بەرلەوەی کە ڕووبار بناسم
پێچی دووەم
گرێ
جۆگە
پرسم کرد
پرسم کرد بەکانییی بەرلەوەی جۆگە بناسم
پێچی یەکەم
بنکەی هەرەمی

## 6 - بنیاتی شێوەکاری:

هەڵبەتە کە دەڵێن (وێنەی شیعر) یاخود زۆر لە شارەزایانی ئەدەب دەڵێن شیعر وێنەکێشانە بەوشە، هەر کەسێکیش کە شیعر دەخوێنێتەوە چەند وێنەیەك دێتەوە یادی یاخود لەخەیاڵی خۆیدا وێنەیەك بۆ پەیڤ و دەربرینەکان دادەنێت و شتێکی دێتە بەر چاو، تابلۆ لەرێی سەیرکردنەوە دەبینرێت، بەڵام کاتێك شیعر دەخوێنیتەوە لە وەسفی وێنەکاندا بەر هەر پێنج هەستەکان دەکەون هەستی (بینین، بیستن، بۆن کردن، هەستی دەست لێدان، هەستی چەشتن) وێنەی واش هەیە ژێرییە و بەر هیچ کام لەم پێنج هەستانە ناکەوێت، بەڵام کاتێك شاعیر بەهەستێکی شێوەکاریانە شیعر دەنووسێت دەبێت مامەڵە، لەگەڵ ڕەنگەکان بکات و ڕەنگ بێنێ و ببات و تێکەڵیان بکات و شیعر خەڵق بکات کاتێك کە خوێنەریش شیعرەکە دەخوێنێتەوەو ڕۆدەچێتە ناخی باسەکان و جۆرەها ڕەنگ دێتە بەر چاوی، ئەم جۆرە شێوازەش زیاتر لەدیوانە شیعری(ڕەنگدان) دادەبینرێت.

شاعیر بەدەیان جۆر ڕەنگی بەکار هێناوە و تەنها لەخولگەی ئەو چەند ڕەنگە دیاری کراوە نەوەستاوە بۆ نموونە (( ڕەش، شین، مۆر، سەوز، زەرد... هتد)) ، بەڵکو ڕووی کردۆتە سروشت و لەپەلك و گەڵای دار و بەرد و درەخت و میوەجات ڕەنگی وەرگرتووە بۆ نموونە ڕەنگی زەرد هەر زەرد نییە بەتەنها ڕەنگی لیمۆیی و گۆگردی بەکار دەهێنێت، لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕەنگانە شێوە ڕەنگەکانمان دێتە بەر چاو، چونکە لیمۆ هەرچەندە زەردیش بێت زەردییەکەی ئەم جیاوازە لەزەردی تر جۆرەها ڕەنگی تریشی بەکار هێناوە لەوانە(خۆڵین، زەرد پەر، سەوز و تەر، زەیتونی ... هتد) بەم شێوازە ڕەنگەکان زۆر فراوان و زۆر دەبن و سروشتیش بە هەزارەها ڕەنگی جیاوازی تێدایە، کە لەدار و گەڵاو خاك و خۆڵەکەی بەدی دەکرێن، کاتێك شاعیر دەڵێت ڕەنگی زەیتونی ئەوا ئەم جۆرە ڕەنگە سەوزە تەنها لەزەیتون دا هەیە و هەر درەختێکی تریش هەرچەندە سەوز بێت ئەوا سەوزییەکەی جیاوازە لەهی سەوزی زەیتون، بەم شێوەیە بەدەیان ڕەنگی بەکار هێناوەو مەبەستە شیعریەکانی خۆی پێدەر بریوە.

(( شاعیر وا ناسراوە وەك منداڵ هەموو ڕەنگ و شێوەکانی خۆش دەوێت و ئارەزوو دەکات یارییان پێبکات)) (365)، لەم یاری کردنەش وێنە و ڕەنگی نوێ دروست دەکات و

تابلۆی شیعری جوان دروست دەکات .((مێشکی هەر کەسێك توانایەکی سەیری لەوەدا هەیە ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ناو دنیای ڕۆتین وەرگێڕیتەوە سەر زمانێك لەزمانەکانی (ئەفسانە) ئیتر هەرکەسەو بەئامرازێك، هەر هزرە و بەشێواز و تەکنیکی تەونی بۆ دەچنێت)) (366). وێنەیەکیش لەرێی هونەری شێوەکارییەوە ڕووداوەکان دەخاتە سەر تابلۆ شاعیر لەرێی شیعر و چیرۆك نووس لەرێی چیرۆك و مۆسیقار لەرێی نۆتە و ئاواز و ... هتد ، زۆر جار بەهرەمەندان سوود لەشێواز و جۆرە هونەری تر وەردەگرن بۆ نموونە شاعیرێك دەتوانی لەرێی بینینی تابلۆیەکەوە شیعرێك بنووسێت و وێنە و ڕەنگەکان بکات بەپەیڤ و بن بەشیعر و لەهەمان کاتیشدا نیگار کێشێکیش دەتوانێت شیعرێك لەنێو تابلۆیەك چڕ بکاتەوەو هەمان مانای شیعرەکە لەنێو تابلۆکەدا ببینێت(( زمانی بینین هاوسێی زمانی ئاخاوتنە، هەردووکیان ئامرازێکن بۆ ڕووناك کردنەوەی فیکر لەناو ڕۆشنبیراندا )) (367)، زۆر جار کە سەیری تابلۆیەك دەکەین و لێی ورد دەبینەوە چەند بیرۆکەیەکی لێوەردەگرین وەك ئەوەدایە کەسێك ڕووداوێك یاخود دیاردەیەکت بۆ بگێڕیتەوە، چونکە تابلۆکان پڕ ڕەهەندن بەزمانی چاو لەگەڵمان دەدوێن.(( شێوەکار هەموو دڵە ڕاوکێکانی خۆی لەدۆزینەوەی ڕەنگەکاندا چڕ دەکاتەوە، ئەو دەیەوێت ڕەنگێك نەمێنێت بەکاری نەهێنێت، بەڵام ناگاتە ئەو خەونە و ئامازەی ڕەنگەکان بێ کۆتان، لێرەوەیە ئایکۆنیەتی ڕەنگ، زۆر جار هەم موتڵەق و هەم نیسبەت بەخۆیەوە دەگرێت))(368)شاعیریش وەك شێوەکاران بەردەوام بەدوای ڕەنگی نوێدا دەگەرێت ڕەنگی سەرنج ڕاکێش و ڕەنگەکەم بەکارهاتووەکان و ڕەنگە و ناسکەکان ، ڕەنگێك کە بەتەنها لەچەند شتێکدا هەبێت.(( پێم باشە جگە لەوانەی لەسەر دەق دەنووسن و هەڵسەنگاندنیان بۆی هەیە شێوەکارانیش بۆ چوونەکانی خۆیان لەمەڕ (ڕەنگدان) بخەنەسەر کاغەز)) (369). چونکە شاعیر مامەڵەی لەگەڵ ڕەنگەکان کردووە، شێوەکارانیش بەڕەنگ تابلۆ دروست دەکەن بۆیە لەسنووری کارەکەی خۆیانەوە دەتوانن بۆچوونی خۆیان لەسەر (ڕەنگدان) دەربڕن. شێرکۆ بێکەس لەم بارەیەوە دەڵێت(( من پێم وایە شیعر پێوەندی زۆری بەهونەری تەشکیلی هەیە، چونکە شیعر بۆ گوێچکەیە وەك مۆسیقا هونەری تەشکیلی بۆچاوە ئەو کاتەی کە شیعر قسەدەکات هونەری تەشکیلی تێکەڵ دەکا، ئەو کاتەی کە چاوی زمان تیژ دەڕوانی لەرێگەی وێنەوە هۆکاری بیستنیش بەهێزتر دەکا لەلای خوێنەر، دیارە چ هونەری تەشکیلی و سینەماش زۆر نزیکن لەوێنە شیعریەکان کە باسیان دەکەین چاویان کامیرایە دەگەرێ بەدوای شتەکان))(370). لەو دەربرین و بۆچوونانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێوەندێکی توندو تۆڵ لە نێوان هونەرەکاندا هەیە بابەت و دیاردەیەك کە

بۆ شیعر دەست دەدات ئەشێ کەرەستە و بابەتی هونەری شێوەکاری و هونەرەکانی تریش بێت بەپێچەوانەشەوە. ئێمەش چەند دەقێك لە (ڕەنگدان) و چەند نموونەیەك لەشیعرەکانی تر دەخەینە ڕوو ڕاڤەیان دەکەین و لێیان دەدوێین بەتایبەتی (ڕەنگدان)، چونکە لێوان لێوە لە شێوە هونەری شێوەکاری، بەڵام دەقە شیعریەکانی تریش خاڵی نین لەم جۆرە هونەرە بۆنموونە شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیە دەکێشێت و لەکۆپلەیەکی (دەربەندی پەپوولە) دا دەڵێت:

من ئێستا کە وشەم لە ناو دەفری شیعردا ئەگرمەوە
خەون و سروشت و ڕەنگ و دەنگ تێکەڵ ئەکەم
وێنەی(نالی) وا ئەکێشم:
سیمایەکی بە زەرکەفتی ئەشکەنجە و داخ درەوشاوە
یان گردە تەمێکی تێکەڵ بەزەردە پەری ئێواران(371)

شاعیر شیعری کردووە بەدەفر و وشەی تیا دەگرتەوە، ئەم دەفرەش خەون و سروشت کە مەبەستی ڕەنگەکانی سروشتە دەنگ تێکەڵ دەکات، وەك نیگار کێشێك بەر لەوەی دەست بکات بەنیگار کێشان سەرەتا فڵچە و بۆیەکان دەهێنێت و بۆیەکان لە دەفرێکدا دەگرێتەوە ئینجا دەست دەکات بەکارەکەی و وێنە دەکێشێت شاعیر هەمان بنەما و بیرۆکە وەردەگرێت بۆ وێنە کێشانی نالی. وێنەکانیش بەشێوازی بەتەن کردن و شێوازی هەست گۆڕکێ دروست کراون، لەکۆتاییدا وێنەی نالی دروست دەبێت و ئێمەش بەچاو دەیبینین.

لە(ڕەنگدان)یشدا شاعیر چەندان وێنەی شێوەکاریانەمان نیشان دەدات لەشوێنێکا دەڵێت:

با ئەوەش بڵێم من لەو شیعرەدا
بەتەنها داوای لێبوردن و بەخشین هەر لەنابینایان ئەکەم،
کە ڕەنگەکانم نابینن وەك ئەوەی ئێمە چاو ساغ ئەیانبینین،
بەڵام خۆ ئەگەر دڵیش بنێن بەدێرەکانەوە
هەموو دێرێك بۆ خۆی چرکەیەك ئەکات و
پێیان ئەڵێت چ ڕەنگێکن!(372)

لەم دەربڕینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەو کەسانەی کە بە زگماك نابینان کاتێك گوێ بیستی ئەم شیعرانە دەبن وێنەکانیان لا دروست نابێت ئەم هەموو جۆرە ڕەنگانەی شاعیر

باسی کردوون، چونکە ئەوان ئەتوانن بەچوار هەستەکەی (بیستن و بۆن کردن و دەست لێدان و چەشتن) شتەکان ڕام بکەن و تێی بگەن، بەڵام ئەو نابینایانەی کەدوای قۆناغێکی تەمەن هەستی بینینیان لەدەست داوە لەکاتی گوێ بیست بوونی ئەو شیعرانە هەست بە وێنەکان دەکەن و چێژی لێوەردەگرن. کەواتە نابینای جۆری یەکەم تابلۆی شێوەکاری نابینێت کاتێکیش گوێبیستی چەند دەقێکی ڕەنگدان دەبێت وێنەکان نایەنەوە ناو زەینی. بەڵام نابینای جۆری دووەم تابلۆیەکی شێوەکاری نابینێت بەڵام کاتێك گوێبیستی دەقە شیعرێکی ڕەنگدان دەبێت هەست بەوێنەکان دەکات، چونکە هەموو وێنەکان لەبیرەوەری و لەخەیاڵیدا ماونەتەوە.

شێرکۆ بێکەس لەم وێنەیەدا دەڵێت:

لەژێڵڵا پۆلە مەل: ڕەش، سپی، خاڵ خاڵ و زەردباو
پەمەیی و نارنجی
دێنەوە بۆ ئێرە(373)

ئەم وێنەیە بەهەستی بینین وەردەگیرێت، لە وەسفی ئەم پۆلە مەلە کە هەندێکیان ڕەش و هەندێکی تر سپی و، خاڵ خاڵ و زەردباو و پەمەیی و نارنجی، ئەمە وێنەیەکی سریاڵییە وێنەکێش دەتوانێت وێنەی کۆمەڵە مەلێك بەئاسمانەوە بکێشێت، هەندێکیان ڕەش و هەندێکیان سپی و هەندێکی تریش پەمەیی ... هتد

جۆرەها ڕەنگ بەمەلەکان بدات و لە ئاسمانێکی شیندا تێکەڵیان بکات وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش دروست بکات شێوەکاریش دەتوانێت وێنەی ئەم کۆمەڵە ڕەنگا و ڕەنگە لە تابلۆیەك چڕ بکاتەوە، بڕوانە ئەم وێنەیە شێوەکار (هێرش صابر بەگی خانی) لەسەر بنەمای ئەم شیعرە کێشاویەتی.

شێرکۆ بێکەس لەم وێنەیەدا دەڵێت:

دابڕاوی کەندێك، چین چین زەرد و  چین چین سپی و
لەسەرەویش
ڕەنگ قاوەیی لەبەر چاوم بوو بەکێکێك، لەو خەوەدا(374)

بەشێوەیەکی تەشکیلی ئەم وێنەیە دروست کراوە. شاعیر هەندێك بەچەند چین ڕەنگ دەکات و چینی زەرد و چینی سپی و ڕووی تویکاڵی دەرەوەش قاوەیی، ئینجا بەکێکێکی

دەچوێنێت کەزەرد و سپییە و سەرەوەشی بەقاوە ڕووپۆش کراوە. وێنەکان بەر هەستی بینین دەکەون.

شاعیر وێنەیەکی تر دەکێشێت و دەڵێت:

پشتی ماسی پوولەکە بوون:
زەردێکی کاڵ لە ناو کەسکێکی زۆر تۆخداو
نوختەیەك سوور لەبن گوێداو
بەر سکێکی سپی و سپی درەوشاوە(375)

شاعیر وەسفی ماسییەکی بچکۆڵە دەکات، کە زەردێکی کاڵە و لە هەمان کاتیش لەناو کەسکێکی زۆر تۆخ دایە نوختەیەکی سووریش لەبن گوێیدا هەیە، بەر سکیشی بەوردە پولەکەی سپی دەدرەوشێتەوە.

شاعیر ئەم هەموو ڕەنگەی لەم ماسیە بچکۆلەدا بینیوە و بەشێوەیەکی شێوەکاریانە وێنەی دەکێشێت، شێوەکارێك دەتوانێت وێنەی ماسییەکی لەم جۆرە بکێشێت ئەوسا جوانترین تابلۆی ماسیمان پێشان دەدات. کەواتە کاتێك ئەم دەقە دەخوێنینەوە وێنەی ئەو ماسییە دەبینین وێنەی ئەو ماسییەمان دێتە بەر چاو کاتێکیش لە تابلۆیەك وێنەی ئەو ماسییەکانی ناو حەوز دێتەوە بەر چاو، شێوەکارێك دەتوانێت ئەم کۆپلە شیعرەی شێرکۆ بێکەس کە وەسفی ماسیەکی بچووك دەکات بیکێشیت و لەجوانترین تابلۆدا بەهەمان ئەو ڕەنگانەی شاعیر باسیان دەکات دروستی بکات.

شاعیر لەشوێنێکی ناو (ڕەنگدان) دا دەڵێت(( چەندین تابلۆی هەمە ڕەنگی ئەو پێشانگایەی کەبەنیازم لەیادی ساڵڕۆژی لەدایك بوونی وێنە کێش (خالید سەعید) دا بیکەمەوە شاعیر هەشت پارچە شیعری نووسیوە لەشێوەی هەشت تابلۆ پیشانی داوە هەر تابلۆیەکیش دیمەنێك پیشان دەدات، شاعیر ئەم وێنەیە دەکێشێت و دەڵێت:

لەهەر گوێیەك خۆت بتەوێ
ئەتوانی سێ ڕەنگ تێکەڵکەی
بەیەکەوە و لەناو یەکدا و لە ناو دۆڵداو
تێکیان هەڵدەی:
(( شەوی مەرگ

لمى سەحراو
زریکەی کۆچ..))
بەیەکەوە تا بەیانی بیانشێلی
ئەنجا ڕەنگێك دروست ئەبێ، ڕەنگێکی نوێ
پێی ئەڵێن ڕەنگی(ئەنفالیی)!(376)

شاعیر بەشێوازی بەتەن کردن ئەم وێنەیەی دروست کردووە (شەوی مەرگ) بەتەن کردووە (زریکەی کۆچ) بەتەن کردووە و بەشێوازی هەست گۆڕکێ دروستی کردووە، تەنها لمی سەحرا قەبارەو تەنی هەیە، بەڵام شاعیر هەرسێکی تێکهەڵشێلاوە و ڕەنگی ئەنفالی لێ دروست کردووە، ڕەنگێکی غەمناك ئێمە دەزانین(سەحرا) ڕەنگی چۆنە، بەڵام ئەم گڵەی تێکەڵ بەدوو ڕەنگی تر کردووە کە نازانین (زریکەی کۆچ و) (شەوی مەرگ) چ ڕەنگێکیان هەیە، ئەگەر وا دابنێین شەوی مەرگ ڕەشە، بەڵام نازانین زریکەی کۆچ ڕەنگێکە، ئەگەر بمان زانی بوایە ڕەنگیان چۆنە و ئەوا بۆمان دەردەکەوت ڕەنگی ئەنفال چۆنە چونکە تاقی کردنەوە سەلماوە ڕەنگێك، لەگەڵ ڕەنگێکیتر تێکەڵ بکەی ڕەنگێکی نوێ لەدایك دەبێت، بەڵام شاعیر ڕەنگێکی دروست کردووە بەنێوی ڕەنگی ئەنفال، ئەشێ هەریەکەمان وێنەیەکی بۆ دابنێین یاخود هەر سەرگەردان بین بەدوای دۆزینەوەی ئەم ڕەنگە. بەم شێوەیە شاعیر چەندان وێنەی شیعری جوانی لەئەنجامی مامەڵەکردن، لەگەڵ ڕەنگەکان و تێکەڵ کردن و ریزکردنیان بەتەنیشت یەکە و بۆ دروست کردوین لەدەربڕینێکی شێوەکارییانە بۆی نمایش کردووین.

شاعیر لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

پەپوولەیەك هەبوو
ڕەنگی ڕەشێکی قەترانی
باڵی کوتراو بە وردە خاڵی زۆر سپی
ناسك .. ناسك (377)

ئەم وێنەیە بەهەستی بینین وەردەگیرێت، وەسفی پەپوولەیەکە ڕەنگی ڕەشە و باڵەکانیشی وردەخاڵی زۆر سپی تێدایە. وێنەکە لەسەر بنەمای وەسف بنیات نراوە. جگە لە هەستی بینین وێنەکە بەر هەستی دەست لێدانیش دەکەوێت. شاعیر مامەڵەی لەگەڵ ڕەنگەکان کردووە، وێنەی ئەم پەپوولە جوانەمان بۆ دەکێشێت، ئەوەتا شێوەکار(هێرش صابر بەگی خانی) لەسەر بنەمای ئەم شیعرە ئەم پەپوولە ناسك و جوانەی بۆ کێشاوین.

# 7ـ بنیاتی کاریکاتێری

کاریکاتێری چی‌یە و چی دەگەێنێت سەرەتا بە و پێناسەیەوە دەست پێدەکەین. ((ئەو هونەرەیە کەتیدا شێوەیە یاخود شێوەی چەند وشەیەك ئەو دیاردانە دەخاتە ڕوو کە لەلایەن کاریکاتێریستەوە تیشکی دەخرێتە سەر ئەم هونەرەش هونەرێکی ڕەخنە ئامێزە شێوەی توانج بە خۆوە دەگرێت و زۆر جاریش ئەم شێوانە گاڵتە ئامێز و پێکەنیناوین ))(378) بەرێگەیەکی سادە تیشك دەخاتە سەر کێشە و خوار وخێچیەکانی کۆمەڵگا بەبێ ئەوەی ڕق و کینە لەدڵی خەڵك بچێنێت زۆر بە نەرمی خۆی دەخزێنێتە دڵی بینەرانەوە و مەبەستەکەی خۆی دەپێکێت زەردەخەنەیەك بەبینەر دەدات و کێشەکەشی بۆ ڕوون دەکاتەوە.

کاریکاتێر هونەرێکی دێرینە و هەر لە کۆنەوە هەبووە، لەو کاتەی کە لەسەر دیواری ئەشکەوت و بنگەوەرە شاخەکاندا وێنەیان هەڵکۆڵیوە وێنەی کاریکاتێریشان تیدا بووە کە باس لە ژیانی ئەوسا و پێشاندانی دیمەنی تەنز ئامێزی لە خۆ گرتووە، بەلاّم وەك هونەر و گەشەکردن و هاتنە سەر تابلۆ ئەوا کەم و زۆر هەوڵی تاکە کەسی هەبووە لەم بوارە، بەلاّم وەك دیاردەیەك (( لەسەدەی (17) مەوە لە ئیتالیا سەری هەڵدا وە هاوشان، لەگەڵ هونەرەکانی وەك لیسۆگرافی و چاپ ئەمەش لە سایەی هەردوو هونەرمەندی ئیتالی (ئیگۆسێنوکارچی) و (جیوڤان دێرینی)، بەلاّم بە هۆی نالە باری بارودۆخ و هەل و مەرجی سیاسی ئەوسای ئیتالیا هونەری کاریکاتێر نەیتوانی بە شێوەکی پێویست جمووجۆڵی هەبێت و پەرە بسێنێت، بۆیە لە کۆتایەکانی سەدەی (17)مەوە بە هۆی بوونی ئازادی ڕۆژنامەوانی لە هۆڵەندا بەهۆی کۆبونەوەی کۆمەڵەی نیگار کێشان و هونەرمەندانی ئەو وڵاتە بوو بە گۆڕەپانی چالاکی کاریکاتێریستان ))(379)

کاریکاتێر خاسیەتێکی هەیە ماوەی دەربڕینەکان کورت دەکاتەوە، ڕەخنەیەکی بەهێزیشە و کاریگەریەکان دەپەرێنتەوە، بۆ کەسی بینەر بۆ بینینی وێنەی کاریکاتێری زۆر بەجوانی لە شتەکان دەگات و خاسیەتی وێنەی کاریکاتێری ئەوەیە، لە زەینی بینەر دەمێنێتەوە و لەیاد ناکرێت و چێژێکی خۆشی پێ دەبەخشێت ((فەنێکی سەردەمە خێرایە، تابلۆی کاریکاتێری وەك تابلۆی هونەرییەکانی تر نییە لەبەر ئەوەی لە هەندێکاتدا شوێنگرەوەی وتارێکی درێژە کە لەیەکێك لە ڕۆژنامەکان بلاّو کراوەتەوە ))(380) ، چونکە لەرێی کاریکاتێرێکەوە دەتوانرێت کێشەیەکی گەورەی کۆمەلاّیەتی سیاسی ئاینی ... هتد بخرێتە ڕوو، وتاریش بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکان و خستنەروو ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەڵام کاریکاتێر سەرنجراکێش ترە، چونکە نەخوێندەوارانیش تا رادەیەك خۆیان لە کاریکاتێر دەگەن بەتایبەتی ئەگەر نووسین لە سەر کاریکاتێر نەبێت ئەوا بەتەواوی لێی تێدەگەن، کەرولاڵەکانیش لە هونەری کاریکاتێر دەگەن، چونکە بەچاو دەبنرێت بە هێڵ و شێوەی سادە جوان و وێنەکان دەکێشرێن تەنز ئامێز و سەرنج راکێشن لە بنەچەدا کاریکاتێر هونەرێکی وێنەکێشانە، بەڵام خراوەتە ناو بوارەکانی تری هونەرەکان لە نوکتەی فۆلکلۆری و کوردیش، ئەمە دەبینرێت و کاریکاتێریست دەتوانێت بیرۆکەی نوکتەیەك وەر بگرێت و لە شێوەی کاریکاتێری دروستی بکات کاریکاتێر پەیوەندی بە (گاڵتە و گەپی)شەوە هەیە.

کاریکاتێر پەیوەندی بە هونەری پەیکەرتاشییەوە هەیە هونەرمەندی پەیکەرتاش دەتوانێت دووسێ پەیکەر دروست بکات و روویان بکاتە یەك و بە هەر دوو سێ پەیکەرەکە بیرێکی کاریکاتێری ببەخشن. کاریکاتێر ڕۆچۆتە نێو (ئەفلام کارتۆن) ەکان کە بەبێ دەربرینی قسە جمووجۆڵ دەکەن و لەمەشدا هەموو منالانی جیهان لەم جۆرە (ئەفلام کارتۆن)انە دەگەن، کاریکاتێری (شارلی شاپلن) کە بەبێ قسە کردن تەنها بە جموجۆڵ هونەری دەنواند و یەکێکە لە فیلمە سەرکەوتەوەکان و تا ئێستاش بەنەمری ماوتەوە. کەرولاڵەکان هەموو فیلمەکان لە شێوەی کاریکاتێری دەبینن، بەڵام بەتەواوی تێیان ناگەن، چونکە لە نێو فلمەکان بەدەیان حیوار و کێشە هەیە کاتێك کە گفتو گۆ دەکرێت، لە نێوان کەسەکانی ناو فیلمەکان کەرولاڵەکان لێی تێناگەن نازانن باس لە چ دەکرێت و کام لەو کێشانەی کە لە ئەنجامی فلمەکە کە رووی داوە  تاو توێ دەکرێت، بەڵام لە فیلمی کاریکاتێردا کەرولاڵەکان بەتەواوی لێی تێدەگەن، چونکە کاریکاتێر لە نێو فیلمەکاندا، لەگەڵ جمو جۆڵ کردنەکان دەروات و باس لە رووداوی رابردووی پێشتر ناکات و لێرەدا تەنها چاو رۆڵ دەبینێت لە تێگەیشتن لە و فیلمانە کەواتە کاریکاتێر هونەرێکی چاوییە و بە چاو دەبینرێت خزاوەتە نێو شیعریشەوە بۆیە ئەو شیعرانەی کە کاریکاتێرین چاو رۆڵی سەرەکی دەبینێت، لە وەرگرتنی وێنەکان. واتا کاریکاتێریستێك دەتوانێت بیرۆکەی شیعرێکی کاریکاتێری بە وێنە دروست بکاتەوە بە هەمان شێوەش شاعیرێکیش دەتوانێت وێنەیەکی کاریکاتێری لە شێوەی شیعر دەربرێت، دەتوانێت لە بواری بەراوردی ئەدەبی و هاوسەنگی ئەدەبیش  لێکدانەوە و بەراورد  لە نێوان دەقێکی شیعری کاریکاتێری و تابلۆیەکی کاریکاتێری پێکچوو رووبەرووی یەك بکەین و لێکۆڵینەوەی لەبارەیانەوە بکرێت، هونەری کاریکاتێر لە نێو شیعری کوردیدا رەنگیداوەتەوە

له شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)یش لەسەر بنەمای کاریکاتێری چەند وێنەیەکی بنیات ناوە

له شیعری (دەرزی) ئەم وێنە کاریکاتێریەمان بۆ دەکێشێت:

تەپڵێ سکی خۆی هەڵماڵی و
به فیکەیەك ..
باڵەکانی وەك عەلەشیش گیڤ کردەوە.
سك فووی کردە خۆی و ئاوسا
ئاوسا . . ئاوسا
هەتا بەر پێی خۆی شاردەوە
لەو ساتەدا
دەرزییەکی نووستو و هەستا
که ڕاوەستا
سك فش بۆوە. .
عەلەشیشیش به فیکەی ناو
هەموو دنیا
جارێکی تر . .گیڤ نەبۆوەوە (381)

شاعیر وێنەیەکی جوانی کاریکاتێری دروست کردووە، وێنەکەش بەر هەستی بیستن و بینین دەکەوێت لە گوتەی (فیکه فیك) که بەر هەستی بیستن دەکەوێت، تەواوی وێنەکەش بەر هەستی بینین دەکەوێت، ئەمەش تایبەتمەندی وێنەی کاریکاتێرییە کە بەر هەستی بینین دەکەوێت بۆیه کاریکاتێریستێك دەتوانێت ئەم شیعرە بکاتەوە بە وێنەی کاریکاتێر. وێنەکان بەشێوازی بەرجەستە کردن و لێکچواندن دروست بووین ئەم وێنە کاریکاتێریەش ڕەگێکی لەم سێ بەندە فۆلکلۆریەدا هەیە کە دەڵێت:(هەموو زاڵمێك زەواڵی خۆی هەیە) یاخود(مست له درێشه دەگەڕێتەوە) یاخود لەو پەندەی دەڵێت(ئەگەر فیل هەبێت کەرکەدەنیش هەیە) .

شاعیر له شیعرێکیتردا کە لە ژێر ناوی (شیعری کاریکاتێر) ئەم وێنە کاریکاتێریەمان بۆ بنیات دەنێت:

بەیانی بوو له (کانێسکان)

بەچاوی خۆم:
(قەعقاع) م دی
بروسکەیەو شالاّو ئەبا ..
ئازا . . ئازا
هەرخۆی ئازا
دێتە پێشێ
قژی کچێکی قوتابی
سیانزە سالاّن ڕادەکێشێت:
- هەلهولە . . هەلهولە . . هەلهولە . .
نیوەڕۆ بوو لە ناو قەیسەری نەقیب دا
بەچاوی خۆم:
((سەعدی کوڕی وەقاص)) م دی
تیر لە چاویەوە ئەباری
لە بازاڕی مانگرتوودا
قوفڵی دووکانێکی شکان
چووە ژوورێ
ئازا .. ئازا ..
وەختێ لە وسەر هاتە دەرێ
ئارەقی زۆری ڕشتبوو
بەم دەست چەند تەبەقێ هێلکەو
بەو دەستی تر چەکەکەی خۆی
هەڵگرتبوو
هەلهولە .. هەلهولە .. هەلهولە ..(382)

شاعیر لە سەر شێوەی کۆپلەی سێ وێنەمان بۆ دەکێشێت، وێنەی یەکەم سەربەخۆیی خۆی هەیە کە (قەعقاع) شالاّوی بردووە و قژی کچێکی قوتابی سیانزە ساڵانی ڕاکێشاوە، ئەم قژ ڕاکێشانەش بەسەر کەوتنێکی گەورەی داناوە و (هەلهۆلەی) بۆ وتووە (هەلهۆلە) کاتی شەڕ و سەرکەوتنەکانی ڕژمێی(بعث) بەکارهاتووە، بەڵکو پێشتریش بەکارهاتووە

وێنەیەکە لەسەر شێوازی چیرۆکی وێنە دەربڕاوە لە کۆپلەی دووەمدا دوو وێنەی تێدایە ئەم دوو وێنەی کاریکاتێرییە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیەو لە دوو تابلۆدا کێشراوە، بەڵام تابۆکان یەکتر تەواو دەکەن ئەم وێنانەش لەسەر شێوازی چیرۆکی و گێرانەوە خۆیان نمایش دەکەن. وێنەی یەکەم بینینی (سەعدی کوڕی وەقاص) کە قوفڵی دوکانێکی شکاندووە. لێرەدا (سەعدی کوڕی وەقاص) ڕەمزە. وێنە کاریکاتێریەکەی دووەم لە وەختی هاتنە دەرەوەی لە قەیسەری ئارەقی زۆری ڕشتووە و بەم دەستە چەند تەبەقە هێلکە و بەدەستەکەیتر چەکەکەی هەڵگرتووەوە، ئەمەشیان تابلۆی دووەمە کە هەمان کەسی تێدایە، بەڵام لەتابلۆو وێنەیەکی تری کاریکاتێری دوای ئەوەی ئەو کارانەی کردووە، (هەلهولە .. هەلهولە .. هەلهولە)ی کردووە گوایە کارێکی باشی ئەنجامداوە تێیدا سەرکەوتوو بووە بەم شێوەیە شاعیر چەند وێنەیەکی کاریکاتێری بۆ خستوینەتە ڕوو لە شێوەیەکی تەنز ئامێز کە زەردەخەنەیەکت پێدەبەخشێت لە کاتی خوێندنەوەی ئەم شیعرانە، بەڵام لەهەمان کاتیش دا کاریگەری و خەمێکیشت بۆ بەجێ دێڵێت، بڕوانە ئەم وێنانە کە لە سەر بنەمای ئەم شیعرە لە لایەن شێوەکار و کاریکاتێریست (هێرش صابر بەگی خانی) کێشراون.

## بنیاتی درامی
(Drammatic Stracture)

دراما یەکێکە لە هونەرەکانی ئەدەب و سەربەخۆیی خۆی هەیەو مێژوویەکی دێرینی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، لەو کاتە نمایشی دراما کراوەو پەرەی سەندووە، بەڵام بابەتەکانی ئەدەب شیعر و پەخشان و دراماو چیرۆك و... هتد.لە یەك خێزانن و بۆیە زۆر جار بەیەکەوە موتروبە دەبن. شاعیر لەو کاتانەدا ڕوو دەکاتە بنیاتی درامی کە هەست بکات ئەو شتەی دەیەوێت بیخاتەڕوو. ململانێی تیایە سەرەڕای دژایەتیو نەفرەت کردن. ((بنیات نانای درامی وێنەی گشتی بە پشت بەستن دەبێت بە ڕەگەزەکانی گوزارشتکردنی درامی لە گفتوگۆو مەنولۆگ و گێڕانەوەی چیرۆکی لە بنیاتی شیعریدا ئەمەش بۆ وێنەکێشانەی ململانێو جوولە کە دوو ڕەگەزی جەوهەری درامـان))(383). شیعری درامی(384) لەسەر بنەمای گفتوگۆ و حیوار دروست دەبێت. کێشەو ململانێو لەنێوان چەند کەسانێك

دروست دەبێتو هەموو بنەماکانی دراما، لە ناو دەقێکی شیعردا دەگێرسێنەوەو بە زمانی شیعر گفتگۆکان دەکرێن.((شیعری شانۆیی رووناکی دەخاتە سەر گەلێ جۆر لە دژەکان کە لە گەردووندا بلاّون سەرەرای ئەمەش هەڵدەستێ بە وێنەکێشانی))(385). رووداو و بەسەرهاتەکان لەسەر بنەمای دیالۆگ دیالۆگەکانیش یان، لەگەڵ خودی خۆی دەبێت یان لەنێوان چەند کەسانێك دەبێت. ململانێ کە رەگەزەێکی سەرەکی درامایە، بەچەند شێوەیەك دەبێت. ململانێ لە نێوان دوو مرۆڤـ، لە نێوان مرۆڤـ و خودی خۆیدا. لەنێوان مرۆڤـ و دەوروبەریدا. شێرکۆ بێکەس زۆر شیعری لەسەر ئەم بنەمایە هۆندۆتەوە، بە زۆری قەسیدەکانی ململانێی لەگەڵ دژەکان، گرنگی دەدات بە پێکهاتەو وێنەی بیرۆکەو لەسەر رەگەزی درامی، لەسەر حیواری دەرەکی یان ناوەکی، کاتێك وێنە زۆر کۆدەبنەوە ئەم وێنانە تاقیکردنەوەی واقیع دەیەنێتە گۆرێ. شیعری درامی لە گێرانەوەی چیرۆکی دەچێت، بەلاّم لە قاڵب و شێوەی جیاتر. شێرکۆ بێکەس لەسەر بنەمای درامی گفتوگۆ دروست دەکات، لەنێوان سێ ژن کە بە ژنە قەتێ ناویان دەبات ئەم ژنانەش حیوار و گفتوگۆ، لەگەڵ (مانگ) دەکەن. (مانگ) وەك کەسێکی نزیك لە خوداو کە هەمیشە بە ئاسمانەوەیە هەواڵی زیندە بەچاڵەکانی لێ دەپرسن. لەسەر بنەمای بەکەس کردن وێنەکان بەدەر دەکەون. مانگ بەکەس کراوەو وەکو و مرۆڤێك گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن.

"سەرشانۆ"

مانگ هەڵهاتووە، سێ ژنە (قەتێ)ش لە خوارەوە چاویان تێبریوەو وەك ئەوەی چاوەروانی ئەوە بن مانگ قسەیان بۆ بکات:

ژنە قەتێ 1: ئەی هاودەردی ئاسمان! تۆ لە خواوە نزیکتری،
هەواڵێکی تازەی غەریبان؟ مەگەر تۆ شتێك بزانی ئەگینا(386).

ژنی یەکەم روو دەکاتە ئاسمان و داوا لە مانگ دەکات، هەواڵێکیان بداتێ هەتا ئەو کات هەر لە چاوەروانین و هیچ هەواڵێکی خۆشەویستانیان نازانن.

ژنە قەتێ 2:ئەگینا نە با هیچی پێوتین و نە هەور و
نە باڵندەکان(387).

ژنە قەتێی دووەم و دەم و دەست قسەی ژنە قەتێی یەکەم تەواو دەکات، ڕوو دەکاتە مانگ و هەواڵی لێی دەوێ، چونکە نە "با" و نە "هەور" و نە "باڵندە"کان هیچیان پێنەوتووە. ئەم وێنەیە لەسەر شێوازی بە کەس کردن دروست بووە.

ژنە قەتێ 3: ئێمە پڕ پڕین لە خەم و بەڵام چۆڵ و
هۆڵین لە هەواڵ(388).

بەپێی شێوازی بەتەن کردن ئەم وێنەیە دروست بووە تەنێك ئەدات بە خەم هەواڵیش بارستاییەکی نیە تا ناوچەیەك چۆڵ بکات.

مانگ: ببوورن! لەو کاتەدا، ئەو چەند شەوە من لەوێ
نەبووم و چووبوومە سەفەرێ(389).

دەبینین مانگ دێتە گۆو وەڵامیان دەداتەوە ئەمیش هیچ لەم هەواڵە نازانێ، چونکە لە سەفەر بووە. ئەم وێنەیەش بە شێوازی بەکەس کردن دروست بوو.

ژنە قەتێ 1:
هەر کەسیانت نەبینی؟! کچەکەم؟!
پیاوەکەم؟! دوو خوشکم و سێ ئامۆزام و...(390)

ژنە قەتێی یەکەم هەواڵی پیاوەکەی و دوو خوشك و سێ ئامۆزای دەپرسێت. بە شێوازی بەکەس کردن ئەم وێنەیە دروست بووە.

مانگ: ئەو وەختەی گەڕامەوە لە پاشماوەی غوبار و تەپ و
تۆزێکی نزم بەولاوە هیچی ترم نەبینی
بەڵام هێشتا شڵەژان بە زەوییەوە دیار بوو(391)

ژنە قەتێ 2: ئەی دوای ڕەوینەوەی غوبار؟!
مانگ: بە ڕۆیشتنی سێبەرەکەمدا زانیم و هەستمکرد
بە شێکی ئەو بیابانەی خوارێ هەڵەت هەڵەت و
چاڵ و چۆڵیەکی زۆری تێکەوتبوو
بەر لەو سەفەرەم قەت وانەبوو(392)

دەبینن مانگ سەرەداوێك لە ڕووداوەكان دەزانێتو هەندێك لە نهێنییەكان دەدركێنێت. ئاماژە بە هەندێك چاڵ و كەندر دەكات لە بیابانەكان، بۆیە ژنە قەتێی سێهەم دەڵێت:

ژنە قەتێی 3: وەی ڕۆ... وەی ڕۆ...!

ژنە قەتێ 1: هەر هیچ... هیچت نەبینی؟!(393)

ژنە قەتێ یەكەم ئەم پرسیارە دەكات و مانگیش وەڵامی دەداتەوە.

مانگ: بە تەواوی نا!

ژنە قەتێ 2: دەپێمانبڵێ چۆن؟!

مانگ: لە هەندێ سەروو... دەست و قاچ بەولاوە

چیترم نەبینی...

لەوە ئەچوو باش دانەپۆشرا بن...

یان زریانی لمێن...

خۆڵەكەی لەسەر لابردبن...(394)

كاتێ مانگ ئەم هەواڵە جەرگ بڕە ڕادەگەیەنێت ژنە قەتێی یەكەم دەڵێت:

ژنە قەتێی 1: وەی ڕۆ... وەی ڕۆ... وەی ڕۆ...!(395)

ئەمجارەیان ژنە قەتێی سێهەم هەڵدەداتێ و دەڵێت:

ژنە قەتێی 3: ئاخر دەپێمان بڵێ سەرەكان چۆن بوون؟!

قاچەكان چۆن بوون؟... دەستەكان چۆن بوون؟...(396)

مانگ وەڵامی ژنە قەتێی سێهەم دەداتەوە:

مانگ: من سەر و قژێكم بینی پرچێكی زەرد

زەرد لە تریفەی من

جوانتر پرچەكە هۆنرابۆوەو

خۆشی هەر ئەتوت ئەوەندە نابێ نووستووە(397)

مانگ وەسفی ئەو دیمەنە دەكات كە بینیویەتی، سەر و قژێكی بینیوە كە هۆنرابۆوەو كچەكەشی لە شێوەی نووستو بینیوە.

ژنە قەتیٚ 2: وەی ڕۆ... وەی ڕۆ... بەڵام کچەکەی من
پرچی ڕەش و خاوخاو بوو(398)

مانگ وەڵامی ژنەقەتێی دووهەم دەداتەوەو دەڵێت:
مانگ: دەستێکم بینی... پڕ لە بازنی شووشەی زەرد و سوور بوو
ئەتوت لێم ئەپرسی: ئەریٚ بازنەکانم
جوانن؟!(399)

مانگ ئەو دەستەی بینیوە کە بە بن خۆڵ نەکەوتووە، بە بیستنی ئەم هەواڵە جەرگ بڕە ژنە قەتێیەکە دەورووژێت و دەڵێت:
ژنە قەتیٚ 1: وەی ڕۆ... وەی ڕۆ... خۆیەتی ئەگەر
بازنەکەی سوور و سپیو زەردو سەوز
بوون... خۆیەتی ئەوە دەستی ڕاستی کچەکەم بووە
وەی ڕۆ... وەی ڕۆ...(400)

ئەم وێنەیە بە پێی هەستی بینین وەردەگیرێت.
مانگ: نازانم ئەوەی دیم بەم جۆرە بوو
ژنە قەتیٚ 3: ئەی قاچەکان؟
مانگ: دوو قاچیان بیٚ پێڵاو و دوو قاچی تریان جووتیٚ
کالەیان تێدا بوو قەیتانەکانی نەبەسترابوون...
هەروەها دوو قاچی تریش بە کڵاشی دۆمییەوە(401)

مانگ وەسفی ئەو دیمەنانە دەکات کە بینیویەتی، ژنە قەتێی دووهەم هەڵدەداتیٚ و دەڵێت:
ژنە قەتیٚ 2: نا نا... ئەوانە قاچی مێردەکەی من نەبوون
مانگ: من هەر ئەوەندەم دیون!
ژنە قەتیٚ 1: ئەی باشە لە خوای پەروەردگارەوە نزیکی
وەك بزانی ئەو چی لایە؟

ئەو چی ئەڵێ؟!(402)

ئەم پرسیارە لە مانگ دەکات و مانگیش وەڵامی دەداتەوە:
مانگ: نازانم! کێ ئەتوانێ ئەو ببینێ؟! نازانم(403)
ژنە قەتێی سێهەم پرسیار دەکات و دەڵێت:
ژنە قەتێ 3: ئەی باشە پەنا بەرین بۆ کێ؟
نە هەور هیچمان پێ ئەڵێ و نە باو نە تۆ و نە یەزدان(404)

کاتێ ژنە قەتێکان لە وەڵامی ئەم پرسیارانەیان هیچیان دەست ناکەوێت ژنە قەتێی دووەم بە غەمەوە دەڵێت.
ژنە قەتێ 2: وەی ڕۆ... وەی ڕۆ...
لەم تەنیاییە لەم بێکەسییە... وەی ڕۆ!(405)

ژنە قەتێی ڕوو دەکاتە مانگ و دەڵێت:
ژنە قەتێ 1: ئەی هاودەردی ئاسمان... ئەڵێی ئەتەوێ بڕۆی
خۆ جارێ زووە بۆ کوێ؟!(406)

مانگ وەڵامی دەداتەوە دەڵێت:
مانگ: ببوورن سەفەرێکی دوورو درێژم لەبەرەو ئەبێ بڕۆم...
من هەر ئەوەندە ئەزانم
مانگ ئاوا ئەبێت(407)
ژنە قەتێکان بە یەکەوە گۆرانییەکی غەمگین ئەڵێن:
مانگ ترساوە
مانگ گریاوە
مانگ نهێنیی نادرکێنێ
زۆری لایەو کەمی ئەڵێ...
ئەگەر ئەم جارە هاتەوە
لەم شیوەنە... هەورێ ئەکەین بە تکاکار

بچێته لای تا به سەریا بگری بگری
بەشکو ئەوسا
تۆزێ دڵی نەرم ببێ و
شتێکی نوێمان پێبڵێ!(408)

هەر سێ ژنە قەتێیەکان لەوە دڵنیا نین کە مانگ هەموو نهێنییەکانی پێوتبن و هەر لە هەوڵی ئەوەدان شتی تری لێ وەربگرن. ئەم جارەیان هەور ڕادەسپێرن تاکو تکا بکا، بەڵکو مانگ شتی تر و نهێنیی تریان بۆ بدرکێنێت. بەم شێوەیە دەبینین گفتوگۆیەك دروست بووە، لەنێوان سێ ژنە قەتێ و مانگ لەسەر بنەمای درامی. زۆربەی وێنەکانیش لەسەر بنەمای بەکەس کردن و وەسف دروست بوون. ململانێکە لەنێوان ژنەکان و دەوروبەریانە لە کەسان و با و و مانگ و...هتد. کە هەرچی دەپرسن وەڵامی ڕاستیان ناداتەوە. تاوناتاوێکیش ململانێ لەنێوان خۆیان و دەروونیان دروست دەبێت. ئەویش ئەوەیە ژنەکان لەنێو خۆیان و دەروونیاندا ئەو پرسیارانە بەردەوامن ئایا ئازیزەکانیان ماون یان نا. دیارە هەرگیز ئەوەو بەتایبەتی لە گفتگۆیاندا لەگەڵ مانگدا، یەکێك دەڵێت کچی من وانیە، یەکێك دەڵێت پیاوەکەی من نیە. تەنیا بۆ ئەوەیە ئەو ئاواتانەی ناو دڵی خۆیان بێڵنەوە کە خۆشەویستەکانیان ماون و نەمردوون.

# 9 - بنیاتی چیرۆکی
## (Narra tive Structure)

یەکێکە لە پێکهاتەکانی وێنەی گشتی شاعیر چیرۆکێك بە شێوەی شیعری دادەڕێژێتەوە یان خۆی لە چیرۆکێك دەدوێت، لەسەر بنەمای گێڕانەوە بە زمانی شیعر، واتا کەسێکی تر دەتوانێت ئەم شیعرە جارێکی تر بەزمانی پەخشان بکاتەوە چیرۆك، کەواتە ئەم بنەمایە تەنها زمانی نووسینەکە دەیخاتە قاڵبی شیعرەوە، چونکە ڕووداو گێڕانەوەکان چیرۆکن، بەڵام زمانی مەجاز تانوو پۆی کردووە.((هونەری قەسیدە گرنگی دەدات بە پیتاندن و (تلقیح) و تەفاعول، لەگەڵ دراوسێ هونەرەکانی تری بەردەوام بوون و ڕزگاربوون لە شێوەیەکی جێگیر

و چوارچێوەی دروست کراو، لەم حاڵەتەدا پەنجەرەیەکی نوێ دەکەینەوە بۆ گوزارشت ))(409)کردن لەمە شاعیر و ئیلهامەکانی، شاعیر نەفەسی درێژ دەکاتەوە و قەسیدەش بەرەو لوتکە دەکشێت و جۆرەها وێنەی تاکو لێکدراو لەخۆی دەگرێت.

پێکهاتەی چیرۆکی وێنەی ململانێی دەروونیەکان دەگرێت و بۆ چارەسەرکردنی بابەتێك بە خەیاڵێکی نوێ، لەسەر بنەمای گێڕانەوە و گفتوگۆ بە ناوەرۆکێکی چیرۆك ئامێز، شاعیر لەشیعری (لە دارستانێکدا) دەڵێت:

تاریك داهات، شێرێ لە لانەکەی خۆیدا
بیری کردەوە .. چۆن سبەی
پەلاماری پڵنگەکەی هاوسێی بدا؟
پڵنگەکەش بیری ئەکردەوەکە چۆن،
بەیانیی ڕێوی بگرێ و کەوڵی بکات؟
ڕێویش بیری ئەکردەوە
چۆن بگاتە هێلانەی ئەو کونە شاخە و
زەرنەقووتەی کۆتر بخوا
کۆتریش بیری کردەوە
چۆن ئەتوانێ؟!
ڕاوچی و
باڵندە و
ئاژەڵی
ناو دارستان هەموو یەك خا؟!
چۆن ئەتوانێ؟! (410)

ئەم جۆرە دەربڕینە شێوە چیرۆکە و ڕووداوەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و لە شێوەی گێڕانەوەیدا باس لەوە دەکات کەشێرێ بیر لەوە دەکاتەوە پەلاماری دڕەندەیەکی لەخۆی بچووکتر بدات بیرکردنەوەی (پڵنگ) یش ئەوەیە ئەمیش نێچیرێکی لەخۆی بێدەسەڵات تر و بچوکتر بگرێت کە(ڕێوی) یە ڕێویش بیری لە بەچکە زەرنەقوتەی باڵندەو چۆلەکەیە تەنها کۆتر بیر لە خواردن و ئازاردانی باڵندە و ئاژەڵانیتر ناکات و تەنها ئەو بیر لە ڕێکخستنی ڕاوچی و باڵندە و ئاژەڵ و دڕندەکان دەکاتەوە، بەڵام چۆن بتوانێ، جگە لەوەی شێوەیەکی

چیرۆکی هەیە لە رووی شێوازیشەوە وێنەی گشتییە و دووبارەبوونەوەی هەرەمیە وێنەکە بە شێوەیەکی گشتی نیشاندانی بەخشندەیی و درندەیی و بێدەسەلاتی بە دەسەلاتەکان لە سەر خوار خۆی هەر یەکە دەیەوێت ئەوەی لە خۆی بێ هێزترە بیخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی بە ئارەزووی خۆی بیباتە رێوە، تەنیا کەسانێك نەبێت کە لە شێوەی کۆتر ئاشتی خوازن و دەیانەوێت خەڵك یەکخەن و ئاشتی بەرپا بکەن.

لە وێنەیەکیتردا ئەم دیمەنە دەردەخات و دەڵێت:

لەو شاخە
شوانەی دێ
هەر لەسەر سەوزەگیای بەرکەوێن
فەرەنجی لەولاوە کەوتوەو
گۆچانی لەولاوە شەکەتە و ماندووە
شمشاڵی لەولاوە نووستووە
خەریکی مەمکۆڵەی بێرییەو
لەگوند و لەدنیا و لەخودایش بێخەبەر
مێگەلی بەرەڵایش
چونەتە سەرجادە و
ئوتومبیل چەند سەری شێلاوە و
شوانەش هەر
لەسەرێ
خەریکی مەمکۆڵەی بێرییە!(411)

شاعیر لەسەر بنەمای چیرۆك و گێرانەوە ئەم شیعرەی نووسیووە باسی ئەو شوانە دەکات، کە فەرەنجییەکەی لەلایەك کەوتووە و گۆچانەکەی لەلایەکی تر توردراوە و شمشاڵیشی لەلایەکی تر فرێدراوە لەسەر سەوزەگیای مێرگ خەریکی عەیش و نۆش و ماچ و موچە لەگەڵ بێریدا، ئاگای لەگوند و لەدونیا و دەور و بەر نەماوە، هەر خەریکی دەست گەمەیە لەگەڵ بێریدا، مێگەلیش بەرەڵابووە و پەرت و پەخشان بووین بە و دەشتەو هەندێکیش چونەتە سەر جادە و ئۆتۆمبیل چەند دانەیەکی هەڵشێلاوە و کاکەی (شوان)یش ئاگای لەمانە نەماوەو

ئەم جۆرە بیرۆكانە شێوازی چیرۆك و گێڕانەوەیە، بەڵام زمانی مەجاز تانو پۆیەتی، لەگوتەی (گۆچانی شەكەت) وێنەی بەكەس كراوە وەك چۆن مرۆڤێك زۆر ماندو و شەكەت بووبێ و لە شوێنێك خۆی بەزەوی دادابێت، لەگوتەی (شمشاڵ لەو لاوەنووستووە) بە شێوازی بەكەس كردن دروست بووە، هەرچەندە نووستن تەنها تایبەت نییە بەمرۆڤ، بەڵكو بوونەوەری تریش دەگرێتەوە.

## 10 ـ بنیاتی رۆمانی (گۆڕستانی چڕاكان) وەكو نمونە:

ئەزموونەكانی شیعر نووسینی شێركۆ بێكەس بە چەندان قۆناغدا رۆیشتوون و پەرەیان سەندووە (لە كاوەی ئاسنگەر)ە وە كە شانۆ نامەیەكی شیعرییە رووی كردۆتە نووسینی قەسیدەی درێژو، ئاسك ئەمیش شانۆنامەیەكی شیعرییە، دوو سرودی كێوی (1980) نووسراوە (رووبار) چیرۆكە شیعری لە ساڵی(1983)نووسراوە، لەدوای ئەمانەشەوە لە رووی نووسینی قەسیدەی درێژ هەر لە برەو دابووە لەوانە(داستانی هەڵۆی سوور) (تەمتومان) و (دەربەندی پەپوولە) و (خاچ و مار و رۆژ ژمێری شاعیرێك) ، (بۆننامە) كە قەسیدەیەكی درێژە (چراكانی سەر هەڵەموت) (رەنگدان) (سرودە بەردینەكان) (كورسی) (كتێبی ملوانكە) ..... هتد ئەمانە زۆربەیان چیرۆكی درێژ و رۆمانن یان دەقێكی كراوەن پێكهاتوون لە وتەی ئەدەبی و شیعر و پەخشان، بەڵام لە بری هەموو ئەمانە ئێمە ئارەزوومان كرد لێكدانەوە بۆ رۆمانە شیعری (گۆرستانی چراكان) بكەین لەرووی وێنەی هونەرییەوە چەند كۆپلەیەكی لێكۆڵ بژێر بكەین و بە شێوەیەكی گشتی وێنەكان بخەینە روو گۆرستانی چراكان هەر تەواو رۆمانێكە، و بەڵام زمانی مەجاز تانو پۆیەتی، ئەم رۆمانە شیعرە باس لە رووداوە جەرگ برەكەی ئەنفالە بەد ناوەكەی ساڵی (1988) دەكات كە بەسەر میللەتی كوردی خێر نەدیوو داهاتووە شاعیر بە نەفەسێكی درێژ و بەبەهرەیەكی فراوانەوە ئەم شاكارە بەرزەی نووسیووە، لە رووی شیعری درێژەوە من پێم وایە بەیەكەم دەقی شیعری دەژمێردرێت لەرووی فراوانی و هەمەلایەنی كە باسی ئەنفالی كوردان بكات راستە زۆر رۆمان و چیرۆك لە سەر ئەم رووداوە جەرگ برە نووسراوە بەسەرهاتی هەریەك لە ئەنفال كراوەكان خۆی رۆمانێكە، هەڵبەتە لەناو ژانرەكانی ئەدەب وەك شیعر زۆر كورتە شیعر نووسراوە دیمەنێكی بچوكی

ئەم هۆڵۆکۆستە خراوەتە ڕوو ئەمەی شێرکۆ بێکەس جیا لەوان وەك دەقێکی شیعری فراوان خۆی نیشان دەدات، کاتێك ئەم ڕۆمانە شیعرە دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەی شێرکۆ بێکەس لەکاتی ڕووداوەکانی ئەنفال کامیرایەکی لە سەر شان داناوە و پێ بە پێ هەموو ڕووداوەکانی تۆمار کردووە. کاتێکیش کە دەیخوێنیتەوە، وا هەست دەکەین فلیمێکی سینەماییە و یەك بە یەك ڕووداوەکانت نیشان دەدات، بەڵام کامیرا چ کامیرا کامیرایەك جگە لەوەی وێنە هەستیەکانت بۆ دەگرێت ئەوانەی بەرهەستی (بینین و بیستن و بۆنکردن و چەشتن و دەست لێدان ) دەکەون، وێنەی نا هەستی و ژیریت نیشان دەدات ئەمە تەنها کامیرا ئەفسانەیەکەی شیعرە و ئەمە تەنها کامیرا زووم تیژەکەی شێرکۆ بێکەسە کە وێنەی دوور دوورت بۆ دەهێنێتە بەرچاو وێنەی بن زەوی و ئاسمان و ناو مانگ و ئەستێرەکانیشت نیشان دەدات وێنە سەرابیەکانت بۆ ڕەنگا و ڕەنگ دەکات و کامیرایەك بەتەواوی گوند و کوچە و قاقڕ و بیابان و پێدەشت و درز و کەلەبەر و چاڵ و چۆڵ و ژێرزەمینەکان دادەگەرێت، کامیرایەك وێنەی دڵ دەگرێت و وێنەی ناسۆر و وێنەی خەم و وێنەی مەرگ و وێنەی هەناسە و وێنەی ئاخ و وێنەی زریکە و قریشکە و قرمە و هاوار و تەپووتۆز و غوبار و ڕۆحی فریو و هەناسەی شین و مۆر و ئازار و فرمێسك و زیلی عەسکەری و شۆفەڵ و ریزە چاڵ و ....هتد یەك بە یەك ئەم وێنانە دەگرێت. ئەو مەرگەساتەی بەسەر میللەتی کورد داهاتووە هەوێنی دەیان ڕۆمان و شیعر و چیرۆکن کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران کارەساتێکی جەرگ بڕن بەسەر میللەتی کورد داهاتوون لە زۆر ڕووەوە دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لەم کارەساتانە بکرێت بەرهەمیان لەسەر بنووسرێت، لەڕووی مێژووی و جوگرافی و دەروونی و ئەدەبی ...... هتد لە هەموو لایەنێك دەتوانین شت لەسەر ئەم هۆڵۆکۆستە بنووسرێت، لە(گۆرستانی چراکان) یش دەتوانرێت لە زۆر ڕووەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت لەوانە لەڕووی ئاینییەوە لەڕووی مێژووییەوە لەڕووی دەروونییەوە لەڕووی مۆسیقای شیعرییەوە لەڕووی زمانەوە .... هتد، بەڵام ئێمە تەنها لایەنی وێنەمان وەرگرتووە و دەقەکان شی دەکەینەوە و وێنەکان دیاری دەکەین، ئەم ڕۆمانە شیعرە شێوازی دروست بوونی لەسەر بنەمای وێنەی گشتی دروست بووە وێنەی واژۆیشی لەخۆی گرتووە، لە ناوەڕۆکەکەیدا کە وێنەی واژۆیی یەکێکە لە پێکهاتەکانی وێنەی شیعری، وێنە تاك و وێنە لێکدراوەکان بەزۆربەی لق و پۆپو و شێوەکانی لەخۆ گرتووە، شاعیر لە کۆپلەی یەکەمەوە شپرزەی خۆی نیشان دەدات و بەم وێنەیە دەست پێدەکات:

بە بەرگی تازەی شیعرەوە
بەرگێ .. لەوردە پوولەکەی ئەسرین

با بریسکەیبێ مەراق و
بدرەوشێتەوە ئاخ و داخ!
بەرگێ .. لە شەماڵی وەنەوشەیی شەفاف
لەمدیوەوە با هەناوی کزە کانی هەموو دیاربێ
بەرگێ لە پەلکە گیای غەمگین
وەختێ کە فەسڵی دابڕان
بە ئەسپایی ئەیکاتە بەر ئێوارانی عاشقان و
بە باڵای سەفەری غەریبان!
بە جلی تازەی شیعرەوە
ئەو جلانەی کە خەیاتە باریکە لەکەی خەیاڵی خۆم
لە ژوورە نسرمەکانی تەنیایی و تەریکیدا
هێور هێور لەبەر فانۆزێکی هیلاك
بۆی بڕیم و بە تەقەڵی وردە هەنیسکی شەوانە
بۆشی درووم ! (412)

شاعیر بۆ ئەم کارەساتە جەرگ بڕە و گەورەیە چەند بەرگێکی تازە بۆ شیعر دەدروێت جیا لە بەرگی بەسەر هاتی تر بەرگێك لە وردە پوولەکەی فرمێسك ئەم بەرگەش بەرگێکە سەراپا خوێن و مەینەتی و مەراق و ئازاری تیا دەبریسکێتەوە. بەردەوام ژان و غەمەکان دەسورێن و ئەم جارەیان بەرگێك دروست دەکات، لە شەماڵی وەنەوشەیی شەفاف، بۆ ئەوەی ئازار و مەینەتیەکان هەموو بەرچاو بن، غەمەکان بەروونی دیاربن بەرگێکی تر لە پەلکە گیای غەمگین بەجلی تازەی شیعرەوە بەرگێکی تر بۆ شیعرەکانی دەدورێت.

وێنەکانی ئەم کۆپلەیە:- لەم کۆپلەیەدا (شیعر) بە کەس کراوە و بەرگی بۆ دوراوە و لەبەری کراوە. لە گوتەی (با بریسکەیبێ مەراق و بدرەوشێتەوە ئاخ و داخ!) لە دوو وێنە پێکهاتووە و بە شێوازی بەتەن کردن دروست کراون و (درەوشانەوە و) (بریسکە) بە هەستی بینین وەردەگیرێت. لەگوتەی (پەلکە گیای غەمگین) وێنەیەکە لەسەر شێوازی بەکەس کردن دروست کراوە. لە گوتەی (ئەو جلانەی کە خەیاتە باریکەلەکەی خەیاڵی خۆم ...) بە کەس کردن هەیە، وردە هەنیسکی شەوانیشی بە دروومان چواندووە کەلەکاتی دەرزی کوتان و دوورماندا ئەو دەنگ و چەقە چەقەی لێیدێ بەو هەنیسکانەی چواندووە کە هەناسە سوار

دەکەن و خرتە و چپەیان لێدێت. لە دوای ئەوە شاعیر بەرگێك بەم هەموو ئازار و مەینەتیانە دروست دەکات، بەڵام بۆ سۆراخ کردنیش نازانێت ڕوو لە کوێ بکات ڕوو لەکام لا بکات نازانێت بەوێنەی کیژۆڵەیەکی قوتاربووی ئەوسای ئەنفالەکان بڕوات سەفەێك بە پێیپەتی غەمان سەفەرێ بەسواری سەراب و دووکەڵ، وەك سەفەری باڵندەیەکی بەچکە لێونبووی بێ ناونیشان و بێ شوێن پێ ئەڕوات و جارێك خۆی دەکا بە سەمەندەر بە جل و بەرگی مۆسیقاوە سەفەرێکی شین و مۆری لەبەرە بەدوای ئێسك و پروسکی ئەنفال کراوەکان دادەگەڕێ ژنێك دەبێتە دەلیلی بەناوی (کاڵێ) کەتا کۆتای ڕۆمانەکە چەند جارێك لەگەڵی دادەگەڕێت، (کاڵێ) ژنێکە خەڵکی (زینانە) یەو لە هەزاران هەزار گوڵ و شەنگە بێری و ئەسپی پیر و جوانووی شاخ لە کەروێشك و لە سمۆرە لە هەمو ئەوانە کە هەموویان ڕەمزن بۆ مرۆڤ بۆ تەمەنەکانی مرۆڤ (کاڵێ) و سێ چوارێکی تر گەڕاونەتەوە.

شاعیر لەم کۆپلەیە دادەڵێت:

لە هەر شوێنێ بۆنی گومان و ترس و لەرز
بۆنی زیکە و ناوی خوا
لەگەڵ خۆڵدا تێکەڵ بووبێ
ڕووی تێ ئەکەم!
بە ڕێگەکانی دووکەڵدا
سەفەرێکی خۆڵەمێشی
بە دەشت و دەری هاواردا
سەفەرێکی وەیشوومەیی(413)

شاعیر شپرزەیە و دەروونی شێواوە نازانێت ڕوو لەکوێ بکات لەکوێ چارەنووسێکیان بدۆزێتەوە، ڕوو بکاتە کوێ، ناچارە ڕوو بکاتە هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆنی گومان و ترس و بۆنی زریکە کە تێکەڵ بەخۆڵ بووە بەکام ڕێگا دەگاتە ئەم شوێنە بە ڕێگاکانی دووکەڵ نەبێت، سەفەرێکی پڕ مەینەت و سەفەرێکی وەیشوومەیی پڕ مەرگەسات و ناخۆشی. لە گوتەی (بۆنی زریکە) وێنەیەکە لەسەر شێوازی هەست گۆڕکێ دروست بووە، گۆڕینەوەی هەستی بیستن بە هەستی بۆن کردن .(سەفەرێکی خۆڵە مێشی) وێنەیەکی بەتەن کردنە بەر هەستی بینین دەکەوێت. لە گوتەی (بە دەشت ودەری هاواردا) وێنەکە بە شێوازی بەتەن کردن دروست کراوە. کاڵێ وەك دەلیلێك ڕێ نیشاندەری شاعیرە و شاعیر لە ڕۆیشتن بەردەوام

دەبێت و تا لە وەسفی زیندە بەچاڵەکاندا دەڵێت:

ئاپوورەی (مانگ) ی نووستوو بوون
خەرمانەتان تۆز و خۆڵ
لە پەو روویان لەسەر پشت پاڵکەوتوو
چاڵی چاو و ، کاسە سەر و ، کونی لووت و
ناو دەمیش .. ماڵی تازە
بۆ دوپشکی بیابان
دەست بگرە بەپرچمەوە
یان بەلکی درێژی خەممەوە
یان بە دووکەڵی دەنگمەوە
شوێنم کەوە(414)

شاعیر وێنەیەکی وردی ئێسك و پروسکی ئەنفال کراوەکانمان پیشان دەدات، وا هەست دەکەی خۆت وا لەدیار چاڵەکان راوەستاوی و دیمەنەکان دەبینی، (کاڵێ)ش ئەو ژنەیە کە لە هەندێك شوێن رێ پیشاندەرەو شا کەسی رۆمانەکەیە. لە گوتەی (دەست بگرە بە لکی درێژی غەممەوە) بەتەن کردن هەیە، لەگوتەی (دووکەڵی دەنگمەوە) شێوازی هەست گۆرکێ هەیە شێوازەکەش گۆرینی بیستن بە (بینین)ە. شاعیر رۆدەچێتە نێو دەروونی و بە وێنەی مەلێکی بریندار باڵ لە برینی خۆی وەردەدات و پر بە دونیا دەقریشکێنێ (تۆبزاوە تۆبزاوە یەکەم هاوینە هەواری خێڵی مردن) وەسفی ئەو کۆمەڵە زیلە دەکات کە چۆن ئەو هەموو خەڵکە بێ تاوانەیان گواستەوە و لە وەسفی ئەو ئەفسەر و بەرپرس و قائیدانەی بەو کارە هەڵساون دەڵێت:

کۆمەڵێ پیاو لە ترومی هێلکەی پیس و
لە نەژادی بەربەریەکان!
کۆمەڵێ پیاو هەمووی لە قوری ئەمەوی
کۆمەڵێ سەر هەموو لە دوورگەی تاریکی
کۆمەڵێ دەس، هەموو لە شمشێری حەجاج
کۆمەڵێ رەنگ، هەموو لە رەنگی ئافات و
کۆمەڵێ دەنگ هەموو لە دەنگی نەهات و

کۆمەڵێ بۆن هەموو لە بۆنی شانزەی سێ و
پەیامێکی مەنجەنیقی و
پەیامێکی بێ پرسیار و
مێژوویەکیش لە منارەی کەللە سەر و
سەروەریەك: لە جۆگە خوێنی ئەبەدیی(415)

وێنەکان لەسەر بنەمای وەسف کردن دروست کراون، وەسفی ئەو تاوانبارانە دەکات کە لە نەژادی هێلکەی پیس و لە نەژادی بەربەری و وەحشی دروست بووین کۆمەڵێ پیاو هەمووی لە قوری ئەمەوی گەرانەوەیە بۆ مێژووی خوێناوی ئەمەویەکان، شمشێری (حەجاج) شمشێرێکی خوێناویە (بۆنی شانزەی سێ) ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەیە. شاعیر ڕووی کامێراکەی دەسوڕێنێت و وێنەیەکی غەمباری ئەم کارەساتە گەورەیە دەگرێ و وەسفی چەند ژنێکی سەر و قژ بژ و بێ تاقەت و هێز و برست لێبراو کە وەك پەرەسێلکە نزاو پارانەوە دەکەن کۆمەڵێك ژن وەك گەڵای پایزی هەڵوەریوو ژنێکیشیان ژانی گرتووە وا خەریکە منالێکی ببێت، منالێکی بوو بەقەد پەپوولەیەك ژیاو مرد، یاخود منالێك کە لەناو ئاودەست دابوو تەنها چارەگە سەعاتێك ژیاو، ئەمە دیمەنێکی بچکۆڵەیە لە نێو هەزاران دیمەنی جەرگ بڕ ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشێت:

وەختێ هاتم هەر لە ڕێوە
من بەزەییم فڕێدایە چاڵێکەوە و
هەتا نەمرد بەجێم نەهێشت
هەر لە ڕێوە من فرمێسکم
لەم چاوانەم قەدەغەکرد
هەتا نەمکوشت
بەجێم نەهێشت(416)

ئەم کۆپلەیە دوو وێنەی تێدایە لەگوتەی (من بەزەییم فڕێدایە چاڵێکەوە) وێنەیەکی بەتەن کراوە، لەگوتەی (کوشتنی فرمێسك) لەسەر بنیاتی بەرجەستەکردن دروست کراوە.

شێرکۆ بێکەس چەند شیعرێکی واژۆیی دەخاتە نێو ئەم ڕۆمانە شیعرە کە لە بیست و حەوت شیعر پێکهاتووە هەر شیعرەش دیمەنێکی غەمناکی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە دەگێڕێتەوە،

بەڵام لێرە چیرۆکێك دروست دەکات بۆ نووسینی ئەم بیست و حەوت پۆستەرە شیعرە و دەڵێت ((لە هاوینی 1989 داو لە ژێر زەمینی ماڵێکی شاری سلێمانیدا شاعیرێکی گەنج. سەربازی فیرار، خەریکی نووسینی کۆمەڵێك لەو قیژە و زریکە پەرت پەرت و خۆڵاویانە بوو کە لە سەحرای عەرەبستانەوە هاتبوون و دوای ساڵێك گەیشتبوونە ژێر زەمینەکەی ئەم. بەداخەوە ئێمە لەو هەموو هەناسە و قیژە و زیکە و وێنە و ئاوێنە ورد و خاشانە، ئەم چەند نموونەیەمان دەسکەوت))ئەو زریکە و قیژە پەرت پەرتانەش (بیست و حەوت) کورتە شیعرن ئێمە چەند دانەیەکیان وەردەگرین وێنەکان دەردێنین.

یەکەم:
لەو بیابانەی خوارەوە
لە هەرجێیەك هێڵەگێ خۆڵ
ببێژنەوە
لەسەر کۆزەری هێڵەگدا
ئەبێ هەر وردە نینۆکی پەنجەیەك و
یان وردە ئێسکی لۆلاقی
کوردێکی تیا بدۆزنەوە(417)

ئەمە جگە لەوەی کە تەواوکەری ڕۆمانە شیعرەکەیە، بەڵام سەربەخۆش شیعرێکی واژۆییە و مانایەکی جوان و پراو پڕی هەیە، و پێشاندانی ئەم هەموو کوردە کوژراوەیە کە لە بیابانی خوار و هەمووی ئێسکی لۆلاق و وردە نینۆکو کەللە سەر و ئێسکو پلوسکی ئەنفالکراوەکانە، لەسەر شێوازی وەسف کردن وێنەکە دروست بووە.

سێ یەم:- لە کۆپلەیەکی شیعری سێیەمیش دادەڵێت:
من دڵنیام ئەگەر غەدرمان لێنەکرێ
نۆبڵی خوا
لە خەلاتی مەرگەسات و بێ کەسیدا
هەر ئەم کوردە وەری ئەگرێ(418)

ئەو مەرگەسات و مەینەتیانەی بە درێژایی مێژوو بەسەر میللەتی کورد داهاتووە بەسەر هیچ نەتەوەیەکی جیهاندا نەهاتووە تەنانەت ئێستاش سەرانسەر میللەتانی جیهان ئازادن و خاوەن دەوڵەتن کەچی میللەتی کورد هەر ژێر چەپۆك و چەوساوەیە، دیارە خەلاتی نۆبڵ

دەدرێت بەو کەسانەی کە شاکاری بەرزیان هەیە و داهێنانێکیان کردووە، شاعیر دەڵێت بێت و رۆژی بیانەوێت ئەو خەڵاتە بدەن بە چەوساوەترین میللەت ئەگەر غەدرمان لێنەکرێت، دەبێ ئەم خەڵاتی غەدر و مەرگەساتە بۆ میللەتی کوردبێت.

حەڤدەهەم:
لەم ساڵەدا
سەگی بیابانی خواروو
گورگی بیابانی خواروو
بەتازەیی
ئەوەندە کوردیان خوارد بوو
خۆیان لە کۆنە بەرماوەی
قەل و داڵ و
لەلاکی تۆپیو لائەدا
لەو ساڵەدا!(419)

ئەمەش یەکێکە لە دیمەنە واقیعیەکانی ساڵی (1988) لە دەوروبەری سجنەکانی نوگرە سەلمان بە دەیان لاشە دەرخواردی سەگ دەدرا شاعیر وێنەی کێشاوە لەسەر شێوازی وەسف کردن.

بیست و شەش:
یەکەم شەو بوو
لە ناو لمی عەرعەرەوە
دەستێك هاتبووە دەرەوە
هێشتا بازن لەمەچەکدا زەرەی ئەهات
هێشتا خەنە لەناو دەستیا پێئەکەنی
موستیلەیەك لەقامکدا ئەیجریوان(420)

ئەمەش دیمەنێکی تر بوو لە دیمەنە غەمناکەکان وێنەیەکی وەسفییە بە هەستی بیستن و بینین وەردەگیرێت. لەگوتەی (خەنە لەناو دەستا پێئەکەنێ) بەکەس کردن هەیە. لەگوتەی

(موستیلەیەك لەقامكدا ئەیجریوان)(421) وێنەی بەرجەستەكردنە جریوە تایبەتە بە باڵندە و چۆلەكە لێرەش ڕۆح و جەستەی بە موستیلەكە داوە.

بیست و حەوت:- ئەمەش دوا وتەو شیعری ئەم شاعیرە فیرارەی ژێر زەمینەكەیە، دوا وتەی خۆی دەكات و چەند مەینەتیەكی تر دەگێڕێتەوە.

ئینجا شاعیر دووبارە دەست دەكات بە گێڕانەوەی ئازار و مەینەتیەكانی خۆیو و دەست دەگرێت بەپرچی (كاڵێ)وە كاڵێ ئەو ژنەی كە وەك دەلیل و شایەت حاڵ شاعیر، لەگەڵ خۆی دەبات جارێك بەسواری تراویلكە و جارێكیش بەسواری ئەسپی دووكەڵ بەنێو سەحراو قاقڕ و شوێنەكاندا دەیگێڕێت بەناو خەیاڵێكی شین دا ئەفڕێت و (كاڵێ)ش لەسەر گێڕانەوەی ئەم ڕۆژی حەشرە بەردەوام دەبێت و چیرۆك و بەسەرهاتی زۆر دڵ تەزێن دەگێڕێتەوە، شاعیر بە فلاش باك بەرە و یادەوەریەكانی دەچێت و مامە ڕیشە دێتەوە یادی و ڕۆدەچێتە نێو بیرەوەریەكانی و لەباسی شەهید مامە ڕیشەدا دەڵێت:

لەو دەوروبەری لەیلانە بانگی شێوان
مامە ڕیشەیان بینیوە هاتۆتەوە
ئەستێرەیەكی بچوك لە سینگیا شەلاڵ
بەجریوەی سوور
لەسەر دەفەی هەردووشانی گوڵە كێویلە ڕواوە و
ناو كاكۆڵی پڕ پەپوولە و
لەناو ڕیشیا گوڵ ئەستێرە تروكاوە!
بینویانە هاتۆتەوە ..
ئاخر خۆ دەربەند باسەرە و داری قۆپی و
كەوەكانی ناوچەی شوان و
دەشتی حەمك درۆ ناكەن!
بینویانە هاتۆتەوە هەر لەڕێوە
لایداوەتە ((تەنگی سەر)) و
ژێر كەپرە كەسكەكەی "ئارام"
لەوێشەوە چەند بولبلێ دەلیلی بوون
وەرچەرخاوە و سەری داو لە باغچەكەی
" عەلی مەردان "(422)

وێنەکە لەسەر بنەمای وەسف دروست بووە و چەند وێنەیەکی تریشی لەئامێزگرتووە لەگوتەی (ئەستێرەیەکی بچووك لەسینگیا شـەلاڵ) خواستن هەیە ئەستێرە بۆ دڵ خواستراوە، لەگوتەی (بەجریوەی سوور) وێنەیەکە بەشێوازی هەست گۆرکێ دروست کراوە گۆرینەوەی هەستی بیستن بە بینینە. لەگوتەی (دەربەند باسەروو داری قۆپی درۆ ناکەن، دەشتی حەمك و) ئەم وێنەنانە لەسەر شێوازی بەکەس کردن دروست بووین، لەگەڵ تێکهەڵکێشانی ئەم وێنانەش بەلاّم لەسەر ئاستی وێنەکە بەشێوازی وەسف کردن دروست کراوە.

لە وێنەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

نوگرە سەلمان!
ئافاتێکی قەڵا قەڵا، دوپشکێکی گەورە گەورەی
کۆنکرێتی
ئەشکەنجەیەکی درێژ و
کڵپەیەکی بازنەیی(423)

شاعیر نوگرە سەلمان بە ئافاتێکی بڵند و دڵ تەزێن وەسف دەکات بە دوپشکێکی گەورەی ژەهراوی بە ئەشکەنجەیەکی درێژ و کڵپەیەکی بازنەیی ئەم کڵپە بازنەیەش هەرکەسێك بکەوێتە ناوی رزگاری نابێت و هەڵدەپروکێت و دەسوتێت. لەگوتەی (ئافاتێکی قەڵا قەڵا) بەتەن کردن هەیە، نوگرە سەلمانیش لێچووە دووپشکی کۆنکرێتی لەوچووە. لەگوتەی (ئەشکەنجەیەکی درێژ) وێنەی بەتەن کردن هەیە. دوای ئەوە چەند دیمەنێکی غەمناکی تر وێنە دەکێشێت لەسەر شێوازی بەکەس کردن سەحرا دەدوێنێ سەحرا شەرمەزاری خۆی پیشان دەدات، بەردی دیواری نوگرە سەلمان شەرمەزاری خۆی پیشان دەدات کە نەکراوە بە دیواری مەکتەبێ یان کتێبخانەیەك، ژەکە ئاوی بەرمیلیش شەرمەزاری خۆی پیشان دەدات کە دوای سوتان و ژەنگ هەڵهێنانی ئەم کوردە لێقەومانانە دەیخۆنەوە، تا دەگاتە ئەوەی شاعیر دەڵێت:-

من زیگاری
ناو رەنگێکم
ژانی تیا ئەزرینگێتەوە

بەدیار چییەوە کروشکەم کردووە؟!
دەوەنی سوتاوم و لە خۆم ئەپرسم و
بێدەنگیی وەڵامێکی خنکاوم ئەداتەوە(424)

لە دوو وێنە پێکهاتووە یەکەم شێوازی هەست گۆڕێ و دووەمیان شێوازی (بەکەس کردن)ە
وێنەیەکی دەروونیشە و شاعیر بەرەو ناخی خۆی ڕۆدەچێت و لەگوتەی (کروشکەم کردووە، سوتام، لەخۆم ئەپرسم، خنکاوم ... ) بەدەردەکەوێت بەبەکارهێنانی ڕاناوی (م) بۆ کەسی یەکەمی تاك و خودی شاعیر دەگرێتەوە. شاعیر کامیراکەی بەهەموو لایەك دەسوڕێنێ بەبەردەوامی وێنەکانی ئەم هۆڵۆکۆستە دەگرێت و دیسانەوە (کاڵێ) لە بیرناکات و هاودەمی خەمەکانیتی و ناوی دەهێنێتەوەو.
دەڵێت:
ئێرە پڕ پڕە لە سەما و لە باڵێت و
لە هەڵفڕینی گۆرانی و
لە نیشتنەوەی کۆتری ماچ و
کەچی من هێشتا هەر لاڵم!
ئاخر چیبکەم!
من قافڵەی بەرەو خوار و
(( کاڵێ ))م تیایە!(425)

لەگوتەی (هەڵفڕینی گۆرانی) شێوازی هەست گۆرکێ هەیە گۆڕینی هەستی بیستن بە بینین بەدی دەکرێت .لەگوتەی (لە نیشتنەوەی کۆتری ماچ) بەرجەستەکردن هەیە، ئەم جارەیان شاعیر دیسان باس لەو شاعیرە دەکات کە کاتی خۆی لە ژێر زەمین چەند زریکە و وێنەی پەرت پەرتی گوتووە و کە لە بیست و حەوت شیعری واژۆیی باسیان دەکات، بەڵام ئەمجارەیان دەڵێت: ((دوانزە ساڵ بوو، شاعیرەکە، لە ژێر زەمینەکە هاتبووە دەرێ. دوانزە ساڵ بوو لەبەر هەتاودا شیعری ئەنووسی، بەڵام هێشتا هەوای ژەهراوی لە بەغدا حوکمدار بوو. تا ئەو ڕۆژەی مێژووی بەربەریەکان بومەلەرزەیەکی گەورە لێدا و قحطان و عەدنان و دەحام تەفر و توونا بوون. یەك لە دوای یەك گۆڕستانی چراکان ئەدۆزنەوە.

لەگەڵ هەڵدانەوەی چوارەم گۆڕستاندا شاعیرەکە چوار شیعری لەسەر باڵای پیرە مەگرون نووسی))(426)

یەکەم شیعر:

گومان . گومان . گومان ئەکەم
ناتوانن بیاندۆزنەوە
هەر هەموویان نادۆزنەوە
ئەو هەموو مانگی ژێر خۆڵە و
ئەو هەموو خۆری ژێر گڵە و
ئەو هەموو ئێسك و پلوسکی گۆرانیانە و
ئەو هەموو ڕەشە ڕێحانەی گەرمیانە و
ئەو هەموو قاسپەی بەفرانە و
یەك بە یەکی ئەو هەموو ئاسکە ونبووانە
گومان . گومان ئەکەم
ناتوانن بیاندۆزنەوە
هەر هەموویان نادۆزنەوە
ئەم حەففارانە بچوکن
ئەم حەففارانە ئەترسن،
ئێوە بڕۆن لە عەمباری
لە حەفارەی ئەو دنیاوە
کە بۆ هەڵکەندنی دۆزەخ دانراون
ئا لەویەوە
ئێوە حەففارەی خوا بێنن
حەففارەیەك بەیەك کەرەت
لە زاخۆوە هەتاکو فاو
سەری عێراق هەڵباتەوە!(427)

بەشێوازی وەسف وێنەکان دەردەبرێت شاعیر بەگومانە و لەوەی کە تەنها ئەو سێ چوار چاڵ هەبن، بەڵکو گەلێ زۆرترن، داوا دەکات لە عەمباری حەففارەی ئەو دونیاوە چاڵ هەڵکەنێك بێنن لە زاخۆوە هەتاکو فاو هەڵداتەوە، ئینجا دەگەینە ئەو ڕاستیە و بەتەواوی

دەزانین ژمارەی زیندە بەچاڵەکان چەندن. وێنەکانی ئەم کۆپلەیە لە گوتەی (ئەو هەموو مانگی ژێر خۆڵە و ئەو هەموو خۆری ژێر گڵە) خواستن هەیە مانگ و خۆر خواستراون بۆ مرۆڤەکان، لەگوتەی (ئەو هەموو ئێسك و پلوسکی گۆرانیانە) وێنەی هەست گۆرکێ هەیە ئێسکو پلوسك بەچاو دەبینرێت، بەڵام بەم جۆرە دەربڕینە بە هەستی بیستن وێنەکە وەردەگیرێت، لەگوتەی (ئەو هەموو ڕەشە ڕێحانەی گەرمیانە) خواستن هەیە.

لەگوتەی (ئەو هەموو قاسپەی بەفرانە) وێنەی بەرجەستەکردنە، ناوی کەو نەهاتووە، بەڵام قاسپە تایبەتە بە کەو بەم شێوەیە جەستەو خوێن بە بەفر دراوە. لەگوتەی (یەك بە یەکی ئەو گوڵ ئەسێرەی دەشتانە و یەك بە یەکی ئەو هەموو ئاسکە ون بووانە) ئەم دوو وێنەیە بە شێوازی خواستن دروست بووە. لەگوتەی (ئەم حەففارانە ئەترسن) وێنەکە بە شێوازی بە کەس کردن دروست بووە. لەگوتەی (بیاندۆزنەوە، هەڵباتەوە .... بەدەردەکەوێ) وێنەی جوڵاون.

سێ شیعرەکەی تریش هەریەکە وێنەیەکی غەمناکمان پیشان دەدات، بەناخی ژانەکان دەسورێت و بەو کامیرا زووم تیژە هەر خەریکی وێنەگرتنی زریکە و هاوار و فوغان و یەك بەیەکی غەم و مەینەتیەکانە، هاوار و ئازارەکان بۆ کیژۆڵەیەك دەگێرێتەوە پێی دەڵێت ئەمانەی بۆت دەگێرمەوە خەو نەبوون کیژۆڵە حەقیقەت بوون،

شاعیر دەڵێت:

ئەوە نیوەی بلیمەتی و نیوەی عەقڵ و
نیوەی زانای جیهانێ بوو
بەیەکەوە ... لەگەڵ " مونتەسیربیلادا "
بای بۆگەنیان بۆ هەڵکردی
خەو نەبوون کیژۆڵە خەو نەبوون

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا شاعیر دەیان بەستێتەوە بە ئەنفالەکانی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامدا ناوی زۆر لەو سەرکردانە دەهێنێت دیارە لە فتوحاتی (ئیسلام) یشدا بە حوکمی ئەوەی کورد غەیری عەرەبە و لە ڕووی کلتوور و زمانەوە فەرقیان هەبووە، لەگەڵ وڵاتانی عەرەب بۆیە ڕووبەڕوو بوونەوەکانیش زۆر بووین کوشتار و خوێن ڕشتنەکانیش زۆر بووین ئەو کاتیش کورد ئەنفال کراوە کلتوور و پەرتوك و مێژووی سووتاوە و لەچاو وڵاتانی تر مامەڵەی خراپ، لەگەڵ کورد کراوە شاعیریش لە هەندێك شوێن ڕووداوەکان بەو ڕابردووانە

دەبەستێتەوە.

شاعیر بەردەوام دەبێت، لە گێڕانەوەی حەقیقەتەکان تا دەگاتە ئەو وێنەیەی دەڵێت:

ئەی بە گوێی خۆت گوێت لێ نەبوو
لەو ئێوارە بەسامەدا
سەگەکەمان کەوتە قسە و
بەڵام مەرد بوو
وتی چی ئەکەن بابیکەن
بەڵام من نابم بە بەعسی
خەو نەبوو. کیژۆڵەکەم. خەو نەبوو(428)

لەم ڕۆمانە شیعرەدا دوو وێنەی جیا دەبینین لەسەر سەگ، وێنەی یەکەم کە پێشتر باسمان کرد ئەو سەگە بۆرانە بوون کە لە نوگرە سەلمان بە تازەیی ئەوەندە لاشەی کوردیان خواردبوو لەم ساڵەدا خۆیان لە کەلاك و پاشماوەی قەل و داڵ لائەدا، بەخوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە ڕق و کینە هەڵدەگرێت بەرامبەر بەم سەگانە کەلاشەی ئەم کوردە بێتاوانانەیان خواردووە، بەڵام لەم کۆپلەیان کە دەیخوێنینەوە هەموو ئەو سەگانەمان بەبیردێتەوە کاتێك جەلادەکانی ڕژێمی (بعث) کوردیان ڕادەگواست و زیندە بەچاڵ دەکران، سەگی گوندەکان بە وەفا بوون و گوندیان چۆڵ نەکردوو لە کاتی تێکدانی گوندەکانیش سەگەکان دەمی شۆفەڵەکانیان دەکرۆشت و دیفاعیان لە گوندەکەی خۆیان دەکرد ئەو سەگانەی لە پێشودا باسمان کردن سەگی جەلادەکان بوون و وەکو ئەوان درندە بوون ئەو سەگانەی لێرەش ناویان هاتووە سەگی خۆماڵین و بەوەفا بوون .لێرەش وێنەی سەگ لە دوو کردار و هەڵوێستی پێچەوانە دەبینرێت، شاعیر بەردەوامە لە گێڕانەوەی مەینەتیەکان و بەردەوامە لە نمایش کردنی هەموو ئەو وێنانەی گرتوویەتی بەسەدان وێنەی جەرگ بر پیشان دەدات و وەك گرداف بە دەوری خۆی هەر خول دەخواو وەك فووارە هەر ئازار و زریکە و هەناسەی سارد و دوکەڵی سووتاو خوێنی هەڵقڵچاو و ئاوی بە کوڵی فرمێسکی لێهەڵدەقوڵێ.

شیرکۆ وەك شێرێکی بریندار و لاشە خەڵتانی خوێن هەر نەرەی دێ و خوێنی خۆی دەخواتەوە، وەك پەپوولەیەکی سوتاوی دەوری ئاگردان لەتاو ژان و باڵە سوتاوەکانی بە دەوری خۆی خول دەخواتەوە و وەك بولبلێکی ناو قەفەز هەر چریکەی دێ و، وەك ڕەشەبایەکی شەو گاری زستان بە نێو چەمی قامیشەلانی براودا دەڕوات و هەر دەنگی (نەیی) و

شمشاڵی غەریبی دەژەنێ، شێرکۆ وەك هەورێکی قورس و ڕەشی پڕ لە ژانی باران بەسەر ئەم مەرگەساتەدا دەبارێ، وەك بازێکی باڵ شکاو باڵ بەخوێن لەسەر ترۆپکێك هەر سیرەی دێ، وەك زامێکی خەڵتانی خوێن هەر بریسکەی دێ و وەك بارانێکی بە خوڕ هەر دەبارێ و خۆش ناکاتەوە، بەڵام جارجار دەبێت بە پابوسکە و جارێکی تر بە تەزرە و جارێکی تر بە کڕێوە و ئەو جا لە هەموو ئەمانە لافاوێکی لێدەرسکێ و دەریایەکی لێپێکدێت بە ئاگری مەینەتی و ژان و ئازاردا دەکوڵێ و بە دوا کۆپلەی ڕۆمانە شیعرەکەیدا هەموو ژان و تۆفان و ئازار و هاوار و زریکە و ناڵە و غەم و مەینەتیەکانی لێرەدا چڕ دەکاتەوە و دەڵێت:

وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ
ئەمن دەمگوت لە خەویدا
ئەرێ کیژان! لۆ سەفەرتان
هێند تولا نیداو
لە کێندەرێ بوون، بابان وێران!
چبوو؟! چتان دی؟؟ چتان کرد
ئەرێ کیژان
لە وێندەرێ، لە قیامەتێ
عاشقان چ دەکەن؟!
ئەوانیش دەچنە بەهەشتێ؟!
خۆ لە وێندەریش نارەنار ناکەن
لەدەس غەدر و غەدارێ
ئەمن دەمگۆت. لەو خەوەیدا
خودایە!
کیژان هاتبنەوە مارێ!
وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ

وای لە کیژانێ، وای لە حەیرانێ
وای لەئافاتی دەور و زەمانێ
وای لە غوربەتی نێو بیابانێ
وای لە شەوانێ کە مانگ تیا ئەمرێ و
بەفری کێوانیش چ پێنازانێ!(429)

شاعیر بەشێوازی وەسف ئەم کۆپلەیەی دەربڕیوە، لەگوتەی (مانگ تیا ئەمرێ) وێنەکە بە شێوازی بەرجەستە کردن دروست کراوە. لەگوتەی (بەفری کێوانیش چ پێنازانێ) وێنەکە بەشێوازی بەکەس کردن دروست کراوە. وێنەکانی تر بەشێوازی وەسف دەربڕاون. شاعیر لەدوا وێزگە غەم و ئازار و ژان و مەینەتیەکانی هەڵدەڕێژێ و دەڵێت :       وای لە مریەمێ
وای لە پاکیزێ
وای لە سووتانی
ڕۆحی ئازیزێ
وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ(430)

ئیتر شاعیر بەم ژان و هەژانە و دەروونە شێواو و چاو پڕ لە خوێن و ئێسکو پروسکی جەستەشی پڕ لە مۆسیقای تەنیای دوا ژانی خۆی هەڵدەڕێژێ، بەڵام کرو کۆی دەروونی هەر بە داگیرساوی دەمێنێتەوە. شاعیر بە چەندبارە بوونەوەی (وەیلێ، وەیلێ، وەیلێ) هەناسەکانی دەخاتەوە سەرپێ و سۆراغی ئەو کچە ڕوو سورانە دەکات، کە لەو دونیایە زیندە بەچاڵ کران سۆراغی قیامەت و دونیای تریان لێدەکات ئایا لەوێش غەدر هەیە یان نا، شاعیر خەو دەبینێ و کە کیژان هاتوونەتەوە ماڵێ و وەیلێ  وەیلێ شاعیر ناوی چەند ئافرەتێك دەهێنێت و کە گوزارشت لە هەموو ئافرەتە ئەنفال کراوەکان دەکات و ڕووی زومی کامیراکەی دەکاتە ئاسمان و وەك گۆرانیەکی غەمگین کە بۆ دوا جار بە کۆرس دوا کۆپلەی بۆ چەند جارێك دەگوترێتەوە دواتر وردە وردە شاشەی تەلەفزیۆنەکە تەڵخ دەبێت و وێنەکان کاڵ دەبنەوە و دوا کۆپلەی گۆرانیەکەش بەئاستەم دەگاتە گوێ و بە ژان و ناسۆرەوە کۆتایی پێدێت شاعیریش

هەر بەم شێوەیە لەدوا نوسکە و ژان و ناسۆری برینیدا بە چەند بارە کردنەوەی وەیلی وەیلێ وەیلێ وەیلێ کۆتایی پێدێنێت ئەم ڕۆمانە شیعرە پڕپڕە لە وێنەی دەروونی و ژان و مەینەتیەکانی شاعیر بۆ میللەتەکەی. ئەم وەیلێ وەیلێیانە لە زەین و دەروونی هەریەکەمان دەیان کارەسات و ناخۆشی و مەرگەساتیان لە پشتە بەردەوامییەك بە شیعرەکە دەدات کە هێشتا تەواو نەبوو هەر ئازار و مەینەتیەکان ماون کروکۆی دەروونی دانەمرکاوە، بەڵکو تازە ئاگرەکە خۆش دەکات و نێڵە نێڵی دێت و ژان و ئازارە کانیشی بەردەوامن و کۆتاییان نایەت، دووبارە کردنەوەی ئەم کۆپلەیە وێنەیەکی تەلەفزیۆنی و سینەمایمان پیشان دەدات وەك گۆرانیەك دێتە پێش چاومان و شاعیر هەناسەکانی سوار دەبێت، و لەگەڵ ئەو هەموو هاوارکردنەدا دەنگی دەکەوێت، و بەلآم نێڵە نێڵ و ئاگری دەروونی زیاتر گڕ دەگرێت. لە سەحەری (خاڵە سێوە) ئەم وەیلێ وەیلێیە هەیە و دەڵێت (وەیلێ وەیلێ وەیلێ وەیلێ سەحەرا) .(وەیلێ وەی ڕۆ و ئاخ و ئۆف) بۆ دەربڕینی ئازار و مەینەتی بەکاردێن کاتێك لە مردنی دۆست و ئازیز و خزم و کەسی نزیك مرۆڤ پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبات شاعیر بەشێك لە میللەتەکەی ئەنفال کراوە و کیمیاباران کراوە و زیندە بەچاڵکراوە و کە لە ئێسك و خوێن و مۆخی ئەون و ئەویش بەشێکە لە خوێن و ڕۆحی ئەوان کەوابێ چۆن سوکنات دەگرێ چۆن دڵەی برینداری ئارام دەبێتەوە تا کورد مابێ ئەم وەیلێ وەیلێیە هەر دەڵێتەوە، ئەم کارەساتە گەورەیە نەوە دوای نەوە دەمێنێتەوە بووە بەشێك لەو مێژووە خوێناوییەی کە بۆمان بەجێ ماوە، ئەم کارەساتە بووەتە بەشێك لە ئازارەکانی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان لە هەر کوێیەکی جیهان بێت، پاشماوەی ئەنفال و کیمیاباران و هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر میللەتی کورد داهاتووە ئازارێکی زۆریان بۆ ئەم میللەتە بەجێهێشتووە، ئەم ئازارانەش زیاتر لە نێو دەروونی خزم و کەس و ژن و منالآنی پاشماوەی ئەنفال ڕەنگ دەداتەوە، کە تووشی نەهامەتی و نەبوونی دەروونێکی شێواو غەم و مەینەتیەك هاتوون تا ماون بەدەستیەوە دەناڵێنن کەواتە شاعیر بەو ئەزموونەی هەیەتی دەتوانێت بنیاتی وێنەیی گشتی بکێشێت لەسەر بنەمای (ڕۆمان) نەك چیرۆك. ئەو مەینەتییەی بەسەر کورد داهات لە ژێر ناوی ئەنفال دا ئەوەندە گەورە و جەرگ بڕە لە هیچ چیرۆکێکدا جێی نابێتەوە، شاعیر هەر زوو هەستی بەمە کردووە بۆیە پەنای بۆ جۆرە بنیاتێکی تر ناوە بۆ ئەم وێنە گشتییە بێ کۆتاییە ئەویش بنیاتی ڕۆمانە. دیارە شێوازی ڕۆمانیش تازەیە لە بنیات نانی وێنەی گشتیدا کە شێرکۆ بێکەس خۆی تیا نواندوە.

# وێنە لە رووی وەستان و جوڵانەوە

## 1 - وێنەی وەستاو (Fixed image)

ئەو وێنەیەیە کە لە شێوەی تابلۆیەکی وەستاو دایە و بزاوتن و جمووجۆڵی تێدانیە، کردارەکان بەردەوامی بزاوتن بە وێنەکە نابەخشن و لە بارێکی وەستاو دایە و ((تەنیا یەك دیمەن دەردەبڕێت)) (431)و گەشە و گۆران و بەردەوامی تێدانیە و لە ئاستێك کۆتایی بەشتەکە یان کردارەکە هاتووە و دوا وێستگەی کردارەکە نیشاندەدات و ((لە وێنەیەکی فۆتۆگراف نزیك دەبێتەوە))(432)و بزاوتن و جموجۆڵی تێدانییە. ((وێنەکێشی هونەرمەند بۆی هەیە لەیەك تابلۆ بیکاتە وێنەیەکی چەسپاو))(433)بەلاّم ئەم وێنەیە ((تەنیا لە ئاستێکدا وەستاوە لەسەر ئاستی شیعرەکەدا وەستاو نیە، چونکە هاوبەشە لە بنیاتی شیعر ەکەدا))(434)کردارەکان بەردەوامیان تیا نامێنێت و کۆتایان بەکارەکە هێناوە مەوداکەش دیاری کراوە و پەلناکێشێت واتە وێنەی وەستاو ئەو وێنەیە کە گەشەکردنی تیا وەستاوە و ئیشەکانی سنوورێکیان بۆ دانراوە و لەو سنووڕەدا وەستاون ئەمەش لە فرمانەکانی ناو وێنەکەدا زیاتر دەردەکەوێت، چونکە بە شێوەیەکی گشتی کۆتایی هاتن و بێ جوڵەیی و وەستان پیشان دەدەن.

شیرکۆ بێکەس دەڵێت:

لەوێ نەبووم کە بەرد سوراوی کرد بوو
درەخت بوو بوو بە شمشاڵ ژەن.
خانووەکانمان سێریز سێ ریز هەڵپەڕیبوون(435)

لێرەدا دەبینین وێنەیەکی وەستاوە لە گوتەی (سوراوی کردبوو) (بوو بوو) (هەڵپەڕیبوون) دەبینین کارەکان لەوە زیاتر تیشك نادەنەوە و لە ئاستێك دا دەوەستن.

لە گوتەی (هەڵپەڕین) و (سوراوی کردبوو) دوو وێنەن لەسەر بنەمای بەکەس کردن دروست بووین. وێنەکان گەشەکردنیان تیا بەدی ناکرێت و گەشەیان وەستاوە، چونکە فرمانەکان وەستانیان تیا بەدی دەکرێت.

لەوێنەیەکی تردا دەڵێت:

ئەڵێن: لە گەرووی دەربەندا
ئەمرۆ مێژوویەك نێژراوە

مێژوویەکی تازە زاوە(436)

وێنەیەکی وەستاوە لە گەشەکردندا بەردەوام نیە لە گوتەی (نێژراوە) (زاوە) بە دەر دەکەوێت کە ڕووداوەکان تێپەڕ بووین و بەردەوامیان نیە، لە هەمان کاتدا (گەرووی دەربەند) وێنەی بەکەس کراوە، (مێژوو)ش وێنەی لەسەر بنەمای بەکەس کردندا بنیات نراوە. چونکە جەستەی مرۆڤ دەنێژرێت نەك گیانلەبەران.

لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

ئەو ڕۆژەی
بۆ یەکەمجار، مەمکی کچێکم تیا گوشی
بۆ ئێوارە
ئەم پەنجانەم
بە سەرخۆشی
دوو سێ هێشوو
شیعریان نووسی(437)

وێنەیەکی وەستاوە مەوداکانی دیاری کراوە و تەواو بووە و گەشەی تیا نەماوە. لەسەر بنەمای بەکەس کردن وێنەکان دروست بووین، چونکە گوشینەکە تەواو بووە و بەردەوام نییە. لە هەمانکاتدا لە وێنەکەی تردا نووسینی شیعرەکان کۆتایی هاتووە و بەردەوام نیە لەم وێنەیەدا.

## 2 - وێنەی جووڵاو
## (Mobile image)

ئەو وێنەیەیە کە بەردەوامی و جمووجۆڵی نیشان دەدات، وێنەکە لە بڕست نەکەوتووە و بەردەوامی نیشان دەدات (دیارە کرۆکی جووڵەش لەوێنەدا خۆی لە ڕیتم و تیشکی بەردەوام حەشاردەدا، لەگەڵ دانانی کردار بە بنچینەی وێنەو تەوەری سروشداری، بەتایبەتی ئەو کردارانەی کە جووڵە دەگەیەنن)(438) وێنەکەش حاڵەتی بەردەوامی نیشان دەدات (شاعیر پەنا بۆ ئەو جۆرە وشانە دەبات، یان ئەو وشانە لە بەیتە شیعرەکەدا بەکار دەهێنێت کە

ئاماژە بە جوڵە دەدەن)(439)بۆ نموونە لە وشەی (هەنگاو دەنێ، بەڕێوەیە، باڵە فرکەیەتی، نەسرەوتن، .... هتد) ئەم وشانە جووڵان و بەردەوامی بە وێنەکە دەدەن و (ئاسۆیەکی فراوانتری هەیە و چەند دیمەنێك دەردەبڕێت و هەست بە جۆرە گۆڕان و گەشەکردنێك دەکرێت)(440) و لە جووڵەیەکی بەردەوام دەبێت. وێنەی جووڵاو ئەو وێنەیە کە تیشکەکانی لە گەشەسەندن نەکەوتن و سنوورەکان ناتوانن بەربەستیان بکەن، بەڵکو بەردەوام تیشکی نوێ دەبەخشن و گەشە دەکەن. ئەویش بەهۆی ئەو کردارانەی کە وێنەکە بنیات دەنێت. کردارەکان بەردەوامی و جووڵە بە وێنەکە دەبەخشن و وای لێدەکەن هەردەم لە گەشەکردندا بێت.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

من دێمەوە ... من دێمەوە .. وردیلەکان
کاتێ ... تەرمە بێ ناوەکان .... هێنرانەوە
من دێمەوە وردیلەکان کاتێ باوکە دزراوەکان ...دۆزرانەوە (441)

وێنەیەکی جووڵاوە لە گوتەی (من دێمەوە) (هێنرانەوە) بەردەوامیەك و جوڵە و بزوتن بە وێنەکە دەدات لە برست ناکەوێت و جێگیر نابێت و تیشکەکانی بەردەوام دەبن و سنوورەکان دەبەزێنن.

لە پارچە شیعری (خەمت نەبێ) دا وێنەیەکی جووڵاومان بۆ بەرجەستەدەکات و دەڵێت:

بەدوای مندا باهۆزێ دێ
کورسی ئەدمۆنس هەڵئەگرێت و
ئەیرفێنێ و ئەیرفێنێ(442)

وێنەیەکی جولاوە لە گوتەی (دێ) (هەڵئەگرێت) (ئەیرفێنێ) کە بەردەوامی بە وێنەکە دەدەن و هەمیشە لە جوڵە دایە.

لە شیعری (سەردان) دا دەڵێت:

دێیتەوە ژووری
سەر ئەکەی بەناو مەراقما
لەناو ژوورە کەمدا ئەڕوێی
وشەیەك ئەبێ بە تەیر و
لەسەرت ئەنیشێتەوە. (443)

وێنەیەکی جوڵاوە و بەردەوامی هەیە، لە بزوتن و پەرەسەندن دایە لە گوتەی (دێیتە) (سەرئەکەی) (ئەڕۆیی) (ئەنیشێتەوە) لەگوتەی (سەر ئەکەی بەناو مەراقما) (وشەیەك ئەبێ بە تەیر) وێنەی بەتەنەکراوە ئەوەی یەکەم و هی دووەم وێنەی بەرجەستەکردنە. هەرچەندە نیشتەوە جۆرە وەستانێکی تێدایە بەڵام وەستانەکە بەردەوام نابێت چونکە هەڵفڕینی لەدوایە.

لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

تۆ دەروونت پڕە لە لاولاوی پرسیار و
هەڵئەگەڕێی
سەرئەکەوی. لەسەرەوە ئەگەیتە ژووری ڕۆح سپیی (444)

وێنەیەکی جوڵاوە لە گوتەی (هەڵئەگەڕێی) (سەرئەکەوی) (ئەگەیتە) بە دیاردەکەوێ کە بەردەوامی و بزاوتن و تیشك دانەوەی تێدایە. لە دەربڕینی (ژووری ڕۆح سپی) وێنەی بەتەن کردن هەیە.

لە وێنەیەکی تر دەڵێت:

ئەی هەڵۆی سوور!
هەڵۆکانی داستانی نوێ ی کوردستانم
لە سێبەری باڵتانایە
ئەژین، ئەڕۆن دەنگ هەڵ ئەبڕن
شیعرەکانم!(445)

وێنەیەکی بزاوە و جوڵانەوەیەکی بەردەوامی تێدایە لە گوتەی (ئەژین) (ئەڕۆن) (دەنگ هەڵ ئەبڕن) دا وە دەر دەکەوێت. (هەڵۆی سوور) ڕەمزە بۆ پێشمەرگە لەدوای ئەم تەواوی وێنەکان لەسەر بنەمای بەکەس کردن دروست کراون.

# وێنە لە رووی هەستی و ژیرییەوە:
# 26 - وێنەی هەستی

هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەهۆی یەك لە پێنج هەستەکان درکی پێ بکرێت.

((لە شیعری هەموو شاعیرەکان بالاّ دەستە)) (446) چونکە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانی (بینین چەشتن و بۆنکردن و بیستن و بەرکەوتن) درك بە شتەکانی دەوروبەر دەکات شاعیرانیش زۆر پەنایان بۆ دەبەن، لەپاڵ ئەمانەشدا وێنە واتایەکانیش فەرامۆش ناکەن.((رەنگ و رووخساری شتەکان هەستەکان ڕەنگ دەداتەوە و جولاّنێك لە مێشك دروست دەکات. کارتێکردنی ئەو شتانە جیاوازی دەبێت لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر))(447) و لەلای هەر شاعیرێکیش هەوێنی دروست کردنی جۆرەها وێنەی جیاوازە.

پێنج هەستەکەی مرۆڤ بەسەر دووبەش دابەش دەبن:

یەکەم:- جێکەوتە (الانگباعات) لەڕێی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بەشتومەکە مادیەکان مرۆڤ هەستی پێ دەکات ئەمانیش هەستی بەرکەوتن و چێژوەرگرتنە کەوا هەستی پێدەکرێت، ئەو شتەی بە هەستی بەرکەوتن هەستی پێدەکرێت یاخود هەموو ئەو خواردن و خواردنەوانەی کە قەبارەیەکیان هەیە و بە هەستی چێژوەرگرتن هەستی پێدەکرێت.

بەشی دووەم:- هەستەکانی بینین و بیستن و بۆنکردن پێك دێت جێکەوتەی شتومەکە مادیەکان دەگوێزنەوە بەبێ ئەوەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لە ئارادا هەبێت، لە ڕێی ئەو تیشکە هاتوانەی شتە بینراوەکان یان لە ڕێی شەپۆلە دەنگیەکان کە لەشتومەکە بیستراوەکانەوە یاخود لە ڕێی بۆن کردنەوە لەشتە بۆندارەکان دێت (448)

## 1 - وێنەی هەستی بینین

ئەو وێنانەن کە بەر هەستی بینین دەکەون (شاعیران بۆ ئەفراندنی وێنەکان کەڵك لە ئەزموون گەلی عەقڵی و هەستی بینینی ژیانی خۆیان وەردەگرن)(449)چونکە هەستی بینین لە سەرەکیترین هەستەکانی مرۆڤە کە کاریگەریان بۆ مێشك و دەروون و ناخی شاعیر دەگوازێتەوە، هەستی بینین لە ژیانی مرۆڤدا زانیارییەکی زۆر دەگەێنێت بە مێشك، بەبێ ئەوەی بەریەك کەوتنی ڕاستەوخۆ لەنێوان مرۆڤ و شتەکان پێویست بکا، تەنها بەڕێی ئەو تیشکە ڕووناکییە دەرچوانەوەیە کە لە شت و مەکەکانەوە دێت بۆ چاو و لە چاویشدا دەگۆڕێن

بۆ نامەی دەماری بینین و رووە و توێژاڵی مێشک دەکەونە رێ لە دوا وێستگەشدا راڤە دەکرێن و مانایان بۆ دادەنرێت و پەیبردن روو دەدات (450). واتە وێنەی بینین هەموو ئەو هەستانە دەگرێتەوە کە بەر هەستی بینین دەکەون.

لەم وێنەیە دا دەڵێت:

چاوم لێبوو

چەغماخەیەك لە هەورەوە هاتە خوارێ و لەناو قەدی

تاریکی دا و، چون تاشە بەردێ پەرت پەرت بوو... (451)

وێنەیەکی هەستی بینینەو، لەسەر بنەمای خواستن بنیات نراوە و شاعیر چەخماخەی خواستووە و لە جێگەی هەورە تریشقە دانراوە. دیار زۆر جار دەنگیش هەیە. واتە سەرەرای هەستی بینین بەر هەستی بیستنیش دەکەوێت.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

چاو ئەگێرێ

هەژارانی ئەم مەڵبەندە

وەك زەعفەران

رەنگیان زەردە

قاچ و قولیان باریك باریك

وەکو قامیش

دەست و پلیان وەك زەوی دێم (452)

وێنەیەکی هەستییەو بەر هەستی بینین دەکەوێت، لە هەمان کاتیشدا سێ وێنەی لێکچواندنی تێدایە. جگە لەوە بەرهەستی دەست لێدانیش دەکەون.

شاعیر لە وێنەیەکی تر لە شیعری(گۆران)دا دادەڵێت:

رەنگی زەرد چووە ژوورەوە

بۆ لای باران

وەختێ کە هاتەدەرەوە

بووبوو بەسەوز

رەنگی سەوز چووە ژوورەوە

بۆ لای شەفەق

وەختێ کە هاتە دەرەوە
بووبوو بەئاڵ
ئاڵ خۆیکرد بەلای بەفردا
وەختێ کە هاتەدەرەوە
بووبووە سپی
سپی چوو بۆ لای شەهیدێ
وەختێ کە هاتە دەرەوە
بووبوو بەسوور.
کە سووریش چووەژوورەوە
بۆلای ژنێکی ناو ئەنفال
وەختێ کە هاتەدەرەوە
ڕەش ڕەش بوو بوو!(453)

شاعیر ئەم شیعرەی لەسەر شێوازی دووبارەبوونەوەی هەرەمی کێشاوە و ڕەنگەکان دەخاتە ڕوو سەرتاپای شیعرەکە بە هەستی بینین وەردەگیرێت، سەرەتا ڕەنگی زەرد چوویتە ژوورەوە بۆلای باران وەختێ کەگەڕاوەتەوە گۆڕاوە بەرەنگی سەوز، کاتێکیش ڕەنگی سەوز چووەتە ژوورەوەو بۆلای شەفەق ئەوە ڕەنگ و ڕووی ئەمی وەرگرتووە و گۆڕاوە بەرەنگی ئاڵ، کاتێکیش ڕەنگی ئاڵ چووەتە لای بەفر ئەوا ڕەنگەکەی خۆی لە دەست داوەو گۆڕاوە بەرەنگی سپی، ڕەگی سپیش چووە بۆ لای شەهیدێ وەختێ کە هاتۆتە دەرەوە گۆڕاوە بەرەنگی سوور، چوونکە ڕەنگی سوور خوێنی شەهیدەو ڕەنگە سپییەکەی گۆڕیوە، کەرەنگی سووریش چووبۆ ژوورەوە و بۆلای ژنێکی ناو ئەنفال وەختێ کەهاتە دەرەوە ڕەش ڕەش ببوو. سەراپای شیعرەکە بە شێوازی بەکەسکردن دروست بووە، چونکە ئەم ڕەنگانە وەك مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵکراو، هەر ڕەنگەش کاتێك بۆ هەر شوێنێ چووبێ کەوتۆتە چاڵەرەنگی ئەم شوێنە و گۆڕانی بەسەر داهاتووە، بۆدواجاریش ڕەنگی سووری شەهید چووە بەلای ژنێی ئەنفال و ئیتر ڕەگی گۆڕاوە بەرەش، لەدوای ئەم هیچ ڕەنگێکی تر نەهاتووە بۆلای ڕەنگی ئەنفال تابگۆڕێت، چونکە هیچ ڕەنگێك ناتوانێت و ناوێرێت ڕەنگی ئەنفال بگۆڕێت، لەبەرئەوەی کارەساتێکی هێد گەورە و خوێناوی و ڕەشە پانتاییەکی هێند گەورەی داگیر کردووە مەحاڵە ئەم کارەساتە لەبیر بکرێت، دەبینین شاعیر مامەڵەی لەگەڵ ڕەنگەکان کردووە، وێنەکانیش بەرهەستی بینین دەکەون.

## 2 - هەستی بیستن

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بە هەستی بیستن درکیان پێدەکرێت، خوڕەی ئاو دەنگی باران و دار و درەخت و جریکە و چریکە و ورتەی مەل و بولبولان و .... هتد دەگرێتەوە.((هەر وێنەیەکی شیعری لەسەر بنەمای دەنگ یا ئاواز یا مۆسیقا بنیاتنرابێ، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێت))(454).

لە کاتی خوێندنەوەی دەقە شیعرەکە بەرەو جیهانی دەنگ و مۆسیقاکە دەچین و مۆسیقا و دەنگەکان دێنەوە گێمان و دەوروژێین. شاعیر وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

نەگریا بوون، هەموو ئەو پۆلە مەلانەی
کە بۆ مەرگی شا بازەکەش نەگریابوون
هەموو وێکڕا لە سیمفۆنیای هەنیسك و لە کۆنسێرتی
لاوانەوەی وەرزەکاندا ... هەڵقرچان و
هەر هەمان سات وڵاتێکیان خستە گریان (455)

(هەنسك) و (گریان) و (کۆنسێرت) و (لاوانەوە) و (هەڵقرچان) ئەمانە هەمووی بەر هەستی بیستن دەکەون وێنەیەکە لەسەر بنەمای بەکەس کردن بنیات نراوە. گریان کە تایبەتە بە مرۆڤ شاعیر بە مەلەکانی بەخشیوە. لە (لاواندنەوەی وەرزەکان) دا دیسان لەسەر بنەمای بەکەسکردن بنیات نراوە، چونکە لاواندنەوە تایبەتە بە مرۆڤ شاعیر بە وەرزەکانی بەخشیووە. لە وێنەیەکی تردا لە شیعری (جوزەلە) دەڵێت:

"جووزەلە"
کیژۆڵەکە
لە ژێر چیلکە و بارەزەلدا
وەکو و نەنکی لێهاتبوو
کۆم کۆم لە بنار شاخەوە
ئەچۆوە بەرەو ئاوایی
زەلێك لە پشتی سەریەوە
بە ئەسپایی، کیژەی دووان
" ئەی چاو مامز!

چۆن ئەهێڵم بێتاقەتبی!"
ئەمەی وت و
ئیتر هەتا ناو گوندەکە و
هەتا ماڵێ و
تا کیژۆڵە باری دانا
بە جووزەلە
ئەم گۆرانیی
" حەسەن زیرەك " ی بۆ لێدا ! (456)

شاعیر وەسیفێکی جوانمان لە دیمەنی ئەم کیژۆڵەیە بۆ باس دەکات، زینە زینی جووزەلەی پشت سەری کیژۆڵە و گۆرانی حەسەن زیرەك ئەمانە بەر هەستی بیستن دەکەون، وێنەی لێکچواندنی لە گوتەی (وەکو نەنکی لێهاتبوو) دا لە گوتەی (زەلێك لە پشت سەریەوە بە ئەسپایی، کیژەی دووان) وێنە کە لە سەر شێوازی بەکەسکردن دروست بووە. وێنەیەکی واژۆییە وێنەی کۆتایی بەر هەستی بیستن دەکەوێت.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

پرمە پرمە. شریخەیە
ئەم لەشکرە پڵینگێکە و لە تاوانا
چۆتە سەر کلك
بە دەوری خۆیدا خول ئەخوا
ئەزیکێنی و زیکەکەی
دار و بەردی ئەم دەربەندە ئەلەرزێنێ (457)

ئەم وێنەیەش بەر هەستی بیستن دەکەوێت لەگوتەی (پرمە، شریخە، ئەزیکێنێ) بەدەردەکەوێت لەهەمان کاتیش وێنەیەکی جوولاوە، چونکە بەر دەوامی تێدایەو بەرە بەرە گەشە دەکات.

## 3 - هەستی بۆنكردن

هەندێ وێنەی شیعری هەیە بەر هەستی بۆن كردن دەكەون، لە وەسف و لێكچواندنەكاندا بەدەردەكەون. شاعیر وێنەیەكمان بۆ دەكێشێت و دەڵێت:

تۆ ئەم خەیاڵانەم بۆنكە

یان بۆنی نانی سەر ساج و یاخود بۆنی

دەنكە قەزوانی شینی ناو كاسە دۆیەكیان لێوەدێ (458)

ئەم وەسفانە بەر هەستی بۆنكردن دەكەون، لە گوتەی (تۆ ئەم خەیاڵانەم بۆنكە) خەیاڵ بارستەی نیە و بۆنی نیە، بەڵام شاعیر بە شێوازی بەتەن كردن ئەم وێنەیەی دروست كردووە. ئینجا وێنەی یەكەمی بە دوو وێنەیتر چواندووە كە هەر دووكیان بەر هەستی بۆنكردن دەكەون.

لە وێنەیەكی تردا دەڵێت:

تۆ لەو دەمەدا،

گوڵە بەیبونێكی بەر پەنجەرەی ژوورەكەی

باوكت بوویت

خۆشترین بۆنی دوا ڕۆژت لێئەهات (459)

بەر هەستی بۆنكردن دەكەوێت و، وێنەیەكی وەستاوە. چونكە شاعیر دەڵێت لەو دەمەدا ... لێئەهات . واتا تەنیا ئەو كات ئەو بۆنەت لێدەهات. وێنەیەكی وەستاوە لە گەشەكردن سنووری بۆ دانراوە.

لە پارچە شیعرێكیتردا دەڵێت:

بۆن ئەكەم

دەست و پل بۆنی گرت

بۆنی گوڵ، بۆنی خاك، بۆنی گیا

جل بۆنی باروت و قژ قەوزەی ڕووبار و

ژوور بۆنی گۆگردی

ئەشكەوتی ناو چیا (460)

وێنەكە بە شێوەیەكی گشتی بەر هەستی بۆنكردن دەكەوێت. لەگوتەی(بۆنی گوڵ)، (بۆنی خاك)، (بۆنی گیا)، ( بۆنی باروت) ، (بۆنی گۆگردی) بەدەردەكەوێ.

## 4 - هەستی چەشتن

هەستی چەشتن ئەو هەستەیە کە شیرینی و تاڵی و سوێری و ترشی و تامە جۆرا و جۆرەکانی میوە و خواردنی پێدەکرێت (شێرکۆ بێکەس)یش چەندان وێنەی دروست کردووە چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو.

لە شیعری (فەرمان) دا دەڵێت:

لە فەرمانا بۆ نانی تاڵ
نانی ڕەشە خێزانی ماڵ
یەخەی گێرمە و کێشە بگرە
بکەرەوە. چەنەی بەتاڵ
وشەی سوا و بنووسەوە
بنێشتی قسەی تفت و تاڵ (461)

(تفت و تاڵ) بە هەستی چەشتن هەستی پێدەکەین، لە گوتەی (یەخەی گێرمە و کێشە بگرە) بەکەس کراوە، چونکە یەخە گرتن بۆ مرۆڤ بەکار دێت.

لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

ئاو دەبێ خوێ تاڵ کات، بۆ ئەوەی
پەل و پۆی تینویەتی .. خۆر بگرێ (462)

(تاڵ) بە هەستی چەشتن هەستی پێدەکرێت. لەگوتەی (تینوێتی خۆر) دا وێنەی بەکەس کردن هەیە. وێنەیەکی جولاوە .. جگە لەوە لەگوتەی (ئاو دەبێ خۆی تاڵ کات) دیارە ئاو خۆی ناتوانێت خۆی تاڵ بکات، بەڵکو تەنها مرۆڤ چی بیەوێت دەتوانێت بیکات واتا ئەمەش لەسەر بنەمای بەکەس کردن بنیات نراوە.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

مامە خەمەی شاخ و چیا
کوڕی ئازا!
بە دەنکە قسەی هەناری ترش و مێ خۆش
سەرە وشە و بنەوشەی هەندێ جارپس!
ئاو ئەزێنێتە دەممان و ئەمانخاتە کەفە زگ و

ئەوسا ئیتر پێکەنینمان وەك باڵندەی نزیك لوتکە
ئەویش ئەفڕێ (463)

(ترش و مێخۆش) بەجەشتن هەستیان پێدەکرێت، ئەم دەقە شیعرییە جگە لە هەستی چەشتن هەستی بیستن و بینینی تێکەوتووە، وێنەیەکی جووڵاویشە.

وێنەی یەکەم لەسەر بنەمای وەسف بنیات نراوە، وێنەی دووەم لەسەر بنەمای بەتەن کردن بنیات نراوە، وێنەی سێیەم لەسەر بنەمای وەسف کردن بنیات نراوە، وێنەی چوارەم لەسەر بنەمای بەرجەستە کردن بنیات نراوە، فڕین بە پێکەنین دەبەخشێت کە خاسیەتێکی باڵندەیە.

## 5 - هەستی دەست لێدان

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە نەرمی و ڕەقی و لووسی و زبری و ساردی و گەرمی دەنوێنن و بە دەست لێدان هەستیان پێدەکەین. شێرکۆ بێکەس لە شیعری (بەخشندە) دا وێنەیەکمان بۆ دروست دەکات کە بە هەستی دەست لێدان وەردەگیرێت.

من ئەزانم ئەگەر دار سێوێکی ئەوین
بێت بۆلات و سێوێکی خۆیت بداتێ
تۆ خۆت نایخۆی
لە بەرۆکتا هەڵیئەگریت هەتا ئەیدەیت
بە منداڵێکی هەژاری گەڕەکەکەت (464)

وەرگرتنی سێو و بەخشینی بە دەست دەبێت، وێنەیەکی جووڵاوە. وێنەیەکە بەر هەستی دەست لێدان دەکەوێت. لەسەر بنەمای وەسف کردن بنیات نراوە.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:
سەرنجی لووس وەکو و ماسی
لە دەست دەرپەڕیو،
خۆی هەڵدایە

(دانووب) ەوە
ناو ڕووباری زیو (465)

(لووس)بە دەست لێدان هەست پێدەکرێت، لە گوتەی (سەرنجی لووسی) شێوازی هەست گۆڕکێیە وێنەکە لەسەر بنەمای بەرجەستەکردن بنیات نراوە، چونکە سەرنج واتاییەو شاعیر جەستەیەکی پێبەخشیوە (ڕووباری زیو) بەر هەستی بینین دەکەوێت.

لە شیعری (سۆز) دا وێنەیەك دەکێشێت و دەڵێت:

دڵت هەر مێڵیکی سارد و
دوورگەیەکی تاریك و دوور
بەم شەوە من ڕێم کەوتۆتە
ناو ئەم داستانی بەفرە و
بەرەو لای تۆ (466)

دیارە سارد و سڕی بە هۆی دەست لێدان و بەر جەستە کەوتن هەستی پێدەکرێت. وێنەکە لەسەر بنەمای لێکچواندن بنیات نراوە.

لێچو: دڵ، ساردی، دڵ، تاریك و دوور، دڵ.

لەوچوو: هەرمێ، دوورگەیەك، دارستانی بەفر.

ئەوزار: .......،.......،.......  .

هەرسێ وێنە لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست کراون. وێنەی یەکەم لێکچواندنی ڕاستەوخۆیە دوو وێنەکەی تر لێکچواندنی ناڕاستەوخۆیە.

لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

بەرەبەیان گریا
کاتێ گوێ ی لێ بوو
وا ڕەشە بایەك لە لەپی دەستی
زبر و تورەیا
گوڵی وشەیەك هەڵئەوەرێنێ
بەرەو گۆڕیچکەی با پێچی ئەبا (467)

لە گوتەی (دەستی زبر) دا کە بەر هەستی دەست لێدان دەکەوێت شێوازی بەکەس کردنیش لەم کۆپلەیە بەدی دەکرێت. هەرسێ وێنەکە لەسەر بنەمای بەکەسکردن بنیات نراون

گریان تایبەتە بە مرۆڤ شاعیر بە بای بەخشیوە. لەپێ دەست تایبەتە بە مرۆڤ شاعیر بە ڕەشەبای بەخشیوە. گۆڕ تایبەتە بە مرۆڤ شاعیر بە گوڵی بەخشیوە.

## ب- وێنەی واتایی(الصوره المعنویه) (Abstract image)

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بە هیچ کام لە پێنج هەستەکەی مروڤ وەرناگیرێت، بەڵکو وێنەکان واتاین و تەنها بە خەیاڵ و هزر هەستیان پێدەکرێت ((ئەگەر وێنەی هەستی بەر یەکێك لە هەستەکان بکەوێت ئەوا وێنەی زەینی بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەوێت وێنەیەکی واتاییە و لە ناوەوە هەڵدەقوڵێت بە هۆی هۆشیارییەوە دەزاندرێت )) (468) وێنەی واتایی خۆی لە بازنە و چەمبەری هیچ هەستێکدا نابینێتەوە((ئەو لێکوڵەرەوانەی کە لە وێنەی شیعرییان کوڵیوەتەوە لەلای شاعیرە نابیناکان تەنها گرینگیان بە ڕەگەزی زەینی یا ژیریداوە لە پێکهاتنی وێنەی هونەریدا لایانی هەستیان پشت گوێ خستووە)) (469) بەڵام ئەگەر شاعیر لە قۆناغێکی تەمەنی چاوی لە دەست بدات ئەوا هەر گیز واز لەو وێنانە ناهێنێت کە پێشتر بینیویەتی و لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام ئەگەر لە منداڵییەوە بە زکماك هەستی بینینی نەبێت گرینگی بە چوار هەستەکەی تر دەدات، چونکە بە ئاوازی خۆش و ناخۆش گوێچکەکانی زرنگاوەتەوەو هەستی بۆن کردن و دەست لێدان و هەستی چەشتنی هەیە و لە شیعرەکانی ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ڕوو دەکاتە جیهانی خەیەڵات و پشت بە وێنەی واتایش دەبەستێت، لە نێو شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس) دا وێنەی واتایی گەلێ زۆرە کە بەر هیچ کام لە پێنج هەستەکان ناکەون تەنها بە هۆی ژیرییەوە درکیان پێدەکرێت.

شاعیر لەم وێنەیە دا دەڵێت:

من مەملەکەتی سیحراوی ناو ئەدەبم
هەلفرینی بێکۆتایی ناو خەیاڵم
من خەیاڵم مردووە. تەلیسمێکم لێ ون بووە(470)

دیارە هیچ کام لەم وێنانە بەر هەستەکانی مروڤ ناکەون وێنەکان ژیرین، وێنەی بەکەس کردن و بەتەن کردنیش بەشداری دەکات لە بنیات نانی  شیعرکەدا.
شاعیر لە شیعری (رۆحی غوربەت)دا ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشێت و دەڵیت:

من ئەڵێم کێ ئەگاتە ناو
رۆحی غوربەت
ئەگەر ژان دانەگیرسێنێ و
لە تەنیایی عەشقی خۆی دا
وەکو (نالی)
سەری خۆی نەکا بە قوببەی
نا ئومێدی و
(وساڵ) یش نەکا بە هیجرەت(471)

ئەم وێنانە بە هیچ لە پێنج هەستەکان وەرناگیریت وێنەکان ژیرین (واتایین) جگە لەمەش لە گوتەی (رۆحی غوربەت) دا وێنەیەکی واتاییە، چونکە غوربەت بە هیچ کام لە پێنج هەستەکان درکی پێناکرێت، لە گوتەی (ژان دائەگیرسێنێ) وێنەیێکی بەتەن کراوە، لە گوتەی (قوببەی نا ئومێدی)دا وێنەیێکی بەتەن کراوە.

بەم جۆرە شاعیر کۆمەڵە وێنەیەکی واتایی دروست دەکات، ئەو وێنانەی کە بەر هیچ هەستێك ناکەون، شاعیر توانیویەتی خەرمانێك وێنەی رەنگا و رەنگ دروست بکات و بە شێوازی جۆراوجۆر لە بنیاتی وێنەکاندا بەکار بهێنێت لە گشت شێوازەکانی  بنیاتەکاندا دەس رەنگینی خۆی نواندوە، بە جۆرێك کە تەنیا لە دەست شاعیری لێهاتوو دادێت، وێنەکان ئەوەندە زۆرن جۆری وێنە نەماوە شاعیر خۆی لە قەرە نەدابێت. بنیات نەماوە تاقی نەکردبێتەوە و ئەسپی خۆی لێتاو نەدابێت تەنانەت بنیاتی (رۆمان)یش کە زۆر گرانە کەم شاعیر هەیە، هەناسەی ئەوەندە درێژ بێت و فەرهەنکی وشەی ئەوەندە دەوڵەمەندبێت تا خۆی لەم دەریا قووڵە بدات، بەڵام (شێرکۆ بێکەس) بەو ئەزمونە بەر فراوان و بەو خەیاڵ و فەرهەنگە دەوڵەمەندەی هەیەتی خۆی لەم دەریا فراوانە تاقی کردۆتەوە و تیایە سەرکەوتووبووە نەك تەنیا جاری، بەڵکو چەندان جاریش ئەم ئەزمونە دووبارە بۆتەوە، ئەمەش خەیاڵ بەرزی و دەسەڵاتی شیعری شاعیر دەگەیێنێت کە هەر بوارێکی بوویت ئەسپی خۆی لێتاو دەدات.

# بەشی سێیەم

# سەرچاوەی وێنە لە شیعری (شێرکۆ بێکەس) دا

هەڵبەتە خوێندنەوەو نووسین دووباڵی مەلێکن و یەکتری تەواو دەکەن، شاعیری سەرکەوتووش ئەو شاعیرەیە کە بەبەردەوامی بەرهەمی شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی دەخوێنێتەوە و رووداکاتە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرە بێگانەکان و بیر و بەهرەیان لێهەڵدەمژێت، شاعیر دەبێت شارەزایی لە مێژوو و ئاین و داب و نەریت و ... هتد، هەبێت و ژانرەکانی تری ئەدەبیش وەك چیرۆك رۆمان شانۆ کتێبی مێژوویی و دەروونناسی و ... هتد، بخوێنێتەوەو ئاگاداری هەموو جموو جۆڵ و گۆرانکاریەکانی ئەدەبی بێت و هەمیشە لە هەوڵی پرکردنەوەی ئەو درز و کەلێنانە بێت کە لە ئەدەبی نەتەوەکەیدا هەیە، بۆیە دەبینین لە هەموو سەردەمەکان ئەو شاعیرانە باڵا دەست بووین لەنوێکردنەوە و پێشخستنی شیعری کوردی کە ئاگاداری ئەدەبیاتی جیهان بووین و خوێندنەوەیان لەسەر ئەدەبیاتی بێگانە هەبووە. هۆراس دەڵێت:- ((ئەوەندەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە، بۆم ساخ نەبۆتەوە کە ئایا خوێندن بەبێ شنەی بەهرەی زگماك یاخود بەهرەی زگماك بەبێ خوێندن چ بەرووبومێکیان دەبێت))(472). لەسەرەتا دەبێ بەهرەی زگماك هەبێت ئینجا بەرۆشنبیری گشتی فراوان بکرێت، چونکە رۆشنبیری گشتی بەتەنها شاعیر دروست ناکات، هەڵبەتە زۆر کەس هەیە رۆشنبیرییەکی گشتی و فراوانیان هەیە، لەبارەی شیعر و ئەدەبیاتەوە، بەڵام نەبووین بەشاعیر بووین بە لێکۆڵەرەوەی باش. کەواتە وەك چۆن کەسێك لەشولارێکی باشی هەبێت و گونجاو بێت بۆ وەرزش و حەز لە وەرزش بکات، ئەوا هەر چەندە خۆی ماندوو بکات ئەوەندە ماسولکەکانی بەهێز دەبن و بەهێز دەبێت.(شێرکۆ بێکەس)یش ساڵانێکی زۆرە شیعر دەنووسێت، بەسەدان کتێبی بەزمانی کوردی و عەرەبی و بەرهەمە وەرگێراوەکانی بیانی لەبوارەکانی مێژوو کۆمەڵگا و ئاین و سیاسەت و شیعر و چیرۆك و رۆمان ... خوێندۆتەوە بێگومان بەهرە و بیری لێهەڵمژیون و لە شیعرەکانی خۆیدا بەکاری هێناون، ئەم دیاردەیە لەلای هەموو شاعیرێك کەموو زۆر هەیە، شاعیر لەئەنجامی گەڕان و سوڕانی خۆی زانیاری وەرگرتووە.

گۆتە دەڵێت: ((هەر کەسێك وابزانێت هەموو بەرهەمەکانی لەتوانای تایبەتی خۆیەوە لە دایکبوون، گێل و نابینایە))(473). شاعیریش سوود لەواقیع و سروشت و بەرهەمە شیعری و کتێبە هەمە جۆرەکان دەبینێت.

نزار قەبانی دەڵێت: ((ئەسپی شیعر هاورێمە سوار چاکیش دۆستایەتی ئەسپ نادۆرێنێت، من باش لە بیری ئەسپەکەم ئەگەم. ناوچەوانی ماچ ئەکەم، ئارەقەی ئەسرم و بەدرێژایی رێگا قسەی بۆ ئەکەم، هەمیشەش مێوژ و بادەم ئەکەم بەدەمیەوە))(474). واتا دەبێ شیعر خزمەت بکرێت و شاعیریش خۆراکی هەمە جۆر وەربگرێت تاوەکو ئیلهامەکانی بەهێز بکات و برەو بە ئەزموونەکانی بدات. لەشوێنێکیتر دا دەڵێت: ((سروشت بەرگری دووپات کردنەوە و سوور خواردن ئەگرێت، بەڵام شیعر ئەوەی بەبەرەوە نیە. زەوی حەوصەڵەی دوودار زەیتوون دوو گوڵە گەنمی لەیەك چووی هەیە، بەڵام هەرگیز لەبوونی دوو شاعیر نابوورێت کە وەك یەك قسە بکەن))(475). بێگومان وەرگرتنی دەقی شیعری وەك خۆی لەلایەن شاعیرانەوە شیاو نییە، بەڵام بە هەڵشێلان و دەست کاری کردن و ئیحا وەرگرتن شاعیران دەتوانن سوود لە یەکتری وەربگرن.

شێرکۆ بێکەس لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لەرێی زمانی عەرەبی ئەو بابەتانەی وەرگێراو بوون خوێندۆتەوە، ئەم شیعرانەم پێخۆشتر بووە لە ئازادییەوە نزیك بوون، بۆ نموونە نازم حیکمەت پاپلۆ نیرۆدا لۆرکا واتیزمەن تەئسیری بەسەر منەوە هەبووە. شاعیرانی فەلەستین لەوانە محمود دەروێش، سەمیح قاسم، لەزمانی کوردیدا ئەوەی پێ ی موعجیب بووم برایم ئەحمەد علائەدین سەجادی، هێمن، هەژار، ئەمانە وەك زمان پێیان کاریگەر بووم نەك وەك شاعیر. لەناو شاعیرانی کورد دوو شاعیر شیعریان لا خۆشەویست کردم ئەوانەش گۆران و هەردی بوون، چونکە زمان و هەست و نەستی وان زۆر نزیك بوون بۆمن ، چونکە لە حوجرە نەم خوێند بوو زمانی گۆران لام خۆشتر بوو))(476). بەم جۆرە دەبینین شاعیری لێهاتوو و بەئەزموون ئەوەیە کە وەکو هەنگ لەنێو گوڵزاردا گەشت بکات و هەر گوڵێکی جوان و قەشنگ بوو بەسەریەوە بنیشێتەوە و شیلەی بمژێت و لەم شیلە جۆراو جۆرانە هەنگوینی شیعرمان پێشکەش بکات، هەنگوینێ کەتامی جۆراو جۆر بەخۆیەوە ببینێت.

سەرچاوەکانی وێنەی هونەری بەپێی خودی و بابەتی دابەش دەبن بەدوو بەش:-

سەرچاوەی خودی

سەرچاوەی بابەتی

# 1 -سەرچاوەی خودی

هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە شاعیر خۆی دایهێناون و پەیوەندی نوێی لەنێوان شتەکان دروست کردووە، وێنەیەکە لەنێو منداڵ دانی بەهرە و ئیلهامی شاعیر لەدایك بووەو، پێشتر هیچ شاعیرێکی تر پەی بەم وێنەیە نەبردووە.

کەواتە (( مەبەست لەسەرچاوەی خودی، تێروانینی تایبەتی شاعیرە بۆ ئەزموونەکان، لەبەر ئەوەشە گرنگی ئەرکی شاعیر بەوە دیاری دەکرێت، کەتا چ رادەیەك ئەزموونە دەرەکیەکان بۆ ئەزموونی ناوەکی (یان شیعری)وەردەگێرێت))(477). بەپێی بیر و راو بەهرەی خۆی مەزەندەیان دەکات و، وێنەی شیعرییان لێدروست دەکات ((پارچە شیعری سەرکەوتوو ئەبێ بێ هاوتا بێت، واتا ئەبێ نەلەوەوبەر و نەلەوەودوا شیعرێکی تر هەبێت کە بچێتەوە سەری))(478).

لێرەوە ئەفراندن و توانا و داهێنانی شاعیر بەدەردەکەوێت، شاعیر تا چەند بتوانێت وێنەی جوان و ناسك و بەرزو تەزو بەخش و خودی دروست بکات و، پەیوەندی نوێ لەنێوان شتەکان بدۆزێتەوە ئەوەندە سەرکەوتوو دەبێت و، لەکاروانی ئەفراندن دانابرێت و بەرەو لوتکە دەچێت.

(( هەر ئەزموونێکیش وێنەیەکی نوێ بخاتە روو بە سەرچاوەیەکی خودی لەقەڵەم دەدرێت))(479). شاعیریش کاتێك وێنەیەکی نوێی دۆزییەوە تەنها لەم شیعرەی کە بەکاری هێناوە بچەسپێت ، لەشیعرەکانی تری هەمان وێنە خودییەکە دووبارە و چەند بارە نەکاتەوە، بەڵکو هەوڵ بدات  وێنەی خودی تر بدۆزێتەوە، دۆزینەوەی وێنەی خودی قەت تەواو نابێت شاعیری بەهرەدار هەمیشە دەتوانێت وێنەی خودی نوێ بدۆزێتەوە. لەم بارەیەوە نزار قەبانی دەڵێت:- ((من لەسەر قەراغی کاغەزەکە دادەنیشم چاوەروانی ماسی تازەی رەنگاو رەنگ و جۆرا و جۆر فرە قەبارە ئەکەم. بەلاّم ئەو ماسیانەی کە راوم کردوون و خستوومەتە ناو سەبەتەوە ئەوانە سەرنجم راناکێشن، چونکە هەوێنی سەرسامی و هەژانیان تیا نەماوە ))(480). کەواتە شاعیر دەبێت خۆی بەدووربگرێت لەو وێنە خودیانەی کە دۆزیویەتەوە و یەك جار بەکاریان بهێنێت و هەمیشە قولاب بۆ ئەو ماسیانە فرێ بدات کە هێشتا نەیگرتوون با ماندوو بوونی زۆرتری بووێت، چونکە دۆزینەوەییەك وێنەی خودی نوێ باشترە لەدەیان وێنەی بەکارهاتووی پێشتر.

شێرکۆ بێکەس لەم بوارەدا وەستایی خۆی نواندووە و بە سەدان وێنەی خودی دۆزیووەتەوە و گەیشتۆتە ترۆپکی باسەکان لەوێنەیەکی خودیدا دەڵێت:

سەرت لەناو نامۆییدا بەلەمێکی سەرگەردانە
دەستەکانت سەوڵی شکاو
وەکو و پایز ئێوارەی تەنیاییت تەڕەو
یادگاری لێ ئەچۆڕێ و
خەیاڵیش زەردەی هەتاو(481).

لەم پارچە شیعرەدا وێنەکان خودین و خۆی دروستی کردوون، مرۆڤێکی نامۆ و سەرشێواو پەژارەداری بەبەلەمێکی سەرگەردان چواندووە، کە نەزانێت بەرەو کوێ دەچێت و لەچ کەنارێکدا ئارام دەگرێت، دەستەکانیشی سەوڵی شکاون و دەستە پاچە وەستاوە، وەك بەلەمێك کەخۆی بەنێرینەکانی شەپۆلی دەریا بسپێرێت و سەوڵەکانی شکاو بن.

وێنەکان:-

سەر: لێچووە
بەلەم: لەوچووە
دەست: لێچووە
سەوڵی شکاو: لەوچووە

لەگوتەی ((تەنیایت تەڕەو یادگاری لێئەچۆڕێتەوە)) وێنەی بەتەن کردنە. (خەیاڵیش زەردەی هەتاو) وێنەی بەتەن کردنە، وێنەیەکی جوڵاوە.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:-

من سەرەتا چاوم بەخشی بەگەوەی شاخ
شاخیش کردی بەزنەی خۆی
من سەرەتا چاوم بەخشی بەدارستان
ئەویش کردی بەخەونی خۆی(482).

شاعیر وێنەیەکی خودی جوانی دروست کردووە و دووجار چاوەکانی بەخشیوە کەچاو تروسکایی ژیانە و ئەندامێکی خۆشەویستی لەشی مرۆڤە، سەرەتا شاعیر چاوی بەخشیوە بەگەوەی شاخ (پێچی شاخ) گەوەش کردوویەتی بەزنەی خۆی، چاو فرمێسکی لێدەچۆڕێتەوە زنە و کانیش ئاو، بۆ جاری دووەم چاوەکانی بەخشیووە بەدارستان دارستانیش کردوونیەتی بەخەونی خۆی. شیعرەکەش لەسەر شێوازی بەکەس کردن وێنەکانی بەرهەم هاتوون.

لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

ئێستە ڕۆحم قاقڕێکە خۆڵی سووری تیا ئەبارێ
تۆزێکی وورد کەتیرەیی ئەملکێنێ بەغوربەتێکی تازەوە
بەتۆرێکی هەزار پرسیاری تازەوە(483).

شاعیر ڕۆحی خۆی بەبیابانێکی وشك چواندووە بەتەنی کردووە و بارستەیەکی بۆ ڕۆحی پەیدا کردووە، ئەم بیابانەش خۆڵ و غوباری سووری تیا ئەبارێت و کەتیرەی بەغوربەتێکی تازەوە ئەلکێنێت بە توترکی هەزار پرسیاری تازەوە، پرسیاری بەتەن کردووە و لەشێوەی توترك نیشانی داوە.

بەم شێوەیە شاعیر بەسەدان وێنەی جوان و قەشەنگی دروست کردووە، کەتەنها لەلای ئەوئەم وێنانە هەن و خۆی دروست کەری ئەم وێنانەیە و خۆی هێناویەتیە ناو دونیای شیعر و لەنێو منداڵدانی خەیاڵ و ئیلهامی شاعیرەوە لەدایك بووین، بەخوێنی ئەو فرچکیان گرتووە و گەشەیان کردووە.

لەوێنەیەکی تردا دەڵێت:
پایز ماینێك بوو زەرد باو
یاڵ پەمەیی
دوای حیلەیەك، سەروکەللەی
بوو بە چراو
دووباڵی گەورەی لێروا هەر ئەوەندە و بەرز بۆە و
لەگەوەکانی هەڵدێرێك دا
لەچاو ون بوو!(484)

شاعیر وەسفێکی جوانی وەرزی پایزی کردووە، پایزی بەماینێکی زەرد باوی یاڵ پەمەیی چواندووە، حیلاندی ماینەکە بۆگرم و ، هۆری هەورە تریشقە خواستراوە کاتێك ئەم ماینە سەری گەرم بووە، و دووباڵی لێرسکاوە و وێنەیەکی بەرجەستەکراوەکە وەرزی پایز بووە بەماینێکی زەرد و دەحیلێنێت کەواتە وێنەکانیش بە هەستی بینین و بیستن وەردەگیرێن بەم شێوەیە شاعیر وێنەیەکی خودی جوانی دروست کردووە، چونکە بەر لەم وێنەیە لە شیعرە هیچ شاعیرێکی تر نەمانبینیوە کە وەرزی پایز بە ماینێکی زەرد باوی یاڵ پەمەیی چوێندرابێت.

# ب- سەرچاوەی بابەتی

سەرچاوەی بابەتی جگە لە سەرچاوەی خودی هەموو ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە کە شاعیر وێنەکانی خۆی لێ هەڵدەهێنجێت. سەرچاوەی بابەتیش پانتایەکی زۆر فراوان دەگرێتەوە، چونکە سەرچاوەی خۆماڵی بە هەموو جۆرەکانی و سەرچاوەی بیانی بەگشت لقەکانی دەگرێتەوە لەکەلتوور و شیعری شاعیران و فۆلکلۆر و حیکایەت و ئەفسانە و داستان و مێژوو و پەند و قسەی نەستەق. واتە هەرچی بەرهەمی مرۆڤایەتی هەیە دەتوانرێت بەسەرچاوەیەك لەسەرچاوە بابەتیەکان بژمێردرێت، کە شاعیر بەپێی زەمینەی رۆشنبیری خۆی پەیپێ ببات و وێنەیەکی قەشەنگیان لێ دروست بکات سەرچاوەی بابەتیش دابەش دەبێت بۆ:

## 1 - سەرچاوەی خۆماڵی:

هەموو سەرچاوە بابەتیەکانی گەلی کورد دەگرێتەوە، لەکەلەپوور و مێژوو و فۆلکلۆر و شیعری شاعیران و وتار و داب و نەریت ... هتد.

### 1 - سەرچاوەی ئەدەبی پێشین:

هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبیە نووسراوە کوردیانە دەگرێتەوە کە لەپێش ئەوەی شاعیر وێنەکانی خۆی دروست بکات هەبوونە، وەك کەرەستەیەکی بەنرخ لەبەر دەستی شاعیر دابوون و خوێندویەتیەوە یا گوێبیستیان بووە. لەو خوێندنەوەیە رەوتی پێشکەوتنی ئەدەبەکەی بۆ دەردەکەوێت و شاعیریش کاتێك بەرهەمە ئەدەبیەکان دەخوێنێتەوە بیر و بەهرەیان لێ هەڵدەمژێت، لە نێو بەرهەمەکانیدا رەنگ دەداتەوە، چونکە شیعری شاعیرە دێرینەکان سەرچاوەیەکی گرینگ و کاریگەریەکی زۆری هەیە، لەسەر دروست کردنی شیعری نوێ، بەڵام ئەم کاریگەریەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆرێت. شاعیر ناتوانێت واز لە شیعری کۆن بهێنێت و پشتی تێبکات، چونکە شیعری دێرین بناغەی ئەدەبیاتە هەر سەردەمەش چینێکی تری خستۆتە سەر ئەم بناغەیە، شاعیری نوێخواز دەتوانێت بە بیری نوێ و سەردەمیانە سوود لەبەرهەمە کۆنەکان وەربگرێت.((شوێن و فەترەیەکی زەمەنی هەر

میللەتێك وەربگرین، ئەو فەترە زەمەنیە لە خۆڕا ناڕوات، بەڵکو دەبێت بە مێژوو و شتی لێدروست دەبێت))(485)لە شیعر و پەخشان و ڕووداوی مێژوویی، گۆڕانی کۆمەڵگا..هتد. ئەمانەش بەسەر یەك کەڵەکە دەبن، و دەبنە کەرەستەیەکی زۆر و دەوڵەمەند بۆ نووسەران.

((هیچ شاعیرێك نابینیت توانیبێتی شاعیرێکی باش بێت، بەبێ ئەوەی گرنگی بەئەدەبی ڕابردوو نەدابێت))(486)، چونکە شاعیر لە ئەنجامی خوێندنەوە و خۆماندوو کردن بەهرە و تواناکانی فراوان دەبێت، وای لێدێت کە زیاتر دەسەڵاتی بەسەر نووسیندا بشکێت.((شاعیر ناتوانێت واز لە ڕۆشنبیری کۆن بهێنێت، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر وێنەی ڕابردووی پیت بەپیت بگوازێتەوە، بەڵکو شاعیری چاك دەتوانێت سوود لە ڕابردوو وەربگرێت و بەشێوازی خۆی دایبڕێژێتەوە))(487)و سەردەمیانە بیگونجێنێت((واتە پشت بەستن بە ئەزموونی شاعیرانی پێشوو ڕەوایە بەمەرجێك لاساییکردنەوەی تێدانەبێت، بەڵکو هەوڵێکی نوێ بێت بۆ داهێنان))(488)دیارە کە دەڵێین ئەدەبی پێشین تەنیا ئەدەبی کۆنی کوردی ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو شیعرانەی کە لەپێش شیعرەکەی شاعیر نووسراونەتەوە زۆرجار لە هەمان سەردەمدا شاعیرێك وێنەییەکی جوان دەکێشێت، ئەم وێنەیە کار لە شاعیرێکی تر دەکات و ئەویش بە کاریگەری وێنەکە وێنەیەکی جوان و ڕازەوە دەکێشێت. شاعیری نوێخواز ئەو شاعیرەیەکە بتوانێت ئیحا لە وێنە کۆنەکان وەربگرێت و ئەو وێنانە بدۆزێتەوە کە دەکەونە پشت وێنەکانەوە و داهێنانیان تێدا بنوێنێت.

شێرکۆ بێکەس جگە لە ئەدەبیاتی گەلانی دەوروبەر و جیهان، لە نێو ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیدا قاڵ بۆتەوەو زۆربەی دیوانە شیعرییەکانی پێش خۆیی و سەردەمی خۆی خوێندۆتەوە بۆیە شتێکی ئاساییە کە چەند وێنەیەك پەڕیبێتە نێو شیعرەکانیەوە، چونکە شاعیر بە هەزارەها وێنەی خۆی هێناوەتە دونیای شیعر و لەسەر ئاستی شاعیرانی کورد زۆرترین بەرهەمی شیعری پێشکەش کردووە، و زیاتر لە سی نامیلکە و دیوانە شیعری بڵاو کردۆتەوە ئەو وێنانەی شاعیر وەریگرتوون زۆربەیان بەدەستکارییەوە و ڕەهەندی تری پێبەخشیون، لەبەر ئامێزی وێنەیەکی وەرگیراو وێنەیەکی تر لەدایك بووە، شاعیر ئەگەر گوڵێکی سووری لەباخچەی شاعیرێکی تر چنیبێت ئەوا ئەو گوڵە سوورەمان بە گوڵی مۆر نیشان دەدات، ئەگەر گوڵێکی سپی چنیبێت ئەوا بە گوڵێکی شین یان زەرد نیشانمان دەدات، زۆرجاریش دەبینین هەمان ئەو گوڵە سوورەی باخچەی شاعیرێکە هێناویەتی ڕەنگی نەگۆڕیووە، بەڵام کاتێك کە بۆنی دەکەین دەبینین بۆنی ئەم گوڵە سوورە گۆڕاوە و جۆرە بۆنێکی تری لێدێت، چونکە هەموو گوڵێکی سوور هەمان بۆنیان نیە ئێمەش دێر بەدێر و وێنە بەوێنە هەردوو

دەقەکان دەخەینە ڕوو دەمەتەقەیان پێدەکەین بۆ ئەوەی خۆیان بدوێن و ڕەنگ و ڕووی یەکتری پیشان بدەن.

نالی دەڵێت:

کانی دەزێن بەئاو و، درەخت ئاوسن بەبا

شایی بەهارە، بولبولە داماد و خونچە بوك(489)

نالی وەسفێکی قەشەنگی کردووە، کانی کاتێك لێوان لێو ئاوی پیا دەڕوات و ئاو کە بەرهەمیەتی و دەزێت، بای داراوس لەسەرەتای بەهاردا دێت و ئەو کاتەش درەخت ئاوی پیا دەگەڕێت و پۆقژە و گۆپکەو چرۆکان خۆئامادە دەکەن بۆسەر دەربرین‌و پشکوتن. نالی بەهارشایی دەگێرێ، بولبولی کردوو بەزاوا خونچەشی کردووە بە بووك و، تەقینەوەی کانی و ئاوی زۆر پیا هاتنیشی کردووە بە منالەکەی کە ئەیبێت. پێنج وێنەی دروست کردووە وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە، وێنەکان لەسەر بنەمای خواستنی درکاو بنیات نراون. شێرکۆ بێکەس بەو پێودانگە ئیلهام لەو شیعرەی نالی وەردەگرێت و ئەم وێنەیە دەکێشێت:

ئەو دەمەی کە شایی گریانە

تەدارەك لەتارای ئەم شیعرە و

گەردانەی ئەم تەمە

ئەو وەختەی کە مەرگم بووکمەو

کە ژەهریش شاباشی جیهانە(490)

نالی بەهار بەشایی دەگێرێت، بەڵام شێرکۆ بێکەس گریان دەکات بە شایی، شیعر دەکات بەتارا و تەم دەکات بەگەردانە و مەرگ دەکات بە بووك و ژەهریش شاباشی جیهانە، لە شیعرەکەی نالییدا بەهار شاییە و بولبول زاوایە و خونچە بووکە وێنەیەکی گەشبینیە و باس لە شادی و خۆشی دەکات، شیعرەکەی نالی شاییەکە، بەڵام شاباشی تێدا نیە. ئەوەی شێرکۆ بێکەس ڕەشبینیە و شایی گریانە و مەرگ بووکە و ژەهریش شاباشە.

بەم شێوەیە شێرکۆ بێکەس لەسەر بنەمای ئەم دێرە شیعرەی نالی وێنەیەکی پێچەوانەی دروست کردووە، ڕووی گەشبینی لێوەرگێراوە و سەرلەنوێ هەڵیشێلاوە و لە قاڵبی ڕەشبینیدا دایڕشتۆتەوە.

مەحوی دەڵێت:

له پاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاهو هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، مەن بەرقی تێ دەگرم(491)

شاعیر دەڵێت لە تۆڵە کردنەوەی قسەی سارد و ناخۆشی، ئاهو هەناسەی گەرمم هەیە، کەسێکیش شێتانە بەردم تێگرێت منیش وەك هەورە بروسکە بەرقی تێدەگرم. بێگومان (بەرق) لەئەنجامی تەزووی سارد و گەرم دروست دەبێت کاتێك کە بەریەك دەکەون بڵێسە و بەرقو رووناکی دروست دەبێت، شاعیریش لەپاداشتی قسەی سارددا هەناسە و ئاهی گەرمی هەیە. کەسێکیش شێتانە و گێلە شێوێنانە بەردی تێبگرێت ئەوا لەلای شاعیر قسە ساردەکان تێکەڵ بە هەناسەی گەرمی دەبێت و بەرقی لێدروست دەبێت و ئەم بەرقەش کاریگەر و سوتێنەرەو رووبەرووی ناحەزەکانی دەکاتەوە.

شێرکۆ بێکەس لە کۆپلەیەکی (دەربەندی پەپوولە) ئیحا لەم وێنەیە وەردەگرێت، ئەم وێنەیەی پێ بنیات دەنێت و دەڵێت:

نازانن هەر بەردێ تێم ئەگرن
ئەوانیش لە بنەما ئەبنەوە بە ژووری
پڕ گەرا بۆ شیعرم؟!...(492)

شاعیر لەسەر بنەمای ئەم دێڕە شیعرەی مەحوی ئەم کۆپلەیەی داناوە شاعیر کاتێك بەردی تێدەگرن بەرقیان تێناگرێت، بەڵکو ڕق دایدەگرێت و ئەم ڕقانەش دەبن بە گەرا بۆ نووسینی شیعر و بەرپەرچ دانەویان ئەم بەرد تێگرتن و ورژاندنانە دەبنە گەرا بۆ شیعرەکانی، بە شێوەیەکی ناراستەخۆ شاعیر بەر پەرچیان دەداتەوە بەرقیان تێدەگرێت.

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە(493)

شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیە دەکێشێت:

چەك قەڵەم دوانەی خەباتی هاوژینم
لە چاویانا ڕێی ئازادی ئەبینم(494)

حاجی قادر داوای هێزدەکات داوای چەك دەکات داوای خەبات دەکات، چونکە خەبات و ڕۆشنبیری چەك و قەڵەم دەبێت شانبەشانی یەکتری بڕۆن بۆ ڕزگارکردنی میللەت.

شێرکۆ بێکەس لە وێنەکەیدا وەك حاجی قادر هەستی خۆی دەربڕیوە، بەڵام گەشبینانە تر دەڕوانێت، چونکە چەك و قەڵەم شان بەشانی یەکتری بەڕێوەن ڕێی ئازادی و ڕووناکی دیارە دەیبینێت. حاجی قادر ئاماژە بە(شیر) دەکات شێرکۆ بێکەس ئاماژە بە(چەك) هەردووکیان هێزی بەرگرین. وا ڕێکەوتووە دێرە شیعرەکەی حاجی قادر بە کێشی پەنجە هەر نیوە دێرەی(11) بڕگەیە و لەهەمان کاتدا بەپێی کێشی عەروزی کێشی هەزەجی شەشی محزوفە، ئەوەی شێرکۆ بێکەسیش هەرنیوە دێرەی(11) بڕگەیە.

شێخ نووری شێخ صاڵح دەڵێت:

دایگرن توخوا فڕێیدەن بیخەنە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕوون ئەنێنە ناو شەوی دەیجوورەوە(495)

شێرکۆ بێکەس لە دیوانی کورسیدا ئەو وێنەیە دەکێشێت و دەڵێێت:

لەسەرجادەی سابونکەران، سی چل ژنە قەلەڕەشکە
ئاگرێکی گەورەیان کردبۆوە و یەك لەدوای یەك، عەباو
حیجاب و پارتیۆ و مانتۆ کانیان لەبەر خۆیان داکەندو
هەر هەموویان فڕدایە ناو ئاگرەوە هەتا تەواو سووتان.(496)

شێخ نوری شێخ صاڵح تکا دەکات، کە ئافرەت حیجابەکانیان بسوتێنن و فڕێی دەنە تەندوورەوە، چونکە قژ ڕۆژی ڕووناکە بۆ سەر، بۆچی بخرێتە ناو تاریکە شەوەوە، شێرکۆ بێکەس لەسەر بنەمای ئەم دێرە شیعرە ئەم کۆپلەیەی نووسیوە، بەڵام لە شێوەی وێنەی کورتیلە چیرۆك شیعرەکەی نووسیوە، کە لەسەر جادەی سابونکەران سی چل ژن کۆبونەوەتەوە و ئاگرێکی گەورەیان کردۆتەوە، یەك لەدواییەك عەبا و حیجاب و پارتیۆ و مانتۆکانیان لەبەر خۆیان داکەندووە سووتاندوویانە، ئەمە وێنەیەکی کورتیللە چیرۆکیە.

فایق بێکەس لە شیعری ئەی مانگدا بەم جۆرە وێنەی مانگ دەکێشێت:

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتارییەك ئاهی سەردین(497)

شاعیر رووده‌کاته مانگ و غەم و هەستەکانی خۆی دەخاتە پاڵ مانگ و هاوغەمێك بۆ خۆی پەیدا دەکات، هەردووکیان گرفتارییەك ئاهی ساردن.

شێرکۆ بێکەس لە درامای سێ ژنە قەتێدا، ئەم وێنەیە دەکێشێت:

ژنەقەتی(1) ئەی هاودەردی ئاسمان ئەڵێی ئەتەوێ
برۆی خۆجارێ زووە بۆ کوێ؟!(498)

کاتێك ژنە قەتێ مانگ ئەدوێنێت پێی دەڵێت(ئەی هاودەردی ئاسمان) واتە تۆ لەگەڵ هات و نەهاتی ئاسمانی جارێ مەرۆ زووە. زانیاری زیاترمان بدەرێ لەسەر ئەنفالەکان فایق بێکەس خۆی بۆ مانگ دەکات، بەهاو دەردی ئاسمان، بەڵام شێرکۆ بێکەس مانگ و ئاسمان دەکات بەهاودەردی یەکتر.

فایق بێکەس لە شیعری داری ئازادیدا دەڵێت:

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ(499)

بیرۆکەی بە خوێن ئاودانی داری ئازادی بۆ ئەوەی بەربگرێت، لەم کۆپلە شیعرەی (شێرکۆ بێکەس)دا رەنگی داوەتەوە ئەم وێنەیەی پێ کێشاوەو دەڵێت:

بەڵام رەگی تینوو ئەڵێ:
من لە ئێوە خوێنم ئەوێ
چاوم ئەوێ، گیانم ئەوێ
هەستم ئەوێ..
مێشکم ئەوێ دەستم ئەوێ(500)

شاعیر لەبەر ئامێزی شیعرەکەی بێکەسدا ئەمەی نووسیوە، لە شیعرەکەی بێکەسدا دار خوێنی دەوێت، بەڵام لەوەی شێرکۆ بێکەسدا رەگی تینو و خوێنی ئەوێ، لەوەش تێپەری دەکات، کە تەنها خوێنی بووێت، بەڵکو چاوی ئەوێت، گیانی ئەوێت، هەستی ئەوێت مێشکی ئەوێت، دەستی دەوێت، داواکارییەکانی شێرکۆ بێکەس کە هەموو ئەو شتانەی ئەوێت بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. کەواتە شێرکۆ بێکەس توانیویەتی شیعرەکە فراوان تر بکات و رەهەند و مەغزای تری پێببەخشێت.

شێرکۆ بێکەس لە شیعری (دیاری ئەم جارە) کە وەسفی کۆگایەکی فرۆشتنی شت ومەکی کەمالیاتی کچان دەکات، شێوازی دەربڕینەکان زۆر لە شیعری(شەوێك لە عەبدولا)ی گۆران نزیکە لەچەند وێنەیکدا.

گۆران دەڵێت:

(هۆڵ) زۆر گەورە ئێجگار رووناك
هەموو شت جوان، هەموو شت پاك (501)
شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
..کۆگا جوانە
هۆڵی خاوێن، فراوانە
بابەتی ئەتکێتی تازە
بەشی زۆری بۆ کچانە (502)

شێرکۆ بێکەس بە شێوەکی تر ئەم وێنەیەی هەڵشێلاوە بەبەکار هێنانی مورادیفی چەند وشەیەك لەبەرامبەر وشەکانی گۆران وشەی (گەورە، پاك) بەکارهێناوە، لە وەسفی هۆڵەکەدا شێرکۆ بێکەسیش وشەی (فراوان) و (خاوێن)ی بەکار هێناوە. وێنەی هەردوو شاعیر لە سەر بنەمای وەسف بنیات نراون، گۆران پاش ئەوەی وەسفی هۆڵەکە و دیمەنە جوانەکە دەکات لە درەنگانی شەو دەڵێت:

بەلام منی بێگانەی کۆر
شەونشینم لێ نایە زۆر(503)
شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
بۆ کۆری دوور لە دڵخوازە
بۆ دڵداری وەك من غەریب
بانگ کەرێکی دەم بەرازە(504)

(شێرکۆ بێکەس)یش وەك گۆران، لە ئاست جوانی و نایابی شتوومەکەکانی نێو هۆڵەکە و خۆی بە دڵدارێکی غەریب لەقەڵەم دەدات، وەك چۆن گۆران لە هۆڵی "عەبدوڵلا" دا خۆی

بە بێگانەی کۆڕ داناوە، بەڵام شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیەی (گۆران)ی وەك خۆی وەرنەگرتووە، بەڵکو بۆ مەبەستێکی تر بەکاریهێناوە و مەغزایەکی تازەی پێ بەخشیوە.

گۆران لەشەوێك لە عەبدوڵلا دا لە وەسفی ملوانکەیەکی جوانی کچێك دادەڵێت:

رشتێك مرواری داناوە
مایەی رەشکە و پشکەی چاوە!(505)

شێرکۆ بێکەسیش لەم هۆڵە گەورەیە ملوانکەیەکی جوان دەبینێتەوە ملوانکەکە دێتە دووان ئەم وێنەیە دەکێشێت:

ئەو ملوانکەیە پێم ئەڵێ!
بۆ گەردەنی گەلی جوانم(506)

ئەم وێنەیە بە شێوازی بەکەسکردن دروست کراوە، لە هەردوو وێنەکانیشدا جوانیەکی سەرنجراکێش لە ملوانکەکان بینراوە، لە وێنەییەکەم ملوانکەکە لە ملی کچێك دابووە، بەڵام لە وێنەی شێرکۆ بێکەسدا ملوانکەکە دەخوازێت خۆی لەگەردەنی کچێك بدینێتەوە، ئەم دوو وێنەیە تارادەیەك لێکنزیك دەبنەوە، بەڵام لەچاو دوو وێنەکەی پێشتر خۆیان دوورتر دەگرن، زۆر لێك نزیك نین هەریەکەشیان رەنگ و رووی خۆیان هەیە.

گۆران دەڵێت:

ئیتر لەم چەشنە پرسیار،
یەك لەشوێن یەك بەقەتار
ئەمیان بەخەمان ئەگرێ،
جوابی ئەممان پێ نادرێ(507)

لەم وێنەیەدا شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

هەزار پرسیار، لە شوێن ئەنجام، بۆ تۆ ئەجەنگێ
هەواڵەکان، پەرەژاکاو، سیس و وەری بوون

گۆران کاتێك کە بولبول ئەدوێنێ چەندان پرسیار لەبارەی دەنگی جوانی بولبولەکە و نهێنی ژیان و کەچەندان پرسیار بەقەتار بەکۆمەڵ دەکەین و پرسیارەکانی یەخەمان دەگرن، بەڵام ئێمە وەڵاممان پێنادرێتەوە. شێرکۆ بێکەس لەجیاتی ئەو هەموو پرسیارە قەتار بە سوودەی گۆران بەکاری هێناوە، ئەم رێژەکە دیاری دەکات و بەهەزار پرسیار وەك گۆران ئەمیش، وەڵامی ئەو هەزار پرسیارەی پێنادرێتەوە، چونکە هەواڵەکان پەشۆکاو سیس و

وەریون گەش و گوڵ و ڕوون نین، شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیەی بە شێوەیکی تر دەربڕیوە جارێك (هەواڵەکان)ی پەڕەژاکاو کردووە جارێکی تریش وەرینی پێداون کە بەشێوازی بەتەن کرن وێنەکە دروست کراوە. لەهەمان کاتیش شێوازی هەست گۆڕکێیە، چونکە هەواڵ دەبیسترێت، بەڵام پەشۆکاو سیس بوون و وەرین بەچاو دەبینرێن.

گۆران لە شیعری (خۆزگەم بەپار)دا دەڵێت:

خۆزگەم بەساڵی ڕابردوو،
عومری کورتی دڵداریم بوو،
لەپڕ هات و لەناکاو چوو..
یەك پڕ بە دنیا ئارەزوو،
دەریایەك تاسە ئەمە دوو،
جێ ماوم لە یاری مردوو!...(508)

شێرکۆ بێکەس لە شیعری(گیانە)دا وێنەیەکی ڕابردووی خۆیمان بۆ دەکێشێت

بەهاری پاربوو کەخۆشی
خۆشەویستی بەمن نۆشیی
بۆیە تەنها بەهاری پار
ئەکەم بەدیاری یادگار(509)

گۆران خۆزگە بەساڵی ڕابردوو دەخوازێت، کە عومری کورتی دڵداری بووەو زۆر زوو تێپەڕیوە، هەر خۆزگەی بۆ دەخوازێت، چونکە لەنێو یادگارییەکانی پار جێ ماوە ناتوانێت لەبیری بکات. (شێرکۆ بێکەس)یش لە وێنەکەیدا خۆزگە بەبەهاری ڕابردوو دەخوازێت، کە خۆشی پێبەخشیوە لە نیو هەموو بەهارە ڕابردووەکان، تەنها بەهاری پار دەکاتە یادگار و لەبیری ناچێتەوە. گۆران خۆزگە بۆ ساڵی پار دەخوازێت بە هەرچوار وەرزەکانیەوە، چونکە دڵدارییەکی لە نێوان چوار وەرزەکان دابووە، بەڵام شێرکۆ بێکەس تەنها بۆ بەهاری پار خۆزگە دەخوازێت نەك بۆ هەموو وەرزەکان ئەم وێنەیەی شێرکۆ بێکەس، لە نێومنداڵدانی وێنەکەی گۆران لەدایك بووە.

لە شیعری گۆران "بۆ جوانی سەرەڕێ"دا وێنەی جوانەکەی خۆی و هەموو جوانەکانی تر لە ملوانکەی شیعردا دەکێشێت و دەڵێت:

تۆش لەگەڵ هەرجوانێك ئەبینم تا ئەمرم،
ئەبیتە مرواری بۆ ملوانکەی شیعرم !...(510)

شێرکۆ بێکەس لە شیعری "لەیادیا"دا هەمان ملوانکە لە گۆران وەردەگرێت و ئەم وێنەیە دەکێشێت:

بە گوێیەکا ئەچرپێنن
شیعری "گۆران" ئەخوێننەوە
لەو وشانە ملوانکەی ژین
بۆ کردگار ئەهۆننەوە(511)

گۆران دوای ئەوەی بەجوانی وەسفی بەژن باڵای ئەم کچەمان بۆ دەکات جوانیەکەی لەیاد ناچێتەوە و ئەیکات بە مرواری بۆ ملوانکەی شیعری.

(شێرکۆ بێکەس)یش باس لە خوێندنەوەی شیعری گۆران دەکات، کە چەند ناسك و جوان و بەرزن لەو وشە جوانانەی گۆران ملوانکەی ژین بۆ کردگار ئەهۆنێتەوە، شاعیر لەبەر ئامێزی ئەم شیعرەی گۆران رووی ئەم وێنەیەی بەم شێوە گۆڕیوە.

گۆران لە شیعری "بۆ بولبول" ئەم باڵندەیە دەدوێنێت ودەڵێت:

کام ئاوازە شیرینە
ڕووناکی نەشئەی ژینە..
کام شاخ کە سەخت و بەرزە
بیخەمە بومەلەرزە
کام ئاسمان بێ بنە
ناخی پڕکەم لەشنە.(512)

شاعیر بەدڵێکی خۆش و بەچاوێکی پڕ ڕووناکی لەژیان دەڕوانێت و ئاوازە شیرینەکانی ڕووناکی ژیان و شاخی سەخت دەخاتە بومەلەرزە و ئاسمانی شین و بێکۆتایش ناخی پڕ دەکات لەشنە، بەڵام دوای ئەوەی چەند وێنەیەکیتریش لەم گەشبینیانە دەردەبڕێت، لە دوادوای شیعرەکە ڕەشبینی باڵ بەسەر شاعیر دادەکێشێت و دەڵێت:

ئەی بلبل! هەژار خۆمان،
بێ دەسەڵات، پڕ گومان،

بەدەشتی ژینا وێڵین،
لەو جێگایەی جێی دێڵین،(513)

شێرکۆ بێکەس ئەم بیرۆکە دوور و درێژەی"گۆران" لەوێنەیەکدا چڕ دەکاتەوە و دەڵێت:
کام بەهار زۆر شەنگ و خۆشە
کام ئاواتی دڵ قەشەنگە
کام دنیا پڕ لەخۆشیە
دوور لەڕەنگی ڕەش پۆشییە(514)

شێرکۆ بێکەس وەکو گۆران باسەکان دوورناخاتەوە، ئینجا بڵێت ژیان پڕ لەمەئساتە، بەڵکو دەڵێت ئەوشتە خۆشانەش دوورنین لەڕەش پۆشی و ناخۆشی.
گۆران لە شیعری "شیوەنی گوڵاڵە"دا دەڵێت:
چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم،
چ زوو مردی چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟(515)

شێرکۆ بێکەس لەشیعری"بوکی ناکام"دا ئەم وێنەیە دەکێشێت:
لە گوڵزاری جوانێتیتا شاگوڵ ئەبینرای
بەڵام هەیهات! لەچاو گوم بووی لەگەشە کەوتی(516)

هەردوو شیعرەکە بۆ مردنی کچی جوانەمەرگ نووسراون، گۆران مردنی کچی جوانەمەرگی بە ئەسەفێکەوە دەردەبڕێت، لە دووبارە بوونەوەی "چ زوو مردی" بەدەردەکەوێت. شێرکۆ بێکەس لە وەسفی ئەو کچەدا کە جوان بووە و شای نێو گوڵان بووە، شاعیر وەك گۆران ئەسەف دەخوات و، دەڵێ"هەیهات" لەچاو گووم بووی لەگەشە کەوتی.
گۆران دەڵێت کەوتیتە بن گۆم، شێرکۆ بێکەس دەڵێت لەچاو گوم بووی، لە هەردوو حاڵەتەکەدا بزر بوون و مردنی ئەو جوانە مەرگانەمان نیشان دەدات، بەڵام وێنەکەی گۆران کاریگەرترە، چونکە سۆزی باوکایەتی تیازاوە و شیوەنی بۆکچەکەی خۆیەتی.
گۆران دەڵێت:
پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا

جوانیٚ لەبەژنێکی بەرزا!..(517)
لە شیعری "ئەی دیدە پەری"دا ئەحمەد هەردی دەڵێت:
ئەی دیدە پەری! بەودەمە، بەوکوڵمە گوڵینە
بۆکەس نیە تاسەر ئەوەریٚ ئەم گوڵی ژینە...
نایزانیٚ کەهەر پەنجەییٚ لەم خاکی زەمینە
کوڵمی دەهەزار(لەیل) دەمی سەد(مەم و زین)ە!(518)

شێرکۆ بێکەس لە شیعری "بوکی ناکام"دا بەکاریگەری وێنەی گۆران و هەردی ئەم وێنەیە دەکێشێت:
ئەوەی ئەمرۆ پێی ناز ئەنیٚ بەسەر زەمینا
سبەی لەناو زەمینایەوا لەرزینا(519)

شێرکۆ بێکەس نیوە دێرییەکەمی لەبەر ئامێزی ئەم دێرە شیعرەی گۆران وەرگرتووە، موراديفی وشەیەکی گۆڕیوە گۆران دەڵێت"ئەرز" شێرکۆ دەڵێت"زەمین".نیوە دێری دووەمیشی زادەی هەڵمژینی ئەم دوودێرەی ئەحمەد هەردییە، کە ئاماژەوە بەوە دەکات ئەم خاکو خۆڵەی پێی لەسەر دادەنێین و، جەستە و ئێسقان و مۆخی میلۆنەها شۆرەسوار و نازادر بووە، شێرکۆ بێکەس بیری ئەم دوودێرەی تێکەڵ کردووەو، ئەم دێرەی لێرسکاندووە.
گۆران لە شیعری "لەسەرە مەرگی هیوا"دا لەم دێرەدا دەڵێت:
جارجار وەك بەرقی ئاو بۆزۆر تینوو
دێت و ناشکێنیٚ تاسەر ئارەزوو!..(520)
شێرکۆ بێکەس لە شیعری"بوکی ناکام" کە ئەمیش بۆ مردنی جوانە مەرگێك داناوە، بەناوی "رووناك زوهدی"لەم دێرەدا دەڵێت:
جارجار نەبیٚ لەخەیاڵی یادگاری تۆ
دێت و ئەروا بۆ خەزانی نەوبەهاری تۆ
شێرکۆ بێکەس لەم وێنەدا وشەی(جارجار، دێت) وەکو خۆی دووبارەکردۆتەوە، شاعیر وەك گۆران ئەو جوانە مەرگەی دێتەوە یاد و ئارەزووی ناشکێنێت، چونکە بەهار دەبێت بە پایز هەرچەندە شێرکۆ بێکەس داشێلان و، هەڵشێلانێکی کردووە لە دەربڕینی مەبەستەکەی، بەڵام لەوەش دوور نیە کە لە گۆرانی وەرگرتووە.

گۆران لە شیعری"پایز"دالە دواکۆپلەیدا دەڵێت:

پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،
بگرین.. بگرین.. چاومان نەسڕین
هەرگیز، هەرگیز،
پایز، پایز(521)
گۆران دەڵێت:
تۆیش لەگەڵ هەرجوانێك ئەبینم تا ئەمرم،
ئەبێتە مرواری بۆ ملوانکەی شیعرم...(522)
شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
هەرئەوەندەش لەدەست من دێ لەچاوی شیعرم
هۆن هۆن فرمێسك هەڵڕێژم و هەرگیز نەیسڕم(523)

ئەم دێڕە شیعرەی شێرکۆ بێکەس تێکەڵەیەکە لەو دوو دێڕە شیعرەی گۆران ڕەنگ و بۆنی ئەوانیان لێدێت، شێرکۆ بێکەس لەئاست مردنی ئەم کچە جوانەمەرگە هەرئەوەندەی لەدەست دێ بگریەت و چاویشی نەسڕێت، گۆرانیش لەئاست جوانی کچێکی قەشەنگدا هەرئەوەندەی لەدەست دێت بیکات بەمرواری بۆ ملوانکەی شیعری و لەبیری نەکات. دیارە لەهەردوو شیعرەکەی گۆران و شێرکۆ بێکەسدا گریان هەیە، هەردووکیشیان ئەگرین و چاویان ناسڕن، شێرکۆ بێکەس زۆر بەشێوەیەکی وەستایانە و جوان بیری شیعرەکانی هەڵمژیوە، بە شێوەیەکی وا دایڕشتۆتەوە ئەگەر زۆر بە قوڵی و بەوردی تێیدا ڕانەمێنین مەحاڵە بیانناسینەوە.

هەروەها دەڵێت:
شان و مل و گەردەنی رووتی بێگەرد،
سنگی نەرم و مەکی قوتی توندە وەك بەرد،(524)
گۆران دەڵێت:
پێست پەمەیی لەش نەرم و شل:
نیوەرووتی تەنکی جل،(525)
شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
هەر مەمکێك گرد و قووتی سەغڵەت

هەر پشتێکی نیوەڕووتی شۆخی کەڵەگەت(526)

شێرکۆ بێکەس لە وێنەکەیدا لە وەسفی مەمکی ئەم کچەدا وەکو گۆران دەڵێت "مەمکی قووتی" کەواتە نیوە دێری یەکەم لە دێرە شیعری یەکەمی گۆرانی وەرگرتووە، نیوە دێری دووەمیشی لە دێری دووەم وەرگرتوو بە دەربڕینی"نیوەڕووت"، چونکە ئەم جۆرە دەربڕینە تەنها لە شێوازی گۆران بەدی دەکرێت.

پێش گۆران لە شیعری شاعیرانی کورد بۆ ئافرەتی ئاڵ و واڵا و باڵا بەرز و جوان"نیوەڕووت" بەکارنەهاتووە، بەڵام لەسەر ئاستی دێرە شیعرەکە گۆڕانکاری لەوێنەکە کراوە.

گۆران لەم وێنەیەدا دەڵێت:

بەرەوتی کەو، لەنجەی تاوس و قومری
گورج گورج جوان جوان ئەهات و جادەی ئەبڕی(527)

هەروەها دەڵێت:

پێستی سپی بە خوێنی گەش مەیلەو ئاڵ
کوڵمی قەڵەو، چەناگەی ناوەڕاست چاڵ(528)

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

هەر بینینی ڕەوتێکی گورج، لەشێکی خڕپن
هەر بینینی پێستێکی ئاڵ، کوڵمێکی خڕپن(529)

شێرکۆ بێکەس لەم وێنەیەدا لە وەسفی ڕۆیشتنی کچێك، وەکو گۆران وەسفەکە دەکات، بە دەربڕینی(ڕەوتێکی گورج )کە خێرایی و تیژ تێدەپەڕێت ئەم کچە جوان و خڕپنەمان بۆ دەردەخات. لەنیوەدێری دووەمیشدا لەوەسفی پێستەی ئەم کچە وەکو گۆران دەڵێت"پێستێکی ئاڵ"شێرکۆ بێکەس لەم دێرە شیعرەیدا وەسفێکی جوانی کچێکمان بۆ دەکات، وەسفی بەژن باڵایەکی خڕپن و گۆشتن دەکات، کوڵمیشی خڕ و خڕپن و پێستێکی ئاڵ، پێستی ئاڵ جۆرە ناسکیەك و جوانیەکی تێدایە کە پێستێکی سپیە و کەمێك ئاڵە، ئەمەش سیمای جوانی ئەم ئافرەتەمان بۆ دەردەخات.

گۆران لە شیعری"بۆ بولبول" دا وێنەی پیشەی خۆیمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

منیش لای خۆم هەمیشە
شیعرم کردووە بەپیشە(530)

(شێركۆ بێكەس) بەكاریگەری وێنەكەی گۆران وێنەی پەری خەیاڵی خۆیمان بۆ دەكێشێت و دەڵێت:

پەری خەیاڵی هەمیشەم
خوای دڵداری تازە پیشەم(531)

گۆران سەوداسەر و عەشقی جوانی بووە، شیعریش بەشێك بووە لە ژیانی، كردوویەتی بە پیشەیەك كە تادوا هەناسەی ژیانی وازی لەشیعر نووسین نەهێناوە هەر بەردەوام بووە.
شێركۆ بێكەس بە شێوەیەكی تر هەمان هەست دەردەبڕێت ناوی شیعر ناهێنێت پەری خەیاڵی هەمیشەیی خوای دڵداری تازە پیشەیەتی، شێركۆ بێكەس مەبەستی لەخوای دڵداری تازە پیشەی هەر شیعر بووە، چونكە ئەو شیعرەی لەیەكەم دیوانی "تریفەی هەڵبەست" كە ئەو كاتە شیعر نووسین تازە بووە بە پیشەی ئیتر تا ئێستاش، لەگەڵ ئەم پیشەیە بەردەوامە.
گۆران دەڵێت:

دەركەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین..
پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین(532)

شێركۆ بێكەس وێنەی ئاسمانی شینمان بۆ دەكێشێت و، كە هەموو شینێكی تیا بەدی دەكات و دەڵێت:

پەنام بۆ خوای جوانی ئەبرد
بۆ قوبەی شینایی ئاسمان(533)

گۆران دەخوازێت هیوا و ئاواتەكانی و خەونەكانی پرشنگدارتر بن لە ئەستێرەی قوبەی شین و دەرگای بەختەوەری بەروویدا بكرێتەوە. شێركۆ بێكەس پەنا بۆ خوای جوانی دەبات خوای جوانیش هەرجوانی زەردەخەنە دەبەخشێتەوە، پەنای بۆ قوبەی شینایی ئاسمان بردووە. شێركۆ بێكەس هەموو ئاسمان بەشێوەی كەوانەیی و قوبەیەكی شین چواندووە.
گۆران دەڵێت:

عەشقی تۆ، ئەی دایكی خۆم و هاو خوێنم،
هەر لەپشتی باوكا چووە هەوێنم(534)

شێركۆ بێكەس ئەم وێنەیە دەكێشێت و دەڵێت:

ئەوسا ئێمە هێشتا لەناو پشتی باوکا بووین
لەدەروونی غەیبا و دنیای چاو تاریکا بووین(535)

گۆران عەشقی دایك و نیشتمانەکەیەتی، ئەم عاشق بوونەش وە نەبێت تازە روویدا بێت، بەڵکو لەنێو رەگ و ریشەو رەچەڵەکیدا هەبووە، بەرلەوەی لەدایك بووبێت و کە هێشتا لە پشتی باوکی بووە ئەم هەڵگری ئەم عەشقە بووە.

شێرکۆ بێکەس ئەمیش بۆ رابردوویەکی دوور دەگەرێتەوە بۆ رابردووی دەروونی غەیب و دنیای نەهامەتی و تاریك، ئەم تاریکی و نەهامەتیە لە ئێستادا تووشی نەبووە، بەڵکو کە لە پشتی باوکی بووە، ئەم دنیای تاریك بووە، ئەم دنیا تاریکیەش ئەشێ هەرخۆی نەبێت، بەڵکو هەموو میللەتەکەی بێت.

گۆران لە شیعری گەشت لە قەرەداغدا لە و دێرەدا دەڵێت:
وڵاخ رووی ئاوی ئەکرد سمکاری،
ئەپژا بارانی دوور و مرواری!..(536)

شێرکۆ بێکەس بەکاریگەری ئەم وێنەیەی گۆران ئەم وێنەیە دەکێشێت:
ئەرۆیشتن و پریشکی ژێر سمی وڵاخ،
ئەبوونە وردە ئەستێرە و پەرت پەرت ئەبوون(537)

گۆران وەسفێکی جوانی دیمەنی پەرینەوەی ئەو ئەسپانە دەکات، کە بەو رووبارە ئاوەیان داداوە، لەگەڵ شڵپ و هۆری سمەکانیان چەند دڵۆپێ ئاو دەرپەریوە و، لەهەمان کات تیشکی خۆرەتاوە لێی داون و، لە شێوەی بارانی دوور و مرواری پرژاون ئەمە سەرنج وردی گۆرانە لە وردبوونەوەی ئەو چەند دڵۆپە ئاوەی کە بن سمی ئەو وڵاخانە داپرژاون.

شێرکۆ بێکەس بەهەمان شێوەی گۆران بەسەرنجی وردەوە حیسابی بۆ بن سمی وڵاغەکان کردووە، بەڵام ئەم وڵاغانەی کە شێرکۆ بێکەس باسی کردوون، ئەشێ لە وشکانی بن لە شوێنێکی بەردەڵان، لەبەر راکردن و رکێف گوتنی وڵاغەکان ناری بن سمیان وردە ئاگر و بڵێسەی لێبووبێتەوە. شاعیر پریشکی ژێر سمی وڵاخەکانی بەوردە ئەستێرە چواندووە، لە درەوشانەوە و جوانیدا، بەگۆرانکارییەوە سوودی لەم وێنەیەی گۆران وەرگرتووە لێك جیاوازن،

چونکە ئەو وڵاخانەی گۆران باسیان دەکات لە رووبارە ئاویان داوە پریشکە ئاوەکان دوڕ و مرواری بووین، بەڵام ئەو وڵاخانەی شێرکۆ بێکەس باسیان دەکات، بە وشکانی و چەقێن دارۆیشتوون و بەوردە بلێسەی ئەستێرەی چواندووە هەردوو وێنەکە دوو رووی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەیەك بنەچەشن.

گۆران لە شیعری"بۆ هیوای کورم" لەم دێرانەدا دەڵێت:

چی یە، توخوا چ سرێکە وەها مەحکوومی گریانی،
کە تۆ هێشتا لەخەم ناگەی، لە مەعنای گریە نازانی!.
وەلی کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحر و پڕ ئەفسوونە
لەیەك سەرچاوە دوو قەترە، یەکێ لێڵە یەکێ روونە!(538)

شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیە دەکێشێت و دەڵێت:

مەگری ڕەنگە بچکۆڵەکە
ڕەنگی ئاڵی ناو بەیانی
مەگری تۆ لەم ڕۆژگارە تێ ناگەی
تۆ لەمانای خۆر ئاوابوونی بەیانیان
لە دووکەڵی سەفەرناگەی:
بچکۆڵەیت و تۆ چووزانی چەند درێژە کۆچی سوور و
هەناسەکانی ڕێی عەرعەر.(539)

گۆران روو لە کورەکەی خۆی دەکات و، پێی دەڵێت لەبەرچی دەگری تۆ منداڵی تۆ لەغەمەکا نی ژیان و مەئساتەکانی رۆژگار نازانی، تۆ نازانی مانای ژیان چی یە، تۆ هێشتا لەخەم ناگەی، لە دوادوای شیعرەکەش باسی کاروان سەراو کۆچی ژیان دەکات، کۆچێکی پڕ سیحر و ئەفسووناویە و ژیانیش پێکهاتەی خۆشی و ناخۆشیە بیرۆکەی ئەم دوو دێرە شیعرە لە وێنەی(شێرکۆ بێکەس)دا چڕ بۆتەوە شاعیر بەهۆی شێوازی"خواستنی ئاشکرا" ئەم ڕەنگە دەدوێنێ و روو دەکاتە ڕەنگێکی بچووك کە ڕەنگی ئاڵی ناو بەیانییەو ئەم ڕەنگە تازە زاوە و لە بەیانیەکی زوو لە تاڵی خۆرەتاوە هاتووە شاعیر پێی دەڵێ مەگری تۆ لەم ڕۆژگارە تێناگەی تۆ لەمانای خۆرئاوابوونی بەیانیان ناگەی دیارە خۆر ئێوارە ئاوا دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕەنگێك بەساوایی بمرێت و، بەجوانە مەرگی سەربنێتەوە ئەوا لەبەیانیان دەمرێت، شاعیر

لەگەڵ ڕەنگی ئاڵی بەیانی دەدوێت، دیسان پێی دەڵێ تۆ لە دووکەڵی سەفەر ناگەی. شێرکۆ بێکەس بە دەربڕینی گوتەی"تۆ چوزانی چەند درێژە کۆچی سوور" ئەو دێرە شیعرەی گۆرانی وەرگرتووە، کە بەتەواوکەری شیعری"بۆ هیوای کورم"ە دەڵێت: وەلی کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحرو ئەفسوونە، دواتر شاعیر بەردەوام دەبێت لە دواندنی ڕەنگە بچووکەکە و پێی دەڵێ تۆ چووزانی چەند درێژە کۆچی سوور و هەناسەکانی ڕێی عەرعەر.

شێرکۆ بێکەس لەبەر ئامێزی ئەم دوو دێرە شیعرەی گۆران وێنەیەکی خەڵق کردووە، بەڵام بەئاراستەیەکی تر چونکە گۆران قسە بۆ گۆرینەکەی خۆی دەکات، لە شێوەی پرسیار و وەڵامی هیوای چنگ ناکەوێت.(شێرکۆبێکەس)یش کاتێك قسە بۆ ئەم ڕەنگە ئاڵەی بەیانی دەکات چاوەڕوانی، وەڵام لەڕەنگەکە ناکات بەم شێوەیە کاتێك شیعرەکەی گۆران دەخوێنیتەوە تێڕوانینەکانمان بەم شێوەیە، بەڵام کاتێکیش شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس دەخوێنینەوە تێڕوانیەکان بەرەو جیهانێکی ترمان دەبات، بەڵام گومان لەوەدانیە شێرکۆ بێکەس لەبەر ڕۆشنایی ئەم شیعرەی گۆراندا ئەمەی نووسیوە.

گۆران ئەم وێنەیە دەکێشێت و دەڵێت:

تاوێك چاو ئەبرنە جوانی
دانسێکی نایاب ئەزانی
پێ و پل و چەرخەی هاتووچۆ
جوان جووت ئەکا لەگەڵ تانگۆ
تاوێك نەغمەی (ڤالس) و خەیاڵ،
لەگەڵ نەشئەی ستاوتی تاڵ(540)

گۆران لە شیعری شەوێك لە"عەبدوڵڵا"دا لە سەر گێڕانەوەی وەسفەکانی بەردەوام دەبێت و، تارووی کامیراکەی دەکاتە دانسی کچەکان و وەسفیان دەکات، دواتر باس لەو دەنگە خۆشەی"ڤالس" دەکات، لەگەڵ نەشئەی ستاوتی تاڵ( شێرکۆ بێکەس)یش باس لەجوانی کچێکی بیانی دەکات، لە ئاوازی خۆشی ڤالس و ئەم وێنەیە جوان و قەشەنگە دەکێشێت:

ڕەنگی کچێکی بیانی روونتر لەخەوی دەریاچەی
بەر ڕووناکی شەوقێکی کپ
ئارامتریش لەهات و چۆی لەش و لاری
نەرم و شلی نێوباوەشی دانسێکی ڤالس

ڕەنگی کچێکی بیانی،
ئاڵێکی تەڕ و ورشەدار(541)

شێرکۆ بێکەس لەم جۆرە وەسفەدا کە باسی ئەو کچە جوانە دەکات کەدانس دەکات، لەگەڵ نەغمەی ڤالس لە شوێنێکی ئاهەنگ و بۆنەدا ئەمە دەربڕینێکی گۆرانانەیە.
گۆران لە شیعری "جوانی بێ ناو"دا لەم دێڕەدا دەڵێت:
ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو،
گەندە مووی دەم و چاو، مەچەك هەڵنەگرتوو..(542)

گۆران باس لە جوانی کچێك دەکات، دەنگێکی نزمی هەیە و گەندە مووی دەم و چاو و مەچەك هەڵنەگیراوە، کاتێك ئەم دێڕە دەخوێنیتەوە شێوە کچێکمان دێتە بەرچاو پانزە شانزە ساڵانەو، گەندەمووی دەم و مەچەکی هەڵنەگرتووە ناسك جوان و ساکار بێ دەسکاری و خۆگۆڕین زۆر بەجوانی و ناسکی دێتە بەرچاو.
گۆڕان لە شیعری "شەوێك لە عەبدوڵڵا"دا لەم دێڕە دەڵێت:
کەم گۆشتی نەختێك کەڵەگەت:
نەخشێکە بۆی شان و چاکەت،(543)

گۆران ئەم شاعیرە بەرزەیە کە زۆر بەوردی وێنەکان دەگرێت، ئەگەر لە شیعری کلاسیکی باڵای کچانیان بەعەرعەر و سنەوبەر چواندبێت، ئەوا گۆران بە شێوازێکی تر باس لەو بەژن باڵایە دەکات، لە وەسفی ئەم کچەدا، کچێکە کەم گۆشتە واتا لاوازیش نیە، بەڵکو تێر وپڕەو هەندێك گۆشتنە نەك زۆر لە رووی باڵاشیەوە نەختێك کەڵەگەتە، واتە لەدەستەی کچانە نەك زۆر درێژ و نە زۆر کورت ئەو چاکەتەی لە بەریشی کردووە پڕ بەپڕی باڵایەتی. شێرکۆ بێکەس ئیحای لەم دوو دێڕە شیعرەی گۆران وەرگرتووە، و ئەم وێنە جوانەی پێ دارشتووەو دەڵێت:
یان کچە قۆخی عەیاری، تۆزێك بەحاڵ
مووی لەژێر چەنەکەوە هاتووە(544)

شاعیر لە وەسفی ئەو کچەدا کە کچێکی قۆخی عەیارە، واتە وەك خۆخ جوانە و کەم و کوری نیە، تۆزێك بەحاڵ مووی لەژێرچەنەگە هاتووە، لە دەربرینی تۆزێکدا ئەم دێڕە شیعرەی (گۆران)مان دێتەوە یاد لە وشەی نەختێك کەڵەگەت کە ناسکی و جوانی بە شیعرەکە دەدات.

شێرکۆ بێکەس لە وردبوونەوەی لەم گەندە مووەی ژێرچەنەگەیدا گۆرانانە لەم کچەی روانیوە، لەم جۆرە دەربرینەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو کچەی شێرکۆ بێکەس وەسفی دەکات کچێکی بەتەمەن بچووکە لەرووی ئەندامەکانی جەستەوە تازە گەشەی کردووە، چونکە مووی بە ئاستەم هاتووی ژێرچەنەگە نیشانە بۆ بچووکی ئەم کچە.

- گۆران لە هاوینە گەشتی (گەشت لەقەرەداغ) دا ئەم وێنە جوانەی گوڵە بەرۆژە دەکێشێت:

گوڵەبەرۆژەی قژ زەردی چاوکاڵ،

مل کەچ وەستابوو: سەرگەرمی خەیاڵ!(545)

گۆران لەسەر شێوازی بەکەس کردندا گوڵەبەرۆژەی بەناراستەوخۆ بەکچێك چواندووە، ئەگەرچی ناوی کچی نەهێناوە دیارە لێواری گوڵە بەرۆژە پەرە پەرەی زەردە و ناوەراستەکەشی کاڵە و، گوڵە بەرۆژەش لەگەڵ تیشکی خۆر دەسورێت و ملی کەچ دەکات، گۆران وێنەیەکی جوان دەخاتە بەر دڵ و دیدەمان.

شێرکۆ بێکەس ئیحای لەو وێنەی گۆران وەرگرتووە و، ئەم وێنەیەی پێ دەکێشێت:

ژنە مامۆستای سەر زەردیش هەروەکو گوڵە بەرۆژە

دێت و ئەچێ. ئەیەوێ ئەم زمانە سەرکەشەی ئێرە

تۆزێ رامکەن(546)

شێرکۆ بێکەس ئیحای لە وێنەکەی گۆران وەرگرتووە، بەڵام بەپێچەوانە بەکاری هێناوە. گۆران لەوێنەکەیدا گوڵەبەرۆژەی وەك کچێکی قژ زەرد دێتە بەرچاو، بەڵام شێرکۆ بێکەس ژنە مامۆستای بەگوڵەبەرۆژە دەچوێنێت. دیارە ئەمەش پێچەوانەی وێنەکەی گۆرانە. شاعیر لەوێنەیەکیتردا لە شیعری(چیرۆکی"مانگێکی"شین) دا لەم وێنەیەدا دەڵێت:

قژی زەردی، کەمێك ئالۆسکاوی سەرشان

ئەتوت گوڵەبەرۆژەی خەواڵوی بەیانیانە و

تازە کەوتۆتە سەرنجدان.(547)

لەم وێنەیەشدا شاعیر قژی مەیلە و ئاڵۆسکاوی ئەم شۆخە جوانەی بەگوڵبەرۆژە چواندووە، بەڵام ئەم جارەیان بەگوڵەبەرۆژەی بەربەیانییە دیارە گوڵە بەرۆژەی بەربەیانی کەگەش و پاراو و جوانە چۆن گوڵەبەرۆژە ڕووی دەکاتە خۆرەتاو، بەم شێوەیە ئەم شۆخە جوانە سەرنج دەدات، بەم شێوەیە ئەم وێنەجوانە دروست دەکات، لەهەمانکاتیش دیسان ئەم وێنەیە ڕەگێکی دەچێتەوە سەر ئەو شیعرەی (گۆران) کە بەنێوی (بۆ کچێکی بێگانە) لەم وێنەیەدا گۆران دەڵێت:

دەم ولێوی وەك گوڵی بەربەیانی،
ئەمانە گشت گەلێکی تریش جوانی،(548)

(گۆران )دەموولێوی ئەم شۆخەی بەگوڵی بەربەیانی چواندووە، دیارە گوڵی بەربەیانی کەگوڵێکی جوان و تەروو پاراوە و شەونمی بەسەرەوەیەو، لەوپەڕی گەشاوەیی و بۆن وبەرامەی خۆشدایە، (شێرکۆ بێکەس) قژی ئەوکچەی بەگوڵەبەرۆژەی بەربەیانی چواندووە، کە بەیانیان بەرەونەقە و خۆرەتاو هێشتا بەتین لێی نەداوە و سیسی نەکردووەو، گەش و قەشەنگ و پاراوە، وەرگرتنی ئەم وێنەیان لەئاستێکی دوورترە لەچاو دوو وێنەکەی پێش تر.

گۆران لەشیعری (جوانی بێ ناو)دا ئەم وێنە قەشەنگە پڕ جووڵەیە دەکێشێت:
کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:

لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو،
جوانترە لەلای من لەدەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شڵپ و هووڕ!(549)

ئەمە سەرنج وردی گۆرانە بۆ سروشت، ئەم کانیە روونە کەبەر تریفەی مانگەشەو دەدرەوشێتەوە، لەکاتی هەڵقوڵاندا وردە زیخ و چەو لەگەڵ ئاوەکە بەرز و نوێ دەبنەوە، جوانترە لای، لەدەریای بێ سنوور کە شڵپ و هوریەتی، شاعیرانی تر پەییان بەو شتە بچووکانە نەبردووە کە چەند جوان و دڵ کەرەوەن هەمیشە پەنایان بۆ دەریا و زەریای گەورەو فراوان بردووە و وەسفیان کردووە.

بیرۆکەی ئەم شیعرە لەم وێنەیەی شێرکۆ بێکەسدا ڕەنگدەداتەوە و دەڵێت:

دووچاوی ڕوون لەبنیاندا چەوی خەیاڵ تروسکەی دێ
دووگوی ورشەدارن لەناو دووکالانەی قوڵ و ماتدا
بزاڤیان تیژو بێ ئۆقرە.(550)

شێرکۆ بێکەس وەك لە زۆربەی شیعرەکانیدا دیارە سروشت وەك خۆی نابینێت، بەڵکو هەر دیمەنێك و پێکهاتەیەکی سروشت دەخوازێت و وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

لەگوتەی (چەوی خەیاڵ تروسکەی دێ) ئەم وێنەیە بەپێی شێوازی بەتەن کردن دروست کراوە، لەشیعرەکەی گۆران کانی وردە چەوی لەبنەو تروسکەی دێت و دەدرەوشێتەوە، بەڵام شێرکۆ بێکەس کانیەکە دەکات، بەچاو و چەوەکەش دەکات بەخەیاڵ واتا چاوێکی ڕوون و کراوە و، چەق بەستوو کەسەکەش خەیاڵ دایگرتبێت، وێنەی دووەمی دووگوێ درەوشاوە کونە گوێشی وەك دووکالانەی خەنجەر چواندووە، بێئۆقرەن و بزڤیان تیژە.

گۆران لەشیعری (هاوڕێیم بێ کەس!)دا وەسفی بێکەس دەکات و، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشێت.

ناقولاو تێکسمراو بوو،
ڕوومەت کونج، کزی چاو بوو
هونەر بۆ (( ڕووخۆش))ی بوو
کەخەوشی داپۆشیبوو!(551)

گۆران لە شێوازی وەسف ڕۆدەچێتە نێو وردەکارییەکان، گۆران وەسفی هاوڕێیەکی خۆشەویستی دەکات، شیعری دەیان شاعیرتر لە وەسفی مردوان هەر لایەنی جوانی و باس لەمردووەکان دەکەن، شاعیر لەگەڵ ئەم وەسفەدا دەڵێت:

بەڵام پەری تۆ ژیری،
خاوەندی هۆش و بیری،
جوانی بالاو دەم و چاو،
بەهرەی تاسەرنین بۆ پیاو،(552)

گۆران قسە بۆ پەریەکان دەکات کە ئاگاداری ئەم زاتە بەرزە بن، سەیری ئەوە نەکەن کە قەد و بالای کەنەفت و ڕوومەتی کونج و چاوی کزە، ئەم پیاوە بەهرەمەند و بلیمەتە و لەپێناوی گەلەکەی ئازاری زۆری کێشاوە، مرۆڤێکی ژیرە و ئەقڵی جوانە لەو سەردەمەی فایق بێکەس تیایدا ژیا هەزارەها قەد باریك و جوان هەبوون، بەڵام هەموویان مردن وەك بەفر توانەوە (بێکەس)یش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، جوانی ئەو بەهرەیەی قەشەنگ تر دەبێت.

گۆران لەوێنە گرتنەکاندا شێوازی جیاوازی هەیە، یا وەك لەشیعری (شەوێك لەعەبدوڵلادا) باس لەکچێك دەکات، و دەڵێت جوان نییە، بەڵام جوان پۆشە. ئەم شیعرەی گۆران کاری لەشێرکۆ بێکەس کردووە، لەم وێنەیەدا دەڵێت:

دەربارەی دووژن بۆ ئەگێڕمەوە
ژنێك هەبوو هەر خاوەنی چرای جوانیی لەش بوو
ژنێکی دی هەبوو، جوان نەبوو، هەرخاوەنی
چرای عەقڵێکی گەش گەش بوو(553)

شێرکۆ بێکەس بەراورد لەنێوان دوو ژن دەکات، ژنی یەکەم تەنها جوان بوو لەش و لاری جوان بووە، بەڵام ژنی دووەم لەرووی باڵاو لەش ولارەوە جوان نەبووە، بەڵام خاوەنی چرای عەقڵێکی گەش بوو، واتا رۆشنبیر و خاوەن بەهرەبوو، لەشێوەی گۆران ئەم هەستەی دەربڕیووە، لە شێوەی دووپرسیار و هەڵبژاردنییەك شت، لەنێوان دووشت خستۆیەتیە بەردەممان، بۆئەوەی ئێمە حوکم بدەین کامەیان باشترە، بەڵام گۆران حوکمی خۆی داوە.
شاعیر لە دیوانی (زێ وزنە) دا لە شیعری (چوار سلەیمانی نامە)دا هەمان وێنە بەرەنگ و رووێکی تر دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت:

لەم شارەدا
پیاوم بینیوە مشکیەکەی
لەزێڕ بووە، بۆینباخی لەزمرووت و
ژنم بینیوەکراسی لەمرواری و
سەربەستی سەری لەمەرجان!
بەڵام کەسیان
لەبیری شیعرم نەماون
لەدواییشدا
بوون بەهەڵمی سەری "گۆیژە"و
پوشی دەم بای
"ناوگردان"و سەر "دەباشان"
کەچی هەمووساڵێ جارێك
دووجار.. زیاتر :

" ناسکە دولبەرەکە""ی ڕەشۆڵ.
قەتارەکەی.:حەمەی بەکر
کامیراکەی .. یەحیا فەندی
چەقالەی .. ئامەی چەقالە و
بەرگی کەشافەکەی بەری .. صالح عەلی و
سەرپۆشەکەی.. بەهێ مەعروف
یان مشکیەکەی.. فایەق قەساب.
تاد..تاد..تاد..
بەسەردان بێ و بەمیوانیی
یان شیعرم ئەچێ بۆلایان ...(554)
گۆڕەکەتان
پڕ نووری "ئەحمەدی کرنۆ" بێ
سلێمانی بیرتان ئەکا،
ئەی گەزۆی قسەی زۆرخۆش و
ئەی ختووکەی نوکتەکانی
هەتا ئیستا هێشتا تازەی
"فەریق "و "عزەت یەکپارچە"و
"کشمیش" و" حەسەنی شیرین"(555)

شاعیر باسی دەوڵەمەند و بەرووخسار جوانەکان دەکات و، دەڵێت پیاوم بینیوە مشکی و جەمەدانیەکەی لەزمروت بووە، ژنیشم بینیوە کراسی لەمرواری و سەر و پرچیان لە مەرجان، بەڵام کەسیان لەبیری شیعرم نەماون، ئەمانە لەگەڵ ڕۆژگار ڕۆیشتن و بوون بە هەڵمی سەرگۆیژە، چونکە خاوەن بەهرە نەبوون جوانیەکەشیان تاسەر نەبوو بوونە سەراب و کۆتاییان هات، وەك پوشی دەم بایان لێهات و، لەگەڵ ڕۆژگارەکان ناویان سرایەوە، دواتر ناوی چەند کەسایەتیەکی سلێمانی دەهێنێت، کەخاوەن بەهرەو خۆش مەشرەب بوون لەوانە(فایق قەساب و بەهێ مەعروف و ڕەشۆڵ و حەمەی بەکر و یەحیافەندی و صالح عەلی و ...هتد) ئەمانە قەد لەیاد ناکرێن، دەبینین لەسەر بنەمای شیعرەکەی گۆران بەراورد لە نێوان دووجۆر مرۆڤ دەکات، گرووپی یەکەم پۆشتە و پەرداغ و جوان گرووپی دووەم ئەشێ لەڕووی

جەستەوە زۆریشیان جوان بووبن، چونکە لەم شیعرەیان لەجاو شیعرەکەی پێشوودا جیاوازە، بەڵام هەرچۆنێك بوو بن ئەوانە بەهرە و تواناکانیان ماون، تا دونیاش مابێت ناوی ئەمانە دەمێنێت، لەبەرئەوەی چونەتە ناو دووتوێی کتێب و بوون بەسەورووەری و مێژوو بۆمان.

– گۆران لە دێرە شیعرێك لە شیعری (ئافرەت و جوانی!)دا پاش ئەوەی وەسفێکی جوانی ئاسمان و ئەستێرە و شەونمی درەخت و پەلکە زێرینە و خورە قەڵبەزەی چەم و گەلێکی تریش لە وێنە جوانەکانی سروشت دەکات، دەگاتە ئەو بڕوایە و دەڵێت:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکی یە بێ بزەی ئازیز،(556)

ئەم شیعرەی گۆران بەتایبەتی ئەم دێرە شیعرە ئیحا بە شێرکۆ بێکەس دەدات، کە لەبەر ئامێزی ئەم دێرە شیعرەدا شیعرێکی دوور و درێژ دابرێژێت، بەڵام ئەگەر هەموو شیعرەکە بکوشین ئەوا دەچێتەوە، نێو پەرداخە گولاوی ئەم دێرە شیعرەی گۆران:

شێرکۆ بێکەس لەشیعری (بەردەوام تۆ!) دا دەڵێت:
ئەڵێن ئاو زۆر ئێسك سووکە
ئەو وەختەی لەبەر ئاوێنەی
کانیەکدا پێ ئەکەنێ!
ئەڵێن دار زۆر ئیسك سووکە
ئەو وەختەی یەکەم گوڵ ئەدا
لەئەگریجەی
ئەڵێن کەژ زۆر ئێسك سووکە
ئەو دەمەی یەکەم کراسی
بەفر ئەپۆشێ
ئەڵێن دەشت زۆر ئێسك سووکە
ئەو وەختەی ئێوارە دێت و
هەر لەپاڵیا ڕائەکشێ
ئەڵێن شەقامی نێوشاریش
گەلێ گەلێ ئێسك سووکن

وەختێ پایز دێت و لەسەر
قەراغی شۆستەکان تەنیا و
بەپۆشاکێکی زەردەوە دائەنیشێ و
ئەڵێن و ئەڵێن و ئەڵێن...
بەڵام بۆ من و شیعری من
ئەو جوانییانە سارد و سڕن
هەموو شوێنێ ... هەموو شتێ
بە بەهەشتەکەی خوایشەوە
هەر خوێن تاڵن
ئەگەر بێت و
لەوێ نەبی و
تۆی لێ نەبی!(557)

ئەم شیعرە لەسەر شێوازی بەکەسکردن وێنەکانی دروست بووین، شاعیر باس لەدیمەنە جوانەکانی سروشت دەکات پێبەپێ وێنەکان دەگرێت، وەسفی جوانی ئاوی کانی دەکات لەسەر شێوازی بەکەسکردن خورە خوری ئاوی بەپێکەنین ناوی بردووە، وەسفی جوانی دار دەکات لەو کاتەیدا کەیەکەم گوڵ دەردەکات و دەیدا لەئەگریجەی ئەمە وێنەیەکی بەکەسکردنە دار وەك کچێك مامەڵەی، لەگەڵدا دەکات وەسفی کەژ دەکات کەکراسی بەفری لەبەر کردووە. لەدوای ئەمانە وەسفی دەشت و شەقام و ...هتد

وەسفی هەموو ئەم دیمەنە جوانانەی سروشت دەکات، بەڵام وەکو گۆران لەدوادوای شیعرەکەدا دەگاتە ئەوەی کە هەموو ئەو شتانە بەبەهەشتەکەی خواشەوە تاڵن و ئەگەر بێت و، لەوێ ئەبێ تۆی لێ ئەبێ (تۆ) لەشوێنی یار لە شوێنی کچێکی داناوە. هەرچەندە بەمانا و ناوەڕۆکەوە ئەم شیعرە دەچێتەوە، سەر شیعرەکەی گۆران، بەڵام لەڕووی هەست دەربڕین و وێنەکانەوە ڕووی گەش و جوانکاری و شاعیری پێوەدیارە و، وێنەکانیش جیاوازن وێنەکانی گۆران وەسفی ڕووتی سروشتن واتا سروشت وەك خۆی وەك کامیرای فۆتۆگراف وێنەکان دەگرێت، بەڵام شێرکۆ بێکەس بەهۆی شێوازی بەکەس کردنەوە وێنەکانی دروست کردوون. وێنە گشتییەکە لەسەر بنەمای بنیاتی پێچاوپێچ بنیات نراوە. تەوەرەکەی (دەڵێت) هەموو وێنەکان لەوە هەڵدەستن، یەك خول دەخوات خولەکە تەواو ناکات پێچێکیتری بەدوادا

دێت.

گۆران لەقەسیدەی (گەشت لەهەورامان) دا لە کۆپڵەی (ژینی  دیوەخان) ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشێت.

کە گەیشتیە بەر دەرگای گەورە
هەر خزمەت کارە و لێت ئەدا دەورە، ...
دەستەی خزمەتکار: فیشەکدان لەمل،
بەچەفتە و مشکی سەر تەپڵە زل
دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان:
چ بۆ سەر بڕین، چ بۆ سەر دانان!(558)

شێرکۆ بێکەس لەشیعری (لەسۆفیادا) ئەم وێنەیە دەکێشێت.

پاسەوانی قۆزی بەردەم ئارامگا
دەس لەسەر چەك هەر ئەڵێی بوو بەبەرد
تروکەی چاوی، بزواندنێکی نیگا
مشە مشێ، هەناسەیەك، لەرزینێ
نابیسی و بەدی ناکەی(559)

شێرکۆ بێکەس سوودی لەشێوازی گۆران بینیوە، لەوەسفی ئەم پاسەوانە بەتایبەتی لە گوتەی (دەست لەسەر خەنجەر) لەشیعرەکەی گۆرانە و ئەم کردوویەتی بە(دەست لەسەر چەك) ، ئەو پاسەوانانەی گۆرانیش باسیان دەکات، وەك ئەوەی شێرکۆبێکەس ڕەق ڕاوەستاون لەگوتەی (دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فرمان)دا بەدەردەکەوێت کەسێك دەستی لەسەر خەنجەر دانابێت و چاوەڕێی فەرمان بێت دەبێت بەورياییەوە ڕابوەستێت، وێنەکەی گۆران وێنەیەکی جوڵاوە، بەڵام وێنەکەی شێرکۆ بێکەس وێنەیەکی وەستاوە.

گۆران لە شیعری (بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست) دا دەڵێت:

شیعری جوانت ئەوێ، قوربان شیعری جوان،
شیعرێك گەشەو زەردەخەنە بابەژیان!
شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ،
ڕوون بێ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ،

وەك بلبلی ناو هێلانەی گەرم و گوڕ،
ئاسودە بێ و بەستە بڵێ سەر و مڕ!
شیعرێ کەوەك ساوا نازدارو جوان بێ،
خۆراکی گۆشتی دڵ ، شیلەی ژیان بێ!
شیعرێ کە هەر دەنگێکی زرنگەی زەنگ بێ
هەر کەرتێکی نەخشێکی ڕەنگاو ڕەنگ بێ!
شیعرێ گیانی تیا بێ و بژی و ببزوێ،
زوبانی دڵ بزانێ و باش پێی بدوێ ...
قوربان، ڕاستت ئەوێ من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵێ، کوجا مەرحەبا(560)

(شێرکۆ بێکەس)یش لەکۆستی جوانە مەرگ (کەژاڵ)ی کچی شاعیر حەسیب قەرەداغیدا، لەسەر ئەم بنەمایەی شیعری گۆران شیعرێکی بۆ (کەژاڵ)ی جوانەمەرگ وتووە، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس، لەبەر ئامێزی ئەم شیعرەی گۆران وەرگیراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی نیوەی ئەم شیعرە بنووسینەوە، چونکە لەناوەڕاستی شیعرەکەوە تاکۆتایی ڕەنگ و بۆنی شیعرەکەی گۆرانی بەڕووی خۆیدا پڕ ژاندووە و بەم جۆرە شێرکۆ بێکەس وێنەکەی خۆی دەکێشێت:

... ئەی شاعیری فەرهەنگی خەم!
ئەو ڕۆژە تۆ دڵت وابوو
هەر هەمان ڕۆژ منیش وێڵی
دوای شیعرێ بووم
بەژنی وەکو بەژنی خەمت
کەڵەگەت بێ
وەکو ژاڵەی بەر پەنجەرەی
ژووری داخراوی کەژاڵ
هەموو شەوێ
چاوی گوڵیان
بەفرمێسکی درشت و مەست ئەبێ

شیعرێ.. شیعرێ
وەك چاوانی ئاوێنە و
شانەی قژی و
جانتای دەستی
وەك چاوەڕوانی لاپەڕەی
هێشتا سپی ناو دەفتەری
وەك تاسەی چاكەتی شینی
وەك تەنورەی خۆڵەمێشی ی
بەرگی سێ ساڵی خوێندنی...(561)

لەکاتی خوێندنەوەی هەردوو شیعرەکە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، گۆران ئەم شیعرەی لەژێر ناوی (بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست) نووسیوە شیعرێك بۆ مرۆڤێکی گەورەی شیعر دۆست بنووسرێت، دەبێت شیعرێکی زۆر بەپێز بێت جا گۆران وەسفی ئەو شیعرە دەکات، کە ئەو گەورە شیعر دۆستە دەیەوێت شیعرێك ببینێت زەردەخەنە بدات، بەژیانەوە و وەکو ئەستێرە بجریوێنێت وەك بولبولی ناو هێلانەی گەرم و گوڕ بێت، وەك ساوا ناسك و نازدار و جوان بێت خۆراکی گۆشتی دڵ بێت، ئەمانە و چەند وەسفێکیتر گۆران لەئاست نووسینی ئەم جۆرە شیعرەدا دەڵێت:

قوربان، ڕاستت ئەوێ من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵێ، کوجا مەرحەبا!

هەرچەندە گۆران خاوەنی قەریحەیەکی بەهێز بوو بۆ شیعر نووسین، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی شیعری بەپیرۆز بووە لە شیعری هەڵبەستی دەروونیدا دەڵێت:

هەرچەند دەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم!(562)

شاعیر شەیدایەکی بەرز بووە، لەبواری سروشت و ئافرەت لەئاستی ئەو هەموو شیعرە جوانەی لەخۆبایی نابێت، هەر سەر مەستە و گڵ و گۆی دەروونی دانامرکێتەوەو، شیعری تری دەوێت وێنەی تری دەوێت تا خەیاڵە مەستەکانی تیادا بتوێنێتەوە.

شێرکۆ بێکەسیش ئەم شیعرە بۆ مەرگی کچی شاعیرێك و شیعر دۆستێکی گەورە

نووسیوە لەگوتەی (ئەی شاعیری فەرهەنگی خەم) ئەمە دیوانە شیعرێکی شاعیر (حەسیب قەرەداغی)یە واتا وەکو گۆران ئەمیش ئەم شیعرەی بۆ کەسێکی گەورەی شاعیر و شیعر دۆست نووسیوە.

شێرکۆ بێکەس لەبەر ئامێزی ئەم شیعرەی گۆراندا شیعرێکی دوور و درێژی نووسیوە کۆپلەکانی هەمە ڕەنگ کردووە و بۆ (گەورەیەکی شیعر دۆست)

گۆران دەڵێت:

شیعری جوانت ئەوێ، قوربان شیعری جوان..،
شیعرێك گەشە و زەردەخەنە بابەژیان
شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ،
ڕوون بێ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ،(563)

گۆران پرسیار دەکات لەوەی قوربان شیعرت دەوێت شیعری گەشی دەوێت شیعرێت چەشنی ئەستێرە بێت؟ ڕوون بێت ناخی دەریای دەروون بنوێنێت شاعیر لەشێوەی پرسیار کردن دەست پێدەکات شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیە دەکێشێت.

..... ئەی شاعیری فەرهەنگی خەم:
ئەو ڕۆژە تۆ دڵت وابوو
هەر هەمان ڕۆژ منیش وێڵی
دوای شیعرێ بووم
بەژنی وەکو بەژنی خەمت
کەڵەگەت بێ(564)

شێرکۆ بێکەس بەبێ ئەوەی پرسیار لە شاعیر بکات خۆی هەستی کردووە کەکیژە جوانەکەی (حەسیب قەرەداغی) مردووە، بۆیە شاعیر بەدوای شیعرێك دەگەڕێت کە بەژنی بەوێنەی بەژنی خەمی (حەسیب قەرەداغی) بێت.

لەگوتەی (بەژنی خەم) ئەم وێنەیە بەشێوازی بەتەن کردن دروست کراوە.

گۆران دەڵێت:

وەك بولبولی ناو هێلانەی گەرم و گور،
ئاسوودەبێ و بەستە بڵێ سەرو مڕ!(565)

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
وەکو ژاڵەی بەر پەنجەرەی
ژووری داخراوی کەژاڵ
هەموو شەوێ
چاوی گوڵیان
بەفرمێسکی درست مەست ئەبێ(566)

گۆران خوازیاری شیعرێکە وەك بولبولی ناو هێلانەی گەرم گوڕ ئاسوودە و بێبەستە بڵێت و جوان بێت، شێرکۆ بێکەسیش خوازیارە شیعرکەی وەك ژاڵەی بەر پەنجەرەی ژووری داخراوی کەژاڵ بێت چاوی گوڵی پێ مەست ببێ وێنەکەی شێرکۆ بێکەس لایەنێکی تر پیشان دەدات جیاوازە لە هی گۆران، بەڵام شێوازەکەی ئەوەی گۆرانە و ڕەگێکی لە کانیاوی شیعرەکەی گۆرانە و ئاوی لێ دەمژێت.

گۆران دەڵێت:
قوربان ڕاستت دەوێ من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵێ کوجا مەرحەبا
گۆران دەڵێت شیعرێك ئەم هەموو مواصەفات و مەرجانەی تێدا بێت بەمن نانووسرێ.
شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیە دەکێشێت:
بەڵام ببورە هاوڕێم
هاوڕێی سەیوان
ئەی قەڵەمەکەی گوڵ بەدەم!
ئەی هەڵبەستە پشتێن ڕەشە
ڕیش هاتووەکەی وڵاتی خەم
ببورە لێم هەرچەند گەڕام
من ئەو شیعرەم نەدۆزیوە
باڵای خەمی بەقەد باڵای
ئەو کۆستەی تۆ کەڵەگەت بێ
وەك (( کەژاڵ)) ی گڵ بردوشمان

پەری یەکی شۆخ و شەنگ بێ(567)

(شێرکۆ بێکەس)یش داوای لێبوردن دەکات، چونکە زۆر شوێن گەڕاوە جادەو کۆڵان و کۆڵێژ و قەیسەری و دوکان ئەم جۆرە شیعرەی نەدۆزییەوە کە باڵای غەمی بەقەد باڵای کۆستەکەی (حەسیب قەردەغی) بێت، شیعرێکی واشی نە دۆزییەوە، وەکو کەژاڵ شۆخ و شەنگ بێت. گۆران لە شیعری (گەشت لەقەرەداغ) دا جوانکاری و وەسفێکی وردی دیمەنەکانی سروشت دەکات لەم دێڕە شیعرەدا ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست دەکات:

شانە مێروولەی ناو پەنگاوی قووڵ:
پۆل پۆل ماسی بوو ئەیکرد جم و جووڵ(568)

شاعیر وەسفێکی جوانی پنگاوە ئاوێکی قوڵی کردووە، کە لەبن گەوەرو بن دینی ئاوەکە ئەو هەموو ماسیە جوانانە تێك دەسوڕێن، ئەم دیمەنە جوانەی لەژێر پەنگاوە ئاوێك بینیوە بەشارە مێروولەیەکی چواندووە.

شێرکۆ بێکەس لە (داستانی هەڵۆی سوور) دا ئەم وێنەیە بنیات دەنێت:
شارە مێروولەی قڵشی بەردەمی من
داویانەتە چاوی ئاو و دەری دێنن(569)

شاعیر شارە مێروولەی لەبەر قڵشی بەردەمی خۆی دەبینێت، گۆران لەقوڵای ئاودا ئەیبینی، ئەم شارە مێروولەیە داویانەتە چاوی ئاو دەری دەهێنن، واتا بەقوڵایی ئاوەکەدا ڕۆدەچن لەگوتەی (چاوی ئاو) وێنەی بەرجەستەکردن هەیە.

گۆران لە شیعری( نیاز)دا وێنەی سەردەمی ژیانی خۆی دەکێشێت:
سەردەمێك بوو دنیای گیانم تاریك و چۆڵ بوو؛
کام(بەرۆچکە)ی گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو ؛(570)

شێرکۆ بێکەس لەچیرۆکە شیعری ڕووباردا ئەم وێنەیەدەکێشێت:
سەردەمێك بوو
دنیای تاریك و نووتەك

وەك ئەشكەوتی
قووڵ و نسرمی بەسام
چۆکی ڕەشی دادا بووە سەر:
گوندو شار و
ڕەز و دێبەر و شەقام..(571)

گۆران دەڵێت (تاریك و چۆڵ) شێرکۆ بێکەس دەڵێت(تاریك و نووتەك) شێرکۆ بێکەس نیوە دێڕی یەکەمی گۆرانی وەرگرتووە، بەدەسکارییەوە، و لەگەڵ کۆپلەکەی دوای خۆی ئاوێتەی کردوون. گۆران لە شیعری (بۆ بلبل)دا لەزۆر شوێن جەخت لە بچووکی بولبول دەکات، بچووکی دەنوکی ئێسك سووکی و بچووکی دڵی، کەچی خاوەن بەهرەیە و دەنگی زۆر خۆشە و بەم جۆرە وێنەی دەکێشێت:

ئەی باڵداری ئێسك سووك
بلبلی دەنووك بچووك،...
لەو گەرووە بچکۆلانە
ئەم نەغمە بەرز و جوانە...
کام ئاوازە شیرینە
ڕووناکی و نەشئەی ژینە،
یان ئەو تۆز قاڵە دڵە
چۆن ئەوەندە بەکوڵە؟
یان چۆن ئەو نەختە مێشکە
بۆ فەن بووە بەبێشکە(572)
شێرکۆ بێکەس بەم جۆرە وێنەی بولبول دەکێشێت:
خۆ بولبولیش زۆر بچووکە
کەچی دەنگی دڵی کەژێك ئەبزوێنێ(573)

ئەم وێنەیان لەئاستێکی زۆر دوورەوە وەرگیراوە شاعیر باس لەبچووکی دەنگی خۆشی بولبول دەکات، ئەو شیعرەی گۆرانیش زۆربەی کۆپلەکانی باس لەبچووکی بولبول و دەنگ خۆشی دەکات.

گۆران لە شیعری (واسەرنج ..) دا بۆ قژ زەردی بەر دەرگای وتووە لەسەرڕێی بەندیخانە لەموصلەوە بۆ هەولێر بردویانە و وێنەی ئەم کچەی بینیووە بەم جۆرە وێنەی دەکێشێت:

ئەی قژ زەرد! ئەی بەژن و باڵای کەڵەگەت!
بۆ کز ڕاوەستاوی بەرامبەر
بۆ دەستت ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت،
لە عاستی دیمەنی دەربەدەری من(574)

ئەم دەست خستنە ژێر چەنەیە و تێرامان خەفەت لەلای شێرکۆ بێکەس ڕەنگی داوەتەوە لەو شیعرەی کە بۆ شەهید (ئارام) نووسراوە بەم جۆرە وێنەی دەکێشێت:

ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە(تەنگی سەر)
ئەڵێی ژنێکی پرچ زەردی گۆنە ساڵە و
دەستی ناوەتە ژێر چەنەی کەل و
غەمگین.. غەمگین ئەڕوانێتە
گەواڵە هەوری چاو تەڕی ملەی ئەو بەر ؟(575)

گۆران وەسفی کچێکی قژ زەرد دەکات، لە و کاتەی لەبەندیخانەی موصلەوە بۆ هەولێریان بردووە و ئەم کچەی بینیوە و کە قژی زەرد و جوان بووە، بەڵام کاتێك کە گۆرانی بەم حاڵە بینیوە دەستی ناوەتە ژێر چەنە و غەمی بۆ خواردووە. ئەم وێنە جوانە دەبێتە هەوێنی دروست کردنی ئەم وێنەیەی شێرکۆ بێکەس، بەڵام شێرکۆ بێکەس (تەنگی سەر) ئەو شوێنە بوو کە شەهید ئارام تیادا دەژیا دیارە ئێواران کاتی زەردە پەڕ دونیا سوور هەڵ دەگەڕێت، و لەو کاتەش پارچە هەور پەیدا بووە و لەوانی ڕوانیوە بەشێوازی لێکچواندن ئەم وێنەیە دروست کراوە.

(تەنگی سەر) لێچووە
(ئەڵێی) ئەوزارە
(کچ) لە و چووە

کەواتە وێنەکە لەسەر شێوازی لێکچواندن دروست بووە، لەم وێنەیەدا جوانی بایس هەیە، لەبەرئەوەی شەهید (ئارام) لەوێ نەماوە بۆیە ئێوارەی تەنگی سەریش غەمگینەو سورهەڵگەڕاوەو ژاکاوە.

گۆران لە شیعری (لاوانەوەی سەرە ڕێ) دا کە بۆ ماڵئاوایی (مەحموود جەودەت) ی نووسیووە بۆ ئەو زاتە کە مرۆڤێکی کورد پەروەر بووە لەم کۆپلەیەدا دەڵێت:

لەبەغدا دەرچووە، سەیوانە ئامانجی،
ڕێ چۆل کەن ئەی برای زازای و کرمانجی،
ڕێ چۆل کەن بۆ مەیتی ڕێبواری مات و زیز،
توخوا با، کەم تەڕبێ بەفرمێسکی پاییز!(576)

دوای ئەوەی شاعیر باس لەجوامێری و کورد پەروەری ئەم زاتە دەکات، لەدێڕی کۆتاییدا دەڵێت:

ڕێ بەردەن، بابڕوا بۆ سەیوان تابووتی،
چاو شۆڕکەن لەعاستی توانج و تانووتی!(577)

ئەم شیعرەی گۆران لەدوو وێنەدا لای شێرکۆ بێکەس ڕەنگ دەداتەوە، وێنەی یەکەم لەدیوانی (کەشکۆڵی پێشمەرگە) دا بەم جۆرە وێنەکەی دەکێشێت:

ئەی برای زازای و کرمانجم
وا هاتووم ڕێ مەگرە لەتیشکی
ئاوات و ئامانجم(578)

گۆران داوا لەخەڵك دەکات ڕێگا چۆل کەن بۆئەوەی مەیتی (محەممەد جەودەت) لەبەغداوە بێتەوە گردی سەیوان بۆ سلێمانی. شێرکۆ بێکەس لەبەر ئامێزی ئەم وێنەیەی گۆران دەڵێت ئەی برای زازای و کرمانجی (ڕێ مەگرن) مورادیفی (ڕێ چۆل کەن) دەڵێ ڕێمەگرن لەتیشکی ئاوات و ئامانجم، ڕووی وێنەکەی گۆڕیووە ڕەهەندو مەبەستی تری پێداوە.

شێرکۆ بێکەس لە شیعری(کوڕی بابە گوڕ گوڕ) دا کە بۆ شەهید مامە ڕیشە دانراوە ئەم وێنە جوانە دەکێشێت:

ڕێگە چۆلکەن.. هەستنە سەرپێ!
وا ئەسپێکی سپی یاڵ سوور
لەپێدەشتی کەرکوکەوە
ئەحیلێنێ و بۆ ئێرە دێ!

ئەم وێنەشیان لەسەر بنەمای وێنەی گۆران وەرگیراوە، بەڵام لە ئاستێکی دوورتر لەچاو وێنەی یەکەم، شاعیر ئەم وێنەیەی لەسەر شێوازی وەسف دروست کردووە. (ئەسپی یاڵ سوور) ڕەمزە بۆ شەهید مامە ڕیشە، ئەم وێنەیە بەهەستی بینین و بیستن وەردەگیرێت وێنەیەکی جووڵاوە لەگوتەی (هەستنە سەر پێ، ئەحیلێنێ، بۆ ئێرە دێ) جوڵەو و بەردەوامی تێدایە.

گۆران لە شیعری (بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست) دا لەم دێڕەیەدا وێنەیەك دەكێشێت:

لەپێش هەموو شتێکا چونکی کوردم
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم،(579)

لە شیعرێکی تریشدا بەم جۆرە وێنەیەکی تر دەكێشێت:

من و ئەو دیلەم لەزیندانی تاریکا
هەتاوی بیر ڕووناك ئەکا بەر چاوم،
بەناو هەزار حەلقەی داوی باریکا
قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم!(580)

بیرۆکەی ئەم دوو وێنەی گۆران لەلای شێرکۆ بێکەس ڕەنگ دەداتەوە ئەم وێنەیەی لەسایەیدا کێشاوە:

بەناو هەزاران داوی باریکی جاڵ جاڵۆکەی ترس و
بیدا
ڕوەو (قەندیل) بەرەو لای ئەو باز و هەڵۆ ڕەنگ
سوورانەی
لەدەراڵ و گەوەی شەختە و کونە گورگ و
کلۆری دار و درەختا هەوای ڕەشیان وەرگرت و
هەناسەیان ئەدایەوە(581)

شاعیر ئەو بیرەی هەڵشێلاوەو بەقاڵبێکیتر دەریکردۆتەوە، چونکە گۆران دەڵێت لەزیندانی تاریکیش بم هەتاوی بیر ڕووناکی دەخاتەوە بەر چاوەکانم و، بەنێو هەزاران حەلقەی باریکا قەفی زنجیر دەپچڕێنم، شاعیر لەکاتی نەهامەتی و تاریکیشدا کۆڵ نادات و، بەرەو ئاسۆی ڕووناکی دەڕوانێت و گەشبینە.(شێرکۆ بێکەس)یش بەهەمان شێوە لەنێو هەزاران داوی باریك و جاڵ جاڵۆکەی و سەختی ژیاندا ڕووەو قەندیل بەڕێوەیە، بۆ ئەو باز و هەڵۆ ڕەنگ

سوورانه (باز و هەڵۆ) ڕەمزن بۆ پێشمەرگە ئەو بازانەش لەنێو ئەشکەوت و کلۆری دار و کونە گورگ هەوای ڕەشیان وەردەگرت و هەناسەیان ئەدایەوە، لەگوتەی (هەوای ڕەش) واتا لەنێو ئەو مەینەتانەش ئەگەرچی هەناسەکانیش ڕەش بوون، بەڵام ژیان بەردەوام بوو کۆڵیان نەدەدا.

دڵدار لە شیعری (لالە باس)دا کە وەسفی پیاوێکی بەساڵا چوو دەکات کە، لەگەڵ کاری جووت کردندا خەریکە بەم جۆرە وێنەی دەکێشێت:

...هەندێ پێ کەنی سەیرێکی کردم
دەستی خستە سەر ڕیشی وەك پەمۆ
ئاگری دڵی لەهەردوو چاوی
بڵێسەی ئەدا وەك جووتێ پشکۆ(582).

لالە باسی بەساڵا چوو لەبەر هانکە هانك و ماندوو بوون و ئارەق ڕێشتن ئاگری دڵ و دەروونیدا دەردەکات و وەك جوتێ پشکۆ چاوەکانی دەدرەوشێتەوە وێنەی چواندنی چاو بەجووتێ پشکۆ لەدوو کۆپلە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ڕەنگ دەداتەوە لە شیعری (میوان) بۆ شاعیری شەهید جەمیل ڕەنجبەری نووسیوە، بەم جۆرە وێنەی شەهید دەکێشێت:

هەروەکو مامزێ پێکراو بێ و ڕاونراو
بەپەلە خۆی ئەکا بەماڵدا
دووپشکۆی بیلبیلەی
بەدەوری حەوشەدا ئەگێڕێ(583)

شاعیر لەوەسفی شەهید (جەمیل ڕەنجبەر) دا وەسفی دەکات، کەوەك مامزی پێکراو هەترە بوو خۆی کردووە بەماڵداو دوو پشکۆی بیلبیلەی بەدەوری حەوشەدا گێڕاوە، (لالەباس)ەکەی دڵدار لەبەر ماندوو بوون چاوەکانی وەك جووتێك پشکۆ، بڵێسەیان دەدا، شەهید (جەمیل ڕەنجبەر)یش لەبەر ماندوو بوون و هیلاکی خۆی چاوی بوو بوون بە دوو پشکۆ، مرۆڤ کاتێك ماندوو دەبێت هەناسەی سوار دەبێت و، پڕ بەسیەکانی هەناسە دەدات و، هەناسە هەڵدەمژێت، چاوەکانیشی لەکاتی ئاسایی ناچن و، زیاتر زەق دەبنەوەو تەڕو شێدارتر خۆیان دەنوێنن، وا هەست دەکەی بڵێسەیان لێ دەبێتەوە.

شاعیر لەکۆپلەیەکیتر کە لە شانۆگەری ئاسك داو کات ڕۆڵی (وسوو) دێت بۆ قسەکردن

بەم جۆرە وێنەی چاوی دەکێشێت:

دوێنێ چوار پێوە بوون
چاویان وەك
پشکۆی ناو ئاگردان
زیتە زیتە
بریسك و هۆریان بوو
پێش وەخت.. من قەولم پێدا بوو
ناردمن بۆ کوێخا(584)

لێرەدا کەچوار کەس پێوە بووین و واتا گیراون چاویان وەك پشکۆی لێهاتووە لەترسان، کەواتە چاو بەزۆر شت چوێندراوە، بەلاّم چواندنی بەپشکۆ هەر لەو شیعرە ی دلّدار بەدی دەکرێت (شێرکۆ بێکەس)یش بەم شێوەیە بەکاری هێناوە.

کاکەی فەلاح لە شیعری (بۆ شەش پەپوولەکەم) (585) دا دەلّێت:

شەش پەپوولەکەی گۆشەی باخەکەم
هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم(586)

شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیە دەکێشێت:

شەش جگەر گۆشەی ئازیزن
شەش منالّی ئێسك سووکن
لەناو باخچەیەکا ڕیزن
لەسەر زمان خۆش و سووکن
لەگەلّیانا ئەژیم ئەڕۆم
پێ ئەکەنن خەم ئەخۆن بۆم(587)

شاعیر بەوێنەی کاکەی فەلاح باس لەشەش منالّ دەکات، کە لەنێو باخچەیەکا ڕیزن، لەگەلّیانا ئەژیی و ئەڕوا، کاکەی فەلاح دەلّێت هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم _شێرکۆ بێکەس)یش دەلّێت پێئەکەنن خەم ئەخۆن بۆم واتا حالّەتی خۆشی و ناخۆشی تێکەلّ کردووە، و ئەمانیش بۆی ئەگرین و خەمی بۆ دەخۆن نەك هەر ئەو خەمیان بۆ بخوات.

کامەران موکری لە شیعری (پرسیار) دا دەلّێت:

بەژنی تۆ، یابەژنی ڤینۆس ئەی فریشتەم شەنگترە
خونچە تەنگ تر، یادەمی تۆ، یادڵی من تەنگترە(588)

شێرکۆ بێکەس لەبەر ئامێزی ئەم دێڕە شیعری کامەران موکری لەسەر هەمان بنەما و لەشێوەی پرسیار ئەم وێنەیە دەکێشێت:

بەژنی خوێن بەرزترە یان بەژنی شیعر؟!
دەنـــگـــی خـــوێـــن گـــەرمـــترە یـــان دەنـــگـــی شـــیـــعـــر؟!(589)

وێنەکانی ئەم دێڕە شیعرە بەشێوازی بەکەسکردن دروست بووین.

هێمن لە شیعری (عیشق ئازادی)(590) دا دەڵێت:

بەهار و گوڵ، کچ و مانگەشەو، شیعری تەڕ و بادە
لەوەی زیاتر جەنابی شێخ گەرەکتە عالەمێکی تر(591)

شێرکۆ بێکەس لە شیعری (بیرەوەری)(592) ئەم وێنەیە دەکێشێت دەڵێت:

لە بیرم دێ
بۆ یەکەم جار
سەربان وچیغ و کچێك و مانگە شەوێ
شەمامەی خاڵ خاڵی بەهرە و
شیعریان دامێ(593)

هێمن باس لەوە دەکات کە بەهار بێت و گوڵ و گوڵزار سەریان پێکەوە نابێت، گوێ لە مۆسیقا و شیعری خۆش بگرێت و کچێکی جوانیش لەجێی ژوان بێت، ئیتر بەهەشتەکە لەسەر رووی زەمین خولقاوە جەنابی شێخ عالەمەکەی ترت بۆ چییە.

شێرکۆ بێکەس ئەم بیرۆکەیەی وەرگرتووە و بەشێوەیەکیتر دایرشتۆتەوە شاعیر دەڵێت لەبیرم دێ سەربان و چیغ و کچێك و مانگە شەوێ شەوێکی خەیاڵاوی و بەهرەدار و شیعریان دامێ، واتا لەو کاتە شیعری جوانم بۆ هات لەو کەش و هەوایە خۆشە.

هێمن لە شیعری (ئێوارەی پایز) دا کە هەست و سۆزی خۆی بە (چل) پارچە چوارین دەربڕیوە لەم سێ چوارینەدا دەڵێت:

لە ئاسۆیەکی دوورە دەست

ئاوا بوو زەردە پایزی
دەتگوت بووکێکی بێنازە
پەردە جێ دڵی بەزیزی (594)

***

ئاخر کۆڵی بۆبردە ژوور
باربەرێکی درێژی رووت
دەرکی دوکانی گاڵەدا
مام حاجی بەرەو ماڵ بزووت(595)

***

تاتاریکان پەیدا دەبێ
چۆڵ و چۆڵتر دەبێ جادە
نەدێتەدەر کیژی لەبار
نەرادەبرێ لاوی سادە(596)

هێمن وەسفی ئێوارەی پایز دەکات، کە لە ئاسۆیەکی دوورە دەست دار و بەرد زەرد هەڵگەراون و برستیان لێبراوە، ئاوابوونی ئەو تیشکی خۆرەش وەك بووکێکی عاجز و بێناز وەسف دەکات، بووکەکە عاجز بووە و بێمەیلەو پەردەچێ دێڵێو دەروات. لەوێنەی دووەم دا لەم ئێوارە غەریبە شاعیر مام حاجی دەبینێت دووکانەکەی دادەخاو وردە وردە بەرەو ماڵ رێ دەکات مام حاجیش پیرەمێردێکی بەساڵاچووە بۆیە زاراوەی(مام) می بۆ بەکارهێناوە، لەم ئێوارە غەریبەی پایزە وردە وردە بەلۆژە لۆژ بەرەو ماڵ شۆردەبێتەوە. لە وێنەی سێیەمدا شاعیر ئاماژە بەوە دەکات، تاکو دونیا تاریك دابێت شەقامیش چۆڵتر دەبێت و ئەوەندەی تر بۆنی غەریبی و دابران بەسەر سروشت دادێت ئیتر نەکیژێکی جوان دێتەدەرێ نەلاوێکیش بەدی دەکات، بەڵکو دونیا خامۆشە و پایزێکی غەمناکە و تاریك داهاتووەو رووبەرەو شەو دەچێت.

(شێرکۆبێکەس)یش لەسەر ئەوپێوو دانگە شیعرێکی نووسیوە بەناونیشانی (پایزە و ئێوارەی کۆماوە) دا دەڵێت:

هەتاوێکی لاواز. ئێوارەیەکی کۆماوە کەوەختە لووتی خۆرنشینی

بدا لەعەرد. شەقامێکی چۆڵتر لەشەقامی تەنیایی.
لەپەری زەردەوە، پیرەمێردێکی گۆچان بەدەست
رووی کردۆتە پاییز و، پاییزیش خۆی، لەگوێی رووبارە
بێزارەکە، لەسەر زنارێ دانیشتووە و چاوەڕێی منەو
منیش چاوەڕێی ئاویلکەی ئاوابوون.(597)

عینوانی شیعرەکەی (شێرکۆبێکەس) زۆر نزیکە لە شیعرەکەی (هێمن) ی شاعیر وەسفی ئەو دیمەنەی ئێوارەی پایز دەکات، باس لەوەدەکات ئەو کاتەی لوتی خۆر بدات لەعەرز واتە تیشکی خۆر دواتیشکە سوور و زەردەکانی وەك فوارەیەکی ماندوو لەسەرخۆ دوائاوی خۆی هەڵبڕێژێت، لەم کاتەش شەقام چۆڵە و چۆڵترە لەشەقامی تەنیایی، لەوکاتەدا پیاوێکی گۆچان بەدەست رووی کردۆتە پایز لێرەدا پایز بەکەسکراوە لەشێوەی مرۆڤێك پیشان دراوە، لەشیعرەکەی(هێمن) دا مام حاجی لەم ئێوارەی پایزەدا بەرەو ماڵدەچێتەوە، بەڵام لە شیعرەکەی (شێرکۆ بێکەس) دا ئەم پیاوە پیرە و گۆچان بەدەستە دەیەوێت دیدەنی پایز بکات و، بەرەو رووی پایز هەنگاو دەنێت، چونکە پایز لەسەر زناری رووبارەکە دانیشتوەو، بەکار هێنانی راناوە(من) واتا شاعیر کەواتە ئەم پایزە لەسەر گابەردێك دانیشتووەو چاوەروانی شاعیریشە، شاعیر چاوەرریێ ئاویلکەی ئاوابوونە. ئەو وێنەیەی شێرکۆ بێکەس هەرسێ وێنەکەی (هێمن)ی لەخۆی داچڕ کردۆتەوە، (هێمن) وەسفی ئێوارەی پایز دەکات و (شێرکۆ بێکەس)یش باس لە ئاوابوونی پایزەدەکات، (هێمن) باس لەچۆڵبوونی شەقام دەکات، (شێرکۆبیکەس)یش دەڵێت شەقامێی چۆڵتر لەشەقامی تەنیایی، (هێمن) باس لە مام حاجی دەکات کە بەرەو ماڵدەچێت، (شێرکۆبێکەس)یش باس لە پیرەمێردێکی گۆچان بەدەست دەکات، دیارە هەردوو وێنەکەش پیرەمیێردێك نیشان دەدەن، لە شیعرەکەی (هێمن) دا مام حاجی واتەپیاوی بەساڵاداچوو،(شێرکۆبێکەس)یش وەسفی پیرەمێردێکی گۆچان بەدەستمان بۆ دەکات، گۆچانیش رەمزی پیری پیشان دەدات، هەرچەندە لەبەر ئامێزی ئەم سێ چوارینەی(هێمن) شاعیر ئەم شیعرەی هەڵچنیوە، بەڵام توانیوتەتی وێنەی نوێش بخولقێنێت لەوتەی(شەقامی تەنیایی ) وێنەیەکی بەتەن کراوە، لەگوتوی (پایز...دانیشتووە) ئەم وێنەیەش بەشێوازی بەکەسکردن دروست بووە، سیفاتی مرۆڤ بەپایز دراوە کە لەسەر بەرد دانیشتووە. بەم شێوەیە شێرکۆ بیکەس، لەئەنجامی ئاوێزانکردنی ئەم سێ (چوارین) ەی (هێمن) ئەم شیعرەی نووسیوە و مەغزاو وێنە و رەهەندی نوێی پێبەخشیوە.

(ئەحمەد هەردی)(598) دەڵێت:

بەڵێ، ئێستا ئەوەی جێماوە بۆ من، یادگارێکە ..!

بەسەر هاتی دڵی ورد و بەسەر چوونی بەهارێکە(599)

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

ئەوەی مابێ یادگارە وەك نامەکانت

سەرنجی یاد، لەڕابردوو، مایەی ژیانە(600)

ئەحمەد هەردی ئەوەی بۆی بەجێمابێ یادگارییەکان و تەمەنە بەسەر چووەکانە، لەبەسەر هاتەکانی کارەساتەکانی دڵ و بەسەر چوونی بەهاری جوانی شاعیرە (بەهار) بەواتای ساتە خۆشەکان دێت.

شێرکۆ بێکەس لەسەر بنەمای وێنەکەی ئەحمەد هەردی ئەم وێنەیەی دروست کردووە، باس لەیادگارییەکان دەکات کە نامەی یارەکەیەتی سەرنجدانی شێرکۆ بێکەس لەڕابردوو ڕووناکی و خۆشی پێدەبەخشێت، واتا ئەحمەد هەردی لەم وێنەیەدا ڕەشبینانە لە ڕابردوو ساتە بەسەر چووەکان دەڕوانێت، بەڵام شێرکۆ بێکەس گەش بینانە لەڕابردوو دەڕوانێت، کەژیانی خۆی پێوە پەیوەست دەکات، کەواتە شێرکۆ بێکەس هەمان کەرەستەو هەمان ئەو قورەی بەکارهێناوە کە ئەحمەد هەردی بەکاری هێناوە، بەڵام دەشێ ئەوەی ئەحمەد هەردی گوڵدانێك بێت لەو قوڕە سوورکراوە دروست کرابێت ئەوەی شێرکۆ بێکەس گۆسکەیەك بێت.

ئەحمەد هەردی لەشیعری (دڵێکی تێکشکاو)دا وێنەی دڵی پڕ لەغەم و حەسرەتی خۆی دەکێشێت و دەڵێت:

... تروسکەی تیا بەدی ناکەم، سەرنجم چەندە لێ داوە

لەتاپۆی نامرادیم و تەمی ناسۆری بەولاوە..!(601)

شێرکۆ بێکەس لەشیعری (دووگۆرانی)دا بەکاریگەری ئەم وێنەیەی هەردی ئەم وێنەیە دەکێشێت:

تاسەی ناوەختی

بێ بەختی

ئەو ژیانە مات و کاسەم

کە بەئاستەم

ڕووناکیی لێ بەدی ناکەم
منی ماتەم(602)

شاعیری ڕۆمانسی ئەحمەد هەردی لەم دێڕە شیعرەدا ڕەشبینانە لەژیانی ڕوانیوە کەتروسکەی ڕووناکی تیا بەدی ناکات، تەنها نامرادی و تەمی ناسۆری نەبێت.(شێرکۆ بێکەس) لەبەر ئامێزی ئەم دێڕەدا ڕەشبینی و نائومێدی خۆی بەرامبەر ژیان دەردەبڕێت. ئەحمەد هەردی لەوشەی (تروسکە)دا کە مانای کەمێك ڕووناکی دەگرێتەوە، لای شێرکۆ بێکەس گۆڕاوە بە (ڕووناکی، بەئاستەم) شێرکۆ بێکەس وشەی (منی ماتەم) لەبری نامورادی ئەحمەد هەردی بەکار هێناوە.

-ئەحمەد هەردی لە شیعری(ڕازی تەنیایی) دا وێنەی خۆی دەکێشێت و دەڵێت:
لەتەنیای شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە!
نییە دەستێ، دەرمبێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە(603)

-شێرکۆ بێکەس لەشیعری(زەردەخەنە لەفرمێسکا) بەکاریگەری وێنەکەی هەردی ئەم وێنەیەی کێشاوەو دەڵێت:
توخوا ڕاستە مۆمی دڵ و داری دەسی
لەتاریکی شەوی عومریا ون کردووە؟(604)

ئەحمەد هەردی لەم دێڕە شیعرەدا ڕەشبینانە لەژیان دەڕوانی، لە شەوی ژینیدا هەنگاوی کوێرانە دەنێت و هیچ کەسێکیش نیە دڵ نەوایی بداتەوە و دەری بهێنێت، لەم تاریکی و لەم گۆڕە وێرانە. شێرکۆ بێکەس ئەم بیرو وێنەیەی ئەحمەد هەردی ڕاست و ڕاست ناڵێت، بەڵکو گومانی هەیە و دەپرسێت ئایا ڕاستە تروسکای دڵ و داری دەستی لەنێو تاریکی شەوی عومریا وون کردووە.

ئەحمەد هەردی وشەی (ژین)ی بەکارهێناوە شێرکۆ بێکەسیش بۆ گۆڕینی وێنەکە وشەی (عومری) بەکار هێناوە وشەیەکی عەرەبییە و وەك موورادیف بەرامبەر بەژین ڕادەوەستێت.

شێرکۆ بێکەس لەکۆپلەیەکیتردا کە هەر لەبەر ئامێزی ئەم دێڕە شیعرەی ئەحمەد هەردی وەرگیراوە، بەڵام ئەمجارەیان بەگۆڕانکارییەکی گەورەتر وێنەکە وەرگیراوە و گۆڕاوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
دەمەو ئێوارەی خۆر نشین

دوا عومری پایزی غەمگین
هەنگاوی خەمی تەنیایی
ملی پێنام بەئەسپایی(605)
لە شیعرەکەی ئەحمەد هەردی وشەی (شەو) هەیە شێرکۆ گۆڕیویەتی بە(ئێوارە).
ئەحمەد هەردی لە شیعری (ئازادی خوای کوردین ئێمە) دا لەم دێڕەدا دەڵێت:
شیری دەستی لێ قەوماوین
لەڕووی زوڵما هەڵکێشراوین(606)

شێرکو بێکەس لەدوو وێنەی شیعریدا سوودی لەم دێڕەشیعرەی هەردی وەرگرتووە لەدیوانی (کەشکۆڵی پێشمەرگە) ئەم وێنەیە دەکێشێت:
ئەم شمشێرە سوورەی شۆڕش
چۆن ئامادە
لەڕووی مەرگا هەڵکێشراوە(607)

ئەحمەد هەردی شیری دەستێکە کە لێی بقەومێت و لەڕووی زوڵم و زۆرداری ئەم شیرە هەڵکێشراوە. شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەی هەڵشێلاوەتەوە و لەقاڵبێکیتر دایرشتۆتەوە لەلای ئەحمەد هەردی شمشێری دەستی لێقەوماوانە شێرکۆ بێکەس شمشێر دەبێت بەشمشێرێکی سووری شۆڕش، لەلای ئەحمەد هەردی شمشێر لەڕووی زوڵما هەڵکێشراوە، لەلای شێرکۆ بێکەس شمشێر لە ڕووی مەرگا هەڵکێشراوە لەگوتەی (لەڕووی مەرگا هەڵکێشراوە) وێنەیەکی بەتەنکراوە قەبارە و بارستاییەکی بەمەرگداوە.
شاعیر لە وێنەیەکیتردا لە دیوانی (ئاسك) دا ئەم وێنەیە دەکێشێت:
بەدوای شێخی شیر هەڵکێشا و
لەڕووی ئینگلیزدا
هەر هەموویان سوێند خۆرن و
دائەنەون.. لەم خاك و خۆڵە،
پڕ بەمشتێ هەڵ ئەگرن و ماچی ئەکەن
بۆ ڕۆژی تۆڵە(608)

شاعیر لەم وێنەیان دا زیاتر خۆی لە وێنەکەی هەردی دوور خستۆتەوە لەئاستێکی دوور تر پێکدەچن، چونکە ئەمەیان گۆڕانکاری پێوە دیارە.

قوبادی جەلی زادە لەشیعری (بێژمە) دا ئەم وێنەیە دەکێشێت:

پێڵوی چاوە ڕەشەکانتم
هاتەوە یاد
دەتگووت جووتێ پەپوولەیە
بەسەر گوڵزاری وشەوە
باڵ لێك دەدەن(609)

قوبادی جەلی زادە وەسفی ئەو کچە جوانە دەکات بەدیار کۆمپیوتەرەوە خەریکی تایپ کردنە، جارێك دەست و پەنجەکانی بەرێزە دیسکۆیەکی رووت بوو دەچوێنێت، ئەمجارەشیان پێڵووی چاوە ڕەشەکانی لەکاتی سەرنجدان لەمۆنیتەری کۆمپیوتەرەکە ناوبەناو دەتروکێن ئەم پێڵوە ڕەش و جوانانە بەجووتە پەپوولەی دەچوێنێت، کەبەسەر گوڵی وشکانەوە باڵ لێکدەدەن، ئەم وێنە جوان و نازدارە ڕەنگدانەوەی هەیە لای شێرکۆ بێکەس.

شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیە دەکێشێت:

لەئێستەیشدا: پێڵوەم پەپوولەی ماندووە
پێڵوەم خەریکە پیر ئەبێ(610)

چواندنی پێڵوی چاو بە پەپوولە، ئەم وێنە دەباتەوە سەر شیعرەکەی قوبادی جەلی زادە، وێنەیەکە لەسەر شێوازی بەرجەستەکردن بنیات نراوە.

محەممەد حەمە باقی لەشیعری (پێوانەی خۆشەویستیت)دا دەڵێت:

تۆ هەمیشە لێم ئەپرسیت:
بۆ پێوانەی خۆشەویستیم، بۆ نا نووسیت؟
ئەڵێم: گیانە چونکە نووسین،
بۆ خۆشەویستی تۆی شیرین..
دوورە لەتوانای دانانی سنوور و مەبەست دەربڕین
هەرچی کاتێ پێنووس توانی،

ژمارەی چڵە گیای بەهار،
با نێرگزی دەشت و بنار،
سەر ژمار کات بەئاسانی،
ئەو کاتە منیش ئەتوانم کە پێوانە،
بۆ خۆشەویستیت دابنێم،
نرخی جوانی ئەو چاوانە...
بەشیعر و، بەنووسین بڵێم..!(611)

شاعیر ڕوو لەیارەکەی دەکات و وەڵامی ئەو پرسیارەی دەداتەوە و کە بۆ چی ناتوانێت پێوانەی خۆشەویستی یارەکەی بنووسێت خۆشەویستی شاعیر بۆ یارەکەی هێندە گەورەیە نازانێت بە هیچ زمانێك ئەم هەستە دەر ببڕێت و باس لەم پێوانەیە بکات، کە یارەکەی خۆش دەوێت نازانێت چ ئەندازە و قەبارەیەك بۆ ئەم خۆشەویستییە دابنێت، جا دەڵێت هەر چ کاتێك پێنووس توانی ژمارەی چڵە گیا و نێرگزی دەشت و دەر و بنار سەر ژمێر بکات بەئاسانی کە ئەمەش کارێکی حەتمییە و ناکرێت، کەواتە ئەو کاتە شاعیر دەتوانێت پێوانە بۆ خۆشەویستی یارەکەی دابنێت و نرخی جوانی و نایابی چاوی یارەکەی بەشیعر و بەنووسین دەربڕێت بیرۆکەی ئەم شیعرە لەلای شێرکۆ بێکەس ڕەنگیداوەتەوە لەشیعری ((ژماردن))(612) ئەم وێنەیەی کێشاوە:

ئەگەر ئەتوانیت یەکە یەکە
گەڵای ئەو باخە بژمێری
ئەگەر ئەتوانیت هەرچی ماسیی
گچکەو گەورەی
ئەو ڕوبارەی بەبەر دەمتا تێئەپەڕێ
ریز ژمێرکەی!
ئەگەر توانیت لەدەرزی کۆچی باڵندەی
بەرەو ژوور و، بەرەو خواردا
بەرەو خوار و، بەرەو ژووردا
یەکە یەکە
مەل و باڵندە بژمێری

ئەوا منیش بەڵێن ئەدەم
یەکە یەکە
هەرچی قوربانی ئەم خاکی
کوردستانە شیرینەیە
بۆت بژمێرم(613)

شێرکۆ بێکەس لە شیعری (ژماردن)دا لەسەر بنەمای شیعرەکەی محەممەدی حەمە باقی ئەم شیعرەی نووسیوە، شیعرەکەی پێشوو لەدڵداری دەدوێت و ئەمەشیان لە نیشتمان پەروەری شاعیر رووی شیعرەکەی بەشێوەیەکیتر وەرگێڕاوە، لەژماردنەکانیش گۆرانکاری کردووە ئەگەر توانیت یەکەیەکە گەڵای ئەو باغە بژمێری ژماردنی ماسی گچکە و گەورە، ئەگەر توانی باڵندەی بەرەو ژوور و بەرەو خوار دیارە، لەکاتی کۆچ کردنی مەل و باڵندە بەلێشاو دێن و کەسیش بۆی ناژمێردرێت، کەواتە کەسێك ئەگەر بتوانێت ماسی دەریا بەوورد و درشتەوە بژمێرێت و مەل و باڵندەی کۆچەری و گەڵایدار بژمێرێت، ئەو کاتە دەتوانێت ژمارەی شەهیدەکانی کوردستان بژمێرێت ئەمەش شتێکی حەتمییەو بەهیچ کەسێك ناکرێت ئەو شتانەی محەممدی حەمە باقی باسی کردوون ئەو شتانەی (شێرکۆ بێکەس)یش باسی کردوون، بەهیچ کەس ناژمێردرێن. چونکە محەممدی حەمە باقی یارەکەی زۆر خۆش دەوێت و ناتوانێت بەهیچ ئەندازەیەك ئەم خۆشەویستیەی دەربرێت شێرکۆش لەئاست شەهیدەکانی کوردستان ناتوانیت هەموویان بژمێرێت نە ئەو نەکەسی تریش بەم وێنەیەی شاعیر رۆح و رەچەی ئەم شیعرەی (محەممەد حەمە باقی) وەرگرتووە و لەقاڵبێکی نوێ و بەبۆیە و رەنگێکی نوێ پێشانمان دەدات، بەلاّم مادە و پێکهاتە سەرەکیەکانی لەشیعرەکەی (محەممەد حەمە باقی) وەرگرتووە.

هاوسەنگی لەنێوان دێرە شیعرێکی فۆلکلۆر و دێرە شیعرێکی هێمن و شیعرێکی شێرکۆ بێکەسدا:

لەنێوان هەرسێ وێنەکەدا لێکچوون هەیە، بەلاّم وێنە فۆلکلۆریەکە و دێرە شیعرەکەی هێمن ئیلهام بەخشی دروست بوونی ئەو شیعرەی (شێرکۆ بێکەس)ە.

لەم دێرە شیعرە فۆلکلۆرە داهاتووە:

تاڵێ لەزوڵفت بێ بەدەستمەوە

بەندی دڵ ئەپسێ پێی ئەبەستمەوە
لەشیعری ((مووناپسێنم))دا هێمن ئەم وێنەیە دەکێشێت:
ئەمن دەمگوت لەدنیا تابمێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانەوێنم
کەچی ئێستا لەداوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم(614)

شاعیر بەڵێنی دابوو کە لە بەرکەس سەردانەنوێنێت کەچی ئێستا کەوتۆتە نێو داوی خۆشەویستەکەی وای لێکردووە، ناتوانێت جوڵە بکات و موش بپسێنێت.

شێرکۆ بێکەس لەشیعری (قژ) دا ئەم وێنە قەشەنگە دەکێشێت:
لەرۆژێکی هاویندا بوو
تاڵەکانی قژی کچێ
بەستیانمەوە بەو دارەوە
کە هەردووکمان لە سێبەریا دانیشتبووین
بەستیانمەوە و گرێیان دام بەچڵەوە و
بەلقەوە..
ویستم هەستم .. گرتبوومیان
ویستم تاڵە موو بپسێنم
ئەو پسانمی و داینامەوە!
وەختێ سێبەر بەجێیهێشتین
وەختێ هەتاو هاتە سەرمان
کە ئەو هەستا و وردە وردە دوورکەوتەوە
من ئەو کاتە کرامەوە
بەڵام هەر زوو
زانیم دیلم لەو قژەدا
ئازادییە و
((کرانەوە)) چۆڵم ئەکا و دام ئەخات و پێوەم ئەدات
زانیم وەختێ قژ ئەمگرێ و بەرم نادات

من ئەو وەختە ئیتر فرین و هەڵکشان
بەرەو بەرزاییەکانی ناو عەشق و
شیعر ئەمبات!(615)

شاعیر لەسەر بنەمای ئەم دوو شیعرەی پێشوو وێنەیەکی چیرۆکی لەسەر بنەمای وەسف دروست کردووە، کەوا لەرۆژێکی هاویندا، لەگەڵ کچێك لەژێر سێبەری درەختێك دانیشتبوو تاڵەکانی ئەم قژە جوانە شاعیریان بەدرەختەکە بەستۆتەوە ویستوویەتی هەستی تاڵە مووەکان گرتوویەتیان واتا لە جوانی ئەم کچە تێر نەبووە و ویستوویەتی زیاتر دابنیشێت و بمێنێتەوە، نەیتوانیوە تاڵە موو بپسێنێت و لەدەستی رابکات، بەڵکو تاڵە مووەکان شاعیریان پساندووە دایان ناوەتەوە و لەشوێن خۆی تاکو کچەکە بۆ خۆی هەستاوە و رۆیشتوە دوورکەوتۆتەوە ،ئینجا شاعیر وردەوردە کراوەتەوە ئەو کاتە هەستی کردووە کە لەنێو ئەو قژەدا دیلە، بەلام ئەم جۆرە دیل بوونەش خۆشە و بەئازادی دادەنێت، کرانەوەو دوورکەوتنەوەی ئەم کچەش شاعیر غەمبار دەبێت و دەرگای بەختەوەری بەروویدا دادەخرێت و لەو کاتەدا دڵی خۆشە کە کەوتۆتە داوی ئەم قژەوە و لەو کاتەش بەرەو بەرزاییەکانی عیشق و شیعر دەفرێت.

شاعیر وێنەیەکی جوانی لەدوو دێرەکەی پێش خۆی دروست کردووە، لەئاستێکی بەرز و ئەم وێنەیە ئاوێزانی شیعرەکەی دەکات و لەشێوەی چیرۆك رووداوەکەمان بۆ دەگێرێتەوە.

هاوسەنگی لەنێوان گوتەیەکی فۆلکلۆر و دێرە شیعرێکی نالی و شیعرێکی شێرکۆ بێکەسدا:

ئەو باسەشمان لەدەوری هاوسەنگی لەنێوان گوتەیەکی فۆلکلۆر و دێرە شیعرێکی نالی و شیعرێکی شێرکۆ بێکەس دەخولێتەوە، گوتە فۆلکلۆریەکەش زۆربەمان پێی ئاشناین و بەرگوێمان کەوتووە لەوەوە هاتووە باوکێك نسحەتی کورەکەی خۆی دەکات، بۆئەوەی لەمەجلیس و لەناو خەڵك باش بیر بکاتەوە ئینجا گۆی بکات دەڵێت کورم ((قسە لەدەمدا بیگێژە، بیبێژە، بیوێژە)) ئەمە ئاماژە بەوە دەکات وەك چۆن دانەوێڵە کاتێك زیوان و پووش و پارچەدار و پەلاشی تێدابێت دەبێت لەناو بێژینك بکرێت گێژە بکرێت (بگێژرێت) دانەوێڵە لەسەر خەرمان سەرەتا سەرەند دەکرێت هەرچی دار و بەرد و کوزری تیایە لەسەری دادەمێنێتەوە و گەنم و تۆز و خۆڵەکەش دەچێتە خوارەوە ئەو جارە بێژنگ دەکرێت هەرچی خۆڵو تۆز هەیە، لەکونی بێژینگ دەچێتەخوارەوە و گەنمەکە لە ناو بێژنگەکە ئەو سور و ئەو سوری پێبکرێت، بۆئەوەی هەرچی پوش و پەلاش و دانەوێڵەی پوچەڵ و شتی زیادە هەیە،

لەناوەراستی بێژنگەکە کۆبکرێتەوەو بەدەستی فڕێ بدرێت ئینجا ببێژرێت دیارە، لەئەنجامی بێژانیش تۆز و خۆڵ و زیوان و شتەوردەکان دێنەخوارەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە دانەوێڵە پوخت و خاوێن و باشەکەیە کە لەو پیسییە پاك کراوەتەوە و بەکەڵکی بەکار هێنان دێت کە بۆ خواردن دەست دەدات، وتەی ئەو پیاوەش بۆ کورەکەی هەمان شتە داوای لێدەکات کورەکەی جوان بیربکاتەوە و هەموو مەبەستەکەی لەچەند ڕستەیەکی پوختە و جوان دەربېرێت بۆ ئەوەی جێی ڕەزامەندی گوێگرەکانی بێت، لەرووی مۆسیقاوەش هەرسێ گوتەی (بیگێژە، بیبێژە، بیوێژە) زۆرلێك نزیکن و هەریەکەشیان لەسێ برگە پێکهاتوون بەهەمان پیت دەستیان پێکردووە پیتی کۆتایی هەرسێ وتەکەش هەمان پیتن.

ئەگەر سەیری ئەم دێرە شیعرییەی نالی بکەین زۆر لەمەی فۆلکلۆرەکە نزیکە و دەڵێت:

دەورانییە وەك هێڵەگی سەودا سەری گێژم
بۆیە بەدەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم(616)

واتا دەورانی سەری سەوداو گێژم وەك هێڵەگ وایە، ناهێڵێت شتی بێکەڵك بێتە خوارەوە، بۆیە هەرچی دەیبێژی بەوردەکارییە، وەك ئەوە وایە تۆ هەندێ ئارد لە هێڵەگ بدەی ئاردە جوان و وردەکە دێتە خوارەوە و ئاردە بۆروو درشتەکە و پەلکی گەنم و دانەوێڵە لەسەر هێڵەگ دەمێنێتەوە. ئەم وێنەیە لەگەڵ وێنە فۆلکلۆریەکە لەوەلەیەك دەچن کەهەردووکیان بۆدەربرین و وتنی قسەکانیان هێڵە گ وپێژنگ بەکاردەهێنن، بەلاّم لەوێنە فۆلکلۆریەکە ئەوەی لەناو هێڵەگ دەمێنێتەوە دانەوێڵە پوخت و روختەکەیە واتە ئەوەی لە ناو هێڵەگ دەمێنێتەوە وتە جوان و بەکەڵکەکەیە کەلەتۆز و خۆڵ و زیوان پاك بۆتەوە و هاتۆتە خوارێ لەقڵچەو وردە پووش و پەلاّش پاك کراوەتەوە، کە بەسەر گەنمەکە کەوتووە. لەودێرە شیعرەی نالی باس لەهێڵەگ دەکات، بەلاّم هێڵەگێك بۆ قۆناغی دووەمی گەنمەکە کە بووە بەئارد واتا نالی کە دەڵێ بۆیە بە دەقیقی هەرچی دەبێژم، واتە ئەوەندە وشە و ڕستەکان لەهێڵەگی سەری دەسورێنێتەوە تاسەوداسەر و گێژ دەبێت، ئینجا چەند وشەیەکی جوان هەڵدەبژێرێت و دەیانکات بەشیعر، بەڵێ شیعرەکانی نالی وردەکاری و ڕەوانبێژییەکی زۆری تیابەکار هێناوە، ئەو هەموو وردەکارییە و ڕەوانبێژییەش لەخۆرا دروست نابێت، بەڵکو لەئەنجامی بینە و بەردە و لەهێڵەگ دان و وردبوونەوەو قوڵبوونەوەیەکی زۆر دروست دەبێت و ئەو شیعرە جوانانەی نالی دروست دەبێت.

وێنەی سێیەم: لە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس دەردەکەوێت و دەڵێت:
لەپایزدا
ڕۆژێ سەرم کرد بەبێژنگ
ڕۆژێ هەقم لەبێژنگ دا
بەقەدەریەك
ڕەنگەکانی ژنم هێنا و
ڕەنگەکانی پیاوم هێنا و
تێکەڵم کرد
بەیەکەوە بێژامنەوە
سەرم سوڕا سەرم سوڕا
لەدوایی دا
ئەوەی ڕژایە خوارەوە
هەر پیاو بردی و هەرپیاو خواردی و
ئەوەی لەسەرێش مایەوە لەبێژنگدا
بەژن بڕا !(617)

شێرکۆ بێکەسیش لەپایزدا سەری خۆی دەکات بەبێژنگ و ئەو بێژنگەش حەقی دەخاتە ناوی، حەق شتێك نییە بەچاو ببیندرێت، بەڵام شێرکۆ بێکەس بەهۆی بنیاتی وێنەی تاك بەتەنی کردووە (التجسيم) ئەم حەقە وەك شتێك بارستایی هەبێت مامەڵەی لەگەڵ کردووە، ڕەنگەکانی ژن و پیاوی هێناوە تێکەڵی کردوون، لەبێژنگی داون وەك نالیش سەوداسەر بووە و گێژ بووە، لەئەنجامی لەبێژنگدانی سەری لەدوای ئەو سەرسوڕانە، ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە ئەوەی ڕژاوەتەخوارەوە هەر پیاو بردوویەتی و هەر پیاو خواردوویەتی ئەوەی لەسەرێش ماوەتەوە بەژن بڕاوە. باسی ئەو نایەکسانییەی کۆمەڵگای باوك سالاری دەکات، کە مافی ژن هەمیشە دەخورێت غەدر لەژنان دەکرێت، وێنەیەکی جوانی لەسەر بنیاتی بەتەن کردن (التجسيم) دروست کردووە. کەواتە لە هەرسێ بابەتەکە ئەوەی( فۆلکلۆر) و ئەوەی (نالی) و ئەوەی (شێرکۆ بێکەس) بیژنگ و لەهێڵەگدانە، دەبینین شێرکۆ بێکەس شیعرێکی جوانی دروست کردووە، چونکە تەنها وێنە فۆلکلۆریەکە و وێنەشیعرییەکەی نالی ئیحایان بەشێرکۆ بێکەس بەخشیوە کە ئەم شیعرە جوانە دابنێت و شیعرێکی زۆر قەشەنگ و بەپێز دابڕێژێت

و مانایەکی جوانیش ببەخشێت، ئەم جۆرە وێنە وەرگرتنانە تەواو شایستە و لەجێن، چونکە دەقاو دەق وەرنەگیراون، بەڵکو ئەوەی فۆلکلۆر بابەتەکەی شتێکە و ئەوەی نالی شتێك و ئەوەی شێرکۆ بێکەسیش شتێك بەلاَم، لەیەك بنەما کۆ دەبنەوە ئەویش لە وێنە فۆلکلۆریەکە دەم دەبێت بەبێژنگ کە ناراستەوخۆ ئاماژەیە بۆ سەر و ئەقڵ لە شیعرەکەی نالی سەر دەبێت بەهێلەگ لەوەی شێرکۆ بێکەس سەر دەبن بەبێژنگ و شێرکۆ بێکەسیش ڕەنگ و حەق لەبێژنگ دەدا، لەراستیدا بێژنگ بۆ گەنم و دانەوێڵە بەکار دێت ئەو شتەی کە دەکەوێتە خوارەوە زیوان و شتە خراپەکەیە ئەوەی دەمێنێتەوە گەنمە ڕوخت و پوختەکەیە ئەگەر بەم ئەندازەیە بێت دەبوایە شێرکۆ بێکەس لەجێی بێژنگ هێڵەگی بەکاربهێنایە، چونکە هێڵەگ ئەوەی لێی دێتە خوارەوە شتە پوختە و جوانەکەیە، یان بیوتبایە(ئەوەی هاتە خوارەوە ژن بردی ئەوەی لەسەرەوە بەپیاو برا) ، چونکە ئەوەی لەسەرەوە ماوەتەوە دانەوێڵە پوختەکەیە، بەلاَم جوانی شیعرەکە و فەنتازیاکەی لەوەدایە ڕەنگەکانی ژن و پیاو وەردەگرێت، هێڵەگەکە دووشتی وەکو یەکی تێدەکات کە یەك حەجموو یەك جۆر بارستەیان هەیە و یەکسانن، بەلاَم کەیەکسانن لەشانەکانی هێڵەك بۆچی حەقی ژن نایەتەخوارەوە بۆبەربەست کراوە، بۆ حەقی دەکوژرێت و لەناو بێژنگ دەمێنێتەوە و ئەو حەقەی پێنادرێت، کە ئێمە دەڵێین یەکسانن، کەواتە دەبێت شتی یەکسان ئەگەر لە بێژگ هاتە خواریْ پێکەوە بێتە خواریْ ئەگەر نەهاتە خواریْ دەبێت پێکەوە لەسەرەوە بمێنێتەوە نەمافی پیاوان بدریْ و مافی ژنان نەدرێت، کەواتە لە هەرسیْ وێنەکە سەر دەبێت بەبێژنگ یان هێڵەگ بێژنگ و هێڵەگی هەر یەکەشیان جۆرە دانەوێڵەیەك و جۆرە بابەتێکی جیای تێکراوە جۆرە بابەتێك دەپێکێت.

هاوسەنگی لەنێوان وێنەیەکی گۆران و هەردی و شێرکۆ بێکەسدا:

گۆران لە شیعری(لەلادیْ) دا لەم دێریان دەڵێت:

...ئەرۆی بەعیشوە، بەلەنجە، بەوەزنی گۆرانی

ئەرۆی زرەی کەمەرت دیْ هەتاکو بەرکانی!(618)

گۆران ڕۆیشتنی بەناز و لەنجەولاری بەئاوازی گۆرانی چواندووە، دیارە ئەمەش وێنەیەکی نوێیە لەنجەو لار بەئاوازی گۆرانی بچوێنرێت، وێنەیەکی جوانی لەسەر بنەمای (شێوازی هەست گۆرکیْ) دروست کردووە، گۆرینەوەی هەستی (بینین) بە (بیستن)ە ، چونکە لار و لەنجە بەچاو دەبینرێت، بەلاَم بەم شێوە دەربڕینە ڕۆڵە کە دەدرێت بەگوێچکە چونکە گۆرانی و مۆسیقا دەبیسترێن (گۆران) هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی وێنەی نویْ دابووە لەزۆر شوێن

لار و لەنجەی بەکۆتر و تاوس ومامز ...هتد چواندووە، بەڵام هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی وێنەی نوێ دابووە، ئەم جارەیان لار و لەنجەی بەئاوازی گۆرانی چواندووە کە پێش گۆران ئەم جۆرە لێکچواندنە نەبووە، کەواتە گۆران وێنەیەکی خودی جوانی دۆزیوەتەوە (ئەحمەد هەردی) ش لە بەر ئامێزی ئەم شیعرەی گۆران ئیحای بۆ هاتووەو لەم وێنەیەدا دەڵێت:

بەژن و باڵاکەت نموونەی: هەیکەلی یۆنانی یە،
لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانی یە(619)

ئەم وێنەیە وەکو خۆی وەرنەگیراوە، بەڵکو هەردی سەرلەنوێ هەویرەکەی شێلاوەتەوە و جارێکی تر لە قاڵبیداوەتەوە ڕۆحێکی گەشتر و جوانتری پێداوە، چونکە ڕۆیشتنی بەعیشوە لای(گۆران) بەوەزنی گۆرانی چوێنراوە، بەڵام لای (هەردی)لار و لەنجە بە(مۆسیقا و بەستە و گۆرانی) چوێنراوە بەرەنگ و بۆیە و بە جل و بەرگێکی تر نیشانی داوە جوانکاری خۆی تیا نواندووە، لەم وێنەیەی هەردیش دووجۆرە وێنەی لەخۆدا چرکردۆتەوە، یەکەم وێنەی لێکچواندنی لێکدراوە، چونکە لار و لەنجە بەسێ شت چوێندراوە بە(مۆسیقا و بەستە و گۆرانی) کەچەند مۆسیقا و گۆرانی و بەستەی خۆش کار لە مرۆڤ دەکەن، ئەم شۆخە جوانەش لەنجە و لاری بەمۆسیقا چواندووە و لەسەر شێوازی هەست ئەم وێنەکەش لێکچواندنی لێکدراوی موئەکەدە، وێنەش بەشێوازی هەست گۆرکێ دروست بووە.

(شێرکۆ بێکەس) ش لەم وێنەیەدا دەڵێت:
کاتێ کە لەنجەی پڕ لە مۆسیقات
تەزووی ئارەزووی خستە سەر گیانم(620)

شێرکۆ بێکەس لەنجەی بەمۆسیقا چواندووە، ئەم وێنەیەش بەشێوازی هەست گۆرکێ دروست بووە، کەواتە ئەم وێنەیە لە نێو منداڵدانی ئەم دێڕە شیعرەی ئەحمەد هەردی لەدایك بووە، هەرچەندە ڕەگێکی لە وێنەکەی گۆراندا هەیە، بەڵام دەشێت کچ لەدایکی خۆی نەچێ لەشێوەی رووخساردا جیاواز بێت، لە وێنەیەکیتردا (شێکۆبێکەس) دەڵێت:

مۆزیکێکی هێواش هێواش وەك تریفە و جوڵەی
پرچی بەنێوانی مێزەکاندا، ئاوریشمی ئاواز
دەنگ بوو. هاتوچۆی بوو.(621)

ئەمجارەیان شاعیر ڕووی وێنەکەی وەرچەرخاندووە و بەدیوێکیتردا سوڕاندوویەتی

لەجیاتی ئەوەی جولانەوەی پرچی بەمۆسیقا بچووێنێت مۆسیقای وەك تریفە و چولەی پرچی چواندووە، نەرمی و جوانی ئەم ئاوازەشی بەئاوریشم چواندووە، چونکە مۆسیقا کە لە پرچەوە دێتەدەرێ پرچێکی خاو خاو و جوان لەگوتەی (ئاوریشمی ئاواز) وێنەیەکە بەشێوازی هەست گۆرکێ دروست کراوە، چونکە ئاوریشم بەچاو دەبینرێت بەدەستیش هەست بەلوسییەکەی دەکەین، بەلام بەم شێوە دەربرینە رۆلەکە دەدات بەگوێچکە، چونکە ئاواز دەبیسترێ، بەم شێوەیە دەبینین شاعیر هەرجارە و بەشێوە و دەنگ و رەنگێك سوودی لە وێنەکانی پێش خۆی وەرگرتووە. (شێرکۆ بێکەس)(622) توانیویەتی سوود لە شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی وەرگرێت، بیر و بەهرە لە شیعرەکانیان هەلبمژێت.

## ب- سەرچاوەی کەلەپووری میللی

هەموو بەرهەمە ئەدەبیە فۆلکلۆریەکان دەگرێتەوە، کە پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە لەگۆرانی و حیکایەت و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و داب و نەریت و داستان و ئەفسانە و بەسەرهات، ئەم بەرهەمانەش بەمولکی هەموو میللەت دادەنرێت، لەبەر ئەوەی خاوەنەکەیان نادیارە و شاعیر سوودێکی زۆر لەم بەرهەمە فۆلکلۆریانە وەردەگرێت وێنەی شیعری خۆی لێدروستدەکات. کەواتە (( فۆلکلۆر هەر بەرهەم و کارێکی هونەری کە پەیوەندی بەگەلەوە بێت لە رووی بەرهەم هێنانی ئەو بەرهەمە، یان رێبازی بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارە فۆلکلۆرە بەمەرجێ ئەو بەرهەمە هونەریەی خاوەنەکەی نادیاربێ و ئەنجامی کاری گەل بێت))(623). هەموو شاعیرێکیش هەر لە منالییەوە گوێچکەی بەگۆرانی و حیکایەتی فۆلکلۆر و پەند و بەند و بالۆرە... هتد زرنگاوەتەوە وکەم و زۆر سوود لەو سامانە گەورەی فۆلکلۆر وەردەگرێت، بەشێوەیەکیتر بەرگی لەبەردەکات و دەیرازێنێتەوەو رۆحێکی نوێی پێدەبەخشێت.

کەواتە(( ئەم چەشنە ئەدەبەی کە ئەمرۆ ناوی لێ دەنێین (فۆلکلۆر) پشتاو پشت بەسەر زماندا گەراوە، تاگەیشتۆتە ئەمرۆ و لە ناو خەلکیدایە شێوەی ئەفسانە و حیکایەت و قسەی نەستەق و پەند و گۆرانی ... هتد بلاو بووەتەوە))(624)، و لە کۆنەوە تاکو ئێستاش شاعیران و نووسەران ئاوی سازگاری لێ هەلدێنجن و بەرهەمەکانی خۆیان پێ گەش و جوان دەکەن و ئیحای لێوەردەگرن و بەشێوەیەکیتر دایدەرێژنەوە، ئەمەش لەزۆر رووەوە سوودی هەیە

ئەم بەرهەمە فۆلكلۆريانە لەفەوتان رزگارييان دەبێت  و هەريەك لەم بابەتە فۆلكلۆريانەش وەك ئاوێنەيەكی رەنگاو رەنگی لیٚ دیٚت كە لە هەر گۆشەيەكی بەشێوە و رەنگێك وێنەكان دەردەكەون لەلای هەر نووسەرێك دەكەوێتە قاڵبی وێنەيەكی جوان و دەوڵەمەندتر دەبن و خوێندنەوەی چەند ديوێك و چەند شێوەيەك وەردەگرن.

بێگومان نوێخوازی بەو مانايە نايیٚ كە شاعير پشت لەكەلەپوور و ئەدەبی كۆن بكات، بەڵكو سوود وەرگرتن لەمانە تامێكی خۆماڵیو رەسەن و گەشتێكی تازەی خەياڵی بەدەقەكە دەدات و ئەو دەقەش بارگاوی دەبێت بەجۆرەها بابەت و چێژ و  خۆشی بەخوێنەر دەبەخشێت (625). واتە شاعير بۆ پەرەسەندنی ئەزموونەكەی خۆی دەبێت پێش هەموو شتێك مێشكی خۆی بەكەلەپووری ميللی ئاو بدات. چونكە ((كەلەپوور ئەو منداڵدانەيە كە هەموومانی تێدا پەروەردە بووين، رووخساری رۆشنبيری سەرەتاييمانی لیٚ تيا نەخشاوە، ئەوانەی ئەڵێن كەلەپووريان نيە، وەك ئەوەيەكە بڵێين دايكمان نييە، كەلەپوور دۆستێكە دڵمان پێی دەكرێتەوە، راوێژی پیٚ ئەكەين، نەك پۆليسێك بێت كەلەبچە بكاتە دەستمان و نيشتەجێی زۆرە ملێمان بەسەر بسەپێنێت))(626)، واتا كەلەپوور وەك كەرەستەيەكی بەرز و فراوان لە بەر دەستی شاعيراندايە، دەتوانن چێژ و ئيحای لێوەردەگرن و وێنەكانی خۆيان پیٚ دەوڵەمەند بكەن و گۆرانكاريشی تيا بكەن، نەك وەك شتێكی ئەبستراكت ناچار بن وەری بگرن و بێتە كۆت و بەند و كەلەپچە بەدەستيانەوە، چونكە كەلەپوور جەستەيەكی بیٚ گيان نييە بەڵكو((من لە كەلەپوور وا گەيشتووم كە رووبارێكی مەزنە و هەموومان تێنوتيمان لیٚ شكاندووە نەك وای تیٚ گەيشتبم كەقسنێكی مەر مەرە تاخواستەكانمانی تيادا بنێژين))(627). چونكە ژيان بەبەردەوامی لەپێشكەوتن دايە و كەلەپوورەكانيش دەبێت، لەگەڵ ئەو پێشكەوتنانە گۆرانكاريان بەسەر دابێت و لە دەقە شيعرييەكان بەبەرگێكی نویٚ و جوان خۆيان نيشان بدەن.

((گەلێك جار فۆلكلۆر ئەبێتە مايەی دروست بوون و پەيدابوونی گەلێك بەرهەمی هاوچەرخ و سەركەوتوو، ئەمەش پەيوەندی بە ويژدانی مێژوويی هەموو نەتەوەيەكەوە هەيە، سيفات و خاسيەتی فۆلكلۆر كەلە كەلەپووری نەتەوايەتی هەر نەتەوەيەك تەعبير لەهەڵكەوتنی باری مێژوويی و قۆناغی گۆرانی ئەكات))(628). و بەپێی سەردەمەكانيش بەرهەمە فۆلكلۆريەكان گۆرانيان بەسەر دادێت و شتيان بۆ زياد دەبێت و شتيشيان لیٚ كەم دەبێتەوە (شێركۆ بێكەس) يش پشتی لەم سامانە گەورە و بەنرخە نەكردووە، بەڵكو زۆر گرنگی پێداوەو تاسەر ئێسقان شۆربۆتەوە بۆ ناخی كەلەپوور و بابەتە فۆلكلۆريەكان و بەشێوەيەكی بەرفراوان

بەکاری هێناون و بەدیدێکی نوێ مامەڵەی لەگەڵ کردوون،  لەئاستێکی بەرز و لەقاڵبی شیعری هونەری جوان بەکاری هێناون، ئێمەش هەوڵ دەدەین هەندێك لە جۆرەکانی کەلەپوور بخەینە ڕوو کە شێرکۆ بێکەس سوودی لێوەرگرتوون و ئاوێتەی شیعرەکانی کردوون.

## 1 - شیعری فۆلکلۆری کوردی:

گۆرانی هونەرێکی زۆر کۆنی فۆلکلۆرە مرۆڤ هەر لەسەرەتای ژیانیەوە بۆ ڕووداوی خۆش و ناخۆش هەوڵیداوە دەنگ هەڵبڕێت و چی لەناخ و دەروونیدا هەیە، وەك بولبوڵ بچریکێنێت زوخاو و شاگەشکەیی خۆی دەربڕێت، یان لەکاتی کارکردندا بۆ بەسەر بردنی ئیش و کار و گڕ و تیندان بەکارکەران گۆرانی وتراوە گۆرانیش هونەرێکی دەنگییە و خۆی بەمۆسیقا و دەربڕینی دەنگەوە دەبەستێتەوە بۆیە کاریگەری لەسەر گوێگران دەبێت نەوە دوای نەوە دەمێنێتەوە کوردیش لەڕووی گۆرانی فۆلکلۆرەوە تابڵێ ی دەوڵەمەندە و هەمووشمان کەم و زۆر گوێبیستی گۆرانی فۆلکلۆر بووین چێژمان لێوەرگرتووەو.(( ئەو هۆنراوانەی دەماودەم بڵاو ئەبنەوە بەرەبەرە زیاد ئەکەن و ئەگۆڕێن و هونەرەکەی یەکەم دێری ئەم هۆنراوەی وتووە و چەند دێڕێکی خستۆتە سەر ))(629). بەم شێوەیە فراوان و بەر بڵاو بووە هەمیشە لەگۆڕان و لەزۆربوون دابووە.

شێرکۆ بێکەس سوودی لەم گۆرانیە فۆلکلۆریە بینیوە:

کۆچی یارم کۆچی سورە
بەهارە و خێڵ بەرە و ژوورە
لە و وێنەیەدا  شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
ئەمە کۆچی ڕەشی یارە و ئەمە کۆچی
پووش و پەڵاشی مێژووە و
ئەمە کۆچی کاروان سەرای یادگارە و
کۆچی کۆچە و
هاوینە و خێڵ بەرەو خوارە!(630)

شاعیر ڕەهەندێکی تازەی بەم گۆرانییە بەخشیووە، ڕووە فۆلکلۆریەکەی وەرگرتووە و

رازاندویەتیەوە و لەبەرگێکی تازەدا خستوویەتە روو. شاعیر لەچەند شوێنێکی تریش بەشێوەی ئیقتیباس کۆپلە و شیعری فۆلکلۆری وەرگرتووە و تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە، بەڵام ئێمە ئەوانمان گەرەك نییە.

له شیعری (خەونامەی کچێك) کە شیعرێکی فۆلکلۆرە کچێك خەونەکانی بۆ باوکی دەگێرێتەوە و کە خەونێکی زۆر ناخۆشی بینیوە گفتوگۆ، لەگەڵ باوکی دەکات و دەڵێت:

کیژ: لەخەونێم دیت سێ چرای گەش
بابی: کیژێ بابی خۆش خەونت دی
کیژ: لەخەونێم دیت دوومارى رەش
بابی: کیژێ بابی خۆش خەونت دی
کیژ: لەخەونم دیت قەسرێ سپی
بابی: کیژێ بابی خۆش خەونت دی
کیژ: له خەونم دیت قافلەك رابرد
بابی: کیژێ بابی خۆش خەونت دی
کیژ: لەخەونم دیت خانی یی تاریك
بابی: کیژێ بابی خۆش خەونت دی
کیژ: لەخەونم دیت شێرەك نەری
بابی: کیژێ بابی خۆش خەونت دی
کیژ: لەخەونم دیت ئەسپەك حیلی
بابی: کیژێ بابی خۆش خەونت دی
کیژ: لەخەونم دیت ماینێ تارە
بابی: کیژێ بابی خۆش خەونت دی(631)

راڤە و واتای خەونەکە دێر بە دێر (( -1 واتە سێ رۆژی رووناکی لەگێتیدا داماوە کۆچی دوایی دەکات -2دوومارەرەشەکە، کەزیەکانیتی لەسەر تاتەشۆر شۆردەبنەوە -3 قەسری سپی چیغی دەوری تاتەشۆر وەیا کفنەسپی یەکەیەتی -4 رابوردنی قافلە مەبەست پێ بردنی تەرمەکەیەتی بەکۆمەڵ بۆ گۆرستان-5 خانی یێ تاریك گۆرە تەنگ وتارەکەیەتی -6 نەرینی شێر بۆ گرستانی جۆشی دەروون و هاواری بەکۆمەڵی باوکیەتی -7حیلەی ئەسپ مەبەست پێ گریانی بەجۆشی براکەیەتی-8 ماینی تارە، پیرە دایکیەتی بەکچەرۆ گێ ی

ئاسمان کەڕ دەکات .))(632)  هەموو لێکدانەوەکان خەونی ئەو کچە دەخاتەڕوو کە بۆ باوکی دەگێڕۆێتەوە کە چۆن مردووە و چۆن چۆنی کفنیان بۆ کردووە و ناشتویانە و دایکی چۆن بۆی گریاوە و بەتێکرا شیوەن و ڕۆڕۆیان بۆکردووە، ئەمە کێرانەوەی خەونی کیژۆڵەیەك بوو بۆ باوکی، شێرکۆ بێکەش بەئاراستەیەکی تری ئەم شیعرە فۆلکلۆرە وەك باوکێك ڕووداوەکان بۆکیژۆڵەکەی دەگێڕێتەوە دەڵێت کیژۆڵە ئەمانە خەون نەبوون وەك ئەوەی بینیوتە ئەوانە حەقیقەت بوون، لەگۆڕستانی چراکاندا ڕوودەکاتە کیژۆڵەکە و دەڵێت:

خەونەبوون کیژۆڵە خەونەبوون
ئەوە ڕەز بوون ئەمردن
ئەوە ئاو بوون ئەمردن
ئەوە بەرد بوون شل ئەبوون
ئەوەگۆم بوون ڕەق ئەبوون
خەونەبوون کیژۆڵەکەم خەونەبوون
ئەوەدەستی سەرگوزشتەو
خەیاڵ نەبووکیژۆڵەکەم
ئەوەدەستی نیوەی دنیاونیوەی دەوڵەت و
قانوون بووکەها ت وتۆی ئەخستەزیلێکەوە
دوور ئەیبردی....(633)

شاعیر ڕوو لە کیژۆڵەکە دەکات و پێی ڕادەگەیێنێت ئەوەی ئەم جارە بینیوتە خەون نەبوون، بەڵکو ئەو مەرگەساتەبوو کە نیوەی ئەقڵ و نیوەی قانوون و نیوەی دونیای، لەگەڵ بوو  ڕاستی بوون  لەگوتەی(ئەوەڕەزبوون ئەمردن) وێنەکە بەشێوازی بەرجەستەکردن دروست کراوە. لەچەند کۆپلەیەکی تریش ڕوودەکاتەوە کیژۆڵەکە و دەڵێت:

خەونەبوون کیژۆڵەکەم خەو نەبوون
وەکو پرچ و زەردەخەنە و گوارەکانت
حەقیقەت بوون
خەونەبوون هەرگیز خەونەبوو
ئەی بەچاوی خۆت نەتبینی

گوڵەکان چۆن لەترسان رایاندەکرد ..
بنچکەکان هەڵدەهاتن...(634)

بەکیژۆڵەکە دەڵێت ئەمە حەقیقەت بوو ئەو رووداو کارەسات و مەرگەساتانەی بەسەر میلەتەکەمان داهات، ئەو کوشتن و کاولکاریانە و ئەنفال و کیمیا باران خەو نەبوون من خەونت بۆ ناگێرمەوە ئەمانە راستەقینەبوون، وەکو پەچ و زەردەخەنە و گوارەکانت کە بوونیان هەیەو بەچاو دەبینرێن و حەقیقەتن ئەم کارەساتانەشمان بەسەرماندا هات، شاعیر سوودی لەم شیعرەی فۆلکلۆر وەرگرتووە بەشێوازی تر و بەهەڵشێلانەوەیەکی نوێ لەقاڵبی داوەتەوە.

## 2 - بەیت:

بەیت شیعرێکی چیرۆك ئامێزە بەسەرهاتێك یان چەند بەسەرهاتێك دەگرێتەخۆ. بەرهەمەکە زیاتر بابەتیە لەرووی بابەتەوە قارەمانییەتییە یان دڵدارییە. یاخود هەندێجار بەیت هەیە قارەمانییەتی و دڵداری دەگرێتە خۆ. لەرووی کێشەوە لەسەر بنچینەی کێشی ژمارەی برگە بنیات نراوە یان زۆرجار ژمارەی برگەکان، وەکو یەك نین تەنها قافیەکان لێکیان نزیك دەکاتەوە. زیاتر حەوت یان هەشت برگەییە لەرووی سەرواوە بەیت دابەش دەبێت بۆ چەند بەندێك هەر بەندێك سەروای تایبەتی خۆی هەیە. بەیت لەو رووە کە بابەتییە و باسی قارەمانییەتییان دڵداری دەکات زۆر جار لەگەڵ لاوکدا تێکەڵ دەبن.

بەیت لەکۆندا بەهۆی بەیت بێژەکانەوە لە دیوەخانەکاندا وتراوە و خەڵك گوێی بۆ راگرتووە، زۆر بەپەرۆشەوە بەیت بێژ بەپێی ئاوازی بەیتەکە دەنگی بەرزو نزم کردۆتەوە شاعیرانی کورد زۆربەیان سوودیان لەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە. (شێرکۆ بێکەس)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سوودی لەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە دەوڵەمەندە وەرگرتووە و لە شیعرەکانی خۆی تەوزیفی کردوون.

بەیتی برایمۆك:- ((برایمۆك کوری مەلا زێندینی بوو، بەنۆکەری هاتە کن میر شێخی. میرشێخ و میر حەج برابوون برایمۆك هات خزمەتی کردن هەتا حەوت ساڵان. لەپاشێ میر شێخ گول بوو. برایمۆك حەزی لەخاتوون پەریخانێ کرد. خاتوون پەریخان خوشکی میر شێخ و میر حەجی بوو. خاتوون پەریخان گوتی (برایم)ئەتوو دەس لەمیر شێخی هەڵنەگرە. بیبە

فەرەنگستانی سەر حەكیمی، ئینشاڵڵاَ چاكی بكەوە، ئەمن هەر ئی تۆم...))(635).ئەم بەیتە كاری لە شێركۆ بێكەس كردووە لەناو شیعرەكانیدا هەرجارە و بەدەنگ و رەنگێك لایەنێكی ئەم بەیتەی ئاوێتەی شیعرەكانی كردووە.(( رۆژێكی برایم، چلووی زستانی بوو، ژوانی دەگەڵ خاتوو پەریخانێ كرد سەر بەردی كانییە. خاتوون پەریخان چووە سەر كانییە، برایمۆكیش كەوڵی بەخۆی دادا چووە، دەستی دەستۆی خاتوون پەریخانێ كرد لایەكی كەوڵەكەی بۆ ڕاخست لایەكی بەسەر هەڵكێشا. باسكی بۆ كردە سەرین دەمی بەدەمیەوە نا، برایم و خاتوو پەریخان خەویان لێ كەوت...)) (636).میر حەج هەرچەند بانگی كرد و لەزۆر شوێنیش لەبرایم گەڕا نەیدۆزییەوە هیچی پێش چاو نەكەوت گوتی:

(( خولاَیە چی بكەم لەو زەمانە؟

برایم دیار نیە دەگەڵی بكەم دووقسانە

بانگی كردە ئەو هەموو نۆكەرانە:

سۆراخی برایم بۆ بزانن، بۆچ دیار نیە لێرانە

هەڵبەتە زیر بووە بۆ كن میر شێخی ڕۆیوە جائەوا خوا لەبەر

بەفرێ دەرناچێ ئەو بەستە زمانە

میر ئەگەر زێنی خۆی دەداوە دنیایەی ئەو جارە ئەو بەستە زمانە، ئەگەر تەماشای ڕازی كانیەی دەكرد ئەوا پێكەوە نووستوون برایمۆك و خاتوون پەریخانە

میر دەڵێ وەك بەسەر من هات، بەسەر قەت كەسی نەهاتی))(637).

ئەم بەسەر هاتە بووەتە هەوێنی چەند وێنەیەك شێركۆ بێكەس لەم وێنەیەدا دەڵێت:

((پەری)) بەتەنیا شەونمی بزەی لێوی مانگە شەو و

دڵۆپی گوێ ورشەداری مەمكێ نی‌یە..

مژینی دەمی ئارەزووت دامركێنێ:

پەری .. بەتەنیا قەڵبەزەی

لەشێك نییە..

بینی پیاوەتی پێوە نێ ی..

بیخۆیتەوە.. بیخۆیتەوە..

تا تێر ئەبێ و لەسەر گازی پشت بكەوێ و،

بڵێ ی: ئۆخەی حەسامەوەو،

ئەستێرەیەكم دڵنیا لەجریوەی،

داهاتووم و خەو ئەبینم..(638).

شاعیر ئەم وێنانەی بەشێوەیەکیتر دارشتۆتەوە و بەشکل و ڕوویێکی جوان نیشانیداوە و وێنەیەکی جوانی لێ دارشتووە و مەغزایەکی تازەی پێ بەخشیووە.

کاتێك میر شێخ برایمۆك و پەری خانی بەیەکەوە دیت بریاریدا بەو چلەی زستانە و بەو بەفرە زۆرە دەری بکات پەلی برامیان گرت، وەدەریان نا. خاتوون پەریخان لەپشت پەردە ڕاوەستا بوو، پیلی برایمی گرت، پیاوەکەی بەرێ کرد، برایمی برد شاردیەوە جوان و ئەسپێکی بۆ لەکن میر شێخی هاتبوو هێنای، سێ ڕۆژان ئەو جوانوو ئەسپەی ئاونەدا هەر کاو و جۆو وێنجەی دایە، تەدارێکی چاکی گرت بۆ سێ ڕۆژانە بۆ برایمی. سبحەینێ بەیانی جوانووەکەی زین کرد، لوولێنێکی ئاو گەرم هێنا، بەزینیدا کرد برایمی سوار کرد، ئاوی بەرکێڤیدا کرد خاتوون پەریخان دەڵێت:

برایم، ئەگەر حەققە، ئەگەر ناحەققە،
ئەگەر دەمزانی کاکەم دەرت دەکا بە موتلەقا
سەری خۆم دادەنا چارشێویێکی داری، چوار تەرەف مەفرەقە.
دەچوومە یەختە خانی ماڵە بابم، بۆم دەردەهێنان جوانۆ لێکی
نەوزین لەوانی سم بەتەبەقە(639).

ئەم جۆرە بە سەرهات و ڕووداوە بووەتە هەوێنی شیعرێکی جوان لای شێرکۆ بێکەس بەڕوویێکی نوێ بەجۆرە تێك هەڵشێلان و گەرم و گوڕییەکی نوێوە وێنەیەکی جوانی لێدروست کردووە و دەڵێت:

وا ئەسپەکەی ((برایمۆك))
لەبەرماڵی ((پەری خان)) دا... ئەحیلێنێ؟
خرمە خرمی تەرزەی چاوی .. خاتوو پەری
لاواندنەوەی گوێ بانێژە و سەرسەربانە؟!
هۆ دایە خان... داپیرەگیان
کەڵە پشکۆی ناو ئاگردان
چاوی سووریان تێر بوو ین

مێوژە ڕەشکە .. لەگەڵ ڕێی نەهاتە.. خۆشە(640)

لەم بەیتەدا باس لەوە نەکراوە کە مێوژ و  خواردنیاندا بێتە برایم تا لەرێدا بخوات. شاعیر لە سەر بنەمای وەسف کردن وێنەیەکی نوێ ی لێ دارشتووە. وە مەبەستێکی تازەی پێ بەخشیووە.

بەیتی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی:

((خاتوون ئەستی کچی مام غەلیفەیە، فەرخ کوڕی مامادیە. هەرتکیان ئامۆزان، بابیان برایە، فەرخ دەزگی دایکی دابوو، دایکی ژان و برکی هاتێ. ئەگەر بەخێر منداڵی ببێ، ناردیان ژنە سەید و مەلا هاتن، ناردیان ژنی وەکیل و وەزیری هاتن. سێ خوشك بوون، نازێ و نازدار و خاتوون ئەستی. مامادی دوازدە کوڕی بوو، هەر دوازدەی مرد بوو گووتی: ((خوایە! ئەو جارە فرزەندێکم بدەیە، یانێر بێ یا مێ بێ)) خواوەندی عالەمی فەرخی دایە مامادی. ئەگەر دەوریان گرت مامانچی، فەرخ دەزگی دایکیدا بووە. حەزی لەخاتوون ئەستی کرد))(641). دوای ئەوەی باب و دایکی فەرخ مردن ئەو ساوا بچووکەیان بردە لای چەند ژنێك و هەردەیزیراند نەیدەهێشت مەمکی بدەنێ دواتر بردیانە لای خاتوو ئەستی.

خاتوون ئەستی پری دەداتێ و هەڵی دەگرێ
فەرخ دەمی بەسینگیەوە دەنێ، بێدەنگ دەبێ
لەوێندەرێ هیچ ناگری
ئەگەر لەوێ کاری فەرخی بوو تەواوە
میر لە دیوانێ بانگ کراوە (642).

ئینجا خاتوو ئەستی فەرخ بەخێو دەکات، بەو منالییەی خۆی لەلانك دێتە دەرەوە دەستیان بۆ یەك کرد بەسەرین،

دەمیان بەدەمییەکەوە نا لە پێشتێنە بەژێر بوون بلاوە
خەویان بەسەر داباری تەواوە،
سبحەینێ کە لەخەو هەڵستان خاتو و ئەستی گووتی بابە بلا ئەو
لانکە بەرین بەو لاوە
فەرخ خۆ پیس ناکا خاوێنە ئیحتیاجی بەلانکێ نەماوە.
فێری کۆشی من بووە دەلانکێکدا نابێ ڕاوەستاوە(643).

ئەم بەخێوکردنە و لەلانك نانی فەرخ لەلایەن خاتوو ئەستی دەبێتە هەوێنی وێنەیەك لەلای شێرکۆ بێکەسدا، بەڵام بەگڕ و تینێکی نوێ و بەشێوازێکی جوان، وێنەیەکی نوێ ی لێدەرسکێنێ و دەڵێت:

ئەی ئەستی گیان بۆ بێ دەنگی؟
جارێکی تر خەونەکانت ناگێڕمەوە..
بۆ بێ دەنگی
ئامۆزاگیان دەڕامژەنە
گەواڵەی هەوری ناو لانکە سەرە ماندووی
من ڕاژەنە!
دەڕامژەنە ئامۆزاگیان
دەڕامژەنە.(644)

لێرەدا شاعیر ئەم سەربردەیەی بە پێچەوانە وەرگرتووە. فەرخ نەچۆتە ناو لانك و لەباوەشی خاتوو ئەستی خەوتووە کەچی شاعیر داوا دەکات خاتوو ئەستی لانکەکەی ڕابژەنێ . لەسەر بنەمای وەسف وێنەیەکی جوانی بنیات ناوە.

بەیتی لاس و خەزاڵ:

لاس کوڕی ئەحمەد ئاغای باڵەکییە. خەزاڵ کچی مەلا نەبی ماموندیانە.(( خانزاد خان و لاس لێك مارەکرابوون، هەتا دوانزدە ساڵان. دەپاشان ئەحمەد ئاغا مرد. مەحموود ئاغاش مرد... پاشی شەش ساڵان پیاوێك چوو بوو بۆ جەڵەبێ، چوو بۆ نێو عێلی ماموو دینان. لەوێ چاوی بەخەزاڵێ مەلا نەبییان کەوتبوو. هاتەوە گوتی لاسە شۆڕ عەمرت بەهیچێ چووە... ئەمرۆ خەزاڵێ مەلا نەبییانم دیووە دەگەڵ ڕۆژێ دەعوایە دەکا، ئیدی هەر بۆتۆچاکە. لاس هەڵستا وڵاتی باڵەکیانی بەجێ هێشت . چووە نێو عێڵی ماموو دینان، ... لەوێ دەبێ قەنە داری مەلا نەبی و ... لەگەڵ خەزاڵی کچی دەست تێکەڵ دەکات))(645).

دوای عەیشو نۆشێکی زۆر، لەگەڵ خەزالدا لاس بەتیری جڵکنان دەکوژێ. ئەم بەیتە بویتە هەوێنی وێنەیەك لەلای شێرکۆ بێکەس و دەڵێت:

هەموو مان ناومان (لاس)ە

هەموومان  هەر بەشوێن گوڵەکەی خەزاڵ دا ئەگەڕێین
زمانمان گۆڕیەوە و هەریەك بووین
هەر تەنها پۆشاکی برینمان یەك نەبوو.(646)

شاعیر ئەم بیرۆکەیەی گەورەتر کردووە لەخەمی دوو عاشقەوە بۆ خەمی میللەتێك و خەزاڵ و لاس لێرەدا دەبن بەدوو ڕەمز و شاعیر وێنەیەك لەسەر بنەمای (ڕەمز) بنیات دەنێت و مەغزایەکی تازە بەوێنەکە دەبەخشێت.

## 3 - داستان:

یەکێکە لە بەرهەمە فۆلکلۆریەکان کە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە ((بەرهەمێکی چیرۆك ئامێزە. سەرگوزشتەیەکی ڕووداو یا ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە کە بەژیانەوە بەستراوە ڕاستی ژیان لەدەروونی خاوەن بەرهەمەکەوە دەهێنێتە دەرەوە، وێنەی قارەمانی و ئازایەتیی مرۆڤ پیشان دەدات))(647). دیارە داستان بەپێی ناوەڕۆکەکەی داستانی قارەمانی و داستانی دڵدارین، بەڵام زۆر جار دڵدارییەکە قارەمانیەتیش بەخۆیەوە دەگرێت. ئەو بەرهەمە چیرۆك ئامێزە، لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان هەنگاوی ناوەو (( لەڕێ ڕەوی گەشەسەندنیا مێژوویەکی درێژ و دەوڵەمەندی هەیە زۆر بەتین بەستراوە بە گەشەسەندنی گەلەوە، بۆیە ئەبێ لەوە بگەین کەوا ئیپۆس کە لە خۆیدا ڕووداوێکی مێژووییە لای هەموو میللەتان چون یەك پەرەناسێنێت. گەشەسەندنە فراوانەکەی داستانی یۆنانی کۆن شتێکی دیارە ئەمرۆش داستان لەئەدەبی ئەوروپادا جێگە و دەسەلاتێکی گەورەی هەیە))(648). دەربارەی جۆرەکانی داستانیش لە ئەدەبی کوردیدا.(( ئەتوانین بلێین کەدوو جۆر داستان هەیە داستانێ کەهی کوردو خۆیەتی و چەشنە داستانێکیش کەبەشی گەلانی تری پێوەیە. واتە لەناو گەلانی ڕۆژهەلاتدا گەلێك داستانی هاوبەش هەیە))(649).

## داستانی قەڵای دمدم:

بەسەرهاتێکی مێژوویی ڕاستەقینەیە ئەمیر خانی برادۆستی کە ئاغایەکی کورد بووە، لەگەڵ شا عەبباس کەوتنە شەڕ کردن پاش (( چوار مانگ جەنگاوەرە کوردەکان توانای بەرگریان نەما بەتایبەتی بەهۆی بێ ئاوییەوە کەلەشکری شا عەبباس توانی سەرچاوە ئاوەکە بدۆزێتەوە لێیان بگرێ نەیەڵێ ئاو بچێ بۆ قەڵاکە))(650).خانی لەپ زێرین و جەنگاوەرەکانی تادوا تنۆکی خوێن شەڕیان کرد ئەم داستانە وەك ڕەمزێکی گەورەی دلێری و قارەمانیەتی ماوەتەوە و ئەم ڕووداو بەسەر هاتانەش بووەتە هەوێنی دەیان شیعرو لاوك.

دمدم بەردی دەبەیە
لێی دەن بەتۆپ و کەلەیە
کاریتەی گەییە کۆکەیە
خان بەخەزایە مەشغوولە. (651)

شێرکۆ بێکەس لەشیعرێکیدا کەباس لە( قەڵای دم دم) و خانی لەپ زێرین دەکات و وێنەیەکی تازەیان لێ دروست دەکات و دەڵێت:

ئەتانبینین: لەناو ئابلۆقەی نێزەدا
سەرتان((دم دم)) ی تازەیەو
خانی لەپ زێرینی وشەیش
قوللەی خامەی ئەم زمانەی بەرنەداوە(652)

شاعیر وێنەیەکی نوێی لەم ڕووداوە ڕسکاندوە سەری کۆمەڵە جەنگاوەرێکی بە((دم دم)) چواندووە خانی لەپ زێرینی بەوشە چواندووە وشەش قوللەی ئەو زمانە بەرنادات. وێنەیەکی لێکدراوە لەدوو وێنە پێکهاتووە کەلەسەر بنەمای لێکچوواندن دروست کراون بەهەردووکیان وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە.

## داستانی مەم وزین:

ئەمە داستانێکی کۆنە و باس لە خۆشەویستی دوو عاشق دەکات (مەم و زین) کە(بەکری مەرگەوەڕ) لەهەوڵی جیابوونەوەیاندایە و لەکۆتاییدا بەیەك ناگەن و هەردوو عاشق سەر

دەنێنەوە. ئەمەش لەشیعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە (شێرکۆ بێکەس) یش ئاوێتەی شیعرەکانی کردووە لەم نموونە شیعریەدا دەڵێت:

چاویان لێ یە: واکاکەمەم
لەکەژاوەی
هەورێکی سپی نزمەوە
بەهێواشی
دێتە خوارێ و،
لەناو خەرمانەی گوڵاڵەی ترۆپکێکدا
ڕا ئەوەستێ
چاو ئەگێڕێ..
هاتۆتەوەو .. چاو بۆ ((خاتوو زین)) ئەگێڕێ.(653)

وێنەکە لە سەر بنەمای وەسف دروست کراوە کاکە مەم لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە. لەناو گوڵاڵە سوورەکانی ترۆپکێك وەستاوە و چاو بۆ خاتوو زین دەگێڕێت. دیارە خاتوو زین و کاکە مەم هەردووکیان ڕەمزی و مەغزای تازەیان هەیە.

## 4 - حیکایەتی فۆلکلۆر:

حیکایەت یەکێکە لەژندرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری. بریتییە لەبیرۆکەیەکی کورت. بەپەخشان داڕێژراوە. فۆلکلۆری کوردی لەم هونەرەوە زۆر دەوڵەمەندە. لەکۆندا زۆر حیکایەت خوان هەبوون ئەم حیکایەتانەیان گێراوەتەوە یاخود داپیرە زۆر جار منداڵانی کۆکردۆتەوە و حیکایەتی بۆ گێڕاونەتەوە. شاعیران سوودیان لەم خەرمانەی حیکایەتە وەرگرتووە.(شێرکۆ بێکەس)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سوودی لە حیکایەت وەرگرتووە. لەوانە بەسەرهاتی هەڵە کۆك:

ئەمە حیکایەتێکی فۆلکلۆری کۆنە و گفتوگۆیەکە لەنێوان بەفرو هەڵەکۆك ((هەڵەکۆك

لەوەرزی زستان لەژێر بەفردا چەکەرە دەردەکات، بەفریش دەچێتە داخوازی و داوای لێ دەکات شووی پێ بکات، بەڵام هەڵە کۆك وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت من هێشتا قژم بەرنەداوەتەوە و بچووکم، لە بەهاردا شوت پێدەکەم وەرزی بەهاریش دێت هەڵەکوك بەبەفرەکە دەڵێت، ئینجا خۆت ئامادەکە ئەوەرسکاوم و پرچم لەبەر پێم دادەخشێ، بەفرەکەش دەڵێت لەدوای چی ... ؟ ئەوە من توامەوە))(654). شێرکۆ بێکەس ئەم بیرۆکەیەی گواستۆتەوە بۆ شیعر و بەشێوەیەکی جوان ئاوێتەی ئەو وێنەیەی کردووە بەرووێکی نوێ و رەهەندێکی فراوانتری پێبەخشیوە و دەڵێت:

بەفر نوستووە و هەمیشە
خەون ئەبینێ
بەڵام ئەو هەرگیز ناتوانێ
خەونەکانی نە بۆ شیعر و هەڵەکۆك و
نە بۆ کەس بگێڕێتەوە
چونکە کە هەتاو خەبەری ئەکاتەوە
چی بینیوە ئەتوێتەوە و
ئاو ئەیانبا !(655)

وێنەکە لە سەربنەمای بەکەس کردن بنیات نراوە. خەوتن و خەو بینین تایبەتە بەمرۆڤ شاعیر بە بەفری بەخشیووە، بەڵام بەفر ناتوانێت خەونەکان بگێڕێتەوە، چونکە کە ڕۆژ خەبەری دەکاتەوە تواوەتەوە.

## 5 - پەندی پێشینان

پەندی پێشینان ئەو وتە و گەوهەرە جوانانەن کە لە ئەنجامی تاقی کردنەوە و ئەزموونی ژیان هاتوونەتە بوون لەچەند وشەیەکی کورت و مۆسیقادار کە زۆر جار خۆی لە شێوەی نیوە دێڕێکی شیعری دەنوێنێت.(( پەندی پێشینان بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە، بەرزی و جوانی زمان، لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و فەلسەفی ژیانی گەلی کوردمان

بۆ دەردەخا))(656)، رۆدەچێتە ناو هەموو باس و خواسەکان، لە هەموو پێش هاتوو ڕووداوەکان خۆی دەبینێتەوە، چونکە پەندی پێشینان (( کۆمەڵێ تاقی کردنەوەی خۆشی و ناخۆشی چینەکانی گەل دەردەبڕێ و لەشارەزایی و پسپۆری پێشینانەوە سازبووە))(657). شاعیریش دەیەوێت بیر و بەهرە لەم پەندە جوانانە وەربگرێت و شیعرەکانی پێ برازێنێتەوە بۆ پاڵپشتی بیرەکانی هەست و سۆزەکانی بخاتە ڕوو خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. کەواتە پەندی پێشینان ((سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری ترە بۆ شاعیرەکان لە شیعرەکانیان بەر جەستەی دەکەن، ڕوون و ئاشکرایە شاعیر پەیوەندی بەشوێنی ژیان و دەوروبەرەوە هەیە، ئەوەی گوێی لێبووە و ئەوەی دەماو دەم گێراویانەتەوە لەلایەن خەڵکەوە))(658). جگە لەشاعیران هەموو کەسێکیش حەز لەپەند دەکات و زۆر جار پشتیشی پێ بەستراوە لەئیش و کار و پێشهاتەکانیش((محەمەدی مەلا کەریم داخوازی ئەوەیە کە هەموو نووسەران و ئەدیبان پێویستە پەند و قسەی نەستەق بۆ ڕازاندنەوەی زمانی بەرهەمە ئەدەبیەکانیان بەکار بهێنن))(659). شێرکۆ بێکەسیش وەك زۆربەی شاعیران سوودی لەپەندی پێشینان وەرگرتووە و ئەوا لەچەند ڕوو بە ڕووبوونەوەیەکی شیعریدا وێنەپێکچووەکان دەخەینەڕوو.

-((نەبای دیوە نەباران)) پەندێکی پێشینانە واتا زۆر شت ڕووی دابێ، بەڵام کەسێك لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە ڕوویداوە گوێ نەداتێ و بیری لێ نەکاتەوە.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

نەبامان دیوە .. نەباران
لەچوار لاوە .. بووك بردنە
گەرمە کۆڕی.. شایی و لوغان.(660)

شاعیر وێنەیەکی نوێمان بۆ دەکێشێت لەسەر بنەمای وەسف کردن. لەهەر چوار لاوە بوك بردنە کەچی گەرمەی شایی و هەڵپەرکێیە وەکو ئەوەی هیچمان نەدی بێت.

-(( هەرچەندە شەوگار تاریك و ئەنگوستە بەچاو بێ پیاو نابێ بێ ئومێد بێ، چونکە ژیان بەنائومێدی ناچێتە سەر)) ئەمە پەندێکی فۆلکلۆرە بۆ ئەو کاتانە بەکارهاتووە کە مرۆڤێك تووشی کارەساتێکی گەورە بووە و دونیای لەبەر چاو تاریك بووە، دڵنەوایی ئەوانە دەداتەوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە مرۆڤ دەبێت ورەی بەرز بێت و بەرامبەر بەژیان چۆك دانەدا.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

هەرچەند ژیان، کەوا شەوە زەنگ، تاریك و ڕەش بێ
لەپرشنگی، خۆری، ڕووناك وەها بێبەش بێ...
من دڵنیام کۆت وزنجیر، هەر ئەپچڕێنن
قەڵای ڕەشی ئەژدەهاکی، هەر ئەڕوخێنن(661)

شاعیر لە سەر ئەم پەندە ئەم وێنە جوانەی کێشاوە بەهیواوە لە ژیان دەڕوانێ و ورە و برسێتیش بەجەماوەر دەبەخشێت لەچۆك دانەدان و ڕووبەڕووبنەوە بەرامبەر بەقەڵای ڕەش و ئەژدەهاکەکان.

-((مشتێ نموونەی خەرواریکە)) پەندێکی پێشینانە مەبەستی ئەوەیە نموونەیەکی بچووك لەشتێك بدینین ئەوا ئەم نموونە بچووکە پێکهاتەی شتە گەورەکەیە.

لەم وێنەیەدا دەڵێت:
لەریشاڵە ووردەکانییەك گەڵادا
بێشەڵانەکان ئەبینم و
لەتنۆکێ ئاودا زەریاو
لەیەك گڵمتکی بچووکدا
سەرزەمین
لە ناوچاوەکانی تویشدا
هەموو ئاسمان!(662)

شاعیر بەشێوەیەکی جوان و بەگۆرانکاریەوە سوودی لەم پەندە فۆلکلۆریە وەرگرتووە و ئەم وێنە نایابەی لێ دروست کردووە شاعیر لەریشاڵی گەڵایەکدا دارستانێك دەیبینێت. و لە تنۆکی ئاودا دەریایەك لەگلمتە خۆڵێکدا و سەرزەمین و لە ناوچاوەکانی یاریشدا هەموو ئاسمان دەبینێت.

-((پەندی پێشینان وەك نەقشی سەربەرد وایە)) بەواتا ئەم پەندانە وەك نەقشی سەربەرد کەڕوون و جوان و دیارە ئەو پەندانەش تا ئەو ئەندازەیە ڕاست و ڕەوان و جێی پشت پێ بەستنن. وەکو ئەوە وان کە لەسەر بەرد هەڵکەنرابن کە بە هیچ شتێك ڕەش ناکرێنەوە.

لەم وێنەیەدا دەڵێت:
ئەم چیرۆکە کەسەرابە و سەرابیش نییە

ئەو حیکایەتە پەندە و نەخشی سەر بەردیش نییە.(663)

شێرکۆ بێکەس وێنەکەی بەپێچەوانەو بەشێوەیەکی تر بەکارهێناوە، چیرۆکەکە لەلای شاعیر سەرابە بەڵام سەرابیش نییە. حیکایەتەکە پەندە، بەڵام نەخشی هەڵکەندراوی سەر بەرد نییە. لەگەڵ ئەوەشدا قەد لەبیر ناچێتەوە و هەر دەمێنێت . شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت مەرج نییە تەنیا ئەو شتانەی لەسەر بەرد دا هەڵدەکەنرێت بمێنن، بەڵکو زۆر شت هەیە لە سەر بەردیش هەڵنەکەندراون کەچی هەرگیز ون نابن و لەبیر ناچنەوە. دیارە ئەمەش پێچەوانەی پەندەکەیە.

- ((مست لە درێشە دەگەرێتەوە)) ئەم پەندە بۆ ئەوە بەکاردێت کە بەرامبەر هەموو هێزێك هێزێکی گەورەتر هەیە بۆ بەر هەڵست کردنەوەی یاخود هەموو شتێك دوژمنێکی هەیە کەلێی بترسێ و چۆکی پێدا بدات.

شاعیر لەم وێنەیەدا دەڵێت:

گەردەلولێکی پاییزە لەدەشتێکداو تەپ و تۆزێ
هەر ئەو ساتە گەد و پووشێك ئەچێتە چاوی بازەوە
لەو وەختەدا کە ئەیەوێ دابنەوێ
بۆ سەر زەوی و چنگی بەرێ و
پۆرێك بگرێت:-
ئەو گەردوو پووشە بچووکە
هەڵمەتی باز پەك ئەخات و
پۆریش لە مەرگ قورتار ئەبێ(664)

شاعیر زۆر بە گۆرانکارییەوە سوودی لەو پەندە وەرگرتووە، مست و بازوێکی بەهێز لە درێشەیەکی بچووك دەگەرێتەوە، لەهەمان کاتدا بازێکی بەهەڵمەت لەبەردەم تەڵە پوشێکی بچووك چۆك دادەدا و. دیارە گەردەلوول و باز و پووش و پۆر هەموویان رەمزن. شاعیر بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکاری هێناون، لەگەڵ ئەم شیعرەشدا بیرەکان دەچنەوە سەر ئەم پەندە.

- (( هەق نابەمە ژێر گڵ))

پەندێکی پێشینانە کاتێك مرۆڤ لەئاست کارەسات و ڕووداوێك دا ناتوانێت قسە نەکات، خۆی لێ گێل بکات کە بەچاوی خۆی بینیویەتی.

شاعیر لەم وێنەیەدا دەڵێت:

ووتی: هەق نابەمە ژێر گڵ
ئاوی درۆ ناخۆمەوە..
ئەی کوردی هیندو پاکستان
ئەرمەنستان.. بلوجستان!
چۆن چۆنی لە بیر بەرمەوە(665)

شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە ئاوی درۆ ناخواتەوە و شتی حەقیش دەڵێت باس لەو کارەساتانەی ئەرمەنستان دەکات و کەچاو پۆشی لەم قەتل و عامە ناکات درۆ ناکات هەقیش ناخاتە ژێر گڵ. وێنەکە لەسەربنەمای وەسف بنیات نراوە.

- (( هێند پیاوێکی باشە بەژەهری ماریش دەخورێت)) ئەو پەندە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە، لەگەڵ خەڵك و دەوروبەری خۆیان باشن و خەڵکیش خۆشیان دەوێن.

شاعیر لەم وێنەیەدا دەڵێت:

... بابچمەوە بۆ ناو سەرا
بیرم نەبوو خاوەنەکەم ((نوری عەریزەنووس)) یان
پێئەوت ناوی باوکیم بیر چۆتەوە
پیاوێ بەژەهرەوە ئەخورا(666)

شاعیر ئەو پەندەی وەك خۆی وەرگرتووە و تێکەڵ بەهەندێ شتی تری کردووە و لەسەر بنەمای دیالۆك وینەیەکی لێ دروست کردووە. واتە وێنەکە وێنەیەکی درامییە.

- ئەوەندە مەچوونە ماڵان
- گاسن بخەنە بەر پێتان

ئەم پەندە بۆ ئەوە بەکار هاتووە کە هەموو شتێك سنوورێکی خۆی هەیە و مرۆڤ لە و سنوورە لابدات بەزەرەری خۆی دەشکێتەوە.

شاعیر لەم وێنەیەدا دەڵێت:

کە میوانداری بەفرت کرد
مەهێڵە گەرمای بێ
نەبادا ماڵەکەت ئاو بیبا(667)

شاعیر وێنەیەکی تازەی لە بیرۆکەی پەندە فۆلکلۆریەکە دارشتۆتەوە وێنەکە لەسەر بنەمای بەکەسکردن بنیات نراوە. میوانداری کردن بۆ مرۆڤە شاعیر بە بەفری بەخشیووە.

-((بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە))

ئەم پەندە لەکاتی هێرشی دوژمن و ڕووبەڕوو بوونەوە بەکاردێت، بەرخی نێر خواستنە واتا ڕەگەزی نێر (پیاو) دەگرێتەوە واتا پیاو بۆ خۆبەخت کردنە لە ڕێگای گەل و نیشتماندا.

شاعیر لەم وێنەیەدا دەڵێت:

لێرەیش هەر: ڕووناکی قاچاغە و
شیعری نێر بەرخێکی خوێناوی ژیانە(668)

کە ڕووناکی قاچاغ بێت بەواتای نەهامەتی و مەینەتی وتاریکی و ناخۆشی، لە گۆڕێیە بۆیە شیعری نێر بەرخێکی خوێناوی ژیانە .. وێنەکە لەسەر بنەمای بەرجەستەکردن بنیات نراوە .(شیعر) گیانلەبەرێکی نێرە و لەپێناوی ژیاندا خۆی فیدا دەکات و ژیان بەخوێنی خۆی سوور دەکات.

-((سوار تانەگلێ نابێت بەسوار)) بەواتای ئەوەی مرۆڤ کاتێك دەست دەداتە ئیشێکی نوێ تووشی هەڵە دەبێت، بەڵام لەهەڵەکانی دەرس و پەند وەردەگرێت و ئینجا لەکارەکەی دەبێتە وەستایەکی کارامە. سواریش لەکەوتنەکانی فێر دەبێت چۆن پارسەنگی خۆی لە سەر پشتی وڵاخ ڕابگرێت.

شێرکۆ بێکەس لە وێنەیەدا دەڵێت:

لەم شارەدا هەندێ قەڵەم دەفتەرەکانی خۆیان ئەتك ئەکەن
لەم دەشتەدا سوار ئەگلێ و نابێ بەسوار(669)

شاعیر پەندەکەی وەرگێراوەتەوە، چونکە زۆر جار هەیە، مرۆڤ هەمان هەڵە بەبەردەوامی دووبارە دەکاتەوە. واتە هەرچەندە مرۆڤەکان لەژیاندا تووشی کارەسات دێن، بەڵام پەند و ئامۆژگاری لێ وەرناگرن بۆیە تووشی هەمان کارەسات دەبنەوە. وێنەی یەکەم لەسەر

بنەمای خوازەی بەرەڵلا بنیات نراوە پەیوەندی پاژەییە مەبەست لەوەیە لەم شارەدا زۆر نووسەر دەفتەرەکانی خۆیان ئەتك دەکەن. (قەڵەم) پاژەیە. نووسەر هاماوە لەوێنەی دووەمدا بنیاتەکە وەسفە.

-((گوللە لەتفەنگ دەربچێت ناگەڕێتەوە)) یادەڵێن((تف کە ڕووکرا هەڵناگیرێتەوە))

ئەم پەندە لەوکاتە دەوترێت کەشتێك ڕووداوێك ڕوویدابێت ئیتر مەحاڵە تۆ بتوانی ڕوونەدات، چونکە ڕووی داوە.

شێرکۆ بێکەس لەم وێنەیەدا دەڵێت:

چۆن مەحاڵە گەڕانەوەی
زرنگە زەنگ بۆ ناو ((زەنگ)) و
گەڵای وەریو بۆ لقی دار
یان مەحاڵی گەڕانەوەی
گڵۆپی سەری ئەدیسۆن
بۆ ناو ئەقڵێکی تارومار(670)

شاعیر بەشێوەیەکی جیاوازتر چەند وێنەیەکی دروست کردووە مەحاڵی گەڕانەوەی زرنگەی زەنگ بۆ ناو زەنگ و گەڵای وەریو بۆ لق و پۆپەکانی گڵۆپی سەری ئەدیسۆن بۆ ناو ئەقڵێکی تارومار، شاعیر لەم دەربڕینانە زیاتر مەبەستی بووە دوا دێر بڵێت، بەڵام مەحاڵەکانی تر دەڵێن تاوەکو مەحالی سێیەم خۆی بەهێز تر پیشان بدات.

- هەتا گندۆر گوندۆر بوو
خزمێ مە گەلەك زۆر بوو
گندۆر هاتە برانێ
خزمیش هاتنە قرانێ

ئەم پەندەش ئاماژە بەوەدەکات کاتێك کەسێك پارەدار بێت و دەستی بڕوات خەڵکی زۆر لەدەوری کۆدەبنەوە خزمە هەرە دوورەکان خۆیان بەخزمی نزیکی دەزانن، لەوکاتەی ئەو کەسە دەست ڕۆیشتووەش لێدەکەوێت و دەستی ناڕوات زۆر لەدۆست و خزمە مەصلەحەت چیەکان خۆیان دوور دەخەنەوە.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

هاوڕێکەم

ئەمرۆ دارخورمایەك وتی:
بابیاڵبان جێ نیشتەم بێ
کە خۆشەویستی ڕەگی خۆی
بەئازارا شۆڕکردەوەو
گەیاندیە ئاو
باڵندەخۆی پەیدا ئەبێ و بۆم ئەخوێنێ
((با)) خۆی دێت و ئەمدوێنێ(671)

دیارە دارخورما یان هەر درەختێك کە زۆر بەگەڵا چاڕ و چڕ و پڕ سەوز و پاراوبێت باڵندەی جۆراو جۆر لەدەوری کۆدەبنەوە و هێلانەی لەسەردەکەن و (با)ش گەڵاو پۆپەو پڕ ژاڵەکانی دەبزوێنێ، بەڵام ئەگەر درەختەکە وشك بێت و ئەوانە باڵندە هێلانەی لەسەر دەکات و لەسەری دەخوێنێ نە(با)ش سەما بەگەڵاو پۆپەکانی دەکات، ئەم وێنەیە نایابە بەئاراستەیەکیتردا ڕۆیشتووە و وێنەکانیش لەسەر شێوازی (بەکەسکردن) دروست بووین.
-((جام کە پڕبوو لێ ی دەرژێ))
ئەم پەندە بۆ ئەوە بەکاردێت کە هەموو شتێك سنووری هەیە، بەتێپەڕاندنی سنوورەکانیش کارەکان تێك دەچن.
شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
کاسە پڕ بوو لێ ی ئەرژێ
کاسەی ڕق وداخمان پڕە(672)

تەواو لەو پەندە فۆلکلۆرییە وەرگیراوە ڕق و کینەش لەئەنجامی پڕبوونی مرۆڤ لەمەینەتی و خەم پەیدا دەبێت شاعیر مەبەستی زیاتر وێنەی دووەمە کەکاسەی ڕق و کینەی میللەت پڕ بوو چی تر لەوزەیدا نەماوە، چونکە لەوە زیاتر تەحەموول ناکرێت.
لەوێنەیەکی تریشدا شێرکۆ بێکەس هەمان پەند لەقاڵبی شیعریدا دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت:
دڵمان جامێکی گەورەبوو
گەورە بەقەد
گوو مەزەکەی سەری ((کاک ئەحمەد))

ئەوا جامیش لێ ی ئەڕژێ(673)

شاعیر ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشێت، کە لەگەڵ ئەوەشدا سەبر و ئارامیمان گەلێ زۆربووە و دڵمان بەقەد گومەزی کاك ئەحمەدی شێخ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پڕ بوو لەسەری دەڕژێتەوە وێنەکە لەسەر بنەمای لێکچواندن بنیات نراوە.

شێرکۆ بێکەس لەشیعرێکی تریشدا سوود لەم پەندە وەردەگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تر و جیاواز تر شاعیر لە و واژۆیە شیعری(تاڤگە) دادەڵێت:

لەسەر شاخێك ئاوێ دیل بوو
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاوی گیراو
خەمی شینی گەورە ئەبوو
هەتا جارێ خەم تەقییەوە و
ئاوی کۆیلە
دەرگای بەردینی شکان و
بەکوڕ هات و
لەو بەرزەوە
بازێکی داو
بوو بە تاڤگە(674)

وێنەیەکی لێکدراوە لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی سێ وێنە دروست بووە. وێنەکان هەرسێکیان لەسەر بنچینەی بەکەسکردن بنیات نراون. ئاو وەك مرۆڤێك سەیر دەکات مرۆڤ کەکاتێك کاسەی ڕقی پڕ بوو دەتەقێتەوە ئاویش کەڕقی هەڵسێ و بتەقێتەوە گشت دەرگا بەردینەکان دەشکێنێت.

-(( ماڵ خۆی نەبوو میوانیشی بۆ پەیدا بوو))

-(( وەڵا جوانە مەیمون خۆی هێندە جوان بوو ئینجا قونێریشی لەسەر لوت هات))

ئەم دوو پەندە یەك مانا دەبەخشن، بۆ ئەو کەسانە بەکار دێت کە خۆیان نەدارن یان نەخۆشن کەچی لەسەر ئەم نەداریە یان نەخۆشییە تووشی کارەساتێکیتر دەبن.

- شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

نەوەڵلا.. بابە.. من و ژن

مەیموون خۆی لەخۆیدا جوان نەبوو
بەڵام ئاوەڵەشی دەردا(675)

ئەو پەندەی دووبارە کردۆتەوە وێنەیەکی جوانی لێ دروست کردووە. دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێن کەئەوکەسە هی ئەوە نیە ژن بێنێت، چونکە ئەو خۆی نییە ژنیش لەخۆی بکاتە بار.

(( ئەوەی سمێڵی سوور بێ هەمزاغا نییە))

مەبەست لەم پەندە ئەوەیە کە ئێمە بەرووخسار هەڵنە خەڵە تێین، چونکە ناوەرۆك مەبەستە زیاتر نەك رووخسار. زۆر جار تۆ یەکێك دەبینی بەدیمەن بەلاتەوە زۆر مەزنە کەچی لەراستیدا ئەوە نییە.

شێرکۆ بێکەس لەم پەندە وێنەیەکی گەورەی دروست کردووە و دەڵێت:

هەر گا بەردی نێو دەربەندێ
وتی: لێرەم
خۆ بەردە قارەمان نیە
هەرچی گوڵی کە سوورچۆوە
خۆ گوڵەکەی پەری خان و عومان نییە
هەر کەسێ قوڵنگ بەدەست بوو فەرهاد نییە
خۆ هەر کەسێ باریکەلە و چەك لەشان و یاریش داربوو
مامە ریشەی داستان نییە
هەر کەسێکیش ناوی حەمە و حەمە رەش و گەرمیانی بوو
حەمە رەشی ئەنفال و ناو ئەنفال دوای ئەنفال و
ئەسپە رەشی سەر حەمرین و
گێژە لووکەی خوێن هەڵکردووی جەرگەی دووز و
حیکایەتی کێوی رەش و
باو بۆرانی زەمان نییە(676)

وێنەیەکی گشتییە لە کۆمەڵە وێنەیەك پێکهاتووە، هەر هەموویان ئەو وێنەیەدەکێشن کەدەیەوێت پێمان بڵێت. بەرووخسارە رازاوەکان هەڵنەخەڵەتێین. جەوهەر گرنگە نەك

رووخسار. بەم شێوەیە دەبینن (پەندی پێشینان) رۆڵێکی باڵای هەیە لە دروست کردنی شیعر چ وەرگرتنی وەك خۆی لەلایەن شاعیرەوە، یان بەدەستکاری و یان بەپێچەوانەی پەندەکە و یان ئیحا وەرگرتن لەپەندەکە و وەرگرتنی سێبەری پەندەکان، بەهەموو ئەمانە شاعیر توانیویەتی گەلێ وێنەی جوان و بەپێز دروست بکات.

## 3 - داب و نەریت

هەموو ئەم داب و نەریتانە دەگرێتەوە کە لەباب و باپیرانمان بۆمان بەجێ ماون و نەوە دوای نەوەش ماوەتەوە، کۆمەڵگا دەستی پێوە گرتووە و بەشتێکی پیرۆزی لەقەڵەم دەدات و لادان لێی شتێکی خراپە هەرچەندە بەتێپەربوونی رۆژگار ئەم داب و نەریتانە گۆراون یان هەندێکیان نەماون، بۆیە زۆر بەووردی لەسەری دەرۆن هەندێك لەو داب و نەریتانە لەناو دەچن، شاعیریش سوود لەو داب و نەریتانە وەردەگرێت و وێنە شیعریەکانی خۆی لێ دروست دەکات.

-((قامیش بەسەر ژن داکێشان)) ئەمە داب و نەریتێکی کوردەواری کۆنە و کاتێك زاوا بەدیداری بووك دەگەیشت بەقامیش چەند جارێك بەسەری بووکیدا دەکێشاو دەست دەکرا بەچەپڵەلێدان و هەڵپەرکێ، ئینجا زاوا دەستی دەگرت و دەیبرد دیارە لە رۆژگاری ئەمرۆدا ئەم نەریتە نەماوە.

بەڵام لەکاتی مناڵی شێرکۆ بێکەسدا لە سلێمانی ئەم داب و نەریتە هەبووە شاعیر لەوەسفی زاوا دا دەڵێت:

... بەقامیشێ..
تۆزێ قایم، کە نەیەشێ
بەسەری بووکا ئەکێشێ(677)

وێنەیەکە لەسەر بنەمای وەسف کراوە کە زاوا لەسەرخۆ قامیشەکە بەرز دەکاتەوە و دەیکێشێت بەسەری بووکدا. دیارە بۆیە قامیش بەکار دێت، چونکە ناوی کلۆرە و سەنگی نییە. لەکاتی مردنی سەرۆکی دەوڵەتێ بۆ ماوەی چەند رۆژێك ئاڵا دادەگیرێ ئەمەش بووە نەریتێکی جیهانی.

شێرکۆ بێکەس لەو کۆپلە شیعرەدا دەڵێت:

یاسا.. وایە
سەرۆکی دەوڵەتێ بمرێ...
بەیداخ هەتاکو نیوەی دار .. دائەگیرێ،
گیانە.. کە تۆش پایتەختی خۆشەویستی من
جێ ئەهێڵی
بەیداخی .. هەڵبەستەکانم..
نەك تا نیوەی داری دڵی چاوەروانیی
هەر تەواو گرمۆڵە ئەکرێ(678)

شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە و لەگرێژنەی خۆی دەری چواندووە، پەیوەستی کردووە بەیارەکەی. وێنەکە لە دوو وێنە پێکهاتووە کە لەسەر بنەمای لێکچواندنی ناڕاستەخۆ بەیەکەوە چوێنراون و بەهەردووکیان وێنەیەکیان دروست کردووە.

-(( تاق لێدان)) ئەمەش داب و نەریتێکی کۆنە و کاتێك کەسێکی خۆشەویست دەچێتە شارێك یاخود گوندێك لە دەروازەی شارەکە یان ئەو شوێنەی پیاوە خۆشەویستەکەی پیا دەڕوات، لەشێوەی دەروازەیەکی کەوانەیی تاقێك دروست دەکەن بەپەلك و قەدی ژاڵە و دار سنەوبەر و زەیتون و بەجۆرەها گوڵ و گوڵزار دەیرازێننەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە خۆشیان دەوێت بەبن ئەو تاقەدا بڕوات ئەمەش مایەی ڕێز و حورمەت گرتنێکی زۆر بۆ ئەم میوانە دەگەیەنێت.

شاعیر لەم وێنەیەدا دەڵێت:
دوای بانگی برینتان من ئەگەم
کە هاتم
لە بەردەم دەروازەی هەناسەی ساردتانا
تاقێکم بۆ لێدەن
شیاوی شای خەم بێ و ئەم تاجی غوربەتە
شیاوی ڕیشەکەی ((خەندان)) و
شیاوی هەیبەتی ((جەلادەت))
تاقێکم بۆ لێدەن
بەخونچەی ئەو هەموو فرمێسکەی هەتانە

بەگەڵای ئەم هەموو ئاخانەی لاتانە
بەژانی ئەو هەموو کشپانەی پێتانە
تاقێکم بۆ لێدەن.(679)

لەدوای ئەم کۆپلانەش شاعیر چەند جارێکیتر و لەچەند وێنەیەکیتر باسی ئەم تاق لێدانە دەکات.

وێنەکانی ئەم شیعرە:

دوای بانگی برینتان لەسەر بنەمای هەست گۆرکی دروست کراوە، برین دەبینرێت دەنگی پێ بەخشیوە کەبەر هەستی بیستن دەکەوێت. (تاجی غوربەت)(گەڵای ئاخ): ئەم وێنانە بەشێوازی بەتەن کردن دروست کراون. لەبەردەم دەروازەی هەناسەی ساردتانا تاقێکم بۆ لێدەن بەخونچەی ئەو هەموو فرمێسکە بەتەن کردنە لە سەر بنەمای بەتەنکردنی دروست کراو. وێنەکان لەسەر یەك کەڵەکە بوون و وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە.

- شتێکیتر لە داب و نەریتدا هەر لە کۆندا هەبووە ئەویش ئەوەیە کاتێك دووکەس یان دوو عەشیرەت بەشەڕ هاتوون هەمیشە لەدوای ئەتك کردنی یەکتری بووین لەوانەش بڕینی کلکی گوێ درێژ و سوتاندنی تەبارە گەنم و ڕەوسە و خەرمانی گەنم و جۆ...هتد.

شێرکۆ بێکەس وەسفی پێشمەرگە دەکات و کە ئەتکیان بەچەند جاشێك کردووە کلکیان بڕیوون، لێرەدا جاش

بەواتای مرۆڤی خۆفرۆش و دژ بە میللەتەکەی بەکارهاتووە.

شێرکۆ بێکەس لەم وێنەیەدا دەڵێت:

پێشمەرگەکان وەك ڕەوەیەك
بەوری چاو تیژ
شارەزای کۆڵان و گەڕەك
بست بە بستی
دابەش بوون و ئەوسا هەر بۆ
پەنگ و عیبرەت
کلکی چەند جاشێکیان بڕی(680)

وێنەی یەکەم لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست کراوە. پێشمەرگە بە بەوری چاو تیژ

چواندووە. ئینجا بەوەسف بەردەوام دەبێت و وێنەی کۆتایی لەسەر بنەمای خواستن بنیات دەنێت.

لێ خواستراو: جاش

بۆ خواستراو: مرۆڤی خۆ فرۆش

خواستنی ئاشکرای ڕاستەقینەی نەژادییە.. لەبارەی نزمی و بەرزییەوە لەپلەی پاڵیوراوە وێنەکە بەگشتی وێنەیەکی لێکدراوە.

- لەناو کوردەواری لەکۆندا وا باوبووە کە دەرزی و سنجاقیان لەیەخەی منداڵان دەدا تاکو جنۆکە نەیبات. لەو بارەیەوە کە گوایە جنۆکەیا شەوە، لەدەرزی یان سنجاق دەترسێت و نزیکی ئەو منداڵە ناکەوێت واتە دەرزییەکە دەیپارێزێت، شاعیر دەڵێت:

خەو بەکۆپانی((جەنجاڵی)) دنیای چۆڵەوە ئەبینن!

دەرزیی لەیەخەی جنۆکە

گرانەتای منداڵ ئەدەن

موو بۆ دێوی گردی ڕەش و

حەوت قوللەی قاف و ئەبروزێنن.(681)

وێنەکە لەسێ وێنە پێکهاتووە. وێنەی یەکەم لەسەر بنەمای دژیەك دروست بووە. جەنجاڵ و چۆڵ. دژی یەکترن شاعیر کۆی کردوونەتەوە لە وێنەیەکدا.

وێنەی دووەم لە سەر بنەمای بەتەن کردن دروست کراوە. لە جنۆکە بەر هەست دەکەوێت بەگرانەتا شاعیر تەنێکی بۆ دروست کردوون و دەرزی بەیاخەیاندا دەکات. وێنەی سێ یەم لەسەر بنەمای وەسف دروست بووە. دیارە هەڵکروزاندنی موو ئەمەش داب و نەریتی کۆنە بۆ ئەوەیە نەوەك ئەو کەسە سیحری لێ کرابێت. بەسووتانی مووەکە سیحرەکە کۆتایی دێت.

- جاران لەزەمانی زوودا لەنێو نەتەوەکانی کۆن کاتێك پاشایێ دەمرد لەنێو هەندێك نەتەوە وابوو کورەکەیان نەدەکردە پادشا، بەڵکو عادەت وا بوو بازێکیان لەنێو ئاپۆرەی خەڵك هەڵدەدا بەسەر هەر کەسێکەوە بنیشتایە دەیان کرد بەپادشا. شاعیر لەم وێنە شیعرییەدا دەڵێت:

بوولێڵ لە شاخەکانەوە

بەقەڵەمبازێ هەتا ناو ماڵەوە و

لەگەڵ خۆی داحیکایەتی

ناو خەونەکانی زەمان و
پاشای سەرتەختی مرواری و
گەشتەکانی "گورنەتەڵەی " تونی باباو
بازی هەڵدراوی بەختی بۆ ئەهێنایت
تۆش ئەتخستە باپێچێکی ئازارتەوە و
لەناو دەنگتا گرێت ئەدان دوای شێوکردننی ئێوارەی
نیوەتێر و هەڵگرتنەوەی قەراغی نان(682)

شاعیر بولێڵێك واتا تاریك و روونی ئێوارەی لە شێوەی کەسێك دەبینی کە هاتۆتە ناو ماڵەو، و لەگەڵ خۆیدا حیکایەتی ناو خەونەکانی زمان و " گورنەتەڵە"ش بەو کەسە دەوترێت کەکێشە و ناخۆشی دەنێتەوە (تونی بابا) ش ناوچەیەکی ئەفسانەییە دێو درنجی تیا دەژی کەس نەیوێراوە پیایدا بڕوات گوایە باوك و کوڕێك چونەتە ئەو شوێنە و تیایدا گەڕاون و نووستون و دێو درنجەکانیش کاتێك بینیویانە ترساون و وتویانە ئەو زەلامە دووسەری هەیە، دێو درنجەکان وەیان زانیوە یەك زەلامە و دووسەری هەیە. بولێڵ بەکەسکراوە و بەرەو ماڵ گەڕاوەتەوە، (ئازار) وێنەیەکی بەتەن کراوە.

## 5 - سەرچاوەی سروشت

خودای گەورە ئەو سروشتەی بەشێوەیەکی جوان و بێ ئەندازە دروستکردووە، بۆئەوەی دڵ خۆش کەرەوەی مرۆڤ بێت، کاتێك مرۆڤ تووشی ناخۆشی و سەر گەردانییەك دەبێت سروشت باوەشی بۆ دەکاتەوە، کەمێك لە ئازارو مەینەتیەکانی کەم دەکاتەوە، ڕەنگی شینی ئاسمان و تیشکی خۆر و مانگ و ئەستێرەش تروسکایی و خۆشی ئەدەن بەدڵ و وێرانی و سەرگەردانی دڵ و دەروون ئاوەدان دەکەنەوە، دەرو دەشت و شاخ و کێو و دۆڵ و دارو بەردو درەخت و کانی و کارێز و زنە و تاڤگە و قەڵبەزەی ئاو و تولە ڕێی باریك و ڕەوەز و گوڵ وگوڵزار و، دەنگی باڵندە و مەل و بولبول و هەزارەها جۆری باڵندەی ڕەنگاو ڕەنگ و پەپوولە و هەنگ و بۆن و بەرامەی گوڵ و گوڵزار و شنەبای فێنك و ... هتد خەندەیەکی نەبڕاوەی سروشتن. کاتێك بەرامبەر بەچیایەك ڕادەوەستین دەرگای خۆشی و سۆزداریمان بەڕوو دەکرێتەوە بەرامبەر ئەم دیمەنە جوانانە، چاوەکانمان بەو دیمەنانە دەگەشێنەوە دڵیش

دەكەوێتە خورپەی خۆشی گوێچكەكانمان بەدەنگی باڵندەی چیایی دەزرینگێنەوە، جوانی ئەم دیمەنانە دەمانخەنە خۆشی و سۆزداریەكی بەرز(683) . هەڵبەتە زۆر جاریش سەرنج دانی تاقە گوڵێك یان پەپوولەیەكی باڵنەخشین و بچووك وردبوونەوە لێیان بۆ چەند ساتێك لەئازار و مەینەتیت دوور دەخەنەوە خۆت لەبیر دەكەیت و دەگەشێتەوە .((كە بەهار نزیك دەبێتەوە زەوی گەرم دادێت و گژ و گیا دەبوژێتەوە درەخت ئاوس دەبێت و گوڵ دەكرێتەوە ... باڵندەكان دڵخۆشن و هێلانە دروست دەكەن، پەلكی دار و درەخت سێبەر دەكەن بۆ ڕێبواران))(684). هەموو ئەو دیمەنانە دڵخۆشی بەمرۆڤ دەدەن، بەڵام دیمەنی خەزان و باوبۆران و لافاو و شەوە زەنگ و دەنگ و سیرەی ناخۆش و ئاسمانی تەم و مژو و خۆرباران و سوورهەڵگەرانی ئاسمان ئەمانەش بۆ شاعیر دەبنە كەرەستە و خەموو مەینەتیەكانی خۆی دەخاتە پاڵیان و ئازارەكانی خۆی پێدەردەبڕێت .((بەكار هێنانی وێنەی سروشت لە شیعردا شتێكی جوان و زیندووەو جێگای نكۆڵی نیە و زۆر بەهێز تر خۆینیشان دەدات لەچاو لایەنەكانیتر لەشیعردا))(685). چونكە مرۆڤ لەدایك بوونی سروشتە و خۆشی و ناخۆشی و ئارەزوو هیواكانی لەم سروشتەوە دێتە دی، لە وێنە شیعریەكانیش وەك شتێكی زیندوو بەرچاو وێنەكان بەخەیاڵی خوێنەر دادێن، سروشت زۆر لەمێژە هەیە و سەرەتاكەی دیار نییە بۆ كەی دەگەرێتەوە، بەلام كەسەیری دەكەیت وا هەست دەكە ی هەر تازەیە و هەرگیز كۆن نابێت. بەختیار عەلی دەڵێت: ((سروشت لای گۆران خودی سروشتە لەوپەری ساتەكانی سەرسامی و مەستیا بەجوانی خۆی، بەلام سروشتی شێركۆیی سروشتێكی ترە سروشتێكی خەسڵەتەكانی مرۆڤ تێكەڵاو مانكانی بووەو ئامانجی دیكە بەوێنە ئاڵۆزەكانی سپێردراوە . بەئینسانی كردنی سروشت یان مرۆڤاندنی سروشت، ئەگەر ئەم ناونانە بشێت، پانتایی یەكی زۆر گەورە لەشیعری شێركۆدا داگیركردووە))(686). سروشت كتێبێكی گەورە و بێكۆتایی یە هەتا بیخوێنیەوە زیاتر ڕووناكی و زانیاریت دەداتێ، بەلام ناگەیە دوا پەڕاو دوا نهێنیەكانت بۆ روون نابێتەوە، سروشت نووسراو و دەقێكی فەلسەفی هەمە لایەنە و هەر كەسە و دەتوانێت بەدیدی خۆی بیخوێنێتەوە، سروشت ڕۆمانێكی بێ سەرەتاو بێ كۆتاییە.

شێركۆ بێكەس لەبارەی سروشتەوە دەڵێت: ((سروشت سەرچاوەی یەكەمی هەموو شتەكانە بەبێ سروشت شتێك نیە كەپێی بووترێت شیعر، هێزی سروشت دەفعێكی بەقووەت دەدات بەهێزی شیعری من بۆخۆم بەبێ سروشت ناتوانم، هیچ بنووسم لەچڵەوە بۆ گوڵ و بۆ بەرد و ئاوو بەردەوام بەردەوام لەدووباربوونەوەن، بەڵام هەرجارەی بەشێوەیەكی تازە، سروشت بەشێكی گەورەی تەجروبەكەم پێك دێنێت بەتێڕوانینی تازە بۆ سروشت من هەمیشە

شتە جەمادەکان رۆحێکی زندەوەریان دەکەم بەبەردا، درەخت بەتەنێ هەر درەخت نییە ئەشێ ژن بێ پەیامێ بێت شاعیر بیەوێت بیگەینێت بەئینسانیەت، تائیستا شاعیران و ئەدیبان لە ناو سروشتدا کاریان کردووە، بەلاّم بێ کۆتاییە مرۆڤ و سروشت لە یەکتری جیا ناکرێنەوە بەبێ یەکتریش نەئەم دەژی نەئەم. سروشت هێزێکی هەیە لە هەموو تەکنەلۆژییای ئێستاش بەهێزترە، لە کاتێکدا لافاوێك دەبێت تەکنەلۆجیاش لەبەردەمی ئەجهیزەی نییە. سروشت تەنها دیوی دەرەوە ناگەیەنێت، بەڵکو دەبێت حەقیقەت بدۆزێتەوە))(687).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شێرکۆ بێکەس مانگ و بەرد و رووبار و ئەستێرە و ... هتد تەنها وەك خۆیان نایان بینێت و وەسفیان بکات و لایەنی جوانیان بخاتە روو، بەڵکو ئەمانە دەبنە کەرەستەی دەربرین و لەبری شتی تر بەکاردێن، لەهەمان کاتیشدا لە هەندێك شوێندا روودەکاتە وەسفی ناوچەیەکی جوان و دیمەنە جوانەکانی سروشت دەگوازێتەوە وێنەیان لێ بنیات دەنێت شاعیر دەڵێت:

... ئەروانمە دوور
قوبەی گەورەی کڵێسەیەك
بووە بەشەپقەی دارستان
پۆلە تەیرێ ئەچنە سەر قەراغی شەپقە
ئەنیشنەوە
لەپرێکدا لەگەڵ وژەی دارستاندا
هەڵئەفرنەوە .. جیا ئەبنەوە و
لەدوای خولێك .. لەقولاّیی سامالّێکدا
جووت جووت یەکتر ئەگرنەوە!..(688).

شاعیر دیمەنێکی جوان دەخاتە روو، لەدوورەوە دەروانێ کەنیسەیەك دەبینێت لەنێو غابات و دارستانێکی چڕ و پڕدا قوبەی کەنیسەکەش تۆزێك لە درەختەکان بڵند ترە و بووە بەکلاّوێك بۆ ئەم دارستانە، لەم کاتەشدا پۆلە تەیرێ بەلێواری قوبەی کەنیسەکە هەڵ دەنیشن و، لەگەڵ وشەی دارستاندا تەیرەکان رادەچڵەکێن و هەڵ دەفرن و جیا دەبنەوە و لەدوای هەندێك ئەم باڵندانە بەنێو شەپۆلی هەوای رەنگا و رەنگەدا شەپۆل ئەدەن و لەقولاّیی ئاسمانیشدا جوت جوت و بەکۆمەڵ یەکتری دەگرنەوە ئەمە وێنە گرتنێکی جوانی ئەم دیمەنە بوو لەشێوە کامیرایەکی ڤیدیۆیی وێنەکان گیراون و کاتێکیش دەیخوێنیەوە وێنەکان بەنێو

خەیاڵتا شریتە ڤیدیۆیەکە لێ دەداتەوە. وێنەکە لەسەر بنەمای وەسف بنیات نراوە.

شێرکۆ بێکەس لەشیعری ((گەشتێك))دا وێنەیەکی جوانی سروشتمان بۆ دەکێشێت:

دارستانی سنەوبەری
نیوە سێبەر
شەوقانەوی فوارەی ئاوی
بەر تیشکی خۆر
چیمەنی تەڕ
دەنگی باندی مۆسیقایەك
شەپۆلی((با)) رای ئەژەنێ،
جارێك وەکو بگری وایە و
جارێکی تر پێ ئەکەنێ،
تەزووی فێنك
بەدەروون و گیاندا دێنن
ئەتدەنە دەم خۆزگەی فڕین
باڵ پێ گرتن(689).

وێنەیەکی لێکدراوە لەکەڵەکە بوونی شەش وێنە دروست بووە. وێنەی یەکەم و دووەم و سێ یەم لەسەر بنەمای وەسف بنیات نراون وێنەی چوارەم لەسەر بنەمای هەست گۆڕکێ. دەنگی مۆسیقا بەر هەستی بیستن دەکەوێت، بەڵام شاعیر جەستەیەکی بۆ دروست کردووە، بای ئەو جەستەیە ڕادەژەنی و بەر هەستی بینین دەکەوێت. وێنەی پێنجەم لەسەر بنەمای بەکەسکردن دروست کراوە. وێنەی شەشەم لەسەربنەمای بەرجەستەکردن دروست کراوە.

شاعیر وەسفێکی جوانی سروشت دەکات و دارستانێکی نیوە سێبەر کە دیارە ئاسمان هەوراوی بووە و سێبەری هەندێك لەو هەورانە بەسەر دارستانەکەدا هاتوون و بۆیە نیوەی دارستان جۆرە ڕەنگێکی سەوز دەنوێنێت نیوەکەی تری هەتاو لێی دەدات و دەبریقێتەوە و ڕەنگێکی جوان دەنوێنێت فوارە ئاوێکیش هەتاو لێی دەدات و دەدرەوشێتەوە و دەوروبەریش چیمەنی تەڕ و چیمەنیش زۆر شت لەخۆی دەگرێ لەجۆرەها پەلکە گیاو جۆرەها گوڵ ئەم پەلکە گیاو گوڵانەش وەك مافور زەویان داپۆشیوەو تەڕ و ناسك و پاراون لەهەمان کاتیش دەنگی گروپێکی مۆسیقا شەپۆلی (با) ئەیهێنێ و ئەیبا، ئەشێ ئەم باندە مۆسیقایەش

چریکە و ورتەی جۆرەها بولبول و باڵندە بێت کەدەوری دارستان و چیمەن و نافورەکەیان داوە جارێك ئاوازێکی غەمناك دەژەنێ و جارێکیش ئاوازی ژەنینی ئەو باندەش لەشێوەی پێکەنین دێتە گوێ، ئەم دیمەن و ئاوازانەش تەزووی فێنك بەدەروونی مرۆڤ دادێنن و دەتخەنە کەڵکەڵەی هەڵفرین و باڵپێگرتن و شاگەشکە بوون.

شاعیر لە وێنەیەکیتردا دەڵێت:

کەرەوە ئەسپ حیلاندیان
شاخەکان وتیان:
ئێوە هەر بۆ وتنی مارشی نیشتمانی باشن!
کە مامزێك بار ژنی کرد
مێرگێك پێی وت:
بەراستی تۆ هەر بۆ وتنی
گۆرانیی عاتیفی باشی!(690).

سروشت بووەتە هۆی خوڵقاندنی ئەم وێنانە کە لەسەر شێوازی (بەکەسکردن) دروست کراوە، حیوار و گفتوگۆکانیش لەنێوان (ئەسپ و شاخ) و (مامز و مێرگ) کراوە ئینجا لێکچواننی نا ڕاستەوخۆ لەنێوان وێنەکان دروست کراوە. وێنەیەکیان دروست کردووە کە لێکدراوە بەم شێوەیە دەبینین سروشت ڕۆڵێکی باڵای هەیە، لە دروست کردنی شیعر چ وەك سروشتی ڕووت واتا وەسف کردنی ڕاستەوخۆی دیمەنەکانی سروشت چ وەك لایەنی خواستن و بەکەسکردن و... هتد.

## 8 - واقیع (کەتوار):

شاعیر تاکێکە و لە ناو کۆمەڵگا دەژێت و بەشداری تاڵ و شیرینیەکانی ڕۆژگار دەکات، ئەم واقیعانەش لەشیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە ((دوور خستنەوەی واقیع لە ئەدەب پڕۆسەیەکە ناچێتە نێو چوار چێوەی ڕەهەندەکانی سۆسیۆلۆژی ئەدەبەوە، چونکە ئەدەب لەچوار چێوە کۆمەڵایەتیەکەی دەرناچێت))(691). پەیوەندییەکی توندو تۆڵ هەیە، لە نێوان واقیع و دەقە ئەدەبیەکانەوە هەرچەندە بابەتە واقیعیەکان بەخەیاڵ و سۆز هەڵدەشێلدرێن، بەڵام

ئەدەب هەر لەو بازنەش دەمێنێتەوە کەبڵێین ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگایە.(( وێڕای ئەوە زۆربەی ڕەخنە گران لەسەر ئەوە کۆکن کەدەق ئەرکی ئیستاتیکی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تەنانەت مێژوویش دەبینێت))(692)، چونکە شاعیر پەیوەستە بەکۆمەڵگاوە ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی دەیان خاتە ڕوو بۆ ئەمڕۆ نوێن و بۆ سبەینێش دەبن بەمێژوو دیاردەکانی سەردەمی خۆی پیشان دەدات.

کەواتە ((شیعر دەربڕینی دەروون و ناخی مرۆڤە، ناخی مرۆڤیش وەك کلۆرۆفیلی رووەك تیشك لە واقیعی دەورو پشت وەردەگرێ و میوەی شیعری لێ دروست دەکات))(693). شاعیر لە واقیعی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەدوێت و پەردە لەرووی شتە دزێو و شاراوەکان و دیاردە جوان و ناشیرینەکان لادەدا و دەوروبەر و واقیعی ژیان زیاتر بەخوێنەران پیشان دەدات.

پلاتۆPlato (ئەفلاتون) دەڵێت:(( کاری سەرەتایی و بەهای سەرەکی ئەدەب ئەخلاقیەتە، وە بەباشی خستنە رووی کەلتوور و کۆمەڵگایە ))(694). واتە پلاتۆ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەدەبێکی ڕەوشتی دروست ببێت و بەها سەنگینەکانی کۆمەڵ تیایا ڕەنگ بداتەوە. کەواتە شیعر دەبێت ڕەنگدانەوەی ژیان بێت بەتاڵ و شیرینەوە بەخۆش و ناخۆشەوە شێرکۆ بێکەس لەبارەی واقیعەوە دەڵێت: ((ژیانی خۆم بەشێك بوو لەتراژیدیا، من لەمناڵییەوە خۆشیم نەدیووە، دایکم بەبێوەژن کۆشی بەخێوی کردووم لەگەنجیش حەزم لەگۆشە گیری بووە، ئەم گۆرانیانەم خۆش دەویست کە غەمگین بن کە بەشێکی میهیمی پێکهاتەی شیعری منن. بێگومان بەتەجروبە نەم دیوە باوکم قسەم بۆ بکا، بەڵام ناوی ئەو لە ناو خەڵك هێزێکی مەعنەوی بوو بۆ من بۆ ئەوەی یەکێکی وەك ئەو دەرچم یان تەجاوز بکەم بێکەس وەك ئاگرێك وابوو لە بەرچاوم دەسووتا شیعرەکانی ئەویش منی زیاتر بەرەو نووسینی نیشتمانی برد دواتر ژیانی خۆم، لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی چوومەتە شاخ و کارکردن لە ئێستگەی شۆڕش، گەنجێتی مە ئازار شێلاویەتی و ڕەنگ دەداتەوە لە ژیانمان))(695). لەم چەند وتەیەی شێرکۆ بێکەسەوە شۆڕ دەبینەوە ناو چەند دەقە شیعرێك واقع و ژیانی شێرکۆ وەك تاکێکی کۆمەڵگا و واقعی هەموو کۆمەڵگای کوردەواریمان بۆ دەردەکەوێت. شاعیر لە وەسفی بۆردومان و کیمیا بارانەکەی هەڵەبجە باس لە واقیعی ئەم ڕۆژگارە تاڵ و شوومە دەکات و چەند دیمەنێکی کەتواری ئەو ڕۆژگارانەمان دەخاتە بەر چاو لە شیعری ((یەکەم دەنگ و دوا دەنگ)) دا دەڵێت:

دەقیقەیەك، نیو دەقیقە چەند چرکەیەك
بەر لە یانزە
ئاسمان وەك گیانی "مەولەوی" ساف و ڕوون بوو
وەك ئەسپەکەی " ئەحمەد موختار"
لە بژوێنی شارەزووردا
جوانووی بەهار بە کۆڕ ژن بوو(696)

شاعیر باس لەچەند دەقیقە و چرکەیەکی پێش سەعات یانزە و پێش کیمیا بارانەکەی هەڵەبجەمان بۆ دەکات، شاعیر وەسفی ئاسمانی پێش کارەسات دەکات، بە گیانی مەولەوی دەچوێنێت، لە ساف و ڕوونیدا چواندنی بەهاریش وەك ئەسپەکەی ئەحمەد موختار بە کۆڕ ژن بوون.

وێنەکان، ئاسمان: لێچووە
وەك: ئامرازە
گیانی مەولەوی: لەوچووە
ساف و ڕوون: ڕووی لێچواندنە

شاعیر بەردەوامە لە گێڕانەوەی دیمەنەکانی بەر لە سەعات یانزە و بەر لە ژەهربارانکردنی هەڵەبجە و دەڵێت:

گردی " گوڵان"
گوڵ ئەستێرە شەمی شیعری
ئەدا لە قژ
وەکو گۆران
دەقیقەیەك، نیو دەقیقە، چەند چرکەیەك
بەر لەیانزە
لەژێر بنمیچی ژوورێکی، بێ هەناوی، هەڵەبجەدا
خێزانێ بوون، دایکە و باوکە و زەرنەقووتە
چەند چرکەیەك بەر لە یانزە
دایك بێشکەی ڕائەژاند و
ساوا بزەیەك ئەیگرت و

باوك گوێی لەكاسێتێ ئەگرت و
پاڵ كەوتبوو(697)

شاعیر چەند وێنەیەكی ترمان بەر لەكیمیا بارانكردنی هەڵەبجە دەخاتە بەر چاوان گردی گولاَن پڕ بوو لەگوڵ و گولزار بێگومان ڕووداوی كیمیا باران كردنی هەڵەبجە لەوەرزی بەهار بووە و گوڵ و گوڵ زار و دەشت و كێو ڕازاوە بووە.لەگوتەی((گوڵ ئەستێرەی شەمی شیعری ئەدا لەقژ)) وێنەیەكی بەكەسكردنە. چەند چركەیەك بەر لەیانزە(( لەژێر بنمیچی ژوورێكی بێ هەناوی هەڵەبجەدا)) وێنەی بەكەسكردن هەیە و وەسفی ئەو دایكە دەكات، بێشكە دەژەنێ و ساوا بزە دەیگرێ و باوكێكیش لەو لاوە دا پاڵ كەوتووە. شاعیر دوای ئەوەی چەند دیمەنێكی پێش كیمیا بارانمان بۆ باس دەكات، ئینجا ڕووداوەكانی دوای سەعات یازدەشمان بۆ باس دەكات و دەڵێت:

بوو بە یانزە
گرمەیەك و دووان وسیان
دوو كەڵێك وەكو دڵی كوڕی ((عۆجە))
هەوا مردوو
ئاسمان مردوو
بەهار مردوو
دایكە و باوكە و زەرنەقووتە
لەیانزەدا
لەژێر بنمیچی ژوورێكی بێ هەناوی هەڵەبجەدا
بوون بەسێ بەردە پەیكەری
باوەش كردوو بە یەكتردا !(698)

شاعیر دیمەنە جەرگ بڕەكانی دوای سەعات یانزە دەگێڕێتەوە كەدوای چەند گرمەیەك دووكەڵێك وەكو دڵی كوڕی (عۆجە) كە ئاماژەیە بە(صدام)هەوا بڕستی لێبڕاو مردوو ئاسمان مردوو بەهار مردوو دایكە و باوكە و زەرنەقووتە كە ئاماژەیە بەمناڵە ساواكەی ناو بێشكە لەژوورێكی غەریبدا بوون بەپەیكەر و باوەشیان بەیەك داداو لەجێی خۆیان ڕەق هەڵاتن و گیانیان لەدەست داو مردن.

وێنەکان:-

دووکەڵ: لێچوو

وەك: ئامرازە

دڵی کوری عۆجە: لەو چووە

لەگوتەی ((هەوا مردوو، ئاسمان مردوو، بەهار مرد)) دا هەرسێ وێنەکە بەشێوازی بەرجەستەکردن دروست کراون. شاعیر بەردەوامە لە گێڕانەوەی ئەم کارەساتە گەورەیە و دەڵێت:

لەدوای یانزە
شار کۆترێکی خنکاو بوو، ملی لەژێر باڵەکانیا
نەگمەی ئەو، نەجریوەیەك نەجووکە
نە چرپەیەك
نە زیقەیەك
نە مشەیەك، نە هەناسە
لەدوای یانزە
تەنها دەنگێ، چریکەیەك، لەو شارەدا
کە ئەگەیشتە گوێچکەی چاو
بەناو ژەهرا
سەوڵی ژیانی لێ ئەدا
تەنها دەنگێ
لەدوای یانزە
دەنگی کاسێتی ڕێکوردی ژوورەکە بوو
کە سروودی چەك و پێشمەرگەی لێ ئەدا!(699)

شاعیر لەدوا کۆپلەی شیعرەکەیدا چەند ڕووداو بەسەر هاتێکی تری ئەم غەدرە گەورەیە دەگێڕێتەوە، کە شاری بەکۆترێکی خنکاو چواندووە و ملی لەبنماڵەکانیدا گرمۆڵە کردووە، برستی لێ براوە و مردووە شار زیکە و مشەی لێبراوە و مرۆڤ و باڵندە و بونەوەرکان هەر هەمووی مردوون، تەنها دەنگێك دێت ئەویش ئەو تەسجیلە بوو کە پیاوەکە بەر لەسەعات یانزە هەڵی کرد بوو

وێنەکان:

شار: لێچووە

کۆتری خنکاو: لەو چووە

لەگوتەی ((تەنها دەنگێ، چریکەیەك، لەشارەدا کە ئەگەیشتە گوێچکەی چاو))دا وێنەیەکە لەسەر بنیاتی هەست گۆرکێ دروست کراوە.

لە کۆپلە شیعرێکیتردا شاعیر باس لەرووداوە جەرگ برەکەی ئەنفالی(1988) دەکات چەند وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

لەو ساتەدا بۆ سەد و هەشتا هەزار ئاوات و

خەونی زەرد و سووری زیندە بەچاڵ کراو،

بۆ سەد و هەشتا هەزار باڵای هەڵوەریوە

بۆ سەد و هەشتا هەزار باخی خنکاو

یەهودا گریا

مەرگەوەر گریا

هیتلەریش گریاو

لەو ساتەدا هەر صدام بوو پێکەنی!(700).

ئەم کارەساتەی ئەنفال هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی هەژاند شاعیر چەند نموونەیەکی هێناوە لەکەسانی دڵ رەق یان خیانەت کار کە گریاون لەوانە (( یەهودا)) ئەو پیاوەی خیانەتی لەگەڵ مەسیح کردووە. (مەرگەوەر) مەبەست لەبەکری مەرگەوەرە، (هیتلەر) پیاوێکی شەرانگیز ئەو ئەو کەسانەی لەو جۆرە بوون گریان تەنها (صدام) نەگریا بۆ راستی ئەمەش کاتی دادگایکردنی صەدامدا ژنێکی دەرچوو لەکیمیا بارانەکەوی هەڵەبجە شایەتی لەسەر رووداوەکان دەداو باسی نەهامەتی و کوێرەوەری خۆی دەگێرایەوە لەرووداوەکانی ئەنفال و کیمیا باران کە هەموو ئەو کەسانەی لەوێبوون شڵەژان و تاسان بوون و گەروویان گیراو چاویان پرئاو بوو، تەنها سەدام زەردەخەنە گرتبووی و پێدەکەنی.

شێرکۆ بێکەس لەشیعرێکیتریدا دیمەنێکی دوای رووخانی رژێمی ((صەدام)) مان بۆ دەگێرێتەوە دوای ساڵی (2004) دوای مەرگی تاوانبار سەدام مرۆڤەکان بەپاشماوە سەدامیەکان و تیرۆرستان دەناڵێنن شاعیر ئەم دیمەنەمان پیشان دەدات و دەڵێت:

مەیدانێك
منارەیەك
دوكانێك
لەمەیدانە كە تەنها
هەر((ڕەصافی)) ڕاوەستاوەو
نەچۆتەوە بۆماڵەوە!
لەناو قەدی منارەیشدا
بەتەنها ملی ترساوی
كۆترە باریكەیەك دیارە و
یەك دوكانیش دەرابەی هەڵداوەتەوە و
بەخەتێكی گەورە و ناخۆش
لەناوچەوانی نووسراوە!
تابووت فرۆش!(701).

وێنەیەكی گشتییە لەكەڵەكە بوونی چەند وێنەیەك دروست بووە هەموویان لەسەر بنەمای وەسف دروست كراون. شاعیر واقیعی ئەم ڕۆژگارەمان بۆ دەگێڕتەوە كەتەنها لەمەیدانی شاری بەغدا پەیكەری ڕەصافی وەستاوە شەقام چۆڵ و هۆڵە و تەنانەت لەناو قەدی منارەشدا كۆترەكان بەگومان و بەترسەوە سەر هەڵ دەبرن، دوكانەكانیش هەمووی داخراون و تەنها دوكانێكی تابووت فرۆش كراوەتەوە و تەنها ئەم بازاڕی هەیە، چونكە شەقامەكان بۆنی خوێنیان لێ دێ و كوشتن و كاول كردن بەردەوامە. ئەمە شیعرێكی (واژۆیی) یەو لەسەر شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ وێنەكان دەكەونە بەرچاو. بەم شێوەیە دەبینین واقیع ڕۆلێكی فراوانی هەیە لەڕسكاندنی شیعردا، ڕووداوە واقیعیەكان ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەنێو شیعردا مەبەست لەڕووداوی واقیعی تەنها ڕووداوی ناخۆش ناگرێتەوە، بەڵكو ڕووداوی خۆشیش دەبنە هەوێنی ڕسكاندنی شیعر.

## سەرچاوەی مرۆڤایەتی :

سەرچاوەی مرۆڤایەتی كەرەستەیەكی بەنرخ و بەر فراوانن لەبەردەستی شاعیر، شاعیر هەتا خۆی لەسەرچاوە مرۆڤایەتیەكان قووڵ بكاتەوە شارەزایی لەبارەیانەوە هەبێت ئەوا ئەوەندە

دەتوانێت شیعرەکانی بەهێز بکات و وێنەو ئیحا لەسەر چاوە مرۆڤایەتیەکان وەربگرێت.(( سەرچاوەی زۆر بۆ وێنەی شیعری هەیە، کە لە نەست دروست دەبن وەتیاندا هەیە کە پەیوەندی بەتوراس و مێژوو یان کەلتووری ئەدەب، یان لایەنی ئاینی، یان ئەفسانەیەکی ناسراو))(702).( شێرکۆ بێکەس)یش زۆر بەقوڵی ڕۆچۆتە ناو زۆربەی بابەتە مرۆڤایەتیەکان و شیعرەکانی خۆی پێ ڕازاندۆتەوە دەوڵەمەندی و قووڵی و مانای جوانی پێ بەخشیون.

سەرچاوە مرۆڤایەیەکانیش لقیان گەلێ زۆرە لەوانە:

## 1 -سەرچاوەی مێژوو:

شاعیران سوودێکی زۆر وەردەگرن لەرووداو کارەسات و بەسەر هاتەکانی مێژوو هەمیشە لەشیعرەکانیان بەکاری دەهێنن، سەرکردە ئازاکان ئەبن بەرەمزی رووداو کارەساتەکانیش دەکەونە قاڵبی شیعری و لەگەڵ ڕۆژگاری ئێستادا دەیگونجێنن((شاعیرەکان مێژوو تەوزیف دەکەن بە لەدایك بوونێك، لە بیرەوەریەکانی مێژوویان لەگێرانەوەی رووداوەکان یان بەبیر هێنانەوەی کاتە رابردووەکان لەوێنەی شیعری خۆیاندا بڵاوی دەکەنەوە. بەزۆری ئەم بەبیرهێنانەوەی رابردوو پێکچوونە و نزیك بوونەوەی وێنەی شیعرییە لەمیانەی ئێستاو رابردوو))(703). ئەو کتێبانەی کە شاعیر لەسەر مێژووی نەتەوەکەی دەیان خوێنێتەوە زۆر شتی بۆ روون دەبێتەوە یان ئەو رووداوە مێژووییانەی کە شاعیران خۆیان تێیدا ژیاون، یان پشتاوپشت بۆیان گێردراوەتەوە بۆ وێنە شیعرییەکانیان کەڵکی لێوەردەگرن . ئەوەتا شێرکۆ بێکەس دەڵێت((شیعری من زیاتر ئیش کردنە لەسەر مێژوو یادەوەری))(704). بێگومان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەساڵی (1898) بەناوی کوردستان لەلایەن بنەماڵەی (میقداد مەدحەت بەدەرخان) دەرچوو، ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لەمێژووی بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردیدا مێژوو ڕۆژنامەگەری کوردیش لەو ڕۆژگارانەوە دەست پێدەکات و وردە وردە نش و نمای کردووە بەدەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری بەدوا داهات. شێرکۆ بێکەس لەم پارچە شیعرەدا باس لەم کەسایەتیە مێژوویە دەکات و دەڵێت:

بنەماڵەیەك لەمەرەکەب
مەرەکەب لە ئاوی ژان و
ژان لە شەو نخوونی و
شەو نخوونی لەعشق و

عشقیش لەگزنگی بەیان
میقدادێ لەگوڵە گەنم وەختی کەوێشکەکردن(705)

ئەم وێنەیە لەسەر شێوازی دووبارە بوونەوەی هەرەمی دروست بووە. وشەخۆی بەوشەی تر دەسپێرێ وەسفی بنەماڵەی (میقداد مەتحەد بەدرخان) دەکات کە بنەماڵەیەکن لە مـرەکـەب واتـا، واتـا لە نووسین و پێشکەوتن مرەکەبیش لە ئـاوی ژان و.

ڕاپەڕینی بەر دەرکی سەرا کە ناسراوە بەڕاپەڕینی شەشی ڕەشی ئەیلوولی(1930) لە سلێمانی ئەنجام دراو ژمارەیەکی زۆر خەڵك تێچوون و شەهید کران.
شێرکۆ بێکەس ئەم ڕووداوەی ئاوێتەی شیعرەکانی کردووە و دەڵێت:
ئەمەوێ لێرەدا بوەستم و
بگەڕێمەوە بۆ دواوە،
بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا
کورسیەکی سەرپەڕ ببورە قسەکەیشت پێئەبرم. باشە
لەشەڕی بەردەرکی سەرادا تۆ لەکوێ بووی؟!
کورسیەکە: هەر لێرەبووم: بۆچی؟(706)

لەم وێنەیەدا کورسی بەکەسکراوە و قسەدەکات. واتە وێنەکە لە سەر بنەمای بەکەسکردن دروست کراوە ئەم کارەساتە مێژووییە ئاوێتەی شیعرەکەی کردووە و دەیخاتە ڕوو. کەریمی ئەلەکە: یەکێکە لەپیاوە مەسیحیە ناودارەکانی شاری سلێمانی و خێر خواز و وەزیری دارایی لە کابینەکەی حکومەتی شێخ مەحموودی حەفید لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا.
ئەبونا: مەبەست لەقەشە((یوسف پەری)) ییە ڕووناکبیر و کوردپەروەر، ساڵانێکی دوور و درێژ لە فەرەنساو لەپاریس بوو، لەو ساڵانەی دواییدا بەنەخۆشی سەرەتان کۆچی دوای کرد، شاعیر لەناساندنی ولیەم یۆحەنادا مامۆستا و مۆسیقاری شاری سلێمانی. ئەم کەسایەتیە دەبەستێتەوە بەدووکەسایەتیتر یەکەمیان کەریمی ئەلەکە کەسایەتیەکی مێژووییە دووەمیان (ئەبونا).
شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

رۆژێك عاشق میوانی هات. میوان هاتە ناو باڵكۆن و
ئۆكۆردیۆنی بەسنگەوە. میوانێكی زۆر بۆن خۆش بوو،
بۆنی گەردنی مریەم بۆنی خاچەكەی مەسیح و بۆنی
مۆردی ماڵی كەریمی ئەلەكەو بۆنی ((ئەبونا)) ی لێ ئەهات
گەنجێكی كەمێ گردەڵە. مەدالیای سەڵیبێكی كردبووەمل
تا ئەو كاتە من نەم دیبوو هیچ میوانی هێندەی
ئەم میوانە مۆسیقارە لەلای عاشق خۆشەویست بێ
من ئەڵێم دە ئێوە بڵێن سەد ماچی زیاتر كردووە گوێمگرت
بزانم ئەم كورە ناوی چییە؟! بوو بوو بەمەراق
لەدڵما. چایان هێنا، هەر وا بۆچەند دەقیقەیەك
ئۆكۆردیۆنی لەباوەشی من دا دانا، دەرفەت رووخساو،
چرپاندم بەگوێی ئۆكۆردیۆندا: لێم ببورن، ناوی
خاوەنەكەت چییە؟! من وام وت ئیتر ئۆكۆردیۆن
تورەبوو، رقی هەستاو، یەك زیقەی درێژی كردوو
ئینجا وتی:- تۆ كورسییەكی زۆر گەوجی! زۆر بێ ئاگای
ئاخر هەیە لەم شارەدا نەزانێ كێیە ولیەم یوحەنا!(707)

دروست بوونی ئەم وێنەیە لەسەر شێوازی چیرۆكی و شێوەی گێرانەوەیە، لەدواندنی ئامێری (ئۆكۆردیۆن)دا شێوازی بەكەسكردن هەیە.

شێركۆ بێكەس دەڵێت:

ئەیانبینم هەموویان یەك یەك ئەبینم: ئەسكەندەری
گەورەو بچووك، خالیدی كوری وەلیدو. هۆلاكۆ و سەعدو
تەیموورو، هەموو ئەو كەڵە شمشێر و رم خوێناوی و
دوكەڵانەی رەو رەو لەگەڵ بای دۆزەخدا هاتنە سەرمان!(708)

شاعیر لەم دەقە شیعرەدا ناوی شەش كەسی مێژوویی دەهێنێت، كە دەستیان هەبووە لەخوێن رشتنی كورد ئەوانیش (خالیدی كوری وەلید و سەعد) لەكاتی فتوحاتی ئیسلامدا بەناوچەكانی كوردستاندا هاتوون. (ئەسكەندەری گەورەو بچووك و هۆلاكۆ و تەیمووری

لەنگ) ئەمانەش بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوویی زەبریان لەمیللەتی کورد وەشاندووە.

رووداوە مێژووەکەی لەسێدارەدانی پێشەوا (قازی محمد) و هەڤاڵانی لەگۆرەپانی چوارچرا لە سابلاخ لەساڵی (1945) بووەتە هەوێنی شیعر و بۆ زۆر لە شاعیران شێرکۆ بێکەس لەو بارەوەیە دەڵێت:

لە ناو گۆڤارێکی کۆنا
وێنەیەکم کەوتە بەرچاو
لێی نووسرابوو: لەم رۆژەدا
لە گۆرەپانی چوار چرا
لە سابلاخا
چوار هەڵخرا

***

ئەو بەیانیە.. خۆرم دی
بۆ دوا رۆژی نەوەی هاتوو
پێئەکەنی(709)

لەسەر شێوازی وەسفی راستەوخۆ کۆپلەی یەکەم دروست بووە، کۆپلەی دووەمیش هەرتەواوکەری کۆپلەی یەکەمە لەسەر شێوازی بەکەسکردن دروست بووە.

(خولە پیزە) ئەو کەسە بوو لە نێوان ساڵانی(1949 1954-) ((کێوەکانی کردبووە مەسکەن و بوو بوو بەغەنیمی پۆلیس و زۆر دارەکان. سەروەت و سامانی زۆردارەکانی دەبرد و بەسەر هەژارانی دابەش دەکرد)) (710). قارەمانیەتی و کەسایەتی خولە پیزە لە شیعری کوردیدا رەنگی داوەتەوە و (شێرکۆ بێکەس) یش فەرامۆشی نەکردووەو وەسفی دەکات و دەڵێت:

پیاوێك
ئەهاتە دەرەوە
چوار شانە و بەرز، لەفیشەکدا
زەرد ئەچۆوە پێ ئەکەنێ و پێی ئەوتی: ئەوە منم،
خولە پیزە، تۆیش پێت ئەوت: خۆشم ئەوێی
منیش هاتم لەگەڵ تۆدا ببمەچەتە پێ ئەکەنێ و

دەستی ئەهێنا بەسەرتاو لەدواییدا فیشەکێکی لە
فیشەکلغ دەرئەهێناو ئەیخستە ناو گیر فانتەوەو
پێی ئەوتی: قەت نەترسی: وای ئەوت و لەپڕێکدا
ئەچۆوە نێوان دوو بەرد و، وەکو عەردەکە قووتی بات،
ئیتر لەچاوان وون ئەبوو(711)

شاعیر ڕووداوەکانی لەسەر شێوەی وەسفی ڕاستەوخۆ و شێوە چیرۆك دەگێڕتەوە. وێنەکە وێنەیەکی چیرۆك ئامێزە لەسەر بنەمای وەسف و گێرانەوە بنیات نراوە.(( مێژوو نووسان و نووسەرانی کورد لەبارەی هۆکارەکانی ڕووخانی ئیمارەتی سۆران لە سەردەمی میر محەممەد پاشا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ... کەپشتیان بەچەند مەلایەکی ئاینی دەبەست بەتایبەتی مەلا محمد خەتێ (الملا محمد الخطي) ڕۆڵێکی گەورەی لەڕووخاندنی ئەم ئیمارەتە هەبووە))(712).

لەو کاتەدا (ڕەشید پاشا) نامەیەکی بۆ مەلای خەتێ نارد کە نابێت پاشای کۆرە دژی سوڵتانی عوسمانی بوەستێت فەتوایدا بەوەی ئەوەی لەدژی عوسمانیەکان شەڕبکات تەلاقی دەکەوێت مێژوو نووسان ئەم فەتوایەی (مەلای خەتێ) بەیەکێك لەهۆکارە ناوەکییەکانی ڕووخانی ئیمارەتی سۆران دەگەڕێننەوە لەساڵی(1836)دا.ئەم ڕووداوە مێژوویە ڕەنگی داوەتەوە لەنێو شیعری شاعیراندا (شێرکۆ بێکەس) یش لەچەند شوێنێك باسی دەکات ئەم وێنەیەی لێ دروست کردووە و دەڵێت:

((مەرگەوەرێك)) زیند و بۆوەو
دەستی گوڵ کوژانی، کوشی
((مەلای خەتێ)) یەك هاتەوە
بەپێی پەتی و سەری قۆتی
سەرکەوتەوەسەر منارە!!(713)

شاعیر لەم وێنەیەدا بەکری مەرگە وەر دەهێنێتە ئاستی مەلای خەتێ کەدەستی پیس و خیانەت کارانەیان هەبووە لەگوتەی (گوڵ کوژان) لێرەدا (گوڵ) ڕەمزە بۆ مرۆڤە پاکو بێتاوانەکان. سوارەی حەمیدیە(( لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (1880)فەرمانێکی ڕەسمی دەرچوو. لەم بوارەدا هەوڵدانی عوسمانییەکان بەردەوام بوو بۆ قایل کردنی هۆز و سەر خێلەکان تا بچنە ئەو هێزە نوێیەوە کە وەك ڕێزێك بۆ ناوی سوڵتان عەبدولحەمید ناونرا سوارەی حەمیدییە))(714). دەستیان بەقەتل و عام کردنی هەزاران مەسیحی ئەرمەنی و

بەسەدان ئێزیدی کرد ئەم تاوانە گەورەیە مێژوویەکی خوێناوی تۆمارکرد، ئەدەبیاتیش کە ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕووداوەکانە، ئەو کارەساتەش لەشیعری شاعیرانی کورد ئیدانە کراوە (شێرکۆ بێکەس)یش لەبارەی ئەو کارەساتە دەڵێت:

سەر، سەر، سەر، سەر، سەری
ئاسکە چاو شینەکانی ئەرمەن و، سەری گوڵەباخی
کوردو، سەری فریشتە تاوس و ((سەری)) (( جلوە)) ی
درەوشاوەی ئێزیدیەکان زیکەزیکی دەرگای ئاسن
لەناوەختا، دائەچڵەکای. ئەهاتیەوە پشت قفڵ و
ئەمدیو بۆ لای پاسەوانە خەواڵوەکان(715)

شاعیر لە وشەی (سەر) کەسێ جار بەکاری هێناوە هەر جارەی، لەگەڵ یەکێك بەکاری هێناوە جاری یەکەم وێنەی قەتل و عامی ئەرمەنیەکان پیشان دەدات جاری دووەم وێنەی کوشتن و بڕینی ئێزیدیەکان و بۆ جاری سێیەمیش وێنەی کارەساتەکانی میللەتی کورد دەکێشێت.

## ب- سەرچاوەی ئایینی

لە ناو هەموو میللەتێك ئاین هەیە هیچ میللەتێك نییە لەسەر ڕووی زەمین ئاینی نەبێت لەنێو کۆمەڵی کوردەواریشدا هەر لەکۆنەوەتا ئەمڕۆ گەلێك ئاین سەریان هەڵداوە لەوانە(زەردەشت، کاکەیی، ئێزیدی، جوو، فەلە، ئیسلام) و چەند ئایینزایەکی وەك (سوننە و شیعە) چەند ڕێبازێکی ئاینی وەك (قادری و نەقش بەندی) لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی یە گەر لەشیعری زۆربەی شاعیرانی کلاسیك و نوێ، شاعیران شیعری ئاینی یان وتبێ یان وێنە یان لەئاینەکان وەرگرتبێ و مەبەستە شیعرییەکانی خۆیان پێ دەربڕی بێت (716).(( زۆر جار شاعیران وێنەی نوێ لەو دەقانەوە سازدەکەن، کە پەیوەندی بەئەزموونی تایبەتی خۆیەوە هەیە))(717). لەو ڕوانگەوە سەیری دەقە ئاینەکە دەکات و لەباری خۆی دەیگوازێتەوە بۆ مەفهوم و بارێکی تر لێکچواندی پێ دروست دەکات.((وێنەی شیعری لەقورئان یان کتێبە پیرۆزەکانیتر جۆگەیەکی گرنگی وێنەی شیعرییە لەجۆگەلەکانی شیعری نوێ ئیلهام و تەلمیح دەبەخشن بۆ گەیشتن بەدانانی شیعرێکی ڕەوان بەهرەی لێوەر دەگرن ))(718). شێرکۆ

بێکەس سوودێکی زۆری لە ئایینەکان وەرگرتووە و وێنە و مەبەستەکانی ناخی خۆی پێ دەربڕیون.

## 1 - ((ئایینی زەردەشت))

ئاینی زەردەشت یەکێکە لە ئاینە دێرینەکانی کورد و فارس بەشێکی زۆری کورد لەسەر ئەم ئاینە بووە، کە لە پێنج گاتەپێکهاتووە((ناوەڕۆکی گاتاکان بریتیە لەبانگ کردنی مرۆڤ بۆ یەکتا پەرستی و دروستی و ئەندێشەی چاك و وتەی چاك و کرداری چاك هەوڵ وکۆشش بۆ ئاوەدانی و خۆشی ژیان و ڕزگاری و شادمانی کەبەجوانترین و باشترین و شیاوترین شێوە بەزمانی ئاوێستایی هۆنراوەتەوە))(719).باس لەهێزی خێر و شەڕ دەکات ئاهو رامەزدا و ئەهریمەن ئاگریش وەك هێمایەکی پیرۆز سەیر دەکرێت، نەك هەندێکەس بەهەڵە بەئاگر پەرستیان داناون.

زەردەشتی پێغەمبەر کە هەڵگری بیر و رایەکە لەدوو توێی کتێبێك بەناوی (ئاڤێستا)یە((بەقبوڵ کردن ئاینی زەردەشت لەلایەن پاشاو ئێرانییەکانەوە، چەندین جەنگی خوێناوی لەنێوان ئێرانییەکان و توو رانییەکاندا ڕوویدا. لەئەنجامی ئەو جەنگانەدا زەردەشت لەتەمەنی (77) ساڵیدا بەدەستی یەکێك لەتوورانییەکان لەپەرستگای شاری بەڵخدا کوژرا))(720).

بەدوای خۆشی پەیرە و کەرانی ئاینەکە لەبرەو زیاد بووندابوو ئێستاش پاشماوەی ئەم ئاینە لەکوردستان ماوەو شوێن کەوتەی ئەم ئاینە هەن شێرکۆ بێکەس لەشیعرەکانیدا کەسایەتی زەردەشت بەکار دەهێنێت، ڕۆدەچێتە ناو فەلسەفەی زەردەشت و وێنەی لێ دروست دەکات.

لەم وێنەیەدا دەڵێت:

ئەو خاڵەی لەسەرتەختی تەوێڵمە
نیشانەیە، ئەوە شوێن ماچی پیرۆزی ئاهورامزدایە
من لەدەستەی فریشتە سپیەکانی میدیام
باوکم ڕەزەوانی پەرسگە گەورەکەمانە
باوکم بەریشە سپیەکەیەوە
لەدرەختی نووری ئاوێستا ئەچێ(721)

ئاینی زەردەشت جیهان بەسەر دووبەش دابەش دەکات، تاریکی و ڕووناکی و هێزی خێر و

هێزی شەڕ (ئاهورامزدا) هێزی خێرەو (ئەهریمەن) یش هێزی شەڕ شاعیر خاڵی تەختی نێو چەوانی جێی ماچی (ئاهورامزدا) یە کە نیشانەی خێر و بەرەکەتە، فریشتە سپیەکانی میدیا (میدەکان) کورد بوون ئاڤێستا کتێبی پیرۆزی زەردەشتە.

وێنەکان لە سەر شێوەی وەسفی ڕاستەوخۆ دروست بووین وێنەی کۆتایی لە سەر بنەمای لێکچواندن دروست کراوە.

لێ چوو　　　　لەو چوو　　　　ئەو زار

باوك　　درەختی نووری ئاوێستا　　　لە...... ئەچی

وێنەکان هەموویان یەکیان گرتووە و وێنەیەکی لێکدراویان دروست کردووە.

## 2 - ((ئایینی یارسان))

ئەمەش ئاینێکی کۆنە و بەشێکی کورد لە سەر ئەم ئاینە بووین و ئێستاش پاشماوەی ئەم ئاینە لە کوردستان ماوە و پێڕەوانی ئەم ئاینە هەن چەند، گوندێك لەناوچەی هەڵەبجە و بەشێکی زۆریش لەکەرکوك دەژین، بەپێی شوێن چەند ناوێکیان هەیە یاخود بڵێین بەچەند ناوێکیان لێنراوە لەوانە (یارسان، عەلی ئیلاهی، ئەهلی حەق، کاکەیی، مامە ڕەزایی) فەلسەفەی (دۆنادۆن) (تناسخ الرواح) کاکەیەکان بڕوایان وایە کاتێك کەسێك دەمرێت ڕۆحی ئەو کەسە دەگوێزرێتەوە بۆ جەستەی منداڵێك و ئینجا لەدایك دەبێت ئەگەر کەسەکە باش بوو مرد ڕۆحی دەچێتە نێو جەستەی کەسێکی باش ئەگەر کەسەکە خراپ بوو مرد ڕۆحی دەچێتە نێو گیانی کەسێکی خراپ، بەم شێوەیە ڕۆح بە نەمری دەمێنێتەوە و لەنێو دڵ و جەستەی مرۆڤەکاندا دەسوورێتەوە.

((دۆنا دۆن کە پرۆسەی گواستنەوەی ڕۆحە لەجەستەوە بۆ ناو جەستەیەکی دیکە، لەئاستی ئاساییدا پابەندی ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێت بمرێت و لە و دیو مردنەوە (دۆنادۆن) رووبدات))(722). لەسەر ئەم جۆرە بیرو بۆ چوونە کە لەئاینی (یارسان) دا هەیە، شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکیدا دەڵێت:

((دۆنادۆن))

ئەگەر لەڕۆژێکدا مردی و ڕەشەبا بوو

رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی بەورێکەوە
ئەگەر لەرۆژێکدا مردی و بەباران بوو
رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی گۆمێکەوە
ئەگەر لەرۆژێکدا مردی و سایەقە بوو
رەنگە رۆحت بچێتەناو لەشی تیشکێکەوە
ئەگەر لەرۆژێکدا مردی و بەفرانبار بوو
رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی کەوێکەوە
ئەگەر لەرۆژێکدا مردی و تەم و توومان بوو
رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی دۆڵێکەوە
بەڵام ئێستە وەك ئەبینن من زیندووم و
کەچی زۆر دەمێکە رۆحم
چۆتە ناو لەشی کوردستانەوە(723).

وێنەکان لەسەر شێوازی بەکەسکردن و بەتەنکردن و بەرجەستەکردن دروست بووین، شاعیر لەوەسفی گواستنەوەی رۆحەکە بۆ ناو جەستەی هەموو ئەو شتانەی دەیەوێت دوای مردنیانە، لەکۆتایی شیعرەکەش لەو یاسایی(دۆنادۆن)ەش تێپەری دەکات، چونکە ئاماژە بەوە دەکات کە زیندووەکەچی زۆر دەمێکە رۆحی چۆتە ناو لەشی کوردستانەوە.(( هەموو وێنەکانی سەرەتاش لەم شیعرەدا، لەجیهانە سروشتیەکەی دۆنادۆندا روودەدەن، ئەگەرەکانی ناو شیعرەکە، ئەگەرە بێسنوورەکانی دۆنادۆن کردن خۆیەتی، بەڵام ئەم شیعرە نەهاتووە تا ئەو ئەگەرە بێسنوورانەمان بۆ بژمێرێت، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە تا لەگەڵ هەموو ئەو ئەگەرانەدا بکەوێتە دژایەتیەوە))(724). چونکە ئێستا لە ژیاندایە و ئەو رۆحی چۆتە ناو لەشی کوردستان و دۆنادۆن بووە.

## 3 - ((ئایینی ئێزیدی))

ئاینی ئێزیدی ئاینێکی کۆنی کوردستانە سەردەمانێك بەشێك لە میللەتی کورد لە سەر ئەم ئاینە بووە و ئێستاش بەشێکی کورد پەیرەوی ئاینی ئێزیدی دەکەن، ئێزیدییەکان

خودا دەپەرستن و(( تەقدیسی تاوس مەلەك دەكەن، كە یەكەم فریشتە بووە و یەكتا پەرست بووە، بۆیە خوای گەورە سەرۆكایەتی فریشتەكانی پێبەخشیووە و كراوە بەبریكاری خۆی لەم جیهانەدا و نازناوی نورانی پێبەخشیووە، بۆیە ئێزیدییەكان دەڵێن ئێمە میللەتی تاووس و مەلەكین، چونكە یەكەم كەسایەتی ڕۆحانی بووە كە پەیرەوی یەكتا پەرستی كردووە و بەفەرمانی ئێزدی لەڕووناكی دروست بووە))(725). ئێستاش لەنێو پەرست گاكانی لالش تاوس لەمەعدەنی زەرد دروستكراوە، وەكو هێما و ڕەمزێكی پیرۆز دایان ناوە(جلیوە و مەسحەفی ڕەش) كتێبی پیرۆزی ئێزیدیەكانە. شێركۆ بێكەس لەنامێلكەی ئافاتدا لە چەند شوێنێك باسی لەمەلەك تاوس و (مەسحەفی ڕەش دەكات) بۆ نموونە دەڵێت:

من ناوە كۆنەكەی خۆم فڕێدایە ئاگرەوە..
ئاگریش ناوی نام پشكۆ..
تۆری یەقینم چەواشەكرد..
لەهەموو گەشتێكی بەگەرداوو تووشدا
ئەستێرەكانی ((مصحەفی ڕەش)) پێشم نەكەوتن..
مەلیك گاوس بەهانامەوە نەهات726

شاعیر گلەیی لەمەسحەفی ڕەش و مەلیك تاوس دەكات كە لەكاتی تەنگانەدا بەهانای میللەتەكەی نەهاتووە، مەلیك تاوس یەكەم فریشتەی نورانی بووە كەسوجدەی بۆ خودا بردووە، بۆیە شاعیر لە كۆپلەیەكیتردا هانا بۆ((مەلیك تاوس)) دەباتەوە سەر دەنێتە ژێر باڵە ڕەنگینەكانی و گوناهەكانی دادەتەكێنێت و ئەم وێنەیەی بۆ دەكێشێت:

منیش .. ئەی مەلیك تاوسی پیرۆز!
سەر ئەكەمەوە بەژێر باڵە ڕەنگینەكانی تۆدا
لەسەر بەردەنوێژی گاتای نوێ
نوێژی گوناهو یاخی بوونم دائەبەستم!(727)

وێنەی یەكەم لەسەر بنەمای بەرجەستەكردن بنیات نراوە. وێنەی دووەم لەسەر بنەما خوازەی بەرەڵڵا. پەیوەندی پاژەیی دروست كراوەبە هەردوو وێنەكە وێنەیەكی لێكدراویان دروست كردووە.

## 4 - ((ئایینی یەهودی))

ئەمە ئاینێکی کۆنە و بەر لەئاینی مەسیح هەبووە. پێغەمبەر موسا ڕابەرایەتی ئەم ئاینەی کردووە، ئێستاش پەیڕەوکەرانی ئاینی جولەکە لەجیهاندا هەیە، و زۆربەی زۆریشیان لەفەلەستین کۆبوونەتەوە. موسای پێغەمبەر خاوەن عجوبەی زۆر بووەو، یەکێك لە موعجیزەکانی دارەکەی دەستییەتی کەدەگۆڕێت بۆ مارێکی گەورە. پاش ئەوەی فیرعەون گوتی موسا ساحیرە داوای کرد کە سیحر بازەکان بێن و موسا ببەزێنن لەکۆبوونەوەیەکی گەورەدا سیحربازەکان دار و پەتی خۆیان فرێدا و بوون بەتوولە مار موساش دارەکەی خۆی هەڵداو بوو بەمارێکی گەورەو هەموو مارە بچووکەکانی خوارد. سیحر بازەکان کەئەمەیان دی هاتنە سەر چۆك و بیر و رایان بەخودا و موسا هێنا.

وقالَ الربُّ لموسى هرونَ:9 (( اذا قالَ لكما فِرعَونُ أُريدُ عجيبةَ يأخذُ هرونُ عصاهُ ويُلقيها أمامَ فيرعَونَ لتَصرَحَيَةَ)) 10 فد حَلَ موسى وهرونَ على فِرعَونَ وغفلا كما أمرَ الرَّبُ ألقي هرونُ عصاهُ أمامَ فِرعَونَ ورجالِهِ فصارَت حَيُّةً 11 فدَعا فِرعونُ المُنجميُّنَ العَرُّ افينَ وهُم سَحرَةُ مِصَر فصنعُوا كذلِكَ بسِحرِهِم.12 ألقى كُلُ واحدٍ منهُم عصاهُ فصارت كُلُ عصا حًيُةً عظيمَةً، ولكِنَّ عصا هرونَ آبتلَعَت عِصَّيُمُ. 13 فآشتَدٌ قلبُ فِرعَونَ قساوَةً حُتى لايسمَعَ لموسى وهرونَ، كما قالَ الرُبُّ))

{سفر الخروج – فصل 7 أيه (13-9)}

ئەم ڕووداوە ئاینیە دەبێتە هەوێنی دروست بوونی ئەم وێنە شیعرەی شێرکۆ بێکەس و دەڵێت:

ڕەنگێك هەیە.. هێزی ئەفسانەی خواوەندی لەناودایە
سیحرەکانی عەسای موسای لە ناو دەستاو
دەنگی سپی پڕ پەپوولەی
مەسیحیشی لەدەنگدایە(728)

لەگوتەی(دەنگی سپی) وێنەیەکە لەسەر شێوازی هەست گۆڕکێ دروست کراوە گۆڕینەوەی هەستی بیستن بە بینینە.

## 5 - ((ئایینی مەسیحی))

یەکێکە لەو ئاینە سەماویانەی کەدوای ئاینی یەهودی هاتووە و عیسا پێغەمبەرایەتی و ڕابەرایەتی ئەم ئاینەی کردووە پێش ئاینی ئیسلام بەشێکی زۆری کورد لەسەر ئەم ئاینە بووین پەیڕەوکەرانی ئاینی مەسیحی زۆرترین خەڵکن لەجیهاندا کەسایەتی عیسا و سەربردەی ژیانی و ئایەتەکان لەنێو ئەدەبیاتدا ڕەنگیان داوەتەوە، (شێرکۆ بێکەس) یش لە وێنە شیعریەکانیدا سوودی لێبینیوە و هەوڵ دەدەین لەچەند دەقێکی شیعریدا بیان خەینە ڕوو.

شاعیر لە دیوانی خاچ و مار و ڕۆژ ژمێری شاعیرێك لە زۆر شوێن باسی لەخاچ دانی عیسا دەکات و باسی ئەو ئازار و چەرمە سەریانە دەکات، کەعیسا لەپێناو مرۆڤ و مرۆڤایەتی کێشاویەتی باسی بزماری دەستی عیسا و درگەزی سەری دەکات کاتێك (بیلاگس) ئەمری کرد بەجەنگاوەرەکانی کە درگەزیەك لەشێوەی بازنە لەدرك دروست بکەن، و لەسەری عیسای دابنێت بۆ ئەوەی بەسەری ڕابچێت و ئازار بکێشێت و بەتەوسەوە پێیان دەووت مەلیکی یەهوودی کەدرگەزیەك لە شێوەی تاجدا بوو لەم ئایەتەدا لە ئینجیل وا هاتووە دەڵێت:

((فأخَذَ بيلاطُسُ يَسوعَ وأمَرْ بجَلْدِهِ. 2 وضفَرَ الجنودُ اكليلاً مِن شَوكٍ و وضَعوهُ على رأسِهِ، وألبَسوهُ ثوباً اُرجوانياًّ، 3 وأحاطُوا بهِ يَلطِمُنَهُ ويَقولونَ: ((السُلامُ عَليكَ يامَلِكَ اليَهودِ!)).
{ يوحنا فصل 19 أية (3-1)}

شاعیر بیرۆکەی ئەو ئازار و ئەشکەنجەدانەی عیسا دەگێرتەوە، کاتێك کە خاچەکەی هەڵگرتبوو لەرێگادا لێیان دەداو دەکەوت و هەڵدەستایەوە شاعیر لەم وێنەیەدا دەڵێت:

خاچێك بووی ژیانی بزمار و درکە زیی بردیتی
خاچێك بووی بەرەو خۆر هەندێ جار لەسەر سك ئەخشای
خاچێك بووی بەرەو مەرگ هەندێ جار ئەفریت و
هەندێ جار بەکاوەخۆ ئەرۆیشتی(729)

وێنەیەکی لێکدراوە لەکەڵەکەبوونی سێ وێنەی تاك دروست بووە، وێنە تاکەکان لەسەر بنەمای بەرجەستەکردن بنیات نراون. گیانیان بەخاچ بەخشیوە و وەکو گیاندارێك هەڵس و کەوت دەکات.

-کۆتری سپی کەڕەمز و نیشانەی ئاشتییە ڕەهەندی ئەم ڕەمزەش لەئاینی مەسیحیدا

لە چەند شوێنێك باسكراوە لەوانە لەڕووداكەوەی تۆفانی نوحدا دەبینرێت نوح یەكەم جار دوای تێپەڕبوونی چل ڕۆژ قەڵەڕەشێكی نارد بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت كە لافاوەكە تەواو ڕەویتەوە نەتیجەی نەبوو دوای حەفتەیەك كۆترێكی نارد كۆترەكە گەڕایەوە چڵە زەیتونێكی بەدنووكەوە بوو كە نیشانەی ڕەوینەوەی لافاو گەڕانەوەی خێر و خۆشی بوو، دوای حەفتەیەكی تر كۆتری نارد نەگەڕایەوە، ئینجا بۆی دەركەوت كەلافاو ڕەویتەوە و هەموو شتێك لەباری ئاسایی جاراندایە.

(( 6 و كانَ بَعدَ أربعينَ يوماً أنْ فَتحَ نُوحُ النافذَةَ الَّتي صَنعَها في السفينة 7 وأرسَلَ الغُرابَ. فخَرجَ الغُرابُ وأخذَ يَروحُ ويجيىءُ الى أن جفَّتِ المياهُ عَنِ الأرض 8 ثُمَ ارسَل الحمامَةَ مِن عندِهِ ليرى هل قلَّتِ المياهُ على وجهِ الارضِ ،9 فلم تَجدَ الحمامَةُ مُستَقَرٌ لِرَجلِها ، فرجَعَت الى نُوحٍ في السُّفينةِ ، لأنَّ المياهَ كانت على وجهِ الأرضِ كُلِّها . ومَدٌ نُوحَ يَدَهُ فأمسكَها وأدخَلَها الى السَّفينةِ معَهُ .10 وَأنتظَرَ أيضاً سَبعَةَ أيَّامٍ أُخَرَ وعادَ فأرسَلَ الحمامَةَ مِنَ السُّفينةِ ، 11 فرجَعَتِ الحمامَةُ اليهِ في المساءِ تحملُ في فَمِّها ورقَةَ زيتونٍ خضراءَ، فعَلِمَ نُوحُ أنٌ المياه قَلَّت على الارضِ. 12 وأنتظَرَ أيضاً سَبعةَ أيَّامٍ أُخَذَ وأرسَلَ الحمامَةَ ، فلم ترجع اليهِ هذِهِ المرَّةَ)).

{ فصل تكوين 8: (12-6)}

لەشوێنێكیتر لەناو ئینجیلدا باس لەكۆتر كراوە ئەو كاتەی (یۆحەنای مەعمدان) عیسای پێغەمبەری لەئاو هەڵكێشا ئەو كاتەی كە سەری بڵند كرد ڕووناكیەك لەشێوەی كۆتر بەسەری داهاتە خوارێ.

(( وتَعمَّد يسوعُ وخرَجَ من الماءِ في الحالِ. وأنفَتحَتِ السُّماواتُ له، فرأى رُوحَ اللهِ يَهبطُ كأنَّه حَمامَة ويَنزِلُ عَليهِ))

{ متى فصلَ 3 أية (16)}

لەشوێنێكی تریش لەئینجیل دەڵێت ((لەبێزەری و هێمنی وەكو كۆتر لەزیرەكیش وەك مار)) لەناو باڵندەكان ئاماژە بەناوی كۆتر كراوە كە باڵندەیەكی بێوەیە و بێ زەرە، ئەمانە هەموو وای كردووە كۆتر بەرەمزی ئاشتی و ئاوەدانی دابنرێت.

شێركۆ بێكەس دەڵێت:

دەبا ئیتر پەپووی شوومی شەڕ دەربەدەر كەین

كۆتری سپی خۆشەویستی

سەرچاو، سەرخەین

دەبا ئیتر چاوی کینە و
ناکۆکیی کوێر کەین!
ڕەش و ڕووتـــــی ئـــاوارەبـــوونـــی کـــورد پـــۆشـــتـــە کـــەیــــن.(730)

(مەریەم مەجدەلی) ئەو ژنە خراپەکارە بوو کە سوجدەی بۆ عیسا بردوو تۆبەی کرد و بەپرچی خۆی قاچەکانی عیسای سڕییەوە داوای لێبووردنی کرد، لە و خراپە کارییانەی کردبووی.

((وقَبلَ الفِصح بِستةِ أيّام، جاءَ يَسوعُ الى بَيتَ عنيا ونزلَ عِندَ لِعازَرَ الّذي أقامَهُ مْن بينَ الأمواتِ.2 فهُيأ لهُ عشاءٍ، وأخَذت مرثا تَخدُمُ، وكان لِعازَرْ أحدَ الجالسين مَعهُ للطَّعامَ.3 فتناولَت مَريُمُ قارورَةَ طِيبِ غالي الثَمنُ مِنَ النّاردينِ النّقيٌ، وسكَبَتَها على قدَمَي يَسوعَ و مَسَحتهُما بشعرِها. فأمتَلاء البيتُ برائحةِ الطِّيبِ، 4 فقالَ يهوذا الا سخرَ يوطيٌ، أحدُ تلاميذِهِ، وهوَ الّذي سُيسلِمُهُ : 5 (( أمَا كانَ خَيراً أن يُباعَ هذا الطِّيبُ بثلاثِ مِئةِ دينارٍ لِتُوزعَ على الفُقراءِ؟ )) 6 قالَ هذا لا لِعَطِفهِ على الفُقراءِ، بَل لأنهُ كانَ لِصاً وكانَ أمينَ الصُندوق، فَيختلِسُ ما يُودَعُ فيهِ. 7 فقالَ يسوعُ : (( أترُكوها: هذا الطِّيبُ حَفِظتهُ لِيوم دفني. 8 فالفقَراءُ عندكُم في كُلِ حينٍ وأماٌ أنا فلا أكونُ في كُلٌ حينٍ عِندَكُم)).
{يوحنا فصل 12 أيةً (8-1)}

بیرۆکەی ئەم ئایەتە بووەتە هەوێنی دروست کردنی شیعرێك لای شێرکۆ بێکەس و لە شیعری ((سەردان)) دا دەڵێت:

واچوو بووم بەلای (عەینکا) وە
هەر سەرێك بەم لەسروەکەی ئێوارانی و
بەسەر پێوە
خاچێکی کۆنە ناسیاوم ببینم و
لەدوایشدا هەر بەپەلە
لەگەڵ شیعرێکی زۆر کورتدا
بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ!
بەڵام لەوێ لەپڕێکدا
لەبەردەرگای کڵێسەدا
دووچاوی کەسکی مریەمێ

لەرۆحەوە فراندمی و
بەسەلیبەکەی سەر سنگیا
دایکوتیم و
ماڵەکەی خۆم لە بیرچۆوەو
ئیتر هەر نەگەرامەوە
لە و ساڵەوە شیعری کورتیش
هەموو رۆژێ بستێ دوو بست
زیاد ئەکات و درێژ درێژ ئەبێتەوە و
ئەمێستا کە شیعری درێژ
بەرەو باشوور
رووی کردۆتە (مەجدەلییە) و
خاچ بەکۆڵە و
تا(عیسا) ش ئەگەرێتەوە
ئەم قەسیدە ئینجیلیەم
تەواو نابێ(731)

لەگوتەی (خاچێکی کۆنە ناسیاوم) بەمانای خواستن بەکار هاتووە واتە مەسیحیەکی کۆنە ناسیاوم، لەگوتەی (دوو چاوی کەسکی مریەمێ) بەواتای کچێکی مەسیحی بەکارهاتووە. خوازەی بەرەڵلایە پەیوەندی پاژەییە. (مەجدەلییە) (مەریەم مەجدەلییە) یە خاچ بەکۆڵە واتا وەك عیسا عەزاب دەکێشێت (مەجدەلییە) تاکو لەگوناه پاك بێتەوە. وێنەکە لەسەر بنەمای چیرۆك دروست بووە. وێنەکە لەسەر بنچینەی وەسف و گێرانەوەو خواستن و خوازەی بەرەڵلا بنیات نراوە بەهەموویان وێنەی گشتیان بنیات ناوە کە وێنەیەکی چیرۆکییە.

## 6 - ((ئاینی ئیسلام))

ئاینی ئیسلام سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وێنەی شیعرییە و بەدرێژایی مێژوو لە شاعیرانی کلاسیکییەوە تاکو ئێستاش شاعیران ئیحایان لەئایەتەکانی قورئان وەگرتووە و لەنێو

شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، زۆر جاریش ئەو وێنانەی وەرگیراوە بەهەمان مەبەست بەکار نەهاتوون، بەڵکو بوعدو ڕەهەندی تریان پێبەخشراوەو مەبەستی تریان پێ دەربڕیووە،(شێرکۆ بێکەس)یش سوودی لێوەرگرتووە و وەکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند توانیویەتی بیانکات بەرەگەزی بنیاتنەری هەندێ لەوێنە شیعرییەکانی.

خوای گەورە لەقورئاندا بەسەر هاتەکەی ئەیوب پێغەمبەرمان بۆ دەگێڕێتەوە. کەخەڵك گشتی لێی وەرز دەبن لێی دوور دەکەونەوە تەنها ژنەکەی نەبێت بەدیاریەوە دەمێنێتەوە خزمەتی دەکات، ئەیوب زۆر بەصەبر بووە و زۆر ئارامی گرتووە شوکرانەی خودا دەکات لەحاڵی خۆی وەرز نابێت، بەڵام دواتر خۆشی بێزار دەبێت ڕوو لەخودای گەورە دەکات و چارەسەری بکات، ئینجا خوای گەورە شیفای بۆ دەنێرێت و چارەسەری دەکات، خودای گەورە لەسورەتی(الأنبیاو) و(ص) باسی دەکات:

وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِين َ{83} فأَسْتَجَبْنا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِن ضُرٌ وَآتَيناهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مٌعَهُمْ رَحْمَةً مٌنْ عِندَنا و َذِكْرى للْعَابِدينَ{84} سورة الانبياء.

(شێرکۆ بێکەس) لە شیعرێکدا دەڵێت:

هەتا ئێستە
ئارامی ئێمە گوێژە بوو
گوێژەش ((ئەیوب))
ئەوا ئەیوب کراسەکەی،
خۆی دا ئەدڕێ(732)

وێنەیەکی لێکدراوە لەسەر بنەمای لێکچواندن وێنەکان دروست بووین شاعیر ئارامی میللەتەکەی بەگۆیژە چواندووە گوێژەش بەئەیوب، بەڵام ئەیوبیش تا ڕادەیەك ئارامی گرت تاکو گەییە سەر ئێسقانی ئیتر ئارامی نامێنێت، ئەم کۆپلەیە لەسەر شێوازی دووبارە بوونەوەی هەرەمی دروست بووە.

وَاذْكُر عَبْدنا أيُوبَ اذْ نادَى رَبَّهُ أَني مَسنٌي الشٌيطانُ بنُصَب وعذاب {41 } اركُضْ برِجْلكَ هَذا مُغْتَسَلٌ بَاردُ وَشَرابُ{42 } وَوَهْبنا لَهُ أَهْلَهُ وَمْثلَهُم مٌعَهُم رَحمَةً مٌنٌا وَذكْرَى لأُوْلي الألبَاب{43 }وَخُذْ بِيَدِكَ ضَغثاً فَاضرِب بَهِ وَلا تَحْنَث انٌا وَجَدناهُ صابراً نِعْمَ العبدُ انٌهُ أَوٌابٌ {44} سورة ص

شێركۆ بێكەس لە كۆپلەیەكیتردا دەڵێت:

مەلای وێ
ئەو دنیا دیتەیە
ڕاست ئەكا .. پێم ئەڵێ:-
كوڕم ئارام
ئارامی (ئەیوب) ت هەبێ(733)

لەقورئاندا لەزۆر شوێن باس لەڕۆژی حەشر و نەفخی سوور كراوە، لەشێوەی بایەكی بەهێز فوی تێدەكا ئاسمان لە شێوەی دەرگا دەكرێتەوە چیاكان وەك سەرابیان لێدێت عەشاماتی خەڵك كۆدەبنەوە.

{وَنَفخَ في الصُّور فَصَعِقَ مَن في السَّماوَاتِ وَمَن في الأرضِ الاّ مَن شَاء اللّهُ ثُمَّ نُفِخَ فيهِ أُخْرى فَإذَا هُمَ قيامُ يَنظُرُون} ( الزمر 68).

شێركۆ بێكەس باس لەڕووداوە جەرگ بڕەكەی ئەنفالی ساڵی (1988) دەكات و زیندە بەچاڵكردنی ئەو هەموو خەڵكە بێگوناحەی كەدەخرانە ناو چاڵە هەڵكەندراوەكان و زیق و هۆڕی ژن و منداڵ و تەپ وتۆز و ئازار و مەینەتییەكانی ئەنفالكراوەكان وەك ڕۆژی حەشر و قیامەت دێتە بەر چاوی و دەڵێت:

ئەچمەوە بەردەمی نەفخی سوور
ئەچمەوە ڕۆژەكەی قیامەت
ئەچمەوە ناو حەشری سەحراكەی هەشتاو هەشت
ئای خودای بێباكم!
هەشتاو هەشت.. هەشتاو هەشت(734)

شاعیر ڕووداوەكەی ئەنفالی بەڕۆژی حەشر و نەفخی سوور چواندووە، بەكار هێنانی گوتەی(هەشتاو هەشت) بۆ چەند جارێك بۆ دەربڕینی داخ و كەسەری دەروون و تەئكید كردنەوەیە لە هەمان كاتیشدا (هەشتاو هەشت) لێرەدا ڕەمزە بووە بەڕەمزی ئەنفال، چونكە كە(هەشتاو هەشت) دەخوێنێتەوە ئەنفال دێتەوە یادمان.

## هـ- سەرچاوەی ئەدەبەکانی دەوروبەر

شاعیران جگە لەزمانی زکماکی خۆیان کەشتی پێدەخوێننەوە بەپێی ئەو زمانانەی تر کەدەیزانن، هەڵپە دەکەن بەخوێندنەوەی بەرهەمی بێگانان یان بەهۆی وەرگێڕانەوە بۆ سەر زمانی کوردییان بۆ سەر یەك لەو زمانانەی کە شاعیر شارەزایی تیا هەیە شاعیران پەنا دەبەنە بەر خوێندنەوەی بەرهەمی بێگانان، لەوێشەوە ئاسۆی بینینیان فراوان دەبێت لەهەوڵی بەرەو پێشبردنی بەرهەمەکانیان دەبن، وەك چۆن شێخ نوری شێخ صالح و گۆران....هتد بەهۆی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی تورکی توانیان داهێنانێکی گەورە لەئەدەبی کوردیدا بکەن، لەتەنگەژەو وەستاوی رزگاری بکەن و تەکانی پێبدەن بەرەو پێشەوە.

لەم بارەیەوە گۆتە دەڵێت:-((هەر ئەدەبێك هەناسەی ئەدەبەکانی تری بۆنەیەت و سەرلەنوێ خۆیدانە ڕێژێتەوە کروشکە دەکات و هەڵدەپروکێ))(735). بۆئەوەی ئەو هەناسەیە بەبەر ئەدەبیاتی کوردیدا بێت دەبێت نووسەرانی کورد پەنا ببەنە بەر خوێندنەوەی ئەدەبیاتی گەلانی تر تاوەکو بیر و بەهرەو ئیحایان لێوەرگرن و ئاگاداری ڕەوتی پێشکەوتنی ئەدەبیاتی جیهان بن و لەشوێن خۆیان چەق نەبەستن.(( ئەوەی لەوەرگرتنی بابەت یا وێنەی ئەدەبێکدا لەلایەن ئەدیبێکی ترەوە پێویستە، دارشتنەوەیەکی تازەیەکە تامێکی تازە بدات بەکارە ئەدەبیەکە))(736). چونکە وەرگرتنی سەد دەرسەد بەکارێکی پەسند نازاندرێت هەموو نووسەرێك کەم و زۆر کاریگەری نووسەرانی تری بەسەرەوە دەبێت، بەڵام دەبێت شاعیر لەکاتی شیعر نووسین بتوانێت ئیحا لەشیعرە بێگانەکان وەربگرێت وێنەی پشت وێنەکان وەربگرێت بەتام و چێژێکی نوێ شیعرەکانی دابرێژێتەوە .((پرسیار کراوە ئایا کەسێك زۆر کتێب نەخوێنێتەوە ناتوانێت چیرۆك بنووسێت؟ نەخێر ئەگەر بشنووسێ، ئەوا نووسینەکانی هیچ نابن بەرهەمێکی بێ بەهاو بێ مایە دەبێت هیچ بایەخێکی نابێت، ئەوەی کە دەینووسێت وێنەیەکی ڕووکەش و سەرچیخانەی بێ ڕەنگە لەژیاندا، وەکو ئەستێرەیەکی کوژاوەیە و هیچ ڕۆشنایی و گەرمای تێدا نابێت وەکو هەتاو ژیان بەخش نابێت...))(737).دوای ماوەیەك خاوەنەکەشی بەراوردی دەکات، بەبەرهەمی دەوروبەری هەست دەکات، بەرهەمەکەی خاوو خلیچ و دوورە لەگەرمی و ڕووناکی و جوانی ناسکی لەبەر چاوی خاوەنەکەشی دەکەوێت، گڕو تینی دەکوژێتەوە جا چ جای خوێنەرانی دەقەکە.

لەو بارەیەشەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت:(( "خوێندنەوە" ئاوی "نووسین" ئەدا. نەخوێندنەوە (خاڵیبوونەوە) و (خوێندنەوە) (پڕبوونەوە) یە. بەم پێیە درێژەدان بەخوێندنەوە

درێژەدانە بەنووسین. ئەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری ئەو زانیاری و ئەزموونە هونەریانەی لای شاعیر و نووسەر هەن، لەگەنجینەی دەوڵەمەندی دەرەوەی خۆیانەوە هاتوون وکۆبوونەتەوە ... بەهەرحاڵ ئەگەر خوێندنەوە درێژەی نەبێ نووسینیش درێژە و تەمەنی نابێت... ناکرێ هەر لەبەری برواو ئاوی نەیەتە سەر. بەراستی خوێندنەوە ئەو ئاوەیە کە ناهێڵێ بەتاڵ بیتەوە!.))(738).هەموو نووسەرە گەورەکانی جیهانیش هەمیشە سەرقاڵی خوێندنن و بەبەردەوامی لە هەوڵ و تێکۆشانن بۆکاری ئەفراندن.

## 1 -ئەدەبی عەرەبی

یەکێکە لەئەدەبە دەوڵەمەندەکانی دەوروبەر کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن زۆربەی نەتەوەکانی جیهان خزمەت کراوە، چۆراوگە و ئاوی زۆربەی نەتەوە غەیرە عەرەبەکانیش رژاوەتە نێو دەریای فراوانی ئەم ئەدەبە، لەکاتی فتوحاتی ئیسلامیدا زۆر لەکەلتووری دەوڵەتە ناعەرەبەکان لەناوچووە، بەڵام کلتووری عەرەب دوای فتوحاتی ئیسلام لەلایەن هەموو ئەو میللەتانەی بوونە ئیسلام خزمەتی ئەم ئەدەبەیان کردووە، جگە لەوەش عەرەب نەتەوەیەکی گەورەیە و پانتایەکی زۆری داگیر کردووە و کەلە بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبی پێکهاتوون دیارە نەتەوەی گەورەش بەپێی قۆناغەکانی مێژوو نووسەری گەورەی لێ دروست دەبێت، نەتەوەی کورد جگە لەهۆکاری ئاینی کاری تێکردووە کە پەیوەست بێت بە ئەدەبیاتی عەرەبی لەرووی سنووریشەوە، لەگەڵ کورد نزیکن و لەزۆر شوێن پێکەوەش دەژین، بەدرێژایی مێژووش شاعیرانی کورد، لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم ئەدەبە بەردەوام بووین.

(شێرکۆ بێکەس)ش لەگەڵ خوێندنەوەی بەرهەمە کوردیەکان هەڵپەی خوێندنەوەی بەرهەمە عەرەبییەکانی کردووەو، زمانی عەرەبی سەرچاوەیەکی گرنگی شاعیر بووە، بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە عەرەبیەکان و یان ئەو بەرهەمانەی لەو زمانانی تری جیهان پارچەڤەکراونەتە سەر زمانی عەرەبی، یان ئەو بەرهەمانەی لەعەرەبییەوە پارچەڤەکراونەتە سەر زمانی کوردی. بۆیە شتێکی ئاساییە کە ئەم کاریگەرییە لە شیعرەکانیدا بەدی بکەین، شێرکۆ بێکەس لە پارچە شیعرێکدا بیرۆکەی شیعرێکی (تۆفیق زیاد) ی شاعیری فەلەستینی وەردەگرێت، بەشێوازێکی تر دایدەرێژێتەوە ئەم شیعرەش (تۆفیق زیاد) لە دیوانی (اشد علی أیدیکم) دا هەیە و بەوەرگێراویش بەزمانی کوردی هەیە، بۆ ڕووبەڕووکردنەوەی هەردوو دەقەکان ئێمە دەقە کوردیەکە دەخەینە بەرچاو.

تۆفیق زیاد دەڵێت:
برسی ئەبین، رووتی و هەژاری ئەچێژین...
بەر هەڵستی ئەکەین و گۆرانی ئەڵێین...
شەقامەکان پڕ ئەکەین لەتوورەی
بەندیخانەکان پڕ ئەکەین
لەمنداڵەکانمان، نەوەی شۆڕش و تورەی پێ ئەگات
نارۆین، پاسەوانی سێبەری زەیتونین
کەتینو بووین بەرد ئەگوشین
کەبرسی بووین، خۆڵ ئەخۆین
کۆچ ناکەین و لێرەماوین و جێ ی
ناهێلین. (739)
شێرکۆ بێکەس لە شیعری (داستانی هەڵۆی سوور) دا دەڵێت:
ئەم هەڵۆیانە لەڕەنگ و
شێوەی باڵ و
دەنووکیاندا. لەهەڵۆکانی تر ناچن. ئەمانە سوورن
ئەوان بۆر بوون
وەك ئەفسانەن دەرئەکەون و ون ئەبن
ون ئەبن و دەرئەکەون. تینوویان بوو
لە ئەستێرکی چاوی یەکتر ئەخۆنەوە
برسییان بوو گۆشتی ڕانی خۆیان ئەخۆن
بەرۆژ ئەنوون بەشەو ئەڕۆن
لەناو کونە گورگەکاندا ڕائەکشێن
پێشبڕکێ لەگەڵ شەپۆل و ((با)) دا ئەکەن
لوتکە لەژێر باڵیانایە.(740)

هەڵبەتە هەردوو دەقە شیعریەکە شیعری مقاوەمەتن و تورەیی و هەڵچوونیان پێوە دیارە بەرامبەر بەدوژمن،(تۆفیق زیاد) باس لەوە دەکات شەقامەکان پڕدەکەن لەتورەیی، (شێرکۆبێکەس)یش باس لەجۆرە هەڵۆیەك دەکات کەسوورن و تورەن و جیان لە هەڵۆی تر

له حاڵەتی برسی بوون تێنو بووندا (تۆفیق زیاد) دەڵێت کەتینوو بوین بەرد ئەگوشین و ئاوی لێدەر دەهێنین کە برسیش بووین خۆڵ و گڵ ئەخۆین، بەڵام لای شێرکۆ بێکەس کاتێك هەڵۆ سوورەکانی تینوو دەبن، لە ئەستێرکی چاوی یەکتر ئاو دەخۆنەوە کە برسیش بوون گۆشتی ڕانی خۆیان دەخۆن، بەڵام تۆفیق زیاد بەندیخانەکان پڕ دەکات. وەك دەبینین جۆری وەرگرتنەکان دەقاو دەق نییە، بەڵکو هەڵمژینی زادەی پیر و بەهرەیە بەشێوەیەکیتر دایرشتووە، شێرکۆ بێکەس لەگوتەی (گۆشتی ڕانی خۆمان ئەخۆین) دوو مانای تری لێدەبێتەوە یەکەم ئەفسانەی (سیمرخ) کە گۆشتی ڕانی خۆی دەخوات دووەم ئەو پەندە کوردییەی کەدەڵێت (گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ لەمنەتی قەساب باشترە) شاعیر لەو جۆرە دەربڕینەش بێمنەتی هەڵۆ سوورەکان پێشان دەدات بەرامبەر بە دوژمنان.

(محموود دەرویش) لە و پارچە شیعرەدا دەڵێت:

هذا هو السجن
حين يتحول وطنا بكامله
هذا هو الالم حين يصبح فجرا
والموت حين يصبح حياة
كنت حلما داخل حلم (741).

لەدێری کۆتاییدا کە مەبەستمانە دەڵێت، تۆ خەونی لە ناو خەونا شێرکۆ بێکەس هەمان وێنە وەکو خۆی و بێ دەسکاری دەگوازێتەوە، لەگەڵ چەند وێنەیەکیتر تێکەڵی دەکات و وێنەیەکی تازەی لێ دروست دەکات:

تۆ خەون بووی لە ناو خەونا
تۆ پیاوانی ((قەرەداغ)) ی وەك ((نارامسین)) کەللەکەڵ و
وەکو هەرێز سنگ تووکن و وەکو دەربەندی باسەرە
چاو قایمت لەبیر نی یە.(742)

لەگوتەی (تۆ خەون بووی لەناو خەونا) لەلای هەردوو شاعیرەکە دەبینرێت. ئەم جۆرە دەربڕینە واتا کەسێك خەون دەبینێت، کە لە شوێنێکەوە دەنوێت، ئینجا خەون دەبینێت واتا خەونەکە دەبێت بەدوو بەش لەو خەونەدا وا هەست دەکەیت، لە واقیعێکدا دەنووی و ئینجا خەون دەبینی، بەڵام لەڕاستیدا یەك خەونە.

## 2 - ئەدەبی فارسی

ئەدەبی فارسی یەکێکە لەئەدەبە دەوڵەمەندەکانی دەوروبەر، کە ساڵانێکی زۆر خزمەت کراوە و ڕەگی داکوتاوە و شاعیرانی کوردیش بەدرێژایی مێژوو گرنگیان بەم ئەدەبە داوە و لەپاڵ ئەدەبی عەرەبی بەشێك بووە لەرۆشنبیری شاعیرانی کورد، (خەیام)یش ئەو شاعیرە ناودارەی جیهانە کە چوارینەکانی پڕ لە پرسیاری فەلسەفین و پاچە ڤەکراونەتە سەر زیاتر لەبیست زمانی زیندوی جیهان و لەلایەن چەند ئەدەب دۆستێکیشەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.

خەیام لە یەکێك لەچوارینەکانیدا وەسیەتی ئەوە دەکات لەدوای مردنی خۆی لاشەی نەنێژرێت، بەڵکو لاشەی بەبابێژن و ئینجا بەمەی بیشێلن و خشتی سەرکوپەی لێ دروست بکەن.

خەیام دەڵێت:

که مردم خاکم بەبا بێژن،
بۆ عیبرەت نەکەن لاشەم بنێژن،
لەگڵم قورێك بەمەی بشێلن،
خشتی سەر کووپەی لێ دابڕێژن!(743)

شێرکۆ بێکەس بیرۆکەی ئەم چوارینەی وەرگرتووە، بەشێوازێکی تر و بۆ مەبەستێکی تر بەکاری هێناوە و وێنەیەکی تازەی لێ دروست کردووە.

من ئەبم بەپەیکی شارەزا و بەبادی خۆش مرور
لە سووتووی هۆرەکەی هاواری شارەزوور
بەدیدەم مێژوویەك ئەشێلم، ئەیشێلم
تا ئەیکەم بەسەری براوی ((سالم)) و
بۆی ئەبەم!.(744)

شاعیر لە سووتوی هۆرەکەی شارەزوور بەدیدەی مێژوویەك دەشێلێت و دەیکات بەسەری براوی سالم، ئەم وێنەیە بەشێوازی بەتەنکردن دروست کراوە، وێنەیەکی جوانە و شاعیر لەم شیعرەی خەیامدا ڕەهەندێکیتری دۆزیوەتەوە تیشك و ڕووناکی لەم چوارینەی

خەیام وەگرتووە، بەڵام بەرەنگێکی نوێ ئەو تیشك و رووناکییە دەخاتە روو لەشیعرەکەی خەیام شێلانی گڵی جەستەیە بەمەی لەشیعرەکەی شێرکۆ بێکەس شێلانی مێژووە بەدیدە کەمەبەست فرمێسکە، دیارە شێلانی هەر شتێك بەئاو بێت یان بەمەی یان بەفرمێسك یان بەهەر شلەیەکی تر بۆئەوەیە ببێت بەکەرەستەیەك و شتێکی نوێی لێ دروست بکرێت ئەوەتا خەیام و شێرکۆ بێکەس لەم شێلانەدا شتێکی نوێیان دروست کردووە.

خەیام دەڵێت:

زانیوتە لەحەوت و چوارەوە هاتی کەبووی
گێژیت و لەبیری چوار و حەوتا ون بووی
ئاسوودە بژی هەزار کە رەت پێتی بڵێم
نایەیتەوە گەر مردی، ئیتر چووی هەر چووی(745).

شێرکۆ بێکەس لەشیعری(بووکی ناکام) کە بۆ جوانە مەرگێك نووسراوەو ئەم وێنەیە دەکێشێت:

ئیتر فرمێسك چەند برێژرێ، چەند هاوار بکرێ
بەپێڵوی چاو خاکی گوڵکۆت لەسەر بماڵرێ
جارێکی تر کێ ئەتبینێ وەك رۆژانی زوو
بشنێیتەوە، بۆ ژیانی حەز و ئارەزوو(746)

وێنەکە لەسەر بنچینەی وەسف بنیات نراوە هەردوو وێنەکە باس لە مردن دەکەن کە هەموو ئەو خۆشەویستانەی لە هاورێ و خزم و ناسیاومان بوون و لەگەڵمان ژیان مردن جارێکی تر نایان بینینەوە و لەبەر چاومان ون بووین.

خەیام دەڵێت:

چاو جوان نەدەمی خەوە دەهەڵ بێنە سەرێ
مەی تێکەلە کوپە چەند قومێکم بدەرێ
هاکا قوری خاکی من و تۆش هەڵشێلن
بکرێتەوە کوپە مەی لەکن گۆزەکەرێ(747).

دیارە بەپێی دەقە ئاینەکانیش جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە وەختێ خۆی مرۆڤ لەقور دروست کراوە و کە مردیش دەبێتەوە گڵ و تێکەڵ بەو خاك و خۆڵە دەبێتەوە، هەموو ئەو مادانەی لەجەستەی مرۆڤ داهەن لە(ئاسن، پۆتاسیۆم، کالیسیۆم، فۆسفۆر ...هتد)

ڤیتامینەکان لەنێو زەویشدا هەیە، بۆیە زەویش زۆر بەئاسانی ئەم پێکهاتانە لەنێو خۆیدا شی دەکاتەوە و دەبن بەگڵ بۆیە زۆر ئاساییە ئەو گۆسکە و گۆپانەی کەدەیان بینین و ئەوانە جەستە و لەش ولاری گەداو پاشا و گیژ و کچی تیر قەدان و چاو کەژاڵان بن، ئەم بیرۆکەیەی جەستەی مرۆڤ گۆزەی لێ دروست دەکرێت و لای شێرکۆ بێکەس ڕەنگی داوەتەوە و لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت:

منیش نیازمە، ئەم گۆزەیەی سەر و ملم تێك بەمەوە
جارێکی دی بیشێلمەوە، لەبەرئەوەی ماوەیەکە،
ئاوی خەیاڵی لێ ئەچێ
شیعرەکانم فێنك ناکاو،
وشەیشی پێوە ناوەستێ(748)

شێرکۆ بێکەس لە وێنەکەیدا بەپێچەوانەی خەیام گۆزەی سەرو ملی خۆی تێکدەدا نەك لە گڵ و جەستەی کەسێك گۆزە دروست بکات، شاعیر ئەم گۆزەیە تێك دەدا لەبەر ئەوەی ماوەیەکە درزی تێکەوتووەو ئاوی خەیاڵی لێدەچێ لەدەربرینی ئەم گوتەیەدا وێنەی بەتەن کراوە، ئەم ئاوەش کەتکا شاعیر خەیاڵەکانی پەرش و بڵاو دەبنەوە و شیعرەکانی فێنك نابنەوەو وشەشی پێوەناوەستێ، بۆیە دەیەوێت گۆزەی سەر و ملی خۆی بشکێنێت سەر لەنوێ بیشێڵیەوە و گۆزەیەکی نوێ ی لێ دروست بکات، چونکە زۆر ئاساییە گۆزەی شکاو سەر لە نوێ بشێلدرێتەوە و گۆزەی لێدروست بکرێت.

خەیام دەڵێت:
مەی کۆپەیەك و گۆشت و مەزە و نانی گەنم
جوانێ بەتەنێ لەچیمەنێ بێتە کنم
ماچی دەمی نۆشی لەسەر خۆشی دا
وەبزانە کەمەزن و میری ئەو ناوە منم. (749)

بیرۆکەی ئەم شیعرەی خەیام کاری لە شێرکۆ بێکەس کردووە، لە شیعری (بانگی شێوان دا) دەڵێت:

پەیژە بردمیە ی سەربان
سەربان بردمیە لای هاوین

هاوین چیغێکی بۆ گێراین
چیغیش مانگی تیا دابەزی
مانگیش لەسەر بەستەکەنوێن
چرای چاوی خۆی بۆ داناین
لەچیغی دراوسێشەوە
کچێکی جوان، دەست خەناوی
دووسێ ناوساجی بۆ هێناین

ئەم وێنەیە لە سەر شێوازی دووبارە بوونەوەی هەرەمی دروست بووە، شاعیر لە شەوێکی هاوین لە سەربانێك بووە لە ناو چیغێك، کچێکیش دووسێ ناو ساجی بۆ هێناوە.

## و- سەرچاوەی جیهانی

مەبەست لەسەرچاوەی جیهانی هەموو ئەو کتێب و شاکارە ئەدەبیانەن کە شاعیر بەزمانی بیانی و ئەوروپی خوێندویەتیەوە، یان لەڕێی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی زگماك یان ئەو زمانانەی دەوروبەر کەدەیزانێت دەگرێتەوە.

((مەبەست لەبەراوردکردن تەنیا بۆ بەراورد و دەرخستنی کاریگەری لایەنێك بەسەر ئەو لایەنەیتردا لەنێو دەقە بەراوردکراوەکان نییە، وەك قوتابخانەی فەرەنسەیی لەبواری ئەدەبی بەراورددا هەوڵی بۆ دەدات، بەڵکو مەبەستی سەرەکی لەپرۆسەی بەراوردکردن دەرخستنی ئاستی جوانی (Aestheties ) دەقە بەراورد کراوەکان و دیاری کردنی پلەی ئەفراندنی نووسەرەکانیانە وەك چەمکی رەخنەی بەراورد و قوتابخانەی ئەمریکی لەبارەی بەراوردا هەوڵی بۆ دەدات))(750).((سوود وەرگرتن لەمیراتەکانی جیهان، بەتایبەتی لە شاعیرە مەزنەکانی جیهان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وێنەی شیعری نوێیە، بەلام نابێ بەتەواوی بگوازرێتەوە))(751). بەڵکو سوود وەربگرێت لەتاقی کردنەوەکانیان و ئیجا لە بەرهەمەکانیان وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئاوێکی نوێی بەنێو باخچە تینوەکانی دابێت و ئەدەبیاتی خۆماڵی کەش و پاراو بێت. چونکە((ناتوانین بەشێوەیەکی لۆجیکی و مێژوویی گۆرانکاری بکەین بەبێ تێکەڵ بوون و لێکهەڵێنجان و تاقیکردنەوەکان رۆشنبیری گشتی نەتەوەکان، شتێکی سروشتی نیە دەست بەرداری رۆشنبیری گەلان بین لەمیانەی بیرو

ئەدەب))(752). چونکە کەدەست بەرداری ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی دەوروبەرو جیهان بین و هەموو دەرگاو پەنجەرەکان لەرووی خۆمان دابخەین ئەوا بەرهەمەکانیشمان برستیان لیٚ دەبڕیٚت لەجولە و بزاوتن دەکەون کەواتە (( یەکەم ڕوانینی ڕۆشنبیری نویٚ بۆ دروست کردنی ویٚنە دەتوانین بلێین (ویٚنەی نوێیە) ئەم شیٚوە کاریگەری شیعری جیهانی لەسەرە لەگشت لایەنەکانی نا، بەلاّم لەتیٚگەیشتنی پەیوەندییە نوێیەکانی ئەوەی کەوا ویٚنەی شیعری لیٚدروست دەبیٚت))(753).

سەرچاوەی جیهانیش دەبیٚت بەچەند بەشیٚك:

## 1 - شیعر

بەرهەم و شاکارە بەرزەکانی جیهان کاریگەریەکی زۆریان بەسەر شاعیرانەوە دەبیٚت(ت. س.ئیلیۆت) ڕەخنەگر و شاعیری ئینگلیزی چامەی (ویٚرانە خاك) لەساڵی (1922)دەرکەوت لەشیعری (ناشتنی مردوان) بەم جۆرە ویٚنەی نیسان دەکیٚشیٚت:

نیسان دژوارترین مانگە
گوڵە زەمبەقەی پۆتر کاوی تیٚدا ئەڕویٚت
یادگار ئاویٚزانی ئارەزوو ئەکات...
ڕەگ و ماکە سستەکان
بەلیٚزمەی بارانی بەهار بیٚدار ئەکاتەوە..(754).

شیٚرکۆ بیٚکەس ئەم بیرۆکەی وەرگرتووە و لەشیعری (دوو سرودی کیٚوی)دا دەڵیٚت:

نیسان هات و گەڵی چاوی گوندەکان و شارەکانی
دا لەیەخەی میٚژووی زەمین
لەکۆتایی ڕۆژەکانی نیسان دابوو
چووم بەپیری ئەم جۆگەیەوە .... لەلیٚڵی
دەم چاویا
ئەم سویٚسکە کوژراوانەی بەرەو کەناری ڕائەدا
کە گوریچەی یادگاری
گریانم بوون(755).

لەسێ وێنەی تاك پێكهاتووە، شاعیر بەشێوازێكی نوێ وێنەكەی گۆڕیووە و تارادەیەك ڕەنگ و بۆنێكی نوێی پێبەخشیووە.

## 2 - ڕۆمان

ڕۆمان هونەرێكی بەرزی ئەدەبیاتە ژانرێكی گەورەی ئەدەبە شیعر و ڕۆمان و چیرۆك و.... هتد. هەموو ئەوانە وەك خوشك و برا سەربەیەك خێزانن ئەویش(ئەدەب)ە ، بۆیە ئاساییە شاعیران وێنە لەژانرەكانی تری ئەدەب وەردەگرن و بەزمانی شیعر سەر لەنوێ دایبرێژنەوە، ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا) ڕۆمانی (ئیرنست همنگوای)ە شێركۆ بێكەس لەساڵی(1982) لەعەرەبییەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی كوردی ململانێی ناو ڕۆمانەكە((لەنێوان پیرەمێردێكی ماسیگرە كە ماسییەكی زۆر گەورەی گرتووە، هەوڵ دەدات بەهەموو توانایەكییەوە بیگەیەنێتە قەراغ زەریا لە شەوی تاریكا لەناو زەریا ڕەوە شاكەكان هێرشی بۆ دەبەن و ململانێییەكە بەردەوام دەبێت، هەرچونێك بێت ماسییەكە دەگەیەنێتە قەراغ، بەڵام تەنیا ئێسكەكانی لەشی ماسییەكە مابووەو گۆشتەكەیان گشتی لێكرد بووە))(756). پیرەمێرد سەركەوتنی بەدەست هێنا، چونكە ماسیەكە خوار و تەنها ئێسكەكەی مایەوە، بەڵام بەوە دڵ خۆش بوو گەورەترین ماسی گرتووە. لەم كۆپلە شیعرەی شێركۆ بێكەسدا ئەم ڕووداوە ڕەنگ دەداتەوە:

تۆش پیرەكەو زەریاكە.. یە
پەڕینەوەی ... لەم تۆفانە
پردێكی چەخماخەی ئەوێ(757).

لەم وەرگرتنە وێنەیەكی جوانی دروست كردووە(پردێكی چەخماخە) مەبەست لەوەیە كەپردێك بێت لەشێوەی چەخماخە بپەڕێتەوە تاكو نەجاتیان بێت ئەم پیرەمێردە ڕەنج بەخەسار نەچێت.

## 3 - ئەفسانە:

ئەفسانە بەرهەمی كۆنە و زادەی بیری مرۆڤە بەرگێكە ڕووپۆشی زۆربەی بابەت و

زانستەکان کراوە لەئاین و مێژوو ئەدەب و... هتد ئەفسانە هەموو ئەو دیاردە و شتانە دەگرێتەوە کەناواقیعن و بۆچوون و خۆزگە و دەربڕی ناخی مرۆڤن کەئەقڵ بەهیچ شێوەیەك تەقەبوولیان ناکات، شیعریش دەربڕی خەیاڵە و لە ئەفسانە نزیك دەبێتەوە هەر لە کۆنەوە بابەتە ئەفسانەیەکان کەرەستەی سەرەکی شیعر بووین لە شیعری نوێش گرنگییەکی زۆر بەئەفسانە دراوە، جگە لەئەفسانە خۆماڵیەکان ئەفسانە جیهانیەکانیش پەڕیونەتەوەو ئاوێزانی دەقە ئەدەبیە خۆماڵیەکان کراون.

ئەفسانە هەموو ئەو چیرۆکە خەیاڵاوی و سەرەتایانەیە کە مرۆڤ دروستی کردوون، بەرامبەر بەدیاردەکانی سروشت کاتێك مرۆڤ نەیتوانیوە گوزارشت لەدیاردەکان بکات، بەشێوەی ئەفسانە هەستەکانی دەربڕیووە تاوای لێهاتووە ئەفسانە تێکەڵ بەهەموو ژیانیان بووەو ((لەزەمانی کۆندا ئەفسانەکان کەرەستەی ئەدەب و زانست بوون، بەڵام ئەمڕۆ وێنەی شیعری جێگای ئەفسانە دەگرێتەوە وە هەندێ جار لەداکشان و هەڵکشان دایە، لەگەڵ ئەوەی شیعری نوێ هەندێ جار دەیەوێت ئەم ئەفسانانە زیندوو بکاتەوە))(758). لە شیعری کوردیدا گۆرانی شاعیر گرنگییەکی زۆری بە ئەفسانە داوە دوای ئەویش وردە وردە ئەو گرنگیە زەق دەبێتەوە و شاعیران بەکاریان هێناوە لە شیعری نوێی کوردیشدا بەشێوەیەکی بەر فراوان تر بەکار هاتووە.

ئەفسانە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی ئەو دیاردانەی پێیەوە پەیوەستن یاخود لێکدانەوەیەکە بۆ ئەو کارەسات و مەینەتیانەی ڕوودەدەن بۆ ئەو هەموو دیار دانەی کەیەکتری تەواو دەکەن. مرۆڤ کاتێك کە بەرامبەر ئەو دیاردانە دا دەستە وەستاون دەوەستێت، پەنا بۆ هێزی خەیاڵ دەبات، و بۆیە ئەفسانە بەرهەمێکی خەیاڵ ئامێزە.(( ئەو شتانە بەرهەمی مێشکییان لێکدانەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمە و کەیەکجار بێ دەسەڵات بووە بەرامبەر بە ڕووداو، سروشتییەکان بێ توانا بووە لە لێکدانەوەی ئەو دیاردە و ڕووداوە سروشتییانەی بۆیە ناچار بووە لەڕێی ئەفسانەوە هەستی دەروونی خۆی هەڵبڕێژێت تا دڵی ئارام بگرێت لەگەردوون و سروشتێکدا کە ئەو بەترسەوە تیا ئەژی. کەواتە هەر ئەفسانەش بوو کە خواوەندی لەمێشکی مرۆڤدا دروست کرد، وەکو خواوەندی شەر ئاشتی، بەهار، جوانی... هتد))(759).((ئەفسانە لەسروشتی خۆیدا، کۆمەڵگاکانی کۆن لەگەڵیان ژیاون، ئەمانە: مێژوو، ئاین، زانست، ڕەوشت، مێژوو باسی چیرۆکە زیندوو بەرزەکانی ژیان دەکات، جێگای ڕێز و قودسیەتە، ئەفسانەش چاووگی هەموو شتەکانە ))(760). خۆی لەهەموو بابەتەکان دەبینێتەوە و ڕەگ و ڕیشەی هەموو ئاینەکان و زانستەکانیش بێبەش نین لەئەفسانە.((کاتێك

کەمرۆڤ لێکدانەوە و راڤە کردنێکی ئەقڵی و رۆحی پێنەکراوە بۆ زۆر لەو دیاردانەی کەبیری مرۆڤ دەورژێنن و رۆحی نیگەران دەکەن بۆیە پەنای بۆ ئەفسانە بردووە، چونکە رێگایەکی تر نیە بۆ گەیشتن بە ئەنجام و تێگەیشتن و دۆزینەوەی شتە شاراوەکانی ئەم سروشتە))(761).

کەواتە ئەگەر جیهانی ئەفسانە ئەوەندە بەر بڵاو بێت و رۆچووبێتە هەموو بوارەکانی ژیان شاعیر خەیاڵی خۆی ئاوێتەی ئەفسانەکان دەکات و لەرێی ئەفسانەکانەوە خۆی دەگەیەنێتە دیاردەکان. رۆلان بارت دەڵێ((شیعر خۆی بریتیە لەداڕشتنەوەی ئەفسانە، یان خوڵقاندنی ئەفسانەی نوێ))(762). چونکە شیعر خۆی گێرانەوەی بیرەوەری و رووداوە مێژوویەکان نیە بەرووتی، بەڵکو خەیاڵاوی کردنی هەموو دیاردەیەکە لەبەرگێکی ئەفسوناویدا.

(شێرکۆ بێکەس)یش لەبارەی پێوەندی ئەفسانە بەشیعرەوە دەڵێت: ((دیارە بەر لەهەموو شتێك مەسەلەی ئەفسانە (میسۆلۆجیا) ی کۆن و دنیا سیحریەکان لەشیعر نزیك بووین، چونکە شیعر سیحری خۆی لەمانە وەردەگرێت، زمانی مەجاز و ئەفسانە لە شیعر نزیکن، غەیب لەئەفسانە هەیە و لە شیعریشدا هەیە، بۆیە دەبینین شاعیران لەکۆنەوە پەنایان بردۆتە بەر ئەفسانە و کردوتیان بەبەشێك لەدەنگی خۆیان))(763). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەفسانەکان رۆڵێکی زۆریان بینیوە لەرسکاندنی شیعر، ئەفسانە لەدونیای خەیاڵ ئەدوێت و دار و بەرد و و شتی بێ رۆحیش دەدوێنی، شیعریش ئەمانە دەدوێنێت لەم روانگانەوە خەیالاوی و چێژ بەخش دەبن.

شێرکۆ بێکەس لە شیعری (سەر چۆپییەك لەسووتانا) باس لە (ئەژدەها) دەکات، مەترسی ئەو ئەژدەها کە دەخاتە روو رووبەربوونەوە، لەگەڵی کارێکی ئاسان نیە و دەپرسێت کێ ئەتوانی مردن لەپێش وەختا بانکاو رووبەرووی ئەژدەهاك بێتەوە.

دەرگای بەهەشتی ((گاتاکان)).. داخراوە
دۆزەخ: ئەدوێ
ئاگر: ئەدوێ
دەرگای بەهەشتی ((گاتاکان)) .. مۆرکراوە
بەمۆخی سووری-مەزدەکان..مۆرکراوە
شەیتان.. لەپێخەفی خودا ئەنوێ
ئەژدەها.. بەری سەرچاوەی گوندەکەمانی گرتووە
کێ ئەتوانێ ئاو ئازاد کا
کێ ئەتوانێ مردن لەپێش وەختا بانکا

کێ ئەتوانێ .. کێ..(764)

شێرکۆ بێکەس لەم کۆپلە شیعرەدا (دێو) دەبێتە هەوێنی دروست بوونی (دێو) ئەفسانە کوردیەکاندا زۆر بەکار هاتووە و شاعیرانیش لەنێو شیعرەکانیان بەکاریان هێناوە.
شاعیر دەڵێت:

بەرێگەی هات و نەهات و
بەبەردەمی دێوی سپی و دێوی رەش و بەکەناری ئاوی زەرد و
ئاوی سوور و ئاوی رەشدا، قۆناغ قۆناغ رێی سەفەری
درێژ ئەبرێ و هەتا ئەگاتەوە لای منداڵانی شۆریجە و
لای زامەکانی پیرێژن!(765)

-(قەقنەس) باڵندەیەکی ئەفسانەییە لەنێو حیکایەت و شیعری کوردیدا زۆر بەکار هاتووە، قەقنەس ئەم باڵندە ئەفسانەییە هەڵدەنیشێ و باڵەکانی لێك دەدات و هەتا دەسووتێ دەبێتە خۆڵە مێش، ئینجا لەم خۆڵەمێشە قەقنەسێکی نوێ خەڵق دەبێت، بەو گوێرە بێ قەقنەسەکان زیاد ناکەن چەند قەقنەس هەیە هەر ئەوەندە دەمێننەوە، چونکە هەر قەقنەسێك کە سووتا و مرد قەقنەسێکی لێ دەکەوێتەوە، لە نێو شیعری کلاسیکیدا بە شێوەیەکی بەر بڵاو بەکار هاتووە (شێرکۆ بێ کەس)یش لە زۆر شوێندا بەکاری هێناوە لەم نموونەیەدا دەڵێت:
" سەیوان" تاك و تەرا خەڵکی پێوە بوو لە گردەکەی
ئەوبەرەوە، دەنگی لاواندنەوەی ژنێك کە سۆزێکی هەڵقرچاوی
قەقنەس باڵی پێ گرتبوو ئەوەندەی تر دڵی ئەمی گوشی(766)
لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:
لە وێوە نالی دێ و شارەزوور لەگەڵ خۆی ئەهێنێ
لە وێوە قەقنەسی ئەو خەوە باڵ ئەگرێ و هەڵ ئەفرێ و ئەسووتێ(767)
(درنج) ئەمەش جۆرە دەعبایەکی ئەفسانەیە لەئەفسانەی کوردیدا بوونی هەیە و زۆر جار لەگەڵ (دێو) نێوی دەهێنرێت دەڵێن (دێو و درنج) وەك ئەوەی لەیەك جۆرە رەگەز بن.
شێرکۆ بێکەس دەڵێت:
نێڵە نێڵی بڵێسەکەی جەهەنەمیان پێ نیشان دای

ئەژدیها و عەزیا و درنجیان هێنایە ژێر لێفەتەوە و
لەسەد لاوە قفڵیان لێ دای(768)
دیارە (عەزیا و ئەژدیها)ش بوونەوەری ئەفسانەین.

کاوەی ئاسنگەر داستانێکی هۆنراوەیی سەر شانۆیە لەنۆ تابلۆدا لەساڵی(1971) بلاّو کراوەتەوە و سەرانسەری شانۆیەکە تێکەلاّوی ڕووداوەکەی کاوە و ئەژدەهاك بەسەر هاتەکانە بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس لەکۆپلەیەکیدا باسی ماری نەوسنی ئەژدەهاك دەکات، کەچۆن مێشك دەخوات و دەڵێت:

ئێستا بیرت ئەخەمەوە ..
من دراوسێییەکی خۆتانم
کوڕە گەورەی ((ئانانم))..
مێشکم دەرخواردی مارەکەی
نەوسنی ئەژدەهاك درا
وام لێ کرا:
چەند تاوان بوو!
وام لێ کرا(769)

لەشوێنێکی تریشدا باس لە حەوت کوڕەکەی کاوەی ئاسنگەر دەکات، لەتۆڵەی کوڕەکانی بیری تۆڵە سەندنەوە لەمێشکیدا دەبزوێت.

ئەمە حەوت کوڕ
حەوت کارەساتی جەرگ بڕ
ئەمە حەوت کوڕ!
ئارام ئیتر
چۆن ئەتوانێ... لەمە زیاتر
خۆی ڕابگرێ
تۆڵەدان بەخۆیدا بگرێ
لەمە زیاتر، چۆن ئەتوانێ...(770)

لە گوتەی (ئارام ئیتر چۆن ئەتوانێ) و لە گوتەی (تۆڵە دان بەخۆیدا بکرێ) ئەم دوو وێنەیە بە شێوازی بەکەسکردن دروست بووین، لەسەر ئاستی شیعرەکەش وەسف کردنە.

شاعیر جگە لەوەی کە سوودی لە ئەفسانەکانی خۆماڵی و ڕۆژهەڵاتی بینیوە، لە هەمان کاتیش سوودی لەئەفسانەی میللەتانی جیهانیش بینیوە بۆ نموونە(سیزیف) لە ئەفسانەی یۆنانی دا نێوەی هاتووە (( ( خواکان سییزیف) یان سزادا بەوەی بەردەوام بەردێك هەتا لوتکەی شاخێك هەڵبگرێت وە لەوێوە ئەم بەردە گەورەیە بەتەواوی قورساییەکەی خۆیەوە ئەکەوتە خوارەوە. خواکان بەڕاستی بیریان کردبووەوە، لە بۆ گرتنی تۆڵەسەندن هیچ سزایەك لەکاری بێ هودەو بێ هیواکەرانە ناخۆشتر نیە)) (771).

شاعیر بەکاری هێناوە و دەڵێت:

بێ ڕەنگە و بێ ڕەگە و بێ سەرەو،
پاشاکە ی(سیزیف) ەو بەردەکەی پەیامەو
بۆشایی ئاواتە و سەرەنجام هیچەو هیچ!
سەرخۆشی ئەتانبا و ئەتانبا بۆ دوورگەی
بێهودەیی دابڕاو لەدنیا(772)

سیزێف ئەو کەسایەتییە ئەفسانەیەیە کە بەردێکی بەشانەوەیە و دەیەوێت بەسەر چیا بکەوێت لەنیوەی ڕێ بەردەکەی لێغلۆر دەبێتەوە بەبەردەوامی ئەو بەردەی بەشانەوەیە هەر لێی دەکەوێت و (سیزیف) یش کۆڵ نادا و بەردەوامە.

